- خاوەن ئیمتیاز
  شەوکەت شێخ یەزدین
- سەرنووسەر
  ئازاد عەبدولواحید
- بەڕێوەبەری هونەری
  سەرکەوت وەلی
- مۆتیڤ و پۆرترێت
  قەرەنی جەمیل

# ڕامان

125

خولی سێیەم/ساڵی دوازدە/ تشرینی یەکەمی ٢٠٠٧



ناوونیشان/ هەولێر ـ تەنیشت دادنووسیی هەولێر
بەرامبەر فەرمانگەی تەندروستی هەولێر
ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆنی نۆرماڵ / ٢٢٣٠٥٨٢
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ ٢٢٢٨٥٠٦-٤٤٩٤٦٦٢
(دەرەوە)/ ٤٤٩٤٦٦٢ – ٠٠٣٢٤٨
پۆستی ڕامان:
azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautw@yahoo.com



نرخ/ ٧٥٠ دینار

# ناوەرۆکی ڕامان

## ● سەروتار


- پەیامی ڕۆژنامەنووسیی جنێوفرۆشی نییە/ سەرنووسەر/ 3


## ● دەق


- ڤالسی شەوە خایینەکان/ نەژاد عزیز سورمێ/ 5
- لەوێندەرێ مارەم دەکەی/ نیگار نادر/ 8
- سەد و یەک شەوە/ سەباح ڕەنجدەر/ 10
- خەجیجۆک/ ڕۆزیێ خەرزی/ 13
- ئازارەکانی بەهار/ دیچۆل ئازاد/ 14
- ناوێکی مۆسیقاییم هەیە/ لە عەرەبییەوە: عەباس عەبدوڵڵا یووسف/ 15
- ژماردن/ کامیار ئەحمەدی/ 17
- ڕوهەڤ/ ڕدڤان قارە ئاسلان/ 19
- ڕۆژی لەدایک بوون/ خەبات ڕەسوڵی/ 23
- قەبردانەوە/ لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی/ 25


## ● هەڤپەیڤین


- هەڤپەیڤینێک لەگەڵ (د. فوئاد ڕەشید)/ ئا: ڕامان/ 30
- دیمانەیەک لەگەڵ (محەمەد شوکری)/ ئا.و: شێرزاد هەینی/ 38


## ● ڕەخنە و لێکۆڵینەوە


- سەرچاوەی عەرەبی لە بابەت کوردەوە/ د. مارف خەزنەدار/ 43
- شیعر دەنگێکی گەردوونە/ بەختیار محەمەد/ 51
- بینای ڕووداو لە ڕۆمانی مۆسیقای مەرگی ناوەختەدا/ حوسێن سابیر عەلی/ 60
- لەیلێ و مەجنوون لە ئەدەبی ئێرانیدا/ د. کەمال مەعرووف/ 68
- ئەدەبی بەراوردکاری و مێژووی سەرهەڵدانی/ ڕێبین خەلیل قادر/ 78


## ● بیرەوەری


- پاییزی شێنێیی/ کەریم کاکە/ 85


## ● بیروڕا


- چۆن بڕوانینە شوناس/ کامەران تاهیر/ 94


## ● وتار


- شاعیری دژە شەڕ/ ئاریز سمکۆ حوسێن/ 99
- ئەدەبی بەراوردکاری و دەوڵەمەندکردنی ئەدەبی نەتەوایەتی/ محەمەد ئەحمەد حەسەن/ 104
- هەڤپەیڤین دناڤبەرا ئەحمەدێ خانی و خامەیدا/ مەجید محەمەد سەعید باجلوری/ 108
- سیحر و هیرمنوتیکای زمان/ لە ئینگلیزییەوە: ئازاد خدر/ 112


## ● هزر و فەلسەفە


- چەند پەیامێک بۆ نەتەوەی ئەڵەمان/ لە ئەڵمانییەوە: د. حەمید عەزیز/ 118
- تیۆری گانییە و گەشەکردنی مەعریفی/ د. کەریم شەریف قەرەچەتانی/ 128
- ڕاستی ژێربێژییەکی مەست - شیعرییە/ هەندرێن/ 134
- لەبارەی زمانی شیعر و ڕۆشنبیری سەردەمەوە/ ئاوات محەمەد ئەمین/ 139


## ● زمانزانی - ڕۆژنامەڤانی


- کاری (بریتی بوون لە...) لە زمانی نووسینداا/ د. شێرکۆ بابان/ 143


## ● مێژوو - کەلەپوور


- ئەستێرەناسی لە کەلەپووری کوردیدا/ زەیتۆ شێخانی/ 146


## ● هونەر


- گروتۆفسکی.. وەڵام بۆ ستانیسلافسکی/ لە فەرەنسییەوە: مستەفا قەسیم/ 149
- حاجی گەورەی مەقامبێژی کۆیە/ عەبدولڕەقیب یووسف/ 155
- گۆرانی سێ قۆڵی لە دەڤەری هەوراماندا/ دارا محەمەد عوسمان/ 163
- گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە/ وریا ئەحمەد/ 168
- سکۆلاریزم و کۆژانی ڕێنیسانس/ لە عەرەبییەوە: وەهبی ڕەسووڵ/ 172
- پازدە ڕاهێنان بۆ نووسینی سیناریۆ/ عەدنان عوسمان/ 181
- کۆنترۆڵ کردنی کونی هاوێنە و خێرایییەکانی داخەر/ ئا: فارس سەعدی/ 183


## ● خوێندنەوەی کتێب


- سیمفۆنیای خۆشەویستی لە گەرووی مەرگدا/ کەمال غەمبار/ 185
- حەج/ هاشم سەڕاج/ 192


## ● نامە


- دوو نامەی مێژوویی ئەمین عالی بەدرخان/ لە فەرەنسییەوە: نەجاتی عەبدوڵڵا/ 196


## ● ئێستێک


- هونەری یاداشت نووسین/ سەمەد ئەحمەد/ 200

سەروتار

لە پەراوێزی کولتوورەوە

# پەیامی ڕۆژنامەنووسیی جنێوفرۆشی نییە

(٢ - ٢)

سەرنووسەر

* بەهۆی ئەو زۆری و بۆرییەوە کە لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا هەیە، دیاردەی زۆر دزێو لەنێو دنیای ڕۆژنامەگەری کوردیدا پەیدابوون و ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش ئەو دیاردانە زیاتر زەق دەبنەوە، وەک دەبینین ئەمڕۆکە کەس لە ڕۆژنامەوان و ڕاگەیاندنکار دەم گەرمتر نییە سەبارەت بە باسوخواسی فەراهەم کردنی هەلومەرجی کۆمەڵگای مەدەنی و مافی تاکەکانی کۆمەڵ و بەتایبەتیش مافی ئافرەتان، بەڵام کەسانێکی ناو ئەو توێژە هەن کە لە هەموو کەس زیاتر بێ ڕێزی بەرانبەر ئازادی و مافەکانی تاک و بەتایبەتیش مافی ئافرەتانی هاوپیشەی خۆیان دەنوێنن، چونکە دەست گەرم کردنەوە و فریودانی ئافرەتان زۆر لە پەنای کاری ڕۆژنامەگەری بەدی دەکرێ و لەسەر حسابی قودسیەتی ئەو پیشەیە بەڕێوە دەڕوا، تا وای لێهاتووە زۆر ئافرەتی بەتوانا و لێهاتوو هەن ناوێرن بێنە پێشەوە، ئەمەش لە ترسی ئەوەی نەوەک لەو کەناڵانەی ڕاگەیاندن لێی ڕاپەڕن و بەنیازی دەست گەرم کردنەوە و ناو زڕاندنیان بکەونە ئابلۆوقەدانیان.

* لایەنێکی دیکەی نالەبار کە بەخراپی بەسەر ڕۆژنامەگەری کوردی کەوتووەتەوە و دیمەن و وێنەیەکی شێواو و شەپڕیوی پێ بەخشیوە ون بوونی دیقەتە لەگوێزانەوەی هەواڵ و گەیاندنی بیروڕای ئەو کەسانەی کە دەمەتەقێ و گفتوگۆی سەبارەت بە زۆر بوار و کەلێن و کەلەبەری ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیری لەگەڵ سازدەدرێ کە ئەمەش دەبێتە مایەی گۆڕینی ئاراستەی بیروبۆچوونەکان و نەگەیشتنی پەیامی ڕاست و ڕاستەقینەی ئەو بیروڕا و نیاز و بۆچوونانە، کە ئەمەش بەبارێکی سەلبی بۆ سەر کەسایەتی ئەو کەسانەی قسەیان کردووە دەشکێتەوە، چونکە لەکاتی گوێزانەوە و بەتاڵکردنەوەی قسە تۆمار کراوەکان زۆر نائەمینانە و نەشارەزایانە ئەو قسانە دەخرێنە سەر کاغەز.

* لەکاری ڕۆژنامەوانی ئەمڕۆماندا ئەوەندەی نان پەیداکردن ئامانجی سەرەکییە و وەک وەزیفەیەکی بەدەسکەوت و پڕ داهات تەماشا دەکرێ، ئەوەندە لەلای کەسانێکی زۆرەوە ئەم پیشەیە نەبووەتە عیشق و خۆشەویستی، کاتێ عیشق و خۆشەویستی پیشەکە ئەو جۆرە کەسانەی نەهێناوەتە ناوەندەکەوە، بۆیە دەبینین کاری ڕۆژنامەوانی دەبێتە کارێکی پڕ لاسایی کردنەوەی تەقلیدی و ڕۆتین و تەنانەت لەلای ئەو کەسانە دەبێتە ڕۆژ بەڕێ کردن و تەمەڵی و هیچی تر، بێ ئەوەی بیر لەکاری جۆرەکی و نوێ و جدی بکرێتەوە، یان بیر لە پەرەپێدانی توانا و بەهرەی ڕۆژنامەنووسیانەی بەردەوامی خۆیان بکەنەوە.

* ئەمڕۆ بەهۆی زۆربوونی بڵاوکراوە و چاپکراوەکان و زۆری و بۆری ژمارەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان لەشکرێک (ڕۆژنامەنووس!) و ژمارەیەکی بێ شومار بەناوی ڕۆژنامەگەرییەوە ڕوویان کردووەتە ناو دنیای ڕۆژنامەگەری، کاتێ ئەو هەموو کەناڵە زۆر و زەوەندەی (بیستراو، بینراو، خوێندراو) هەبێ کە کورد لە مێژووی کۆن و نوێیدا شتی وای بە خۆیەوە نەدیوە، خەڵکانێکیش هەبن کە لە پەنجەرە و بن میچەوە هاتبنە ناو بوارەکەوە، بمانەوێ و نەمانەوێ ئەو لەشکرە کەسانی لاوازیان تێدەکەوێ و زۆر زوو لەلایەن ئەملا و ئەولاوە دەستەمۆ دەکرێن، چونکە جاری وا هەیە نەک هەر ئەو حزب دژی ئەو حزب خەڵکی لەو جۆرە ڕادەگرن و پەروەردە و ئاراستە دەکەن بۆ مەرامی خۆیان و پارە و مەسرەفی زۆر لەپێناو ڕاکێشان و کڕینیان خەرج دەکەن، ئێستا وای لێهاتووە تەنانەت لەناو یەک حزبیشدا ئەو جۆرە (ڕۆژنامەنووس!) و ڕاگەیاندنکارانە بە کرێ دەگرن و لە دژی خەتی دیکەی ناو هەمان حزب و کەسانی ناحەزی خۆیان بەکاردەهێنن و دەیانکەن بە گژیاندا و تەسفیەی حیساباتی خۆیانیان پێ دەکەن، تا وای لێهاتووە ڕاگرتنی ئەو جۆرە کەسانە بۆ دژایەتی پێ کردنی حزبی دیکە سەرەتا لەسەر کادیر و کەسانی لای خۆیان تاقی دەکەنەوە.

* زۆر بە داخەوە هەندێ لەو ڕۆژنامەنووسانەی زمانێکی زبر و پڕ لە توندوتیژی لە کارەکەیاندا بەکاردەهێنن، ئەو زمانەیان پێوەندی بە گرێی دەروونی و بوغز و کینەی خۆیان و بە گیانی «تۆڵەکردنەوە»وە هەیە، ئەمەش لەو کاتەدایە کە ناکۆکی و دوورکەوتنەوەی

بەرژەوەندی نێوان ڕۆژنامەنووسێک و بەرپرسێک دروست دەبێ. من لەبیرمە پێش چەند ساڵێک ڕۆژنامەنووسێکی دیار لەبەر ئەوەی وەزیری پەروەردە خێزانەکەی نەگوێزابوویەوە نزیک ماڵەکەی لێی کەوتبووە عینادی و هەر زوو زوو بە خراپی لەسەر وەزیر و وەزارەتی پەروەردەی ئەوسای دەنووسی، کە تەنانەت لەناو نووسینەکانیدا کەوتبووە ناو شتی زۆر بچووک و بێ ماناوە.

* بەشێکی زۆری ئەو شێواوی و ئاژاوەیەی کەوتووەتە نێو دنیای ڕۆژنامەگەری کوردی هەر خودی دەسەڵات بە پارەی خۆی و بە ڕێنمایی و دەست لەپشتدان و ئامانج و مەرامی خۆی دروستی کردوون، ئەوەتا ساڵانە چەندین کەناڵی ڕۆژنامەوانی و ڕاگەیاندن بەپاڵپشتی و پشتیوانی ئەو حزبانە دەکرێنەوە و گەورە دەبن و پەل دەهاون نەک بۆ خزمەتکردنی ڕۆژنامەگەری و بزاڤی ڕۆشنبیری کوردی، بەڵکو بەمەبەستی کارکردن بە ئاراستەی ئەوان. دەزگای وا هەیە بەشێوەیەکی ئەهلیانە دەست پێدەکات، بەڵام لەپاشاندا بۆ ئیحتیوا کردنیان و بوونیان بە بۆقی خۆیان، یان بۆ ئەوەی دژایەتی کەسانی دیکەی پێ بکرێ، هەندێ جاریش ئەو جۆری ئاراستەی ئیش کردنە بەسەر خۆیاندا قلّپ دەبێتەوە. جاری واش هەیە هەر ئەو کەناڵانە بەناوی ئەهلی بوونەوە بۆ بێ ڕێزی کردن و لەکەدارکردنی کەسانی بەرچاو بەکاردێن.

* بەرپرسی وامان هەیە ئەمڕۆکە ئیشی تەنیا بووەتە چاوشارکێ کردن لەگەڵ ئەو کەسانەی لە ڕۆژنامەی (فضائحی)دا کار دەکەن، بۆ ئەوەی ڕەزامەندی ئەوان بەدەست بهێنن نەوەک خوانەخواستە ئەو جۆرە ڕۆژنامەنووسانەی لێ بورووژێ و بکەونە نووسین لەسەر گەندەڵی و کارە دزێو و نارەوایەکانی، بۆیە بۆ دەمکوت کردنی ئەوانە کاردەکات، ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەش کە ڕەخنەی توند ناگرن زۆر جێگەی سەرنجیان نییە و گوێیان پێ نادرێ و دەروەستیان نییە هەبن، یان نەبن، ئەگەر بۆیان نەبێتە عەیبە حەز دەکەن لە شەو و ڕۆژێکدا هەر هەموویان دابخرێن، چونکە ئەو جۆرە گۆڤار و ڕۆژنامانە پرۆپاگەندەیان بۆ ئەوان پێناکرێ.

* بەپێی ئەو دەستوورەی کە لە کتێبی (میر)ی میکاڤیللی داهاتووە دەسەڵات هەمیشە پێویستی بەخەڵکی نەشاز و عەنتیکە و لاواز و هەڵەشە هەیە و زۆرتر بایەخ بەو جۆرە کەسانە دەدەن و لەخۆی خڕ دەکاتەوە بۆ ئەوەی هەر کاتێ لە ڕێنمایی و ئاراستەی ئەو دەرچوون و سەرپێچییان کرد، ئەوە دەستی لێ بەردەدات و دەیداتە دەست شەقام، ئەوسا شەقامیش وەک ڕیسوایەک مامەڵە لەتەک ئەوانەدا دەکات، بۆیە دەسەڵات (هەر دەسەڵاتێک) لەمڕۆکەدا زۆریان بەلاوە گرنگ نییە کەسانی خاوەن کەسایەتی بەهێز و قورس لەخۆی کۆبکاتەوە، بگرە هەندێ جار لەحورمەتی ئەوکەسانە دەدات تا لەناو خەڵکیدا هیچ نەنوێنن و لەسەرووی خۆیانەوە کەسانی کاریگەری لەو جۆرە نەبێ، نەوەک کار بکەنە سەر ڕای گشتی و شەقام بجووڵێنن.

* خوێنەری ئێمە کە دەبوو هۆشیارییەکەی لە ئاستێکدا بێ سنوورێک بۆ ئاژاوەگێڕ و قەڵەمی خۆفرۆش دابنێ کە لەلایەن ڕۆژنامەنووسی بێ نموود قەڵەمەکانیان خراوەتە واری کڕین و فرۆشتنەوە، بەپێچەوانەوە دەبینین زۆر بە ئاسانی یاری بە عەقڵ و عاتیفەیان دەکرێ، بۆیە ئەوانیش زۆر چێژ لەو شەڕە جنێوانە وەردەگرن و ڕەواجی پێدەدەن، چونکە ئەو نووسینانە بە جۆرێک لە جۆرەکان نەخۆشی (سادییەت) و (ماسۆشیەت)یان تێدایە، واتە نووسەرەکانیان لەو نووسینانەدا هەوڵیان داوە کەسانی دیکە ئازار بدەن، لە هەمان کاتدا خۆشیان ئازار دەدەن، بەڵام لە هەردوو حاڵەتەکەدا ئەوان چێژ لەو کارە وەردەگرن و لە کاری نووسیندا لێیان بووەتە خوویەک، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ڕۆژنامەنووسی ئێمە بەشێکی زۆریان هەر لە بنەڕەتەوە نووسەر و ڕۆژنامەنووس نییە، بۆیە دەیانەوێ لەجیاتی هێزی مەنتیق و کارامەیی لە چارەسازکردنی ڕۆژنامەنووسانەی بیروڕا و ڕێپورتاژەکان، بە پەلامار و هێرش بردن و بوختان کردن کە جۆرێکە لە مەنتیقی هێز نواندن خۆی بە خوێنەر بناسێنێ، بۆیە هەر زوو خۆی داوێتە ناو گەمە سیاسییەکانەوە، تا بەکورتترین ڕێگا بگاتە مەرام و ئامانجی خۆی کە ناوبانگ و دەسکەوت و داهات و پلەوپایە بەدەست بهێنێ. ئەم جنێوفرۆشی و ناو زڕاندن و دەمشڕییەش بێجگە لەو ناوانەی تا ئێستا لێی نراون، خاوەنەکانی حەز بکەن یان نەکەن ئەوە مومارەسەی جۆرێک لە ئیرهابی فیکری و ڕۆشنبیری دەکەن کە بەرانبەر کەسانی پەلاماردراو جێبەجێ دەکرێ.

* بەداخەوە زۆر بەرپرس و دەستڕۆیبوی ئەمڕۆکە هەن کە کەسانی لاوازن و بۆ پتەوکردنی پلەوپایەی ناشایستە بەخۆیان و لە سایەی هەلو دەرفەتی ڕەخساوی بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان، یان بەهۆی دەسەڵاتەکەیان کە بە خراپی بەکاری دەهێنن بوونەتە خاوەنی کۆمپانیا و سەرمایە و سەروەت و سامانی بێ حەد و حیساب، بۆیە ژێراوژێری پێوەندی لەگەڵ زۆرێک لەو ڕۆژنامەنووسە هەڵەشە و خۆ هەڕاجکارانە دەبەستن و بە مەبەستی دەمکوت کردنیان، یان بە مەبەستی زوڕنا ژەنین و ستایش کردن لە ژێرەوە پەروەردە و بەخێو دەکەن و بەپارە و دەسکەوت ڕازییان دەکەن، ئەوانیش بێ منەتانە درێژە بەکارە قێزەون و هەڵەشەکانیان دەدەن.

* وەک پێشتریش وتم ئەگەر سەرژمێرێک بکەین دەبینین زۆرترین پەلامار و هێرشەکان بۆ سەر کەسانی سیاسی سەنگین و مامۆستای زانکۆ و نووسەر و ڕۆژنامەنووسی کاریگەرە، ئەمەش لەلایەک بۆ ئەوەیە کە ڕەش و سپی و دۆ و دۆشاو تێکەڵ بکرێ و خەڵکی پاک و پیسی بۆ لێکتر جیانەکرێتەوە، واتە کار بۆ تێکەڵ کردنی وەرەقەکان دەکرێ، کە ئەمەش ئەرک و کاری ڕۆژنامەنووس نییە، بگرە کارێکی هەواڵگەریانەیە، لەلایەکی تریشەوە وەک دیارە ئەو پەلامارانە بەشێوەیەکی بەرنامەڕێژ ئاراستە دەکرێن، بەتایبەتی توێژی ڕۆشنبیرانیان بەلاوە توێژێکی لاشەڕە کە دوورن لە گیانی تۆڵەکردنەوە و پەنا نابەنە بەر توندوتیژی و حیمایە و چەکدار و دیوەخان و عەشیرەتیان نییە و دەعوەت و دەعوەتکاری و بەرتیلدان نازانن و زۆرتر شانازی بە بەرهەمی ڕەنج و قەڵەمی خۆیانەوە دەکەن، بۆیە بوونەتە خۆراکێکی ئاسان و نەرمەقووتی ئەو جۆرە ڕۆژنامەنووسە لێبووکانەوە کە زۆر شارەزایانە ئەو کەسانە بۆ داپلۆسین هەڵدەبژێرن، هەرچەندە زۆریش دەستەکەیان ئاشکرایە کە بە چ مەبەستێک ئەو کارانە دەکەن، چونکە بەبەرچاومانەوە هەیە تا بینەقاقا و نوخاعی شەوکی لەنا گەندەڵی و کاسەلێسی و خیانەتکاریدا دەگەوزێ، کەچی لە ئاستیاندا کەس تا ئێستا متەقی نەکردووە و شەکرێکی نەشکاندووە!

* دواجار دەپرسین: لەناو کەشوهەوای ژەهراوی کراوی ڕۆژنامەگەری کوردی و لەکاتێکدا کەسانێک کە شووڵیان لێ هەڵکێشاوە و بەناوی (ئازادی بیروڕادەربڕین)ەوە مافی گشتی و مافی تاکەکەسەکان پێشێل دەکەن، کاتێ هەموو شتەکان لە گرێژەنە دەردەچن و خائین بسکەی سمێڵی دێ و بە هەوای نەفس بە نیشتمانپەروەر بە خەڵکی دەناسێنرێ، یان کاتێ جەللاد دەکرێتە نیشتمانپەروەر و بۆ بەدی هێنانی مەرامێکی نەخۆش قوربانییەکانی دەستیشی دەخرێنە شوێنی ئەو، ئەم شێلەو بیلەیە کێ لێی بەرپرسە؟ یان دەبێ ئەمە باجی دروست کردنی دیموکراسییەت بێ کە دەمانەوێ لەسەر شانی خەڵکانی بێ گوناح دروست دەکرێ؟!

# ڤاڵسی شەوە خایینەکان

**نەژاد عزیز سورمێ**

**چ بەدبەختییەکە لە گیرفانێت بدەنێ و**
**لە دڵت لێت وەربگرنەوە**
**جوبران خەلیل جوبران**

**(١)**

سێبەری مێژوو، دەستی لەکەلەکێ گرتووە..
لەگەڵ بارانی بەهاراندا برۆ
هەمیشە خۆرێک هەیە لێوارە ماسکدارەکانی دنیا
دەلاوێنێتەوە..
هەمیشە سپێدەیەک هەیە بێ باک
لە گومڕایی جەنگەڵان دەمانپارێزێ..

مەکۆی ئەرخەوان بوو ئەم وڵاتەی ئێمە
هاتن چاوتان
لە لاتی و خەتی خێڵاتیشمان بڕی..
هاتن مۆسیقای خاوەن شکۆتان لێ تۆراندین
بە کوێتاندا هەڵبڵێم؟
بە ویندۆزە ڤایرۆسدارەکانتان،
یاڕوانینی باڵدار ئاسا؟
بە کوێتاندا..؟

**(٢)**

**(تابلۆی بەردەرگای دکتۆران/ نەخۆشیان دەژماردن../**
**گڵۆپەکان/ لە ڕووناکیان کوێر ببوون/ کۆخە کۆخی**
**گزۆزە هەناو ڕەشەکان/**
**ئێستا وەختی/ نووستنی/ گوڵە سوورو سپیەکانە/**
**دە تەماشا/ سەیری چ لەخۆنووسان و دەکوڵخۆ**
**داهاتنێکە/)**

بە ئومێدێکی شێتەوە دەستم درێژکرد
بە ئومێدێکی شێتەوە باوەشم واڵاکرد



ئەفسووس لە دەنگی ڕۆحم نەگەیشتن
ئەفسووس دۆسیەی نێرگزتان نەخوێندەوە..
لە بیرتان کرد، بەنوێژی نیوەڕۆ
چرای شەیداییمان،
لە ناوەڕاستی شەقامدا بۆ پێ کردن..
لە بیرتان کرد
پیاڵەی بە تاڵ بۆ خۆمان و
هی پڕمان بۆ ئێوە دانا..!!

**(٣)**

**( ئەو چرکە ساتانە/ لە یادەوەریمدا/ دادەکەم../ دەنگێک/ وێنەی مەستیی ئێواران/ نامۆیی هەڵێدەلووشێ../**
**هەور روویان لە چیایە/ پەی چی/ بیر/ لەوە بکەمەوە/ سۆمای چاوانم/ پێشکێشی ئێوە بکەم..؟/**
**شەڕ هەڵیخەڵەتاندین../ شەڕ کوێری کردین/لاڵی کردین/ شەڕ کەڕی کردین/**
**کەری کردین../ ڕەوی کوللەیش. بە بیشەڵاندا هاتن../)**

کارگەی ماسک و ڕووبەندانن
بۆ خۆیان لە هەموو شتێک دەگەن؛
لە نەزمی پۆشتەکردنی با..
لە ڕازاندنەوەی ئینجانەی بەر دەرگا..
ناسۆریش لە سەنگتراشیی ئەوانەوە
کە چەندین دەریاو ئاسمانیان بڕیوە
لە پرۆسەی (فرێندلی فایەر)- Friendly fireدا
مەدالیای بێهاوتای ئێمە بووە...!

**(٤)**

**(من ون نەبووم/ لێ/ قاچم/ لە هەرکوێ دانا/ زەنەک دەرچوو../ من/ ون/ نەبووم/ تەنیا/ ئەوەندە بوو/**
**ناسنامەکەم/ لە گیرفانی کراسەکەمدا/ لە بیرچوو بوو../)**

ئاسمانێکی بەتاڵ دەرچوو
ئەو ئاسۆیەی،
لە سەنتەرە بێ دووبانکە و بەرهەڵەکانتانەوە
دەتانویست ببینن..

چوارگۆشەکانتان تێک شکان
سێ گۆشەتان ڕاست کردنەوە...
مێژوو؟..
مەپرسە لە چ قورگێکی گیراودا ئاخنراوە..
بێ وچان
مەیدانگر.. نەورەس.
لەوە کارەساتتر هەمووومان تاوانباربین؟
لەوە کارەساتتر هەمووومان ژاڵە خواردوو..؟
ئەی کوا لاپرسەنی و بێباکی (شەکسپیر) و
بۆنی پەلکەگیای (وایتمان) و
هاوارە کپکراوەکانی (ڕامبۆ)و (ڤرلین) و
بنیاتە پتەوە سانتاکانی ( نیتشە) و
درەختە بە بەرەکانی (دانتی) و
فریسکۆکانی (داڤینشی) کوانێ؟
کوا شینگێڕیەکانی (ئیلییەت) و
هەرێ و پەیمانەکانی (ڕۆسۆ) و عەشقی ڕۆژهەڵاتیانەی ( گۆتە) و
شێوازە دڵنشین و دڵشکێنەکانی
(بیکاسۆ) و (سیزان) و (براک) و
ماسکە خەمبارەکانی مۆدلیانی؟...

**(٥)**

**(سرووتەکانی دوورگەی کرێت/ بە رووباری چەوردا چوون/ گەیشتنە (سکڵیا)/پەڕینەوە (ئیسپانیا)../ ئەو پرۆسەیە/تا ئێستا/ بۆراییشی/ دەرنەکەوتووە/ بۆ ئاگاداریتان/ ئێمە/ لە/ خەربەندەییمان/ زیاتر/ پێ/ دەکرێ/..)**

ویستم ئاگر لەسەر پشتی ماسییان بکەمەوە
گۆڕستانی ئوور- خانووە لە ناویەک و بە گەوەکانی چەرمووو
برۆنزکارییەکانی لوڕستان
لە چیا قژ درێژەکانی ئیتالیادا دەدرەوشایەوە..

ئەی مانگی تاراوگان!
مانگی بێ هێلانە و بێ سێبەر..
ئێمە بە تەنێ بووین
کە ئەوان ئاسمانیان تەی دەکرد
ئێمە بەتەنێ بووین
کە زەویان بەهەناسە بڕکێی
برسییەکانی ئەفەریقیاو

کۆستەکانمان دەدێرا
ئەی مانگی تاراوگان
مانگی بێ هێلانەو بێ سێبەر!
ڕۆژێ نەمدی
هاتبن فێری کێڵانمان بکەن
ڕۆژێ گوێم لێ نەبوو، نەم خوێندەوە
لە سۆتەڵ و نیگەرانی و دەستخەڵەتدان زیاتر
لە سەفەرە کورتەکانیان لە دوما بێ..

نەمدی ئەی مانگی تاراوگان
ڕۆژئاوای (مانێ) و (کلمیت) و (کامۆ) و
(کافکا) و (ئاراگۆن) و (دالی) و (دێلاکروا)
بواریان دابێ، بەمردنی خۆمان بمرین..
ئەدی ئەوە ئەسەف نییە، مانگی تاراوگان؟
نەهێڵن شیعرێک بۆ شاروێرانی خۆمان و
هەنیەی ئارەقاویمان بنووسین..؟
ئەدی ئەوە ئەسەف نییە، هۆڵی ئاهەنگان
بەگریان بۆیە بکرێ؟!
مانگی بێ هێلانە، مانگی بێ سێبەر..!
باس هەر باسی گڵۆپ و چراخانی پایتەختانە
باس باسی نهێنییە ئاشکراکانە،
کە زانیارییان بە بەرقەڵایێ سەردەخەن
تا پێڕا بگەن سەحەری لالەزار و مرواریان
غافڵکوژ کەن..
ئێمەش بێ ئاگا..
خەریکی پیشەی بێ هوودەی فەرهادین.

ئیتر تەواو مانگی تاراوگان، کوورەی نوور!
ئیتر تەواو ئەو ساتە تێکچڕژاوە بێ (تاو)انە
لە یادەوەریمدا هەڵدەگرم..
ئەو ساتانە، لەو چاوە مەستانە هەڵدەگرم
ڕۆژێ لە ڕۆژان سروودم بۆ دەگوتن..
ئەوجار هەڵدێم ئەی مانگ
بە کوردی هەڵدێم
خۆشەویستیش لەگەڵ خۆمدا دەبەم
ئیتر شتێک نامێنێ بەو ناوە
پرسیار ئەوەیە:
ئەو کاتە ئێوە چۆن دەژین؟

**نیسانی ٢٠٠٧**

# لە وێندەرێ مارەم دەکەی

نیگار نادر
(بەریتانیا)



تاریک و ڕوونی سبەینێیە
دەگەیە جێ
لە ڤیکتۆریا چاکەتەکەم دەکەمەوە و
ئامێزت تێوەردێنم
دەگەڵ ڕووباری تایمز پێکڤە بەرچایی دەخۆین
لە خۆشیانم هەڵدەپەڕی و
بەناو خەڵکیدا ڕامدەکێشی و بە هاوار بانگم دەکەی

چێشتەنگاوێ
لە پاریسێ لەسەر کۆشت جغارەکەم لۆ پێدەکەی
شاڵە کەسکەکەم لێ دەفڕێنی
بە ئاپۆرا خەڵک بۆ سەیرم گاز دەکەی

نانی نیوەڕۆیە لە ڕۆما دەخۆین
لەسەرەخۆ پارووم بۆ دەکەی بەرانبەرت
چم بە گەروویدا ڕۆناچێ.. کڵاوەکەم بەسەرخۆتدا هەڵداوێی و
بەڕەوە پەیکەر سازانم تێدەوەرێنی و
بە گەردەنمەوە جۆلانە دەکەی

لە بۆ عەسرێ لە مەدرید
بەنۆرە مژ لە پایپەکەی دەدەین.. گوارەکان
لە گوێچکەم دەردێنی.. پێڵاوەکانم لێ تووڕ دەدەی
نازانم لۆ هەندە لێم دەڕوانی
زوو زوو لە قەڵاندۆشکی خۆتم دەکەی

پاش تاو کەوتنێ
لۆ خواردنەوەی شەرابی سۆر
دەچینەوە کافێی ئارتی ستۆکهۆڵمێ... پت پت
پت لە خڕخاڵەکانم دەدەی و

**تەنووره شینەکەم**
**بەسەر سەری خۆتدا دەدەی**

**دەمەو ئێوارێ لە کۆلۆمبیا**
**بەسەره قەمپاڵ لە بابۆڵەیەک دەدەمین**
**لە جوانی چاوت شاگەشکە دەبم**
**دەکەومە بەر ڕێژنە فلاشی وێنەگران.. تێمدا ڕەنگ دەدەیەوە و**
**بە دەوری خۆتدا خولان دەدەی**

**شەو کپ دەبێ و دەگەینە تایوان**
**لەگەڵ دەریا کێ بەرکێم لەسەر دەکەن**
**بازنە کەسک و سوورەکانم**
**خرینگەیان دێ**
**لە شەپۆلانتدا ناوی خۆم لەبیر دەچێتەوە و**
**جوگرافیای دونیام بۆ وە زیکر دەخەی**

**پاش نیوە شەوێ لە کۆنگۆ**
**دێینە خوارێ**
**پاڵت وێدەدەم.. خەناوکەکەم دەپسێنی**
**سەر بەسەرت دەکەم لە گەرمان دێمە ژێر کراسەکەت و**
**بە دەورمدا سەمادەکەی**

**بەرەبەیانێ لە سیدنی**
**خۆمان دەشۆین.. چاوەکانم پڕ لە کەف دەکەی**
**خۆ بە پشتتەوە هەڵدەواسم و**
**بەسەدان ورتکە ماچم دەکەی**

**دەگەڵ تاوکەوتنێ دەگەینەوە**
**هەولێرێ**
**کەوا سپیەکەم لەبەردەکەمەوە و**
**لەسەر قەڵاتێ.. لەسەری سەفینێ**
**لەسەر دەستی کوردستانێ مارەم دەکەی**

٢٠٠٦/٦/٢٦

ڤیکتۆریا: وێستگەیەکی هاتوچۆی نێودەوڵەتییە لە لەندەن.
پایپ: سەبیلە.
تایمز: ئەڤ ڕووبارەیە بە ناوەڕاستی لەندەندا تێدەپەڕێ.

# سەد و یەک شەوە

سەباح ڕەنجدەر

## سوپاس

باران لە دەرگای زەمین دەدا
گیای ڕووخۆش لێی دەکاتەوە
کەروێشکێک دەچێتە نزیکی
سمێڵی لەسەر و پرچی دەسوێ
سوپاس بۆ نان و نمەکی خوا
بە دڵێک بە ڕێگاوە دەڕوات
کە دڵ لە دڵدانی لە دوا نییە
لەسەر دوندێک بەرانبەر درەختێ
هەر کاتێک بیەوێ دەبێتە ئاوێنەی ئەفسووندار
یادکردووانی لێوە ڕووبەڕوو دێن
لە لانەکەی کە نوشووستی تێدا نەهێناوە پشوو دەدا
ئارامی لەو هەڵمە گەرمەوە وەردەگرێت
لە دەستی کراوەی زەمین بەرزدەبێتەوە
لە پرچی ئەو درەختەی دەبێتە ئاوێنەی ئەفسووندار
دەبێتەوە خوناو
لە ڕەنجی حاڵباشی مندا
گوڵاڵە سوورە هەست بە تەنیایی کردنی نامێنێ

## سێتار

هەر دەبێ بەو ڕێگایەدا بڕۆم
سڵاو لە دۆست و یارانم بکەم
ڕێگای مردن
دەشبێ بایەخدار و تێکەڵاوبم
بە ماڵی ژیان
درەنگیش تێناپەڕم
ئەگەر بە ڕێگای ئاویدا بێم و بچم
چرایەک لە ناو پاپۆڕ دادەگیرسێنم
شەوقدانەوەی چرا لە ناو ئاو
دڵی بزێو و گەرمی ماسییە لە شادمانی مەلەدا
لە کەنار بەندەریش



تێشوویەک خواردنی هەمەجۆر و سێتارێک
بۆ مەیموون بەلکی درەختی ناو دارستان هەڵدەواسم
گیانیشم خرۆشاو بە حیلەی ئەسپی
ناو پاوانی وێنجە و سێپەرە
دۆست و یاران دوا سلام
بۆنی میوەی گەییوە بە لکەوە

خەوتن

جگەرگۆشەکانی ئاسمان
خۆر
مانگ
ئەستێرە
فریشتە
خواوەند
ئارامی تەواویان هەیە
لەناو دێری شیعردا ناشلەژێن
لە ماڵی منیشدا
بۆنی پێستەی خۆشکراو
گڵۆپ بەهێز دەکات
بەهەزار ئاوات و خەونەوە منداڵەکانم لە ناو
هۆگری و چێژی گڵۆپ خەوتوون ئەی ئارامی تەواو

شلەژان

کەڵەباب ئەستێرەی تاریک و ڕوونی بزرکرد
شلەژا و ترسێک
دانەوێڵە کۆکراوەکانی لێ کرد بە گوللەی ڕاوچی
منیش گوێم بۆ دوا ئەستێرەی بەیان ڕاگرتووە
شتێک بڵێ
ژیان لە ناو ڕابردوویەک کە چڵی تێدا وشک بووە
چاویلکە و گۆپاڵ و کڵاو و دەستەسڕی لە بیرکردووە
هیچ شتێکیش لەم زەمینە بێکەسەدا تەواو نابێ
لێشت نائومێد نیم ئەی ئەستێرەی تاریک و ڕوون

دڵ

کێشە لە ڕۆژ دەرکەوتن و ڕۆژ بزربووندا نییە
ئەو کاتەم کێشەیە وادەی دیدار دێت
ئەی مەست و خوماری بن چەپی سینگم دڵ
کە بە پەیمانەوە دەچیتە سەنگەری خورپە
سێوێک دەکەیت بە دووکەرتەوە
کەرتێک لەوسەری شەقام دادەنێیت
کەرتێکیش دەهێنیتەوە ماڵ

بۆنی خۆشی خێزان ناهێڵی بۆگەنی بێ
دەموچاوی شەوقداری زەوی
بیر لە دوور یان نزیکی مرۆڤ دەکاتەوە
لە بە ڕێگاوە بوونی بۆ ڕاز و دیداری یاران

ناوچەوان

کە خۆری بەیانی ناوچەوانی گەرم دادەهێنێ
نوێن و جێیەکەی گوڵاوپرژێن دەکا
لەسەر تەختەی نووستن ڕێکی دەخاتەوە
دێتە حەوشە تا تکانی خوناو لە گوڵ وەرزش دەکات
لەش و گیانی لە ناو خوناوی تکاوی گوڵ
ئازار لێک دەداتەوە
ئەوجا بەسەر سامییەک
کە هەستی دڵنیایی دێتە ناو پیاڵە و فەغفووری
تەماشای گڵۆپی دیوار دەکات
کە هەریەکیان بە بارێکی دەروونی دەگەشێنێتەوە
بەرانبەر گڵۆپەکانیش مۆم ئاگر دەدا
لە نێوان ئەوینی گڵۆپ و مۆمدا
هەموو هیوایەک لە دڵی تۆمار دەکات
ژیانی دەبێتە ئاهەنگ و سەیران
کاهو بە ماست دەخوات

تەزوو

ئەو گۆرانیبێژەی بە هەموو
هێزی خوێن و تەزووی دڵیەوە
دەنگی هەڵدا و کۆسپەکان ڕندران
بڵندایی کرد بە گردێکی ڕۆمانسی
لە سەری ئارامی گرت
برادەران دەوریان دا
کۆڕی دڵشاد و زمان ناسک
دەستی بۆ درەختەکەی ژوورسەری برد
گەڵایەکی لە ڕەنگی بەهرەی
هەڵدایە ناو برادەرانی
لە کۆشکی شکۆمەندیدا
دەنگی پەروەردەکرد و هەڵی دایەوە
ئەی درەختی گەواهیدەر و خودادای ژوورسەرم
من ڕەخسیوی بەهرەی پاراو و شەرابی سوورم
مانگ خۆی پێوە هەڵواسیوم
بەهرەی پاراو و شەرابی سوور
نەرمونیانی ناو چاوی گوڵە پەمۆن

**تکا**

مەلی دەریایی لە ترسی
مستەکۆڵەی شەپۆل
بەلاڕێدا لای دا
کانییەکی بچووک دەموچاوی خۆی بۆ پشکواند
پەپوولە شوێن باڵەکانی
لە ناوچەوانی جێهێشت
منداڵەکانم بۆ مراز و ئومێدیان
هەستیان ناهێننە ناو لەپ
بڕوایان بە شوێن باڵی پەپوولەیە
ئەی خۆ لەبیرکردوو لە ناخی هەمووان
تکا دەکەم با شەو و ڕۆژ هێندەی یەک بن

**خاڵ**

چل و دوو ساڵە
لە خاڵێک ڕادەمێنم خاڵی ژیان
ئەو ئەوەندە خۆویستە
خۆی بۆ نەکردوومەتەوە
تا لە سەرگردێکی بە بخوور بۆنخۆش
مانگ بە ڕووی گەشیەوە بێتە دیدارم
تریفەش پێم بڵێ برای گیانی
سەر لەسەر بەردێک دانێم
دنیام لێوە دیاربێ و لەشیری زەمین مەست بم
خودایە لە ناخمدا لە خاڵی ژیان سادەترم بکە

**ڕووان**

ئەگەر بە یەکڕیز بوەستین
جوانی مرۆڤ دەشێوێ
هەمووومان لەسەر دووگردێک
شکۆمەندی لە خوا ترسانمان بەرناکەوێ
با بە هیوابین بۆ بەرزبوونەوەی
خۆر لە ناخمان کە ڕەنگ کراوە بە ڕەنگی
دەنووکی سیمرخ و دەفتەری بیرەوەری
گوڵە چا خۆی پێمان دەڵێ چۆن ڕووا
پێغەمبەر بە ئامانج و دەستی پڕەوە دەگاتە لامان

تەممووزی ٢٠٠٧ هەولێر

# خەجیجۆک

رزۆیێ خەرزی
(رۆژاوای کوردستان)

یەکجاران شەڤێن زڤستانێ ژی
کن دبن
تێرا کێڤەراتا دل ناکن
مینا وێ شەڤا کو
نە دەنگێ لێخستنا دەری
نە زنگلێ تەلەفۆنێ
نە گورمینا دەنگێ عەوران
نە ئازانا سەرێ سبێ
نکاربوون لێڤێن من راوەستینن

مینا وێ شەڤا کو
ژ سەرێ مەمکێن تە بێن مەویژی
تا ئەز گهام نەرمکا گوهێ تە
رۆ ل مە دەرکەت

ئەز نزانم نە ریا ناڤبەرا وان پڕ درێژ بوو
نە ئەو شەڤ پڕ کن بوو
نە ژی دەستێ من ژ وێ ناڤبەرێ نەدبوو
تەنێ دزانم کو د وێ ناڤبەرێ دە
ل شوونا لێڤێن من
بەخچەیەک خەجیجۆک شین بوون

ماچ ب ماچ من پیڤا
من دکر و نە دکر
گرێکا
بێهنفشکا من
و نالینا تە
ژ هەڤ ڤەنەدبوو

تا رۆژێ ژ مەرە گۆت
سبەها وە بخێر دینێن خوەشک
هێ شەڤێن من پڕن
هوون دکارن ڤێ زڤستانێ تەڤی
ماچ ب ماچ
هەموو لاشێ هەڤ بپیڤن



# ئازارەکانی بەهار

دیچۆل ئازاد
(ئوستراليا )



لەسەر گۆیەکانی قەلا، من و تۆ پێکەوە
بەناو دڵی گوندەکانەوە ڕێ دەکەین
چ بەهارێکە لە بێدەنگی!
لە چاوەڕوانی کەسێکم بۆ ناسینم.
بەدەممانەوە کە خەونەکان هەڵدەمژین،
لەگەڵ خوێنێکی شین
لەناو سێبەری گوڵەڕەشە مردووەکانەوە،

من و تۆ پێک دەگەین

تۆ دوژمنێکت هەیە،
هاوینە جوانەکانی لێت داڕماند.
دوژمنەکانی من، کە چاوەکانیان
بەدەستی بەیانییەکان و
بەزمانی ئاو
ڕەنگ کردم
دایکیشم بە درێژایی تەمەنی
بێدەنگییەکی غەمباری خواردەوە
دواجار
لە ژوانێک، لە هاوینێک
من و تۆ دیدارمان کرد.
تۆ بۆنت وەک شیری خاوی مەمک وایە.
دەتوانی بۆنی سێبەرە شێدارەکانی خەمەکانم
بکەی،
یان تامی ڕقەکانی دڵۆپی زستانم؟
لە شەڕێکەوە بۆ ئاشتی دیدارمان کرد
سی ڕۆژ بەرلەوەی پەڕە ئاوییەکانی
Scarlet(*) بەستەڵەک بن
دیدارمان کرد.

ئاهـ هـ هـ! بەر لەهاوین
کراسێکم پڕ لە گەڵا جێ هێشت و
خۆمم هەڵوەراند.

گەڕامەوە بۆ ڕۆژە تۆزاوییەکان.
ئا ئەمەیە ژیان!

میێلبۆرن– ئوستراليا
٢٠٠٧/٦/١٠

(*) scartet مانای یاقووت، یان سوورێکی تۆخ دێت.

تێبینی:
دێچۆل ئازاد: ئێستا لە زانکۆی ڤیکتۆریا لە بەشی یاسا دەخوێنێ، لە ساڵی ٢٠٠٤دا لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا لە پێشبڕکێی قوتابخانەکاندا لە ئاستی ئوستراليا خەڵاتی یەکەمی وەرگرتووە.

# ناوێکی مۆسیقاییم هەیە

ئیمان مرسال
لە عەرەبییەوە: عەباس عەبدوڵلا یووسف



ئەو پەنجەرەی کە لە ڕۆخی دادەنیشتم
لەوانەیە بەڵێنی شکۆدارییەکی نائاسای پێدەدام
لەسەر نامیلکەکانم دا نووسیم:
ئیمان....
لە قوتابخانەی ئیمان مرسالی سەرەتاییدا قوتابییە و
نە داردەستی مامۆستا درێژەکەو نە ئەو پێکەنینانەی
لە دوا سەکۆوە بازە بازیان دەکرد
ئەو کارەیان پێ لەیاد کردم

بیرم کردەوە شەقامی لای خۆمان بەناوی خۆم بکەم
بە مەرجێ خانووەکانی فراوان بکرێنەوە
ژووری نهێنیشی لێ دابمەزرێن
تا ڕێ بە برادەرەکانم بدرێ لەناو تەختە خەوەکانیان دا
جگەرە بکێشن و برا گەورەکانیان نەیانبینن

پاش ڕووخاندنی میچ بۆ وەی قورسایی لەسەر
دیوارەکان سووک بکرێتەوە
گواستنەوەی پێڵاوی داپیرە مردووەکان بۆ شەقامێکی
تر
هەروەها دایکانیش پاش خزمەتێکی درێژخایەن
قاپ و قاچاغ و قۆدی بەتاڵیان دەرژیان کردووە
هەروەها وەک دەربڕینێکی ڕەمزی
لە بارەی دڵگەشییەوە
دەتوانرێ دەرگاکان بە ئۆرانج بۆیاغ بکرێت
تێخستنی دەسکی بەکون ڕێ ئاسان دەکات
بۆ هەر کەسێ تا دزەنیگا بکات لە خێزانی فرە ئەندام
بەمەش لە شەقامەکەماندا
کەسێک بەتەنیا نامێنێت

**(ئەزموونی پێشەنگ**
**دەسکردی ئاوەزی گەورەن)**
**ئەوها هەر بە پیاسەوە**
**بەسەر شۆستەی سپی شەقامێک**
**کە ناوی منی لێیە**
**ئەوانە دەیاننتوانی وەسفم بکەن**
**بەڵام لەبەر کۆنەقینێک نێوان خۆم و خۆی**
**بەردەکانی بەسەرچۆکمدا**
**نیشانەکانی خۆیان جێهێشت و**
**بینیم ئەو شیاوی ئەوکارەی نەبوو**

**بەبیرم نایەت**
**کەی دۆزیمەوە ناوێکی مۆسقاییم هەیەو**
**شایستەیە واژووی پێ مۆربکرێت**
**بەسەرچامەی کێشدارو**
**بەرووی برادەرانێک قیت بکرێتەوە**
**کەوا ناوی گشتییان هەیەو**
**لە مانای قووڵی ڕێکەوت ناگەن**
**کە ناوێکی لێگۆڕاوت بداتێ و**
**شوبهەت لە دەورا بورووژێنێ و**
**پێشنیارت بۆ بکات ببیە کەسێکی دیکە**
**وەک ئەوەی ئاشنایانی نوێ لێت بپرسن**
**– تۆ دیانی؟**
**یان**
**– ڕەچەڵەکی لوبنانیت هەیە؟**

**بەداخەوە، شتێک قەوماوە**
**کاتی یەکێ بمناسێ و بانگم بکات**
**دەشڵەژێم و ئاوڕ لە دەوروبەری خۆم دەدەمەوە**
**تۆ بڵێ، جەستەیەک وەک جەستەی من**
**و سنگێک لەگەڵ هەناسە وەرگرتندا**
**ڕۆژ بە ڕۆژ زبرتر بێت**
**ناوێکی ئەوهای هەبێت.**

**پاشانیش، من خۆم زۆر دەبینم**
**لە نێوان ژووری نووستن و گەرماودا**
**جا ئاشکەی نەهەنگم نییە**
**تا ئەوەی پێم نا هەرسێ بەتاڵی کەم.**

* خاتوو (ایمان مرسال) شاعیرێکی میسرییە، چەندین دیوانی چاپ کردووە وەک (ڕێگوزەرێکی تاریک شیاوە بۆ فێربوونی سەما) (ڕۆیشتن بە کاتێک تا بکرێ درێژ بێت) (بە خەسڵەتبووەکان).

* دەرژیان= دەرەوەی ژیان، بێکارکردن.

* دیان= مەسیحی.

* ئاشکە= گەدە، مەعیدە.

* ناهەرسێ= هەرس ناکرێت.

**سەرچاوە:**

**دیوانی (ممر معتم یصلح لتعلم الرقص) دار شرقیات- القاهرة- ٢٠٠٤ الطبعة الثانیة.**

# ژماردن

**کامیار ئەحمەدی**
**(سنە)**

دەرگاکەی پێوەدا، کۆتەکەی بەدەستەوەیە، سەری داخستووە و بەرەو ئاخری ڕاڕاوەکە ڕێ دەکا، تاکو دەگاتە پلیکانەکان، وەکو ڕۆژانی پێشوو دانەبەزێ سەرکەوێت، ئەبێ بۆ قاتی چوار و پێنج بڕوا، ڕاستی ئەم لە قاتی سێدایە بۆیە من ئەڵێم ئەبێ بۆ قاتی چوار و پێنج بڕوا و ئەڵێم وەکو جارانیش دانەبەزێ بۆ قاتی دوو یەک، یان بۆ ژێر زەمینەکەش، قاتی چوار و پێنج بەجێدێڵێ، قاتی شەش کە دوایین قاتی ئەم ئاپاراتمانەیە بەجێ دێڵێ.

دەرگای سەربان دەکاتەوە، پلیکانەکان هەناسە سواریان کردووە، ڕاناوەستێ تا ئارام ببێتەوە، خۆی دەگەیەنێتە پاساری بان، قیت لەسەر پاسارەبانی ئەم ئاپارتمانە شەش قاتییە ڕادەوەستێ، کۆتەکەی لەسەربان دەخاتە خوار و دەستێک لە کراواتەکەی دەدا شلی دەکاتەوە و بەدوای کۆتەکەیدا دەڕوا. خۆی موعەلەق دەبینێ و دەست دەکا بە ژماردن یەک... دوو... سێ... ١٣، ١٤، ١٥ پیاوێک لە دەرگای سوور و دارینی ژوورێک دەدا ٢٦ دەرگاکە دەکرێتەوە ١٧، دەرگاکە نیوەکراوەیە ١٨ ژنێکی سەرتاپا سپی دەڵێ: فەرموو ١٩ پیاوەکە دەچێتە ژوورێ ٢٠ ژنەکە بۆ نێو ماڵ ڕێنوێنی دەکا و خۆی لەسەر موبڵەکە دادەنیشێ. ٢١ پیاوەکە لە بەرانبەر ژنەکە دادەنیشێ ٢٢ وێنەیەک لەسەر تەپڵەکەکە دایە ٢٣ پیاوەکە دەڵێ: ژنەکە تۆی ئەی پیاوەکە کێیە؟ ٢٦ دەڵێ شووم بوو شەش ساڵ پێش، لەم ئاپارتمانە کەوتە خوار ٢٥ پیاوەکە وێنەکە دادەنێ و جوان سەیری چاوانی ژنەکە دەکا ٢٦ ژنەکە هەڵدەستێ و لەسەر تەختە دوو کەسیەکە دەمەو ڕوو دەکەوێ ٢٧ پیاوەکەش لەسەر تەختەکە درێژ دەبێتەوە، دەنگی ژماردن ئیتر نایێ،چەند کەس لەبەر ئاپارتمانەکە بوون دەریان دەگرت.

یەکێ گوتی: دکتۆر
ئەوی تر گوتی: مردووە

**پاوە ١٦/ ٩/ ٢٠٠٣**



## بۆ ئەوبەری شەقام، تەنیا سێ هەنگاو

لەخەو هەستا، کەسێکی تر لە ماڵ نییە.

بەرەو توالێتەکە دەڕوا، وابزانم.

بۆ چوون بۆ حەمام و دەستشۆر دەبێ ئەم دەرگا بکرێتەوە و ئەم دەسکە بسوورێتەوە.

ئێستا دەستی بە دەسکەوەیە، دەرگای کردەوە. سەرپێکەی لە پێی ڕاستی کرد، ویستی دووەمیان لەپێکا، قاچی لە ژێر دەرچوو بە پشتا کەوت و سەری کێشرا بە کاشییەکاندا خوێن لەسەری فچقەی کرد و مرد.

ژنەکە لە حەمامەوە دەنگی دێ و داوای خاولی دەکا، خاولییەکەی هەڵگرت. دەسکەکەی سووڕاندەوە، ویستی سەرپێکان لە پێکا، قاچی لە ژێر دەرچوو بە پشتا کەوت و مرد.

ویستی بۆ یەکەم جار لە ژیاندا جارێک پێکەوە حەمام کەن. دەستی بۆ دەسکەکەی برد ئێستا دەستی بە دەسکەکەوەیە، دەنگی شوڕەی ئاو لە حەمامەوە دێ، بۆ ٢٠ چرکە دەچێ کە هەروا دەسکی بە دەسکەکەوەیە.

نەیسووڕاندەوە.

بە پەلە گەڕایەوە بۆ ژوورەکەی تر، منیش بە دوایدا دەڕۆم. جلەکانی لەبەرکرد. دەیەوێ لە ماڵەکە بچێتە دەر، وابزانم

پێڵاوی لە پێ کرد و لە ماڵەوەش چووە دەر و منیش بە دوایدا دەڕۆم.

٢٠ مەترێک لە منەوە پێشکەوتووە، دەیەوێ لە شەقام بپەڕێتەوە، وابزانم.

- هەی.. وریا بە.. ماشین ... ماشین

بەڵام نە دەنگی من و نە قیژەی لاستیکی ماشینەکەی نەبیست، ماشین لێی دا و ٢٠ مەتر فڕێی دا و بە پشتا کەوتە نێوەڕاستی شەقامەکە، هەڵاتم و خۆم گەیاندە سەر سەری.

٢٠ چرکەش لەسەر تەرمەکەیەوە وەستام.

دەمەوێ لە شەقامەکە کە ئێستا زۆر قەرەباڵغە بپەڕمەوە تا لەو بەرەوە پاکەتێک بکڕم و خێرا بگەڕێمەوە

چونکە ئێستا دەست دەکا بە هاوارکردن و داوای خاولی دەکا...

**سنە ١/ ٤/ ٢٠٠٧**

# روو هەڤ

ردڤان قارە ئاسلان
(ستەنبۆل)



شەڤ دناڤێ رە بوو دو پارچە و ستێرکێن کەسک ب سەر روستەم دە باریان، تیرێژێن وەکی پۆلا، ل هاویردۆرا وی کۆم بوون. شەوقەکە زێرین ژ ئەسمێن داکەت هەمبەر وی و هێدی هێدی بوو سیلوەت. دوورە، قالکەکی زراڤ و سپی ل سەر سیلوەت چێبوو.

ژ نشکا ڤە ئەڤ قالک وەکی بۆمبەیەکێ تەقیا و دووخان ب ئەسمێن کەت. دناڤا دووخانێ دە، حووتەک ئافیری. حووت سەرێ خوە ژ ناڤا شەقێ خوە کشاند و ب هەیبەت رابوو سەر پیان.

روستەم ماتمایی ل حووت نهێری، ژ ترسا ب شوون دە ڤەکشیا و د دلێ خوە دە گۆت: «ئەو چ یە؟» چاڤێن خوە فرکاندن و زق نهێری؛ نە خەیال بوو، حووت ب زیندیتی ل هەمبەری وی بوو.

قلۆچێن حووت وەکی دوو شوورێن تووژ ب هیلا وی دە جت بووبوون.

چاڤێن وی وەکی دو بزۆتێن سۆر بوون، ژ فرنکێن وی دووخانەکە زراڤ ب هەوا دکەت. لێڤێن وی یێن درێژ وەکی یێن گومگومۆکێ بوون. گوهێن وی داکەتبوون هەتا چەنەیا وی. ژ دەڤی وی یێ مەزن گرێزەکە مەزەلۆقی دنقوتی عەردێ. ل سەر ملێن وی، پەریکێن سپی دبرقاند. چەرمێ وی ژ سەری هەتا بنی کەسک و قەرمچۆکی بوو... حووت روونشت و دەڤێ خوە ڤەکر، زمانەکێ بگرێز درێژی دەرڤە بوو.

روستەم ب ترس پشتا خوە دا دیوێر. دەستێن خوە دانین سەر دلێ خوە و دبەر خوە دە گۆت:

«یا رەبی، ئەڤ چ یە؟»

حووت بێهنێکە بدووخان ژ پۆزێ خوە بەردا. دوو رە، سەرێ خوە خست بەرخوە و گۆت:

«ژ من نەترسە، ئەز پارچەیەکی تەمە!»

روستەم، سەرێ خوە ب هەر دو هێلان دە هەژاند و کره بانگه بانگ:

«تو چ یی؟ تو کی یی؟ هەرە ژ ڤر، هەره ه ه!»

حووت لێڤێن خوە ل هەڤ دو خستن و دیسا گۆت:

«ئەز پارچەکی تەمە، ژ من نەترسە! ئەز مرێکا تەمە. ئەز ژ ئاگرێ دۆژەها دلێ تە ئافریم. ئەز تو مە، تو ئەزم!»

خوێدانا روستەم، ژ ئەنیا وی د حەرکی سەر گەپێن وی و پشت رە دنقوتی عەردێ. بەدەنا وی یا سار و گەرم هشکا درجفی، دەنگەک د دلێ وی دە کەلیا و وەکی باهۆزێ د دەڤێ وی دە تەقیا:

«ئەرژەنگ! ئەرژەنگ! ئەرژەنگ!»

ب دەنگێ روستەم حووت پارچە پارچە بوو و دووخانەکا گەنی ب هەوا کەت. گاڤا کو دووخان بەلاڤ بوو، کەچکەک وەکی تیرێژێن رۆیێ ل شوونا حووت ئافریبوو. فیستانێ وێ یێ سپی ب ستێرکان دبرقاند. پۆرێ وێ یێ رەش هەتا کولیمەکا وێ درێژ بوو. ژ روویێ وێ یێ سپی چرووسک بەلاڤ دبوون. چاڤێن وێ وەکی جۆتەک ستێرک، گەپێن وێ ژ پەمبەیا گولان و لێڤێن وێ وەکی پارچەیەک هەیڤێ بوون.

روستەم د جێیی خوە دە سەوسی بوو بوو. پشت رە شاشمایی ل کەچکێ نهێری و پۆنژی. روویێ خوە فرکاند، سەرێ خوە هەژاند و ب دەنگەکی لەرزی گۆت:

«ئەی... کەچکا... خوەشک... تو چ یی؟ تو کی یی؟»

کەچک کەنیا و ب دەنگەکی زەلال گۆت:

«ئەز پارچەیەکی تەمە!»

ب دەنگێ کەچکێ دل و هناڤێ وی رجفی، ب لالکی گۆت:

«من... من... فەهم نەکر!»

کەن ل سەر روویێ کەچکێ گەریا. دەستێن خوە یێن زراڤ و سپی و درێژی روستەم کرن و گۆت:

«ئەز مرێکا ناڤا تەمە! ئەز تو مە. تو ئەزم!»

روستەم. ب ڤان پەیڤان ڤەجنقی. زق ل روویێ کەچکێ نهێری.

دوورە سەرێ خوە بەرابەر خوە دا و ب فەدیۆکی دەستێن خوە درێژی یێن کەچکێ کرن. گەرماهیا کەچکێ ژ تلیێن وێ دەرباسی بەدەنا وی بوو و د رەهێن وی دە وەکی ئێگر گەریا...

روستەم ب دلۆڤانی ل چاڤێن کەچکێ نهێری. ژ چاڤێن کەچکێ، ئەڤینێ ب جۆش خوە بەری دل وهناڤێ روستەم دا. د ناڤ بەهرا چاڤێن وێ دە وەکی پەریکەکێ سڤک بووبوو. ژ لێڤێن وێ ستراناێن مێخوەش حەرکێن دلێ وی... ژ ئەسمان پنپنیک ب سەر وان دە باریان. پشت رە، پنپنیک ل دۆرا شەوقا وان فریان... هەیڤ بوو بوو دودۆ؛ یەک ل چەپا وان، یا دن ل راستێ... ژ ناڤا بەهرا ستێرکان، کەشتیێن سەریزیا ب چار هێلان دە بەلاڤ بوون. ژ هوندرێ کەشتیان، پەریان گول ب سەر وان دە دوەشاندن...

هێسرێن روستەم ب عەشق حەرکێن سەر گەپێن وی و گۆت:

«ئەی کەچکا دەلال. تو کی یی؟ تو ژ کیژان دنیایێ هاتی؟»

کەچکێ ب دلۆڤانی هێسرێن وی پاقژ کرن و گۆت:

«ئەز ژ دنیایا بێدەنگیا تە تێم. ناڤێ من تۆڤە، و ئەز ژ کولیکێن دلێ تە ئافریم!»

روستەم بێهنەک کشاند کەزەبا خوە. بەرێ خوە ب ئەسمێن ڤە کر و گۆت:

«ئەی دەلالا خەیالان! ئەڤ هەزار سالن ئەز ل بەندا تە بووم. ئەڤ هەزار سالن ئەز ل تە دگەریام. ژ رۆژا تو ژ من ڤەقەتیایی، هێسرێن من نەسەکنینە، کولیکێن دلێ من نەبشکڤینە و رحێ من ب زنجیرێن پۆلا هاتیە گرێدان.

ئەی دلبەرا من! چەند خوەدایان جه گوهەرت، چەند پێغەمبەر ئافرین، چەند دەم ل بن گوهێ هەڤ کەتن... لێ تو نەهاتی!... ئەز بووم پنپنیک ل سەر گولان، ئەز بووم حەجحەجیک کەتم چۆلان دناڤا بەحران دە و ل سەر چیایان وەکی بایەکی ئەز ل تە گەریام، لێ من تو نەدیتی! تو ل کو بوویی؟

من ژ بۆتە ریحان د دەستێ رۆیێ دە چاند و هەر سبەهێ ب هێسرێن خوە من ئەو ئاڤ دا. ب نەینووکان من ئاخ قەلاشت و دناڤا دنیایێ دە من ژ تەرە کەلەهـ ئاڤاکر و من ئەو کەلەها ب خوینا خوە بویاغ کر... لێ تو نەهاتی! تو ل کو بوویی دیلبەرا من؟»

کەچکێ سەرێ خوە ب ئێش هەژاند، ژ پۆرێ وێ چرووسک قەتیان و د ناڤا شەڤێ دە بەلاڤ بوون. چاڤێن خوە یێن تژە هێسر پاقژ کرن و ب کەلۆگری گۆت:

«ئەز نە د تۆڤێن گولان دە، نە ژی د قوومێن چۆلان دە،

نە د پەریکێن هەیڤێ دە و نە ژی دچاڤێن رۆیێ دە بووم. هەر دەم ئەز ب تەرە بووم. د کوورایییا دلێ تەدە بووم! تە باسکێن خوە ل هاویردۆرا دنیایێ خستن؛ تە چاڤێن خوە گاڤ ب گاڤ، قۆرزی ب قۆرزی گەڕاندن؛ تە باژار ب باژار ل من پرسی. لێ، هەو جارەکی ژی تە ل دلێ خوە نەنهێری! د تاریا دلێ تە یێ هەزار سالی دە، ژ حەسرەتا تە ڤێرین و گازی ب من دکەت. ئەڤ خێزکێن ئەنیا تە، ژ بەر ڤێرینێن منن. ئەڤ وەرما زکێ تە، تژی هێسرێن منە. ئەڤ ئاگرێ دلێ تە، ژ بەر حەسرەتا منە... لێ، جارەکێ، هەو جارەکێ، تە چاڤێن خوە ل هوندرێ دلێ خوە نەگەڕاندن.

ئەڤین دەنگێ دلە. لێ، مێژیێن کوڤکی، چاڤێن کۆر، گوهێن کەڕ گوه نادن دەنگێ دلێ خوە. چاڤێن وان ل تۆڤێ وان ناکەڤە و ب مێژیێ سەردەستان ب دوو ئەڤینێن تۆلاز دکەڤن. لێ، ئەڤین د تۆڤ دە یە و تۆڤ ژی د ناڤا هەر دو شەتێن چاڤێن تە دەیە!»

روستەم د جهـ دە سار بوو بوو. سەرێ خوە خست ناڤا هەردو دەستێن خوە و عەجقاند. ب ئێش ل کەچکێ نهێری و گۆت:

گاڤا تو چوویی، من دلێ خوە ژ بیرکر. حەزکرن و جۆش ب من رە نەما. دلێ من کۆر بوو، خوینا من سەکنی و وەکی لاشەکی مری ئەز د ناڤا ژیانێ دە بێهش کەتم. رهێ من بوو لیسکا بازرگانان، کەدا من بوو خولامێ زکمەزنان و ئەز لال کەتم، د گۆڤەندا تەیر و تەبایان دە.

راستە! تۆڤێ من نە د رەنگێ چۆلان دە و نە ژی د هەڤساریێ هەسپان دە بوو... من هەر دەم گەنمێ خوە د سینگێ بێ دە دچاند و هەر جارێ بێ خاینتی ب من رە دکر... ئەز لاوکەکی بێکەس بووم، لاوکەکی دیرۆکنەزان و هەر دەم دیرۆکا من د تاریا خوینێ دە وندا دبوو... د ژیانا بیانی دە، ئەز بیانی کەتم ل هەمبەری هەر تشتی و ژ رۆژا تو چوویی ئەز ژ خوە دپرسم، دبێژم: (ئەز کی مە؟...) لێ، ب پرسا من رە جیهانێ پشتا خوە دا من، تەیر و تەبایان دەنگ نەدا، خوەزا لال کەت... یەکی ژ من رە گۆت: چیایی. یەکی گۆت: چۆلی. یەکی گۆت: تەری... و ئەز هەردەم مام تەری!»

هێسرێن روستەم ب قەهر ژ چاڤێن وی حەرکین. ئاگرەکی کەزەبا وی پێت ب پێت د شەوتاند. چاڤێن خوە پاقژ کرن و ل هاویردۆرێ نهێری. د بێدەنگیا شەڤێ دە پەلچیمۆک دفڕیان. ل جهەکی دوور، بوومەکی ب بوومە بوومان کەزەبا خوە دپەرتاند. باژار کەتبوو خەوا مرنێ. رێ مەلسیبوون. نە لۆتک مابوون ل کوچەیان و نە سووتک...

دبنێ هەیڤا راستێ دە گورەک خویا بوو. ئوورینێن گور، شەڤ د ناڤێ رە کر دو پارچە. پشتی ئوورینان. گور هێدی هێدی ب هیلا روستەم دە مەشیا. سیەکە سۆر ب دوو گور دە دمەشیا. گاڤا کو کهیشت بەر بانۆکێ، ئەو سیا سۆر کەت هوندرێ گور و ژ نشکا ڤە گوهەرتنەک چێبوو: گەودەیا گور، بوو یا ئیسانان، لێ سەرێ وی هینا ژی یێ گوران بوو. (ژ ڤی مەخلووقاتی رە مرۆڤ کارە ببێژە مێرگور.) مێرگور ب هێرس پەنگزی سەر بانۆکێ و ل هەمبەری روستەم سەکنی. ژ چاڤێن وی یێن هوورک قەهر د حەرکی، ژ دەڤێ وی یێ کوفکی کورم دوەشیان عەردێ. درانێن وی یێن فیق ل بەر شەوقا هەیڤێ دبراقاند...

مێرگور دەڤێ خوە یێ چەپەل ل هەڤ دو خست و تەڤی گرێزێ گۆت:

«روستەمێ سەوسی، کانی حووت؟»

روستەم ژ ترسا دڕجفی. ب هەردو دەستان خوێدانا ئەنیا خوە پاقژ کر. بێهنەک کشاند کەزەبا خوە و گۆت:

«یا ملووکێ شەڤان، حووت چوو! لێ کەچک ل ڤرە... و ئەز باوەڕ دکم مرێکا من کەچکە. ب هاتنا وێ رە شەتەک د هوندرێ من رە دەرباس بوو و قرێژا دلێ من پاقژ کر. ئەز و تۆڤ هاتن روو هەڤ، ئەز و خوە هاتن روو هەڤ و ئێدی ئەز خوە ناس دکم!»

ب ڤان پەیڤان رە ئوورینی ب مێرگور کەت. چاڤێن وی سۆر بوون و سێ هەیڤ وەکی برووسکان ژێ پژڤین. نەینووکێن وی وەکی خەنجەران درێژ بوون. پشتا وی هشکا کوبکی بوو و شەش تیرێن هەسن ژێ پەنگزین. ب زمانێ خوە، گرێزا خوە ئالاست و ب هێرس کر بارەبار:

«من ئەو کەچک بەریا هەزار سالان کوشت! تە چاوا بێ ترس ئەو دیسا ئافراند. ئەزێ دیسا تە و وێ ب درانان هوورهووری بکم!..

چما تو ل من گوهداری ناکی روستەم؟ چما تو ب یا من ناکی؟.. من هەزار جاری ژ تە رە گۆت؛ تو ژ قەومێ حووتی! تو شوورێ دەستێ من و خولامێ بەر شەکالا منی... من ئەڤ چیا، ئەڤ بەری و ئەڤ ئاسمان ب

خوینا ته بۆیاغ کر. ما هێن تو چاڤترساندی نەبوویی!»
مێرگور، لەپووشکێن خوە ئاڤێتن دەڤێ خوە و ژبەر درانێن خوە پارچەیەک گۆشت دەرخست. ئەڤ گۆشت رێ رۆستەم دا و پەیڤا خوە دۆماند:
«تو ڤی گـۆشتێ کوفکی دبینی؟ تۆڤێ ته ژی، مـرێکا ته ژی ئەڤ گـۆشـتـە! ئەزێ ته و کـەچکێ ژی تەڤ ل ڤی گۆشتی بکم. کەچکێ بدە من ن ن !»
کـەچک ل پاش روسـتـەم سـەکنی بوو، ژ نشکا ڤـە بوو شەوقەکا سپی و وەکی خـەنجـەرێ خوە ل پشـتـا روسـتـەم خست. هشکا د پشـتـا وی رە دەرباسی دلێ وی بوو و د هوندرێ دل دە جه گرت.
روستەم سینگێ خوە ڤەکر و ب کەن گۆت:
«هەتا گـەردوون هەیە، وێ کـەچـک د دلێ من دە بەو ئێدی تو هێـز نەمـا کـارە وێ ژ هوندرێ دلێ من دەرخـە! سەوسـیـتا من، خـولامـەتیا من و بنکەتیبـوونا من ژ بەر بێـئـەڤـینیێ، تۆڤـوندایـیێ، تەنێـتی و نەزانییێ بوو. لێ ئێدی ئەڤینا منا هەزار سال بەرێ هاتبوو دزین، پارچەیێ منێ وندا، رحێ من ب ئەڤێن و جۆشێ تژە بوو و ئەزێ ژ نوو ڤە خوە بئافرینم... مێرگور ئێدی دەڤ ژ من بەردە! خەون و خەیالێن من ب خوینێ نەشۆ. ڤەگەر تاریا خوە! بجەمینە دۆژەها خوە، مێرگورێ ئەرژەنگ. بجەهمەدە!»
ئوورینێن مێـرگور ل ئەسمێن تەقیان. گرێز ژ دەڤێ وی بەلاڤ بوو هـاویردۆرێ. لەپووشکێـن خـــوە هـشـکا ل سینگێ روستەم خست.
ب نەینووکێن وی سینگێ روستەم پارچە پارچە بوو و خوبناوی پژقی ئەسمێن. د بنێ پارسووێێن وی دە تیرێژ برقێن. ئەڤ تیـرێژ مـەزن بوون و د هوندرێ دلێ وی دە، بوونە گۆگـەک. ئەڤ گۆگا بشـەوق، بێـهـتر مـەزن بوو و برقی. پشـت رە، بوو وەکی هێکەکێ و قـــالکێ وێ دەرزی. گاڤـا مـێـرگور لەپووشکێن خوە درێژی وێ کرن، هێک ب گومینیەکە مەزن تەقیا و روستەم هوور هووری بوو، پارچەیێـن لاشێ وی وەکی قـوومێ ب ئەسـمـێـن کـەتن، دوو رە ب سـەر بانۆکێ دە باریان... ژ هوندرێ قالکان خۆرتەک رابوو سەرپییان. خۆرتەکی خوەشک و بهەیبەت بوو، شوور و مەرتالێ وی د دەستێ وی دە بوو. هنگی دبرقاند. تە دگۆت پارچەیەک ژ رۆیێ یە.
مێـرگور، د جه دە تەڤزیبوو. چاڤێن وی ژ ترسا بەل بووبوون. ل خۆرت نهێری و ب قوونکشکێ ب شوون دە ڤەکشیا.
خۆرت ب کەن گۆت:
«روسـتـەمێ کـو ته ئافـراندبوو، دیسـا ته ئەو کـوشت! لێ، ئەز ژ تۆڤێ خوە ئافرینم. ناڤێ من روسـتـەمە! ژ من رە دبێژن ملووکێ رۆیێ!»

* ئەڤ کورتە چیـرۆکە ژ پەرتووکا کۆمەڵە چیـرۆکا وی ب ناڤێ پیرەبۆک، رووپەلێن (٧-١٢) هاتیە وەرگرتن و ژ رێنڤیسا کوردی- لاتینی هاتیە ڤەگواستن ژ بۆ رێنڤیسا نها ل هەرێما کوردستانا عـیراقێ لکارە. کۆمەلە چیرۆکا پیـرەبۆک ژی چاپا وێ یا یەکەمین ل سـالا (٢٠٠٤)ێ ل چاپخـانـەیا شـەنیلدز مـاتبـائاجلک -سـتـەنبـول هاتیـە چاپکرن و، ژ وەشانێن (باژار -٧) بوویە.
هەژی یە بێژن کـو چیـرۆکنڤـیس ردڤان کـارا ئاسلان د سـالا (١٩٧١)ێ دە ل دونایسرێ ژ دایکبوویە، زانکۆیا دیجلە -پشکا دۆکـومـانتـاسـیـۆنا پزیشکی ب دومـاهی ئینایە. ل دەسـتـپـێکی دەست ب ڤـەهاندنا هەلبـەسـتـان کربوو، لێ ژبەر هنەک ئەگەران هەلبەستێن وی نەمابوون، دووڤـرە دەست ب نڤـیـســینا کـورتە چیـرۆکـان کـریە و پەرتووکـــا وی یا یەکـــەم ب ترکی دەرچوویە ب ناڤی (فـەتومـا) ل سالا ٢٠٠٣ێ. ژ بلی نڤیسینا چیرۆکـان وەکـو رۆژنامـەڤـان ژی کـاکـرییـە. د سـالا (١٩٩٢)ێ رۆژنامـەیا دۆکـومـانتـەر، و پاشـان رۆژنامـەیا سمورگ ل ئەزمیرێ دەرخستینە.

# ڕۆژی لە دایک بوون

**خەبات ڕەسوولی**
**(ڕۆژهەڵاتی کوردستان)**



دوێنێ شەوێ بڕیارمان دا کە دەبێ لە دایک بێ. نۆ مانگ و نۆ ڕۆژ و ... فشەیە. لە دایرەکەمان کات ناڕوا. نۆ مانگ و نۆ ڕۆژ تۆ بڵێیی نۆ مانگ و نۆ ڕۆژ... دوانیوەڕۆ نەگەیشتبوومەوە بەر دەرکەی ماڵێ بەرەو پیلم هات و عەلاگەکانی لێوەرگرتم. چاوێکم لە بەژن و باڵای کرد و ماچ بارانم کرد. دەبێ جارێ چاوەڕێ بین. پێکەوە دێینەوە ژوورێ. من پێم خۆشە کچ بێ. دێمە ژوورێ خێزانم بەخێرهاتنم دەکات. بە سەرسووڕمانەوە چاوێک لە باوەشم دەکەم و نۆ مانگ و نۆ ساڵ و نۆزدە ساڵ و بیست و سێ ساڵ تێدەپەڕێ. خێزانم دەڵێ تازە لەدایک بووە. قەرەواشتە، نێوی بنێین چی؟ زۆر لە من دەچێ وانییە؟ هاوتەمەنمە. حەیف نازانێ قسە بکات. خۆزگە کوڕ بوایە. بە ترسەوە لە کچەکەمان دەڕوانێ. دەزانم چاوەڕێی شتی ئاوا... قورسە.

دەڵێم پیاوەکە دایرەکەتان چ باسە؟ -ترس دەبارێ. پاشان بێ دەنگ دەبێ و چاو دەبڕێتە مەمکەکانی کچەکەمان. مەمکی لە سەرم گەورەترە. ئەوە من گوتم. کچەکەمان دەگری ئافرەت هەستە شیری بدەیە.

باوەش بە دایکی دادەکات و مەمکی دەخاتە دەمییەوە. خێزانم مەمکی دەمژێ و چاو دەبڕێتە نێو چاوی. جار جار شیرەکە لە گەرووی گیر دەکات و دەکۆخێ. لەسەرەخۆ دەڵێ- ئی خۆتە پەلە مەکە، نۆشی گیانت بێ.

باوکم تووڕەیە، پێی وایە نابێ وابێ، من زوو لە دایک بووم، زوو گەورە بووم و دایکم گاڵتەی بەخۆی دەهات و لە دڵیدا پێی خۆش بوو بەمێردم بدا و لە کۆڵم بێتەوە. منیش دەترسێم لە قەیرە بوون. براشم نییە تاکو... نەفرەتت لێ بێ تامی باوکێتی لێ ستاندم. زل حۆرتی، دێڵە سەگ. کاتژمێرێک بیرم دەڕوا.

ئەوە ژیانی کێیە. بۆچی دەبێ من کچم بێ، یان باوکم بێ، یان ژنم بێ، مێردیشم ناوێ. تۆ بڵێیی من کێم؟ دایکم، باوکم، کچم، نووسەرم. خێزانم دەڵێ بەتەنیام حەز دەکەم منداڵێکمان هەبێ. پێوەی دەخافڵێم، دەڵێم با منداڵێکمان هەبێ پێوەی بخافڵێی، چاوەڕوانی من دەکەن.

دەڵێم باشە بەیانی باسی دەکەین. خودا گەورەیە جارێ بنوو. خەو لە چاوم دەزڕێ. ئەگەر بەیانی لە دایرەکەیان بێتەوە و من ببینێ چەندە خۆشە بەرەو پیلی بچم و عەلاگەکانی لێوەردەگرم و دەڵێم، نا نابێ قسە بکەم کچ دەبێ لە ئاست باوک و دایکیدا ورتەی نەیەت. تەنانەت هەمیشە. دەگریم دەڵێم پیاوەکە لەو شارە غەریبەدا و بێ کەس و تەنیایی شێتی کردم. من پێم خۆشە بڵێم ئاخر منداڵ خەرجی هەیە پاشان بۆچمانە. لە جێگاکەم دێمە دەرێ و دەچمە حەسارێ، دەزانم خێزانم بەخەبەرە. دەچمە نێو فریزەکە و لەسەر کورسییەک دادەنیشم. ئارەقە بەنێو دەفی شانمدا ڕێچکەی بەستووە بەرەو ... لەو گەرمایەدا.

شەربەتێکی ساردم بۆ دادەنێ و چاوم لێدەکا. دەڵێم دنیات پێ خۆشە.

چاوی دەبریسکێتەوە، دەڵێم پەلە مەکە با گەورە بی. جا دەزانی چ کەر کەرێنێکە. تف لە... ئەستەغفیرەڵڵا. بە من چی؟

کزەبایەکی سارد... خۆزگە، ئێستا لە بۆکان بوایەم.

دەیەوێ بەو نیوە شەوە چی بۆ بڵێم. دەڵێم لەدایک بوون، جۆرێک بازدانە لە خۆت. هەڵاتنە بەرەو مردن، گریانت بۆ خۆتە و کەس ناناسی. دەزانم زەق زەق لێم دەڕوانێ و گاڵتەی بە قسەکانم دێ. چ.. ش.. ش منداڵی بێ سفەت. منداڵ کەنگێ ئەمەکی بووە یەکیان بە خۆم.

دەبێ زوو بخەوم، بۆ ئەوەی کە زوو هەستم. لێم گەڕێ، ئەسڵەن بە تەمای چی؟ من هەر ... خۆزگە. هەستە با بنووین.

باوەشی پێدا دەکەم. مەلۆتکەیەکی زۆر وردە. چاو لە چاوی دەکەم پرتەپرتیش ناکات. سەر لووتی ماچ دەکەم. دەڵێی بەچکە پشیلەیە سەگباب. دایکی دەڵێ لێی گەڕێ با هەڵنەستێ شەوی ئەوشەو نەیهێشتووە من بخەوم هەر گریاوە، ماشەڵڵا تۆش دەڵێی مێشێکت میوان نییە. پڕخەت ڕۆژە ڕێیەک دەڕوا. دەبەس چاولێکە هەستە دایرەکەت درەنگ دەبێ.

هەڵدەستمە سەر پێ و جانتاکەم هەڵدەگرم و دەڕۆمە دەرێ، بەڵام تا دێمەوە هەر دەم و چاوێکی ورد ورد لەبەر چاومە و مێشکم ختیلکە دەدات.

دەڵێ: دەی نەتگوت منداڵمان بێ.؟ دەڵێم نا. بنوو. با یەکێکی دیکەش بەو کاولبووە ... دیسان دەگری. ئەوە بۆتە عادەتی. دیسان دەگری. پشتم تێدەکات و منیش هەڵدەستم و جگەرەیەک دادەگیرسێنم.

**١٣/ ٦/ ٢٠٠٧ هەولێر**

# قەبردانەوە

محەمەد بەهارلوو
لەفارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی
(بۆکان)



من ئاگام لە هیچ نەبوو. نیوەشەو خەریک بووم لێیان هەڵدەبڕام غەفوور قۆڵی کردە قۆڵم و لەسەرەخۆ گوتی:

- تۆش لەگەڵمان وەرە.

دکتۆر باران چاوی لە غەفوور کرد و پاشان لەمن. لە تافی لاوییەوە لە داڵغەمدا مابوو کە لەو جۆرە کاتانەدا نابێ پرسیار بکەم.

دکتۆر باران گوتی: ڕەنگە مووساش بێ.

غەفوور گوتی: نایە.

دکتۆر باران گوتی: بەڵام...

غەفوور گوتی: من داوام لێکرد نەیەت، باش نییە لەوە زیاتر ئەو تووشی مەترسی بکەین.

سەعدون لە قاڵدرمەکان هاتەخوارێ. پۆستاڵێکی مل درێژی لەپێدابوو و شاڵگەردنێکی سووری پەشمینی لەمل هەڵاندبوو. بێ ئەوەی چاو لە ئێمە بکا دەرگاکەی کردەوە و چووە حەوشە. لە کەلێنی دەرگاکەوە دیتم هێشتا بەفر دەباری.

دکتۆر باران ڕووی لە غەفوور کرد:

- بۆ بڕیارە لەگەڵمان بێ؟

غەفوور سەری لەقاند و جگەرەیەکی لەگیرفانی دەرهێنا و نای بەلێوییەوە و گیرفانی دەگەڕا بۆ شقارتە.

- لەوە چاکترە لێرە بەتەنیا بێ.

- بەڵام تۆ بەڵێنیت بە ئیران و سارا دا.

- لەم ڕۆژانەدا ناچارم بەڵێن بە زۆرکەس بدەم.

- ئەگەر ڕووداوێک بقەومێ چی؟

- پێم گوتووە هەقی نییە لە جێیەکە دابەزێ.

دکتۆر باران بۆینباخە ڕەشەکەی لەملی کردەوە و بە ڕەختاوێزەکەدا هەڵیواسی. چووینە حەوشە. نوایەک بەفر کەوتبووە سەر لک و پۆپی دارەکانی باخچە و حەوشەکەی داپۆشیبوو. ئاسمان سوور دەچۆوە. غەفوور چووە پشت

فەرمان و دەستی دا شقارتەی بەرشووشەکە و جگەرەکەی داگیرساند.

دکتۆر باران ئیسەرەمی کرد لە پێشەوە سوار بم. ئەو و سەعدونیش لەدواوە دانیشتن. غەفوور ئۆتۆمبیلەکەی هەڵکرد و وەڕێ کەوتین. کۆڵان و شەقامەکان چۆڵ و هۆڵ بوون. لەشار چووینە دەرێ. لە لێژە کرژەکەی جادەی کەمەربەندی جیپەکە خزی، سوورێکی خوارد و لەسەر خیزڕێژی قەراغ جادەکە گیرسایەوە. نێوچاوانی دکتۆر باران درا بە شووشەی پەنجەرەکەدا. جیپەکە کوژایەوە و کەوتمە دڵەکوتە. دکتۆر باران دەستی بەنێوچاوانی خۆیدا دێنا. غەفوور مۆتۆڕەکەی هەڵکردەوە و فەرمانی سووڕاند. بەباریکە ڕێی خیزڕێژکراوی دەستەچەپدا چووینە خوارێ. بەفر یەکپارچە زەوی سپی و سامالسا کردبوو. ڕێگاکە کەند و لەندی زۆر بوو. غەفوور بە ئارامی لێی دەخوڕی و کەمەی فەرمانەکەی توند گرتبوو.

لەپی دەستم لەسەر داشبۆردی ماشێنەکە دانابوو و چاوم لەو ڕێگا بەفر گرتووە دەکرد کە شۆقی چرای جیپەکە بەسەریدا دەپرژا.

دکتۆر باران گوتی: چ بۆنێک دێ!

غەفوور گوتی: تەواوی خۆڵ و زباڵەکانی نێوشار دێنن بۆ ئێرە، لەپشت ئەو تیرەگە دەیرێژن.

بەسەر ئاماژەی بەلای ڕاستی ڕێگاکە کرد، بەڵام تیرەگەکە دیارنەبوو. کە تۆزێ چووینە پێشترەوە، هەستم بەکزانەوەی نێو کونەلووتم کرد. پاشان چاوم بەگڕێک کەوت لەسەر کۆگای زباڵەکان. لە لێژێک وەسەر کەوتین و مۆتۆڕی جیپەکە کەوتە لوورە لوور. دکتۆرباران دەستی کرد بەکۆخین.

غەفوور گوتی: خەریکن زباڵەکان دەسووتێنن.

دکتۆر باران کە دەسرەیەکی بە بەردەم و لووتییەوە گرتبوو گوتی:

– ڕۆژێک دێ ئەم شارەش بسووتێنن، چونکە گەمار و پیسایی خەریکە تەواوی دادەگرێ.

بەپەنا گردەکەدا تێپەڕین جیپەکە جارێکی دیکە خزی. پشتم بەسەندەڵییەکەوە نووسابوو. دیوارێکی نەوی قوڕەسواخ لەدەستە چەپمانەوە دەرکەوت. غەفوور بە لەپی دەستی هەڵمی سەرشووشەی پێشەوەی سڕی. گەیشتینە دەروازەیەکی ئاسنینی گەورە کە تایەکی دەرگاکە لەگرێژنە چووبوو و میلەکانی خواروخێچ ببوو.

غەفوور گوتی: قەرارمان ئێرە بوو، بەردەرگاکە.

دکتۆر باران گوتی: ئێرە خۆ کەسی لێ نییە، ئەو کابرایەی دوێنێ دیم خۆ ئەقڵی لەسەرخۆ نەبوو.

غەفوور بە ئارامی فەرمانەکەی بادا و لە پەنا دیوارە قوڕەسواخەکەدا، ڕووی کردە سەراولێژی و ڕایگرت و مۆتۆڕەکەی کوژاندەوە. چرادەستییەکی لەداشبۆردەکە دەرهێنا.

– من دەچمە ژوورێ.

دکتۆرباران گوتی: بەتەنیا؟ ڕاوەستە ڕەنگە پەیدا بێ.

غەفوور ڕووی کردە من و گوتی:

ئیدریس لەگەڵم دێ.

دکتۆر باران گوتی: واچاکە منیش بێم.

– نا ئێوە دەبێ هەر لێرەبن و چاوتان لەڕێگاکە بێ.

سەعدون گوتی: کەوایە با من بێم.

غەفوور ملی سووڕاند و چاوی لەسەعدون کرد و گوتی:

– تۆ دەبێ لێرەبی و لەجێی خۆت چرکە نەکەی.

سەعدون سەری داخست.

غەفوور گوتی: دکتۆر چراکەت لەنێوداشبۆردەکە دەرهێنە. ئەگەر کەسێک پەیدابوو...

دکتۆرباران گوتی: عەلامەتت دەدەمێ.

غەفوور ڕووی لەمن کرد:

«ئامادەی؟»

دەرگاکەم کردەوە و کزەبایەک لە ڕوخساری دام و لەرزم لێهات. کولووی بەفر بە حەواوە، دەخولانەوە. ملیوانەی پاڵتۆ بارانییەکەم هەڵدایەوە. غەفوور دەرگای دواوەی جێپەکەی کردەوە و قوڵینگ و پێمەرەیەکی لە گۆنییە بەنەکە دەرهێنا. قوڵینگەکەم لێ وەرگرت تازەبوو. لەتای دەرگاکەوە چووینە ژوورێ. بەپاڵ ژوورە ڕووخاوێکدا ڕۆیشتین. بەفری ژێر پێمان لووس بوو، چاوم بە دەوروبەری خۆمدا دەگێڕا.

غەفوور گوتی: عەرزەکە زۆرخزە وریابە نەکەوی! ئەگەر دکتۆر بەچراکە عەلامەتی پێدای خێرا ئەو کارە بکە کە من دەیکەم. دیوارێک لەوپێشەوەیە، دەبێ بەسەریدا بازدەین. ئەودیوی دیوارەکە گۆڕستانی مەسیحییەکانە. دەی ئەوەش ناسرە پشت کوورە.

پیاوێکی کوڵەبنە کە شانی ڕاستەی بۆ پێشەوە کووڕ بۆوە، لەپشت کۆما خۆڵێک هاتەدەرێ کە بەفر دایپۆشیبوو. شاقەڵی کۆتەکەی لەسەرچۆکی بوو.

سەگێکی کولکنی سپی بەدوایەوە بوو.

غەفوور گوتی: ماڵ ئاوەدان خۆ تۆ بڕیاربوو لەبەردەرگاکە ڕاوەستی!

کابرای پشت کووڕ کە چاوی لەمن دەکرد بەدەنگێکی گڕ گوتی:

- بەفری سەر گۆڕەکانم لادەدا.
- کەس لەم دەوروبەرانە نییە؟
- نا، هەروەک گوتت دوو سەعات زیاترە لێرەم. باڵندە لێرەوە نەفڕیوە.
- هەی ئافەرین بۆ تۆ.

بەدوای پشت کووڕدا وەڕێ کەوتین. تۆزێ لە پێشترەوە زەوییەکی ڕاستی بەستەڵەکی پیشان داین- ئێرەیە.

- دڵنیای ئێرەیە؟
- بەڵێ ئاغا. خۆ عەرزم کردن نیوەشەوی چوارشەممە بوو. کاتێک هاتن لەنێو ژوورەکەی خۆمەوە چاوم لێ بوو. خۆ جاری هەوەڵیان نییە، منیش یەکەمجارم نییە.

پێکەنی و دیتم کە دەمی چاڵێکی ڕەشە.

غەفوور گوتی: ئەو قوڵینگە لەدەست ئاغا وەرگرە.

قوڵینگەکەم دایە دەست کابرای پشت کووڕ و لە دواوە ڕاوەستام. چاوم لە قوڵینگەکە و پاشان لە غەفوور کرد. چەند جار لەسەریەک چاوی ترووکاند.

- ماتڵی چیی؟

هیچی نەگوت: تفی لەبەری دەستی کرد و دەستی کرد بە هەڵکەندن. عەرزەکە ڕەق بوو. هەر زەبرێکی لە عەرزەکە دەدا، توێژێک خۆڵی بەستوو بەدەوروبەردا دەپڕژا. وەرسووڕام و چاوێکم لە دەروازەکە کرد. سەگەکە بۆنی بەدەلینگی پانتۆڵەکەمەوە دەکرد.

غەفوور بەئارامی، بەجۆرێک کە هەر من گوێم لێبێ گوتی:

سزاکەمان بەپێی یاسا لە سێدارە کەمتر نییە.

دەستم کرد بە گیرفانی پاڵتۆبارانییەکەمدا.

گوتم: بەچیدا دیارە عیماد دەبێ لەم ژێرەدابێ؟

غەفوور گوتی: من بەڵێنیم بە سارا و ئیران داوە، هەروەها بە دایکیشیان. دوعا بکە لەم ژێرەدابێ،دەنا ناچارین هەرچی زەوی ئەم دەوروبەرەیە هەڵیکۆڵین.

بەچیدا دیارە دەبێ لەم دەوروبەرە بێ؟

- مردووە بێ کفنەکان دێنن بۆ ئێرە.

پاشان گوتی: ئەوی گۆڕستان و چاک و زیارەتگا هەیە کە مردووی لێ بنێژن سەرم لێداوە.

لە پڕێکدا دیتم چرایەک لای دەروازەکە دەکوژێتەوە و هەڵدەبێتەوە.

- وادیارە لەوێ شتێک بووە.

غەفوور سەری بۆ لای دەروازەکەوە وەرسووڕاند و گوتی:

دەست ڕاگرە!

لەپشت کۆماخۆڵێک خۆمان شاردەوە. پیاوێک بە سواری وشتر بەلای دەروازەکەدا تێپەڕی وڕۆیی بۆ لای کۆمای زباڵەکان. لەبەرخۆیەوە ویرەویری بوو.

پشت کووڕ گوتی سەفدەرە.

غەفوور گوتی: دەیناسی؟

- ماڵەکەیان لەو سەرەیە.

غەفوور چرادەستییەکەی دایە دەست من، قوڵینگەکەی لەپشت کووڕ وەرگرت و دەستی کرد بە هەڵکەندن. کە کەوتە هەناسەبڕکێ قوڵینگەکەی دایەوە دەست پشت کووڕ.

گوتم منیش دەتوانم هەڵکەنم.

غەفوور گوتی: منیش نابێ هەڵکەنم. بە ئەندازەی هەڵکەندنی سی گۆڕم پارە پێداوە. گوتم لەکوێت پەیدا کرد؟

- ئەوە دوایین هیوایە. سەروسەکوتی چەندین مردووشۆر و گۆڕهەڵکەن و مردوو خۆر و دەلالم دیوە هەتا ئەم کابرایەم پەیدا کرد.

چاوم بە نایلۆنێکی ئەستوور کەوت لەسووچێکەوە کە نووکی قوڵینگەکەی تێ گیرابوو. غەفوور بەدەست ئاماژەی بە پشت کووڕ کرد لەولاوە ڕاوەستێ. دانەوی و خۆڵی نەرمی سەرنایلۆنەکەی لادا. تفی دەمم قووت دایەوە.

غەفوور گوتی: چراکە هەڵکە.

چرا دەستییەکەم هەڵکرد و گردییەک تیشکم خستە سەرنایلۆنەکە. غەفوور بەلاشانی پێمەڕەکە خۆڵەکەی لادەدا. پاشان نایلۆنەکەی گرت و کێشای. چۆکی دادابوو و بەنقەنق خۆڵەکەی بەدەست و دەمەپێمەڕە لادەدا. سەگەکە لمبۆزی کردبوو بەخۆڵەکەدا. غەفوور بەهەنیشکی لەملی سەگەکەی دا و سەگە نووزاندی و کشایە دواوە. هێندەی خۆڵ و گلمتکی نەرم لادا هەتا پەنجەی ڕەش هەڵگەڕاوی لاقێک وەدەرکەوت. چاوم قوچاند و ویستم

ڕووم وەرگێرم، بەڵام ملم نەسووڕا. ماسولکەی لاملم ڕەق ببوو. کاتێک چاوم هەڵێنا دوولاق هەتا لای قولاپەی وەدەرکەوتبوون. لاقی چەپەی گۆرەوەی تێدابوو و هەتا پشت قولاپەی هەڵکێشرابوو.

غەفوور گوتی: ئەو نییە.

گوتم چی؟

– دەبێ پەلاک، یان ژمارەیەکی لەپێدا بێ.

– کێ گوتوویە؟

– دەفتەرداری مردووەکانی پزیشکی یاسایی گوتی.

گوێم لەدەنگێک بوو لە دواوە.پشت کووڕ لەسەر بەفرەکە ڕهێڵ ببوو و دەست و لاقی دەلەرزی. چراکەم لە دەموچاوی گرت. کەف بەلادەمیدا هاتبووە خوارێ و بەدەمی پڕ لە کەفەڵوکەوە قرخەقرخی پێکەوتبوو. غەفوور هەستا و بەنووکی قوڵینگەکە خەتێکی بەدەوریدا کێشا.

گوتم: چی دەکەی؟

گوتی: هەر ئەو کارەی کە دەبێ بۆ فێداری بکەی. عەجەب چلدرۆیەکە ئەو پشت کووڕە! دەیگوت بەدەستی خۆی زۆری تەرم لەژێر گڵی ئەم دەوروبەرە دەرهێناوەتەوە.

– شتێکی لێ نەیەت و ئەوەشمان بەسەردا ساغ بێتەوە. بریا دکتۆربارانمان ئاگادار کردایە.

– نا، هەر ئێستا چاک دەبێتەوە.

غەفوور لەژوور سەری هەڵترووشکا بوو و دەستی بەشان و ملیدا دێنا. سەگەکە بۆنی بەدەستییەوە دەکرد. کاتێک چاوی هەڵێنا ڕەنگی وەک چاو سپی هەڵگەڕابوو.

غەفوور گوتی: هەستە، برۆ بەردەرگاکە، پێویست ناکا لێرەبی.

یارمەتیم دا هەستێتە سەرپێ. بەلەتردان ڕۆیی بۆ لای دەروازەکە. سەگەکەش وەدوای کەوت.

غەفوور گوتی: تۆش برۆ ئیدریس.

– بۆ؟

– ئیتر بەسە با لەوە زیاتر خورپە نەکەوێتە دڵت، دەنا شەوانە لەبەر کابووس و خەونی هاشە و پاشە وەک شێتت لێدێ.

– ئەگەر لێرە نەبم تووشی ئازاری ویژدان دەبم.

– لێرەبە، بەڵام تەماشا مەکە.

– بۆ کفنیان نەکردووە؟

– بۆ کەسانێکی وەک ئەو ڕێوەڕەسمی کفن و دفن بەڕێوە نابەن.

– چووزانی عیماد خۆیەتی؟

– دەبێ دەموچاوی ببینم.

دەستی کرد بەلادانی خۆڵەکە. تەرمەکە ژێرپانتۆڵێکی ڕەشی لەپێدابوو. نایلۆنەکەی لەسەر لادا.

– چراکە بدە بەمن.

شۆقەکەم لە سینگی تەرمەکە گرت. غەفوور هەناسەیەکی هەڵکێشا.

– خودایەگیان!

– چی بووە؟

– خاکی سەرسینگی لادا.

– دیتووتە!

– چی؟

– کراسەکەی ساغ و سەلیمە.

– دەی چییە؟

بە لەپی دەستی خۆڵی سەر دەموچاوی تەرمەکەی لادا. بەسەریدا چەمابۆوە.

– خودایە هاوار!

خەریک بوو حاڵم تێک دەچوو، کاسەسەری شکابوو و ڕوخساری شێوابوو. ڕووم وەرگێڕا. غەفوور چراکەی لێ وەرگرتم.

– نیشانەی تیری خەلاسیشی پێوە نەبوو.

گەرووم ویشک ببوو و زمانم لەدەممدا نەدەسووڕا، حەزم دەکرد دانیشم، لاقم هێزی تێدا نەبوو. چۆکم دەلەرزی.

– دەڵێی بەزەبرێکی قورس، بەکوتک، یان بەرد کێشاویانە بەسەریدا.

گوتم: ڕەنگە تەرمی عیماد نەبێ.

لەبن لێوەوە گوتی:

– خۆیەتی.

– با سەعدون بانگ کەین چاوێکی پێی بکەوێ.

– خۆیەتی، عیمادە. ئەو کراسەی بەری، خۆم لە بەندەر بۆم هێنا. چاو لەسەرگیرفان و دوگمەکانی بکە! خۆشم تای ئەو کراسەم هەیە. پارەکە نەوزۆر کە ئیران بۆ دوایین جار چوو بۆ سەردانی، ڕازییان کردبوو ئەو کراسە وەرگرێ.

شەمشەمە کوێرەیەک بە ژوور سەرماندا تێپەڕی.

غەفوور دەستی کرد بەگیرفانی خۆیدا و چەقۆیەکی چکۆلەی دەرهێنا. سەرم لە گێژەوە دەهات، دیتم کە بە چەقۆکە خەریکە قۆڵی کراسی تەرمەکە دەبڕێ.

- چی دەکەی؟
- دەبێ نیشانەیەکیان بۆ بەرمەوە بۆ ئەوەی باوەڕ بکەن.
- وریابە برینداری نەکەی!

سەری وەرسووڕاند و چاوی لێ کردم، ڕوومەتی خووسابوو.

- بۆ کراسەکەیان بۆ نابەی؟
- لێگەڕێ با وا بزانن بە گوللە لێیان داوە. ئاوا کەمتر ئازار دەکێشن. ئەگەر کراسەکەیان بۆ بەرمەوە. وەک ئەوە وایە جارێکی تر عیمادمان کوشتبێ.

قۆڵی ڕاستەی بوو. تەکاندی و قەدی کرد و نایە گیرفانی. پاشان نایلۆنەکەی بەسەر تەرمەکەدا کێشایەوە و بە پێمەڕەکە خۆڵی بەسەردا کردەوە. بەفر دەباری و کلووی گەورە گەورە دەهاتە خوارێ. هەردوو لاسەرم برووسکەی ژانێکی تێگەڕابوو.

غەفوور برێکی بەفر بەسەر گۆڕەکەدا پرژاند و بەپشتی پێمەڕەکە بەفرەکەی تەخت کرد.

گوتی: لەبیرت بێ ئەو ڕازە دەبێ لەنێوان من و تۆدا بمێنێ.

گوتم: چ ڕازێک؟

گوتی: نەبوونی جێ گوللە بە تەرمەکەی عیمادەوە.

بەرەو لای دەروازەکە وەڕێ کەوت، حەزم دەکرد هاوار بکەم. دوگمەی بەرملم کردەوە و پڕ بەسیپەلکم هەوای ساردم هەڵمژی.

**محەمەد بەهارلوو ساڵی ١٩٥٤ لە «ئابادان» لە دایک بووە، یەکەم چیرۆکی بەناوی گامێش ساڵی ١٩٧٣ بڵاوکردۆتەوە. زۆربەی بەرهەمەکانی بە زمانی فەرەنسی و ئەڵمانی و سویدی و ئەمەرمەنی و نەرویژی وەرگێڕدراون. ڕۆمانی «خاتوونی لەیل»یشی بە زمانی ئینگلیزی وەرگێڕدراوە. بەرهەمە چاپ کراوەکانی بریتین لە:**

**١- گامێش- ١٩٧٣، کۆمەڵە چیرۆک.**
**٢- ساڵانی دووپشکە- ١٩٩٠، ڕۆمان.**
**٣- مۆتەکەی بوومی- ١٩٩٠، ڕۆمان.**
**٤- با و بایەوان- ١٩٩١، کۆمەڵە چیرۆک.**
**٥- ئەوین کوژی- ١٩٩٩، ڕۆمان.**
**٦- هەقایەتی ئەوەی لەگەڵ ئاو ڕۆیشت- ٢٠٠٠، کۆمەڵە چیرۆک.**
**٧- خاتوونی لەیل- ٢٠٠٥، ڕۆمان.**

**سەرچاوە:**
**نشریەی هشتمین جشنوارەی داستان نویسی غرب ایران، بانە، پاییز ٢٠٠٦.**

مامۆستای زانکۆ زۆرن، بەڵام بەشی زۆرینەیان لەناو بازنەی زانکۆدا وەک فێرکەر ماونەتەوە و کاری فێرکردن بەڕێوەدەبەن. دانەکشاونەتە ناو مەیدانی پڕ کۆششی ڕۆشنبیریی ئەدەبی و تێبکۆشن بۆ دەستنیشانکردنی ئاراستەیەک.

لە کاتێکدا پێویستە زانکۆ ناوەندێکی بەرهەمهێن و کاریگەر و خاوەن ئاراستە بێت بۆ گۆڕانخوازی کۆمەڵگاو بەهێزکردنی تاڵە تیشکە ڕووناکی گەیەنەرەکان.

دکتۆر فوئاد ڕەشید بە بەراورد بەو ماوەکەمەی کە وەک مامۆستایەک لە زانکۆدا کاری وانەبێژی دەکات. هاوکات ڕووی لە خودی ڕۆشنبیری ئەدەبی کردووە، لە ناو بڵاوکراوە ئەدەبییەکاندا پێوەندییەکانی خۆی ئاشکرا کردووە و ئاراستەیەکی کارکردنی بۆ بیرکردنەوەی دەستنیشان کردووە، وێنایەکیشی بۆ پرسیار و گومانی کولتووری هەیە.

ئەم کتێبانەشی لەناو کتێبخانەی کوردیدا هەن:

(١) ڕەخنەی (ڕەخنەی ڕۆمانی کوردی)، ٢٠٠٥. (٢) ناسنامەی دەق، ٢٠٠٥. (٣) دەقی ئەدەبی: ئەدگار. چێژ. بەها، ٢٠٠٧. (٤) بونیادگەری لە ڕۆشنبیری و ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، ٢٠٠٧.

هەڵبژاردنی بۆ ئەم هەڤپەیڤینە بەرەنجامی کارایی و جموجووڵە ئەدەبییەکەیەتی.



## دکتۆر فوئاد ڕەشید:
## بە ڕاشکاوی دەیڵێم لە ماستەرنامەکەمدا هێندەی کێشەی کۆمەڵایەتی ئامادەبوونی هەیە، ئەوەندە کێشەی ئێستێتیکی دەق بوونی نییە

**هەڤپەیڤین:**
**رامان**

**ڕامان:** نامەی ماجستێرەکەت دەربارەی ناوەرۆکی کۆمەڵایەتی شیعری کوردی ماوەیەکی دیاریکراو بوو، تایبەتمەندی و جیاوازییەکانی شیعری ئەو ماوەیەت لە چیدا بینییەوە؟

**د. فوئاد ڕەشید:** ماستەرنامەکەم بەناوونیشانی (ناوەرۆکی کۆمەڵایەتی شیعری کوردی) بوو لە ماوەی نێوان هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانیدا. لەم نامەیەدا لەژێر کاریگەری و دەسەڵاتی ناوونیشاندا، لە سۆنگەی پێوەندی نێوان ئەدەب و جڤاکەوە کار بۆ بابەتی نامەکە کراوە. بەو مانایەی کە کێشە و ئاریشە جڤاکییەکان چ کاریگەرییەک دەکەنە سەر ئەدەب، ئەدەبیش لەلای خۆیەوە چەند بەرجەستەکاری ئەم دۆخە دەبێت. خودی ئەم بابەتەش پتر پێوەندە بە سۆسیۆلۆژیای ئەدەبەوە. هەر بۆیەشە لە نامەکەدا چەند بابەتێک ورووژێنراوە، بەڵام تاکە تایبەتمەندییەکی شیعری کوردی دیاری کراوە، ئەویش ئەوەیە ئەگەرچی سەرەداوەکانی شیعری کۆمەڵایەتی بۆ تێکستە بەراییەکانی شیعری کوردی دەگەڕێتەوە، لێ وەکو دیاردە شیعری کۆمەڵایەتی لە ئەدەبی کوردیدا لە ماوەی نێوان هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانیدا سەری هەڵداوە و بووەتە ڕواڵەتێکی دیاری بابەتییانەی شیعری کوردی. ڕاشکاوانە دەڵێم لەنامەکەدا هێندەی جڤاک و کێشەی کۆمەڵایەتی ئامادەبوونی هەیە، ئەوەندە کێشەی ئێستێتیکی بوونی نییە، ئەگەرچی ئەم حاڵەتە ڕەنگە بەهانەی بابەتییانەی خۆی هەبێت، لێ بە ڕوانینی ئێستام بە خاڵێکی نێگەتیڤی نامەکەی دەزانم.

**ڕامان:** تێزی دکتۆرایەکەت دەربارەی ڕەخنەی (ڕەخنەی ڕۆمانی کوردی) بوو لەمەشدا ماوەیەکی دیاریکراوت وەرگرتووە. ئایا لەوماوە دیاریکراوەدا، ڕەخنە توانیوێتی ئاستەکانی ڕۆمان دیار بخات، یان چالاکترین ڕەخنەگر لەم ماوەیەدا کێ بوونە و خاڵە گەشەکانی دۆزینەوەیان چی بووە؟

**د. فوئاد ڕەشید:** خستنە ڕوو و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی (ڕەخنەی ڕۆمانی کوردی) لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٣- ١٩٩٩) بابەت و کاری تێزی دکتۆراکەم بوو.

بەر لە قسەکردن لە شیان و توانای ڕەخنەی ڕۆمانی کوردی لە بەرانبەر دەقی ڕۆمانی کوردیدا لە ماوەی ناوبراودا، پێویستە تەماشای نێوەندی ڕۆشنبیری و ئەدەبی کوردی بکەین و بزانین چۆن سەرنجی لە دەقی ڕۆمانی کوردی داوە. هەڵبەتە ڕەخنە ئیش لەسەر دەق دەکات.

جێگای سەرنج و پرسیاریشە، لەمێژە ڕۆشنبیری کورد بە گومانەوە تەماشای ڕۆمانی کوردی کردووە و هەمیشە هەر بەم گومانەشەوە پرسیاری لە بوونی دەقی ڕۆمانی کوردی کردووە. ئاخر سەیرە لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە تا ساڵی (٢٠٠٥)یش تۆ هەر بە گومانەوە بپرسی: ئەریّ ڕۆمانی کوردیمان هەیە. بڕوانە [ژ (١٥)ی ڕۆژنامەی (ستایل ١/١/٢٠٠٥، ژ (١٧٠٤) ١٠/٢/٢٠٠٥ی ڕۆژنامەی (خەبات)] نامەوێ لێرەدا دووبارە قسە لەسەر جۆرو هۆکارەکانی ئەم بەدگومانییە بکەم؛ چونکە لە نامەی دکتۆراکەمدا هەندێک لایەنی ڕوونکراوەتەوە. لێرەدا دەمەوێ جەخت لەوە بکەمەوە کە پرسیاری گوماناوی ڕۆشنبیری کورد لە بوونی ڕۆمانی کوردی، زۆرجار گومانێکی دەقکوژ بووە، هەڵبەتە ئەم حاڵەتەش کاریگەری خراپی هەبووە بەسەر ڕەخنەی ڕۆمانی کوردییەوە چ لە ڕووی سەرهەڵدان و تەمەنییەوە و چ لە ڕووی ئاست و چۆنێتی کارکردنیشییەوە. هەر بۆیەشە کە باسی ڕەخنەی ڕۆمانی کوردی بکەیت، هەندێک لە نووسەران بەسەرسوڕمانەوە پێت دەڵێن: (بۆچی ئێمە ڕۆمانمان هەیە. تا ڕەخنەکەیمان هەبێت؟)

سەرباری ئەم کێشەیەش هەندێک لە ڕەخنەگرانی کورد توانییان لە چەند تەوەرێکەوە، تا ڕادەیەک کاری خۆیان بکەن.

لە چوارچێوەی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی هەندێ ڕۆماندا، ڕەخنەگران توانییان کۆتایی ئەو قۆناغە ڕابگەیەنن کە پرسیار لە هەبوونی دەقی ڕۆمانی کوردی دەکات، یان هەر نەبێ ڕادەی بەدگومانییەکە کەم بکەنەوە. هەڵبەت لێرەدا دوو توانا لە پشتەوەی ئەم ڕاگەیاندنە بووە، لەلایەک شیانی هونەرییانەی دەقەکان، لە لایەکی دیکەش شیانی هۆشمەندی ڕەخنەییانەی ڕەخنەگرەکان.

ئاوڕدانەوە لە بنیادی هونەرییانەی ڕۆمان، لێرەوە ڕەخنەی ڕۆمانی کوردی بە پێچەوانەی ڕەخنەی شیعری کوردییەوە، زووتر سەرقاڵی ڕەگەزە هونەرییەکانی دەق بوو، ئەگەرچی سەرقاڵ بوونەکەش لە ڕووی چۆنێتییەوە لە ئاستی پێویست نەبووە.

بەدیارخستنی هەندێ سیماو ڕووکاری نوێخوازانەی

هەندێ دەقی ڕۆمانی کوردی، ئەمەش دەلیڤەی بۆ هەندێ ڕەخنەگر ڕەخساند کە قسە لە نوێکردنەوەی ڕۆمانی کوردی بکات و پەنجە بخاتە سەر تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانی کلاسیکی و ڕۆمانی نوێ لە ئەدەبی کوردیدا.

هەڵبەتە ئەم بەدیارخستن و پەنجە خستنەسەرەی من باسی دەکەم لە ڕووی چەندایەتییەوە کەم بووە، بەڵام وەکو خاڵێکی گۆڕان بوونی هەبووە.

**بەدیارخستنی سیماکانی ڕۆمانی کوردی لە ناو ڕەخنەی کوردیدا لە ڕووی چەندایەتییەوە کەم بووە، بەڵام وەک خاڵێکی گۆڕان بوونی هەیە.**

لەگەڵ ئەم کارانەشدا، پێویستە ئەو ڕاستییە بڵێین کە ڕەخنەی ڕۆمانی کوردی لە ماوەی نێوان (١٩٧٣-١٩٩٩)دا نە فریای هەموو ئاستەکان کەوتووەو نە پەرژاوەتە سەر هەموو دەقەکان. دیارە ئەمەش کۆمەڵێ هۆکار لە پشتەوەیەتی هەندێکیان پێوەندن بە جۆر و سروشتی ڕەخنەی ڕۆمانەوە بەگشتی و هەندێکیشی پێوەندە بەو ژینگەیەی کە ڕەخنەی ڕۆمانی کوردی تێدا سەری هەڵداوە، کە بێگومان دابڕاو نەبووە لە کاریگەرییە نێگەتیڤییەکانی ئەو بارودۆخە سیاسی و ڕۆشنبیرییەی کە میللەتی کوردی تێدا ژیاوە.

بۆ برگەی دووەمی پرسیارەکە دەڵێین: (سابیر ڕەشید، عەتا قەرەداغی، جەلیل کاکەوەیس، د. عادل گەرمیانی، محەمەد ڕەنجاو، عەبدولموتەڵەیب عەبدوڵڵا) لە ناوە دیار و چالاکەکانی بزاڤی ڕەخنەی ڕۆمانی کوردی بوون لە ماوەی ناوبراودا. خاڵە گەشەکانی کارەکانیان ئەوانە بوون کە لە سەرەتای ئەم وەڵامەدا ئاماژەمان پێکرد، زێدەباری ئەوانەیش هەر ڕەخنەگرێک بە ڕادەی جیاواز هەوڵیداوە کەڵک لە چەمک و زاراوەکانی میتۆدە نوێیەکانی ڕەخنە وەربگرێت و لەنێو بزاڤی ڕەخنەی کوردیدا بەکاری بەرێت.

**ڕامان:** شوێن بۆ ڕۆمانووس پێوەندی بەچییەوە هەیە، بەسەردەمی منداڵی و یادگە، یان ئەو شوێنە گرینگە کە داهێنەر لە واقیعی نووسیندا دایدەهێنێ. نموونە: شوێن لە ڕۆمانی (ژانی گەل)ی (برایم ئەحمەد)دا سلێمانییە، شوێن لە ڕۆمانی (شار)ی (حوسێن عارف)دا سلێمانییە، شوێن لە ڕۆمانی (هەڵکشان بەرەو لووتکە)ی (عەبدوڵڵا سەراج)دا کەرکووکە، شوێن لە ڕۆمانی (ڕێگا)ی (محەمەد مەولوود مەم)دا شەقڵاوەیە. ئایا داهێنەر پێوەندی بەتینی بە شوێنەوە هەیە، یان ناشوێن؟

**د. فوئاد ڕەشید:** پێم وایە ئامادەبوونی شوێن وەک زۆربەی ڕەگەزەکانی دیکەی ڕۆمان، ئامادەبوونێکی چەسپاو و نەگۆڕ نییە. ئەگەر قسە لەسەر شوێن بکەین، ئەوە دەکرێ بڵێین ئامادەبوونی شوێن بەندە بەم مەسەلانەوە:

چۆنێتی ژیان، لێرەدا مەبەستمان لە چۆنێتی پێوەندی نێوان شوێن و هەست و نەستی نووسەرە؛ چونکە لاوازی و بەهێزی ئەم پێوەندییە کاریگەریی خۆی دەبێت لە چۆنێتی و چەندایەتی ئامادەبوونی شوێن لە دەقدا. لەم میانەدا (باشلار) ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو شوێنانەی ئاوێتەی خەیاڵ دەبن و لەنێو خەیاڵدا وێنەی جیاجیان سەرەتاتکێ دەکات، بەو مانایەی بەرەو خۆیان خەیاڵڕاکێشن، ئەم جۆرە شوێنانە چ بۆ نووسەر و چ بۆ کەسایەتییەکانی نێو دەق پێگەو جێگەی خۆیان دەبێت.

ئەزموونی ئەدەبییانەی دەق بەتایبەتی لە ڕووی بنیادی بابەتییەوە. لێرەدا بابەت، یان وردتر بڵێم ثیمەی دەقەکە ڕۆڵی گرنگی دەبێت لە ڕادەی گرنگیدان بە شوێن لە دەقدا، کە دیارە ئەمەش لە دەقێکەوە بۆ دەقێکی دی دەگۆڕێت.

ڕوانین و جیهانبینی نووسەر بۆ شوێن، دیارە ئەمە پێکڤە گرێدراو دەبێت بە ئەزموونی ئەدەبی دەق. لەم چوارچێوەیەدا دەشێ زەقکردنەوەی ڕوانینێک، بەڕادەیەک بێت هێندە گرنگی بە ناوەرۆکە بابەتییەکە بدرێت، هێندە گرنگی بە شوێن نەدرێت.

لەم میانەدا (ڕۆلان بورنوف) و (ڕیال ئۆئیلێ) ئاماژە بەوە دەکەن کە دوور نییە ڕۆماننووس کەشێکی تەلیسماوی و سیحرئامێزی وا بخوڵقێنێت، کە خوێنەر هێندە تێیدا سەراسیمە و واقوڕماو بێت بەلایەوە گرنگ نەبێ بزانێ شوێنەکە کوێیە، بەڵکو پتر زەینی بەلای دیاردەکاندا بچێت.

بە کورتی دەتوانین بڵێین ژیان بەشوێنەوە و دواتریش ئەزموونی ئەدەبی دەق و بەر لەمانەش ڕوانین و جیهانبینی نووسەر، ئەمانە ئەو هەلومەرجەن کە بەتینیی و لاوازی پێوەندی نێوان نووسەر و شوێن بەدیار دەخەن، کە بێگومان ئەمەش لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی دی و لە ئەزموونی دەقێکەوە بۆ دەقێکی دی دەگۆڕێت.

**رامان:** کات لە ڕۆماندا چ بینایەکی ڕووداو و هونەری لەسەر بنیاد دەنرێت، نموونە: لە ڕۆمانی کوردیدا هەیە کات چەند کاتژمێرێکە و هەشە کات چەند ساڵێکە. ئایا کاریگەری و گرنگی کات لە ڕۆمانی نوێدا لە چیدایە؟

**د. فوئاد ڕەشید:** هەڵبەتە جیاوازی کورتی و درێژیی کات لە نێوان چەند دەقێکدا، بۆ جیاوازی ئەزموونی ئەدەبی دەقەکان دەگەڕێتەوە، وردتر بڵێین پێوەندە بە زەمەنی ڕووداو، یان سەرکێشییەوە هەیە

کات لە ڕۆمانی نوێدا چ لە ڕووی ئامادەبوونەوە و چ لە ڕووی ڕۆڵەوە جیاوازییەکی بنەڕەتی لەگەڵ ڕۆمانی کلاسیکیدا هەیە.

تێکشکاندنی بوونی زنجیرەییانەی کات لە ڕۆماندا، وەرچەرخانێکی هونەرییانە بوو کە لەسەر دەستی ڕۆمانووسانی ڕۆمانی نوێ هاتە دی. ڕۆماننووسان لەم کرداری تێکشکاندنەدا سوودیان لە (یادەوەری) و (زیندەخەون) و (خەیاڵبردنەوە بەرەو ڕابردوو) بینیوەو وەکو تەکنیکێک لە پاش و پێشکردنی زەمەنەکاندا، یان لە تێکدانی سیستمی کاتدا بەکارهێنراوە.

هەر لەگەڵ پەرەسەندنی ڕەوتی ڕۆمانی نوێدا، کات لەوە دەرچوو کە تەنیا بەشێک بێت لە بابەتی دەق، بەڵکو (ئالان ڕۆب گریێ) گوتەنی: کات بووەتە کەسایەتی سەرەکی لە ڕۆمانی هاوچەرخدا. هەرچەندە ئەمە کار و بۆچوونی هەموو نووسەران نەبووە، بۆ نموونە: بەلای (میشال بۆتور)ەوە، شوێن پتر جێگای بایەخەو بنکەی ئیشکردنی ڕۆماننووسە، بەڵام لەگەڵ ئەم جۆرە بۆچوونانەشدا، تیۆر و ڕەخنەی نوێ گرنگییەکی زۆری بە ڕەگەزی (کات) داوە و لە ڕوانگەی بنیادگەرانەوە، کات بە ڕەگەزێکی بنچینەیی و پێکهێنەری بنیادی هونەری دەق لە قەڵەم دراوە. هەڵبەت ئەم گرنگی پێدانە لەو بەکاربردنە هونەری و بابەتییەی زەمەنەوە سەرچاوەی گرتبوو کە لەلایەن نووسەرانی ڕەوتی ڕۆمانی نوێوە ڕاییی کرابوو. (لێرەدا مەبەستمان لە ڕەوت و قوتابخانەیەکی دیاریکراو نییە) بەڵکو تێکڕا ئەو دەقانە دەگرێتەوە کە نوێکارانە مامەڵەیان لەگەڵ ڕەگەزی کاتدا کردووە، ئەمەش بەرهەمی چەندین نووسەری وەک (مارسیل برۆست) و (ڤێرجینیا وۆڵف) و (میشال بۆتور) و (ئالان ڕۆب گریێ)دا بەدی دەکرێت.

**رامان:** لە ڕۆمانی ئەمڕۆی دنیادا چ شێوازێک زیاتر ڕۆمانی پێدەنووسرێت و ئاستێکی دیاریکراوی وەرگرتووە؟

**د. فوئاد ڕەشید:** زۆربەی ڕەخنەگر و تیۆریستەکانی ئەدەب، ئاماژەیان بەو ڕاستییە کردووە کە ڕۆمان لە ڕووی تیۆرییەوە، ژانرێکە بە ئاسانی خۆی بەدەست چێوەی پێناسەیەکی دیاریکراوەوە نادات.

هەڵبەتە ئەم خۆ بەدەستەوە نەدانە لە ڕووی پراکتیکییەوە لە هەمەجۆری شێواز و فرە ڕەنگی بنیادی هونەری و بابەتییانەی دەقەکانەوە سەرچاوەی گرتووە. لێرەوە دەکرێ بڵێین ئەستەمە ڕۆمانی ئەمڕۆ لەنێو سنووری تاقە شێوازێکدا پۆلێن بکرێت، نەک هەر ئەمە تەنانەت هەندێ جار لە بەرهەمی تاقە نووسەرێکیشدا ئەستەم دەبێت؛ چونکە جاری وا هەیە ڕۆماننووسێک لە هەر دەقێکدا شێواز و ئەزموونێک تاقی دەکاتەوە، بەڵام لە ئاست ڕۆمانی ئەمڕۆدا دەکرێ ئاماژە بەو شەنگستانە بکەین کە ستراتیژییەتی دەقی هاوچەرخی (کە لێرە مەبەستمان ڕۆمانە) لەسەر دامەزراوە: ڕۆمانی هاوچەرخ لە سۆنگەی باوەڕبوون بە ئاوێتەبوونی ژانرە ئەدەبییەکان کار دەکات و لەلایەکی دیکەش ئاوێتەبوونی ئەدەب و بوارەکانی دیکەی هونەر (سینەما، وێنەکێشان، مۆسیقا...تاد)، لەقکردنی باوەڕ بە بیری ڕەهایی و گومان خستنە سەر تێکڕای چەمک و ڕواڵەت و بەهاکان، لە ڕێگای جەختکردنە سەر چەمکی نیسبییەت و ڕێژەیی بوون.

بە نامۆکردنی دەق، لە ڕێگای گۆڕان و تێکشکاندنی بنەما باوەکانی ڕۆمانی ڕیالیزمی و کاڵکردنەوەی لۆژیک لەنێوان دیاردەو ڕووداوەکاندا.

کەڵک وەرگرتن لە تەکنیکەکانی میتاڕۆمان (دواندنی خوێنەر، ئیشکردن لەسەر تۆبۆگرافیای دەق، جێگۆڕکێی گێڕەرەوە، ئاوێتەکردنی دانپێدانان و مێژوو بە ناواخنی دەقدا،... تاد).

دروستکردنی کەش و فەزایەکی فانتازی لە ڕێگای پێکڤە گرێدانێکی هونەرییانەی (سیحر، مێژوو، پاراسایکۆلۆژیا، ئایین، خەون.... تاد)

**رامان:** ڕۆمانی کوردی زیاتر لە پانتایی بابەت ئیشی کردووە کە کۆمەڵگای کوردی لە بارودۆخێکی سیاسی دەژیا، ڕۆمانەکانیشی ڕەنگدانەوەی ئەم بارودۆخەبووە. ئایا ڕۆمانمان هەیە لەم بارە بابەتییەی دەرچووبێت و تەواو لەناو بابەتی جوانناسیدا کاری کردبێت؟

**د. فوئاد ڕەشید:** من پێم وانییە، بابەت ڕەگەزێکی

دابڕاویێت لە کردەی هونەرییبوون؛ چونکە جوانناسی و هونەرییبوون لە نێو بابەتدا کاری خۆیان دەکەن. جا هەر بابەتێک بێت (پێوەندی نێوان مرۆڤ و زیندەوەران، پێوەندی نێوان مرۆڤ و سروشت، مرۆڤ و جڤاک).

لێرەدا بەگشتی کێشەکە بۆ ڕۆماننووس جۆری بابەت نییە، هێندەی کێشەکە لەوەدایە کە چۆن ئەم بابەتە لە دووتوێی دەقێکدا بەرجەستە دەکات. ئایا وەکو هونەرمەندێک دەیکات، یان وەکو مێژوونووس و کۆمەڵناس.

ڕەنگە پرسیارەکە مەبەستی ئەوەبێت کە لە ڕۆمانی کوردیدا، زیاتر بابەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئامادەیی هەبووە و بەرجەستەکردنەیشی سیاسی و پەروەردەییانە بووە، نەک ئیستێتیکییانە.

ئەگەر ئەمە مەبەستی پرسیارەکە بێت، ئەوە پێویستە بڵێین:

هەر دەقێک بەپێی (جۆری ناسنامە ئەدەبییەکەی و ئینتیمای بۆ ڕیبازێکی ئەدەبی)، بەر لەمانەش شێواز و ڕادەی ڕۆشنبیری نووسەرەکەی، بەپێی ئەم هەلومەرجانە هەر دەقێک، کەم و زۆر، دوور و نزیک دەبێ لە ڕواڵەتە جیاجیاکانی جوانی هونەری زانیبێت.

ئەگەر لە چەند دەقێکی وەک: (ژانی گەل-ی برایم ئەحمەد)، (ئاشتی کوردستان-ی محەمەد ساڵح سەعید)، (شار-ی حوسێن عارف) و (کوێخا سێوێ-ی عەزیزی مەلای ڕەش) و (کانگای بەڵا-ی حسام بەرزنجی)دا پتر ئیش لە پانتایی بابەت کرابێت و تا ڕادەیەکی زۆر زەقکردنەوەی بابەتێکی سیاسی، یان کۆمەڵایەتی تەوەر و بزوێنەری کردەی نووسین بووبێت، ئەمن پێم وایە ئەمەش بەهانەی بابەتییانەی خۆی هەیە.

لە ئەمڕۆی ڕۆمانی کوردیدا چەند نموونەیەک بەدی دەکرێن، کە ئەوەندە گرنگی بە جوانناسی دەدەن کەمتر لە خەمی خستنە ڕووی بابەتێکی تایبەتین. دەکرێ لەم چوارچێوەیەدا وەک نموونە، ئاماژە بە ڕۆمانەکانی (عەبدوڵڵا سەراج، جەبار جەمال غەریب، بەختیار عەلی) بکرێت.

**ڕامان:** ئایا بابەتەکانی وەکو ئەنفال و کۆچڕەو و کیمیاباران لە ئەدەبی کوردیدا لەناو ڕۆمانی کوردی کراون بە هونەر، یان هەر وەکو ڕووداو تۆمارکراون و ئەم لایەنەیان تێدا بەجێ نەهێنراوە؟

**د. فوئاد ڕەشید:** خودی ئەم پرسیارە، پرسیارێکی دیکەی وەبیر هێنامەوە، کە زۆر جار لەمیانی هەڤپەیڤینە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکاندا دەورووژێنرێت و جارجاریش لە ڕێگای وتارێکەوە لێرەو لەوێ دەخرێتە ڕوو. هەر بۆ نموونە و ئەوەی حاڵی حازر لە یادمە وتارێکی (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل)ی چیرۆکنووسە کە لە ژمارە (١٠٥٠) ٢/١١/٢٠٠٥ی ڕۆژنامەی (خەبات)دا بەناونیشانی (لماذا لم تستطع نتاجاتنا الأدبية ان تعكس مآسينا كما يجب؟) بڵاوی کردۆتەوە.

لێرەدا قسە لەسەر ئەوە دەکات کە ئاخۆ بۆچی دەقە ئەدەبییەکانمان نەیانتوانیوە بەپێی پێویست ڕەنگدانەوە و دەنگدانەوەی تراژید و مەرگەساتەکانی میللەتەکەمان بێت. پرسیار لە هۆکارەکانی ئەم نەتوانین و دەرەقەت نەهاتنەی دەقی کوردی دەکات لە ئاست کارەسات و مەینەتییەکانی وەک: (ئەنفال و کۆچڕەو و کیمیاباران) کەواتە مخابن، ئێمە بەر لە قسەکردن لەبە هونەریکردنی تراژیدیاکانمان، دەبێ پرسیار لە ڕادەی چەندایەتی ئامادەبوونی ئەم مەرگەساتانە بکەین لەنێو دەقی کوردیدا (جا ڕۆمان بێ، یان چیرۆک، یان شیعر.. تاد) پێویستە ئاوڕێکیش لەم لایەنە بدرێتەوە.

**ڕوانین و جیهانبینی ڕۆماننووس بۆ شوێن دەشێ لە زەقکردنەوەی ڕوانینێک هێندەی گرینگی بە ناوەڕۆکە بابەتییەکە بدات. هێندە بەشوێنی نەدات.**

جارێکی دی، بەر لە وەڵام دێمە سەر خودی پرسیارەکە و دەپرسین بۆچی خودی پرسیارەکە جەختی لە تراژیدیا و کارەساتی گەورەی وەک: (ئەنفال) و (کۆچڕەو) و (کیمیاباران) کردۆتەوە. هەڵبەتە ئەمە لەو ڕوانگەوەیە کە کارەساتی گەورە، هەوێنی لە دایک بوونی دەقێکی گەورەیە.

ئەگەرچی مەرج نییە جەمسەرەکانی هاوکێشەی (کارەساتی گەورە- دەقی گەورە) لە هەموو جڤاک و ژینگە و قۆناغێکدا هەمیشە لە پێوەندییەکی ڕاستەوانەدابن، بەڵام لە ئەزموونی ژیانی سیاسی و ئەدەبی میللەتێک، یان چەند میللەتێکدا، تێبینی ئەوە کراوە کە کارەسات و تراژیدیای گەورە، بووەتە بنیادی بابەتییانەی چەندین تێکستی ئەدەبی.

دەتوانین بڵێین لە ڕۆمانی کوردیدا کۆشش بۆ بەهونەریکردنی کارەساتەکانمان کراوە، ئەمە لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی دی و لە دەقێکەوە بۆ دەقێکی دی دەگۆڕێت. لەم چوارچێوەیەدا پێمان وایە ڕۆمانی (هێلانە)ی (حوسێن عارف) نموونەیەکی سەرکەوتووی ئەم کۆشش کردنەیە. شتێکی دیکەشمان لە یاد نەچێت مەرج نییە گوزارشتکردن لە مەرگەساتەکانمان ڕاستەوخۆ بێت، بەو مانایەی مەرج نییە یەکسەر ڕۆمانەکان بە زەقی ناوی نسکۆ و ئەنفال و هەڵەبجەیان هێنابێت؛ چونکە هەندێ دەقی کوردی بەشێوازێکی ڕەمزی و هێماکارانە چەند ڕواڵەتێکی تراژیدیاوی ژیان و مێژووی تاک و کۆی کوردیان دەربڕیوە، ئیدی بێ ئەوەی ناوی کارەساتێکی دیاریکراو بدرکێنن.

**ڕامان:** ماوەیەک لەبەرهەمەکانتدا کارت لەسەر ئێستێتیکای ناوونیشان کرد. ئایا لە شیعری کلاسیکی کوردیدا ئێستێتیکای ناوونیشان چۆن دیاری دەکرێت. لە کاتێکدا ناوونیشانی بۆ دانەنراوە و دێری یەکەم بۆ شیعرەکە وەک ناوونیشان تەماشا دەکرێت؟

**د. فوئاد ڕەشید:** لە مێژە ناوونیشان بەگشتی، جا بۆ کتێب بێت، یان بۆ دەقی ئەدەبی، جێگای بایەخی نووسەران بووە، ئەمەش بەهۆی شوێنی جوگرافی ناوونیشان کە، یان لەسەر بەرگی پێشەوەی کتێب دادەنرێت، یان لەسەر سەرەوەی دەقێکدا دەبێ.

هەڵبەتە ئەم پێگە جوگرافییە وا دەکات کە ناوونیشان یەکەم وشە و بڕگە و دەستەواژە بێت بکەوێتە بەر دیدەی خوێنەران و ڕەخنەگران و هەر لە دەلاقەی ناوونیشانیشەوە هەر زوو هێڵێکی پێوەندی لە نێوان خوێنەر و دەق دروست دەبێت.

ئاشکرایە گوتاری ڕەخنەی ئەدەبی هاوچەرخ لەژێر کاریگەری توێژینەوەکانی زمانناسی دەق و سیمۆلۆژیادا گرنگی بە بنیاد و پێکهاتەی خودی ناوونیشان و چۆنێتی پێوەندی بە دەقەکەیەوە داوە.

کەواتە ڕەخنەی هاوچەرخ کاتێ قسە لە ئێستێتیکی ناوونیشان دەکات کە دەقنووس، پەیڤێک، یان دەستەواژەیەک، یان هێمایەکی وەکو ناوونیشان بەکارهێنابێت. ئەوەی لە زۆربەی دیوانەکانی شیعری کلاسیکی کوردیدا بەدی دەکرێت، شاعیران خۆیان ناوونیشانێکی دیاریکراویان بۆ شیعرەکان دانەناوە، بەڵکو هەندێ جار ئەوە ئامادەکار و کۆکەرەوەی شیعرەکانە بەپێی ئەلف و بێیەک ڕیزبەندییەکی بۆ شیعرەکان کردووە. من پێم وایە دێری یەکەم لە شیعرێکی کلاسیکیدا ڕۆڵی ناوونیشان نابینێت.

کردەی ناوونیشان، جۆرێک لە هەڵبژاردن و مەبەستداری و سەربەخۆیی تێدایە، بەڵام تەماشاکردنی دێری یەکەم وەک ناوونیشان لەلایەن خوێنەرەوە، ئەمە جۆرێکە لە ناچاری و گریمانەکاری.

دەکرێ بابەتی چۆنێتی و چەندایەتی ئامادەبوونی ناوونیشان بە خاڵێکی جیاکەرەوەی نێوان شیعری کۆن و نوێ دابنرێت، دواتریش لەنێو دەقەکانی شیعری هاوچەرخدا تایبەتمەندییەکانی دیاری بکرێت؛ چونکە هەر کۆمەڵە شاعیرێک بە جۆرێک مامەڵەی لەگەڵ ناوونیشان کردووە.

لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا (سەباح ڕەنجدەر)ی شاعیر، جیا لە شاعیرانی پێش خۆی نوێکارانە ئیشی لەسەر ناوونیشانی دەق کردووە، ئەمەش لە ڕێگای چەند گەمەیەکی ئێستێتیکییەوە کە لە دەقە شیعرییەکانی (شەڕی چل ساڵە)دا ئەنجامی داوە. دیارترین ئەدگاری نوێکاری ئەم گەمە ئێستێتیکییە دیاردەی (بوونی ناوونیشانە لە نێو ناوونیشان)دا، کە بەشێوەیەک دایڕشتوون کە دەکرێ وەکو دەقێکی سەربەخۆ تەماشای خودی ناوونیشانی شیعرەکان بکرێت. ئەم بۆچوون و سەرنجانەم بە وردی لەو توێژینەوەیەمدا باس کردووە کە بەناوونیشانی (ئێستاتیکای ناوونیشانی دەق لە کۆمەڵە شیعری (شەڕی چل ساڵە)ی (سەباح ڕەنجدەر)دا بوو لە گۆڤاری ئەکادیمی (الأستاذ) بڵاوکراوەتەوە. دواتریش لە کتێبی (دەقی ئەدەبی: ئەدگار، چێژ، بەها) دووبارە بڵاوم کردەوە.

**ڕامان:** ئەگەر بمانەوێ سەرەتاکانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی دەستنیشان بکەین و پاشان خانەبەندییان بۆ بکەین، ئەمەیان چۆن دەستنیشان دەکەیت؟

**د. فوئاد ڕەشید:** ئەم پرسیارە، پرسیارێکی کراوە و هەمەلایەنە، بەو مانایەی ڕەخنەی لە سنووری هیچ ژانرێکی دیاریکراودا دەستنیشان نەکردووە، هەڵبەتە ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بۆ (چیرۆک، شیعر، ڕۆمان، کورتیلە چیرۆک... تاد) کەرەستە و ئەدگار و مێژووی خۆی هەیە؛ بۆیە زەحمەتە گشتگیرانە هەموویان پێکەوە پۆلین بکرێن.

ئێرە بەشوێنێکی شیاو دەزانم بۆ خستنە ڕووی

**کات لە ڕۆمانی نوێدا چ لە ڕووی ئامادەبوونەوە، چ لە ڕووی ڕۆڵەوە جیاوازییەکی بنەڕەتی لەگەڵ ڕۆمانی کلاسیکیدا هەیە.**

سەرنجێک دەربارەی سەرەتاکانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بەتایبەتی (ڕەخنەی شیعر)، ئەویش ئەوەیە بەڕای هەندێک لە نووسەر و باسکارانی کورد، سەرچاوەگەلێکی وەک: (ئەنجوومەنی ئەدیبانی کورد) ئەمین فەیزی، (مێژووی ئەدەبی کوردی) عەلائەدین سەجادی، (گوڵدەستەی شوعەرای هاوعەسرم)، عەلی کەمال باپیر ئاغا. گوایە ئەمانە کەرەستەکانی سەرەتای ڕەخنەی ئەدەبی کوردیین، بەڵام لە ڕاستیدا و لە ڕووی زانستییەوە، ئەم ڕایە جۆرە تێکەڵکارییەکی تێدایە لە ڕووی لقەکانی ئەدەبناسییەوە؛ چونکە لەم جۆرە سەرچاوانە و هاوشێوەکانیاندا ڕەخنەی ئەدەبی بە مانا زانستییەکەی ئامادەبوونێکی ئەوتۆی نییە، تەنانەت کتێبێکی وەک کتێبەکەی ئەمین فەیزی و عەلی کەمال باپیر ئاغا. ئەمانە پتر دەچنە نێو سنووری مێژووی ئەدەبەوە.

دەکرێ بەشێوەیەکی گشتی چەند سیمایەکی بزاڤی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی دیاری بکەین:

ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بۆ ماوەیەکی زۆر لەژێر کاریگەری ئەو بارە سیاسییە دژوارەی میللەتی کوردا بووە و لێرەوە، بەرهەمێکی ڕەخنەیی زۆرمان هەیە، پتر قسەکردنە لە ئایدیۆلۆژیا و سۆسیۆلۆژیا، نەک لە خودی دەقە ئەدەبییەکان.

لە بزاڤی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، لە ئەنجامی چاک تێنەگەیشتن لە چەمکی ڕەخنە و مامەڵەکردنێکی نازانستییانە لەگەڵ پرۆسەی ڕەخنەدا، بەرهەمێکی زۆرمان هەیە کە بەناوی ڕەخنەوە بڵاوکراونەتەوە و کەچی لە ڕاستیدا پتر (شەڕە وتارن). دیارە ئەمە زیاتر لە چوارچێوەی ڕەخنەی ڕۆژنامەگەریدا بەرجەستەکراوە.

لە کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە، ڕەخنەی کوردی، هەوڵیداوە ئەدەبییەتی دەقی ئەدەبی بخوێنێتەوە و ئاوڕ لە لایەنی هونەری دەق بداتەوە، دوور لە سیاسەت و کێشەی کۆمەڵایەتی.

لە ناوەڕاستی نەوەدەکان و بەسەرەوە، سەروسیمای میتۆدە نوێیەکانی ڕەخنەی وەک: (شێوازگەری، بونیادگەری) زیاتر و ڕوونتر لەنێو نووسینە ڕەخنەییەکاندا بەدیار کەوتن.

پۆلێنکردن و قۆناغ بەندیکردنی بزاڤی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بۆ (شیعر، چیرۆک، ڕۆمان..... تاد) چەندین توێژینەوەی ئەکادیمی تێروتەسەلی دەوێت و چەند پەرەگرافێک دەرەقەتی ئەم کارە نایەت.

**ڕامان:** ڕۆمانووسەکانی کورد تا ئێستا لە بازنەی قۆناغی ئەزموونکردنی تیۆرییەکانی ڕۆمان ڕزگاریان نەبووە، دەتوانین بڵێین ڕۆماننووسەکانی ئێمە بەردەوام ئەزموونەکانی پێشووی ڕۆماننووسین دووپات دەکەنەوە. بۆ نموونە: تیۆری ڕۆمانی ڕیالیزمی، یان ئەفسوونی، یان تۆماری.... تاد دەخوێننەوە و لە چوارچێوەی ئەم شێوازەدا ڕۆمان تاقی دەکەنەوە. نەهاتوون لەسەر شێوازێک ئیش بکەن کە پێشتر ئیشی لەسەر نەکرابێت. ئەم هۆیانە چین کە ناهێڵێت شێوازی هونەری ڕۆمانی کوردی دروست بێت؟

**د. فوئاد ڕەشید:** ئەم حاڵەتە وەکو قۆناغێکی کاتی شتێکی ئاسایی و چاوەڕوانکراویشە، بەڵام تێنەپەڕاندنی ئەم قۆناغە، چەند هۆکارێکی لە پشتەوەیە:

ئاشکرایە ڕۆمان وەکو ژانرێکی ئەدەبی لە دایک بووی ئەورووپایە و زۆربەی گۆڕانکاری و نوێکارییەکانیشی لە نێوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری ئەورووپی و ئەمریکیدا سەریهەڵداوە، تەنانەت تیۆرە ڕەخنەییەکانیش هەر زادەی ئەم نێوەندە بووە. بە کورتی ڕۆمان وەک ژانر و وەک ڕەخنەش بەتیۆر و پراکتیکییەوە لە دەرەوەی کۆمەڵگا و نێوەندی ڕۆشنبیری کوردی بووە.

تەمەنی ڕۆمان بۆ ئەورووپییەک بەلای کەمەوە (٢٠٠) ساڵ زیاترە، تەمەنی ڕۆمانی کوردی نەک هەر زۆر نییە، ئەوەتا لەم هەزارەی سێیەمیشدا بە گومانەوە باس لە هەبوونی دەکەن.

خودی ئەزموونی ڕۆماننووسین تایبەتمەندی خۆی هەیە. ئینجا لە هەبوونی ڕۆشنبیری و مەعریفەیەکی هەمەلایەنەی نووسەر تا دەگاتە پێویستبوونی بەکات و نەفەسێکی درێژ، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیش بوونی ژینگەیەکی لەبار بۆ هەبوونی خوێنەر و وەرگری ڕۆمان.

تایبەتمەندی ئەو بارودۆخە ڕۆشنبیری و مەعریفی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەی کە کوردی تێدا ژیاوە، نووسەری کورد پتر سەرقاڵی ژانی ژیان کردووە، کەمتر پەرژاوەتە سەر خەمی دۆزینەوەی تەکنیکی نوێ. لێرەوە

تا ڕادەیەکی زۆر گۆشەنیگای نووسەری کوردی بۆ پرۆسەی داهێنان قەتیس کردووە و لە سنووری تیۆری ڕەنگدانەوە تێنەپەڕیوە. ئەم قسە و باسە مەسەلەی چۆنێتی تێگەیشتنی نووسەری کورد لە ئاست چەمکی داهێنان و پرۆسەی نووسین دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

کەواتە بوونی شێوازێکی تایبەتی، یان وەکو هەندێک پێی دەڵێن شوناسێکی تایبەتی بۆ ڕۆمانی کوردی، ئەزموونی زیاتر و ڕوانینی نوێ و قەڵەمی هەمەڕەنگتری دەوێت، زەمەنێکی باشی دەوێت...

ئاخر ئێمە لە ساڵی (٢٠٠١، ٢٠٠٢)یش هەر بە گومانەوە بپرسین: ئەرێ ڕۆمانمان هەیە. کەواتە هێشتا ماویەتی خاوەنی شێوازی تایبەتی خۆمان بین.

**ڕامان:** شێوازی میتاڕۆمان کە ئێستا گەرموگوڕترین شێوازی نووسینی ڕۆمانە لە جیهاندا. ئایا ئەم هونەرە توانراوە لە ئەدەبی کوردیدا کاری پێبکرێت و دەقی سەرکەوتووی پێ بنووسرێت؟

**د. فوئاد ڕەشید:** بەر لە هەموو شتێک ئەوەمان لەیاد نەچێت کە میتاڕۆمان یەک شێواز و تەکنیکی نییە؛ بۆیە مەرج نییە هەموو ئەو تێکستانەی دێنە ژێر پێناسەی ئەم چەمکەوە، لەیەکەوە نزیک بن، بەڵکو دەشێ هەر دەقێک لەم دەقانە، میتاڕۆمانبوونی خۆی بە تەرز و شێوازی خۆی بەرجەستە کردبێت، بەڵام ئەم تەرزە دەقانە خاڵێکی ستراتیژی پێکەوەیان دەبەستێتەوە، ئەویش بەزاندن و تێپەڕاندنی سنووری نەریتەکانی ڕۆمانی ڕیالیزمیانە و کردنەوەی کەناڵی جیاجیای پێوەندیکردنە بە خوێنەرەوە (ڕاستەوخۆ بێت، یان ناڕاستەوخۆ)؛ چونکە نووسەری دەقی میتاڕۆمان لەو کردەی بەزاندن و تێپەڕاندنە، مەبەستی دیتنەوەی گۆشەنیگایەکی نوێیە، دەربارەی پێوەندی نێوان نووسەر و واقیع و دەق.

کردەی بەزاندنەکە شێواز و ڕێبازی هەمەجۆری هەبووە، لێرەوە چەمکی میتاڕۆمان پێناسەی هەمەجۆری بۆ کراوە، دەکرێ بڵێین پوختەی بۆچوون و پێناسەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە میتاڕۆمان ئەو ڕۆمانەیە کە کێشەی ڕۆمانبوونی خۆی دەخاتە ڕوو و لە میانیدا نووسەر هەندێ لایەنی گەمە هونەرییەکانی دەقەکەی بۆ خوێنەر شرۆڤە دەکات و هەندێ جاریش داوای دەستێوەردانی ڕووداو و ژیانی کەسایەتییەکیشی لێدەکات، هەموو ئەمانە بە مەبەستی بەشداری پێکردنێتی لە پرۆسەی نووسیندا. هەڵبەتە ئەم کارەش لەو ڕوانگەیەوە کاری پێدەکرێت کە خوێنەر جەمسەرێکی پرۆسەی داهێنانە، ئەمەش شەنگستێکی شیعرییەتی هاوچەرخە.

ئەم تەرزە نووسینە لە ئەدەبی کوردیدا مێژوویەکی باشی هەیە، پێش ڕۆمانی، لە چیرۆکیدا بەرجەستە کراوە. ئەمەش لە هەندێ چیرۆک و کورتە چیرۆکی (عەبدوڵڵا سەڕاج)دا بەدی دەکرێت. لە دەقەکانی (مام وســـــــوو -١٩٧٨)، (ڕێگای بانە- ١٩٧٩)، (چیرۆکنووس- ١٩٨٧) کەم و زۆر ئەم جۆرە تەکنیکەی بەکارهێناوە کە لە بواری هونەری چیرۆکدا بە زاراوەی (میتاچیرۆک) و (چیرۆکی چیرۆک) ناوبراوە.

دواتریش هەر لەسەر دەستی چیرۆکنووسە تەکنیکی میتاڕۆمان هێنراوەتە نێو ڕۆمانی کوردییەوە. لەم بوارەدا من پێم وایە دەقی (ناوێ لەم تێکستە بنێ) نموونەی میتاڕۆمانێکی سەرکەوتووی کوردییە. دەقێکە لە ناوونیشانی سەر بەرگەکەیەوە تێکەڵی میتاڕۆمان بووە تا دوا پەرەگرافی، لێرەدا ئەوەی جێگای سەرنجە کە (عەبدوڵڵا سەڕاج) لەم دەقەیدا سەرباری کەڵک وەرگرتنی لە کەرەستەو تەکنیکی میتاڕۆمان، تایبەتمەندێتی ئەزموونی ئەدەبی دەقی کوردیشی فەرامۆش نەکردووە. بەو مانایەی هەوڵیداوە دەقەکەی نەبێتە گەمەیەکی فۆرمالیستییانەی ڕووت وەکو هەندێ دەقی فەرەنسی و ئینگلیزی. ئەمانەی گوتم لە ڕووی بابەتییەکی ڕووتەوە، بەڵام ئەگەر بپرسین خوێنەری کورد چەند هۆگر و گوێگری ئەم جۆرە دەقانە بووە، ئەوە لێرەدا دەبێ بڵێین هێشتا لە ژێر کاریگەری چەند هۆکارێکی سیاسی و ڕۆشنبیری و مەعریفیدا خوێنەری کورد کەمتر ئاشنایەتی لەگەڵ ئەم جۆرە دەقانەدا هەیە. بەهەر حاڵ (عەبدوڵڵا سەڕاج) لەو سۆنگەیەوە کە نووسەرێکە (جەلیل کاکەوەیس) گوتەنی هەمیشە (وێڵی نوێگەرییە)، هەر زوو کاری نوێکارانەی خۆی لە بواری چیرۆک و ڕۆمانی کوردیدا کردووە و بەپێشەنگێکی ئەم بوارە دادەنرێت.



# نووسەری نانە پێخواسەکە بە بەرمیل شەراب دەخواتەوە

**ئا: شێرزاد هەینی**
**(سوید)**

لە شاری (طنجە) دیدارمان بوو، ئەو نەفرەتییەی باسی ئەدەبی هاوچەرخ دەکات، ئەوەی ڕۆمانی (الخبز الحافي - نانە پێخواسەکە)ی نووسیوە، ئەو ڕۆمانەی بەشێکی تری بیرەوەرییەکانی خۆیەتی، لە سێ بەشەکەی تری جیاوازە و ئیسلامییە توندڕەوەکان خوێنیان حەلاڵ کردووە، ئەو بەشەی هێز و سۆزی زۆرترە. ئەو نووسەرە نەچوویتە مکتەب و خۆی فێری خوێندەواری بووە، ئێستاش نووسینەکانی بۆ زمانی ئیسپانیش وەردەگێڕدرێن. لەو دیدارەدا لەگەڵ محەمەد شوکری بەیەکەوە لە بارێک دانیشتبووین، ئەو زوو داوای باشترین شەرابی کرد، کە بە زمانی ئیسپانی شەرابی (میدابیون)ی پێدەڵێن. کە بۆیان هێنا سەرەکەی بادا و تامی کرد، ڕازی بوو بۆی دابنێن. لە بۆیەکەی سێرڤیسمان پرسی، ئەوە یەکەم پێکە شوکری ئەم بەیانییە داوای کردبێت؟ ئەویش بزەیەکی هاتێ، بە نا وەڵامی دایەوە و وتی:

ئەو زووتر یەک پێکی ڤۆدگای سپی داواکردووە.

شوکری وتبووی:

من سێ بەرداخی ترم نۆش کردووە، لە ماڵەوەش بەیانی زوو، بەیەک بەرداخ وێسکی شیفاس دەمم تەڕ کردووەو هاتووم.

* دیارە تۆ زۆر دەخۆیتەوە؟

- بەڵێ بە بەرمیل.. بەرمیلێکم تەواو

کردووە، چوومەتە بارِی گەورە و بارِی گچکە، لە هەموو شوێنێکم خواردیتەوە، بێ راوەستان، وەستانم نەبووە، بەردەوام دەخۆمەوە.

* ئێستاش زۆر دەخۆیتەوە؟

– بێگومان، ئێستاش بەرگەی زۆرتر دەگرم، لە تەمەنمدا هیچمان نەماوە خەمی لێبخۆم، هیچم نییە بیدۆڕێنم، گوێت لێیە.

شوکری لە گوندێکی چیایەکانی (الريف) لە ساڵی ١٩٣٥ لە دایک بووە، ئەوکات ناوچەکە لەژێر فەرمانی ئیسپانییەکان بووە، لە منداڵییەوە لە شاری (طنجه) دەژیت، تەمەنی ٦٧ ساڵە. شێوە و ئاکاری زۆر تایبەتییە، قژ مۆرە و نێوچەوان پانە و سمێڵ شۆڕە و لووتێکی شێوە بازی هەیە، دوو چاوی گچکەی مشت خەم و زیرەکی پێوەیە. لە ساڵی ١٩٧٢ بیۆگرافیای ژان و هەرزەکاری رۆژانی تاڵی لادێ و رۆژانی داگیرکەرانی ئیسپانی نووسیوەتەوە، رۆژانی کاری و شوێنی بژێوی تۆمار کردووە، کە بۆیاخچیەتی و جگەرە فرۆشی کردووە، کە دزی و دەستدرێژی و فێڵبازی دەرحەق بە بێگانان کردووە.

ئەو هزرە تیژەی رۆژانی نەخوێندەواری و چەندین بەسەرهاتی شاری (طنجه)ی لە چیرۆکی بیۆگرافی لە شێوەی ئەڤین و نەفرەتی رێک خستووە.

* لەگەڵ ژناندا زۆرت رابواردووە.. ئەوە راستە؟

– زۆر.. جاران رۆژانە دوو سێ جار سێکسم لەگەڵ زۆر جۆرە ژن دەکرد، وام لێهاتبوو پاشان شەوانەش گیانی خۆم پیس کردووە، ئەوەندەم کردووە بوراومەتەوە، لە بیرمە رۆژێکیان تەمەنم ١٩ ساڵان بوو، لەگەڵ نۆ ژن سێکسم کردووە، بێگومان ئێستاش مانگانە، بە یەکجار، یان دووجار تێر دەبم. رەوشەکەم ئەوەندە دەخوازێت، بۆ سۆزانییەکانی جاران دەسووتێم، ئەوان رۆشنبیرییەکی زارەکی زۆریان هەبوو، رۆشنبیر بوون، سەربردەی زۆریان لەلابوو، فاتی مەغریبی خەڵکی شاری عرائش بوو، زۆری دەزانی، هەرماوە، لە وڵاتی دانیمارک دەژیت، ئەو ژنانە کاتی تایبەتیان هەبوو، بەداخەوە ئەوانەی ئەو رۆژانە، بە سەعات کاردەکەن، سەعات دادەنێنەوە، دەبێ بە پازدە دەقە تەواو بێت.

* لە ژیانتدا خۆشەویستی سەرنەکەوتوو هەبووە؟

– چەند خۆشەویستییەکی کورتم بینیوە، ئەوانیش شوویان بە خوێندنەوە و نووسین و برادەرەکانم کردووە. ئەگەر ژنیشم هێنابووایە، نەمدەویست کورێکم ببێت، نەوەک بە باوکی بچێت، وەک من لە ژیاندا رەفتار بکات. بەردەوام ئەو گرێیەم لە دڵدا هەبووە.

باوکی شوکری سەربازی سوپای ئیسپانی بووە، لە خزمەتا رای کردووە. زۆرجار کورەکەی بە دار بەستاوەتەوەو بە قایشی پشتێ دارکاری کردووە، رۆژێک توورە دەبێت و دەستی لە هەوکی برایەکی دەنێ تا رۆحی دەردەچێت بەری نادات، لە رۆمانی (نانە پێخواسەکە)دا، بە روونی و بەزەقی ئەو بەسەرهاتە لە روانگەی رقی ئەستووری لە باوکی بە نموونە دەهێنێتەوە. ئەو بەسەرهاتانە لە نووسینەکەیدا بەشێوەی تر رەنگی داوەتەوە، بە پێچەوانە، ئەو کورەی زۆر لە باوکی دەکات نابێ پاش مردنی دایکی ژن بهێنێتەوە، تا میراتی باوکی هاوبەشی تازە و نوێی بۆ پەیدا نەکات.

ئەو بابەت و رووداوانەی ناو نووسینەکانی وای کردووە بە نووسەری نەفرەتکراو بناسرێت، ئەو شێوە و ناوە وەربگرێت، یان بەو نووسینانەوە بناسرێت.

شێوەی نووسینەکان وای کردووە بە نووسەری ئەمریکی (بوکوفسکی ئەمریکی و بیدرو خوان گوتیرسی کۆبی) هاوشان بکرێت، دیارە رەوش و ناو و بەرهەمەکانی ئەو توندتر بووە، زۆرتر نەفرەتی لێکراوە، بەتایبەتی لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامی، لە ساڵی ١٩٩٠ زانایانی ئایینی میسری فەتوای دژ بە نووسین و پەخشەکانی دەرکردووە.

* کە دەقی وەرگێردراوی رۆمانی بیۆگرافی (نانە پێخواسەکە)ت بڵاوکرایەوە، خوان گویتیسولو، رۆمانەکەتی بە یەکەمین بیرەوەری نووسراوی عەرەبی جوان و راست و بوێر ناونا، هەست ناکەیت نووسینەوەی بیرەوەری بە دەرخستنی کەموکوڕی و لایەنی شەرمەزاری و لاوازییەکانی خودی نووسەر زەحمەت نییە، ئەو ئازایەتییەت لە کێ هێنا؟

– ئەو نووسەرانەی بیۆگرافیای ژیانی خۆیان نووسیوەتەوە، بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، ئەوانیش راستگۆیانە نەیاننووسیوەتەوە، کە ئەو سێیانەم نووسی، لە هاوشێوە خۆرئاواییەکانم سوودی وەرگرت، وەک دانپێدانانی قدیس ئاگوستین و جان جاک رۆسۆ و

سومەریست موگان و کۆلن ولسن و وتەکانی سارتر و خوان گویتسولوی لە خاکی پەرژینکراودا. ئەو نووسینە فێری کردم ئازایانە بۆچوونەکانم دەربڕم، دیارە کەوا ئەدەبی عەرەبی کۆن ئازایانە بۆچوونەکانیان دەربڕیوە، شتە حەرامەکان لە نووسینی ئیمڕۆدا زۆرن، تەماشاکە ئەدەبی جاهلی و الف لیلە و لیلە و ڕەوزی عاتر، ئازادییان زۆرتر بووە.

ڕۆشنبیری عەرەبی پاش دەرچوونی عەرەب لە ئیسپانیا لاوازی زۆری پێوە دیارە، ئەوە پێنج سەدەیە، ئازادی نووسین و ڕادەربڕین نەماوە، توندڕەوی ئایینی و دەمارگیری پێوەیە، تێدەگەیت، ئەو ئایینە زۆر شتی تیرۆرکردووە. قەدەغەکردن و حەرامکردنی ئازادی و داهێنان دەکوژێت.

* دیارە دەمارگیری و توندڕەوی تۆ و سەلمان ڕوشدی و نەجیب مەحفووزی کوشتووە؟

– بەڵێ، ئێمە لەناو زەلکاوین، ئەوەی لێرە هەیە پێوەندی بە دیواری بەرلین، یان شوورەی چینەوە نییە، ئەوانەش ڕێگر نین، کە من هیچ نەنووسم، ئەگەر پیاوێکی دەبەنگ لە ڕاستەڕێیەکدا هێرشمان بکاتە سەر و بمداتە بەر چەقۆیان، ئەوە بە هەند وەرناگرم، چونکە مرۆڤ دەڕوات و بیر و هزریش دەمێنێتەوە. ئێستا بەو جۆشەی جارانەوە نانووسم، منیش بە ناچاری چەقۆیەکی گەورە لەگەڵ خۆم هەڵدەگرم، ئەگەر چوومە قەبرستانێک یەک دوو کەس لەو دەبەنگانە لەگەڵ خۆما دەبەم، بە تەنیا ناچم.

* کە هاتمە ئەو شارە و لە پیاوە برژواکانی شارم پرسی، بە نیازی دیداری شوکری هاتووم، ئەوان لایان سەیر بوو، چۆن بۆ لای کەسێکی ناشایستە و بێ ڕێز هاتوویت؟

– بێگومان ئەوانە لەم جۆرەن.. من پرسیارێکت ئاراستە دەکەم، ئەوانە کێن کە منیان پێ باش نییە، ئەوانە خۆیان شێتن، من هیچ نەبێ چوار هەزار کتێبم خوێندیتەوە ئەوان بە هەموویان دەرزەنێک کتێبیان نەخوێندیتەوە. ئەوان چییان هەیە، ناتوانن بەو جگەرە و حەشیشەی داوەتتان دەکەن تۆ ڕازی بکەن، من خاوەنی وشە و ڕستەم، من قسە دەزانم دنیاش لەسەر قسە ڕاوەستاوە، ئەوانە هیچیان لە دەست دەرناچێت.

* باشە باسی (طنجە) بکەین... لە ناوچەی دەریای خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، سێ شاری کوسموبولیتانی هەیە، ئەویش ئەسکەندەریە و بێروت و (طنجە)یە، دیارە کەوا هەستی ناسیونالیزمی و توندڕەوی ئیسلامییەکان ئەسکەندەریەیان فەوتاند، ئەو شارە ماوە، ئازاد و گەشە.. تۆ چۆن دەڕوانیتە (طنجە)؟

– (طنجە) شارێکی ئەفسانەییە، ئەفسانەش شرۆڤە ناکرێت، نهێنی زۆرە.

دیدارەکەمان لە هوتێلی ڕیتز بوو، ڕیتزی (طنجە) نەک ڕیتزی پاریس، یان ڕیتزی مەدرید، نووسەرانی زۆر بانگ کرابوون، هەموویان خەریکی خواردن و خواردنەوە بوون، شوکریش بە ئیسپانی زۆر ڕەوان قسەی دەکرد و شووشە شەرابەکەی بەردەمی زوو تەواو دەبوو.

* دیارە زۆر بە ئیسپانیا سەرسامی؟

زۆر ڕاستە! من هاوڕێی زۆر گەورەی ئیسپانیم هەیە، لەوانە قەرەج و ئەندەلووسییەکان، ئەوانەی وەک ئێمە پەراوێز کرابوون، هاوڕێی گەورەی ئیسپانیشم هەیە، هەرگیز هاوڕێی فەرەنسیم نەبووە، سەبارەت بە ئینگلیز و ئەمریکییەکان لە یەکتری مارە دەکرێن، بەشێوەیەکی هزری نەک فیزیکی.

* نووسینی ئیسپانییەکان دەخوێنیتەوە؟

– بێگومان، شیعری ئیسپانیشم وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، وەک شیعرەکانی بیکر، خوان ماشادو، فیسینت ئەلسندر، گابیریل سیلایا، لۆرکا، لابردیت سوسازن مارش.

* نووسینی کام نووسەری ئیسپان زۆرتر دەخوێنیتەوە؟

– بڕوا دەکەم لە ئەمریکای لاتینی نووسینی ئیسپانی زۆر تێپەڕیوە، وەک نووسینەکانی خوان ڕۆلفۆ، کورتسار، گارسیا مارکیز، فارگاز جوسا... وەک ئەو نووسەرانە لە ناو ئیسپانیادا نین، بەڵام ڕێزی زۆرم بۆ نووسەرانی وەک خوان گویتسولوو تورتت بایستیر هەیە، لە نووسەرە کلاسیکییەکان من زۆر ڕێزی سرڤانتێس دەگرم.

* ئەوانە بە فەرەنسی دەخوێنیتەوە؟

– ئەگەر بە ئیسپانی نەخوێنمەوە بە چ زمانێک

بیخوێنمەوە؟

کە شووشەکە بەتاڵ بوو، ورگیشی کپ بۆوە، بەرەو ماڵی ئەو بەڕێ کەوتین، ماڵەکەی دوا خانووە، بەرزترین خانووی نزیک هوتێلی ڕیتز بوو، بەپێیان بەسەر هەر پێنج نهۆمەکە کەوت، لەو سەرکەوتنەدا جگەرەی دەستیشی فڕێ نەدا، ماڵەکەی قەڵایەک بوو لە جلوبەرگ و ئامان و قاپ و قاچاخ و ئامێری ئەلکترۆنی کۆن و کتێب و کاغەز و وێنەی شوکری لەگەڵ.. بول بولز، ئالبرتۆ مورافیا، جون جونیت، گویتیسولو، تاهیر بن جەللون، وێنەی پێشەوای لادێی عەبدولکەریم بە ژوورەکەی هەڵواسیبوو.

شوکری کتێبە تایبەتییەکانی نیشانی مێوانەکانی دەدات، لەوانە کتێبی (نانە پێخواسەکە) کە بۆ ٤٨ زمان وەرگێڕدراوە، لەگەڵ چەندین بووکەشووشەی بێ سەر و بێ دەست و پێ و.. دوو شووشە شەرابی تایبەتی بە دیاری بۆ هاتبوو، چاوتێرانە دوو بەرداخی دانا، بۆ خۆی و بۆ من شەرابی تێکرد. ڤیدیۆییەکی داگیرساند و فیلمێکی کۆنی ڕەش و سپی بەکارخست، بیست ساڵ زووتر کەناڵێکی تەلەڤزیۆنی فەرەنسی دیداری لەسەر ڕۆمانی (نانە پێخواسەکە)ی وەرگێڕدراوی دانەی یەکەمی فەرەنسی لەگەڵ شوکری سازکردبوو، نیشاندام. سەبارەت بەو دیدارە، ئاشکرای کرد، لێرەو لەو دیدارەوە بۆ یەکەمین جار، باسی توندوتیژی هەڵسوکەوتی باوکی کردبوو، ئیمڕۆش لە هۆکارەکانی ئەو ڕەوشتەی باوکییەوە بیانووی هێنایەوە، کەوا باوکی لە ئەنجامی ڕەوشە توندەکەی ئەو ڕۆژانە، ئەو لاسایی و ڕەنگدانەوەی ڕەوش و ڕۆژەکەی کردیتەوە، کە ڕەفتاری توندی دەرحەق بەوان کردووە. داگیرکەرانی مەغریب کۆمەڵگاکەیان بەرەو ئەو ئاستە بردووە، ئەو وتی:

من لەو ڕۆژانەدا تا گەورەکان لاقەم نەکەن، بە ناچاری نەکەومە بەر زەبری توندییان، لە ترسان لە گۆڕستانەکانی ئەو شارە دەخەوتم. چل ساڵ بەسەر ڕزگاری ولات ڕابردو ولاتی مەغریب ئازادە، ئەو ڕەوشانە هیچی نەگۆڕاوە، شارەکان پڕن لە منداڵ و گەنجی بێ نەوا و بێ ماڵ، زۆریان لەناو کوخان دەژین، وەک ڕێنمایی بۆ گەشتیاران کاردەکەن، حەشیشە دەفرۆشن، یان گەوادی، یان کاری سێکسی دەکەن، هەموو لەسەر پشتی بەلەم خەون بە چوونە ئەورووپاوە دەبینن. ئەوەی من ئێستا دەیبیستم ڕەوشەکە زۆر خراپترە، من وەک نووسەرێکی (بورنوگرافی) دەناسرێم، چونکە لە سێکس دەدوێم، لە نووسینەکانمدا هۆکارەکان و شێوەکان و ڕۆژانی ئەزموونی سێکسی دەنووسمەوە، بەڵام من لە نووسینەکان و لە کتێبەکانمدا لە چەندین بەها دەدوێم.

✱ کام بەها؟

– من مرۆڤێکی مولتەزیم، من بەرگری لە چینە سووتاوو لە یادچوو و زەحمەتکێشەکان دەکەم، من سپارتاکۆس نیم، من بڕوام بەوە هەیە هەموو کەسێک کەرامەتی هەیە، ئەگەرچی بێبەشن لە خۆشی و بوارەکانی ژیان، بەڵام دەبێ کەرامەتیان بپارێزرێت. لە چلەکان و پەنجاکان و شێستەکاندا کەسانی وەک: بول و جان بولزو ترومان و کابوت و سیسل بیتون و تینیسی ویلیامز و گۆرفیدال و ویلیامز بورزو و ئالن گینسبرگ و جون جونیت و ئەلبرتو مۆرافیا و جاک کیرواک.. لەو شارەدا ژیاون. ئەو شارە چەندین قۆناخی بڕیوە، ئەوانە زۆر دەهاتن، وا بزانم ئەوانە دەهاتن سەیری ئێمە بکەن، وەک چۆن مەیموون لەسەرداران هەڵبەزین و دابەزین دەکات، بۆ سەیرکردنمان بەو شێوەیە دەهاتن، ڕەنگە ئەو قسەیە بۆ هەردوو برادەرەکانت.. جونیت و بولز.. ڕاست بێت؟

✱ بڕواناکەم ئەو قسەیە بۆ جونیت ڕاست بێت، ئەو کەسێکی ڕەسەن بوو، بەڵام وەسفەکەت سەبارەت بە بولز ڕاستە؟

– ئەو بۆ دیتنی ولاتی سادەی مەغریب هاتبوو، ئەو حەزی لە ولاتی مەغریبی ساڵانی سییەکان دەکرد، ئەو شێوەو ڕەوشی خۆش دەویست. زۆرینەی بێگانەکان بۆ خۆشی و ڕابواردن و سەرسامی دێنە ئەم ولاتە، تا دووکەڵ و حەشیشە هەڵمژن، تا لەگەڵ کوڕ و کیژان ڕابوێرن.. من دژی ژیانی ئەو کەسانە نیم، بەڵام بواری ئەو جۆرە ژیانە بە منیش نادەن. کە دوور دەژین، خۆمان بەکەم و سووک دەزانین، منیش ئارەزووی ژیانی وا نەرمونیانم دەکرد، ئەوان کە خۆش دەژین لەسەر حیسابی لایەنی دووەمە، چەوسانەوەی لایەنی دووەم بەسەرچوو، ئەوەیان کارێکی سەرەتاییە، تێمدەگەیت.

✱ بەڵام بولز دیارییەکی گرنگی پێشکەش کردیت،

(نانه پێخواسەکە)ی وەرگێڕایە سەر زمانی ئینگلیزی؟
– ئای کە دیارییەکی گەورە بوو.

* چۆن بەیەکەوە ئەو کارەتان ئەنجام دا؟
– من لە مێشکمەوە دەقە عەرەبییەکەم دەکردە ئەو ئیسپانییەی کە خۆم قسەی پێدەکەم.
بەو شێوەیە ئەوەم تێدەگەیاند، ئیسپانییەکەی منی، بە ئیسپانییەکەی خۆی دووبارە دەنووسییەوە، ئەو ئیسپانییەی وەردەگێڕایە سەر زمانی ئینگلیزی. تێبگە! لە (طنجه)دا ئەمریکییەک و مەغرببییەک بەیەکەوەن و ئیسپانی قسە دەکەن.

* ئێستا چ نووسینی نوێت لەبەر دەستدایە؟
نا ئێستا نووسینە کۆنەکانم ڕاست دەکەمەوە، گوێ ڕاگرە، دەمەوێ ڕاستییەکت لا ئاشکرا بکەم، من دەمەوێ ئەو ناوبانگییەی (نانە پێخواسەکە) بۆی دروست کردم بکوژم. لەو ڕۆژانەی چەواشەیی و هەڵەکان زۆربوون ئەوانەم نووسی، ئەو نووسینە هەر نەمرد. ئاکار و کەسەکانم نووسییەوە و ئەو نەمرد، ئەو نامرێ، من پان دەکاتەوە. منیش وەک ئەو نووسەرانەم لێدێت، ئەوانەی ناوداری و ناسینی یەک کتێب ئەوانی کوشت، من نامەوێت بەیەک کتێبەوە بمرم، وەک سرڤانتس لەگەڵ دۆن کیخۆت، فلوبێر لەگەڵ مادام بوڤاری، د. لۆرانس لەگەڵ خۆشەویستی ئەلیدی شاترلی مردن. (نانە پێخواسەکە) نەمرد و نامرێت، کوڕی قەحپەیە نامرێت، منداڵان لە کوچە و کۆڵانەکان بەناوی خۆم بانگم ناکەن، هەر بە ناوی (نانە پێخواسەکە) بانگم دەکەن، ئەو کتێبە ڕۆژانە بە زیندوویی پێم دەڵێت من ماوم، من زیندووم.

* کەواتە بەردەوام بە، تا (نانە بێخواسەکە) بکوژیت؟
– بێگومان، من کەسێکی کەللە ڕەقم، بورجەکەم گیسکە و دڵنیام گورگ دەیەوێت بمخوات، بۆیە دیدەمە بەر قۆچان.

* کەسەکان ڕێی نووسینت بۆ سازدەکەن، نووسەر تا دەمرێت هەر دەنووسێت، تا دەچێتە ناو گۆڕ، بەنیاز نیت لەو نزیکانە بچیتە ناو گۆڕ؟
– نا، نا...نا

ئەو دیدارە خافییر فالنزویلا سازی کردووە، لە پاشکۆی ڕۆژنامەی بابیس لە ٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٢ بڵاوکراوەتەوە.
شوکری لە ساڵی ١٩٣٥ لە دایک بووە، بە درەنگی و لە تەمەنی ٢٠ ساڵی فێری خوێندەواری بووە، لە تەمەنی ٣١ ساڵی یەکەم نووسینی بڵاوکردیتەوە، کە جگەرەی دەفرۆشت و پارەی لە بانک دادەنا، بە پەنجە لەسەر دەفتەرەکەی مۆری دەکرد، پیاوێک چاکەی لەگەڵ کردووە و ئیمزای فێرکرد و بەیانی لە بانک لە جیاتی پەنجە، ئیمزای کردووە، بەڵام ڕۆژی دوایی ئیمزاکەی لەبیرچوویتەوە. کە خوێندەواری فێربووە، شەو و ڕۆژ بە بەردەوامی شاکاری ئەدەبی کۆن و نوێی عەرەبی خوێندیتەوە.
ئەگەرچی لەو دیدارەدا دەڵێ زوو نامرم، کە لە ٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٢ بەو ڕۆژنامەنووسە ئیسپانییەی وتبوو، بەڵام لە سەعات یەکی پاش نیوەڕۆی ١٥ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٣ لە نەخۆشخانەی سەربازی لە (رباط) پاش مانەوەی دوو هەفتە لەوێ لە تەمەنی ٦٨ ساڵی، پاش تەمەنێکی پڕ لە کوێرەوەری و دەردەسەری و مەستی، بە نەخۆشی کانسەر کۆچی دوایی کردووە.

**شاکارە ئەدەبییەکانی شوکری ئەوانەن:**
الخبز الحافي ١٩٨١، لەلایەن بۆل بولز لە ساڵی ١٩٧٣ کراوە بە ئینگلیزی. لە ساڵی ١٩٨١ لە لایەن (طاهر بن جلون) کراوە بە فەرەنسی. ئەوەیان بەشی یەکەمی ڕۆژانەکەیەتی، بەشی دووەم بە ناوی (زمن الاخطاء) بڵاوکراوەتەوە، باسی سەردەمی هەرزەکاری خۆیەتی کە فێری زمانی عەرەبی دەبێت. بەشی سێیەمیشی لە ڕۆژانەکەی بڵاودەکاتەوە.
المولع بالورد (کۆمەڵە چیرۆک)
الخيمة (کۆمەڵە چیرۆک)
السعادة (ڕۆمانێکی شانۆگەرییە)، هەروەها ئەو کتێبانەشی هەیە، (زوكو الصغير و جون جينى فى طنجه) و (مذكرات) و (تنسى وليامز) غواية (الشحرور الابيض) و دوا بەرهەمیشی (زوكو ديفليزه) لە ساڵی ١٩٩٦. ڕەنگە دەستنووس و لاپەڕەی پەرتەوازەی زۆریشی هەبێت.

# سەرچاوەی عەرەبی لە بابەت کوردەوە

مارف خەزنەدار

## پێشەکی

ئەوەی لەسەر لاپەڕەکانی ئەم کۆوارەدا بلاودەکرێتەوە کورتەی باسێکە بەم ناوەوە بەزمانی ڕووسی لە کۆنگرەی سالانەی ئامۆژگای ڕۆژهەلاتناسی ئەکادیمیەی زانستی لە شاری سانت پیترسبورگ (لینینگرادی ئەوسا ) لە ڕووسیا (١٩٦٣) پێشکێش کراوە.

لەو سەردەمەدا لە پێشانا من قوتابی خوێندنی بالا بووم تا سالی ١٩٦٣ لە پاشانا بووم بە کارگەری زانستی تا سالی ١٩٦٨.

نویشکی باسەکە بە زمانی ڕووسی لە کتێبی کۆنگرەدا بلاوکرایەوە بۆ بەشداربووان و دامودەسگاکانی ڕۆژهەلاتناسی لە سەردەمی دەسەلاتی سۆڤیەتەکاندا.

ئامادەکردنی ئەم بابەتە زیاتر لەسەر داوای بەشی عەرەبناسی ئامۆژگای ڕۆژهەلاتناسی بوو. لەیەکەم ڕۆژانی دامەزرانم وەک قوتابی خوێندنی بالا و کارگەری زانستی لەبەشی کوردناسیدا بەشی عەرەبناسی نزیکترین بەشی زانستی ئامۆژگا بوو لە منەوە. ئەوانی دیکە ئەم بەشانە بوون: تورکی، ئێرانی، قەفقاسی، ئاسیای ناوەڕاست، ئەرشیڤ. لە بەشی عەرەبناسیدا زمانی عەرەبی و مێژووی ئەدەبی عەرەبی کۆنی پێش ئیسلامم دەگوتەوە.

لەبابەت ئەم باسەوە ئەوەی لەم ماوەیەدا بلاو دەکرێتەوە هەر ئەوەیە لە کۆنگرەکەدا پێشکێشم کرد. ئەگەر تێبینی پێویست هەبێ لە بابەت ناوەرۆکی باسەکەوە لە دوای سالی ١٩٦٣ لە پەراوێز ئاماژەم بۆ کردووە.

## پێوەندی کورد بە عەرەبەوە

لەو ماوەیەی بۆم دەسنیشان کراوە کە ئەم باسە

فراوانەی تێدا پێشکێش بکەم لە تواناندا نییە هەموو ئەو زانیارییانەی ئێستا لەبەردەستدان بخرێنە ڕوو. بۆیە دەتوانم تەنیا لە وێستگە گرنگەکاندا بوەستم.

ئێستاش هەوڵ دەدەم بە کورتی ئاماژە بە کارە گرنگەکانی زانایانی عەرەب بکەم لەبابەت کوردەوە، لە وانەکاری مێژوونووس و جوگرافیناسە بەناوبانگەکانی عەرەب، ئەوانەی لە کتێبە کلاسیکییەکانیاندا زانیاری گشتییان لەبارەی مێژوو و جوگرافیا و ئەتنۆگرافیا و کاروباری کۆمەڵایەتی دیکەی کورد بڵاو کردۆتەوە.

وەکو ئاشکرایە لە ئەنجامی بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە تایبەتی لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئومەوی و عەباسییاندا، کۆمەڵێک زانیاری و کتێبی مێژوو و جوگرافیا و ئەتنۆگرافیا لەلایەن ڕۆشنبیرە کلاسیکییەکانی عەرەب لە پێشاندا کەوتبوونە ناوەوە، لەدواییدا وەک هەواڵی سەرزاری نەنووسراو کەوتنە ناو کتێبەوە. ئەو زانیارییانەی پێوەندییان بە ئایینی ئیسلامەوە هەبوو لەگەڵ ڕوون کردنەوەی کاریگەری ئەم ئایینە لەسەر گۆڕانی خاک و وڵاتی ئەو میللەت و نەتەوە نا عەرەبانەی بوون بە موسوڵمان.

ئەوەی ئاشکرایە نووسەرانی عەرەب بە جۆرێک تەماشای ئایینی ئیسلام دەکەن وەک چاکترین ئایین لەسەر ڕووی زەوی، لەناو کۆمەڵێکی زۆر گەورە و فراوان بڵاوبۆتەوە. ئەوەی جێی گومان نییە، ئەوەیە ئایینی ئیسلام لەگەڵ پەیدابوون و سەرهەڵدانیدا بوو بە ئایینی هەموو ئەو تیرە و عەشیرەت و بنەماڵانەی دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتیان بەدەست کەوت. دیارە ئەمانە هەموویان لە نەتەوەی عەرەب بوون. لە دواییدا ئیسلام بوو بە ئایینی هەموو نەتەوەکان، نەک تەنیا عەرەب چونکە لە سەرەتاوە خاوەنی ئایینەکە بوو. لەبەر ئەوە گومان لەوەدا نییە بەگشتی مێژوونووس و جوگرافیناسانی عەرەب ئەوانەی باسیان لە میللەتی کورد کردووە و زانیارییان لەبابەت مێژووی میللەت و جوگرافیای کوردستان نووسیوە بۆچوونیان ئەنجامی ئەو فیکرە بووە عەرەبیان بە خاوەنی ئایینەکە ناسیوە، لەبەر ئەوە ئەگەر کورد، یان هەر میللەتێکی دیکەی نا عەرەب بکرێ بە عەرەب، یان لێی نزیک بکرێتەوە، بەلای ئەوانەوە شەرەفێکی گەورەیە بۆ ئەم میللەتە.

لە دوای جەنگی نێوان عەرەب و میللەتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام و وڵاتی کورد و هەندێ لە میللەتانی دیکەی ناوچەکان کەوتنە ژێر دەسەڵاتی عەرەبەوە. بەشی زۆری میللەتی کورد هاتنە سەر ئایینی ئیسلام. لەم ئایینەشدا بەشی هەرە زۆری بوو بە لایەنگری ئایینزای سوونی و بەشێکی کەمیش چووە سەر ئایینزای شیعی. جگە لە ئایینی ئیسلام هەندێ لە تیرە و هۆزەکانی میللەتی کورد لەسەر ئایینە قەومییە کۆنەکانی خۆیان مانەوە، لەمانە ئێزیدی و یارسان (ئەهلی هەق) و هی دیکە.

زمانی عەرەبی وەکو زمانێکی ڕەسمی دەوڵەتی و وەکو زمانی قورئان بە شێوەیەکی فراوان لە گێتی ئیسلامدا بڵاوبووەوە، بەتایبەتی لەناو خوێندەواران لەناو مزگەوت و ڕێگەی خۆش کرد بۆ پەیدابوون و پەرەسەندنی بەرهەمی ئەدەبی لە زمانی قەومی ئەو نەتەوانەی بوون بە موسوڵمان، لەبەر ئەوە گۆڕانی کولتووری عەرەب خۆی سوودی لە بەشداری ڕۆشنبیرانی نەتەوەکانی دیکەی وەرگرت، ئەمانە هۆیەکی گرنگ بوون بۆ پێشکەوتنی ئەدەب و زانیاری لە بابەت هەموو لایەنی ژیانی میللەتی عەرەبەوە. یەکێک لەو نەتەوانەی خزمەتی زۆرە بۆ پێشکەوتنی نەتەوەی عەرەب میللەتی کوردە. بۆ بەڵگە پێویستە ئاماژە بۆ ناوی ئەم کوردانە بکرێ هی وەکو زانای مێژووی ئەدەبی عەرەبی ئیبن قوتەیبەی دینەوەری (٨٢٨-٨٨٩) و دامەزرێنەری ئایینزای حەنەفی (یەکێکە لە چوار ئایینزاکەی سوننە) ئەبو حەنیفەی دینەوەری (لە ٨٩٤ ز کۆچی دوایی کردووە)، مێژوونووسی ناودار ئیبن خەلەکان (٢١١- ١٢٨٢ ز) و گەلێکی دیکەش.

لە ناو گەورە بەڕێوەبەرانی دەوڵەت و فەرماندە مەزنەکانی سوپا لە کۆمەڵی گێتی ئیسلامدا ئەوانەی دەوری گرنگیان هەبوو لە مێژووی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەندێکیان بە نەژاد کورد بوون. کەسانی وەکو ئەبو موسلیمی خۆراسانی (٧٥٥ز کۆچی دوایی کردووە) و سەلاحەدینی ئەیوبی و هی دیکە لاپەڕەی مێژوویان ڕەنگین کردووە. لەبەر ئەوە نووسەرانی عەرەب تا پلەیەک لە بەرهەمەکانیاندا لەبیریان نەچووە ناوی کورد بێنن.

## کورد لە سەرچاوە کلاسیکییەکانی عەرەبدا

زانیـاری هەرە کـۆن لـە بابەت کـوردەوە ئەوەی ئێـمـە ئاگادارین ئەوەیە لە لایەن نووسەر و ڕۆشنبیری کلاسیکی عەرەبەوە کەوتوونەتە ناوەوە، لەوانە تەبەری، مەسعوودی و ئیبن خـەلەکان و هی دیکە. لێرەدا ئەم زانایانە کە بە عـــەرەب ناو دەبرێن مـــەبەست ئەوەیە بە عـــەرەبی نووسـیـــویانە، ئەگـینا بە نەژاد بەشـێکی زۆریان لەم نووسـەرانە لە نەتەوەکـانی دیکە بوون، ئاییـنی ئیـسـلام ئەوانەی کرد بە عەرەبی نووس، لەناویاندا کورد دەکەونە بەرچاو، یەکێکی وەکو ئیبن خەلەکان لە هەولێر لەدایک بووە.

زانیاری لە بابەت کوردەوە لە کاری ئەم نووسەرانە زۆر نییە. هەندێکیان پێوەندییان بە نەژادی کوردەوە هەیە، هەروەها لە بابەت وڵات و ئاین و نزیکـییـان لە ئایینی ئیـسـلام و بەشـدار بوونیـان لە بڵاوکـردنەوەی ئایینی ئیـسـلام. لە بابەت نەژادی کـوردەوە بیـروباوەڕی ئەم نووسـەرانە بەم جـۆرە بوو: هەندێکـیـان لەسـەر ئەو باوەڕەبوون نەژادی کورد لەگەڵ عـەرەب لە نزیکەوە هیچ پێوەندییەکیان بەیەکەوە نییە، کەچی هی دیکەیان لەسەر ئەو باوەڕەن بوون کـــورد و عـــەرەب لەیەک نەژادن، بۆ بەڵگە مەسعوودی نەژادی کورد بە حیکایەتی فۆلکلۆری ئەفسانەیی ناو خەڵکی دەگێڕێتـەوە (١)، هەروەها ئەم حیکایەتە ئەفسانەییە بە شێوەیەکی دیکە ئەبولقاسمی فیـردەوسیش باسی لێـوە دەکا (٢). مەسـعـوودی دەڵێ: کـورد لە نەوەی مـوزەری (مـضـر) کـوڕی نەزارن. کـورد کـوڕی مەرد کـوڕی سەعسـەعـەی کوڕی هەوازن. ئەوانە ڕوویان کردە شاخ و زمانی عـەرەبی خۆیان بزر کرد (٣). لە پاشـاندا ئەوە ڕوون دەکـاتەوە کـوردەکـان لە ڕۆژگـاری بڵاوبوونەوەی ئاییـنی ئیـسـلام ڕۆژ و ئاگـر و درەخت و بەردیان دەپەرست و باوەڕیان بە هەمـــوو ئەدگـــار و بزووتنەوەی سـروشت هەبوو، هەروەها مـەسـعـوودی دەنووسێ لە کـۆمەڵی کوردەواریدا دوو عـەشیـرەتی کـورد هەیە لەسەر ئاییـنی مەسیـحین، هەندێ کـوردی دیکەش باوەڕیان بە ئاییـنی جوولەکە هەیە.

## سەرچاوەکانی سەدەی نۆزدەیەم

زانیاری گشتی و فراوان و کتێبی تایبەتی لەسەر کورد لەلایەن نووسـەرەکـانەوە بە زمـانی عـەرەبی لە مـاوە کۆنەکانی سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاست شتێکی ئەوتۆ لە ناوەوە نیـیــە. لە دواســاڵانی ســەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیسـتـەم کـاری زانسـتی تایبـەتی لە بابەت جوگـرافـیـای وڵات و مـێـژوو و ئاییـنی و زمـانی مـیللەت و بزووتنەوەی ڕزگـاری نەتەوەی کـورد دەکەوێتە بەرچاو. ئەم جۆرە بەرهەمە زانسـتـییانەی ئەو مـاوەیە لە لایەن نووسـەرە عـەرەبەکـانەوە کـە لە بارەی کـوردەوە نووسراوەتەوە لەبەر ئەوە بووە، چونکە کورد لەسەر ئاییـنی ئیـســلام بووە، بۆیە بەرێزەوە تەمـاشـایان کـردووە، یان لەبەرئەوەی کوردیش وەکو یەکێک لەو میللەتانەی وەک عـەرەب کـەوتبـوونە ژێر چەوسـانەوە و زوڵم و زۆری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی.

خـاوەنی یەکـەمین بەرهەمی زانسـتی لە بابەت زمـان و ئەدەبی کوردییەوە یووسف زیائەدین پاشای خالیدی بوو، ئەمە بە نەتەوە عـەرەبی فـەلەستینی بوو، لە دوا ساڵانی سـەدەی نۆزدەیەم پارێزگـاری ناوچەی مـوتەکی بوو لە ویلایەتی بیتلیسی کوردستانی عوسمانی.

کتێبەکەی خالیدی بە ناوی «دیاری حەمیدی لە بابەت زمانی کوردیەوە =الهدية الحميدية في اللغة الكردية) (٤) لە ساڵی ١٨٩٢ بڵاوکراوەتەوە. لە پێشەکییەکەیدا دانەر ئاخ و داخی گران هەڵدەکێشێ بۆ ئەوەی کورد وەکو یەکێک لە میللەتە موسوڵمانەکان بایەخی پێ نەدراوە و پشت گـوێ خـراوە. کـەس لە زمـان و ئەدەب و خـوو و ڕەوشت و نەریتی کۆمەڵایەتی نەکۆڵیوەتەوە بە مەبەستی دەرخستنی ڕاستی و لە پێناوی ئەوەی میللەتی کورد هان بدا بۆ پێـشـخسـتنی کولتووری قـەومی خۆی لەبەر ئەوە بڕیاری دا خـۆی خـەریکی لێکۆڵینەوە بکا لە زمـانی کوردی. دانەر دەڵێ زمـانی کـوردی سەرنج ڕادەکێشێ. زمـانێکی بەرزە، سـەربەخـۆ و ڕەسـەنە، فـۆنێـتـیک و مۆرفۆلۆجی تایبەتی خۆی هەیە. لە بەشێکی کتێبەکەیدا باس لە خاسیەتەکانی فۆنێتێکی زمانی کوردی دەکا، هەروەها زانیـاری لە بابەت مـۆرفـۆلۆجی زمـان و ئەدەبی کـلاسـیکی دەردەبڕێ. بەشی دوایی کـتـێـبـەکـەی بۆ فـەرهەنگی وشـەی کـوردی و عـەرەبی تەرخـان کـردووە. سەرچاوەی فەرهەنگۆکەکەی «نەوبەهار» و کتێبی ئاییـنی «عـەقـیـدە»ی شاعـیری گەورەی کـورد ئەحـمـەدی خـانی (١٦٥٠ – ١٧٠٧) بووە.

## سەرچاوەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم

لە دوای جەنگی یەکەمی گیتی، هەندێ لە مێژوونووسە عەرەبەکان بەتایبەتی مێژوونووسانی عێراق دەست دەکەن بە نووسینەوەی چەند لایەنێکی مێژووی کورد. مێژوونووسی عێراقی عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی «مێژووی ئێزیدی = تاریخ الیزیدیة» (٥) ی نووسیوەتەوە. نووسەر هەوڵ دەدا ئەوە بخاتە ڕوو کە ئێزیدییەکان بە نەژاد لە تیرە و هۆز و عەشیرەتەکانی عەرەبانن. بەڵگەی ئەوەیە گۆیا وشەی «ئێزیدی» لە بنجدا لە ناوی خەلیفەی دووەمی ئومەویەکان «یەزید» وەرگیراوە. ئەوەی دانەری ئەم کتێبەی بە هەڵە بردووە ئەوەیە وا دەزانێ ئایینی ئێزیدی یەکێکە لە ئایینزاکانی (مەزهەبەکانی) ئایینی ئیسلام.

لەم بابەتەوە دەڵێ: ئێزیدی لەناو کۆمەڵی عەرەبدا سەری هەڵداوە، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە وشەی «ئێزیدی» پێوەندی بە ناوی «خوای چاکە»ی کۆنەوە هەیە لە ئایینی زەردەشتدا. خوێنەر و خوێندەوارانی کورد ئەوانەی خەریکی لێکۆڵینەوەی ئایینی ئێزیدین لایەنگری ئەو تیۆرییەی دوایین. ئەوەی ئەم لێکدانەوەیە بەهێز دەکا ئەوەیە جەوهەری ژیانی گیانی و خوو و ڕەوشتی ئایینی و کۆمەلایەتیان پاشماوەی بیری نەتەوەکانی ڕۆژهەلاتی کۆنە، لەناو ئەمانەشدا جەوهەری ئایینی زەردەشتی و مانەوەی لە ئایینی ئێزیدیدا ڕوون و ئاشکرایە.

بایەخدانی مێژوونووس و نووسەرانی عەرەب و عەرەبی نووس بە ئایینی ئێزیدی زۆر گەورە و فراوان و بە پیت بوو. هەندێکیان لەم کارە زانستییانەدا دەکەونە ڕوو: ئەحمەد تەیموور «ئێزیدییەکان و نەژادیان= الیزیدیون وأصلهم» (٦)، ئیسماعیل چۆل «ئێزیدییەکان لە کۆن و سەردەمی ئێستادا» (٧)؛ «الیزیدیون قدیماً وحدیثاً» سدیق دەملووجی «ئێزیدییەکان= الیزیدیون» (٨)؛ عەباس ئەلعەزاوی «مێژووی ئێزیدی نەژاد و بیروباوەڕیان= تاریخ الیزیدیة -أصلهم و مذهبهم» عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی «شەیتان پەرستان لە عێراق= عبدة الشیطان في العراق» (١٠) و هی دیکە.

تەنیا لەسەر بنچینەی هەندێ بەڵگەی ئەتنۆگرافی و ڕووداوی ناڕاست و ڕەسەن ئەو مێژوونووسانە بڕیار لەسەر عەرەب بوونی ئێزیدیان دەردەکەن. لەو کاتەی نابێ ئاوڕ لەم بیر و باوەڕ و بۆچوونە چەوتانە بدرێتەوە پێویستە کەڵک لە زانیارییە ڕاست و بەجێکانیان وەربگیرێ کە لە کارەکانیاندا هاتووە لە بابەت خوو و ڕەوشت و کاروکردەوەی کورد و شەعاییری ئایینی و جەژن و جلوبەرگ، هەروەها لە بابەت کتێبە ئایینییەکانیانەوە «مەسحەفی ڕەش» و «کتێبی جیلوە» و سروودی ئایینی یان گرنگییەکی زۆری هەیە لە پێناو لێکۆڵینەوە لە مێژووی کولتووری نەتەوەی کورد.

تا پلەیەکی بەرز کارە مێژووییە زانستییەکانی مێژوونووسی عێراقی خەڵکی مووسڵ سدیق دەملووجی خزمەتێکی گەورەی نووسینەوەی مێژووی میللەتی کوردیان کردووە. ئەم مێژوونووسە خاوەنی کتێبی «میرنشینی کوردی بادینان= أمارة بهدینان الکردیة» (١١).

ئەمە یەکێکە لە کارە زانستییە چاکەکان کە لە بابەت جوگرافیا و ئەتنۆگرافیای ناوچەی بادینان لە کوردستانی عێراق نووسراوەتەوە، هەروەها لە بابەت مێژووی میرنشینی بادینان و پێوەندی دەرەبەگایەتی لەناوکوردان لەم ناوچەیەدا. دانەری کتێب بە وردی و بە درێژی باسی لە بزووتنەوەی سۆفیزم و ئایینی ئێزیدی و جوولەکە و ئاسووری دەکا لە ناوچەی بادینان. دەملووجی هەندێ ڕاستی دەخاتە ڕوو بەوەی چۆن دەسەڵاتی عوسمانی ئاگری شەڕ و دوژمنایەتی خۆش دەکرد لە نێوان کورد و عەرەبی ناوچەی مووسڵ. دانەری کتێب لە سەر ئەو باوەڕەیە ئەو دەسەڵاتە بە چاوێکی نزم دەینواڕییە هەندێ لە عەشیرەتەکانی کورد ئەوانەی بەرهەڵستی سیاسەتی زاڵمانەی دەسەڵاتی عوسمانیان دەکرد، لەوانە ئایینی یارسان (ئەهلی هەقی کاکەیی) بە «عەلی ئیلاهی» و ئایینی ئێزیدی بە «شەیتان پەرست» ناویان دەبردن. ئەم دوو زاراوەیە کە دەسەڵاتی عوسمانی بەکاری دەهێنان بۆ ئەو بەشانەی کۆمەڵی کوردەواری بۆ ئەوە بوو بە خەڵکی بڵێن بیانکوژن، چونکە بێ گومان ئەوەی عەلی، یان شەیتان بکا بە خودا کافرە و دەبێ بکوژرێ.

لە ساڵی ١٩٤٥ کتێبێکی بەکەڵکی ئەدیب موعەوەز بڵاوکرایەوە بەناوی «کورد لە سووریا و لبنان = الاکراد في سوریا و لبنان» (١٢) لەو کتێبە باس لە مێژووی میللەتی کورد و جوگرافیای خاکی کوردستان دەکا. لە خوو و ڕەوشتیان دەدوێ، بەسەرهاتیان دەگێڕێتەوە،

هەروەها بڵاوبوونەوە و نیشتەجێ بوونیان لە سووریا و لبنان. مێژوونووس گەلێ زانیاری بەکەڵک دەخاتە ڕوو ئەوەی ڕەنگدانەوەی واقیعی ئەو میللەتەیە لە هەموو ڕوویەکەوە لە سووریا و لبنان، لەوانە بایەخی تەواو بە سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەری و چاپەمەنی کوردی دەدا بەتایبەتی لە ڕۆژگارانی جەنگی دووەمی گێتی. کۆششی برایانی جەلادەت و کامەران بەردخان دەخاتە ڕوو، مێژوونووس دەڵێ: حکومەتی تورکیا دان بە کورد ناهێنێ، وەکو نەتەوەیەکی ڕەسەنی سەربەخۆ تەماشای ناکا و بڵاوکردنەوەی بەرهەمی ئەدەبی و هەمەجۆرە چاپەمەنییەک بە زمانی کوردی قەدەغە کراوە، لەبەر ئەوە کورد ناچار لە پێناوی بڵاوکردنەوە و پێشکەوتن و گۆڕانی ئەدەبیان پەنا ببەنە بەر سووریا و لبنان و لە دیمەشق و بێرووت دەست بەبڵاو کردنەوەی کۆوار و چاپەمەنی دیکە بکەن.

مامۆستای زانستگا و جوگرافیزانی عێراقی شاکر خەسباک یەکێکە لە پسپۆڕانی مێژوو و جوگرافیای کورد و کوردستان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد. کتێبی «کورد و مەسەلەی کوردی= الكرد و المسألة الكردية» (١٣) لە کاتی خۆیدا دەنگی دایەوە، چونکە نەک تەنیا بە هەناسەیەکی زانستییانە نووسرابوو، بەڵکو لە سۆزی مرۆڤایەتیش بە دوور نەبوو بەرانبەر بە کورد، شاکر خەسباک وەکو ڕۆشنبیرێکی ئاشتیخواز و پێشکەوتنخواز دۆستی میللەتی کورد بوو، ئەم زانایە یەکێک بوو تا پلەیەک لە مەسەلەی نیشتمانی و قەومی کورد گەیشتبوو لە عێراقدا. ئەو لەسەر ئەو باوەڕە بوو دیمۆکراتیزم لە عێراقدا سەر ناگرێ و دروست نابێ تا ئەوکاتەی یەکسانی بە تەواوی و بێ کەموکوڕی لەنێوان عەرەب و کورد پەیدا نەبێ لە هەموو لایەنێکی ژیانی کۆمەڵی ئادەمیزاددا، لایەنی سیاسی و ڕۆشنبیری و ئابووری.

## سەرچاوەی عەرەبی نووسەر و مێژوونووسانی کورد لە بابەت کوردەوە

زانیارییەکی زۆر لە ناوەوەیە بە زمانی عەرەبی لە لایەن نووسەر و مێژوونووسانی کورد خۆیانەوە نووسراوەتەوە، زۆربەیان لە کوردانی خەڵکی عێراقن، چونکە زمانی عەرەبی بەشێوەیەکی فراوان لەناو نێوەندی خوێندەواری کوردی ئەم وڵاتەدا بڵاوبووەوە، مێژوونووسی بەناوبانگی کورد محەمەد ئەمین زەکی خاوەنی زنجیرەیەک کتێبی مێژووی بەنرخە لە بابەت کوردەوە بە زمانی عەرەبی. لەوانە «خولاسەیەکی مێژووی کورد و کوردستان= خلاصة تاريخ الكرد و كردستان»؛(١٤) «مێژووی حکومەت و میرنشینە کوردییەکان لەسەردەمی ئیسلامدا= تاريخ الدول و الامارات الكردية في العهد الاسلامي»؛ (١٥) «ناودارانی کورد= مشاهير الكرد»؛(١٦) «مێژووی سلێمانی و وڵاتی= تاريخ السليمانية و أنحائها».(١٧)

ئەمین زەکی لە ئامادەکردنی ئەم کتێبانە سەرچاوەیەکی زانستی زۆری بەکارهێناوە بە زمانانی عەرەبی و تورکی و فارسی و هەندێ لە زمانانی ئەورووپا، بەتایبەتی کارە زانستییەکانی کوردناس و ڕۆژهەڵاتناسە گەورەکانی ئەورووپا. گومان لەوەدا نییە ئەم کتێبانەی ئەمین زەکی بوون بەسەرچاوەیەکی گرنگ بۆ نووسینەوەی مێژووی کورد و مێژووی ڕۆشنبیری و کولتووری کوردی، ئەوەی لێرەدا پێویستە ڕوون بکرێتەوە ئەوەیە ئەمین زەکی کتێبەکانی بە زمانی کوردی نووسیوەتەوە، هەندێکی بڵاوکراونەتەوە و بەشێکی دیکەیان نەگەیشتوونەتە چاپخانە، بەڵام لە پاشاندا هەموو بەرهەمەکەی بڵاوکراوە و بڵاونەکراوە، وەرگێڕاونەتە سەر زمانی عەرەبی و لە قاهیرە و بەغدا چاپ کراون. لەم کارەدا زانایانی کورد محەمەد عەلی عەونی لە میسر و محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی لە عێراق دەوری باڵایان بووە لە وەرگێڕانی ئەم کتێبانە لە زمانی کوردییەوە بۆ زمانی عەرەبی.

یەکێ لە کتێبە گرنگەکانی مێژووی کورد کتێبی «مەسەلەی کورد= القضية الكردية»یە(١٨). ئەمە لە لایەن بلەچ شێرکۆ نووسراوەتەوە. دانەر لە کتێبەکەیدا ئاماژە بۆ دەور و تێکۆشانی نیشتمانپەروەرو ڕۆشنبیرانی کورد دەکا لە خەباتیاندا بۆ بە ئەنجام گەیاندنی مەسەلەی نیشتمانی نەتەوەی کورد. ئەو دەڵێ بزووتنەوەی ڕزگاری میللەتی کورد لە ڕاپەڕین و هەڵسانە گەورەکانی لە هەندێ لە ئاقارەکانی کوردستان لە دژی چەوسێنەرەکانی دەلیلی هوشیاری نەتەوەکەن، هەروەها ئەوە دەخاتە ڕوو چۆن دەسەڵات بە دەستانی تورک، دڕندانە ئاگری ئەم ڕاپەڕینانەیان کوژاندەوە، گەنجیان سەربڕی و زیندەبەچاڵیان کردن و منداڵ و ژن و پیریان ئاوارەکرد.

کتێبی محەمەد شێرزاد «خەباتی کورد= نضال الاکراد»(١٩) سەرچاوەیەکی گرنگ و لێکۆڵینەوەیەکی قووڵە لە مێژووی بزووتنەوەی رزگاری نەتەوەی کورد. ئەوەی ئەم کتێبەی دەوڵەمەند کردووە، ئەوەیە دانەر پشتی بە دوکومێنت (وەسیقە) بەستووە و هەندێکی بڵاوکردۆتەوە. دانەر پرۆگرامی پارتی کۆمۆنیستی کوردستانی بڵاوکردۆتەوە. ئەم پارتییە لە ماوەی جەنگی دووەمی گیتی بە ناوی «شۆڕش»ەوە بوو. لەوسەردەمەدا هەڵوێستی ئازادی کورد و دروست کردنی دەسەڵاتی قەومی بوو بە مەبەستی دامەزراندنی کۆمەڵێکی سۆسیالیستی وەک ڕەنگدانەوەیەکی فەلسەفەی کارل مارکس. لەو کاتەدا «پارتی رزگاری» کوردیش لە ناوەوە بوو. ئەمەیان رەنگدانەوەی بیر و باوەڕی رزگاری نەتەوایەتی بوو بەشێوەیەکی دیمۆکراتیانە. هەڵوێستی ئەم دوو پارتییە بەرانبەر بە یەکتری و لە ناو خەڵک ئەوەبوو «شۆڕش» نوێنەری پرولیتاریای سۆسیالیزمە و «رزگاری» نوێنەری بۆرجوازی دیمۆکراتییە! لە ساڵی ١٩٤٦ کۆنگرەیەکی تایبەتی لە نێوان ئەم دوو پارتییە کوردییە و پارتی کۆمۆنیستی عێراق بەسترا. لە ئەنجامی کۆنگرەکە پارتی کۆمۆنیستی کورد «شۆڕش» و پارتی رزگاری هەڵوەشانەوە، بەشێک لە ئەندامانی ئەم دوو پارتییە چوونە ناو پارتی کۆمۆنیستی عێراق (لقی کوردستان)، بەشەکەی دیکە «پارتی دیمۆکراتی کوردی»یان دروست کرد لە ئەنجامی بەستنی کۆنگرەیەکی تایبەتی لە بەغدا، لە دواییدا ئەم پارتییە ناوی بوو بە «پارتی دیمۆکراتی کوردستان» و تا ئێستا بەردەوامە.

شاعیر و نووسەر و کەسێتی سیاسی بە ناوبانگ ئیبراهیم ئەحمەد کتێبێکی لە بەغدا بڵاوکردەوە بە ناوی «کورد و عەرەب= الاکراد و العرب» (٢٠). لەم کتێبەدا دانەر باس لە گرنگی خەباتی هەردوو میللەتی کورد و عەرەب دەکا لە دژی ئەمپریالیزم و فەرمانڕەوایی تۆتالیتاری رۆژهەڵات لە دوای جەنگی یەکەمی گیتی بەتایبەتی رژێمی تورکیا و ئێران بەرانبەر بە کورد، هەروەها لە وەزعی ئەو دوو میللەتە چەوسێنراوەی کورد و عەرەب دەدوێ لە لایەن ئەمپریالیزمی ئەورووپاوە.

زانای گەورەی کورد تۆفیق وەهبی بە زمانی عەرەبی «دەستووری زمانی کوردی= قواعد اللغة الکردیة»(٢١)ی بڵاوکردۆتەوە. ئەم کارە لە پلەیەکی بەرزی لێکۆڵینەوەی زانستیدایە، بەوەی دانەر پێڕەوی سیستێمی قەواعیدی زمانی عەرەبی نەکردووە لە دانانی دەستووری زمانی کوردی، چونکە لە بنەماڵەی زمانە سامییەکانە، بەڵکو پێڕەوی سیستێمی زمانە هیند و ئەورووپییەکانی کردووە، چونکە زمانی کوردیش لە بنەماڵەی ئەو زمانانەیە کە هەموویان دەگەڕێنەوە سەر «ئاری کۆن». لە ناوەرۆکی ئەم کارە زانستییەی تۆفیق وەهبی ئەو راستییە دەکەوێتە روو کە شارەزاییەکی تەواوی لە دیالێکتەکانی زمانی کوردی و هەندێ لە زمانە کۆنەکانی رۆژهەڵات هەیە. ئەم زمانانە ئێستا لە کەڵک کەوتوون و وەکو سەرچاوەیەک بۆ لێکۆڵینەوە ماونەتەوە.

## رۆژهەڵاتناسی ئەورووپا و رۆژنامەگەری عەرەبی

لە پەرەسەندن و پێشکەوتنی کوردناسی لە ئەورووپا تێکستی فۆلکلۆری کوردی و تێکستی ئایینی ئێزدیان و شیعری ئایینی یارسان (ئەهلی هەق) کراون بە عەرەبی و بڵاوکراونەتەوە.

نووسەر و رۆشنبیرانی کورد بە زمانی عەرەبی لە عێراق و دەرەوەی عێراق کۆمەڵێک چاپەمەنی و گۆواریان بە زمانی عەرەبی بڵاوکردۆتەوە. لەمانە پێویستە ئاماژە بە گۆواری «دیاری کوردستان» بکرێ، ئەمە بە زمانانی کوردی و عەرەبی و تورکی عوسمانی لە ساڵانی ١٩٢٥- ١٩٢٦ لە بەغدا بڵاوکراوەتەوە. گۆوارێکی دیکە «نزار» هەفتانە بە زمانی عەرەبی و کوردی لە ساڵانی ١٩٤٨- ١٩٤٩ لە بەغدا دەرچووە، هەروەها رۆژنامەی هەفتانەی «هەولێر= أربیل» لە ساڵانی (١٩٥٠- ١٩٥٣) لە شاری هەولێر بڵاوکراوەتەوە. ئەمە ئۆرگانی کۆمەڵەی مامۆستایانی عێراق (لقی هەولێر)بوو. رۆژنامەی «سەربەستی= الحریة» لە بێرووت بە زمانی عەرەبی لە ساڵی ١٩٥٧ بڵاوکرایەوە.

گۆواری «شەفەق» بە زمانی کوردی و عەرەبی لە کەرکووک لە ساڵانی ١٩٥٨- ١٩٦٣ بڵاوکراوەتەوە.

رۆژنامەگەری هەردوو حیزب پارتی کۆمۆنیستی عێراق و پارتی دیمۆکراتی کوردستان بە زمانی عەرەبی دەوریان هەبوو لە ناساندنی مەسەلەی قەومی کورد بە خوێنەری عەرەبیزان.

کــــاریگەری ئەمــــانە لە پێش ڕووداوەکــــانی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ی بەغـدا کـە بە نهـێنی کـاریان دەکـرد ڕەنگە ئەوەندە بەهێــــز نەبووبێ، بەڵام لە دوای ١٤ی تەمموز کـە هەر دوو حیـزبەکـە بە ئاشکرا کـاریان دەکـرد کاریگەریان زیاتر بوو. خوێنەری عەرەب تەنیا لە عێراق ئاگـاداری مـەسـەلەی خـەباتی ڕزگـاری و ئازادی کـورد نەبوو، بەڵکو لە وڵاتە عــەرەبیــــەکــانی دیکەش تا ڕادەیەک خەڵکی لە مەسەلەی کورد گەیشتبوون.

## دۆستایەتی کورد و عەرەب

دۆســـتـایەتی کـــورد و عـــەرەب بە ڕوونی ڕەنگی لە بەرهەمی ئەدەبی داهێنراوی عـەرەبی سـەردەم دابووەوە. لەبەرهەمی نووسەر و شاعیرانی عێراق نموونە لە ناوەوە هەیە. لە ناوەڕۆکیـاندا هەست بە سۆزێکی گەرم دەکرێ بەرانبەر بیری خەباتی هاوبەش لە نێوان نەتەوەی کورد و عــەرەب لە دژی دوژمنی هەردوولا. بیــروباوەڕێک لە ڕۆژگـارێک دروست بوو لە دوای دامــەزراندنی دەوڵەتی عـێراق و هێـشـتـا تەئسـیـری مـاوەو بووە بە دروشـمی برایەتی ئەم دوو مـیللەتەی لە دژی ئەمـپـریالیـزم و کۆنە پەرستی ناوەوە لە مەیدانی خەباتدا دەجەنگن.

کۆمـەڵێک شـاعـیـر و نووسـەرانی عـێراق بە زمـانی عەرەبی وشەی پڕ لە سۆزیان بەرانبەر بە کورد نووسیوە، لەناو ئەمانە پێویستە کەسانی وەکو (کازم سەماوی و بەدر شاکر سەیاب و محەمەد مەهدی ئەلجواهیری و عەبدولوەهاب ئەلبەیاتی) و هی دیکە لەبیرنەکرێن.

کـارە بە کـەڵکەکـانی تایبـەتی بە کـورد، بە زمـانی عــەرەبی کــە لە لایەن مــێـژوونووس و زانا و شــاعــیــر و نووسـەران نـوسـراونەتەوە، نرخی زانسـتی و ئەدەبی و سـیـاسـیــیـان بەرزە، بەتایبـەتی لە ڕووی بەهێـزکـردنی دۆسـتـایەتی کـورد و عـەرەب لە پێناوی دروست کـردنی بەرەیەکی خـەباتگێـڕ بۆ دامــەزراندنی فـەرمـانڕەوایەکی دیموکراتی و کۆمەڵێکی بەختیار بۆ ئەوەی کورد و عەرەب بتوانن لە هەمـوو شـتـێکدا یەکسـان بن، لە سیـاسەت و کولتوور و ئابووری بۆ ئەوەی بتوانن خۆشەویستیـیـان بەرانبەر بە نیشتمانیان بگەیەننە ئەنجام.

**سانت پیتر سبورگ (لینینگراد) بەهاری ١٩٦٣**

**پەراوێزەکان:**

(١) المسعـودي، أبوالحسن علي بن الحسين بن علي، مروج الذهب و مـعادن الجوهر، في أربعة أجزاء، ط٢، القاهرة، ١٩٤٨.

(٢) شاهنامەء فردوسی، متن انتقادی، تحت نظری، أ، برتلس، ٨ جلد، مسکو، ١٩٦٠- ١٩٧٠.

(٣) مـەسـعـوودی عـەرەب (لە ٩٥٧م مـردووە) و فیردەوسی عەجەم (لە ١٠٢٥م مردووە) باس لە نەژادی کـورد دەکـەن، گـێـڕانەوەی هەردووکـیـان لە بابەت نەژادی کوردەوە دەچێتە ناو «مێژووی ئەفسانەیی میللەت»، زۆربەی میللەتانی سەر ڕووی زەوی مێژووی ئەفسانەییان هەیە. ئەمە، یان خۆیان دروستیـان کردووە، یان بێگانە بۆیان هەڵبــەســتــوون، لە هەردوو حـاڵەتدا نەوەی ئەم میللەتانە بە خۆشیەوە وەری دەگرن و هەندێ جار شانازی پێوە دەکەن.

لە بارەی کوردەوە مەسعوودی دەڵێ کەسێک هەبووە ناوی کــورد بووە، ئیــتــر لە زنجـیــرەیەکی درێژ باب و باپیرانی بۆ دروست دەکا تا دەگاتە ناوی «هەوازن» ئەمە عەرەبێکی ڕەسەنە، باپیرە گەورەی عەشیرەتەکەیە بەم ناوەوە. لە دوای ئەو فـیـردەوسی دەڵێ: وەزیری زەحـاک یەکـێک لەو دووکـەسـەی ڕزگـاری دەکـردن کـە دەبوو مـێـشکیـان بکاتە خۆراکی مـارەکـانی سەرشـانی، ئەو کەسانەیان بە دزییەوە لە شاخی دەماوەند دەشاردەوە، کۆمەڵێک گەنج لەوێ کۆبوونەوە، ئەمـانە ژنیـان هێنا، ژنەکان جنۆکە بوون، لە منداڵی ئەمانەوە میللەتی کورد کەوتە ناوەوە.

بێ گومـان ئەمە گێـڕانەوەیەکی ئەفسانەیی خۆش و جـوانە، نازانم بۆچ هەندێ خـوێندەواری کـورد بەمـە گـرژ دەبن!

ئەوی ڕاســتی بێ من هەتا نەچووبوومــە دەرەوەی نیشتـمان بۆ خوێندن، ئاگاداری ئەم مەسەلەیە نەبووم. ڕۆژێکیـان لە نامـەخـانەی لینین (ئێـسـتـا نامـەخـانەی ڕووسـیـای پێ دەڵێن) لە مـۆسکۆ لەگـەڵ قـوتابییـەکی خوێندنی باڵا کەوتینە گفتوگۆ. ئەو لەمنی پرسی: ئێوە مـێـژووی ئەفـسـانەییـتـان هەیە؟ بەڕاسـتی من لێی تێنەگەیشتم. لە دوای گفتوگۆیەک لە مەسەلەکە گەیشتم.

ئینجـا پێم گـوت: بەڵێ هەمـانە. بۆچوونەکـانی مەسعوودی و فیردەوسیم بۆی گێڕایەوە. گوتی پێویستە

شانازی پێوه بکەن.

ئەو گەنجە خوێندەواره ڕاستی گوت، ئەو لە مەسەلەکە گەیشتووە و ئێمە تێی نەگەیشتووین. لێرەدا دوو بەڵگە بۆ ئەم مەسەلەیە دێنمەوە.

١- مێژووی ئەفسانەیی نەتەوەی ڕۆمانی کۆنی خاوەن ئیمپراتۆرییەت بریتییە لەوەی کوڕوکچێکی نەوزادی تازە لە دایک بوو فـــڕێ دەدرێنە ناو دارســـتـــان بۆ ئەوەی جانەوەری کێوی لەناویان ببەن. گورگێک لەباتی ئەوەی بیانخوا هەردووکیان دەکا بە منداڵی خۆی و بەخێویان دەکا. لە دوای گەورە بوون دەبن بەژن و مێرد و نەتەوەی ڕۆمـانـیـان لێ دەکـەوێتـەوە و لە پاش ئەوانا مـیللەتی ئیتالیای ئێستا وەک میراتگر دەیکا بەهی خۆی.

دروشمی ئیتالیا و شاری ڕۆمای ئێستا بریتییە لە گـورگـێک بە پێـوە وەسـتـاوەو لە ژێریدا دوو منداڵەکـە هەڵتووترکاون و سەریان بەرز کردۆتەوەو گوانی دەمژن.

ئەمە لەبەر ئەوەی گورگ ڕەمزی هێز و توانایە.

٢- دیسـانەوە بە مـەبەسـتی هێـز و توانا گـورگ بووە بەڕەمـز بۆ بەشـێک لە مـیللەتی تورک، ئەوان «گـورگـە بۆر»ی پێ دەڵێن. ئەمانە تورکە ناسیۆناڵە شۆڤێنییەکانن بیـر و باوەڕی تۆرانیـــزم بەڕێوەیان دەبا، ڕێکخـراو و حیزبیان هەیە، ڕێبەریان مستەفا کەماڵە، بەشانازییەوە گـــورگـــە بۆری پێ دەڵێن. بەم جـــۆرە مـــێـــژوویەکی ئەفسانەییان دروست کردووە بۆ دیاردەیەکی تازە.

ئێستاش بەلای منەوە پێویستە ئێمەی کورد مەمنوونی مـــەسـعـــوودی و فـــیـــردەوسی و هی دیکە بین ئەوانەی مـێژووی ئەفـسـانەییـان بۆمـان دروست کـردووە، چونکە مێژووی ئەفسانەیی داهێنانی ئەدەبی و هونەرییە لەگەڵ هەست و چێژ و دڵ و خەیاڵ و خەوبینین مامڵە دەکا، دەبێــتــە ســەر چاوە بۆ داهێنانی نوێ. مـاوەی ئەوەندە فــراوانە بێ دوایـیــە، کــەچی مــێــژووی ڕاســتــەقــینە و بەسەرهاتی تاکە کەسێک، یان کۆمەڵە خەڵکێک یەک حەقیقەتە، لەگەڵ زانست و ئیدراک و فیکر و لۆجیک و ڕووداو مـامـڵـە دەکـا، مـاوەی ئاسـۆی بێ پایان نـیـیـە و سنووری هەیە.

(٤) يوسف ضـيــاء الدين باشـا الخـالدي، الهـدية الحميدية في اللغة الكردية، استانبول، ١٣١٠.

(٥) عـبـدالرزاق الحـسني، تاريخ اليـزيدية، ط٢، بيروت، ١٩٥٤.

(٦) أحـمـد تيـمـور، اليـزيديون وأصلهم، القـاهرة، ١٩٣٣.

(٧) ئيـسـمـاعـيل جول، اليـزيديون قـديماً و حديثـاً، بيروت، ١٩٣٤.

(٨) صديق الدملوجي، اليزيديون، الموصل، ١٩٤٩.

(٩) عـبــاس العــزاوي، تاريخ اليــزيدية- أصلهم ومذهبهم، بغداد، ١٩٣٥.

(١٠) عبدالرزاق الحسني، عبدة الشيطان في العراق، بيروت، ١٩٣١.

(١١) صـديق الدملوجي، أمـارة بهـدينان الكردية، الموصل ١٩٥٢.

(١٢) أديب مـعـوض، الاكـراد في سـوريا و لبنان، بيروت، ١٩٤٥.

(١٣) شـاكـر خـصبـاك، الكرد و المسألة الكردية، بغداد، ١٩٥٩.

(١٤) محمد أمين زكي، تاريخ الكرد و كوردسـتـان، ترجمة محمد علي عوني، القاهرة، ١٩٣٦.

(١٥) مـحـمـد أمين زكي، تاريخ الدول و الامـارات الكردية في العهد الاسلامي، القاهرة، ١٩٣٧.

(١٦) مـحـمـد أمين زكي، مـشـاهـير الكرد، الجـزء الأول، ترجـمـة كريمتـه، بغـداد، ١٩٤٥؛ الجزء الثـاني، ترجمة محمد علي عوني، بغداد، ١٩٤٧.

(١٧) محمد أمين زكي، تارخ السليمانية و انحائها، ترجمة الملا جميل الروژبياني، بغداد، ١٩٥١.

(١٨) بلەچ شـيـركـۆ، القـضـيـة الكردية، القـاهرة، ١٩٣٠.

(١٩) مـحـمـد شـيـرزاد، نضـال الأكـراد، القـاهرة، ١٩٤٦.

(٢٠) إبراهيم أحـمـد، الأكـراد و العـرب، بغـداد، ١٩٣٠، ط٢، بغداد، ١٩٦١.

(٢١) توفيق وهبي، قـوعد اللغـة الكردية، جزءان، بيروت، ١٩٥٦.

# شیعر دەنگێکی گەردوونە

بەختیار محەمەد

دەستەواژەیەک هەیە لە مەڕ پێناسەی شیعرەوە دەڵێ: «کاری شیعر... بەندکردنی ئاسمان و زەوییە لە قەفەزی شێوە (فۆرم)دا...»(١). بەم پێیە لە فۆرمێکی سادەدا، بەڵام لەسیاقی چامەکەدا جوان و گەرم و گوڕ، (دەشتی) دەڵێ: «با کەس ناناسێ». ئایا شاعیر لێرە زەوی و ئاسمان بەند دەکا، لە قەفەزی فۆرمەکانی وێنەی (با)دا؟ ... (من مەبەستم لە فۆرمی سادە ئەو فۆرمەیە، کە مانا و دەلالەتەکان ڕوونتر خۆیان دەردەخەن؛ لەناو وێنەی بەرجەستەی وەهادا خۆیان دەردەخەن، کە پێوەندییان بە شیعراندنی واقیعەوە هەیە، ئەم فۆرمە بەڕای من خاوەن گوتارێکی مەعریفی شیرینە لە شیعردا: خوێنەر ناچاری ڕاکێشانی خوێندنەوەی دەق دەکا).

گوتاری دەقەکە دەیەوێ پێمان بڵێ «با کەس ناناسێ». (با) لێرە دەنگێکی شیعری- مۆسیقییە، دەلالەتە مرۆییەکانمان بەهەموو شێوەیەک نیشان دەدا. (با) لێرەدا زمانی کەونە و زمانی مرۆیە. (با) لێرەدا زمانی خودی شیعرە، کە بەسەر هەموو جیهاندا ئاواڵا دەبێ. (با) عیشقی شیعرە (شاعیرە) بۆ جیهان؛ جیهانێکی هەمەڕەنگ و غەمگین و جوان. (با) ئازادی گوتاری شیعرە، کاتێک لە فەزای زماندا دەگەڕێ (هەڵدەکا). (با) دەتوانێ ببێتە ڕەگەزێکی گەردوونی، (با) وەک ڕەگەزێکی گەردوونی، دەتوانێ گیانێکی گەردوونی بەزمانی شیعر ببەخشێ، (با) دەلالەتێکی بێ سنوورە لەناو زمانی شیعردا. زمانی شیعر دەبێ وەک (با) لەڕۆحی شاعیرەوە هەڵبکاو بەجیهانی بێ پایاندا پەخش ببێ، پێموایە(دەشتی) ئەم خەسڵەتە بەزمانی (با)ی شیعری خۆی دەبەخشێ، (با) بە فیعلی کەس



کەریم دەشتی

ناناسێ، (با) لە هەمان کاتدا کەسمان ناناسێ و هەمووشمان دەناسێ، (با) کەسمان ناناسێ، چونکە کوڕی گەردوونە، (با) هەمووشمان دەناسێ، چونکە دۆستی ژیانی هەمووومانە. (دەشتی) لەڕوانگە گەردوونییەکەیەوە، تەماشای (با) و تەماشای گوتاری شیعریانەی (با) دەکا. گوتاری شیعری (با) گوتارێکی ئەزەلییە، باسی هەموو زەمەنەکانمان بۆ دەکا: زەمەنە نا مێژوویی و نەناسراوەکان و زەمەنە مێژوویی و ناسراوەکان. (با) بە فیعلی کەس ناناسێ، بەڵام دەبێتە هێما بۆ ڕەهەندە واقیعی- مرۆییەکان، شیعر (یان هەر گوتارێکی مرۆیی، کە تایبەتمەندی تاکێکە) هەمیشە ڕەهەندە مرۆییەکە بە دیاردەکانی دەرەوەی خۆی دەبەخشێ. مرۆ بەشێکە لە سروشت. لێرەوە جوانی سروشت هەرگیز لەجوانی، یان لە ناشیرینی هەست و سۆزەکانی (یان لەناوەوەی) مرۆ دانابڕێ. شیعر دەتوانێ عەشقێکی گەورە لەگەڵ سروشتدا بکا، عەشقێک بەمانای عەشقە مرۆییەکە. سروشت بوونی ئازادانەی ئێمەیە. لێرەوە شیعر، چونکە کائینێکە زۆر ئازادیخوازە، سروشت دەکاتە گەورەترین مەیدانی کارو داهێنانی خۆی. لەم ڕوانگەیەوە (دەشتی) هەمیشە پەنا بۆ دیاردە و ڕەگەز و دیمەنەکانی سروشت دەبا:

**«ئەی با.. ئەی با..**
**ئەی ڕوونتر لە سیمای ئاوو**
**جوانتر لە کەروێشکەی گیا**
**هەڵمگرە و بمبەوە نێو ئەو دنیا پان و پۆڕەوە**
**لەمێژە ڕەگت لەخوێنمایە**
**من نەوەی تۆم..»(٢).**

دەنگی شاعیر دەنگێکە لە ڕێگەی (با)ەوە، بەناو گەردوون و دۆخە مرۆییەکاندا بڵاودەبێتەوە. لێرەوە بەهای، یان (گوتاری) ئیستێتیکا لەدەقەکەدا، دەبێتە بەهایەکی (گوتارێکی) گەردوونی. (دەشتی) لەم دەقەدا شیعریەتی (با) بە هەموو شتێک دەبەخشێ: شیعریەتی (با) شوێن و و کاتەکانمان لێ داگیردەکا. (دەشتی) لەم دەقەدا دەیەوێ بڵێ، (با) خۆی دەقێکی شیعرییە، بەڵام کاتێک ئێمە دەیخوێنینەوە. (با) مەعریفەیەکی شیعرییە، چونکە شاعیر نەوەی ئەوە؛ شاعیر کە نەوەی (با)یە، کەواتە نەوەی (خوا)یە. لێرەوە من دەمەوێ بڵێم: کە مرۆ تاکە بوونەوەری هۆشمەند بێ لەسەر گۆی زەوی و لەناو هەموو گەردووندا؛ کە ئەو بریکاری ڕاستەوخۆی خودا بێ لەسەر زەوی... ئایا بۆ زمانی شیعر، زمانێکی خوداوەندانە نەبێ؟ بەڵام ئایا بۆ تەنیا زمانی شیعر، لەچاو هەموو زمانێکی تر زمانێکی خوداوەندبێ؟ ئەدی بۆ چیرۆک و ڕۆمان و شانۆو.. نا ؟ ئایا دەشێ مەزنی زمانی شیعر لەوەدا بێ، کە دێرینترین زمانی مەعریفەیە؟ ئەو زمانەی، کە هەمیشە گوتاری دینیش پەنا بۆ بنەماو ڕۆح و ڕەگەزەکانی دەباو لێی دەخوازێتەوە. لەم بارەیەوە (ئەدۆنیس) لە مەڕ دەقی قورئانەوە دەڵێ: «بەم جۆرە دەتوانین بڵێین دەقی قورئانی کە بەشێوەیەک لەشێوەکان بە نەفیکەری شیعر سەیر دەکرێ، بەدیوەکەی دیکە بەجۆرێکی ناڕاستەوخۆش بووە هۆی ئەوەی کە ئاسۆ نەزانراوو بێ سنوورەکانی شیعر بخاتە سەر پشت، هەروەها بووە هۆی ئەوەی کە بە تەواوی ڕەخنەی شیعری دابمەزرێنێ»(٣). باگوێش لە ئیقاعی زوڵاڵ و هەرە ڕەوانی شیعریانەی ئەم دەقەی قورئان بگرین: «ألم نشرح لک صدرک(١) و وضعنا عنک وزرک(٤) الذي انقض ظهرک(٢) ورفعنا لک ذکرک(٣) فأن مع العسر يسرا(٥) إن مع العسر يسرا(٦) فأذا فرغت فأنصب(٧) والى ربک فأرغب(٨)»(٤).

ئێمە دەنگی شیعری (با) بەجێ ناهێڵین، بەڵام لەم ساتەوەختەدا شتێکی ترسناکم بەبیردێتەوە: دەڵێن دنیاش بە (با) خراپ دەبێ. (ئەم چیرۆکە وای دەکرد، ئێمە لە منداڵیماندا لە باو ڕەشەبا بتۆقێین). (با) لێرە،

لەم چیرۆکە دینییە- میللییە دێرینەدا ، دەسەڵات و سیحرێکی کوشندەیە. (دەشتی) لەم وێنەیەدا.

**«با... کە هەڵدەکا، سیحرە نەوەکا فریومان دا
خۆمان دەشارینەوە....»**

دووچاری یادەوەری (بیرەوەری) ئەم چیرۆکە دێرینەمان دەکاتەوە، بەڵام ئەو لە بەرگێکی ڕۆمانتیکی ناسکدا، دەلالەتێکی شیعری نائاسایی و جوانییەکی ناتەقلیدی دەبەخشێتە فۆرمی ڕەگەزی (با)؛ ئەمەش لەڕێگەی ئەو مەجازە (خوازەیە)ی، کە (با) بەسیحر دەچوێنێ. (با) دەشێ وەک سیحر کتوپڕ هەڵبکا و فریومان بدا: (هەروەک چۆن لە سیحر نواندندا لەناکاوی هەیە، ئەوهاش لە (با) هەڵکردندا لەناکاوی هەیە). ئەم حاڵەتە هەم سیحر بە (با) دەبەخشێ و هەم (با) دەکاتە حاڵەتێکی (کاراکتەرێکی) سیحربازانە. لە هەموو حاڵەتەکاندا (با) لێرە کاراکتەرێکی کۆمەڵایەتییە. (با) لەم دەقەدا کەسایەتییەکە، هەم خوداوەندی و هەم شەیتانی. (با) دیوی پێچەوانەی سەیری هەیە؛ هەر لە گوتاری دینیدا (با) سەرچاوەیەکی خولقاندنە؛ پەروەردگار، کە ئادەم لەسەر شێوەی خۆی دەخولقێنێ، هەر بە فوویەک لە ڕێی لووتەوە هەناسەی ژیان لە لەشی ئادەم دەکا (بەواتای ڕۆح بەبەر لەشیدا دەکاو ئەو دەبێتە کەسێکی زیندوو)، کەچی هێشتاش لەپاش هەموو ئەمانەدا:

**«با بێ یادەوەریترین زیندووی سەرزەوییە
بەسەر یادەوەرییەکانی ئێمە دەژی».**

سەیرە، شیعر کائینێکی ئەفسانەیی چەند سەیرە! ئەگینا چۆن:

**«شیعر مەرگێکە هەمیشە مرۆ عەوداڵی
هاتنی خۆی دەکا...» ؟**

ئەمە ئەندێشەیەکی ناوازەیە و گوتارێکی ناوازەش، لە «ویستی شیعری» و لە ویستی زمانی بەرهەم دەهێنێ، ئەم گوتارە ئاژاوەیەکی سەیر (زۆر)، لەناو سیستەمی زمانی (شیعری) باودا بەرپا دەکا. تەماشایەکی ئەم وێنە شیعرییە ناوازەیەی چامەی (دڵبەرە شەرمنەکەی)، (ئەندرۆ مارڤێل)یش بکەن: **«گۆڕ شوێنێکی خۆشە، بە تەنیاو بەبێ ڕەقیبە، بەڵام عاشقان لەناویدا دەست لەملان نابن» (٥).**

بەڵێ شیعری ڕەسەن هەمیشە پێوەندییەک چێ دەکا لەنێوان ئەو شتانەی کە هیچ پێوەندییەکیان لەنێواندا نییە؛ ئەمەش خەسڵەتی پێوەندی ناو وێنەی هەردوو ڕەگەزی مەرگ و شیعرە. تۆ هەست دەکەی ئەم واتایە (پێوەندییە) نوێیە لەزەتێکی گەورەت پێدەبەخشێ: دۆزینەوەی مانایەکی نوێیە، لەنێوان دەلالەتی نوێی مەرگ و پێوەندی شیعر بەم دەلالەتەوە و ئینجا پێوەندی هەموو مرۆ، نەک تەنیا شاعیر، بەم پەرەستاندنە نوێیەوە. (کاراکتەر لێرە هەموو مرۆیە، نەک تەنیا شاعیر؛ ئەمەش چونکە مەرگ هەموو مرۆ دەگرێتەوە، نەک تەنیا شاعیر). بۆ یەکەم جارە هەست دەکەی مەرگ شتێکی ترسناک نییە و دەلالەتێکی دیکەی جیاوازی هەیە؛ دەلالەتێکی زۆر نوێ، کە بە تەواوی جیاوازە لە دەلالەتی مەرگی ئاسایی. مەرگی شیعر دەلالەت لە لەدایک بوونێکی ڕەها دەکا. بێگومان لە هەلومەرجی ئاساییدا، مرۆ زۆر ناچار نەبێ، یان کێماسییەک لەژیان و ڕۆحیدا نەبێ، هیوای هاتنی مەرگ ناخوازێ، وەلێ ئەم حاڵەتە لە ئاستی شیعردا، واتایەکی تەواو جیاوازی هەیە: (شیعر ڕاستی بە مەجاز جوان دەکا؛ ئەگەرنا مەرگ چۆن دەبێتە ئەو شتە پڕ لە لەزەتە، کە مرۆ عەوداڵی هاتنی خۆی دەکا. ئێمە هەموومان لە مەرگ دەترسێین، بەڵام شیعر خۆی دەکاتە مەرگ و عەوداڵی دەبین، ئا ئەمەیە زمانی پڕ لە ئەفسوونی شیعر!). لێرە مەرگ شیعرە. شیعریش هەر کتومت بەمانای وشە، واتای پرۆسەی لەدایک بوونە. لە دایک بوونێک لە ئاستی بیروئەندێشە و زمان. لە دایک بوون لە ئاست بوونەوەرێک، کە پێی دەڵێین دەق؛ ئەو دەقەی لە هەموو سەردەمەکاندا ڕۆحە زیندووەکان مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن. هەزاران ساڵە ئەمە ڕەوشی دەقەکانی وەک (ئەلیادە و ئۆدیسە) و (گەلگامێش) و دەقە ئایینییە پیرۆزەکانە. لەدایک بوونی دەق، دەشێ ژیانێکی ئەبەدی بێت. لەمەوە عەوداڵ بوون بۆ مەرگی شیعر، عەوداڵ بوونە بۆ ژیانێکی نوێ، بۆ لەدایک بوونی بوونەوەرێکی نەمر، کە پێی دەڵێین دەق. ئێمە دەبێ بزانین لەشیعردا هەمیشە ژیان بوونی هەیە، هەرگیز مەرگ بوونی نییە. لێرەوە (وەک چەند جار گوتمان) مەرگی شیعر ژیانێکی نوێیە، ژیانێکی فرە نائاسایی، کە مرۆ عەوداڵی هاتنی خۆی دەکا. ئەم تەرزە گوتارانە لە ئەدەبدا (شیعر)دا وا دەکەن، مرۆ لە مەرگ نەترسێ و ڕووە ئەزەلییە کرێتەکەی ئەم دیاردەیە هەندێک لەبەرچاوی لەزەتی شیعریمان ون بێ... بەڵێ وەزیفەی شیعر (ئەدەب) ئەوەیە گۆشە

تاریک و ناشیرینەکانی جیهان جوان بکا! گوتاری شیعری (دەشتی)ش هەمیشە پڕە لەم لۆژیکە: بە هەر بەهایەک بێ لۆژیکی جوان کردنی دیاردەکان (جیهان). دەڵێن: «جوانی.. نیشانەی هەڵبژاردنێکی خوداییە..»(٦)، لەم ڕوانگەیەوە شیعر کە دەگاتە چڵەپۆپەی جوانی، بەڕوونی بەزمانی باڵای خۆی پێمان دەڵێ: «تەنیاتر لە شەونمێ کە دەتکێ و لە دەریا ون دەبێ». چەند جوانە ئەو دەربڕینە، کە لە وێنەیەکی زۆر دەگمەندا، باس لە تەنیایی دەکا! کەم جار وابووە لە گوتاری سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی ئێمەدا، ئەم ڕەهەندە ئیستێتیکییە ناباوە بە باری تەنیایی بەخشرا بێ. ئەم وێنەگرتنە لەسروشتەوە و گواستنەوەی بۆ بارێکی مرۆیی و کردنی بەتابلۆیەکی ناباوی پڕ لە ڕەنگی جوانی شیعر، بەهرەی هەستیاری شاعیرێکی وەک (دەشتی) دەتوانێ هەڵیبقۆزێتەوە، شیعر هەموو ساتەوەختێکی شێتانەیە. هەموو ساتەوەختێکی پڕ لەبەرائەتیشە و چڵەپۆپەی جوانی مرۆییشە، تۆ دەبێ هەمیشە ڕۆحی عەشق (عەشقی دۆزینەوەی نهێنییەکانی جیهان) بتسووتێنێ، تا شاعیر بیت. شیعر نەبێ هیچ هێزێک ناتوانێ ئاشنای زمانی ئەم گەردوونە بێ، ئەم وێنەیە هەر وێنەیەکی شیعری نییە، بەڵکو تابلۆیەکی شێوەکاریە و دەبێ لێی ڕامێنین. من لێرە لە ڕاست ئەم دیمەنەدا، هەست بە هیچ




ناکەم و تام لە هیچ ناکەم، جگە لە چێژێکی قووڵ لەجوانی. واشم لێدەکا ڕامێنم لە تەنیاییەکان. ئەم وێنە شیعرییە پێم دەڵێ: تەنیایی تەنیا حاڵەتێکی تاریک و خەمۆکی نییە، بەڵکو تەنیایی دەشێ تەنیایی جوان بێ، وەک ئەو شەونمەی «کە دەتکێ و لە دەریا ون دەبێ». ڕاستییەکەی تەنیایی جوانە، ون بوونە لەناو خودداو لەبیرکردنی دەوروبەردا... بەم شێوەیە شاعیر دەبێ شتە ناوازەکان هەڵبگرێتەوە، تا بە ورووژاندنی هەستی ناوازە، ڕۆحمان پڕ لە خۆشی و بەختەوەری بکا... من ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژانیش وا ڕێک کەوت چوومە سەر دەریایەک، ئەم وێنە شیعرییەی (دەشتی)م لەبیرە، (یا بەبیرم دێتەوە) و لەبەر خۆمەوە دەڵێم: ئایا ئێستا ئەوە منم «تەنیاتر لە شەونمێ کە دەتکێ و لەدەریا ون دەبێ»؟

با لێرە بۆ تاوێک باوەشی سروشت بەجێ بهێڵین و بگەڕێینەوە بۆ بەردەم ڕۆحە لاهووتییەکەی شیعر؛ (دەشتی) لە کۆپلە شیعرێکدا دەڵێ:

**«من هەمیشە لە دوورترین شوێنەوە**
**لێتان نزیک دەبمەوە**
**لە بەرزترین دەنگەوە کپیتان بۆ دەهێنمەوە**
**لە عاسێترین جەنگە دەروونییەکانی ڕابردوو**
**نامەی ئایندە دەهێنم**
**لە نزمایییەکان گوزەر دەکەم**
**تا لە بەرزایی بمبینن».**

لەواتایەکی مەجازی وەهادا، گوتاری شیعری تەوراتیش، لە شوێنێکدا دەڵێ: «... هەموو دۆڵێک بەرز دەبێتەوە و هەموو گردێک نەوی دەبێ و... شکۆی خوا بەدەردەکەوێ»(٧). هەروەها لە پەراوێزێکی ڕاڤەکردنی مەزمووری (١٠٤)دا هاتووە دەڵێ: «ئەم مەزمووره پوختەیەکی شیعری کاری گوراندنی خوایە بۆ جیهان»(٨). لێرەوە شیعر وەک ئایین دەسەڵاتێکی گەورەی ڕۆحیی و میتافیزیکیی، (بەڵام ڕەمزیانەی) بەسەر شتەکاندا هەیە، (لە ئاییندا ئەم دەسەڵاتە دەسەڵاتێکی واقیعییە). (دەشتی) زمان و ئەندێشە دەگەیەنێتە لووتکەی میتافیزیکییەتی شیعر، کاتێک دەڵێ:

**«دەمەوێ زیندووت کەمەوە لە ڕامانم**
**تا نەمر بی لەناو پەڕی تەڕی نارنجی زمانم».**

ئەمە قسەی (گوتاری) جوانی پێغەمبەر و خوداوەندانە. شیعر لێرە دەبێتە تابلۆیەکی جوان لە

رەنگەکانی ئیمان؛ دەبێتە گوتارێکی رۆمانتیکی ئایینیانە، لێرە عەشق لەناو یادەوەری، لەناو خواستی نەمریدایە. ئەم یادەوەرییە لەناو ئەم ساتەوەختەی راماندایە. رامان لە یادەوەری ئیمان. رامان لە مێژووی زیندووبوونەوە. رامان لەو ئەگەرەی دەشێ زیندووبوونەوە بەرپابکا. ئەمە عیشقی شاعیرە بۆ ئەم رامانە؛ کەواتە عەشق لەناو یادەوەری، لەناو خواستی نەمریدایە. (من لێرە مەبەستم لە عەشقێکی رۆمانتیکی دیاریکراو نییە، بەڵکو مەبەستم رۆحی عەشقە بۆ ساتەوەختەکانی یادەوەری، یان رۆحی عەشقە بۆ هەر حاڵەتێک، کە رۆحی شیعر بەرهەم دەهێنێ. ئێمە لێرە مەبەستمان لە بەهای ئەو عەشقە سەرتاپاگیرەیە، کە هەر جارەی بەشێوەیەک (لەفۆرمێکدا) زمان و خەیاڵی شیعر بەرهەم دەهێنێ). ئەم بەیتە «دەمەوێ زیندووت کەمەوە...» بۆ من خۆشترین دەلالەتی کەونی هەیە: سەرەتای رۆحێکی تێدایە، کە لەسەرەتاکانی باوەڕی زیندوو بوونەوەی (نەمری) هەموو ئایینە ئاسمانییەکاندایە.. بە فیعلی زیندووبوونەوەی مرۆیەکان، هەستانەوەی مەسیح لەناو زماندا روویداوە و بەفیعلی رووینەداوە. ئەم رووداوانە تەنیا لەناوپەڕی زمانی دەقەکاندا (دەقە پیرۆزەکاندا) هەن. لێرەوەش (دەشتی) بە هەمان مۆد، باس لە رامان و زیندووبوونەوە دەکا. پەڕی تەڕی زمان، دەشێ بڵێین پەڕی دەقەکانە؛ بێگومان زمانی دەقی شیعریی. (رەنگی نارنجی لەم وێنەیەدا، دەشێ رەنگی راستەقینەی زمانی راستەقینە بگەیەنێ؛ یان ئەگەر تەڕاتییەکە نەبوایە دەمانگوت «پەڕی تەڕی نارنجی...»، جەڤەنگە بۆ پەڕی زەردی کتێبە کۆنەکان، لەوانە بۆ نموونە چاپێکی کۆنی کتێبە پیرۆزەکان. ئەم ساتەوەختە لە دەقەکەی (دەشتی)دا، ساتەوەختی رۆحێکی شیعری گەورەیە؛ ئەم ساتەوەختە ئەو ساتەوەختەیە، کە رۆحی هەموو شیعرەکە دەخولقێنێ و وێنەو ماناکان بەدوای خۆیدا دەهێنێ. لێرە ئەوەی زمانی شیعر دەخولقێنێ، (یان ئەندێشەی شیعر دەوروژێنێ)، زیندووکردنەوەی رابردووە و بووژاندنەوەی یادەوەرییە: یادەوەری دەلالەتە ئایینییە نەمرەکانی مەزنترین قەسیدە لە جیهاندا (کۆمیدیای خوداوەندی دانتی)، کە شاعیر وەک تابلۆیەکی کلاسیکی مەزن لێی رادەمێنێ و لە ساتەوەختی مەستیدا تووشی جەزبەی سۆفیانەی دەکاو وای لێدەکا سەرسامی نووری خوداو زیندووبوونەوە و نەمری و کەسایەتی فێرژیل و پیاتریس ببێ، (دەبێ بڵێم: هەموو وێناکردنێک بۆ میتافیزیکا، لە هەر گوتارێک، ئایینی یا شیعری بێ لەم بەهایانە بەدەر نییە. ئەم بەهایانەش بەشێکی زۆریان لە یادەوەرییەوە هەڵدەقوڵێن و دەبنە سەرچاوەی داهێنانیش)؛

**«تا دەهات رۆح پڕتر**
**دەستی لە هەبوونی سەرزەوی بەردەدا.**
**شانەکان پڕ دەبوون لە ئاڵتوونی خەیاڵ**
**هەتا چاو هەتەرکا**
**پانتایی تروسکەی زیوین بوو**
**پیاتریس دەهات و لە تارای قومێکا وەک مەستی**
**هەستی دادەگرتم**
**پەلکێشی نێو گەمەی میعراجی ئەبەدی دەکەم**
**بەورتەی ئاوازێ دەیچرپاندە پەڕەی سەر دڵم**
**ها ئەوە... نووری خودایە و وا گەشە و چاوانمان نابینێ**
**ئەوساتە هێندەی تر لە مەستی جوانی دەمردم**
**نوورێک بوو لەکانی شەبەق و رووناهی ناڵەی دوور».**

کەواتە یادەوەری زەخیرەیەکی گەورەی شیعرییە (هەروەک چۆن زەخیرەیەکی گەورەی مەعریفەشمانە)... (غۆما) قەسیدەیەکی دیکەیە لە یادەوەری قووڵی (دەشتی)یەوە هەڵدەقوڵێ. لەم قەسیدەیەدا تەمەنی خودێک باس لە عەشقی خۆی دەکا، عەشق بۆ هێماکانی یادەوەری: غۆما، منداڵان، گۆڕستان، گەڕەک... ئەم قەسیدەیە بەزمانێک دەدوێ، هەنگوینی سۆزی لێدادەچۆڕێ (سۆز بۆ لەزەتی بێ پایانی رۆژگاری منداڵی). لە دەقی زیندوودا، لەنێوان زمان و هەستەکاندا دۆخی تێکەڵ بوونی جاویدانی هەیە. زمان عیشقی داهێنانە لەنێوان خۆی و ئەم هەستانەداو لەنێوان خۆی و جیهانی دەرەوەدا. تەنانەت خوداوەندیش بۆیە راستەوخۆ بۆ زەوی نادوێ، تا ئێمە لە بری ئەو بدوێین، تا لە ئەنجامدا ژیان و گەردوون پڕ لە ئاوەدانی بێن. لێرەوە گەردوون پڕە لە دەنگە شیعرییەکان.

دەقی (غۆما) زۆر بێباکانە و بەتوندی پێمان دەڵێ: هەموو شتەکان لە یادەوەریدا جوانن. لەوێدا ژیان پڕە لەمانای بوون. لەوێدا بەرائەتێکی قووڵی بێ بن هەیە. لەوێدا هەرگیز نەپیربوون و نە مەرگ هەیە. لەوێدا رووبەرێکی بێ سنوور هەیە بۆ ئەبەدییەت و نەمری. (غۆما) لێرەوە جەڤەنگی ژیانێکی پاکژ ومیهرەبان و

هەمیشە تەڕ و نەوباوە. (غۆما) یادەوەرییە؛ یادەوەری بەرائەت و جوانی و یاری و عیشق و (غۆما) کە یادەوەرییە، بەواتای ژیانە:

**«غۆما.. منالّەکان هەموو پیربوون بێ ئەوەی گەنجێتی ببینن**

**.........».**

(غۆما) ئێستا تەنیا سەگێک نییە، بەڵکو جیهانێکی بەهەشتییە: جیهانێکی پڕ لە حەسرەت و ئاخ، بۆ یادەوەری مرۆڤەکان (شاعیر):

**«غۆما.. ئاخ تۆ بریقەییێکی چەند دووری لەنێو زەین و زێماری خوێن**

**پارچە مەرجانێکی چەند ونی لەناو لیتاوی زەمەندا**

**کە جار جارە لەناو باخی دیدگاما دەتروسکێیتەوە**

**خۆمم پێ دەبەخشیتەوە**

**کە لە ئاڵترین باخی تەمەندا پیری لێی ڕفاندم».**

زەمەن ڕۆیی و بەجێی هێشتین، یادەوەریی پێ بەخشین. زەمەن بۆیە «لیتاوە»، چونکە پیرمان دەکا. زەمەن بۆیە هەمیشە شتێکی (دیاردەیەکی) نێگەتیڤە، چونکە تەمەن و خۆشیمان لێ ئاوا دەکا. زەمەن لە دایک بوونە، بەڵام لە ئەنجامدا مەرگ و پیربوونە. (غۆما) لە یادەوەریدا زەمەنی نەمریمان پێدەبەخشێ، یان دەتوانین بڵێین لەیادەوەریدا زەمەنی دیاریکراو نییە و زەمەنی ڕەها هەیە. زەمەنێک لەوێ هەیە زەمەنێکی خوداوەندانەیە. لەوێدا زەمەنی عیشقەکان هەیە. شیعر لێرە ئامراز و جیهانێکە بۆ لەزەت وەرگرتن لە یادگاری: لەیادگاری ئەو عیشقانە. شیعر سەرکەوتنە بۆ ئەوەی بگەینە جیهانی ڕابردووی شکۆمەندمان... ئەم بەیتە شیعرانە بەڕووالّەت بەقسەی ئاسایی دێنە بەرچاو، بەڵام هێزی ئێستێتیکای ڕۆح (ڕۆحی شاعیر)، ڕۆحی شیعریان بەبەردا دەکات. (غۆما) خۆی ناونیشانێکی شیعری و جەڤەنگێکی گەورەی شیعرییە. حالّەتی قەسیدەی (غۆما) پێمان دەڵێ: ئایا پیری عەشقە بۆ ڕابردوو و فۆبیایە لە ئایندە؟ ئایا منداڵی تەمەنێکی بەفیڕۆچووە و شاعیر دەیەوێ لە ڕێگەی نیشانە و جەڤەنگەکانی ناو یادەوەرییەوە بیگەڕێنێتەوە بۆ ئێستا و زەمەنی کوشندەی ئەم ئێستایە تێک بشکێنێ؟ ڕاستییەکەشی ئەوەیە گەورە بوون و پیری کۆتایی هاتنی بەرائەتیشە (بەرائەتی منداڵی) لەژیانی مرۆدا. لێرەوە (دەشتی) لەڕێگەی کەسایەتی (غۆما)ەوە (ئەم کەسایەتییە هۆشیاری و ناونیشانی بیرەوەری شیعرییە لە دەقی غۆمادا) دەگەڕێتەوە بۆ شکۆی سەوزی سەردەمی منداڵی:

**«غۆما ئاهای غۆما لەکوێی لەکوێی؟**

**تۆ بەشت هەبوو لە شینمان، لەگرینمان**

**تۆ بەشت هەبوو لە قاقای پێکەنینمان**

**بیرتە کوێرە پیاوەکەی گەڕەک**

**وەک شەیتان، وەک پاسەوانی شەڕانگێزی**

**ڕاوی تۆی دەناو**

**لە سنووری بەرائەتی ئێمەی دەردەکردی».**

ئایا بەرائەت شکۆیەک نییە، کە لە جیهاندا نەمریمان پێدەبەخشێ؟ (دەشتی) دەیەوێ بڵێ، ئێمە لە منداڵیماندا خاوەنی ئەم خەسڵەتەین: خەسڵەتی قووڵی ڕەهای لەزەتی ژیان. شیعری (غۆما) ئەم لەزەتەیە لەناو بەرائەت و حەسرەتدا: بەرائەتی ئەخلاقی و حەسرەتی مرۆییدا. (دەشتی) دەزانێ ئەو بەرائەتە چ نرخێکی مرۆیی هەیە، کە بەزمانی شیعر دەتوانێ لەچینەکانی بنەوەی یادەوەریدا دەری بهێنێ و بەهایەکی هونەریشی پێ ببەخشێ. (دەشتی) لێرە باس لە نرخێکی (چاکەیەکی) ئەخلاقی گەورە دەکا، کە ئەویش بەرائەتە: بەرائەتی ئەخلاقیانەی منداڵەکان و سەگەکە و بەرائەتی ئەخلاقیانەی داهێنانی شیعری. دەبێ بڵێم: شیعر ئەگەر ئەخلاقیانە پاکژ نەبێ، ناتوانێ داهێنەربێ. ئاکاری پاکژی شیعر ئەوەیە، کە بۆ جوانی دەدوێ؛ کە زمانی داهێنانی خۆش دەوێ؛ کە چێژی مانا و وێنە و وشە بە ڕۆح دەبەخشێ و پشت لە شەڕانگێزی و مۆنی دەکا. ئاکاری جوانی شیعر ئەوەیە، کە خەفەت لەجیهانێکی بەدئاکار و بەدڕەوشت دەخوا. شیعر چاک دەزانێ ئەو بەشێکی زیندووە لە ژیانی مرۆ، بۆیە هەرگیز ساتێک چییە ناتوانێ پشت لە ڕەهەندەکانی کەینوونەی مرۆ بکا؛ ئەگەر وای کرد، ئەوا زمانێکە لەدەرەوەی مێژوو، ئایا دەشێ ئێمە وەک زمانی ماتماتیک و ئەندازە، تەماشای زمانی شیعر بکەین؟ گادامێر «ئەوە ڕەت دەکاتەوە، کە تەنیا لەچوارچێوەی چێژی ئیستێتیکیدا هونەر ببینێ، بەڵکو پێیوایە هونەریش چەشنی فەلسەفە و مێژوو، جۆرێک لە حەقیقەتی تێدایە» (٩). من باوەڕم بەوە هەیە، کە شیعر دەتوانێ لە نوشووستدا سەرکەوتنمان

نیشان بدا. شیعر هەندێ جار وەک قسەی خوداوەند موقەدەسە و دەتوانێ ئیمانمان بەژیان بەهێز بکا. نازانم ئەوانە کێن، ئەوانەی شیعر دەخەنە دەرەوەی ئەرکە مرۆییەکان؟ ئەوانە کێن ئەو دڕدۆنگ و دابڕاوانەی، وەک یاری دامەی پیاوە بێ ئیش و بێزارەکان لە نووسینی شیعر تێدەگەن؟ باوەڕ بکەن شیعر مەعریفەیەکی قووڵە و شتێکی گاڵتە نییە! دەبێ بزانین شیعر ڕێک سیفەتی خوداوەندانەشی هەیە، بۆیە وەک خوداوەندیش ئاکاری مەزنی (لەبەرهەمهێنانی دەقی ئازاد) خۆش دەوێ. هەڵبەت ئاکاری مەزن لە شیعردا، ئاکارێکی ئایینی نییە، بەڵکو ئاکارێکی مەعریفی مرۆییە. لە ئاکامدا ئاکاری مەزنی شیعر، هەر بەخۆی شیعرە، شیعر بەخۆی کاتێک وەک تیشک بەناو ڕەهەندە سروشتی و مرۆییەکاندا ڕۆدەچێ. هیچ شتێک ناتوانێ بەقەد شیعر زمان شاگەشکەو بەختەوەر بکا. ئەمە ئەو ئەخلاقە ئیستێتیکییەیە، کە دەشێ بڵێم تەنیا خەسڵەتی شیعرە. ئەمە پێوەندییەکی مەعریفی- ئەخلاقی و ئیستێتیکییە لەنێوان شیعرو زماندا. بەواتای لەناو هەموو داهێنانێکدا، بونیادێکی ئەخلاقی- مرۆیی مەزن هەیە.. بەهەرحاڵ شیعر لای ئێمە ئیستێتیکایەکی (تیڕوانینێکی جوانناسی) ڕووت نییە. تەنیا بەهای زمانەوانی ڕووتیش نییە:گەمەی زمانەوانی ماتماتیکانە نییە؛ بازنە و مازنە و شێوە ئەندازەییەکان هیچ پێشکەش بە شیعر ناکەن. شیعر بەر لە هەر شتێک زمانی سۆزێکی باڵایە، کە دەتوانێ هەموو سنوورێکی دیارو نادیار ببەزێنێ و دەتوانێ سنوور و جیهانی نوێ بخوڵقێنێ. شیعری ڕاستەقینە دەتوانێ بەچێژ بمان وروژێنێ و خەنیمان بکا. لێرەوە شیعر لەناو ساتەوەختە ڕۆحیەکانی خۆیدا و لەناو ساتەوەختە ئەبستراکتە میتافیزیکییەکانی خۆیدا، بونیادێکی ئەخلاقیانەی هەیە، بۆیە ئێمە شیعر دەبەستینەوە بە واقیعی داهێنراوو بەو ساتەوەختە میتافیزیکیانەی، کە ڕۆح و ئەندێشە دەتوانن شیعری تێدا بڵێن و سنوورە نادیارەکانی ئیستێتیکای (ئیستێتیکای گوتار و وشەو زمانی) تێدا ببینن.

شیعر دەشێ هەندێ جار تەم بێ، تەمە جوانەکان. وەک ئەو تەمانەی جەڤەنگی ئازیزن لەناو گەلێک لە دەقەکانی (دەشتی)دا. دەتوانم بڵێم مێژووی شیعری (دەشتی) تەمی زۆر خۆش دەوێ. دەشێ تەمومژ (تەمتومان) هێمابێ بۆ گەلێک مانا. بەنموونە: لە کتێبی پیرۆزدا هاتووە، لە پەراوێزی ڕاڤەکردنەکاندا دەڵێ: «تەمومژ کە دەورەی خودای داوە، جەڤەنگە بۆ ئەو پیرۆزیەی، کە ناکرێ لێی نزیک ببیتەوە و خەڵکی ناتوانن بیبینن(١٠). ڕاستییەکەی تەم لەمانایەکدا، کاری شاردنەوە دەکا و دەلالەت لە شاردنەوەی شتەکان دەکا. دەشێ بڵێین: تەم هەورێکە نزیک لە ئاستی زەوی. تەم جۆرە نهێنی و تەلیسمێک بە حاڵەتەکان دەبەخشێ. خوداوەند بۆ تەمی بە دەورەوەیە؟ بۆ ئەوەی هەر دەستنیشان کردن و پێناسەیەکی دیاریکراو لەوێناکردنی بەندەکاندا، بۆ خوداوەند نەکرێ: خوداوەند دەسەڵاتێکی ڕەهایە و کائینێکی ئەبەدی و نەمرە و ناشێ کەسایەتییەکی دیاریکراوی پێ ببەخشرێ. خوداوەند دەشێ هەموو پێناسەیەکی لە کات بەدەر لەخۆیدا هەڵگرێ. ئەو دروستکەری جیهانێکی بێ پایانە؛ ئەگەرچی خوداوەند لە تەوراتدا هەندێ جار کەسایەتییەکی دیاریکراو و شوێنی دیاریکراویشی هەیە، بەڵام ئەو خوداوەندی زەوی و ئاسمانەکان و هەموو گەردوونە، بۆیە تەمێکی پیرۆز دەبێ هەر ناونیشانێکی دیارو دیاریکراوی خوداوەند (یەهوە) حەشاربدا و داپۆشێ. لێرە تۆ بیربکەوە تەم چەند دەلالەت لە جوانیش دەکا. ئەو تەمە دەبێ چەند جوان بێ، کە دەوری بوونی خوداوەند دەدا. ئەو تەمە، تەمێکی چەند شیعریانەیە، کە لە جوانی باڵای خوداوەند ئاڵاوە! ئەمە سیحری جوانی تەمە، کاتێک:

**«بینینێکی دیکەی دایە چاو، گلێنەی نەخشاندم**
**تەم بوو.. تەم.. تەمێکی هێجگار خەست».**

ئەم تەمە خەستە هەرچەندە حاڵەتێکی سەلبی ڕادەگەیەنێ، بە واتای ڕووالەتی بینین قەدەغە دەکا، بەڵام ئێمە لەناو تەمدا هەوڵ دەدەین، حەقیقەتی گەوهەری بینین بەهێزتر بکەین. تەم چەند خەست و ئەستوورتر بێ، هێندە نیگای قووڵتر بۆ شتەکانی ئەودیوی تەمەوە دەگێڕین. تەم دەشێ شتەکانمان و حەقیقەتەکانمان لێ بشارێتەوە، بەڵام ڕاستی ئەم شاردنەوەیە لەناو جوانی تەمدایە، تەم بەتارماییەکی جوان دیاردەکان جوانتر دەکا، یان (دەشتی) گوتەنی:

**«ئێستاش نەگەیشتینە ئەو کچە پڕ شەوقەی**
**کە بەسەر گردەکانەوە لە ناو تارای تەمتومانەوە**
**هەمیشە سەیری خۆرەتاوی دەکرد**

**ئێمەشی بەرەو زوخاڵی ئەبەدی دەبرد».**

ئێمە لە پشت جوانی تەمەوە، وێنای شتی جوانتر دەکەین. تەم تووشی شۆکمان ناکا، یا دەمانپارێزێ، یا شیمانەی چاوەڕوانی جوانیمان بەهێزتر دەکا. جارێکی دیکە بەم شێوەیە (دەشتی) زمانی کێوی شیعر عەشقی تەم دەکا:

**«لەکانی بن تەمی چیایان**
**نووریٚ هات وەک شوورە دەوری دا».**

ئەمە هەردەڵێی نوورە خودایییەکەی پشت تەمە پیرۆزەکەی کتێبی پیرۆزە! نوورو تەم جوانترین دیمەن بەرهەم دەهێنن، کە وەک دوو ڕەنگ تێکەڵاو دەبن. نوور و تەم وێنای ساتەوەختی خوڵقاندنمان پێدەبەخشن: خوڵقاندنی کەون. نوور (ڕووناکی) یەکەم ساتەوەختی خوڵقاندنە. لە یەکەمین ڕۆژی شەش ڕۆژی خوڵقاندندا، نوور- ڕووناکی دەخوڵقێ: {خودا فەرمانی کرد: «با ڕووناکی هەبێ»....}(١١). هەمیشە لەپشت تەمەوە لەناکاو و چاوەڕواننەکراو هەیە. خوداوەند شتێکە لەوێنامەندا هەیە و چاوەڕوانیشی ناکەین؛ ئێمە ناتوانین چاوەڕوانی خوداوەند بکەین، کە ببینین، بۆیە تەمێکی پیرۆز ئەم نەهاتن و چاوەڕواننەکردنە دادەپۆشێ. دیارە تەم لێرە ئەو چەڤەنگە پیرۆزە لاهووتیەیە، کە دەلالەت لە بوونی خوداوەند دەکا. تەم هەندێ جار لای (دەشتی)ش ئەم دەلالەتە لاهووتییە دەبەخشێ: نووری ناو کانی بن تەمی چیایان، وەک ڕەمزێکی (نیشانەیەکی) خودایی دێتە بەرچاو. پێدەچێ تەم مانا و دەلالەت و واژەیەکی شیعری ڕۆمانتیکی، یان لاهووتی بێ. بەهەرحاڵ ڕووناکی هەمیشە ڕەهەندە موقەدەسەکەی ناو تەمە؛ کە تەم هەبوو دەبێ ڕووناکیش هەبێ. شاعیر دەڵێ: «جوانی دەبێتە تەمی سەر دەریایان» ئایا هیچ تەمێک هەیە دیمەنێکی ناشیرینمان نیشان بدا، یان دەلالەت لە ناشیرینی بکا؟ تەم هەمیشە هەستی جوانییەکی کپ و مەندمان پێدەبەخشێ. تەم جیهان لەناو خۆیدا خاو دەکاتەوە و ئارامییەکی سروشتی بەڕۆحی مرۆ دەبەخشێ؛ بۆیە تەم هەمیشەجوانە. تەم تەنیا جوانییەکی سروشتی نییە، بەڵکو جوانییەکی مەعریفیشە. تەم لای (دەشتی) ئیستێتیکای ڕەهایە- ئیستێتکای ڕەهایە وەک تەمە پیرۆزەکەی دەوری خوداوەند. لێرەوە (دەشتی) عەشقی جوانی تەمە و (٢٣) جار لە شیعرو قەسیدەکانی نامیلکەی (بورجی بەڵەک)دا بەکاری دەهێنێ. ئەو تەم لە ڕەهەندە سروشتییەکەوە دەگوازێتەوە بۆ ناو ڕەهەندە ڕۆشنبیری و مەعریفییەکە، ون بوون لە تەمی کتێب، ون بوونە لە جوانی مەعریفەدا؛ ون بوونە لەو ڕەهەندە جوانەی، کە سروشت و کولتوور پێکەوە گرێ دەدا. «تەمی کتێب» وێنەیەکی ڕۆمانتیکی شاعیرانەی ڕندە. ون بوون لە تەمی کتێبدا، ون بوونە لەجوانی شارستانییەت و بەها مرۆییەکان. لێرە کتێب خۆی سروشتە ئێمە دەیخوێنینەوە. ئێمە لە ناو عەشقی جوانی تەمدا، کتێب (جوانی) کتێب دەخوێنینەوە.

**«ون بوون هەمیشە ون بوون لە تەمی کتێب**
**ون بوون هەمیشەون بوون لە باوەشی بادا».**

پێدەچێ هەر لەسەرەتاوە مرۆ تا عەشقی جوانی دیاردەکانی سروشت نەبێ، نەتوانێ شیعر بنووسێ و عیشقی شیعری جوان بێ. (ئێمە لەدواجاردا هەردەبێ لەناو سروشتدا لە جوانی ڕاستەقینە بگەڕێین. شیعریش لەجوانی ڕاستەقینە دەگەڕێت...) شیعر (با)یە، شیعر (تەم)ە. شیعر هەموو شتێکە کاتێک بە سیفەتێکی خوداوەندانە دێنە ناو زمانی شیعرەوە.

**پەراوێزەکان:**

**١- أرشيبالدمكليش. الشعر والتجربة. ترجمة: سلمى الخضراء الجيوسي ص١٩٨.**

**من لەم نووسینەدا نەهاتووم ڕەخنە بگرم، من خوێندنەوەی خۆم دەکەم: خوێندنەوەی پڕ لە چێژو لەزەتی خۆم. من کە ئەم شیعرانەم خوێندەوە، لەزەتم لە هەندێکیان وەرگرت و هەندێک هەستی جوان و پڕ لە خەفەتیان لە ڕۆحی مندا وروژاند، لێرەدا ڕەنگە ڕێکەوتێک هەبێ دەور ببینێ لە هەڵگیرساندنی خوێندنەوەم بۆ ئەم دەقانە: بێگومان ئەگەر ئەو قەسیدانەم نەخوێندبایەوە، هەرگیز ئەم نووسینە لەدایک نەدەبوو، بۆیە من هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەگرانە بۆ ئەم قەسیدانە ناکەم، هێندەی خوێندنەوەیەکە کە لە پاش وروژاندن و چێژ وەرگرتن کردوومە، یان با بڵێم: ئەم شیعرانە بوونەتە ئامرازێک بۆ خوێندنەوەی خۆم و بۆ تێڕوانینی خۆم بۆ شیعر. بێگومان من ئازادم چۆن دەخوێنمەوە، چۆن لەدەقەکان تێدەگەم، ئەمەش نیشانەی سەرکەوتنی دەقەکانە. من لە چرکەساتێکدا دەتوانم بڕیاری نووسینی وەها بدەم، یان نا. چرکە ساتێک هەبوو پێی گوتم کە شتێک لەسەر ئەم دەقانە بنووسم. ئەو چرکەساتە وەک گوتم، تەنیا چرکەساتی وروژاندن و چێژوەرگرتن بوو، بۆیە بڕیارم دا لە ڕێگەی خوێندنەوەوە بەدوای چێژی**

دۆزینەوەی واتادا بگەڕێم، بێگومــان ئەو واتایانەی، کــە خــۆم دەیانبینم... خوێنەر تێبینی ئەوە دەکا هەندێ جار ئەو دێڕو بەیتە شیعرانەی بەنموونە هێناومنەتەوە، لە سیاقی هەموو چامەکە، یان شیـعرەکەدا خوێندنەوەم بۆ نەکردوون، بەڵکو ئەو بەیتـانەم وەک چوارچێوەیەکی جودا و سـەربەخۆ وەرگـرتووە. ئەمـەش پێـوەندی بەوەوە هەبووە، کە ئەو وێنەیە، یان بەیتە شیعرانە، لە هەموو وێنە و بەیتێکی دیکەی ناو قەسیدەکە پتر سەرنجیان ڕاکێشاوم.

٢- کەریم دەشتی. بورجی بەڵەک. ل٢٨.

هەموو ئەو شیعرانەی شاعیر، کە لەم نووسینەدا دێن، شیعری کۆ شیعری (بورجی بەڵەک)ن، بۆیە چی دیکە بەپێویستی نازانم لەپەراوێزدا ئاماژەیان بۆ بکەم و درێژدادڕی بکەین.

٣- ئەدۆنیس. شـیـعـرییـەتی خـوێندنەوە، و: عـەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا ل٨.

٤- قورئانی پیرۆز. سورەتی (الشرح). وەرگێڕاوی مـامـۆستـا هەژار.

٥- ارشـیـبـالد مكليش. الشـعـر والتـجـربة. ترجـمـة: سلمى الخضراء الجيوسي ص٩٩.

٦- فيليب كامب. العشق الجنسي و المقدس. ت: عبدالهادي عباس، ص٣١

٧، ٨- التـفـسـيـر التطبـيـقي للكتـاب المقـدس، ص١٤٣٣، ١٢٣٧.

٩- د. بسام قطوس، تمنع النص متعة التلقي، قراءة ما فوق النص، ص٦٢.

١٠- التفسير التطبيقي للكتاب المقدس، ص(٢٣).

١١- هەمان ژێدەر. ل٦.

ژێدەرەکان:

- التفسير التطبيقي للكتاب المقدس.

- البـروفـسـور: س.م.بورا، التـجـربة الخـلاقـة. ت: سـلافـة حجاوي.

- د. محسن اطيمش. دير الملاک. دراسة نقدية للظواهر الفنية في الشعر العراقي المعاصر.

- ئەدۆنیس. شـیـعـرییـەتی خـوێندنەوە. و: عـەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا.

- ارشيبالد مكليش. الشعر و التجربة. ن: سلمى الخضراء الجيوسي.

- د. بسـام قطوس. تمنع النص مـتـعـة التلقي. قـراءة مـافـوق النص.

# بینای ڕووداو له ڕۆمانی مۆسیقای مەرگی ناوەختەدا

حوسێن سابیر عەلی

## سەرەتایەک

لێکۆڵینەوە لەسەر ڕۆمان کارێکی فراوان و گشتگیرە، واتا ئەگەر بخوازێن خۆمان بۆ لێکۆڵینەوەیەک ئامادە بکەین و ڕۆمانیش بکەینە نیازەکە، ئەوە چەندین پرسیار دروست دەبێ، ئایا مەبەست لەچی ڕۆمانە؟ مێژووی؟ چۆنیەتی سەرهەڵدانی؟ تەکنیکی؟ جیهانبینی؟ ناوەرۆک؟...تاد. ئەگەر کاریشمان بە تەواوی لەسەر گشت ئەو بەشانە کرد، ئەوە بە تەواوی ناتواندرێ مافی گشتیان بدەین.

بۆیە ئەوەمان بەچاک زانی کە خۆمان لە قەرەی تەکنیکی ڕۆمان نزیک بکەینەوە، لە تەکنیکی ڕۆمانیشدا تەنیا (ڕووداو)مان هەڵبژارد.

بێگومان تایبەتمەندی و تیشک خستنەسەر بابەتێکی دیاریکراو لە لێکۆڵینەوەدا، سنووری کارمان بۆ دیار و ئاسان دەکات. زیاتریش لە پێکانی مەبەستی لێکۆڵینەوەکە نزیکمان دەکاتەوە.

لەم لێکۆڵینەوە کورتەدا، کار لەسەر بینای ڕووداو لە ڕۆماندا دەکەین. سەرەتا باس لە ناساندنی ڕووداو لەژیانی ئاسایی لەناو ڕۆماندا دەکەین، دواتر گرنگی بینی ڕووداو لە ڕۆماندا دیاری دەکەین. دواتریش لە پێکهاتەی ڕووداو دەدوێین و شی دەکەینەوە، لەگەڵ ئەویش باس لە ڕێرەوی ڕووداو لە ڕۆماندا دەکەین و چۆنیەتی ڕوودانی ڕووداوی ڕۆمان دیار دەکەین. دواتر بەشێوەیەکی پراکتیکی کار لەسەر بینای ڕووداو لە ڕۆمانی (مۆسیقای مەرگی ناوەختە) دەکەین و هەیکەل و بینای ڕووداوی ڕۆمانەکە دیار دەکەین.

## ڕووداو چییە؟

لە ژیانی ڕۆژانەمـــاندا ڕووبەڕووی ڕووداو دەبینەوە، دەشـــێش ڕووبەڕووی ڕووداوێک، یان چەندین ڕووداو ببینەوە. واتا ڕووداو تێکەڵی ژیانی مـرۆڤـە و بەیەکـەوە کـاردەکەن. هەندێ جـار ڕووداو کـار لە مـرۆڤ دەکـات و کـاریگەری بەسـەریەوە دەبێت، بەپێچـەوانەشـەوە هەندێ جـــار ڕووداو کـــار لەمــرۆڤ دەکـــات و ڕێڕەوی ژیانی دەگۆڕێت.

دکتۆرە (شوکریە ڕەسووڵ) سەبارەت بە ڕووداو دەڵێت: «بریتییە لەو زنجیرە گۆڕانەی بەسەر ڕەوشتی کەسەکاندا دێت لە پێوەندی و کارلێک کردنیان لەگەڵ ئەو شوێنەی تێـــیدا دێن و دەچن» (١)، ســەبارەت بە چیــرۆک و ڕۆمانیش، «ڕووداو بە بڕبڕەی پشتی چیرۆک دادەنرێت، جـا ئەو ڕووداوە ڕووداوێکی واقــیـعی بێ، یان تێکەڵ کردنی خەیاڵ و واقیع بێت» (٢)

تەنانەت هەندێ لە نووســەران پێناســەی چیــرۆک بەڕووداو ئەژمـار دەکـەن. چیـرۆکنووس و ڕۆمـاننووس (حوسێن عـارف) دەڵێ: «چیرۆک بریتییە لەو زنجیرە ڕووداو و کـــارەســـاتانە (بەدیوی ناوە و دەرەوەدا) کـــە بەسەر کەسەکانی چیرۆک دێن و تێدەپەڕن» (٣)

دوای ئەوەی پێناســەی ڕووداومـــان کـــرد، پێــویست دەکـات کە شـوێنی ڕووداو لە پێکهـاتەی دەقی ڕۆمـاندا دیاری بکەین.

بناغـەی ڕۆمـان تەنیـا لەسـەر یەک تەکنیـک و یەک بنەما و ڕەگـەز دروست نابێ، بەڵکو دەقی ڕۆمـان لەسەر چەند ڕەگـەزێک دروست دەبێ. لەم بارەیەشـەوە دکتـۆرە شوکریە ڕەسووڵ ڕەگەزەکانی ڕۆمانی بەم شێوەیە دیاری کردووە «١-ڕووداو، ٢-شەخسیات (کەسایەتییەکان)، ٣-گێڕانەوە (گفتوگۆ)، ٤-کات و بەشەکانی، ٥-شوێن (جۆر و خاسیەتی)، ٦- ناونیشان» (٤).

هەروەها دکتۆر (نەجم خالید ئەڵوەنی) لە تەک ڕەگەزی کات لە ڕۆماندا، بەم شێوەیە ڕەگەزەکانی دیکەی ڕۆمانی دیارکـردووە (کـەسـیـەتی، ڕووداو، شـوێن، دایەلۆگ، مەنەلۆگ، حەکایەت، گێڕانەوە) (٥)، هەروەها (محەمەد ئەحـمـەد حەسـەن) بەم شێـوەیە ڕەگـەزەکانی دیارکـردووە «زمان، کارەکتەر، ڕووداو، کات و شوێن..تاد» (٦).

ئەگـــەر بەوردی ســـەرنج بدەینە هەرسێ کـــۆمـــەڵە ڕەگەزەکەی ڕۆمان، ئەوە ئەوەمان بۆ بەدیار دەکەوێت کە ڕەگـەزی ڕووداو لەلایەن هەرسێ بەڕێزەوە دەسـتنیـشـان کـراوە، ئەمـەش ئەوە دەگـەیەنێت کـە ڕەگـەزی ڕووداو ڕەگـەزێکی ڕەسـەنە و ناتوانرێ لە دامــەزراندنی دەقی ڕۆمانێکدا چاوپۆشی لێبکرێ.

## گرنگی ڕووداو

لەناسـینی ڕووداودا ئەوەمـان بۆ ئاشکرابوو کـە ڕووداو بڕبڕەی پشـتی ڕۆمـان و چیـرۆکـە، بەڕاسـتـیش هەروایە، چونکە ئەگـەر ڕووداو نەبێت، ئەگـەر کـەسـایەتیـیـەکـان هەشبن، ئەوە بەشێوەیەکی بێ مانا و مەبەست ڕۆڵیان لە ڕۆمانەکەدا دەبێت و هیچ کارێک ڕوونادات.

«ڕووداو زۆر گـرنگە، گـرنگیـیـەکـەی لەوەدا بەدیار دەکەوێ کە هیچ چیرۆکێت بەبێ ڕووداو نابێ، واتە ئەگەر ڕووداو نەبێت چیـــرۆک دروست نابێ» (٧)، تەنانەت هەندێ کەس وەک دکتۆر (ڕەشاد ڕوشدی) پێیان وایە کە بەبێ ڕووداو چیـرۆک، یان ڕۆمـان شـێـوەی بۆ دروست نابێ، «چیـرۆک ئەوکـاتە ڕوخسـاری دەبێ کـە وێنەی ڕووداوێکی تەواو دەکێشێت، ئەو ڕووداوەش سەرەتا و ناوەڕاست و کـۆتایی دەبێت و پێـوەندییـەکی ئۆرگـانی هەرسێ بەشەکە پێکەوە دەبەستێتەوە، ئەمەش لە شێوەی ئەو پێـــوەندیەی کـــە ئەندامــەکـــانی لەش بەیەکـــەوە دەبەســتـێـتـەوە» (٨) دکـتـۆرە (پەرێز سابیـر)یش دەڵێ: «ڕووداو ڕۆڵێکی سـەرەکی لە سـازدانی بینای هونەری هەر چیرۆکێکدا دەگێڕێت» (٩).

ئێـمـە کـە دەڵێین ڕووداو ڕۆڵێکی سـەرەکی لەڕۆمـاندا دەگێـڕێت، مـەبەسـتمـان ئەوەنییـە کـە ڕەگـەزەکـانی دیکە ناسـەرەکین و ڕۆڵی کـارایان نیـیـە، نەخـێـر، بەڵکو مـەبەسـتـــمـان ئەوەیە کـە ڕووداو شـان بەشـانی چەند ڕەگـەزێکی دیکەی ڕۆمـان تەلاری ڕۆمـان دروست دەکەن.



«هەموو ڕەگەزەکانی ناو هونەری چیرۆکنووسین یەکتری تەواو دەکەن، هیچ کام لەو ڕەگەزانە بە تەنیا ناتوانێ چیرۆکێکی جوان بخولقێنێ بۆ نموونە بە تەنیا زمانێک ناتوانێ چیرۆک دروست بکا، یان بە تەنیا ڕووداوەکان» (١٠). بەڵام گرنگییەکەی ڕووداو لەوەدایە کە زۆربەی ڕەگەزەکانی دیکەی ڕۆمان لە دەرەوەی خۆی کۆدەکاتەوە و ڕایەڵیان دەکات.

ئەگەر لە دەقی ڕۆمانێکدا ڕووداوێک، یان چەند ڕووداوێک هەبوو، ئەوە پێویست بەوە دەکات کە کەسایەتی هەبێ بۆ جێبەجێکردن و ڕۆڵ گێڕانیان لە وازیکردنی ئەنجامدانی ڕووداوەکان. کە ڕووداو و کەسایەتیت هەبوو، ئەوە پێویست دەکات شوێنیشت هەبێ و کارەکەی لەسەر ئەنجام بدەی. کە ئەو سێ ڕەگەزەشت هەبوو، ئەوە بەشێوەیەکی پێویست کات خۆی ڕەپێش دەکات و هەموویان لەماوەیەکی دیاریکراو کۆدەکاتەوە. ڕەگەزەکانی دیکەش بە هەمان شێوە ڕۆڵی خۆیان لە تێکستەکە دەبینن، بەڵام ئەوەندە هەیە لە هەندێ دەقی ڕۆماندا هەیە ڕووداوی زۆری تێدایە و زۆر جەختی لەسەر کراوەتەوە. لە هەندێ ڕۆمانی دیکە شوێن زۆر بەرجەستەکراوە و تیشکی خراوەتەسەر. ڕەگەزەکانی دیکەش بەهەمان شێوە ئەو مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.

هەرچۆنێک بێ ڕووداو لە هەموو دەقێکی ڕۆماندا هەیە، بەڵام ئەوەی دەمێنێتەوە کەمی و زۆری، یان سادەیی و ئاڵۆزی بەکارهێنانیەتی.

## پێکهاتە و ڕێڕەوی ڕووداو

هەرچەندە ڕووداو وەکو ڕەگەزێکی ڕۆمان سەیر دەکرێت و بەشێکە لە بەشە پێکهێنەرەکانی ڕۆمان، بەڵام ڕووداویش لەناوخۆیدا شێوە پێکهاتەیەکی سەربەخۆی هەیە و لە چەند بەشێک پێک دێت.

«ئەو ڕووداوانەی کە چیرۆکنووس هەڵیان دەبژێرێت بۆ ئەوەی بتوانن چیرۆک دروست بکەن پێویستیان بەڕێکخستن هەیە، چونکە چیرۆکنووس ئەو ڕووداوانەی کە وەریان دەگرێت بە ڕووتی وەک خۆیان وەریان ناگرێت، بەڵکو گیانی ئەو ڕووداوانە وەردەگرێت و دووبارە بەسەریان دادێتەوە و دەسکارییان دەکات و گۆڕانیان بەسەردادێنێت و بەپێی مەرجە هونەرییەکان ڕێکیان دەخات و دایان دەڕێژێتەوە، ئەو ڕێکخستن و دارشتنەوەیە پرۆسەی پێکهاتنی پلۆتی چیرۆک پێک دەهێنن» (١١)، پلۆت (گرێچن - حبكة) تەنیا خاڵێکی ڕووداوی چیرۆک، یان ڕۆمان نییە، بەڵکو «پلۆتی هەر چیرۆکێک لەسەر سێ بەش پێک دێت، سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی» (١٢). واتە پلۆت لە سێ بەش پێک دێت، بە هەرسێکیان میکانیزمی تەواوی ڕووداوێک پێک دەهێنن.

ئەگەر هێلکاریەک بۆ پلۆت، یان هەندێ کەس گرێچنیشی پێدەڵێن ئەوە خۆی بەم شێوەیە نیشان دەدات.

واتا گرێچنی ڕۆمانێک لەسەرەتاوە دەست پێدەکات و بەرەو هەوراز هەنگاو دەنێ، دواتر وردە وردە بەرەو خواردێتەوە. بەم شێوەیە خۆی لەم هاوکێشەیە دەبینێتەوە:




ڕووداو= سەرەتا ← ناوەڕاست ← کۆتایی.

بەڵام جاری وا هەیە دەقێکی ڕۆمان ئەم هاوکێشە باوە دەشکێنێت و خۆی بەجۆرێکی دیکە نمایش دەکات، وەک:

ڕووداو= ناوەڕاست ← سەرەتا ← کۆتایی.

یان بەم شێوەیە:

ڕووداو= کۆتایی ← ناوەڕاست ← سەرەتا.

کە دیارە ئەمەی دوایی تەواو پێچەوانەی شێوە باوەکەیە.

سەرەڕای ئەم شێوە جیاوازانە، «ئەم سێ بەشە (سەرەتا، ناوەڕاست، کۆتایی) بایەخێکی یەکجار گەورەیان هەیە و دەبێ گرنگییەکی زۆریان پێ بدرێت، چونکە هەریەک لە شوێنی خۆی بایەخێکی تایبەتی هەیە» (١٣). ئەم سێ بەشەی چیرۆک و ڕۆمان هەریەکێکیان گرنگییەکی تایبەتی هەیە. «سەرەتا لە چیرۆکدا بایەخێکی زۆری هەیە، چونکە دەست پێکردنی ڕووداوەکان لەوێوەیە. دەروازەیەکە بۆ چوونە ناو ڕووداوەکانی چیرۆکەکە. جا بۆیە دەبێ چیرۆکنووس بەشێوەیەکی وا سەرنج ڕاکێشانە دەست پێ دەکات کە

خوێنەر کێش بکات بۆ ناو چیرۆکەکە و وای لێبکات نەتوانێ واز لە خوێندنەوەی چیرۆکەکە بهێنێت.

ناوەڕاست شێوەی دووەمە کە ڕووداوەکان لەناوەڕاستەوە دەست پێ دەکەن. واتە لەکاتی ئاڵۆزبوونی ڕووداوەکان. کاتێک ڕووداوەکان گەیشتوونەتە لووتکە چیرۆکەکە دەست پێدەکات.

کۆتایی بایەخی خۆی هەیە، چونکە هەموو شتەکان و ئەنجامەکان لێرەدایە و هەموو شتێ ڕوون دەبێتەوە. دەبێ بەشێوەیەکی هونەری وابنووسرێ تاکو خوێنەر هەوڵ بدات زوو بگاتە کۆتایی تا بزانێ ئەنجامی ڕووداوەکان چی دەبێت» (١٤).

**ڕووداو لە ڕۆمانی مۆسیقای مەرگی ناوەختەدا**

دوای ئەوەی سەرەتایەکی تیۆریمان لە بارەی ڕووداو لە ڕۆماندا خستەڕوو، گرنگی ئەو ڕەگەزەمان لەگەڵ پێکهاتە و ڕێڕەوی کارکردنی ڕووداو لەڕۆماندا شی کردەوە، لێرەدا هەوڵ دەدەین لەبەر تیشکی ئەو چەمکانە، بینای ڕووداو لە ڕۆمانی (مۆسیقای مەرگی ناوەختە)دا(١٥) دیاربکەین و شی بکەینەوە.

ڕۆمانی مۆسیقای مەرگی ناوەختە کە نووسەر (سەلاح جەلال) لە ١٩٩١/١٢/٤ لە نووسینەوەی بۆتەوە و لە ساڵی ١٩٩٧ چاپی کردووە، لە (٩٢) لاپەڕە و نۆ چاپتەر پێک هاتووە. شاڵ سەوز کەسێتی سەرەکی ڕۆمانەکەیە و هەندێ جاریش بە کفنپۆش و هەندێ جاری دیکەش بە خەلیفە مەحموود و هەندێ جاری دیکەش بە شێخە پەڕۆ ناوی هاتووە. لەپاڵ ئەویش کەسێتی شاڵ سپی هەیە کە بە کەسی دووەمی ڕۆمانە دادەنرێت.

بێجگە لەو دوو کەسە، کەسانی دیکەش هەنە، وەک (ئاراس، نیاز، شەونم، میمکە مریەم، ناسکۆڵ، مامە قالە، شێرزادی بازرگان، مام مەحموود، فەرهاد، عەلی جەڕاح، خاتە شێت، حەمەی بێ گۆڕ، گۆڕهەڵکەن، ئەحە چەقۆ) لەگەڵ چەندین کەسی دیکە کە لە ڕۆمانەکەدا هەن، بەڵام بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ناویان نەهاتووە. زۆربەی ڕووداو و بەسەرهات و کەسەکانی ناو ڕۆمانەکە لەلای شاڵ سەوز دەردەچن و دەگەڕێنەوە.

بنیادی ئەم ڕۆمانە تەنیا لەسەر یەک ڕەگەزی هونەری دانەمەزراوە، بەڵکو وەکو تەونی جاڵجاڵۆکە زۆربەی ڕەگەزەکان ڕۆڵی خۆیان لە بنیادنانی جەستەی دەقەکە دیوە و پێکەوە بەشدارییان کردووە.

بەڵام دەتوانین ئەوە بڵێین کە دوو ڕەگەز لەم ڕۆمانە زیاتر کارەکانیان لە ئەستۆ گرتووە، ئەوانیش (کەسایەتی و ڕووداو)ن پێشتر ئەوەمان ڕوون کردەوە کە شاڵ سەوز کەسێتی سەرەکی ڕۆمانەکەیە و زۆربەی ڕەگەزەکانی دیکەش بە شاڵ سەوزەوە بەستراونەتەوە، گومانیشی تێدانییە ڕووداویش وەکو ڕەگەزەکانی دیکە پەیوەستە بە شاڵ سەوز و لەگەڵ ئەو هەنگاو دەهاوێژێ و هەردووکیان تەواوکەری یەکترن.

ڕووداوی سەرەکی ڕۆمانەکە «لەسەر ئاشکرابوونی نهێنی ژیان و ڕابردووی شاڵ سەوز وەستاوە، چونکە ڕابردووی شاڵ سەوز لە دەقەکەدا بەشێوەیەکی پەنهان و ئاڵۆزە کە بەدواداچوون و ئاشکراکردنی ئەو ڕابردووە بۆتە گرێچنی دەقەکە و هەموو نهێنی و هەوڵدانێکی لەخۆیدا فۆرمەڵە کردووە» (١٦).

بنیادی ئەو ڕووداوانەی کە بەشاڵ سەوزەوە بەندە، ئەوەیە کە شاڵ سەوز کەسێتییەکی شاراوەی هەیە، شاڵ سپیش لە ڕێگەی پرسیارەوە هەوڵی ئاشکرابوون و ئاشکراکردنی شاڵ سەوز و ئەو ڕووداوانەی کە بەوەوە بەندن دەدات. واتا دەقەکە لەسەر کەسایەتییەک بەناوی شاڵ سەوزەوە دامەزراوە، ئەم کەسایەتییەش نهێنی تایبەت بەخۆی و شارەکەی (سلێمانی) هەیە، شاڵ سپی هەوڵ دەدات کە ئەو نهێنیانە ئاشکرا بکات، ئەمە کرۆکی ڕۆمانەکەیە.

بەڵام بێجگە لەم کەسێتییە و ئەو ڕووداوانەی کە پەیوەستن پێیەوە، چیرۆکی دیکەش هەیە و بەشدارن لە بنیادنانی ڕۆمانەکە و بەڕێوەچوونی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە، وەک:

١- چیرۆک، یان ڕووداوی لە سێدارەدانی لاوێکی هەژدە ساڵان کە خەلیفە لە لاپەڕە(١٥) ڕۆمانەکە باسی دەکات و بۆ پرۆسەکەی دەچێت.

٢- چیرۆکی شەش مانگ پێش مەرگی ئاراس، لە کاتێکدا بۆ خوێندن بۆ پایتەخت دەچوو، چیرۆکەکەش بریتییە لە چیرۆکی خۆشەویستی ئاراس و نیاز، لەگەڵ پێکەوە بەستنەوەی بە چیرۆکی ئاراس و شەونم کە پێکەوە لە بەغدا دەیانخوێند، تا چیرۆکی شەهیدبوونی ئاراس تەواو دەبێ.

٣- ڕووداوی بەر دەرکی سەرای سلێمانی و ئەو ڕووداوانەشی کە بەهۆی شەڕی بەردەرکی سەرای سلێمانی دروست دەبن.

٤- چیرۆک و ڕووداوەکانی ئەنفالی کوردستان و گێڕانەوەی مەرگی تراژیدی و چنینی لەگەڵ گێڕانەوەی

ڕووداوە مەرگئامێز و جەرگبڕەکانی دیکە.

٥- چیرۆکی میمکە مریەم، کە سێ کاتژمێر لەخۆ دەچێ و کە بە ئاگاش دێتەوە لەنێو کارەساتی شارەکە خۆی دەبینێتەوە.

٦- چیرۆکی ئەو سێ تەرمەی کە لەلایەن گۆڕ هەڵکەنەوە بۆ شاڵ سەوزی دەگێڕێتەوە کە خێزانێکی خۆفرۆش و داوێن پیس بوونە، دوای ئەوەی ئاشکرادەبن، دەیان کوژن.

٧- ڕووداوەکانی پەیوەست بەخۆشەویستی ئاراس و نیاز، بەڵام دواتر نیاز فێڵ لە ئاراس دەکات و لەگەڵ شێرزادی بازرگان دەستی تێکەڵ دەکات، ئەو بازرگانەش لەگەڵ نیازدا دەگاتە مەرامی تایبەتی خۆی.

٨- ڕووداوی ناو بەندیخانە، یان زیندانی مام مەحموود و فەرهاد، کە فەرهاد خۆی مردن هەڵدەبژێرێ و مام مەحموود گوێی لە ڕێژنەیەک گوللە دەبێ و دواتر دەزانێ کە فەرهاد کوژراوە.

٩- چیرۆکی میمکە مریەم، کە لە ڕۆژێکدا دوای ماوەیەکی زۆر شاڵ سەوز دەچێتە ناو شار و دەچێتە ماڵی میمکە مریەم و پرسیاری مۆرکردنی ماڵەکەیانی لێدەپرسێ، ئەویش لە وەڵامدا پێی ڕادەگەیەنێ کە ئەمە پەیوەستە بە کوژرانی سێ جاسووس و ئەفسەرێک.

١٠- ڕووداوی حەمەی بێگۆڕی بەتیزاب سووتاو، کە ئەفسەرێکی بەناو (س) دەکوژرێ، لە حەمە دەدەن، ئەویش دانی پیانانێ و دەیخەنە ناو تیزابەوە. دوای ئەوەش دایکی حەمە کە ناوی (خاتە)یە شێت دەبێت و بە خاتە شێت دەناسرێت.

جێی ئاماژەیە (سابیر ڕەشید)ی چیرۆکنووس لە ژمارە (١٤٦)گۆڤاری (کاروان)دا(١٧) ئەو چیرۆک و ڕووداوانەی بەبێ ژماردن دیارکردووە، لە ڕووداوی پەیوەست بە ئاراس و نیاز، وتوویەتی کە نیاز و شەونم لە بەغدا پێکەوە دەیانخوێند، بەڵکو ئاراس و شەونم لە بەغدا پێکەوە دەیانخوێند ڕاستییەکەیەتی، پێدەچێ لەبەر زۆری دووبارەبوونەوەی ناوەکان لێی تێکەڵ بووبێ.

ئەمانەی باسمان کردن، گرنگترین ڕووداوەکانی ناو دەقی ڕۆمانی مۆسیقای مەرگی ناوەختە بوون. واتا ئێمە ڕووداوێکی سەرەکیمان هەیە، لە پاڵ ئەو ڕووداوە سەرەکییە چەندین ڕووداوی دیکەش هەیە کە پەیوەستن بە ڕووداوە سەرەکییەکە و هەموو لایەک بەیەکەوە یەکتری تەواو دەکەن.

ڕووداوە سەرەکییەکە و ڕووداوەکانی دیکە بۆ زیاتر ڕوون کردنەوەیان دەتوانین لەم هێڵکارییە بیخەینە ڕوو:




## گرنگی ڕووداو لەم ڕۆمانەدا

گرنگی ڕووداو لە هەر ڕۆمانێکدا لە دوو خاڵ خۆی دەنوێنێ:

١- بۆ بنیادنانی هەر ڕۆمانێک، چونکە ڕۆمان بەبێ ڕووداو نابێ.

٢- تایبەتمەندی ڕووداو لە ڕۆمانێکی دیارکراو، واتا تا چەند ڕووداو لەپاڵ ڕەگەزەکانی دیکەی ڕۆمانەکە ڕۆڵی لە دروستکردنی بنیادی ڕۆمانێکی دیاریکراو هەیە و تا چەند توانیویەتی جوانکاری بە دەقەکە بدات و تا چەند توانیویەتی ڕۆڵی هونەریانەی خۆی بگێڕێ.

ئەگەر لەسەر ئەم دوو خاڵە سەیری ڕووداوەکانی ڕۆمانی (مۆسیقای مەرگی ناوەختە) بکەین، ئەوە خاڵی یەکەم زۆر بەئاشکرا دیارە کە ئەم ڕۆمانە وەک گشت ڕۆمانێک ڕووداوی تێدایە.

خاڵی دووەمیش کە زیاتر جێی هەڵوەستەی ئێمەیە، ئەوە دەبینین کە ڕووداو لەم ڕۆمانە شان بە شانی کەسێتی، ڕۆڵێکی سەرەکی لە بنیادنانی ڕۆمانەکە دەگێڕێ، بەڵام جاری وا هەیە کەسێتی و ڕووداوەکان کار لە یەکتری دەکەن و دەکەونە ژێر کاریگەری یەکتر «شاڵ سەوز لە ساتەوەختی ڕۆمانەکەدا ڕابردوویەکی ون و ئاڵۆزی هەیە و زۆری ڕووداوە تراژیدییەکانی وای لێکردووە کە بە بەردەوامی سەرقاڵی بیرکردنەوە بێت و لە حاڵەتێکی پشێویدا بژی و حەز بەوە نەکات کە هەرگیز بۆ ڕابردووی خۆی بگەڕێتەوە»(١٨).

لێرەدا گرنگی و کاریگەری ڕووداومان بەسەر کەسێتی سەرەکی ڕۆمانەکە بۆ بەدیار دەکەوێت. گرنگییەکەش لەوە بەدیار دەکەوێت کە شاڵ سەوز کەسێکی دوورە پەرێز و ونە، ئەم بارەش بەهۆی ڕووداوە تراژیدییەکانی پێشوو بەسەری هاتووە کە پێشتر لە دە خاڵ دیاریمان کردوون.

لەلاپەڕە ٣١ی ڕۆمانەکەدا شاڵ سەوز لە وەڵامی پرسیارێکی شاڵ سپیدا دەڵێ: «بەسە بەس چیتر باسی ڕووداوی ئەو شارەم لێ مەپرسە نامەوێت نەشتەر لە جەرگم بدەم» دیارە ئەمەش ڕاستەوخۆ ڕاستی

تێبینییەکانی پێشوومان دەسەلمێنێ کە شاکەسی ڕۆمانەکە کەوتۆتە ژێر کاریگەری ڕووداوەکان.

لەلایەکی دیکە شاڵ سەوز «یەک جۆر ڕوانینیشی نییە لە سەرەتا تا کۆتایی دەقەکە، بەڵکو بەپێی گۆڕانکاری و بەرەو پێش چوونی ڕووداوەکانی ڕوانینی شاڵ سەوزیش دەگۆڕێ» (١٩).

لەسەرەتای ڕووداوەکاندا دەبینین وشەو پەیڤەکانی شاڵ سەوز سادەن «ڕۆڵە هەر کاتێک خوێندنت تەواو کرد سەربەستیت هەرچییەک دەکەیت بیکە»ل٢٢. دیارە ئەمەش لەسەرەتاوەیە پێش ئەوەی ئاراسی کوڕی بکوژرێ، وشەو قسەکانی شاڵ سەوز سادەیە.

بەڵام لەو کاتەی کە کارەسات و ڕووداوی زۆری بەسەردا هاتووە و کەوتۆتە ناو گۆڕستان، قسە و بیرکردنەوەی دەگۆڕێ «ئێمە لە جیهانێکی ون و ئاشکراوە سەیریان دەکەین لە ئەنجامی کارە نارەواکانی ئەوانەوە کەوتووینەتە ئێرەوە لەژێر چاودێری تیشکەکانی ئێمەدان پانتایی مردن و ژیان زۆر بوون و چارەسەر ناکرێن فراوان»ل٩.

لێرەدا ئەوەمان بۆ ئاشکرابوو کە بەهۆی ڕووداوەکان هزر و تێڕوانینەکانی کەسێتی سەرەکی ڕۆمانەکە گۆڕاوە و بە ڕووداوەکانەوە کاریگەربووە.

## پێکهاتە و ڕێڕەوی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە

لەسەرەتادا بەشێوەیەکی تیۆری ئەوەمان، باس کرد کە ڕووداو لە هەر دەقێک سێ شێوەی هەیە (هەندێ جار لەسەرەتاوە دەست پێدەکات، پاشان هەڵدەکشێ و بۆ خوارەوە دێت، واتا کۆتایی دەقەکە. هەندێ جاری دیکەش ڕووداو لە ناوەڕاستەوە دەست پێدەکات، پاشان بۆ سەرەتای دەقەکە دێتەوە و ئینجا بۆ کۆتایی دەچێ.

جاری واش هەیە سەرەتای دەقێک کۆتایی ڕۆمانەکەیە، واتا ڕۆمانەکە لە کۆتایی دەست پێدەکات و دێتە سەرەتا و پاشان دەچێتە ناوەڕاست.

ڕووداو لە ڕۆمانی (مۆسیقای مەرگی ناوەختە)دا لە جۆری سێیەمە، واتا سەرەتای ڕۆمانەکە کە چاپتەری یەکە، کۆتایی ڕۆمانەکەشە. ڕۆماننووس بە چەند ئاماژەیەکی ورد و شاراوە ئەوەمان پێدەڵێت کە شاڵ سەوز مردووە، یەکەم پەرەگرافی ڕۆمانەکە بەم شێوەیە دەست پێ دەکات «چەرچەفێکی خوێنین بەری ئاسمانی شارەکەی گرتبوو کەفی تەواوی خۆر لە ئاپوورەی کۆچدا خڕ دەبۆوە لەناو شەپۆلی شینی چینەکانەوە ڕەنگی دەدایەوە بەکزەیەکی بەهێزەوە دەکشا و لەسەر ئاستی گۆڕستانەکە گرمۆڵە دەبوو بە چەند ڕەنگێکی ماتەوە کێل و گڵ و بەردیان ڕادەچڵەکاند و لەسەر تەرمە ڕاکشاوەکە وێنەیان دەکێشا»ل٣.

ئەمە پەرەگرافی یەکەمی ڕۆمانەکەیە، وشەی تەرمی ڕاکشاو بەکارهاتووە، مەبەستیشی شاڵ سەوزە.

دوای ئەوە دەڵێ: «لە ڕاست و چەپ و خۆرئاوا و خۆرهەڵات ڕووبەری گۆڕەکان ببوو بە زرنگەی خەزانێکی تووڕە گەڵا و لق و چڵ و دارو درەخت پێڵووی ماتەمیان جۆگەلەی فرمێسکی تیا دەبینرا»ل٣. لێرەشدا باس لە خەزان و وەرینی گەڵای دارو درەخت دەکات. ئەم چەمکانەش نیشانەی هەڵوەرینی گەڵای دارن، کە ئەمەش واتای مەرگ دەدات.

لەدوای ئەمەش ڕۆماننووس دەڵێ: «ئەستێرەی ژوانی گۆڕەکان لەژێر پەردەیەکی دینامیکی نەبینەوە کپ ببوو وەک لەمەداری جارانی دەرچووبێت»ل٣. کپ بوونی ئەستێرە واتای کوژانەوەی ئەستێرە دەدات، کوژانەوەش واتای نەمان دەدات، نەمانیش بەواتای مەرگ. لە شوێنێکی دیکە ڕاستەوخۆ دەڵێ: «دشداشە سپییەکەی تاسەر سنگی هاتبوو تووکە سپییەکانی سینەی بەکرژی مابوونەوە هەردوو دەستی بەسەر زبرایی تەختە بەندەکەدا بڵاوببۆوە»ل٥.

ئەگەر سەرنج لە وشەی (بڵاوببۆوە) بدەین، تێبینی ئەوە دەکەین کە بڵاوبوونەوەکە لەسەر ویستی خۆی نەبووە، هێزی نەمابوو، بۆیە بەم شێوەیە بڵاوبۆتەوە، واتا لە ژێر ویستی شاڵ سەوز نەبووە.

ئەمانە و چەند نیشانەیەکی دیکەش باس لە مەرگی شاڵ سەوز دەکەن و لەسەرەتای ڕۆمانەکەشدا نووسراون. بەمەش دەگەڕێینەوە ئەو ئەنجامەی کە کۆتایی ڕۆمانەکە لەسەرەتادا تۆمارکراوە، دواتر بەهۆی فلاشباک و مەنەلۆگ و دیالۆگی نێوان شاڵ سەوز و شاڵ سپی، ڕووداوەکان دەست پێدەکەن و بەرەو هەوراز هەنگاو دەنێن.

نووسەری ڕۆمان هەرچەندە لەسەرەتادا چەند بەڵگەیەکی ڕاست و ڕەوانی لە بارەی مردنی شاکەسەوە دەربڕیوە، بەڵام ئەو کارەی تارادەیەک بە پەنهانی هێشتۆتەوە، تاوەکو دەگەینە لاپەڕە (٦٠) ئینجا دەڵێ: «بیست و چوار کاتژمێر لەجێگەی خۆیدا کەوت هەر شەست چرکە جارێک خۆی لێ دەبوو بە یەکێکیان لەگەڵ تەواوبوونی دوا چرکەدا تێکەڵ بوون بیست و چوار جار

لەرزی و گیانی دەرچوو تفتی و تاڵییەکانی ژیانی کەفێکی سپی بوون لێویان داگیرکرد ئێستاش تەرمەکەی هەمان شاڵاوی نهێنی بەسەرەوە بوو».

لێرەدا بە تەواوی مردنی شاکەسی ڕۆمانەکە کە تەوەرەی سەرەکی گشت ڕۆمانەکە بەشێوەیەکی تەواو ڕادەگەیەنێ. ئەمە لە بارەی سەرەتای ڕۆمانەکەوە کە هاوکات کۆتایی ڕۆمانەکەشە.

سەبارەت بەناوەڕاستی ڕووداوەکانیش، لە دە ڕۆژ پێش مردنی شاڵ سەوز دەست پێدەکات کە دووچاری نەخۆشیەک دەبێت و بەنەخۆشیەکەش گیان لەدەست دەدات. «لەپڕ جیهان لەبەرچاوی بوو بە جاڵجاڵۆکە، خەونەکانی ئاڵۆسکاو ڕۆشنایی تەنرا یەئجووج ترەکینەوە جیهانیان پۆشی ئاسمانیان گرت و لەکانیاو ڕووبار و ئەستێل و چۆمەوە بەچکەیان کاروانی دەگرت شەبەقی خۆر ملیۆنانی دەخستەوە سەرتاپای گەردوون تەل بەندکراو بەو شەپۆلانە لەناو ئەشکەوتەکەدا تلیسایەوە چاوی زەوق بوون برۆی هەڵگێڕایەوە ڕەنگی تێک چوو شاڵ سپی بەدیاریەکەوە کەوتە گریان و هاواری کرد چەند جار دەستی خستە سەر سنگی و چرکەی هەناسەکانی تاقی دەکردەوە ناچار کەوتە دوعاکردن، نوێژی بۆ خوێند ئەویش لەدەمەو بەیانیدا چاوی کردەوە زمانی بۆ نەدەجووڵا تەنیا چرکەی مردن لە ڕەنگییەوە دوور کەوتبۆوە بەو چەشنەش یەک هەفتە بەبێ قسە مایەوە»ل٥٢-٥٣. تا دەگەینە نەخۆشکەوتنی شاڵ سەوز. ڕووداوەکانی دیکەی ڕۆمانەکەش وردە وردە هەریەک بەپێی قەوارەی خۆی بەرەو چارەسەری و نەمان دەچن. لەدوای نەخۆشیەکەش پانتایی دەقەکە بۆ باسکردنی چۆنیەتی گیاندان و ئەو غەم و یادگاریانە تەرخان دەبێت کە شاڵ سپی بەدیار جەستەی پاڵکەوتووی شاڵ سەوزەوە داماوە. ئینجا وردە وردە باس لەدوا ساتەکانی مەرگەکەی دەکات کە ڕەنگی بەسەر گشت بوونەوەر و پێکهاتەکانی گۆڕستانەکەدا کێشابوو «گۆڕستان لەرزێکی تێکەڵاوی گرت، دارەکان بەکزیەکی بەهێزەوە ڕادەوەشێن لق و چڵ و پۆپ بەیەکدا دەدران گەڵای بێ نەوا دەوەری سەگ و تووڵە و توتک کەوتنە قروسکەو وەڕین، مارو مێروو خۆیان لەکون خزاند وەکو باڵندە کۆچی سەروو و ژووریان کرد شینەشاهۆکان لە شەققەی باڵیان دەدا ساتێک بوو بە حەوانەوە دەخولانەوە دەنووکیان گرتبووە سەرتەرمەکە چرکەی ڕاست بوونەوەی شانۆی ڕۆژانی ڕابردوو لایدابوو چەند چرکەیەک بوو باڵە فڕەیان دەکرد ناچار نیشتنەوە و باڵەکانیان بەیەکدادا و پەڕیان بەسەردا وەراند لەگەڵ دەنگە خنکاوەکەی سروشتدا مۆسیقای مەرگی ناوەختەی شاڵ سەوزیان دەژەند چاویان پەڵەی تازەیەی لێ دەبینرایەوە و نهێنی تەرمەکەیان دەرەخست گڵۆپەکانی شارەکەش هەڵکران لەگەڵ کۆچی خۆرەکەدا بەشەڕ دەهاتن دوو هێزبوون لەگەڵ مۆسیقا خامۆشەکانی مەرگی ناوەختەدا تێکەڵاو دەبوون بەشنەی بایەکی تیژەوە گۆڕستانەکەیان دەهەژاند»ل٩٢، کە ئەمە کۆتایی ڕۆمانەکەشە.

نووسینی هەر دەقێک، بەتایبەتی ڕۆمان هەر تەنیا پڕکردنەوەی کاغەز نییە، بەڵکو هەر نووسەرێک بە تایبەتی لە بەرهەمێکی هونەریدا مەبەستێکی هەیە، «هۆی هەڵبژاردنی هەر ڕووداوێکیش لای چیرۆکنووس گەیاندنی مەبەستێکی دیاری کراوە، ئەو مەبەستە (تیم Theme)ی چیرۆک دەنوێنێت، وەک (پەند) یان (پەندی ڕەوشتی) کە لەدوای خوێندنەوەی چیرۆکەکە لێی تێ دەگەین، یان ئەو بابەتە سەرەکییەیە کە ڕووداوەکانی چیرۆک چارەسەری دەکات وەک ئەوەی بڵێین (تیمی فلانە چیرۆک بریتییە لە کێشەی نێوان چاکە و خراپە(٢٠).

بەپێی ئەم چەمکە مەبەستی دەقی ڕۆمانی (مۆسیقای مەرگی ناوەختە) باسکردنی مردنە، یان فەلسەفەی مردنە، «ڕۆمانەکە ئەوەندە خەماوییە بارگاوی مەرگ کراوە. خوێنەر تا تەواوی دەکات تێکەڵ بەژانی مردن دەبێت»(٢١)، ئەوەندەش بەسە کە مەرگ تیمی ڕۆمانەکەبێ، چونکە مەرگ ڕووداوێکە هەر لە دێرین زەمانەوە تاوەکو ئێستا بیروهۆشی مرۆڤی جەنجاڵ کردووە.

## چەند سەرنجێک

دەقی ڕۆمانی مۆسیقای مەرگی ناوەختە لە ڕووی داڕشتنەوە هەست دەکرێت بەیەک نەفەس نووسراوە، ڕووداوەکانی زۆر پچڕ پچڕ و تێکچڕژاون. زوو زوو بەدیاردەکەون و ون دەبن.

سەرتاپای تێکستەکە دوورە لە نیشانەکانی خاڵبەندی، بەهیچ جۆرێک وێرگوڵ(،) بەکارنەهاتووە. بۆ وەستان خاڵ(.) تۆمار نەکراوە. لە سەرەتای تێکستەکە کەوانەیەک کراوەتەوە و لەکۆتایش داخراوە، لە دوای کەوانەکەی کۆتاییش خاڵێک دانراوە. تەنانەت لەکۆتایی هەر نۆ چەپتەرەکە خاڵ دانەنراوە، ئەمەش دیارە

کرانەوەیی دەقەکە نیشان دەدات. سەرەڕای پەیوەستی نێوان گشت ڕووداوەکانی دەقەکە. لەسەرتاپای دەقەکەدا تەنیا چەند جارێک نیشانەی سەرسوڕمان(!) بەکارهاتووە. یەک جاریش نیشانەی پرسیار(؟) بەکارهاتووە. کە ئەمەش نیشانەی بەردەوامی بە قسە و ڕووداوەکان دەدات بەشێوەیەکی پەنهان.

وشەکانی (مردن، مەرگ، قریسکە) زۆرترین ژمارەیان هەیە بە بەراورد لەگەڵ وشەی دیکەی ناو ڕۆمانەکە، کە ئەم وشانەش نیشانەی مەرگ و نەهامەتین.

ڕۆماننووس لەلاپەڕە ٢ی دەقەکەدا نووسیویەتی «پێشکەشە بە باوکم کە کفن پۆش بوو، شەوێک لەگەڵیا ئێشکی جێگەکەی کفن پۆشمان گرت ئەم ڕۆمانە چرکە ساتی ئەو شەوەیە» کە ئەمەش ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە مەبەستی هەرە سەرەکی نووسینی ئەو ڕۆمانە مردن بووە.

## ئەنجام

لەدوای ئەو لێکۆڵینەوە کورتە سەبارەت بە بینای ڕووداو لە ڕۆمانی (مۆسیقای مەرگی ناوەختە-ی سەلاح جەلال)دا، گەیشتینە چەند ئەنجامێک، وەک:

١- بینای ڕووداو لە تەک بینای کەسێتی کۆڵەکەی سەرەکین لە دامەزراندنی بینای دەقەکەدا.

٢- زۆرجار ڕووداو کاریگەری لە شاکەسی ڕۆمانەکە کردووە و کاریگەری لەسەر بیروڕاو هەڵوێست و بیرکردنەوەی بەجێ هێشتووە.

٣- سەرەتای ڕۆمانەکە کۆتایی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەیە، کە باس لە مردنی شاڵ سەوزی کەسێتی سەرەکی ڕۆمانەکە دەکات و بە چەند ئاماژەیەکی پەنهان دەری خستووە.

٤- زۆربەی ڕووداوەکانی دەقەکە لە دەوری شاڵ سەوز دەسووڕێتەوە. سەرەڕای هەبوونی چەند ڕووداوێکی دیکەش.


**سەرچاوە و پەراوێز:**

**١- دکتۆرە شوکریە ڕەسووڵ، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، مطابع التعليم العالي، اربيل، ١٩٨٩، ل١٥١.**

**٢- محەمەد ئەحمەد حەسەن، بینای ڕووداو لە چیرۆکدا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە(١١٥) لە ٢٠٠٦/١٢/٥، ل١١١.**

**٣- حوسێن عارف، چیرۆکی هونەری کوردی، دارالحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٧، ل١١١.**

**٤- عەبدوڵڵا سەڕاج، تەوەرەی ڕۆمان، گۆڤاری کاروان، ژمارە(١٠٨) شوباتی ١٩٩٧، ل(٨٦)، شایەنی سەرنجە عەبدوڵڵا سەڕاج بیروڕای چەند کەسێکی لەبارەی ڕۆمان وەرگرتووە، یەکێک لە بەشداربووەکان د. شوکریەیە.**

**٥- نەجم خالید نەجمەددین ئەڵوەنی، بینای کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٧.**

**٦- محەمەد ئەحمەد حەسەن، بینای ڕووداو لەچیرۆکدا، ل١١٠.**

**٧- سەرچاوەی پێشوو، ل١١١.**

**٨- د. رشاد رشدي، فن القصة القصيرة، مكتبة انجلو المصرية، ١٩٩٧٠، ص١١٥.**

**٩- پەرێز سابیر، بینای هونەری چیرۆکی کوردی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل٨٢.**

**١٠- شێرکۆ بێکەس، چەند پەیڤێک دەربارەی چیرۆکی کوردی، گۆڤاری ئایندە، ژمارە(٤٩) ساڵی ٢٠٠٣، ل١١٩.**

**١١- پەرێز سابیر، بینای هونەری چیرۆکی کوردی، ل١٠٥.**

**١٢- سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٩.**

**١٣- محەمەد ئەحمەد حەسەن، بینای ڕووداو لە چیرۆکدا، ل١١٣.**

**١٤- سەرچاوەی پێشوو، ل١١٤.**

**١٥- سەلاح جەلال عەبدوڵڵا، مۆسیقای مەرگی ناوەختە، ڕۆمان، سلێمانی،چاپی یەکەم (چاپخانەکەی نەنووسراوە) ١٩٩٧.**

**١٦- سیامەند هادی، کەسێتی (شاڵ سەوز) لە ڕۆمان «مۆسیقای مەرگی ناوەختە»دا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە(٤١) لە ١٩٩٩/١١/٥، ل٧٠.**

**١٧- سابیر ڕەشید، فەلسەفەی مردن لە ڕۆمانی مۆسیقای مەرگی ناوەختەدا، گۆڤاری کاروان، ژمارە(١٤٦) ساڵی ٢٠٠٠، ل١٣٢-١٣٣.**

**١٨- سیامەند هادی، کەسێتی (شاڵ سەوز) لە ڕۆمانی «مۆسیقای مەرگی ناوەختە»دا، ل٧٠.**

**١٩- سەرچاوەی پێشوو، ل٧١.**

**٢٠- پەرێز سابیر، بینای هونەری چیرۆکی کوردی، ل٨١.**

**٢١- سابیر ڕەشید، فەلسەفەی مردن لە ڕۆمانی مۆسیقای مەرگی ناوەختەدا، ل١٣١.**

# لەیلێ و مەجنوون لە ئەدەبی ئێرانیدا

د. کەمال مەعرووف
(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی زمان)

(٢ - ٢)

یەکێک لە شاعیرانی ئێرانی کە ئەم چیرۆکەیان هۆنیوەتەوە نیزامی گەنجەوییە (٥٣٩- ٦٠٨هـ)«١» ناوبانگی گەنجەوی بۆ پێنج هۆنینەوەکانی دەگەڕێنەوە، کە بەناوی (خمسە نظامی) ناسراون، کورتەیەکی ناوەرۆکی دەقەکەی نیزامی گەنجەوی دەخەینە ڕوو لەدەست پێکدا باسی یەکگرتن و ستایشی محەمەد (د.خ) دەکات:

**ای شاه سوار ملک هستی**
**سلطان خرد بچیره دستی**
**ای ختم پیمبران مرسل**
**حلوای پسین و ملح اول«٢»**

مەلیکی کوڕی عامر کە بەمیوانداری و پیاوەتی و چاوتێری ناسرابوو، لەگەڵ ئەم هەموو ڕەوشتە باشانەدا، کوڕێکی نەبوو کە فەرمانڕەوایی عامر بەڕێوەببات، زۆر لەخودا پاڕاوە، کە کوڕێکی بداتێ تاکو ناوەکەی هەڵگرێ، خوداش مرازەکەی بەجێ دەگەیەنێ و قەیسی پێ دەبەخشێ.

**سلطان عرب بکامگاری**
**قارون عجم بەمال داری**
**درویش نواز و میهمان دوست**
**اقبال دروچو مغز در پوست**
**میبود خلیفه وار مشهود**
**وزبی خلفی چوشمع بی نور**
**محتاج تراز صدف بفرزند**
**چون خوشه بدانه ارزومند«٣»**

(قەیس) بەبایەخ و چاوەدێرییێکی زۆرەوە پەروەردەکرا، بەیاری کردن و ڕابواردنەوە خەریک بوو، تا تەمەنی

گەیشتە دە ساڵ، باوکی بۆ نووسینگەی هەنارد، تاکو زانست و زانیاری وەدەست بخات، شتێکی باو بوو کە خێزانە گەورەکان کوڕ و کچی خۆیان دەنارده قوتابخانە بۆ ئەوەی فێری خوێندن و زانستی ئەوکاتە بن، قەیس، لەوێدا چاوی بە کچ و کوڕانی ماڵەکان کەوت، لەوانە لەیلێ، سەرەتا وەکو دوو هاوڕێ یەکتریان ناسی، تاکو گەیشتە ئەوەی کە دڵیان بۆ یەکتر بچێ.

**شد چشم پدر بروی اوشاد**
**ازخانه بمکتبش فرستاد**
**دادش بدبیر دانش آموز**
**تارنج براو برد شب و روز**
**جمع امده ازسر شکوهی**
**به او بمواقفت گروهی**
**هرکودکی ازامید و ازبیم**
**مشغول شده بدرس و تعلیم«٤»**

دوای ئەوەی خۆشەویستییەکەیان لەلایەن فێرخوازانی نووسینگەوە دەبێتە ڕاستی باوەڕپێکراو، لە هەموو کۆڕ و دانیشتنێکدا، باس هەر باسی ئەو خۆشەویستییە دەبێت، بەم جۆرە نهێنییەکەیان لەلایەن خەڵکەوە ئاشکرا دەبێ، ئەم چیرۆکە دڵدارییە دەگێڕنەوە.

**زان دل که بیکدگر نهادند**
**در معرض گفتگو فتادند**
**این پرده دریده شدزهر سوی**
**وان راز شنیده شد بهر کوی«٥»**

پاش ماوەیەک باری دەروونی قەیس بەرەو خراپی چوو، لەدەشت و سارایە بە ڕووتی دەسووڕایەوە، باوکی قەیس بڕیاری دا بۆ ماڵی لەیلێ بچێ، تاکو لەیلێ بۆ قەیس داخوازی بکا، بەڵکو باری خراپی کوڕەکەی چاک بێتەوە و لە شێتی دووری بخاتەوە، بەم شێوەیە باوکی قەیس لەگەڵ دەستەیەک بەرەو ماڵی لەیلێ کەوتنە ڕێ، لەیلێیان داخوازی کرد، بەڵام باوکی لەیلێ ڕازی نەبوو، وتی قەیس شێتە و شایانی ئەوە نییە کچی بدرێتێ.

**فرزند تو گرچه هست پدرام**
**فرخ نبود چو هست خود کام**
**دیوانگیی هم نماید**
**دیوانه حریف ما نشاید**
**اول بەدعا عنایتی کن**
**وانگه ز وفا حکایتی کن**
**تا او نشود درست گوهر**
**این قصه نگفتی است دیگر«٦»**

دوای باوکی لەیلێ ڕوودەکاتە باوکی قەیس پێی دەڵێ: بۆ خۆت دەزانی کە عەرەب چ خەوش و عارێکمان پێ دەڵێن ئەگەر ئەم کارە ببێ، باشترە واز لەم باسە بهێنی و هیچ قسەی لەسەر نەکەی.

**دانی که عرب چەعیب جویند**
**این کار کنم مراچه گویند**
**با من بکن این سخن فراموش**
**ختم است برین و گشت خاموش«٧»**

باوکی قەیس زۆر هەوڵیدا کە باوکی لەیلێ ڕازی بکات، بەڵام بێ سوود بوو، کە بێ هیوا بوو، بەرەو لای گەڕایەوە، ئامۆژگاری قەیسی کرد، کە واز لەم خۆشەویستییە بهێنێ کە لەدەرد و ئازار بەو لاوە هیچ بەرێکی بەدواوە نایەت، داوای لە قەیس کرد کە دەست لەسەر هەر کچێ دابنێ بۆی دەخوازێ، بەڵام قەیس ڕەتی کردەوە، کە جگە لە لەیلێ، هیچ کەسی تری ناوێ، دووره پەرێزی سەحرای هەڵبژاردو بوو بە وێنەی (وامق و غذراء)«٨»، هەر کەسێ گوێی لە شیعرەکانی قەیس بووایە، زگی پێی دەسووتا.

**چون وامق از آرزوی عذرا**
**گه کوه گرفت و گاه صحرا**
**ترکانه زخانه رخت بربست**
**در کوچ گه رحیل بنشت«٩»**

باوکی بیری کردەوە کوڕەکەی ببات بۆ حەج، تاکو خوداوەند ئەم دڵدارییەی لەبیر بباتەوە، بەقەیسی وت داوای چارە بکە، بەڵکو خوداوەند دەرمانی دەردت دەبێ، لەم پەتای دڵدارییە دەربازت دەکات، بەڵام قەیس بەپێچەوانەی قسەکانی باوکی داوای لە یەزدان کرد، کە خۆشەویستییەکەی زیاتر بکات، تاکو نەمانیش هەر بمێنێ، پێم دەڵێن خۆت لەخۆشەویستی لەیلێ ڕزگار بکە. داواکارم لە خودای گەورە کە هەردەم ئارەزووم زیاتر بکا و لە تەمەنی من کەم بکاتەوە و بیخاتە سەر تەمەنی لەیلێ.

**یارب بخدائی خدائیت**

**وانگه بکمال پادشائیت**
**کز عشق بغایتی رسانم**
**کوماند اگرچه من نمانم«١٠»**

دەبێ حـاڵی لەیلێ چۆن بێ، لەیلێش باری لەقـەیس باشتر نەبوو، خۆشەویستی زیاتر بوو، هەردەم ئارەزووی بینینی قەیسی بوو، بۆ شوێنە بەرزاییەکان دەچوو، تاکو چاوی بە قـــەیس بکەوێ، هەوڵی دەدا کـــە بە هەر شـێوەیەک بێ نامـەی نهـێنی بگەیەنێـتـە قـەیس، شیعرەکانی لەیلێ وەکو ئاوی شیرین نەرم و نیان بوون، کەچی هی قەیس وەکو ئاگر هەردەم لەجۆش و خرۆشدا بوو، لەیلێ لە وەرزی بەهار دا بۆ باغچەی نزیک ماڵیان دەچوو، باغچەکە پڕ لەگوڵی سوور و زەرد بوو، باڵندەکان گۆرانییان دەچڕی، بلبل وەکو مەجنوون شەیدای گوڵ بوو، کـاتێ لەیلێ لە باغـدا گـەشت و گـوزاری دەکـرد، لاوێک بەناوی کـوڕی سـەلام چاوی بە لەیلێ دەکـەوێ و پێـی سەرسام دەبێ، دەنێرێتـە داخـوازی لەیلێ، باوکی لەیلێ ڕازی دەبێ، کـوڕی سـەلام مـاوەیەک ڕادەوەسـتێ تاکـو لەیلێ لە نەخۆشی چاک دەبێتەوە.

**میرفت نهفته پر سربام**
**نظاره کنان زصبح تاشام**
**تا مجنون را چگونه ببند**
**یا او نفسی کجا نشیند«١١»**

قـەیس چاوی بەیەک لە پیـاوانی عـەرەب و کـارمـەندی سـوڵتـان دەکـەوێ بەناوی (نۆفل) چیـرۆکـەکـەی بۆ دەگـێـڕێتـەوە، (نۆفل) بەڵێنی پێـدەدا کـە هاریکاری بـکـات، بـۆ ئـەم کــــــارەش پـارەی زۆر، یـان چـەک بەکـاردەهێنێ، (نۆفل) ئامـادەی ئەم کـارە ترسناکە بوو، نوێنەرێکی خۆی بۆ مـاڵی لەیلێ هەنارد تاکو ڕازی بن، کە لەیلێ بەقەیس بدرێ، ئەگینا شەڕ دەقەومێ سەرەڕای ئەم ئاگادار کردنەوەیە، مـاڵی لەیلێ ڕەتی دەکەنەوە جا ئاکـام چی دەبێ با ببێ، باوکی لەیلێ بەدیل دەگـیـرێ، دەڵێ: ئەگەر بەرەڵڵا بکرێم، دەچمەوە، سەری ئەو بووکە لێدەکـەمـەوە فـڕێ دەدەمـە بەردەمی سـەگ تاکـو لەناو شوورەیی ڕزگارم دەبێ.

**ورنه بەخدا که باز گردم**
**وز ناز توبی نیاز گردم**
**برم سرآن عروس چوماه**

**درپیش سگ افکنم دراین راه**
**کاباز رهم زنام و ننگش**
**آزاد شوم از صلح و جنگش«١٢»**

لەکۆتاییدا (نۆفل) داوای لێبـوردن لە قـەیس دەکـات، کە باشترە وازبهێنێ، نەک زیاتر خوێن بڕژێ، ئەم هەواڵە قـەیسی زێدەتر غـەمبار کـرد، ڕێگای سـەحرای گرتەبەر، قـەلە ڕەشـێکی لەسـەر درەختـێ دیت، نامـەیەکی پڕ لە خۆشەویستی بۆ لەیلێی پێ هەنارد.

**گفت ای سیه سپیدنامه**
**ازدست که ای سیاه جامه**
**شبرنگ چرائی ای شب افروز**
**روزت ز چەشد سیەبدین روز«١٣»**

لەیلێ ناچار دەکرێ، کە لەگـەڵ کوڕی سـەلام زەماوەند بکات لەیلێ ناڕەزایی خـۆی بەرامــبــەر دابو نەریتی دواکەوتوو دەردەبڕێ، کوڕی سـەلامیش هەوڵ دەدات کە ڕازی بکات و بەمافی خۆی دەزانی کە هاوسەری بێت، بەڵام هیچ سـوودێکی نابێ و بەهیچ جـۆرێ بە ئامـانج ناگات، ئەگەر خوێنیشی بڕژێ، وتی: سوێند بەخودا کە منی بەم جـوانییـە دروست کـردووە، لەلایەن منەوە شـتێ بەدەست ناخەی، تاکو ئێسـتـاش دڵم هەر بە قـەیسەوە ویڵە.

**سوگند به آفریدگارم**
**کاراست بصنع خود نگارم**
**کز من غرض تو برنخیزد**
**ورتیغ توخون من بریزد«١٤»**

دوای زەماوەندی لەیلێ، باوکی قەیس هەوڵی داکە واز لەو دڵدارییـە بهـێنێ، مـەجنوون ویسـتـی گـوێ بۆ ئامۆژگـارییەکـانی باوکی شل بکات، بەڵام وتی: ناتوانم چونکە من بارمـتـەی عـەشقم، کۆت و پێوەندم بۆ دامەنێ پاش ئەوەی لێی ڕزگار بوومە و گاڵتەم پێ مەکە، جیهان بێ خـۆشـەویسـتـی دەنکە حـەبێ ناهێنێ، کـاتێ باوکی قەیس بێ هیوا دەبێ، لە چاکردنی باری خراپی کوڕەکەی، بە چارەنووسی دەسپرێ، قەیس بۆ سارا دەگەڕێتەوە، ناو بەناو سـەربەکـۆڵانی مـاڵی لەیلێ دەکـات تاکـو بۆنی کۆڵانەکەیان هەڵمژێ، جارێکیان بە کۆڵاندا تێدەپەڕێ، چاوی بە وەرەقـەیەک دەکـەوێ کـە ناوی لەیلێی لەسـەر

نووسرابوو، ناوی لەیلێ بەنینۆکی ڕەش دەکاتەوە، تەنیا ناوی خۆی دەهێڵێتەوە، ئەوەی دەیبینێ لێی دەپرسێ، بۆچی یەک ناوت هێشتەوە؟ وەڵامیان دەداتەوە و دەڵێ: یەکمان گرتووە، بووینەتە یەک دڵ، ناوێکمان بەسە، باشترە بە یەک کەسمان بچوێنن.

**گفتند نظرگان چه رایست**
**کز هردو رقم یکی بجایست**
**گفتا رقمی به ار پس افتد**
**کزما دو رقم (نیشان) یکی پس افتد«١٥»**

لە ئاکامی ئەوەی کە قەیس زۆر دەچووە ساراوە، ئاژەڵەکانی کەوی کردبوون، بەجۆرێ بە ڕیز لە چەپ و ڕاستییەوە دەڕۆیشتن.

**هر وحش که بود دربیابان**
**درخدمت اوشده شبابان**
**از شیرو گوزن و گرگ و روباه**
**لشکرگاهی کشیده برراه«١٦»**

خاڵی مەجنوون ناوی (سەلیم عامری) بوو، ڕۆژێک پاش کۆچی دوایی باوکی ویستی لێی دڵنیابێ، زۆری لێ گەڕا، تاکو لەناو ئاژەڵی کێوی بینییەوە، دەموچاوی لەبەر تیشکی ڕۆژ ڕەش هەڵگەڕابوو، جلەکانی شڕو دڕاو بوون، خاڵی ویستی خواردنی بداتێ، بەڵام مەجنوون ڕازی نەبوو، خواردنەکانی فڕێ دا بەردەم ئاژەڵەکان و پاشان بە خاڵی وت کە خواردنی ئەو گیایە، خاڵی پێی سەرسام بوو، چیرۆکی لاوێکی دینداری بۆ دەگێڕێتەوە، مەلیک بەلایاتێ دەپەڕێ، داوای لێ دەکات، کە پابەندی بێ، لاوەکە ڕەتی کردۆتەوە، بەگیاخواردن ڕازی بووە، نەک بچێ خزمەتی مەلیک بکات، ئا ئەمەیە واز لەدنیا هێنان.

**آورده سبک طعام در پیش**
**حلوا (بریان) و کلیچه ازعددبیش**
**چندانکه در او نمود ناله**
**زان سفره نخوردیک نوالهء**
**بود او ز نواله خوردن آزاد**
**زومیستد و بوحش می داد«١٧»**

لەیلێ هەوڵیدا کە پێوەندی بە قەیسەوە بکات، سەرەڕای ئەوەی کە زۆر چاودێری دەکرا، بیری لە ڕێگایەک کردەوە، داوای لە یەکێک لە شێخەکان کرد، کە دیدەنییەک لە نێوانیاندا چێ بکات، تاکو ببێتە دەرمانی دەردیان، بەڵکو ئەم دیدە نییە تێنوویەتییان بشکێنێ، شێخ ئەم دیدەنییەی لە دارستانێکی پڕ لە میوە و میوەجات سازکرد، قەیس لەگەڵ ئاژەڵە کێویەکاندا کە لە شانی چەپ و ڕاستییەوە بوون لەناکاو بەدەرکەوتن، شێخ بەرەو لەیلێ چوو، پێی ڕاگەیاند کە قەیس چاوەنواڕی دەکات، بەم جۆرە هەردوو دڵدار بەیەک شاد دەبن.

**پیرامن آن درندەای چند**
**خازن شدەچون خزینه رابند**
**مجنون چوز دوردید درپیر**
**چون طفل نمود میل برشیر«١٨»**

گەنجێکی لاوی دەوڵەمەند بەناوی (سەلام) چیرۆکی مەجنوون دەبیستێ، ئەویش وەکو قەیس عاشق دەبێ، بەرەو ماڵی مەجنوون دەچێ، بەدوایدا وێڵ دەبێ تاکو دەیدۆزێتەوە لەلایەوە دادەنیشێ و شیعرەکانی تۆمار دەکات، هەوڵ دەدات کە ڕێنمایی بکا کە واز لەو کارە بهێنێ، بیربکاتەوە، بە عەقڵ پابەند بێ، قەیس وەڵامی دەداتەوە، پێی دەڵێ: وا نەزانی کە من مەستم، ئەز شێتی خۆشەویستیم، پاشای فەرمانڕەوایی عەشقم، ئەڤینی پاک، ئاگرە، منیش چیلکەی ئەوئاگرەم.

**گفتا چه گمان بری کەمستم**
**یا شیفتهء هوا پرستم**
**شاهنشه عشقم ازجلالت**
**نا برده زنفس خودخجالت**
**از شهوت عذرهای خاکی**
**معصوم شده بغسل پاکی«١٩»**

پاش ماوەیەک مێردی لەیلێ مرد، بێ ئەوەی هیچی لێ دەسکەوێ، کاتێ قەیس هەواڵی مردنی مێردی لەیلێی بیست، لەهەمان کاتدا گریا و پێکەنی، گریا چونکە مێردی لەیلێش وەکو قەیس هەمان ئازار و ناڕەحەتی کێشا، پێکەنی چونکە ڕێگرێک لەبەردەم خۆشەویستەکەی نەما، دابو نەریتی عەرەب لەوکاتدا کە ژنێ پیاوی بمرێ، دوو ساڵ نابێ لەماڵەوە دەرچێ و دەبێ ڕووپۆش بێ.

**رسم عربست کزپس شوی**

**ننماید زن بهیچکس روی**
**سالی دو بخانه درنشیند**
**او درکس و کس دراو نبیند«۲۰»**

له ئاکامی ڕووپۆشین و مانەوەی لەماڵدا، تووشی نەخۆشی بوو، تەندروستی بەرەو خراپ بوون دەچوو، کاتێ نەخۆشیەکەی تاوی بۆ هێناو لەمەرگ نزیک بۆوە، لە دایکی داواکرد کە هەواڵی بەقەیس بگەیەنێ و پێی بڵێ کە لەیلێ شێت و شەیدای ئەوە و لەپێناوی ئەویندا گیانی سپارد، کاتێ قەیس بە مردنی لەیلێی زانی بەرەو گۆڕەکەی چوو، گریانێکی زۆری بەسەرا باراند، ئەوەندە گریا تاکو گیانی دەرچوو، لە تەنیشت لەیلێ نێژرا، بەم جۆرە بە دەم خۆشەویستییەوە نووستن تا ڕۆژی ئەبەد.

**از دیده چو خون سرشک ریزان**
**مردم زنفیراو گریزان**
**درشوشه تر بتش بصدرنج**
**پیچید چنانکه مار برگنج«۲۱»**

## بەراوردی دەقە عەرەبیەکان لەگەڵ دەقی نیزامی گەنجەویدا

نیزامی گەنجەوی ئەم چیرۆکەی لەساڵی١١٨٨ میلادی لەسەر داخوازی (ئاخستان کوڕی مەنوچەهر) فەرمانڕەوای شیروان داناوە، بە چوار مانگ تەواوی کردووە، بەهۆی دانەرەکانیەوە بە باوکی چیرۆکە شیعری فارسی دادەنرێ، گرنگی ئەم چیرۆکەش وەکو نووسەرە عەرەبەکان دەڵێن پارێزگاری بنەمای چیرۆکە عەرەبیەکەی کردووە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە، بەشێوەی چیرۆکێکی کامڵ خستوویەتیەڕوو، هەروەها سیما و مۆرکی تایبەتی پێ بەخشیوە کە لە چیرۆکە عەرەبییەکەدا بوونی نییە، جا لێرەدا بەراوردی ناوەڕۆکی دەقەکەی نیزامی لەگەڵ دەقی عەرەبییەکە دەکەین.

١- لە ڕێکخستنەکەی نیزامیدا، مەجنوون کوڕی مەلیکی عەرەبییە خاوەنی دەسەڵات و سامانێکی زۆرە، لە خوداوەند پاڕاوەتەوە، کە کوڕێکی پێ ببەخشێ کە جێگای بگرێتەوە کەچی لەدەقە عەرەبییەکەدا، بەم جۆرە نییە، بەڵکو باوکی لە هۆزێکی ناودار و زەنگین بووە.

٢- نیزامی دەڵێ: لەخوێندگا پێکەوە خوێندوویانە و چاویان پێکتر کەوتووە، حەزیان لێکتر کردووە، ئەمە دیارە لەگەڵ ژینگە و کۆمەڵگای عەرەبی ئەوکاتەدا نەگونجاوە، کەچی لەدەقە عەرەبیەکەدا حوشترەوان بوونە، کە یەکتریان خۆش ویستووە، کەچی شانۆگەریەکەی ئەحمەد شەوقیش جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە بە منداڵی حوشترەوان بوونە، شەوقی دەڵێ:

**فكم قبلة ياليلى في ميعة الصبا**
**وقبل الهوى ليست بذات معاني**
**أخذنا واعطينا إذ البهم ترتعي**
**و إذ تحسن خلق البهم مستران**

٣- کاتێ نۆفل کوڕی مەساحق کە کارمەندی خەلیفەیە، بۆ لای ماڵی لەیلێ دەچێ تاکو هاریکاریان بکات، ئەو دوو دڵە بەیەکتر شادبن، بەڵام باوکی لەیلێ شەفاعەتی نۆفل وەرناگرێ، لەلای نیزامی جەنگ لەنێوانیاندا ڕوودەدات نۆفل سەدکەس لەپیاوانی کۆدەکاتەوە، شەڕی ماڵی لەیلێی پێ دەکات و باوکی لەیلێ بە ئەسیری دەگیرێ، چونکە قسەی (نۆفل)یان شکاندووە، بەڵام لە دەقە عەرەبیەکەدا شەڕ نابێ، لە دەقە عەرەبیەکەی (الأغاني)دا، نۆفل لەگەڵ قەیسدا بەرەو ماڵی لەیلێ دەچن، بەڵام خانەوادەی لەیلێ بەچەک بەرەنگاریان دەبنەوە، دەڵێن، کوڕی مەساحق مەجنوون بەهیچ جۆرێ نابێ بێتە ماڵی ئێمەوە، سوڵتان خوێنی حەڵاڵ کردووە، نۆفل کاتێ ئەمەی بینی بە مەجنوون دەڵێ: دووربکەوە، دوورکەوتنەوەت باشترە لەخوێن ڕشتن.

٤- لە دەقەکەی گەنجەویدا، لەیلێ زۆر سەرکەش و لەخۆ باییە، ڕەتی ئەوە دەکاتەوە، کە لەخۆوە مێرد بکات، هاواری دەکرد کەس ناتوانێ لێی نزیک بێتەوە، ئەگەر بەشیریش خوێنی برژێ، ئەم توند و لاسارییە ئەوە دەگەیەنێ کە لەیلێ بەخۆشەویستەکەی پابەندە، گیانی خۆی لەپێناوی ئەویندا بەخش دەکات، گەنجەوی ڕۆڵی پاڵەوانی بە لەیلێ داوە، کە چەند دڵسۆز و بەوەفایە لە هەمبەر قەیسدا.

ئەم جۆرە یاخی بوونەی گەنجەوی لەگەڵ ڕەوشت و خووی ئافرەتی عەرەبدا ناگونجێ، بۆیە لە دەقە عەرەبیەکەدا لەیلێ مێردەکەی خۆش ناوێ، بەڵام ڕێزی سۆزی دەگرێ، زۆر لێکردنیشی لەگەڵدا ناکات، جا ئەم وێنەیەی کە گەنجەوی لەبارەی مێردی لەیلێ دەیخاتە ڕوو، لەگەڵ دەقی چیرۆکە عەرەبیەکە ناکۆکە، لە (الأغاني)دا دەڵێ: ڕۆژێک مەجنوون بەلای مێردی

لەیلێ تێـدەپەڕێ بەپەرۆشـەوە لێی دەپرسێ، ئایا لەیلێ نزیک بۆتەوە.

**بربک هل ضممت إلیک لیلی**
**قبیل الصبح أوقبلت فاها**
**وصل رفت علیک قرون لیلی**
**رفیق الأمحوانة فی نداها.**

مێـردەکـەی لەیلێ دەڵێ: ئەگـەر سـوێندم بدەی بەڵێ، کاتێ مەجنوون ئەم وەڵامەی بیست گاز لە لێوی دەگرێ و دەبیرێ، دیارە شـانۆگـەریەکەی ئەحمەد شەوقیش لەگەڵ سـەرچاوە عـەرەبیـەکـانـدا یەک دەگـرنەوە و لەگـەڵ دابونەریتی ئافـرەتی عـەرەبیـشـدا دەگـونجێ، بۆیە لە شانۆگەریەکەی ئەحمەد شەوقیدا کاتێ قـەیس دەیەوێ چاوی بـەلەیلـێ بکـەوێ، لـەیلـێ ڕازی نـابێ، بـۆیـە تاوانباری دەکات کە گۆڕاوە، لەیلێش بەم جۆرە وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ:

**انت تظلمنی فما أحب**
**سواک القلب إنسانا**
**ولست بارحة من داره أبدا**
**حتی یسرحني فصد وإحسانا**

٥- چیرۆکەکەی گەنجەوی لەدوا دیمەندا لەگەڵ گێڕانەوە عەرەبییەکەدا دەگونجێ، کە قەیس گیرۆدەی سەحرا دەبێ، بەڵام کـە دەڵێ: لەگـەڵ ئاژەڵە کـێـویەکـانـدا دەژیت و کەوییان دەکات، لەئاکامدا ئاژەڵە کێویەکان خۆشیان دەوێت و بەریز لە چەپ و ڕاسـتـیـیـەوە دەڕۆیشتن، کـە ئەمەیان لە دەقە عەرەبییەکەدا بوونی نییە، گەنجەوی بۆی زیاد کردووە.

٦- ئەو ژینگەیەی کە قەیس و لەیلێ لێی پێک دەگەن لە چیرۆکەکەی گەنجەویدا، لەگەڵ ڕووداوەکانی ژینگەی عـەرەبیدا ناگونجێ، بۆ نموونە قـەیس و لەیلێ لە یەکێک لە دارسـتـانەکـانـدا لەکـاتی بەهاردا یەکـتـر دەبینن، کـە وەسفی باغچە و درەختەکان و گوڵەکانی زۆر بە جوانی کـردووە، کـە زۆر جـۆرە گـوڵ و گـوڵزار و باڵـندە و بلبلی تێدایە و دەخوێنن، ئەم کـەشـە ڕۆمـانـتـیکـییـە لە دەقـە عـەرەبیـیـەکـەدا بوونی نیـیـە، بەڵـکو لەگـەڵ عـەقـڵـی کۆمەڵگای ئێرانی دەگونجێ.

٧- ئەو کەرەستانەی نیزامی گەنجەوی، کاتێ لەسەر زاری قـەیس لە پیـاهەڵدان وێک چوواندنی لەیلێی بەکارهێناوە، لە دەقە عەرەبیـەکە بوونی نییـە، بۆ نموونە چاوی وەکو نێرگز، مەمکی وەکو هەنار، چەناگەی وەکو سێو، بلبلی سەرگەردان لەنێو گوڵاندا، ئەم وێک چوونانە لەگـەڵ سروشـتی ژینگەی بیـانی یەک ناگـرنەوە، بەڵکو تایبەتە بە ژینگەی ئێران،

٨- لەچیرۆکە شیعرییەکەی نیزامی گەنجەویدا باسی چیرۆکی (زیاد) دەکات، کە هاوڕێی قەیس بووە و حەزی لە کچە مامی کردووە، ئەویش لە ئەڤینەکەیدا سەرکەوتوو نەبووە، لە خەونیدا شەوێ لە گوڵستانی بەهەشتدا لەگەڵ خۆشەویسـتەکەیدا پێکەوە بە یەکتـر شاد دەبن شـاعیـر بەجۆرێ باسی ئەو گـوڵسـتـانە لە جـوانی و خـۆشیـدا دەکـات، کـە دەیەوێ بڵێ ئەوانەی لەژیاندا لەخۆشی بێ بەشن، لە دواییدا خۆیان لەدنیایەکی پڕ لە بەختەوەری و کامەرانی دەدۆزنەوە.

٩- لە سیـمـا تایبـەتیـەکـانی نیـزامی گـەنجـەویدا، کـە باسی (مـەلیک مـەرۆ) دەکـات، کـە کـۆمـەڵە سـەگێکی بەخێو کردووە تاکو ئەوەی ڕقی لێ بێتەوە بیگرێ، دیارە ئەم چیـرۆکەش لە عـەقڵـی نیزامییـەوە هاتووە، لە دەقـە عەرەبییەکاندا بوونی نییە، سەگەکان ڕەتی ئەوە دەکەنەوە کـە گـاز لەو لاوانە بگرن کە چاکەیان لەگەڵدا کـردوون، بانگەوازێکە بۆ مـرۆڤ کـە دڵـسـۆزی و وەفـا لە سـەگ فێرببێ، کە هیچ کات چاکە لەبیر ناکات.

١٠- لە سیـمـای تایبـەتی دەقی گەنجەویدا، قـەیس لە قـەلەڕەشـەکە دەپاڕێتـەوە کە نامـەیەکی بۆ لەیلێ ببـات، قـەلەڕەشـەکـە لە دەقی عـەرەبیـدا نیـیـە، بەڵکو لای عـەرەبەکـان قـەلەڕەش شـتێکی بەدیومـە! عـەرەبەکـان لە دیمەنی قەلەڕەش دوور دەکەوتەوە.

١١- لەپێشـەکی گـەنجـەویدا ئامـۆژگـاری کـوڕەکـەی مـحـەمـەد دەکـات کـە بەڕەوشـتی بەرزو باڵا پابەند و دەربەست بێ و لە ژیاندا ڕازیبـوون هەڵـبـژێرێ و دوور بکـەوێتـەوە لەکـارکـردن لەگـەڵ پاشـا و دەسـەڵاتداردا و لەکۆشک و باڵەخانەکانیان نزیک نەبێتەوە.

١٢- نیـزامی گـەنجـەوی مـۆرکی تایبـەتی خـۆی پێ بەخشـیـوە، کـە زیاتر بەرەو لایەنی سۆفـیزمی بردووە، هەروەها سـیـمـای ئێرانی زیاد لە پێویست پێوە دیارە، سەرکەوتنیشی لە چیرۆکەکەدا لەوەدایە، کە چیرۆکەکەی لە کەشوهەوایەکی مێژووییەوە بۆ کەشوهەوایەکی ئەدەبی گواسـتـۆتەوە کە بۆتە هەوێن و سـەرمـەشق بۆ جیـهـانی ئیسلامی کە ڕۆڵی پێشڕەوی بۆ دەگەڕێتەوە.

١٣- لایەنی تری سۆفیزمی لەلای گەنجەویدا، کاتێ خاڵی قەیس خواردنی بۆ دەبات، خواردنەکە فڕێ دەداتە بەر دەم ئاژەڵەکان و قەناعەت بەگیا خواردن دەکات.

١٤- لە سیمای تری تایبەتی گەنجەویدا، کاتێ ئاماژە بەخۆشەویستی و پاکی نێوان وامق و عەزرا دەکات کە دیارە لە دەقە عەرەبییەکاندا ئەم ئاماژە پێ کردنە بوونی نییە.

١٥- نیزامی گەنجەوی زۆر دێری بۆ زیاد کردووە، کە لە دەقە عەرەبییەکەدا بوونی نییە، وەکو ڕێنمایی و ئامۆژگاری، بانگەوازی بۆ چاکەکردن، هاندان بۆ کاری بە سوود، پابەندبوون بەنموونەی باڵا و پرانسیپەکانی ڕاست و ڕەوان، دادپەروەری و ڕەوشت بەرز و کاری چاکە لەنێوان مرۆڤەکاندا.

١٦- نیزامی گەنجەوی ئەفراندنی لە دەقە عەرەبییەکەدا کردووە، لەلایەک پابەندە بە هەندێ لایەنی عەرەبی لەچیرۆکەکەدا،کاتێ مێردی لەیلێ کۆچ دەکات، لەیلێ بەپێی دابونەریتی عەرەبیدا دەبێ ڕەش پۆشێ بێ و دووساڵ لەماڵ نەچێتە دەرەوە.

١٧- لەدەقە عەرەبییەکەی شەوقیدا ئەفراندن بەدی دەکرێت، شەوقی پشتی بە ڕەگەزی ناکۆکی درامی بەستووە، لە ناکۆکی نێوان سۆز و پێویستدا دەبینین سۆز زاڵە، لەدیار کردنی چارەنووسی هەردوو پاڵەواندا، لەیلێ کەسایەتییەکی زیندووی هەیە لەلایەک بەجێ گەیاندنی دابونەریتی دواکەوتوو، کە باوەڕی پێی نییە، بەڵام لەبەر پێگەی باوک و خزمەکانی لەم شتانە دەترسێ لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بایەخی پێی نادا، دەبینین بەئاشکرا وەڵامی(کوڕی ذربح) دەداتەوە، بۆ ئەو نامەیەی کە قەیس پێی هەناردبوو، وەفایە بەرانبەر بەو سۆزەی کە باوەڕی تەواوی پێی هەیە.

**أنا اولی به وأحني علیه**
**لویداوی برحمتي و التحني**
**یعلم الله وحده مالقیس**
**من هوی في جوانحي مستكن**

هەروەها لەیلێ بەرانبەر خەڵک، لەلای باوکی تکا بۆ قەیس دەکات و دەڵێ:

**أنني ماتراه كالفتن**
**الذا وی نحولا و كمالمغیب اصفرارا**
**وتأمل ردا ءة ویدیه**

**تجد النار أوتر الآثار**

١٨- لە سیما تایبەتیەکانی شانۆگەری ئەحمەد شەوقی، ڕەوتی نیشتمانپەروەری لە زیندووکردنەوەی کەلەپوور و دەست نیشان کردنی بابەتی مێژوویی بۆ ژیاندنەوەی ئەم ڕابردووە و تاکو ئەزموونی لێ وەربگیرێ، لە پێشەکیدا بایەخ بە وێنەکێشانی ژینگەی سروشتی و سیاسی و کۆمەڵایەتی باسی ژیانی شاری و ژینگەی کۆچەری دەکات، هەروەها ناکۆکی نێوان لایەنگرانی وەچەی ئومەیە و ناحەزانی لەشیعەی ئەهل بەیت، لە بەشی دووەمدا باسی بیرەوەری حوسێن دەکات:

**تمثل البید علی**
**عهد أمیة النخب**
**ولمحه من الحجاز**
**وهو فی عصر الذهب.**

١٩- لەدەقەکەی ئەحمەد شەوقیدا، لەیلێ پاش مێردکردنی بە (ورد) بەداوێن پاکی دەمدێتەوە، دڵسۆزە و بۆ خۆشەویستەکەی، ئەم بیرۆکەیە لە دەقە فارسییەکەدا بوونی هەیە، بەڵام لە دەقەکانی تری عەرەبیدا نابینرێ.

٢٠- لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین کە ئەحمەد شەوقی لەڕووی تەکنیکەوە بەشانۆگەری فەرەنسی بەتایبەتی ڕەوتی واقیعی و ڕۆمانتیکی کاریگەربووە، بەڵام لە ڕووی هزر و فیکرەوە بەهۆی زمانی تورکییەوە بە شانۆگەری نیزامی گەنجەوییەوە کاریگەر بووە.

**لەیلێ و مەجنوون لە ئەدەبی تورکیدا**

بەناوبانگترین هۆنینەوەکان کە ئەدەبی تورکی بەخۆوەی بینیوە هۆنینەوەکەی (فضولی)یە، فضولی بەلووتکەیەکی بەرزی ئەدەبی تورکی دادەنرێ، ناوی فضولی محەمەدی کوڕی سولەیمانە، بەڵام فضولی نازناوی شیعرییەتی، فضولی لەعیراق لەدایک بووە، ژیانی لەشاری بەغدا بەسەر بردووە، لەبواری ڕەوانبێژیدا لەزمانی عەرەبی و فارسیدا، لە ڕوانبێژی زمانی تورکی کەمتر نەبووە، ناو و ناوبانگی گەیشتۆتە تورکەکانی ڕۆژئاوا لەقوستەنتینییە سوڵتان سولەیمان ڕێزی لێدەنێ و مووچەیەکی ڕێکوپێکی بۆ دابین دەکات، فضولی لە شیعرە تورکیەکانیدا، دیالێکتیکی ئازەری (ئازربایجانی) بەکارهێناوە، کە ئەمەش دیالێکتیکیە نزیکە لە دیالێکتیکی تورکەکانی

قوستەنتینییە، مێژوونووسەکان لە ساڵی کۆچ کردنیدا جیاوازن، لەنێوان ساڵانی ١٥٥٥م، یان ١٥٦٢ز، فضولی چیرۆکەکەی لەسەر کێشی هەزەج داناوە، کە گەنجەویش هەمان کێشی بەکارهێناوە، زمانە تورکییەکەشی تاڕادەیەکی زۆر بە زمانی فارسی کاریگەر بووە، واتا و دەستەواژەی فارسی زۆر لەزمانی تورکیدا بەکاردەهێندران، شاعیریش واتاو دەستەواژەیەکی زۆری فارسی و عەرەبی بەکاردەهێنێ، دەتوانین بڵێین کە زمانی تورکی ئەوکات زمانێکی ئیسلامی بووە، بەشێوەکی گشتی هاریکاری تورکی و فارسی و عەرەبی لەگەڵ یەکتریدا کارێکی ئاسایی بوونە فضولی هۆنینەوەکەی (لەیلێ و مەجنوون)ی لەکۆتایی ژیانیدا نووسیوە، کە دەکاتە ساڵی ١٥٥٦ز، کە لەهەمان ساڵیشدا کۆچی دوایی کردووە، فضولی دەڵێ برادەرەکانی داوایان لێ کردووە کە چیرۆکی لەیلێ و مەجنوون تۆمار بکات، تاکو ببێتە یەکەم هۆنینەوە بەزمانی تورکی، هەروەکو دەردەکەوێ کە فضولی و هاوڕێکانی ئاگایان لەهۆنینەوەکانی (شاهدی) نەبووە، کە لە ١٤٧٨م بووە، کە هەشتا ساڵ پێش فضولی دایناوە، هەروەها شاعیر حەمدی و عەلی شیرنوائی چیرۆکەکەیان بەتورکی ڕۆژهەڵاتی (جغتائیەی) نووسیوە، کە حەفتا ساڵ پێش فضولی بووە، هۆنینەوەکەی فضولی وەڵامی هۆنینەوەکەی گەنجەوی بووە، ئەمەش مانای وایە کە شاعیر دواتر دێت، لەسەر هەمان بابەتی شاعیری پێشوو چیرۆکەکە دەهۆنێتەوە و لەسەر هەمان وەزنیش بووە، بەڵام توانایی و لێ هاتوویی خۆی، لەگەڵ مۆرکی تایبەتی دەخاتە ڕوو، کە سەرکەوتن و نایابی پێوە دیار بێ، فضولی ئەم چیرۆکەی بە (٣٤٠٠) دێر تۆمارکردووە، کە بە جوانترین مەثنەوی تورکی دەژمێردرێ، دیارە فضولیش شتێکی زۆر نوێ ناخاتە هۆنینەوەکەی نیزامی گەنجەوی، بەڵکو تۆزێک دەسکاری و جوانکاری تێدا ئەنجام دەدات، تێڕوانینی فضولی بۆ لەیلێ تێڕوانینێکی قووڵتر و وردترە، لەیلێ بە پاڵەوان دانانێ، بەڵکو وەکو کیژێکی گۆڕاو وێنەی دەکێشێ، کە باری دەروونی خۆشی و خەمۆکی و بەسەردا دێت، گرنگی ئەم بارە دەروونییە بە کەسایەتی لەیلێ وێنەیەکی زیندوو دەبەخشێ، لەلای گەنجەوی مەجنوون، پیاوێکی ڕەشبینە، بێزارە لەخۆی و لەخەڵکی، بەڵام فضولی دەیگەیەنێتە پلەیەکی بەرزی تەسەوف و بە مرۆڤێکی کامڵی دادەنێ، فضولی خۆشەویستییەکەی نێوان لەیلێ و مەجنوونی کردووە بەرەمزی خۆشەویستی خودایی، کە لەمانای مرۆڤایەتی بۆتە بابەتێکی مەجازی و بیرۆکەیەکی تەسەوفی بەرزی داوەتێ، فضولی کەمتر باسی لاوەکی و ڕووداوی تری تێ ئاخنیوە، هەردووکیان چ نیزامی گەنجەوی و چ فضولی هەریەکەیان باسی ژینگەی تایبەتی خۆیان دەکەن، فضولی وەسفی هەور و بەهار دەکات، کە سەرما خونچەکان لە باغچەدا فڕێ دەدات و باس لە ڕەشەبای زستانێ دەکات، کە سەرماکەی بەجۆریکە کە دەبێتە بەستەلۆک.

فضولی باسی ئاسکێک دەکات، کە بەتۆڕی ڕاوچییەکەوە دەگیرێ و مەجنوون چاوی ئاسک بەچاوی لەیلێ دەچوێنێ، مەجنوون بەرەو تۆرەکە دەچێ، تاکو مامزەکە ئازاد بکات، لە ڕاوچی دەپاڕێتەوە، بەڵام بێ سووددەبێ، ئینجا ڕێگای هەڕەشە و گوڕەشە دەگرێتەبەر، بەڵام ڕاوچی ڕەتی دەکاتەوە، پاشان مەجنوون قەرەبووی ئاسکەکەی دەکاتەوە و ئازاد و سەربەستی دەکات.

**گوردیکه بر آوجي دام قورش**
**دامینه غزاللريوز اورش«٢٢»**

فضولی لەبیرۆکەی تەسەوفیدا بەم جۆرە دێتەگۆ، دەڵێ: بسوتێنە دڵڕەقی جیهان هیچ ئارامم نییە، تەنیا بەمردن بێ

**یاندردی بنی جفای**
**دکلنمزم اولمینجه بردم«٢٣»**

پاشان لەبەر خوداوەند دەپاڕێتەوە، کە بەجیهانی ون بوونی بگەیەنێ، چونکە ڕێگای ڕەوا ڕێگای ون بوونە.

**یارب بنی ایت فنایه ملحق**
**کیم راه فنا ایمش ره حق«٢٤»**

## لەیلێ و مەجنوون لە ئەدەبی کوردیدا

ئەگەر دەقەکانی کوردی بەتایبەتی (لیلی و مەجنوون)ی مەلا فەرەج و چیرۆکی هۆنراوەیی (لەیلێ و مەجنوون)ی سەیدای هەورامی دووەم وەربگرین، دەبینین کە هەدووکیان دەقی نیزامی گەنجەوی فارسیان وەرگێڕاوە، چونکە لەهەردوو دەقی کوردیدا لەیلێ هەڵوێستی پاڵەوانێتی دەنوێنێ، کە ئەمەش لەگەڵ هەڵوێستی فارسیەکەدا یەک دەگرنەوە، پێچەوانەی دەقە

عەرەبییەکەیە کە لەیلێ پەیڕەوی دابونەریتی دواکەوتوویی کۆمەڵگا دەکات و ملکەچی بارەکە دەبێ، بۆ نموونە لە دەقی سەیدای هەورامیدا لەیلێ دەڵێ:

**واتش گەر بەتیغ هوونم برێزان**
**ئەر قەومان بەقەسد خوونم هۆرێزان**
**ئەگەر گشت عالەم بکەران مەنام**
**من ئیبن سەلام نمەیۆ وەلام«٢٥»**

هەروەها هەڵوێستی لەیلێ لە (لیلێ و مەجنوون)ی مەلا فەرەجدا هەڵوێستی پاڵەوانێتی دەنوێنێ:

**هەستایە سەر پێ ئەو نەرم و نولە**
**دای بەناو دەمیا یەک مستە کۆڵە**
**وتی بەو خوایەی ئەمان بانە گل**
**کە درام بە تۆ بە نارضای دڵ«٢٦»**

(حارثێ بدلیسی)، کە لە ساڵی ١٧٥٨-١٧٥٩ز داستانی لەیل و مەجنوونی نووسیوە، دیارە ئەویش لەزمانی فارسی وەریگێڕاوە، هەرچەندە سەرچاوەکەی دیاری نەکردووە، بەڵام بە مەزەندە هەر مەبەستی لەیل و مەجنوونی گەنجەوییە، چونکە کاریگەری نیزامی گەنجەوی پێوە دیارە، لەیلێ هەڵوێستی خۆی دەردەبڕێ:

**گۆ دەست مەدە من کوبۆتە بێژم**
**مەعشوقێ پەریکی ئەز ژمێژم**
**حەتتاکو خودێ مەژێ رها کە**
**صەبرێ ب خوە ڕاتو ئاشناکە«٢٧»**

(لەیلە و مەجنوون)ی عەبدولجەبار ئاغای کانی پشتی بەدەقە تورکیەکەی فضولی بەستووە، بەڵام بەشێوەیەکی کورت کراوە و مۆرکی دانەری پێوە دیارە، بەڵام لە چوارچێوەی دەقە تورکیەکە نەچۆتە دەرەوە، بۆ نموونە هەڵوێستی لەیلێ هەڵوێستێکی جادووگەرانە و سیحربازانەیە، کە بەم هەڵوێستە توانیویەتی کوڕی سەلام نەهێڵی لێی نزیک بێتەوە، لەیلێ ڕوودەکاتە کوڕی سەلام و پێی دەڵێ:

**کە منداڵ بووم لەبۆ مکتب دەچووم من**
**لەگەڵ مندایە لەو وختیوەیەک جن**
**دەمێکە بەم بەڵایەی مبتلامە**
**شەو ڕۆژ لێم جودانابێ و لەلامە«٢٨»**

سیمای تایبەتی دەقەکانی کوردی (لەیلە و مەجنوون)ی کانی و (لەیل و مەجنوون)ی مەلا فەرەج، زەیدو تەتەر نامەی مەجنوون بۆ لەیلێ دەبن، لە دەقی گەنجەویدا ئاسکەکە وێنەی لەیلێی تێدا دەبینێ و ڕزگاری دەکا و نامە بە قەلەڕەشەکە بۆ لەیلێ دەنێرێ، کەچی لە دەقە کوردییەکەی سەیدای هەورامیدا تووشی لەڕاوچی ڕزگار دەکا و نامەی بۆ لەیلێ پێ دەنێرێ،

**مەجنوون وات تووشی گەردەن سۆسەن خاڵ**
**شۆ وەلای لەیلێ باوەرە ئەحواڵ«٢٩»**

لەکۆتاییدا دەتوانین بڵێین کە دەقەکانی کوردی «لەیلێ و مەجنوون»ی مەلا فەرەج و (لەیلێ و مەجنوون)ی سەیدای هەورامی و (لەیلاو مەجنوون)ی حارثێ بدلیسی کاریگەری گەنجەوییان بەسەرەوەیە و لە هەمان کاتیشدا سیمای تایبەتی و مۆرکی خۆماڵیان پێوە دیارە، (لەیلەو مەجنوونی) جەبار ئاغای کانیش لەکاریگەری فضولی شاعیری بە دەر نییە، بەڵام مۆرکی تایبەتی و داهێنانی شاعیری بەسەرەوەیە.

**سەرچاوە و بەراوێز:**

**١- نیزامی گەنجەوی ئەبو محەمەد نظام الدین ئیلیاس کوڕی یوسف کوڕی زەکی کوڕی موئەبەد ناودار بەحەکیم نیزامی یەکێ لە شاعیرە گەورەکانی کوردە کە بە فارسی شیعری وتووە، لە دەوروبەری ٦١٥ی مانگی هەر لە گەنجە وەفاتی کردووە، هەرچەندە هەندێ ساڵی لەدایک بوون و وەفاتی گەنجەویان بە (٥٣٥- ٥٩٩ه) داناوە، نیزامی هەروەکو زۆربەی خەڵکی کورد پەیڕەوکاری ڕچە و ڕێبازی شافعی بووە، هەروەکو (حەکیم)ی گەنجەوی خۆی ڕایگەیاندووە دایکی لەکوردەکانی گەنجە بووە، کوردەکانیش زۆربەیان ئەهلی سوننەن، تەنیا کوردەکانی لای کرماشان و هەندێ تر پەیڕەوی ڕێبازی ئیمامی و شیعەن، نیزامی لە لەیلێ و مەجنوونەکەی خۆیدا لە بابەت دایکییەوە دەڵێ:**

**گرمادرم آن رئیسه کرد**
**مادر صفتانه پیش من مرد**

**مەبەستی نیزامی ئەوەبووە، کە دایکی لە سەرۆکەکانی هۆزی کورد بووە.**
**پێنج ڕێکخەرەکانی ئەمانەن:**
**مخزن الاسرار، خسرو شیرین، لیل و مجنون، هفت پیکر، اسکندر نامە، بڕوانە (محەمەد ساڵح ئیبراهیمی: زانایانی کورد**

چاپەمەنی سەقز، تاران، ١٣٧٩هـ، ل١٢٩-١٣٠).
٢- پرۆفیسۆر شبلی نعمان، الکلیات خمسە حکیم نظامی گنجوی، چاپ چهارم، ١٣٧٧هـ، ل٤٩١- ٤٩٢.
٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣١
٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣٣
٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣٥
٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤٣
٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.
٨- وامق و عذرا، چیرۆکێکی دڵداری کۆنە، زۆر لە شاعیرانی ئێرانی بە شیعر هونیویانەتەوە، کە باس لە ئەمیرێک دەکا بەناوی (وامق) حەز لە ئەمیرەیەکی چینی بەناوی (عەزرا) دەکات ئەو شاعیرانەی کە ئەم چیرۆکەیان تۆمار کردووە، (العنصری کە لە ساڵی ٤٣٠هـ کۆچی دوایی کردووە)، بەڵام ون بووە، لە چەند دێڕێک بەو لاوە شتێکی تری لێ نەماوەتەوە، ئەم چیرۆکە بۆ سەر زمانی تورکی وەرگێڕدراوە، هەروەها بە فارسی بەپەخشان لەلایەن میرزا صدیق موسەوی کە نازناوی (نامی)یە و لە ساڵی ١٢٠٤هـ کۆچی دوایی کردووە.
٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤٤
١٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥٠
١١- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦١
١٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥٨٣
١٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥٩٢
١٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠١
١٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢١
١٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.
١٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٤٤
١٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٥٣
١٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦٢
٢٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦٧
٢١- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٧١
٢٢- د. طەندا: الادب المقارن، دارالنهضة العربیة بیروت، ١٩٧٥، ص١٦٩.
٢٣- نفس المصدر السابق، ص١٧٠.
٢٤- نفس المصدر، نفس الصفحة.
٢٥- محەمەد ئەمین هەورامانی: لەیلێ و مەجنوون، لە بڵاوکراوەکانی ئەمانەتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر، ١٩٨٠، ل١٨٨.
٢٦- ملا فرج: لیلی و مجنون، چاپخانەی معارف، بەغدا، ١٩٥١، ل٦٩.
٢٧- حارثێ بدلیسی: لەیلا و مەجنوون، بەرهەڤکرنا تحسین دوسکی، سپی ریز، هەولێر، ٢٠٠٤، ل١١٠.
٢٨- عبدالجبار آغای کانی: لەیلە و مجنون، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، ل٤٢.
٢٩- محەمەد ئەمین هەورامی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٨.

# ئەدەبی بەراوردکاری و مێژووی سەرهەڵدانی

ڕێبین خەلیل قادر
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی زمان)

ئەدەبی بەراوردکـــاری وەک بوارێکی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی نەتەوایەتی و ئەدەبی بێگانە چەمک و مـــانا و دەلالەتێکی قووڵ و فراوان هەڵدەگرێت، دەشێت گەلێک پێناســـەی بۆ بکرێت و لە گـــەلێک ڕوانگەوە لێک بدرێتەوە. خودی زاراوەکە هەر لەگەڵ ناوهێنانی گەلێک چەمک و زاراوەی تر بە دوای خـــۆیدا ڕادەکـێـــشـــێت، لەوانەش (ئەدەبی نەتەوایەتی و ئەدەبی جیهانی و ئەدەبی گشتی). لە کاتی لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی بەراوردکاریدا دەبێت هەریـەکـــــە لـەم زاراوانـەش چـەمـک و بەهـا و ناوەرۆکیان ڕوون بکرێتەوە، چونکە ئەدەبی بەراوردکاری سەروبەندی لەگەڵ چەمکی هەریەک لەو زاراوانەدا هەیە. بۆیە دەکرێت پێوەندی نێوانیان ڕوون بکرێتەوە.

خـودی زاراوەی ئەدەبی بەراوردکـاری لەناو ئەدەبیـاتی هەر میللەتێکدا زاراوەیەکی تایبەتی بۆ بەکار دەهێنرێت. لەناو ئەدەبیاتی ئینگلیزیدا زاراوەی (comparative literature)ی بۆ بەکاردێت، لای فەڕەنسییەکانیش زاراوەی (litterature comparee)ی بـــــۆ بەکاردێت، ئیسپانییەکانیش(letteratura com-para)ی بۆ بەکاردێن. هەرچی لە ئەدەبیاتی عەرەبییە ئەوا زاراوەی (الأدب المقـارن)ی بۆ بەکـاردێن، دەکرێت (ئەدەبی بەراوردکاری) کوردیش وەرگێڕانێکی وشەیی (الأدب المقارن)ی عەرەبی بێت.

بە شـێـوەیەکی گـشـتـی (بەراورد کـردن) لە زۆر بواری دیکەدا بەکـارهاتووە، نەک هەرتـەنیـا لـە جـیـــهـــانـی ئەدەبیـاتدا، بەڵکو لە بوارەکـانی (فـەلسـەفـە و ئایین و

زمان و مرۆڤناسی و .... تاد) بەکاردێت. دواتر هاتۆتە ناو جیهانی ئەدەبیات و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی.

تا ئێستاش لە مێژووی شارستانییەتەکانی کۆن، دەرکەوتووە کە هیچ میللەتێک نەیتوانیوە بەلاتەریکی و دوور لە شارستانییەتەکانی دیکە گەشە بکات و هەوای گۆڕانکاری و نوێبوونەوە هەڵمژێت. تەنانەت شارستانییەت و ڕۆشنبیری یۆنانیش (کە سەرچاوەی گەشەسەندنی زۆرێک لە شارستانییەتی جیهانی بووە) بریتییە لە لاسایی کردنەوە و سوود وەرگرتن لە سروشت. بۆیە بە پێی ئەم پێودانگە ئەدەبیش کە بریتییە لە بەرهەمی بیری مرۆڤایەتی ئەوا ناتوانێت گەشە بکات و لە قاوغەکۆنەکەی خۆی دەربچێت، ئەگەر سوود لە ئەدەبیاتی دیکەی مرۆڤایەتی وەرنەگرێت. هەموو ئەدەبیاتی جیهانی تا ئێستاش هەر لە هاتوچوون و کەوتنە ژێر کاریگەری و لاسایی کردنەوە و سوودمەند بوون و سوود پێگەیاندندان. کەواتە ناکرێت بڵێین ئەدەبێکی نەتەوایەتی پاک و بێگەرد و دوور لە کاریگەربوون بە ئەدەبی بێگانە لە ئارادا هەبێت. چونکە وەکو گوتمان هەموو ئەدەبێک لە ڕاست خۆیەوە سوودمەند دەبێت و سوودیش دەبەخشێت، لێرەوە مەبەستمان لە سوودمەندبوون و سوود بەخشین بریتییە لە ئەدەبی نەتەوایەتی و ئەدەبی بێگانە کە بەردەوام دەکەونە ژێر هۆکاری کاریگەربوون و لاسایی کردنەوە.

لە لایەکی دیکەوە کە باس لە ئەدەبی بەراوردکاری دەکەین ئەوا نابێت ئەو (پێوەندییە مێژووییە) فەرامۆش بکەین کە لە نێوان دوو ئەدەبی جیاواز لە زمان و کاریگەربوو بە یەکترییەوە هەیە. بۆیە پێویستە دەستنیشانی پێوەندییە مێژووییەکە بکرێت و ڕوون بکرێتەوە، چونکە لەوانەیە کاریگەربوون و لاسایی کردنەوەکە لە نێوان دوو ئەدەبدا بەهۆی ڕێکەوت یان پێکچوونی باری دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە بێت. یان لەوانەیە هیچ پێوەندییەکی مێژوویی لە نێوان دوو ئەدەبەکەدا نەبێت. ئەمەش دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوەی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە لە خانەی ئەدەبی بەراوردکاری بەهۆی دوورکەوتنەوەی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە لە خانەی ئەدەبی بەراوردکاری بەهۆی نەبوونی یان ڕوون نەکردنەوەی پێوەندییە مێژووییەکە. بۆیە دەبینین ڕەخنەگرانی ئەڵمانی وای بۆ دەچن کە بەکارهێنانی زاراوەی (ئەدەبی بەراوردکاری) بە تەنیا و بە شێوەیەکی ڕووت و (مجرد) کارێکی زانستییانە نییە، بەڵکو دەبێت زاراوەی (مێژوو)ش لەپاڵیدا بەکاربهێنرێت (مێژووی بەراوردکردنی ئەدەبی - مێژووی ئەدەبی بەراوردکاری).

بۆیە دەبێت لە هەر لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی بەراوردکاریدا گرنگییەکی زۆر بە پێوەندی مێژوویی بدرێت و دەست نیشان بکرێت، ڕووی پێک چوون و پێک نەچوونی هەردوو دەقە ئەدەبییەکە دەست نیشان بکرێت و ڕادەی کاریگەربوونەکەش دەربخرێت. هەروەها ئەوەش ڕوون بکرێتەوە کە تا چەند نووسەر یان شاعیر هەوڵی داوە لایەنی ڕەسەنایەتی بەرهەمی ئەدەبی نەتەوایەتی بپارێزێت. هەروەها دەست نیشانی هۆیەکانی کاریگەری و لاسایی کردنەوە لەنێوان هەردوو دەقە ئەدەبییەکەدا بکرێت. جگە لەمەش دەبێت ئەوە ڕوون بکرێتەوە کە ئەم کاریگەربوون و لاسایی کردنەوە چ کاریگەرییەکی لەسەر ئەدەبی نەتەوایەتی دەبێت و تاچەند دەبێتە هۆی نوێگەری و پەرەسەندنی ئەدەبی نەتەوایەتی بەرانبەر ئەدەبی بێگانە.

کەواتە دەکرێت بە زۆر شێوە پێناسەی ئەدەبی بەراوردکاری بکەین و چەمک و ناوەرۆکی شی بکەینەوە. مامۆستا (عەزیز گەردی) لە کتێبی (ئەدەبی بەراوردکاری) بەم جۆرە پێناسەی کردووە«ئەم زاراوەیە لە ڕووی زانستییەوە بۆ جۆرە لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی بەکاردێت کە ئیشی دۆزینەوە و ساغ کردنەوە و ڕوون کردنەوەی کاریگەری نێوان ئەو ئەدەبانەیە کە کاریان لەیەک کردووە و سوودیان بەیەک گەیاندووە».

یان (ڕیمۆن طحان) لە کتێبی (الأدب المقارن والأدب العام)دا دەڵێت «کارتێکردنی دوو نەتەوە دەردەخات و باسی پێوەندی نێوان دوو نووسەر دەکات کە بەرهەمی ئەدەبییان بەیەک بچێت و هەریەکەشیان سەر بە ڕەگەز و میللەتێکی جیاواز بێت».

کەواتە دەتوانین بڵێین بریتییە لەو جۆرە لێکۆڵینەوانەی کە هەڵدەستێت بە دۆزینەوە و ڕوون کردنەوەی لایەنی لێکچوون و جیاوازی لە نێوان دوو بەرهەمی ئەدەبی جیاواز لە زمان و نەتەوە، بەمەرجێک پێوەندییەکی مێژوویی بەهێز لە نێوانیاندا هەبێت و هەردوو (نووسەر-شاعیر) ئاگاداری یەکتربووبن و یەکێکیان سوودی لەوی تر وەرگرتبێت یان سوودی پێی گەیاندبێت.

لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە هاتووچوون و ئاڵوگۆڕکردنی بەرهەمی جیا دیاردەیەکی ئاساییە و ناکرێت هیچ بەربەست و تەگەرەیەکی بخرێتە بەردەم، چونکە خۆبەستنەوەی ئەدەبێک بە چوارچێوە و قاوغە کۆنەکەی دەبێتە هۆی جووینەوە و سووانی ئەدەبەکە و لەکەڵک کەوتنی. سەرەنجام ئەدەبێکی دواکەوتوو و ناکاریگەر و لاتەریک بەرهەم دێت، تەنانەت خوێنەرانی ئەم ئەدەبەش هیچ زەوق و چەشەیەکی ناسک و ئەدەبی لە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنیدا نابینن. بە مەرجێک ئەو ئەدەبانەی دەکەونە ژێر کاریگەری یەکترەوە دەبێت ڕەسەنایەتی و تایبەتێتی خۆیان بپارێزن، نەک بێ گوێدانە ڕەسەنایەتی و تایبەتێتی ئەدەبی نەتەوایەتی خۆیان کوێرانە بکەونە لاسایی کردنەوەی یەکتر و لایەنە باش و خراپەکانی یەکتر بگوازنەوە. بۆیە دەبێت بەو چاوەوە سەیری ئەدەبی بەراوردکاری بکرێت کە هەوڵی بووژانەوە و نوێ کردنەوەی پێوەندی نێوان میللەتە جیاوازەکانی جیهان دەدات و بیروڕای جیاوازیان لەیەکتر نزیک دەکاتەوە . ئەمە بوو بە کورتی ڕوون کردنەوەی چەمک و ناوەرۆک و کاری ئەدەبی بەراوردکاری لە ئەدەبیاتی جیهانیدا.

**مێژووی سەرهەڵدانی**

ئەدەبی بەراوردکاری لە مێژووی ئەدەبیاتی ئەورووپیدا سەرەتای سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم، بە تایبەت کاتێک فەرەنسییەکان گرنگییەکی تایبەتیان بەم بوارەدا و هەوڵیان دا (بەراوردکردن) لە بوارەکانی دیکەی زانستە مرۆڤایەتییەکانەوە بگوازنەوە بواری ئەدەبیات و بەراوردکردنی بەرهەمە ئەدەبییەکان.

(ڤیلمان)ی فەرەنسی، یەکەم کەس بوو کە ئەم زاراوەیەی بەکارهێنا، کاتێک ئەم زاراوەیەی (بەراوردکردن)ی لە زانستی (توێکاری لەش)ەوە (کە لەلایەن «کۆڤیێ» بەکاردەهات) گواستەوە ناو بواری ئەدەبی. لە ساڵی (١٨٢٧) (ڤیلمان) لە زانکۆی (سۆربۆنی) فەرەنسی لەکاتی وانە وتنەوەی موحازەرەکانی ئەم زاراوەیەی (ئەدەبی بەراوردکاری) بەکارهێنا و لە جیهانی ئەدەبیاتدا چەسپاندی.

مێژووی سەرهەڵدانی (ئەدەبی بەراوردکاری) وەکو بوارێکی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لە هەر وڵاتێکی ئەورووپی شێوەیەکی هەیە و سەرگوروشتەیەکی تایبەتی هەیە. واتە لە هەر وڵاتێکی ئەورووپیدا مێژووی سەرهەڵدانی جیاوازە. بۆیە حەزمان کرد کە مێژووی سەرهەڵدانی (ئەدەبی بەراوردکاری) لە هەر وڵاتێک بە جیا وەربگرین و ڕوونی بکەینەوە. بە تایبەت کاتێک دەبینین (ئەدەبی بەراوردکاری) خاوەن چەند قوتابخانەیەکی جیاوازە، وەکو (قوتابخانەی فەرەنسی و قوتابخانەی ئەمریکی و قوتابخانەی سۆڤییەتی «ڕۆژهەڵات»). هەر یەکێک لەم قوتابخانانە بە جۆێک لە ئەدەبی بەراوردکاری دەڕوانن و دەستوور و بنەمای تایبەتی خۆیان هەیە بۆ لێکۆڵینەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکان.

١- ئەدەبی بەراوردکاری لە فەرەنسا:

وڵاتی فەرەنسا یەکێکە لەو وڵاتانەی کە گرنگییەکی زۆری بە لێکۆڵینەوەی زمانە ڕۆمانسییەکان (ئەو زمانانەی لە زمانی لاتینی بوونەتەوە) داوە. زمانی لاتینیش لە سەدەکانی ناوەڕاستدا زمانی زانست و لاهووت و ئایین و تاد...، بوو، ئەمەش درێژەی کێشا تا سەردەمی ڕێنیسانس. لەبەر ئەوە ئەم زمانە گرنگییەکی تایبەتی هەبوو لە بەیەکەوە گرێدانی شارستانییەت و ڕۆشنبیری ئەورووپی مەسیحی ئەو کات. لەبەر ئەوە فەرەنسییەکان یەکەم کەسانێک بوون کە هەستیان بە هاوبەشی کولتوور کردووە لەنێوان خۆیان و گەلانی تری ئەورووپا. ئەمەش کاتێک دەرکەوت کە فەرەنسییەکان پێشوازیان لە کتێبێکی (دانتێ)ی ئیتاڵی کرد بە ناوی (de vulgari eloqentia) کە بریتی بوو لە بەراوردکردنی زمانی فەرەنسی کۆن و ئەو زمانەی کە لە هەرێمی (Provencal) باو بوو. لێکۆڵەرە فەرەنسییەکان لە بواری ئەدەبی بەراوردکاریدا پشتیان بەم کتێبە بەست، بەڵام ئەو لێکۆڵەرانە بوونە دوو دەستەی جیاواز و کەوتنە ململانێ، هەندێکیان پێیان وابوو کە دەبێت بگەڕێنەوە بۆ بەرهەمی کۆنی (یۆنانی و ڕۆمانەکان) و لاسایی ئەوان بکرێتەوە، کەچی هەندێکی تریان پێیان وابوو کە ڕێگایەکی نوێ ببڕن و ئەدەبێکی سەربەخۆ و ڕەسەن بەرهەم بهێنن بەبێ گەڕانەوە بۆ کۆنینەکان.

ساڵی (١٥٩٤) نووسەری فەرەنسی (دو بێللی du Beellay) کتێبێکی دانا بۆ بەرگری کردن لە زمانی فەرەنسی، لەو کاتەی کە زمانی لاتینی تاکە زمانی ئەو سەردەمە بوو. دواتر (کۆرنێی Cornille) لە ساڵی

(١٦٦٠) وتارێکی بڵاوکردەوە بە ناونیشانی (تیۆری یەکێتی کات و شوێن و بابەت)، بەم شێوەیە کتێب و وتارێکی زۆر لەو ماوەیەدا بڵاوکرایەوە کە هەندێکیان پاڵپشتی ئەدەبیاتی کۆنیان دەکرد و هەندێکی تریان پاڵپشتی نوێگەرەکانیان دەکرد، ئەو ماوەیەش لە نێوان ساڵانی (١٦٨٧ و ١٧١٦) دا بوو. بەم شێوە ئەدەبی فەرەنسی دەرگای واڵاکرد بۆ هەر ئەدەبێکی تر و سوودمەند بوون لێی، ئەمەش دوای ئەوەی کە(مەدام دو ستاییل madame de Stael) کتێبێکی لە بابەت ئەڵمانیا بڵاوکردەوە بەناوی ( ئەڵمانیا de allemagne) لە ساڵی (١٨١٠)، کاتێک بیری ئەوەی بڵاوکردەوە کە هەر میللەتێک سوود لە هەر بیروباوەڕ و فیکرەیەکی دەرەوەی سنووری خۆی وەربگرێت، ئەوا لە ڕووی ڕۆشنبیری و فیکرییەوە دەوڵەمەندە. (دو ستاییل) زیاتر گرنگی بە مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان دەدا نەک مەسەلە ئەدەبییەکان، بەڵام کاریگەری بە سەر چەند نەوەیەکی دوای خۆی هەر هەبوو. بەڵام کاریگەری لەسەر ئەدەب و ڕەخنەی ئەوکات دەرکەوت کە (هیبۆلیت تین)ی ڕەخنەگری فەرەنسی گرنگی بنچینەی ڕەگەز و کات و شوێنی دەرخست.

هەندێک دەڵێن لە فەرەنسا هەردوو نووسەر (نۆێل - لابلاس) یەکەم کەس بوون کە ئەدەبی بەراوردکارییان بەکارهێناوە بە تایبەتی لەو کتێبەی کە توانیان کۆمەڵێک دەقی لاتینی و فەرەنسی و ئینگلیزی کۆبکەنەوە، بەڵام ئەم کتێبە هیچ کاریگەرییەکی نەکردە سەر بواری ئەدەبی بەراوردکاری، بەڵام یارمەتی بڵاوبوونەوەی زاراوەی ئەدەبی بەراوردکاریدا و ئەم زاراوەیەی بە خوێنەران ناساند. بەڵام یەکەم کەس کە گیانێکی زیندووی بە بەر ئەدەبی بەراوردکاریدا کرد و کردی بە بوارێکی سەربەخۆی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەراوردکاری، ئەوا (ڤلیمان)ی فەرەنسی بوو. کاتێک لە ساڵی (١٨٢٩) لە زانکۆی سۆربۆن محازەرەیەکی پێشکەش کرد بە ناوی (لێکۆڵینەوە لەو کاریگەرییانەی کە بەرهەمی فەرەنسی هەیەتی لەسەر ئەدەبەکانی تریان عەقڵیەتی ئەورووپا بە گشتی لە سەدەی (١٨) دا. ساڵی (١٨٩٠) ئەدەبی بەراوردکاری بوو بە وانەیەکی سەربەخۆی لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکان لە زانکۆکانی فەرەنسا پاشان لە ساڵی (١٨٩٧) کورسییەک بۆ ئەدەبی بەراوردکاری لە زانکۆی (لیۆن lyon) دامەزرێنرا و لە ساڵی (١٩١٠) کورسییەکی تر لەزانکۆی (سۆربۆن) دامەزرێندرا. (جۆزێف تێکست) یەکەم کەس بوو کە کورسی ئەدەبی بەراوردکاری لە زانکۆی (لیۆن) وەرگرت و محازەرەکانی تایبەت کرد بە کاریگەری ئەڵمانیا لە ئەدەبی فەرەنسی هەر لە سەردەمی ڕێنیسانسەوە.

ساڵی (١٩٠٠) (لویس پۆل بێتز) کتێبێکی خۆی بڵاوکردەوە لە بابەت سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی بەراوردکاری بەناوی (bibliographie de literature compree) کە پێشەکییەکەی بە پێنووسی (جۆزێف تێکست) بوو. هەر لەو ساڵەدا لە (پاریس) کۆنگرەیەکی جیهانی بەسترا بۆ مامۆستاکانی زانکۆی فەرەنسی لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات و تێیدا باس لە مێژووی بەراوردکرا لە ئەدەبدا و بڕیاریان دا کە بەراورد بکرێت لە نێوان ئەدەبە جیاوازەکانی ئەورووپا. هەروەها لە ساڵی (١٩٥٢) زانکۆی (کۆلێژ دو فرانس college de france) کورسییەکی بۆ ئەدەبی بەراوردکاری تەرخان کرد، بە تایبەت بۆ مێژووی ئەدەبیاتی ناوچەکانی دەریای سپی ناوەڕاست و ئەمریکای لاتینی. یەکەمین هەوڵی مەنتیقی و ڕێک لە بابەت ئەدەبی بەراوردکاری بریتییە لە کتێبەکەی (پۆل ڤان تیێگم Van Tiegbm) بە ناوی (la litterature compree). هەروەها لە گۆڤاری (ئەدەبی بەراوردکاری) لە ساڵی (١٩٢١) وتارێکی بڵاوکردەوە لەژێر ناوی (العلاقة بين الأدب المقارن والأدب العام). (پۆل هازار Paul hazard)یش کتێبێکی بڵاوکردەوە بە ناوی (أزمة الضمير الاوروبي la Crise de la conscience empeenne) کە بۆ چەندین زمانی زیندوو وەرگێڕدراوە. کاتێک لە ساڵی (١٩٤٠) ئەڵمانیا فەرەنسای گرت، ئەوا لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکان وەستان و گۆڤاری (ئەدەبی بەراوردکاری)یش داخرا. لە ساڵانی پەنجا لە زانکۆکانی فەرەنسا زۆرترین کورسی بۆ ئەدەبی بەراوردکاری تەرخان کرا. لە ساڵی (١٩٥١) لە هەردوو زانکۆی (بۆردۆ - تولوز) کورسی ئەدەبی بەراوردکاری دامەزرێندرا. لە ساڵی (١٩٥٢) لە زانکۆکانی (کلیرمونت فراند - لیل - رین - گرێتۆبل - وایکس) کورسی ئەدەبی بەراوردکاری دامەزرێندرا. هەروەها لە ساڵی (١٩٥٤)ەوە تاکو ئێستا کۆمەڵەی فەرەنسی بۆ ئەدەبی بەراوردکاری هەموو ساڵێک کۆ

دەبێتەوە و کۆنگرەی خۆی سازدەکات لە ناوچە جیاوازەکانی فەرەنسا. بەم شێوەیە ئەدەبی بەراوردکاری لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە تاکو ئێستا لە گەشەسەندندایە لە وڵاتی فەرەنسا.

٢- ئەدەبی بەراوردکاری لە ئەڵمانیا:

لە ئەڵمانیا (کاسپەر دانیال موهۆف) یەکەم کەس بوو کە گرنگی ئەدەبی بەراوردکاری لە لێکۆڵینەوە زانکۆییەکان هەست پێکرد و خستییە ناو پرۆگرامی خوێندنەوە لەژێر ناوی (مێژووی ئەدەبی گشتی). ئەڵمانییەکان هەرگیز دەست بەرداری بواری ئەدەبی بەراوردکاری نەدەبوون، ئەمەش وایکرد کە ئەدەبی ئەڵمانی دەوڵەمەند بێت.

لە ساڵی (١٨٨٠) (شمیدت Schmidt) لە زانکۆی (ڤیەننا) وانەی دەوتەوە و زۆر گرنگی بە لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکانی ئەدەبی دەدا و پێی وابوو کە مێژووی ئەدەب بەشێکە لە مێژووی پەرەسەندنی رۆشنبیری و رۆحی ئەو نەتەوانەی کە ئەدەبەکانیان لەگەڵ یەکتر بەراورد دەکەین. لە دوای ئەو (مۆریس کاریێر Moriz Carriere) هات و چەند کتێبێکی لەم بابەتە بڵاوکردەوە و پشتی بە جۆرە پرۆگرامێک بەست لەکاتی بەراوردکردندا، ئەویش وەرگرتنی بابەتە لەیەکچووەکان بوو لە ئەدەبە جیاوازەکانی جیهان.

لە ساڵی (١٨٨٧) بۆ یەکەم جار (ئەدەبی بەراوردکاری) چووە ناو لێکۆڵینەوە ئەکادیمییە زانکۆییەکان لە ئەڵمانیا لەسەر دەستی (ماکس کۆخ Max coch) کاتێک لە یەکەم ژمارەی گۆڤاری (ئەدەبی بەراوردکاری) لێکۆڵینەوەیەکی بڵاوکردەوە و گرنگییەکی زۆری بە ئەدەبی بەراوردکاری لە ئەڵمانیا دا.

لەلایەکی دیکە (ر. م. مایەر R. M. Meyer) بەرگرییەکی توندی لە ئەدەبی جیهانی دەکرد و ئەوەندە گرنگی بە ئەدەبی بەراوردکاری نەدەدا. دوای ئەو (ئارنست ئالستەر Ernst Elster) هات، کە توانی ئەدەبی جیهانی لە ئەدەبی بەراوردکاری جیا بکاتەوە و پێوەندی نیوانیانی دەست نیشان کرد لە گۆڤاری (das litteratesche Echo) کەلە ساڵی (١٩٠٠) دەرچوو. دەبێت ئەوەش بزانین کە یەکەم کەس لە ئەڵمانیا باسی (ئەدەبی جیهانی - الأدب العالمي) کردبێت (گۆتە)ی شاعیری رۆمانسیزمی ئەڵمانییە، کە بڕوای وابوو لە دوارۆژدا هەموو ئەدەبەکانی جیهان یەک دەگرن و ئەدەبێکی جیهانی پێک دێنن. هەروەها (هانس دافس Hans Daffis) لە زانکۆی (گۆتنگن) داوای ئەوەی کرد کە لە زانکۆکانی ئەڵمانیا کورسی تایبەت بۆ ئەدەبی بەراوردکاری لە ئەڵمانیادا دابمەزرێنرێت. بۆیە لە بیستەکانی سەدەی (٢٠) بۆ یەکەم جار کورسی بۆ ئەدەبی بەراوردکاری تەرخان کرا، لە زانکۆی (لیبزگ) (فیکتۆر کلیمپیرەر Viktor Klemperer) ئەم کورسییەی وەرگرت، هەروەها لە زانکۆی (رز برج) (ئیدوارد ڤۆن یان Edaurd Von jan) ئەدەبی بەراوردکاری دەگوتەوە، کارەکانیان بریتی بوو لە پەیڕەوکردنی پرۆگرامی بەراورد لە نێوان زمان و ئەدەبە رۆمانسییەکان.

لە دوای جەنگی جیهانی دووەم یەکەم کورسی ئەدەبی بەراوردکاری لە (مینز Mainz) دامەزرا. کە (فریدریک هیرث Fridrich hirth) ئەم کورسییەی وەرگرت و هەوڵیدا کە هۆکارە مێژووییەکان لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی دووربخاتەوە و تەئکیدی زیاتر کردە سەر هۆکارە هاوبەشەکان لە نێوان ئەدەبی بەراوردکاری و مێژووی ئەدەب و پێی وابوو کە ئەمە زیاتر خزمەت بە ئەدەب دەکات، هەرچەندە هەریەکەیان خاوەن پرۆگرامێکی جیاوازن.

دواتر لە هەریەکە لە (دارمستاد - بەرلین - ئاخن - بیلفلد) کورسی ئەدەبی بەراوردکاری دامەزرێنرا و لە ساڵی (١٩٦٢)ش لە (بۆدابست) کۆنگرەیەک بۆ زانایانی ئەدەبی بەراوردکاری سازدرا و زانا ئەڵمانییەکانیش تێیدا بەشدار بوون. بەم شێوەیە ئەدەبی بەراوردکاری لە ئەڵمانیادا پەرەی سەند و شوێنی خۆی لەناو بوارەکانی لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا چەسپاند.

٣- ئەدەبی بەراوردکاری لە ئینگلتەرا:

مێژووی ئەدەبی بەراوردکاری لەم وڵاتە بۆ سەردەمی فەرمانڕەوایەتی (فیکتۆریا) دەگەڕێتەوە. لەو کاتەدا (هێنری هالام) کتێبێکی بڵاو کردەوە بە ناونیشانی (پێشەکییەک لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ئەورووپی لە سەدەکانی ١٥- ١٦ - ١٧). هەروەها نووسەر و رەخنەگری ئینگلیزی (ماتیۆ ئارنۆڵد Mathew ar-nold) یەکەم کەس بوو کەزاراوەی ئەدەبی بەراوردکاری بەکارهێنا و بڵاوی کردەوە لە ناو خوێنەران، (ئارنۆڵد) پێی وا بوو کە وڵاتەکەی لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەراوردکاریدا زۆر دواکەوتووە بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی

دیکەی ئەورووپا.

سالّی (١٨٨١) (پۆسنت) کتێبێکی دانا بەناوی (ئەدەبی بەراوردکاری). لەم کتێبەیدا (پۆسنت) بڕوای وابوو کە زانستە مرۆڤایەتییەکان بەرهەمی بیری سەدان و هەزار بیرکردنەوە و بۆچوونی جیاوازە کە هەموویان یەکتر دەگرنەوە و بەرەو مێژوو دەچن.

لە دوای (پۆسنت) (سێر سیدنی لی sir Sidney Lee) هات و کتێبێکی دانا بە ناوی (بزووتنەوەی ڕێنیسانسی فەرەنسی لە ئینگلتەرا: وێنەیەک لە پێوەندییە ئەدەبییەکانی نێوان ئینگلتەرا و فەرەنسا لە سەدەی (١٦))، کە لە سالّی (١٩١٠) بلاوکرایەوە.

هەروەها لە ماوەی نێوان سالاّنی (١٩٤٨ - ١٩٥١) هەندێ لە قوتابیانی زانکۆی (ئابردین aberdeen) لە سکوتلەندا هەلّسان بە دامەزراندنی (کۆمەلّەی ئەدەبی بەراوردکاری). لە سالّی (١٩٥٣) بۆ یەکەم جار وانەبێژی ئەدەبی بەراوردکاری لە زانکۆی (مانشستەر)ی ئینگلیزی دامەزرێنرا. دواتر زانکۆی (ئاسێکس Es-sex) کورسییەکی بۆ ئەدەبی بەراوردکاری دانا. هەروەها لە سالّی (١٩٦٤) زانکۆی (ئۆکسفۆرد) بڕیاری دا بە پێشکەش کردنی بڕیارەرێکی ڕەسمی لە ئەدەبی بەراوردکاری و ئەدەبی گشتی (١٩٦٨) بۆ یەکەمین جار دکتۆرا درا لە ئەدەبی بەراوردکاری، ئەمەش دوای ئەوەی کە (ئەدەبی بەراوردکاری) لە زانکۆکانی بەریتانیا بە ڕەسمی ناسێنرا.

٤- ئەدەبی بەراوردکاری لە ئیتالّیا:

ئیتالّیا یەکێکە لەو ولاّتانەی کە گرنگییەکی زۆری بە ئەدەبی بەراوردکاری نەداوە، ئەمەش هۆیەکەی دەگەرێتەوە بۆ بیروڕاکانی ڕەخنەگری ئیتالّی ناودار (بەنەدیتۆ کرۆچە) کە ڕەتی کردەوە ئەدەبی بەراوردکاری لە بواری لێکۆلّینەوەی ئەدەبیدا سەربەخۆ بێت و خاوەن مەنهەج و پرۆگرامێکی تایبەت بێت. لەگەلّ ئەوەشدا زۆربەی مامۆستاکانی ئەدەب لە ئیتالّیا پەیڕەوی پرۆگرامێکی بەراورد دەکەن لە لێکۆلّینەوەی ئەدەبی نەتەوایەتی و ئەدەبی نەتەوەکانی تر.

لە سالّی (١٨٢٩) (مازینی Mazzini) لە وتارێکیدا کە لە گۆڤاری (ئۆنتۆلۆژیا)دا بلاوی کردەوە، دەری خست کە لە ئەورووپادا یەکبوونێک هەیە لە ڕەغبەت و پێداویستی و بیرکردنەوە، هەروەها دەری خست کە هەمان ئەو ڕۆحە گشتییەیە کە ئەورووپا بەرەو یەک ئامانجی هاوبەش دەبات.

لە کۆتایی چلەکانی سەدەی ڕابردوو ئیتالّیا هەولّێکی زۆری دا بۆ یەکێتی نەتەوەیی ولاّتەکەیان بە جۆرێک کە زیاتر گرنگیان بە بیروبۆچوون و بەرهەمی تایبەتی خۆیان دەدا و ئەدەبی بێگانەیان فەرامۆش کردبوو. بەلاّم دواتر لە سەرەدەمی (فرانسیسکۆ دی سانکتیس) کە لە سالّی (١٨٦١) داوای دانانی کورسییەکی بۆ ئەدەبی بەراوردکاری کرد لە زانکۆی (ناپۆلی) کە (جۆرج هروج) کورسییەکەی وەرگرت و دوای ئەویش (سانکتیس) خۆی وەری گرت لە سالّی (١٨٧١)ەوە تاوەکو سالّی (١٨٧٥) دواتر (بەنەدیتۆ کرۆچە) هێرشی توندی کردە سەر (ئەدەبی بەراوردکاری) و لە سالّی (١٨٩٤) لە یەکێک لە وتارەکانی ڕاگەیاند کە لێکۆلّینەوە لە بۆچوون و لایەنە هاوبەشەکانی ئەدەبە جیاوازەکان هیچ بنەما و پرۆگرامێکی سەربەخۆی نییە، بەلّکو بریتییە لە شرۆڤەکردنی دەقی ئەدەبی و حوکمدان لە سەری. هەروەها ڕای وابوو کە ئەدەبی بەراوردکاری تێگەیشتنی دەقێکی ئەدەبی دەشێوێنێت و خزمەت بە دەقە ئەدەبییەکان ناکات. ئەم بیروڕایانەی (بەنەدیتۆ کرۆچە) کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەناو ئەدەبیاتی ئیتالّی و بووە هۆی پەراوێزخستنی ئەدەبی بەراوردکاری. بەلاّم دواتر (ئارتورۆ فارنیللی arturo Farinelli) ئەو گرنگییە تایبەتییەی بۆ ئەدەبی بەراوردکاری گەڕاندەوە و داوای لە قوتابییەکانی خۆی کرد کە پەلە بکەن لە بواری ئەدەبی بەراوردکاری و هەولّ بدەن ئەو پێوەندییە پتەوە بدۆزنەوە کە هەیە لە نێوان ئەدەبی ئیتالّی و ئەدەبە جیاوازەکانی دیکەی ئەورووپا. لە گرنگترین ئەو کەسانەش کە لەم بوارانەیان کۆلّییەوە (پراز Praz - ئۆرسینی Orsini- سیمۆنی Simone- پیلگرینی pelligrini) بوون.

٥- ئەدەبی بەراودکاری لە ئەمریکا:

یەکە کەس کە ئەدەبی بەراوردکاری خستە ناو پرۆگرامی زانکۆکانی ئەمریکا (تشارلز تشونسی شاکفۆر) بوو، کاتێک کورسی ئەدەبی گشتی لە زانکۆی (کۆرنیل cornell) وەرگرت، کە دواتریش تاوەکو سالّی (١٨٨٦) کەس شوێنی نەگرتەوە، کاتێک خۆی خانەنشین کرا و تا سالّی (١٩١٢) هەر بە بەتالّی مایەوە تا (لین کوبر)بووە سەرۆکی گشتی بەشی ئەدەبی بەراوردکاری لە هەمان زانکۆ لە سالّی (١٩٢٧)ەوە تا

ساڵی (١٩٤٣). هەروەها لە زانكۆی (میشیگان michigan) (تشارلزجیلی) وانەی ڕەخنەی ئەدەبی بەراورد پێشكەش دەكرد لە ماوەی (١٨٨٧) تا (١٨٨٩)، پاشان گوێزرایەوە زانكۆی (كالیفۆرنیا) و لەوێ لە ساڵی (١٩١٢) بەشی ئەدەبی بەراوردكاری دامەزراند. هەروەها داوای دامەزراندنی كۆمەڵەی ئەمریكی بۆ ئەدەبی بەراوردكاری دەكرد.

یەكەم كورسی بۆ ئەدەبی بەراوردكاری لە ئەمریكا لە زانكۆی (هارفارد) دامەزرێندرا لە ساڵی خوێندنی (١٨٩٠-١٨٩١) كە (ئارسەر رتشمۆند مارش) كورسییەكەی گرتەوە، كە توانی چەند لێكۆڵینەوەیەك پێشكەش بكات كە زۆربەیان پێوەندی بە ئەدەبی ئەورووپی لە سەدەكانی ناوەڕاستەوە هەبوو. هەروەها لە ساڵی (١٩٠٤) بەشێكی تەواو بۆ ئەدەبی بەراوردكاری لە زانكۆی (هارفارد) دروست كرا و (هـ. ر. سكۆفیلد) بۆ ماوەی (١٥) ساڵ سەرۆكایەتی ئەم بەشەی كرد و لە ساڵی (١٩١٠) (سكۆفیلد) گۆڤارێكی دەركرد بەناوی (لیكۆڵینەوە لە هارفارد بۆ ئەدەبی بەراوردكاری) هەر لە گۆڤارەكەشدا كۆمەڵێك لێكۆڵینەوەی كورتی بڵاوكردەوە. لە ساڵی (١٩٤٦) (هاری لیڤین Harry Levin) سەرۆكایەتی بەشەكەی وەرگرت و بە پرۆگرامی بەشەكەدا چۆوە و هەندێ گۆڕانكاری تێدا كرد، دواتر (وۆڵتەر كایزر walter Kaiser) شوێنی گرتەوە. لێكۆڵینەوەی ئەدەبی بەراوردكاری لە ئەمریكا لە بیستەكانی سەدەی (٢٠)دا جۆرێك لە تێكەڵی تێدا بەدی دەكرێت لە نێوان (ئەدەبی گشتی و ئەدەبی جیهانی و ....)، بەڵام دواتر جارێكی تر هەوڵدرایەوە بۆ ئەوەی ئەدەبی بەراوردكاری سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت و جیا بكرێتەوە لە بابەتەكانی تر. لە ساڵی (١٩٤٩) یەكەمین ژمارەی گۆڤاری (ئەدەبی بەراوردكاری) دەرچوو لە زانكۆی (ئۆریجۆن origon). هەروەها لە ساڵی (١٩٥٤) كتێبێكی گرنگ لە بابەت ئەدەبی بەراوردكاری دەرچوو كە هی (فریدریك)بوو بە ناوی (پیلانی گشتی ئەدەبی بەراوردكاری لە «دانتی»یەوە تاكو «ئۆنیل») كە (دافید مالۆنی)یش بەشداری تێداكردبوو. هەر لەو ساڵەشدا لە (ئۆكسفۆرد) (ڕابیتەی نێودەوڵەتی بۆ ئەدەبی بەراوردكاری) دروست كرا، جگە لەمەش ژمارەیەكی زۆر لە گۆڤار لەو بوارە دەردەچوو، لەوانە گۆڤاری وەرزی (لێكۆڵینەوەكانی ئەدەبی بەراوردكاری) كە لە زانكۆی (میریلاند Mary land) دەردەچوو هەر لە ساڵی (١٩٦٣)وە، دواتر لە ساڵی (١٩٦٧)ەوە لە لایەن زانكۆی (ئیلینۆ illinois) دەردەچوو، كە گرنگی بە پێوەندی نێوان ئەدەبی ئەورووپا و ئەمریكا دەدا. هەروەها گۆڤاری (درامای بەراوردكاری) لەلایەن زانكۆی (میشیگانی ڕۆژئاوا) دەردەچوو. بەم شێوەیە گۆڤار و كتێبی زۆر لە بابەت ئەدەبی بەراوردكاری لە وڵاتی ئەمریكادا دەردەچوو و گرنگییەكی تایبەتیش بە ئەدەبی بەراوردكاری و لێكۆڵینەوەكانی دەدرا. بەم شێوەیە ئەمە كورتەیەك بوو لە مێژووی سەرهەڵدانی ئەدەبی بەراوردكاری لە هەندێك وڵاتی ئەورووپی، هیوادارین لایەنێكی بچووكی ئەم بابەتەمان ڕوون كردبێتەوە.

**سەرچاوەكان:**


**١- م. عەزیز گەردی، ئەدەبی بەراوردكاری، چاپخانەی زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٨٧.**

**٢- د. محمد غنیمي هلال، الادب المقارن، القاهرة، ١٩٧٣.**

**٣- د. محمد غنیمي هلال، دور الادب المقارن في توجیه دراسات الادب العربي المعاصر، القاهرة، ١٩٥٦.**

**٤- ریمون طحان، الادب المقارن والادب العام، بیروت، ١٩٧٢.**

**٥- طه ندا، الادب المقارن، بیروت، ١٩٧٣.**

**٧- رضوان، أحمد شوقي: مدخل الى الدرس الآدبي المقارن، دار العلوم العربیة، بیروت، ١٩٩٠.**

**٧- هەروەها سوودێكی زۆرم لەم گۆڤارانە دیوە:**

**- مناهج البحث في الادب المقارن، شوقي السكري، مجلة عالم الفكر، المجلد ١١، العدد ٣، ١٩٨٠.**

**- الادب المقارن والأتجاهات النقدیة الحدیثة، د. عبدة عبود، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، ١٩٩٩.**

**٨- ئەو تێبینییانەی لە وانەی (ئەدەبی بەراوردكاری) لە زانكۆدا نووسیومن.**

# پایزی شێنێیی

کەریم کاکە

لەو دەستەیە هەر ئەو پیاوە لە یادەوەریمدا دەدرەوشێتەوە کە بەژنێکی کورت و سەر و ڕیشێکی خورمایی هەبوو، خۆیشی لە وڵاتی خورماوە هاتبوو، دەستەیەکی نازانم چەند کەسی بووین، ئەو پیاوە دوو تفەنگی بە شانەوە بوو، ڕەنگە هەر ئەوەش وای کردبێت هەتا ئێستا لە یادەوەریمدا هەمیشە لە پێشمەوە هەڵتەک هەڵتەکیەتی، ئەو پیاوە جگە لەوەی تفەنگەکەمی هەڵگرتبوو ناوە ناوە دەستیشمی دەگرت، جگە لەوانەش ئەو قسە خورماییانەی بۆ دەکردم کە بۆ ڕێگەی دوور پێویستن و کورتی دەکەنەوە، ئەو قسانەی لای کەم کەس دەست دەکەون.. لە بیرمە هێشتا ڕێگە سەختەکەی نزیک (دۆڵە کۆگە)مان ئەو دۆڵەی لە دیدی منەوە قووڵترین دۆڵی دنیایە، نەبڕیبوو گوتی:

«خەمت نەبێت، وا مەبینە چ بەژنم نییە، تووڕەبم دوو پیاوی وەک تۆ و زیاتریش دەخەمە سەر ملم و هەتا بنی دنیایێ ڕاناوەستم، شەرم مەکە هەر نەتتوانی بڕۆی، قسە بکە لە پشتێت دەکەم»

بەو قسەیە دڵم خۆش دەبوو، ئەوەشم لەبیرە لە بەر خۆمەوە دەمگوت، ئەگەر لە پشتێم بکات چۆکم لە عەردی دەخشێ.

ئەو ڕێگەیەی باسی دەکەم زۆر سەختە، لە دنیایێ جگە لە پێشمەرگە پێی کەس بەو ڕێگەیە نەکەوتووە، هەتا بڵێی سەختە بە تایبەتی لە ساتی بەفر و بارانێ، ئەمن دەڵێم بزن بە بزنایەتی خۆی چەقۆی لە سەر سەری ڕابگری ناوێرێ خۆی لەو ڕێیە بدا، باریکە ڕێیەکە خوا بەس بۆ ئەوەی دروست کردووە جار و بار مار پیاسەیەکی پێدا بکات، هەر پێت بڕوا، ڕۆیشتی، یان بەهەشت، یان دۆزەخ، پنچکێ نییە خۆتی پێوە بگریەوە، ئەوانەی دیتیانە دەزانن چ هەڵدێرێکە! پێشمەرگە نییە ڕێی بەو

ڕێیه کەوتبێت و هەزار و یەک دوعای نەخوێندبێت، بە تایبەتی ئەوانەی چیرۆکی ئەو دوو پێشمەرگەیان بیستبێت کە سەرەتای زستانێک لەو ڕێگەیە بە دوای یەکدا پێیان دەڕوا، لە ئاخر و ئۆخری بەهارێ لە بنەبانی دۆڵێ دەبینرێنەوە، ئەو کەسەی چووبووە سەر تەرمەکانیان گۆتبووی:

«هەردووکیان دەستیان بۆ یەکدی درێژکردبوو..»

ئێستاش نازانم چۆن لەو ڕێیە سەختە پێم نەڕۆیی!

تایەکم هاتبووێ سەد سوندت دەخوارد بەر پرووشکی ئەنفال کەوتووم، گەرم گەرم، پیاوە ڕیش خورماییەکە گۆتەنی:

«ئێستا ئەنگوتکێکی سپی بەو روومەتەوە بنێی، لە ڕەنگ و گەرمی وەک خۆی لێدەکات...»

بەو تایە ئەنفالییەوە لە بەری قەندیلەوە بەرەو ناوزەنگ دەهاتین، ئەو قەندیلەی شەڕگەی براکانە ئەو برایانەی هێندەی تەقەیان لێکدی کردووە، لەوانی دیان نەکردووە، پێش چەند ڕۆژێک لەو ڕۆژەی وا من باسی دەکەم، لەو قەندیلە کوڕانی (دیموکرات) لە ناو خۆیان کردیانە شەڕێک گوللە بە گوللە دەکەوت، ڕاونانێک ڕاوی یەکدیان دەنا هەرگیز پاسدارانیان وا ڕاو نەناوە، لەو شەڕەدا خەریک بوو منیش لە ترێ سەی بچم، نیازی ناوبژیمان هەبوو، ئێستاش گیزەی ئەو گوللەی ملیوانەی کراسەکەمی گڕدا لە گوێمە، ناوزەنگیش هەمیشە کەپری حەسانەوە بووە بۆ پێشمەرگەی هەڵاتوو، بۆ پێشمەرگەی دۆڕاو، بۆ پێشمەرگەی ماندوو...

نەدەهاتەوە بیرم پێشتر ئەو پیاوەم دیتبێت، بەڵام لە دوورەوە دەمناسی، جا کێ هەبوو نەیناسێت، ئەوەی جارێک لە جاران سەری لە شاخ دابێت، ناوی ئەو پیاوەی بیستووە، ئەو پیاوە لە سەردەمی ئەحمەد حەسەن بەکرەوە چەکی لە شانییە، زۆر کەس بە شێتەکە ناویان دێنا، هەندێک کەس بەو کەسەی بە هەموو شتێک پێدەکەنێ، هەندێکی دی بەو کەسەی بیست ساڵە هەر پالێوراوە و نەبۆتە ئەندام.. بەڵام ئەو ڕۆژە و لەو ڕێوبانە بۆمن هەر سەوسەنەکە بوو، چەپک چەپک بۆنی میهرەبانی بە سەر مندا پژاند، ئەو نەبا بەو تایەوە ئەو ڕێگەیەم بۆ تەواو نەدەکرا، ئەو (ئەبو سەوسەن) ە دواتر من ناوێکی دیشم بۆی زیاد کرد (سەوسەن زیندانی) ڕەنگە ئەو ناوە لە هەموو ناوەکانی دیکەی پتر لە خۆی بێت، سەوسەن زیندانی فێرە کوردییەکی جوان ببوو، زۆر جار لەگەڵ عەرەبەکانیش بە کوردی قسەی دەکرد، پێیدەگوتن:

«شەرم ناکەن ئەو هەموو ساڵە لە کوردستانن کەچی فێرە کوردی نەبوونە!»

وابوو، عەرەبی وا هەبوو دە ساڵ بوو پێشمەرگە بوو، بەڵام دە وشەی کوردی نەدەزانی.. ئەگەر بتویستایە ئەبو سەوسەن توورە بکەیت، زۆر ئاسان بوو، ماندووبوونی نەدەویست: «کوردیەکەت باش نییە!» هێندەو بەس، ئەبو سەوسەن دۆ و دۆشاوی تێکەڵ دەکرد، بە هەر سی و دوو ددانی سمێڵی دەکرۆشت و سەد جوونی کوردی بۆ دەور و پشتی خۆی دەهاویشت، ئێستاش تێنەگەیشتم بۆچی بەو قسەیە تێکدەچوو، بەڵام شۆڕش کۆیی گۆتبووی هەر شێتەو بە قسەیەک تێک دەچێت!

برۆ برۆ، هەست دەکەم چیا و دۆڵ لە چاومدا خول دەخۆنەوە، هەستم دەکرد هەموو جوانییەکانی دنیا لەگەڵ ئەو گەڵا زەردانە هەڵدەوەرێن کە خۆیان بە سینگمدا دەدەن و دەکەونە بن پێمەوە.. لەوەتەی فێرە جگەرە ببووم ئەوە جاری یەکەممە کەم و زۆر تام لە جگەرە نەکەم، ئەبو سەوسەن ناوە ناوە هەر بە دەم ڕێوە جگەرەیەکی بۆ دەپێچامەوە، مژێک دوو مژ، مژی سێیەمی بە دوادا نەدەهات، فووێکم بە دارجەگەرەکەدا دەکرد.. ئەبو سەوسەن وا بزانم تاکە پیاو بوو لە هەموو دنیایێ وا بە خێرایی لە بای غارێ جگەرە بپێچێتەوە، دەیانگوت هیچ پیاوێکی چیایی لە جگەرە پێچانەوە نەیدەگەیشتێ... من بەس حەزم دەچووە یەک شت ئەویش بە درێژایی ئەو ڕێگەیە نە لە عەردی هەبوو نە لە ئاسمانێ.. لیمۆ، هەموو بیرکردنەم لە لیمۆیەکی مەیلەو خڕ خڕکردبۆوە، لیمۆی زۆر جێیانم دەهاتەوە ناوچاو و دەوم نەدەگەیشتێ، ئەوەتا عەرەبانەیەک لەو دیوەی (باخی شار) سەری زەرد و سۆر دەچتەوە لە سێو و پرتەقاڵ و هەنار و لیمۆ، بەڵام چاوی من هەر لە سەر لیمۆکانە، ئەها پۆلیسێکی سمێڵ گەورە بە خۆ و بە دارێکی ئەستوورەوە گەیشت، عەرەبانچی فریای هەڵاتن ناکەوێت، پۆلیس بەو پێیە زلانەی پێلەقەیەک دەخەوێنێتە عەرەبانە، ئۆی! من لە بن دەست و پێیان بەس لیمۆکان دەبینم، بە غاردان غاردەدەن، دەترسن دەسگیر بکرێن، خۆ دەشارنەوە، دیتم لیمۆیەک کەوتە ژێر پێی پۆلیسەوە، ئای! چ کوفرێک بوو خودایە! ئاوی لیمۆ وا بەپێلاوی پۆلیسەوە، خۆزگە ئاوی ئەو لیمۆیانە دەڕژانە دەمی منەوە بەو لیمۆیەشەوە کە پێڵاوی پۆلیسەکەی تەرکرد.. لە تامەزرۆییم بۆ لیمۆ هەموو ئەو دیمەنانەم دەهاتنەوە ناو چاو کە لیمۆیان لێوە

دیار بوو، ئەوەتا لە(سەمەرقەند) ڕێک لە لای پەنجەرەوە دانیشتووم، مەزەیەکی هەمە ڕەنگم لە پێشە، بەڵام چاوی من لە سەر ئەو دوو کوزە لیمۆ ناسکەیە کە وا خەریکە دەستم بۆیان درێژ دەکەم،پەشیمانم لە هەموو ئەو دانیشتنانەی (سەمەرقەند) کە مەزەکەم بێ لیمۆ بووە! لیمۆ، خودایە لیمۆ، خودایە بەر لەوەی لەو چیاو چۆڵە بمکوژی زارم پڕ پڕ کە لە لیمۆ... ئەبو سەوسەن دەیگۆت:

«بەرگە بگرە، لە ناوزەنگ میوەفرۆش هەیە، دڵنیام لیمۆشی هەیە..»

لە دڵی خۆم دەمگۆت، خوا بکەم وابێت!

ئیدی هێندە هێزی ڕۆیشتنەی لە پێمدا مابوو، هێزی گەیشتن بە لیمۆفرۆشەکەی ناوزەنگ بوو.

لە هەورازەیەکی بۆ ئەو کات زۆر سەخت، دەنا لە چاو هەورازان بەس هەوراز نەبوو، سەرکەوتین، تفەنگەکەشم هەر لای سەوسەنی گوڵە، نشێو بووینەوە گوندێک بە دیار کەوت، بە ناو گوندا یان بەلای پەرگەی گوند چەمێکی ناسک زۆر ناسک هاتە ڕێ، هەبێ و نەبێ ڕەنگە تایەکە کەمێک بەری دابم، دەنا ناسکیم لە چەم نەدەدیتەوە، هەر لە دەو ئەو چەمە ژنێکی جحێڵ تەمەنی هەر بیست ساڵێک دەبوو، ڕەنگە ئێستاش هەر تەمەنی بیست ساڵ بێت، ڕەنگە دوای بیست ساڵی دیش هەر بە بیست ساڵی بمێنێتەوە، نازانم لە کوێوە بە دیارکەوت، ئێستاش نازانم خەریکی چی بوو، هێندە دەزانم ئەو بایەی هەڵیکردبوو چنگ چنگ گەڵای زەردی پێدا دەکرد، ئەویش هیچ خۆی تێک نەدەدا، دەتگوت حەز بەو گەمانەی با دەکات، گەمەیەکی جوان بوو، قەت نەمدەزانی با گەمەی وا جوان دەزانێ! با لە عاشق دەچوو! هەستم کرد ئەوەی تایە لە لەشی من نەمایە، گۆتمە ئەبوو سەوسەن:

- هاوڕێ، تفەنگەکەم بدەوە
- بۆ چاک بوویتەوە؟
- تەواو، بەڵام لێبڕا.
- بە شەرەفم بەڵات لێنەبڕا با، ئەتو جوانناس نەبووی، کوڕە تەماشا تەماشا، ئەو (ڕەبلحلوە) مردووش زیندوو دەکاتەوە.
- نازانم مردوو بەڵام تادار چاک دەکاتەوە.

حەزی لیمۆم لە دڵی نەمابوو، لە خەیاڵم میوەیەک نەبوو بە ناوی لیمۆ.. من و سەوسەن زیندانی، چاومان لە کچە بڕی بوو، گۆتی:

+ ڕەنگە لەگەڵ ئەو جوانیەشی ناوێکی خۆشی نەبێت
- خۆمان ناوێکی خۆشی لێدەنێین.
+ با ناوی سەوسەن بێت تۆش وەرە داخوازی و ئامادەم کچی خۆمت بدەمێ.
- سوپاس، گەیشت، یان ئەبو سەوسەن، هاوڕێ ئەو گوندە ناوی چیبیە؟
+ شێنێ، نەمگوت شێنێ!
- کەواتە ئەو کچە با ناوی شازادەی شێنێ بێت.
+ لەوە جوانتریشی تێدایە.
- هەر ئەوە شازادەیە.

هەر بە ڕاستی من چاک بوومەوە، ئەو جوانە منی چاک کردەوە، ئیدی لە لای خۆم ناوم لەو ژنە نا شازادەی شێنێ، هەر جارێک ڕێم بەوێ بکەوتبا، هەموو هەوڵێکم دەدا ئەگەر زۆر لە دوورەوەش بێت چاوێکم بەو شازادەیە بکەوێت، ئەو شازادەیەی زۆرم حەز دەکرد.... ئەوە ڕاستە زۆر جار دیتنی ژن، بۆنی ژن دەردان دەپەڕێنێ، شازادەکەی شێنێ دەردی منی پەڕاند، هەتا لەو بەرزاییەش ئاودیو بووین کە شێنێ لە چاو ئاوا دەکات، هەر ئاوڕم دەدایەوە لە کەلێنی درەخت و بە ناو گەڵای وەریوی دەست با، تەماشای شازادەی شێنێم دەکرد..سەوسەن گوتی:

«سبەی دێینەوە، دەچینە ماڵیان و جامە ماستێکی لێ دەکڕین، ئەودەم تێر تێر، بە دڵی خۆمان تەماشای دەکەین»

نازانم سبەی هاتینەوە، یان نا، بەڵام ئەوە دەزانم بە دڵی خۆم تەماشای شازادەکەی شێنێم نەکردووە..

ئەوە جارێکی دیش وا لە شێنێ لە نزیک هەمان چەم لە ناو درەختان چاو لە شازادە دەگێڕم، دەمەوێ گەمەی ئەو لەگەڵ با ببینمەوە، وەرز هەر وەرزی پایزە، بەڵام لە نێوان ئەم پایزە لەگەڵ پایزەکەی دی زستانێکی شەختەبەندی هەبوو، بەهارێکی گوڵگوڵی و پەلکەزێڕینەیی هەبوو، هاوینێکی مار و دووپشکی هەبوو، ڕەنگە پایزێکی دیکەو زستان و بەهار و هاوینی دیکەش هەبووبێ، ئێستا من لەگەڵ دەستەیەکی دی هاتوومەتەوە شێنێ، ئەو شێنێیەی دەڵێی منداڵە بە ئامێزی (مامەندە)ی دایکەوە، مامەندە ئەو چیایەیە کەس نازانێ چەند بڵندە، بە دیوی شێنێ و ناوزەنگدا سەخت و هەڵدێرە، دەیانگوت سەری سەرەوەی پڕ پڕە لە سەربازی بەغدایێ..

شێنێ دەنگی دابۆوە، چۆن دەنگ نەداتەوە! لە بن هەولێرەوە تا دەگەیتە ئەو سنوورەی لە نێوان ڕۆژهەڵات و

باشووری ولاتێکی گونداویان کێشابوو، ئەو شێنێیە تاقە گوند بوو بە پێوە مابێ، یان چاوی من و چاوی زۆری دی جگە لەو گوندە چ گوندی دیان نەدەدی.. لە خوار (شێنێ)وە ڕووبارێک لە دۆڵێکی تا بڵێی قووڵ و گەورە چوار وەرزەی ساڵ هاژەی دەکرد، لە ڕووبار پەڕینەوەش سنوور بەزاندن بوو..

قسە کەوتە دۆڵ و گوندی کە نەیارانی شێنێ بە نیازن هێرش بێنن و شێنێ بە دەردی هەموو گوندەکانی دی ببەن، ئەو دەنگۆیە لە زاری پیاوێکی بە تەمەن کەوتە ئاوایی ئەویش لە جاشێکی بیستبوو، جاشەکەش لە زاری ئەفسەرێکی نازانم چەند ئەستێرەوە، دیارە ئەو دەنگۆیە لە سەرچاوەی دیکەشەوە هاتبوو، بەڵام لە گێڕانەوەی ئەو هەواڵە دەنگی پیاوە بە تەمەنەکە لە هەموو دەنگەکانی دی لە دڵ چەقیوتر بوو، هەر ئەو پیاوە بە تەمەنە دەیگوت:

«قسەی خۆم نییە، لە خەڵکم بیستووە، دەڵێن ناوی (شێنێ) هەموو دنیای گرتۆتەوە، لە دانیشتنە زۆر نهێنییەکانی بەغدا، قسەی لێوە دەکرێ، لەوێ لە بەغداوە بڕیاری سڕینەوەی دراوە».

دەنگۆی پەلاماردانی شێنێ بوو ئێمەی لە خانووێکی لا پەڕگەیی شێنێ خڕ کردبۆوە، دەنا جێگەی ئێمە ناوزەنگ و گۆڕەشێر بوو ، ناوزەنگ کەمێ کەوتبووە ئەو لاوەی شێنێ، ناوزەنگ لە پایزاندا جۆگەلەیەکی زۆر بچووکی پێدا خوڕەی دەکرد، ئەگەر بە نیازی دەست بە ئاو گەیاندن لە سەر ئەو جۆگەلەیە ڕوو لە مامەندە دانیشتبای ئەوا پێی چەپت دەکەوتە ئاقاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێی ڕاستیشت لە باشووری کوردستان دەمایەوە، گۆڕەشێریش کەوتبووە ئەوبەری ڕووبارەکەوە، بازاڕەکەی سونێش هێندە دوور نەبوو لە شێنێ، ئەو بازاڕەی هەرچی سیخوڕی دنیایێ هەیە ڕوویان تێدەکرد، لەو بازاڕە هەموو شتێک دەست دەکەوت بە هەموو جۆرەکانی خواردنەوەوەش.. دەنگۆیەکی دژ بە دەنگۆیەکەی دیش کەوتبووە گوند و دۆڵەوە، ئەوەی زۆر سوور بوو لەسەر ئەوە کۆڵکێشێک بوو، بە کۆڵ لەو چیاو چۆلە داری بۆ خەڵک دەهێنا، هێندەی هێسترێکی لە خۆی بار دەکرد، ئەو پیاوە دەیگوت:

«لە منی وەرگرن، هیچ خەمتان نەبێت، بە خولای بەغدا قەت هێرش ناهێنێتە سەر شێنێ، هەتا بەغدا بمێنێ شێنێ دەمێنێ، چما ئەنگۆ نازانن نیوەی خەڵکی شێنێ دەسچێنی بەغدان..»

من لە خۆوە باوەڕم بە قسەی ئەو کۆڵکێشە دەهێنا، هەستم دەکرد نەک هەر لە سەردەستەکەمان سیاسیترە، بەڵکو پشتی زۆر لە سیاسیەکانی دۆڵی بە عەردی داداوە..

وابوو بۆچوونێکی ئەوهاش لە ئارابوو کە بەغدا پێویستی بە مانەوەی شێنێ هەیە.

ئێمە بە دوو سەردەستەوە چواردە پازدە پێشمەرگە دەبووین، هەر شەوەی نیوەمان لەو ژوورە دەماینەوە، نیوەکەی دی بە چیا دەکەوتین، لەوێ لە بەرزایی بۆسەمان دەنایەوە بۆ ئەو جاش و سەربازانەی گوایە نیازیان شێنێ وێرانکردن بوو.. ڕۆژی یەکەم یەکێ لە سەردەستەکان، کوڕێکی گەنج لە تەمەنی ئەوکاتی من شتێک گەورەتر دەستی بە قسان کرد، قسەکانی قەسەی ورە وەبەردان و شۆڕشگێڕی بوون، لەو کاتەی ئەو سەردەستەیە ئەو قسانەی دەکرد (عەشایەر) کە ڕێک بەرانبەری من دانیشتبوو - بۆ تێکەڵ نەکردن ئەو کات لە دۆڵی پێشمەرگان دوو پێشمەرگە هەبوون بە ناوی عەشایەر من مەبەستم ئەوەیانە کە خۆی خۆی دەناسێتەوە نەک خەڵک- دیاربوو، لە ڕەنگ و ڕووی دیار بوو، لە لێو هەڵهێنان و چاوی دیار بوو، گاڵتەی بە قسەکانی دەهات، سەردەستە چەندی گەرمتر و شۆڕشگێڕانەتر قسەی دەکرد، هێندە لە دەموچاوی (عەشایەر) جووڵانەوەی گاڵتە پتر دەبوون، ئەو کاتەی دەیگوت:

«پارێزگاری کردن لە شێنێ، پارێزگارییە لە هەموو وڵات، لە هەموومان، لەو پێناوە دەبێت سینگمان بدەینە بەر گولله»..

(عەشایەر) کە گوێی لەو قسانە دەبوو زۆری نەدەما جڕتی بۆ هەڵکیشێ، باش بوو جێی دانیشتنی ئەو دووە بە شێوەیەک بوو سەردەستە ڕووی عەشایەری باش لێوە دیار نەبوو، دەنا لەو ژوورە شەڕێکی گەورە دەقەوما.. من زۆر حەزم دەکرد سەردەستەکە زوو قسەکانی تەواو بکات، دانیشتنەکە زوو کۆتایی بێت، بۆ ئەوەی زوو عەشایەر تی بکەمەوە و بزانم مەسەلە چییە، من ئەو سەردەستەیەم نەدەناسی...

عەشایەر کوڕێکی هەتا دەست هەڵبڕی باڵابەرز، درێژترین کەس باڵا سەری دەگەیشتە شانی وی، من لە دنیایێ بەس یەک کەسم دیتبوو لەو درێژتر، ئەویش ئێستا یادی بە خێر ناوەکەم لە یاد نییە ، عەشایەرم تی کردەوە:

- دیار بوو فشەت بەو کوڕە دەهات!

+ وەک تۆم لێهاتووە، فشەم بە هەموو شتێک دێت..
ئەتو ئەو کوڕە ناناسی؟
– نا، هەر لێرە دیتوومە.

+ ئەو کوڕە بەو زمان لووسییەی خۆی بردوویەتییەوە، دەنا ترسنۆکترین کەسە، فڕۆکە لە دەشتی هەولێر بۆردومانی بکردایە، ئەو لە بەستی شەرغە خۆی داویشتە بن تەڕاشان، زۆر تووڕە بم دەڵێم لە تەمەنی خۆی ئیللا ئەگەر بۆ سووسکە، یان بۆ خۆشی دەنا تفەنگی وی دەنگی لێوە نەهاتووە... کاتێک قسەشی بۆ گوندیان دەکرد، وەکو ئەوەی دیتت ئەوها قسەی دەکرد، یەک نەیناسێت دەڵێت بە دەست دەبابە دەگرێت... هەموو ئەوانەش لە لایەک، ئەوەی من زۆر خەفەتی لێ دەخۆم، پێش ئەوەی بگاتەوە ئێرە، لە خوارێ سەردەستەی سێ چوار پێشمەرگە بوو، بە زۆر دارەکی و بە قسەی پان وای لەوان کردووە کە خۆ بە دەستەوە بدەن، هەر بۆ ئەوەی خۆی بگەیەنێتەوە ئێرە، ئەوەتە نابینی، ئەوە چەندەمین جارە داوا دەکات بینێرنە ڕووسیا...

نازانم قسەی عەشایەر تا کوێ لە بارەی ئەو کوڕەوە ڕاست بوو.. بیستبووم ئەو سەردەستەیە شیعریش دەنووسێت، یەک دوو پارچەی نیشانی من دا، بەڵام ئەوەی تێبینیم کرد هەندێ کۆپلە شیعری عەبدوڵڵا پەشێو بوون بە هەندێک دەسکارییەوە... بەدبەختییەکەش لەوە بوو هەموو شەوێک لەگەڵ ئەو سەردەستەیە بەیەکەوە بووین، جا چ لە ژوورەکەی شێنێ چ لە لە بناری چیا.

من و عەشایەر لە سەرکەوتنی چیاش هەر بە دووی یەکەوە دەڕۆیشتین، هەڵگەڕان بە مامەندەدا هەر بە قسە خۆشە،کۆتایی هەورازەیەکی ڕک سەرەتای هەورازەیەکی ڕکترە، لە سەرکەوتندا تەنیا دەنگی گەڵای پایزی دەهات، من زۆر جار ئەو ساتانەی هێشتا ماندوێتی چێژمی لە ناو عارەقە نەخنکاندبوو، گەڵا گەڵا چێژم لە دەنگی گەڵای دەست با وەردەگرت، هەندێ سات ئارەزووم دەکرد، هەموو تەمەنم لەبەر ئەو بایە پڕ لە گەڵایە و بە سەر ببەم... من و عەشایەر لە کاتی نووستنیش کیسە خەوەکانمان زۆر لێکدی دوور نەبوو،خەوتنی ناو کیسە خەو ڕەنگە هەر یەک دوو جار نەخەوێتە لەشت و بە زەحمەت بتخەوێنێ، بەڵام بۆ من لەوە دەرچوو بوو بە سەد جار و دووسەد جاریش لەگەڵی ڕابێم، ڕاستی ئێستاو ئێستاش لێی دەترسێم، ئەو ترسەش ڕەنگە لەو چیرۆکەی کیسەی خەوەوە هاتبێت کە پێش ئەوەی زنجیرەکەیم کردبێتەوە بۆمیان گێڕابووەوە کە کوڕێک لە پایزێکی سارددا ڕێک وەک ئەو پایزەی وا من بەو پایزە دوای ئەو هەموو پایزە هەمە ڕەنگە بۆی گەڕاومەتەوە و دەمەوێ هەندێک لە سەرهاتەکانی خۆمی لێ بچنمەوە، لە کیسە خەودا دەخەوێت، وەک دەڵێن شوێنەکەش هەر دەوروبەری قەندیل بووە، زنجیرەکەی جوان دادەخات، خەوێکی قووڵ دەیباتەوە، لە ناو کیسە خەو دەسووڕێ، زنجیرەکە واتە لای دەرگای کیسەکە دەکەوێتە لای پشتییەوە، ئیدی چەندی دەکات دەستی ناگاتە زنجیرەکە بیکاتەوە، پوختە ئەو کوڕە بۆ خۆی دەخنکێ.. زۆر ئاسانە لە ناو کیسە خەو بخەویت و بە سەلامەتیش دەربچیت، بەڵام من لێی دەترسام قەت زنجیرەکەیم نیوەش دانەخستووە، گوتوومە قەیناکە با سەرمام ببێت نەوەک، وەک ئەو کوڕە بەستەزمانەم لێبێت!

ئەو شەوەی شەوی بە چیا کەوتن بوو، دەبوو بە تاریکی بە ڕێ بکەوین و هەر بە تاریکیش بگەڕێینەوە، دەیانگوت نابێت خەڵک بە ڕێی چوون و هاتنەوە و جێگەی مەبەستمان بزانن، نەبادا لە باتی ئەوەی جاش و سەرباز بە داوی ئێمەوە بن ئێمە بکەوینە داویانەوە، ئیدی شەوێک لە باوەشی مامەندە، مامەندەی کیسەی خەو و ئێشسکگری، شەوەکەی دی لە ژوورەکەی شێنێ، شێنێی ئێشکگری و خەوێکی بێ ترس ، بۆ هەر یەکێک لە ئێمە کۆڵێک جیاوازی لە نێوان ئەو دوو جێگەیەدا هەبوو، بەڵام جیاوازییەکە بۆ عەشایەر جیاوازییەک بوو وەک دواتر خۆی دەیگوت:
«ئەو جیاوازییە لە تەمەنی مرۆڤ یەک جار بە دیار دەکەوێت..»

جیاوازییەکە بۆ من لە سێ شتدا بوو، یەکیان ترس ئەوی دی چێژ، سێیەمیش هەر چێژ، ترسەکە با لە ناو کیسەی خەودا بمێنێتەوە، هەرچی چێژەکەیە ئەوە لە مانگدا دیتمەوە.. شەو تاریک تاریک، ڕەنگە بەو ڕادەیەش تاریک نەبووبێت، بەڵام لای من وا بە تاریکی خۆی نیشان دابێت، لەو تاریکییەوە کزە بایەکی دەهات حەزی ئاگری دەخستە دڵەوە، کەچی جار و بار مەتارەم دەخستە سەر لێوەوە،لەپڕ دیتم دنیا لە ڕەشییەوە بەرەو جۆرێک لە زەردی، یان ڕەنگێکی نزیک لەوە گۆڕا، لەو ساتانەی ئەو گۆڕانە بە سەر ڕەنگی دنیادا هات، چاوم لە سەر ئەو کێوەی بەردەمم بوو کە هەموو ڕەنگ گۆڕینەکە لەوەوە چاوی منی گرتەوە، تۆپەڵێ ئاگر لە کێوەکەوە بە

بێ دەنگی بەرز بۆوە، ئەوە جاری یەکەمم بوو وا لە نزیکەوە زانی چیا ببینم، چیا زاو ئاگری بوو، درەنگتر زانیم چیا مانگی بوو، مانگێک جیا لە هەموو ئەو مانگانەی پێشتر دیتبوومن، مانگ ڕووناک تا ئەودیوی ڕووناکی ڕووناک، مەگەر ڕووی کچەکەی شێنێ هێندە ڕووناکییەی تێدا بووبێت، مانگ نزیک زۆر نزیک وام هەست دەکرد ئەگەر دەستەکانم کەمێک درێژتر بان دەیگەیشتنێ، هەر لە بەر دەمم بوو، تابلۆیەک بوو یەک یەک هێڵەکانیت بژماردایە، تێر تێر بە دڵی خۆم تەماشای مانگم کرد، هەرچی جوانە لە مانگدا دیتم، شازادەکەی شێنێشم دیت.. مانگ ورد ورد بە سەر شێنێدا بۆ ئاسمان بەرز دەبۆوە چاوی منیشی لەگەڵ خۆیدا بە ئاسمانەوە هەڵدەواسی، تا گەیشتە ئەو جێگەیەی کە زۆر جاری دیش لەوێم دتبوو هەر چاوم لە چاوی بڕیبوو ،چێژی چاو لە مانگ بڕین هەر ئەو کەسانە دەزانن چ چێژێکە کە وەک من لە نزیکەوە مانگیان دیتووە... ئیدی زۆر شەوی دی لەوێ و لە زۆر شاخ و دۆڵی دی لە دووی ئەو مانگە شێنێییە گەڕام، نەمدیتەوە، بە دوای دووبارەبوونەوەیەکی جوان، یان دووبارەوبوونەوەی جوانییەک گەڕام نەمدیتەوە، گەیشتمە ئەوەی هەندێک جوانی هەن یەک جار خۆیان نیشان دەدەدن، مانگ ئەو شەوە جوانییەکە لە یادەوەریمدا ئاوا نابێت، جوانییەکە کات کاڵی ناکاتەوە.. ڕەنگە ئەو مانگە هەر هەمان مانگ بێت کە پیری بەفر لە ڕۆمانی (درەختی کەتناوە)* شەوێک لە سەر دوندی پاڕانەوە دیتی و بۆی گێڕاینەوە.

لە بیرتە گوتم ناوە ناوە مەتارەم دەخستە سەر دەممەوە، شەوەکەش شەوێکی سارد بوو، شەوی دانیشتنیش بوو نەک ڕێکردن، بۆیە ڕەنگە هەمان ئەو پرسیارە بکەیت کە نەهرۆ لێمی دەکرد، ناهەقی نەبوو، کەس مەتارەی لە بیر نەبوو کەچی من زوو زوو تامیم دەکرد:

– چیتە دەڵێی نەساخیت، هێندە ئاو دەخۆیتەوە؟
– وا بزانم..
– بەڵام پێتەوە دیار نییە.
– هەندێک نەخۆشی هەن بێ نیشانەن.
– ئەوەش فۆرمێکی تازەیە لە شیعر

نەهرۆ خەریک بوو گومان لە من و مەتارە پەیدا بکات، بەڵام بڕوا ناکەم گومانەکەی لا دروست بووبێت دەنا هەر چۆنێک با، تامی دەکرد، دواتر سەرکۆنەی خۆمم دەکردو دەمگوت بۆچی بەشی نەهرۆم لێنەدەدا، ئەو کوڕەی بە وەرگێڕانەوە گرتبووی، بەردەوام لە عەرەبی و فارسییەوە وتاری سیاسی دەکردە کوردی، دواتر خووی دایە کاری ئەدەبی .. ئەو پرسیارە لە جێیانەی نەهرۆ و وەڵامە درۆینەکانی من هەرلەو شەوەدا کران کە لە لای من تا سەردەمێکی دیش هەر بە شەوی مانگەکەی شێنێ دەناسرێتەوە، بەڵام دواتر بیرم دەکردەوە باشە ئەی چۆن هەستیان بە بۆنەکەی نەدەکرد، هەر خۆم بە خۆم دەگوت ڕەنگە شەرابی ڕێبوار عەرەب بۆنی نەیە، بەڵام خۆ هەموو جارێک مەتارەی من پڕ لە شەرابی وی نەبوو، جار جارە خۆی پڕ، یان نیوەی دەکرد لە عەرەقی بازاڕەکەی سونێش، ئەو عەرەقەی دوو سێ جار (شۆڕشی کۆیێ) بۆی دێنام و پارەشی وەرنەدەگرت، کۆیێ بۆ جیاکردنەوەی ئەو شۆڕشە بوو لەو هەموو شۆڕشەی کە ئەوکات هەبوون، دەیگوت:

«پارەی تۆ هەر بەشی تووتن دەکات، من هەمە، بە حەڵاڵی بیخۆوە..»

من چاکەی ڕێبوار عەرەبم هەر لە چاوە، ئەو کوڕە باشترین شەرابگرەوە بوو، هیچ شەرابگرەوەیەک شانی لە شانی وی نەدەدا، ناوە ناوە مەتارەیەک شەرابی دەدامێ، کە بۆ ئەو کات جوانترین و بە بەهاترین دیاری بوو، ئیدی من بە شەرابی ڕێبوارییەوە،بە عەرەقی شۆڕشیەوە لە بن گەردنی مامەندە بە ترسەوە دەچوومە ناو کیسەی خەو و بە نەشئەوە تەماشای مانگ و ئەستێرانم دەکرد..

عەشایەر کوڕێک بوو تا ئەو پەڕی سادەیی سادە، هەرچی لە دڵ بایە لە زاریشی بوو، لە سیساڵی تێپەڕاندبوو، زۆر جار دەیگۆت:

«من وا بۆ چل ساڵی دەچم هەتا ئێستا دەستم بە دەستی کچێک نەکەوتووە، نازانم ماچ چۆنە، توخوا ئەوە چۆن دەبێت وا بێت!»

عەشایەر کوڕێکی ڕێک و جوانیش بوو، وەک دەیانگوت، کچ بە ئاسانی بۆی دەستەمۆ دەبوون، بەڵام چ بوو! کوڕێکی شەرمن بوو، لە مێیینە شەرمی دەکرد، وەک دەیانگوت، عەشایەر لە هەموو مێیینەک شەرم دەکات، جا با ئەو مێیینەیە ئاژەڵیش بێت... زۆر جار لای من دەیگوت:

«ئەها تەماشای سەرم بکە پڕ بووە لە داوی سپی، چ نەگبەتییەکە سەرت سپی بێت و هێشتا کچت لە ئامێز نەگرتبێت..»

لەو پێشمەرگانەی لە دۆڵی پێشمەرگان ڕاشکاوانە بێ شەرم باسی ژن و بێ بەشی خۆیان لە ژن دەکرد ئەو

عەشایەرە و پێشمەرگەیەکی دی بوون، ئەو پێشمەرگەیە ناوی (ا) بوو، جـاریک چووبووە پێش بەرپرسـێکی گەورەو ڕاست و ڕەوان پێی گوتبوو:

«ئەگـەر ژنمان بۆ دێنی باشـە، ئەگـەر نا هەمـوومـان هەرامەکەی خۆمان دەبڕین و لە پێش تۆی دادەنێین..»

عـەشـایەر لە ناو شێنێ زۆر دەگـەڕا و چاوی دەگـێڕا، دەیگوت:

«شەرم منی کوشت، زۆر جار ژنی زۆر جوان، بە نیازی لەگەڵ خەوتن سەیریان کردووم، بەڵام شەرم، ئای شەرم! بەڵام لەمـەودوا دەبێت چارەیەک لەو شـەرمـە بکەم، خەریکە پیری بانگم دەکات، بەسە کاکە بەسە، شەرم بەسە...»

ئیدی عەشایەر وەک ئەوەی پێیان دەگوت حالۆری، بە شێنێدا دەهات و دەچوو، ئەو کوڕە شتێکی لە چاویدا بوو، دانەدەسکنا.. ئێوارەیەک هاتە بن گوێم:

– ئێشـکگرییـەکـەی تۆ لە دوای منە، کـاتێک بـانگم کردی ئیشێکی گچکەم پێتە..

+ چییە دەیقەومێنی؟!

– ڕەنگە، بەس بەینی خۆمان بێت..

شەو کاتێ بانگی کردم بۆ ئێشکگری:

– کەمێک زووتر بانگم کردی، ئەگەر درەنگم پێچوو، تکایە بانگی ئەوەی دوای خۆت مەکە..

+ خەمت نەبێت...

تفەنگەکەی لای من داناو ڕۆیشت، مانگ کەمێک بە دەرەوە بوو، ڕێوبان تاریک نەبوو، دیتم سـووڕایەوە، ئەوەشم دیت، بە سـەر دیوارێکدا ئاودیو بوو، شـەو بێدەنگ، تەنیا دەنگی گەڵای ڕژاو دەهات.. چەند جوانە ئەو ساتانەی پێشـمەرگە چەکەکـەی دادەنێ و ڕێی ژوان دەگرێتە بەر، ئەو شەوە ئەو دیمەنە لای من جوان بوو، ئەو شەوە عەشایەر لە هەموو شەوەکانی پێشوو پتر لای من جوان بوو، لەو ساتەوەی دیوارەکە ئاودیوی ئەو دیوی کرد و لە چاوم بزری کـرد، من دوعـای سـەرکـەوتنم بۆ عـەشـایەری هاوڕێم کـرد، دوعـام دەکـرد، بە بۆنی ژنەوە بگەڕێتەوە، بە تامی ژنەوە بگەڕێتەوە، بە گەرمایی ژنەوە بگەڕێتەوە، زۆرم دوعا بۆی کرد، ئەو ژوانە ژوانی منیش با، هەر هێندە دوعـام تێـیـدا دەخـوێند، نازانم بۆچی هێندەم حەز دەکرد کە عەشایەر ئەو شەوە بچێتە باوەشی ژنەوە، هـەر لـەبـەر ئـەوەی زۆر بـرادەرم بـوو؟ یـان لـەبـەر ئەوەبوو هەرگـیـز دەسـتی بەر دەسـتی هیچ ژنێک نەکـەوتبوو، بای ژنی پێنەکەوتبوو؟ یانیش لەبەر ئەوەی

کە دێتـەوە باسی تامی لەشی ژنم بۆ دەگێڕێتـەوە؟ نازانم لەبەر چی، بەڵام دەزانم زۆرم حـەز دەکـرد، ئەو شـەوە عـەشایەر تێکەڵی ژن بێت... ناوە ناوە سەیری کاتژمێرم دەکرد، هێشتا چەند خولەکێکی مابوو کاتی ئێشکگری من تەواو بێت، دیتم عـەشایەر بەهەڵەداوان دێتـەوە، بە بێ دەنگی تفەنگەکەی وەرگرتەوە و بە دەنگێک وا بزانم وشـەی (سـوپاس)ی لە دەم دەرچوو، ئیـدی چووە سـەر جێگاکەی خۆی، هیچی تێنەگەیشتم، خۆزگەم دەخواست لە بـەر ڕووناکی دەمـــوچاویم دەدیت، بۆ ئـەوەی بزانم تێکەڵی ژن بووە، یان هەر کـوڕەکـەی پێش تێکەڵ بە ژنبـوونە.. کـاتێک چوومە سەر جێگاکـەم، لە دڵی خۆم گوتم، خۆ ڕۆژ هەر دەبێتەوە و دەموچاوت دەکەوێتە بەر ڕووناکی، ئەو دەم تێدەگەم ئەوەی ئێستا وا لەو جێگەیە ڕاکشاوە، دنیا دیتەیە، یان هەر نەدیتکەکەی جارانە!

بە دەنگی عـەشـایەر بە ئاگـا هاتم، لە سـەر دەرگـا بە دەنگێکی شاعیرانە شتێکی لەو بابەتەی دەگوتەوە:

زۆرم کرد چاوبازی ئێستا مەیلی دەستبازی دەکەم

مەیلی شۆخێکی باڵا بەرزی لەشولار ڕیازی دەکەم

لە دڵی خـۆم گـوتم، ئەو شـەو تێکەڵی ژن بووە، لێی چوومە پێش، هەرگیـز عەشایەرم وا دڵخۆش نەدیتـبوو، چاوەکانی دەیگوت: من ئەو شەوە لە باوەشی ژنێک سەر لە نوێ لە دایک بوومەوە... تیم کردەوە:

+ ها چ بوو؟

_ جا چ نەبوو، ئەوەی بیست ساڵە لە دووی دەگەڕێم، ئەوشـەو دیتـمـەوە، ئەوەی بیـست سـاڵە لە خـەونێش نەمدیتبوو، ئەو شەو دیتم، ئێستا دەزانم من ئۆندە ساڵە ژیانم بەلاش ڕۆیشتووە..

+ لەگەڵ کام ژن؟

سەری خستە بن گوێم

– ....

+ ئۆی! ئەوە کوو ڕازیت کرد؟

_ نازانم..

هەوبوو شازادەکەی من بوو، ئەو سەوسەنە بوو کە ئەبو سەوسـەن لە قۆشمەبازییەکەی خۆیدا دەیویست بیکاتە کـچی خـۆی و منیش بە زاوای خـۆی وەرگـرێت، هەمـان کچی دەو چەمەکە بوو کە تای ئەنفالی لە من دەرکرد، لە دڵـی خـۆم دەمگـوت ڕەنگە ناوی ئـەو کـچـە هەڵەیەکی عەشایەری بێت و لە دەمی عـەشایەر دەرچووبێت! نازانم بۆچی لە خۆوە گومانم پەیدا کرد، دووریش نییە گومانەکە لە ئیرەیی بردنەوە بووبێت، کێ دەزانێ من ئەو ڕۆژە بایی

چەند ساڵ ئیرەییم بەو عەشایەرە سادەو بێ گرێیە بردبێت..

هەر لەو ڕۆژانەی شێنێ، کەمێک لە سەرەوەی ئاوایی کە هەمووی کەندولەند و سەرتاپا داروبار بوو، خەریکی ورتکە دار خڕکردنەوە بووین، پەرت ببووین، هەر یەکە یە لایەکدا، من چ ببینم باشە! شازادە وا دانیشتووە، کێی لە تەنیشت بێت باشە! نا عەشایەر نەبوو، پیشمەرگەیەکی دی، ناوەکەیم لە یاد نییە، بەڵام ئەوەم لە بیر ماوە دواتر ناوم نا شۆڕە سوار، هێندەم دیت دەستیان لە ناو دەستی یەکتر بوو، ئەوان منیان نەدیت، منیش لێم تێک نەدان، بەجێم هێشتن، نەشم پرسیەوە داخوا هەر دەستگوشین بوو یان شتی دیش..

ئیدی تێگەیشتم شازادەکەی شێنێ دڵی کەس ناڕەنجێنێ، پێشتر ئەوەم نەزانیبوو بڕیارم دا منیش قسەیەک لەگەڵ ئەو شازادەیە بکەم، بەڵکو خێرێکی بۆ منیش دەبێت، بەڵام تۆ چەند قسەت لەگەڵی کرد منیش هەر هێندە، هەر لێی نزیک دەبوومەوە زمانم لە گۆ دەکەوت و هەستم دەکرد هەموو گیانم دەلەرزێ، بەڵام لە دڵی خۆم بڕیارم دا کە ڕووی لێ بنێم... لەو ڕۆژانە ڕەنگە کەس هێندەی من یادی ئەبو سەوسەنی نەکردبێت، لە دڵەوە حەزم دەکرد لە تەنیشتم با، ئەو پایزە وەک پایزەکەی دی نەبوو، ئەبو سەوسەن لێرە با لەمێژبوو ئەو کچەی ڕازی کردبوو، ئەو شەرمی لە کچ نەدەکرد، ناوە ناوە هەواڵ لە بارەی ئەبو سەوسەنەوە دەهات، پێدەچوو زۆربەیان دروست کراو بن، هەر کەسێک دەچووە ئێران بەبێ هەواڵی ئەبو سەوسەن نەدەگەڕایەوە، ئەو پیاوە لە بار بوو بۆ ئەوەی هەر کەسە بە دڵی خۆی چیرۆکێ بۆ گرتنەکەی دروست بکا، دووریش نەبوو هەموو ئەو چیرۆک و هەواڵانەی دەگەیشتن ڕاست و دروست بن.. یەکێک دەیگوت:

«چۆن نایگرن، چۆن نایکوتن؟ لە هەر جێگەیەک دەنگی (یا عەلی) بەرز دەبۆوە، ئەبو سەوسەن یەک بە دەنگی خۆی هاواری دەکرد: ( یا عومەر) و نەیدەبڕیەوە باشە بڵێ تۆ چ شتێک بە عومەرتەوە دەبەستێ!»

یەکێکی دی هۆی گرتنەکەی دەگەڕاندەوە بۆ:

«لە هەر جادەیەک کۆمەڵە ژنێکی دەدی بە دەنگی بەرز بە دەنگێک هەموو دەور و بەر گوێیان لێدەبوو: تەماشا تەماشا توخوا ئەوانە ژنن، یان قەلەڕەشکە!»

کوڕە بابە باوەڕ بەو قسانە مەکەن، با ڕاستی گیرانی ئەبو سەوسەنتان بۆ بگێڕمەوە:

«لە جێگەیەک، دیارە پیاوی حکومەتی لێبووە گۆتیتی: ئەوە گورباچۆف خەریکە بوومەلەرزەیەک دەخاتە گیانی سۆفیەتەوە، ئێرانیش پێویستی بە لەرزینێکی ئەوها هەیە، لەرزینێک هەرچی عەمامە و لەچک هەیە بە ئاسمانی بێخێ»

وەڵڵاهی ئەو قسەیە لە هی ئەبو سەوسەن ناچێت، با من هۆی گرتنی ئەبو سەوسەنتان بۆ بگێڕمەوە:

«لەو بازگەیەی کە لە مەهابادەوە دەچیە ناو ورمێوە، داوای ناسنامەی لێدەکەن ئەویش لە باتی (بەرگە)ەیەک دوویان دەداتێ هەر یەکەشیان هی حزبێک بووە..»

کەسێکی دی وای دەگێڕایەوە:

«لە جێگەیەک گوتبووی من زۆر لە تودەییەکان دەناسم، بارەگای ئێمە پڕی پێشمەرگەی تودەیە»

ئیدی لە بارەی گرتنی ئەبو سەوسەنەوە چیرۆک زۆر بوو.. ناوە ناوە لە ناو زیندانیشەوە، هەواڵێک، چیرۆکێکی ئەبو سەوسەن دەکەوتە سەر زاران، ئەو قسەیەی کە زۆر دەگوترایەوە ئەوەبوو:

«ئەبو سەوسەنیان بە تەنێ لە ژوورێک کردووە،مایکرۆفۆنێک لەو ژوورە شەو و ڕۆژ بە دەنگی بەرز قورئان دەخوێنێ، بەڵکو ئێ ئەوە خوایە خوا هیدایەتی بدا، کەچی دەڵێن ئەبو سەوسەن فێرە کوفری وا بووە لە مێژووی ئیسلامەتی کوفری وا نەبیستراوە»

«یان کە خواردنێکی خراپی دەدەنێ بە پاسەوانەکان دەڵێ: من برسیم نییە، بڕۆ بیدە منداڵەکانی کۆماری ئیسلامی، ئەوان خەریکە لە برسا دەمرن .... پاسەوانەکانیش وەریدەگەڕێنێ، نیوە مردووی دەکەن..»

وەک دەڵێن ئێستا ئەبو سەوسەن بەس هێسک و پێست ماوەتەوە لەگەڵ دوو چاوی تیژی بەقووڵا چوو، خەبەری سەر و ڕیشی نییە...

هەر ڕۆژێک لەو ڕۆژە پایزییانەی شێنێ من و عەشایەر ڕێک لەو دەم چەمەی کە کاتی خۆی شازادەکەی شێنێ منی چاک کردەوە شان بە شانی یەک دەڕۆیشتین، عەشایەر گۆتی:

+ ئەها ئەوەتە

– کێ؟

+.... ئەوەی ئەوە چەند شەوە خەنیم دەکات

– بە ڕاست لەگەڵ ئەوەت بوو؟

+ ئەدی خۆ....

هەو نەبوو، شازادەکەی شێنێ نەبوو، ئەوە نەبوو کە ئەوێ ڕۆژێ دەستی لە ناو دەستی شۆڕە سوار بوو، ئەوە

نەبوو کە تای لە من دەرکرد و دەمویست خێری بۆ منیش هەبێت... تێگەیشتم لەو گوندە دوو ژن هەن بەو ناوە و عەشایەر خەریک بوو من سەر چیخ بباو تووشی شتێکم بکات..

– کوڕە هەی خواگیر! ئەمن وام دەزانی لەگەڵ ئەو کچە جوانەتە کە ماڵیان ئەها لەو سەرە، چما ئەوەش ئەو ناوەی هەیە؟

+ ئەدی.. ئەتو شێت بووی؟ ئەوە بە کێ ڕاو دەکرێت؟

_ با ،هەیە، شۆڕە سوارێ هەیە، ڕاوی کردووە.

ئەو دەمەو عەسرەی خەریکی خۆکۆکردنەوە بووین و شێنێمان بەجێ دەهێشت، عەشایەر خەفەتبار دیار بوو، بەڵام نەیدەویست پێوەی دیار بێت... قسەی کۆڵکێشەکە دەرچوو، شێنێ بە هەموو جوانییەکانیەوە وەک خۆی مایەوە، بە چەمە ناسکەکەی و شازادەکەیەوە، ئەوەی بووە جێی ئیرەیی من هەزار خۆزگەم دەخواست لە جێگەی ئەو بام، ئەو کوڕە بوو کە لە بن درەختەکە دەستی شازادەکەی شێنێی لە ناو دەست بوو..

بەرەبەیانییەکی بەهاری، یان دوا شەوەکانی زستانی بوو، «ڕانیە» بانگی کردین، ئەو دەمە لەگەڵ سەوسەن زیندانی چەند پێشمەرگەیەکی دی لە ناوزەنگی چاوەڕوانی حەکایەتی نائومێدیمان بۆ یەکدی دەگێڕایەوە، ئەو دەمە عەشایەر لە ناومان نەمابوو، دڵی خراپ ڕەنجا، بەرەبەیانیەک ڕێی خۆبەدەستەوەدانی گرتەبەر، شەوەکەی بە منی گوت:

«بەیانی دەچمەوە، هەر کەسێکیش گوتی عەشایەر بۆ تەسلیم بۆوە؟ بڵێ: دوو مانگ بوو بێ پێڵاو دەگەڕا بۆیان نەکڕی، ئا پێیان بڵێ: حزب پێڵاوی بۆ نەکڕی بۆیە بە شانازیەوە تەسلیم بۆوە» ئەو شەوە عەشایەر یەک پارچە تووڕەیی پڕ گریان بوو.. گفتم دایێ مەسەلەی پێڵاوەکەی لە بیر نەکەم و هەرکێ ناوی عەشایەری هێنا منیش ناوی پێڵاو بێنم، گفتەکەی خۆشم بردە سەر..

ئەو کوڕەی لە بن دارەکەش دەستی شازادەی شێنێی لە ناو دەستا بوو، من ناوم نا شۆڕەسوار لە بن گەڵای زەردی پایزی عەشقیان دەکرد، لە سنە پیاسەی دەکرد، زوو زوو دەچووە ئەوێ، دەیگوت: هەر کەسێک بیەوێت عەشق بکات دەبێت لە کچانی سنەییەوە فێر بێت.

سەردەستەکەش دەمێک بوو گەیشتبووە ڕووسیا، لە نامەیەکدا بۆ برادەرێکی نووسیبووی: کەرە! زوو خۆت قوتارکە، وەرە ژیان لە باوەشی کچە ڕووسیان ببینەوە..

ئەبو سەوسەن تازە لە زیندان هاتبۆوە، وەک دەیانگوت شێتیەکەی زیاتر بووە، من ئەو چیرۆکانەم بۆی دەگێڕایەوە کە لە بارەی ئەوەوە هەڵبەسترابوون، هەرکامێکیانم بۆی دەگێڕایەوە دەیگوت:

سەد لە سەد ڕاستە و من هەموو ئەو شتانەم کردووە وگوتووە و دیتووە...

بانگ کردنەکەی ڕانیە بانگ کردنێک نەبوو گوێی نەدەینێ، ئیدی هەر بە باڵ باڵمان گرت، من و ئەبو سەوسەن، شازادە و سەوسەنەکەی شێنێمان لە یاد نەکرد، هاتینەوە سەر هەمان چەم، ئەو چەمەی دەکرێ بە چەمی جوانی ناوزەد بکرێ، دیتمانەوە، ڕێکەوتێکی چەند ڕێکەوتییە، دیسانەوە شازادەمان دیتەوە لە پێش دەرگا وەستا بوو، لەو بەهارەش وەک پایزەکە جوان بوو، ئەو کچە لە هەموو وەرزەکان جوان بوو، دڵنیام ئێستاش وەک جاران جوانە.. کە گەیشتینە بازاڕەکەی سونێ، تەماشای شۆڕشم کرد، بزانم مەیلی عەرەقی هەیە، ڕەنگی تێک چووبوو، دەتگوت دڵی خەبەرێکی ترسناکی پێداوە.. لە بیرمە شۆڕش کۆیی لە شەوە ساردەکەی هەیبەسوڵتان.... ئیدی من ڕێی خۆم گۆڕی و چاوم بەرایی نەدا بچمە شارەکەی شۆڕشەوە.. لە هەڵاتنێ عەشایەرم دیتەوە، پێڵاوێکی نوێی ئەدیدایسی لە پێ بوو.. سەوسەن زیندانیش هێشتا ڕاپەڕین چلەی نەچووبوو، لە بازگەکەی حەمرین دەسگیرکرا، ئیدی هەزار و یەک چیرۆک لە بارەی گرتنەکەی سەوسەن زیندانییەوە کەوتنە سەر زاران، تا ئێستاش( ئەبو غرێب) چیرۆکی ئەبو سەوسەن دەگێڕێتەوە..

* (درەختی کەتناوە) ناوی ڕۆمانێکی نووسەرە ئامادەی چاپە.

# چۆن بڕوانینه شوناس

**کامەران تاهیر**
**(کەرکووک)**

تاکەکان سەر بە گرووپی ئەتنی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی جیاوازن، ئەم جیاوازیانەش لە هەمەچەشنی کولتووری و فەرهەنگییەوە سەرچاوە دەگرن، هەر ئەم چوارچێوەیەشە کە فۆرم بە شوناسی ئەو گرووپ و کۆمەڵانە دەبەخشێت، بە واتایەکی دیکە تاکەکان ئەو خەسڵەت و ڕەگەزانە لە کۆمەڵگەکانیان وەردەگرن، بۆیە ئەگەر پێوەندییەکانی ئەو گرووپانە لە کۆمەڵگەدا لەسەر بنەمایەکی تەندروست ڕێک نەخرێت ئاژاوە و گرژی بەردەوامی لێدەکەوێتەوە.

لێرەوەش دەبێ تەواوی ئیشکردنەکان بە ئاراستەی بەشارستانیکردن و کرانەوەی کۆمەڵگەی ئێمە بچێتە پێشەوە لە تەواوی ڕووەکانییەوە.

ژیار و شارستانییەت و فەرهەنگی ڕۆژئاوا و کۆمەڵگەی شارستانی و دنیای نوێ، هەر لە ساتە وەختی لەدایکبوونییەوە، تاکو نهۆ یەکبینە خەریکی نوێبوونەوە و نۆژەنکردنەوەی خۆیەتی ئارامی و جێگیربوونی نییە، بێ پەروا لە هەوڵی ئەوەدا بووە خەسڵەت و ئەدگاری بەجیهانیبوون و کرانەوە بئاڵێنێتە خۆی و هەڵگری بەهاکانی مرۆڤدۆستی و نەسرەوتن بێت، وا بەستەیی ناوچەیی و لۆکاڵی لە خۆی دامالێت، تەواوی ئەم خەسڵەتانەش وایان کرد ئەو شارستانییەت و فەرهەنگی ئەوان ئەدگارێکی مرۆیانە بەرجەستە بکات.

هەر بۆیە شوناسیش لە سایەی ئەو فەرهەنگ و کولتوورانەدا بەردەوام لە ئاڵوگۆڕپێکردنێکی سەرسووڕهێن بووە و یەکبینە پێناسەی نوێی لەبەر ڕۆشنایی گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕامیارییەکان بۆکراوە، چونکە هزر و ئەندێشەی ئەوان و وێناکردنەکانی ئەوان ڕێک بە پێچەوانەی هزر و

ئەندێشەکانی کۆمەڵگاکانی ئێمە و هاوچەشنی ئێمەن، لەبەرئەوەی ئەوان چاک پەی بەو ڕاستییانە دەبەن، کە لە سایەی کۆمەڵگە ئازاد و دیموکرات و کراوەکاندا دەتوانرێت پەرەسەندن و پێشکەوتن و گەشەکردنی کۆمەڵگە چاکتر بەدی بهێنرێت، نەک لە سایەی کۆمەڵگەیەکی داخراوی دیکتاتۆریدا. ئەم دۆخە تەندروستییەی ئەو کۆمەڵگانە و ڕێنیسانس و ڕابوونی ئەورووپا و سەرپاکی ئەو دۆزەرەوە زانستییانەی دەسپێکی سەردەمی ڕێنیسانس وایان کرد چین و توێژی نوێتر سەرهەڵبدات، کۆی هەموو ئەمانەش بەسەر یەکەوە شوناسێکی نوێ و جیاوازتری بەرهەمهێن، کە تەواوی پێکهاتەکان بە جیاوازی بیر و بۆچوونی نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزای بەشداریان لە ڕۆنانیدا کردووە، کەواتە دەبێ ئەو ڕاستییە بزانین، کە تەواوی پێکهاتەکانی هەر کۆمەڵگەیەک کەم و زۆر ڕۆڵیان هەیە لە ڕۆنانی ڕۆشنبیری و شارستانی و کولتووریدا، بۆیە دەبێ شوناسی میللیشیان بەو توخمانە ڕەنگڕێژ بکرێن، کە گوزارشت لە خودی ڕاستەقینەی ئەوان بکات، بەڵام کاتێک ئاوەزی ڕەخنەی لەکارخرا، کاتێک پرسیارکردن بوونی نەمێنێت، کاتێک شارستانییەتێک، کولتوورێک، ئایدیۆلۆژیەتێکی دیاریکراو هەموو ئەوانە پاوەن بکات، ئاخۆ دەبێ چی لە تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە چاوەڕوان بکرێت، کە توانای هیچ جۆرە بەرهەمهێنان و کاریگەرێتییەکیان نەبێت، بە واتایەکی دیکە دەبێژین شارستانییەتی زیندوو، کولتووری زیندوو، شوناسی ناجێگیر و زیندوو بەرهەم دەهێنێت، هەر شارستانیەتی زیندووش هەم توانای تێکەڵابوون و وەرگرتنی هەیە، هەمیش کاریگەرێتی لەسەر کولتوور و شارستانیەتەکانی دیکە چێ دەکات، کە ئەمەش پێویستی مێژوویی و جوگرافی و پێداویستییەکانی قۆناغەکە لە سیاقی پەرەسەندنەکانی کۆمەڵگەدا بەرهەمی دەهێنێت.

کۆمەڵگە فرە ڕۆشنبیرییەکان، فرە کولتوورەکان، ئەگەر بە شێوەیەکی تەندروست ڕێک بخرێت، ئەمە وا دەکات لە زۆرێک لەو کۆمەڵگانەی دیاردەی جیاوازییەکان ئامادەیی و بوونی هەیە، چەمکی چاکتر قەبووڵ بکرێت، تێڕوانینە جیاوازەکان گوێی لێ بگیرێت و فەرامۆش نەکرێ، لە هەمان کاتدا پێشڤەچوونە ڕۆشنبیرییەکان، ئابوورییەکان، کۆمەڵایەتییەکان خێراتر بەرەو پێشڤەتەکان دەدات و بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت، لە ئاکامدا سەقامگیری ڕامیاریش باشتر دەچەسپێت.

شوناسی هەر کۆمەڵگەیەک لە کلاوڕۆژنەی ئەو کولتوورەی تاکەکان هەڵگرین دەناسرێتەوە و دیار دەکرێن، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە شوناس ببێتە قەڵایەکی ئاسنین و مرۆڤەکان ئیتر نەکارن شنەبای دەرەوە بە هیچ کلۆجێک هەڵمژن، شوناسی ڕاستەقینە ئەو شوناسەیە هەموو کۆمەڵگە و کولتوورەکان تەی دەکات، یان کولتووری هەموو کۆمەڵگەکان بەنێویدا ڕەت بێت، بەبێ ئەوەی هەست بە سڵەمینەوە و ترس و نیگەرانی بکات،بەڵام شوناسی فشۆڵ و قەڵپ، کە سەر بەم قۆناغ و سەردەمە نییە، هەتا بۆی بکرێت تاکەکان لە قەڵایەکی ئاسنین بەند دەکات و دەرگا و پەنجەرەکانیش توند کلۆم دەدات، تاکەکان کە هەڵگری ئەم شوناسەن، نەک ڕێگەیان پێ نادرێت، یان ڕێگە بە خۆیان نادەن بچنە دەرەوەی قەڵاکە، بەڵکو دەخوازن تەواوی دانیشتوانی قەڵاکەش بۆ هەتا هەتایە لەو گۆشەگیرییە بهێڵنەوە.

بە واتایەکی دیکە شوناسی ڕاستەقینە و زیندوو هەڵگری تەواوی خەسڵەتەکانی نوێبوونەوە و قەبوڵکردنی جیاوازییەکان و پێشڤەچوون نەسرەوتنە، شوناسی فشۆڵ و قەڵپیش ڕێک پێچەوانەیە، لەبەرئەوەی توانای بەیەکگەیشتن و هەڵکردنی نییە، بۆیە هەرگیز ناکارێت لەتەک شوناسی خەڵکانی دیکەدا هەڵبکات، ئەو شوناسەی ئەو هەڵگرێتی نامۆیە بە مرۆڤەکانی دیکە، بۆیە یەکبینە لەیەک دۆخدا دەمێنێتەوە و تاکەکانی هەوڵی گۆڕانکاری نادەن، لە هەمان کاتدا بە هیچ جۆرێک ئامادەیی تێدا نییە، بە کەرەستە و ئامرازە سەردەمییەکان ڕووبەڕووببێتەوە، بۆیە پەنا دەباتە بەر توند و تیژی و ترس و تۆقاندن، کە ئەم ئاراستەیەش ڤاڵایە لە بوێری و ڕەفتاکردنی مرۆڤدۆستانە و ناکارێت لەتەک کولتوور و شارستانییەتەکانی دیکەشدا بەیەک بگات، چونکە چاک پەی بەوە دەبات، کە لە یەکەمین بەیەکگەیشتندا بەرگە ناگرێت و توانای گفتوگۆی سەردەمییانەی نییە، کە دەبێ خۆی لەو شوناسە دامالێت، بەمەش تەواوی ماسکەکانی ئاشکرا دەبن و ڕوخسار و خەسڵەتی ڕاستەقینەی بەدەر دەکەوێت.

لێرەوەش «عەقڵە سەلەفییەکان پێیانوایە، کە هەموو کولتوورێکی مەعریفی ئێستا، لە ڕابردوودا بوونیان هەبووە، بەڵام ئەمێستاکە، بە زمانێکی نوێی سەردەمی ئێمە نووسراوەتەوە» (١) ئەم تێڕوانینە بۆ فەرهەنگ و کولتوور، وایکرد لاسایی کردنەوەی فۆرمی لەو فەرهەنگە

زێدەڕۆیی و شانازی پێوەکردنیشی بە شێوەیەکی سەرەڕۆیانە بووە مایەی ئەوەی سەرلەنوێ و دووبارە زیندوو بکرێتەوە، بەبێ ئەوەی هیچ ئاڵوگۆڕێکی تێدا بکرێت، یان بەبێ ئەوەی سەرنجی نێوەرۆک و شێوازی ئەو کولتوورە بدرێت، ئەم ئاراستەیەش لەبیرکردنەوە وا دەکات بە هیچ ڕەنگێک، هیچ جۆرە ژیارێک، یان کولتوورێک نەک تەنیا لە ڕابردوو، بەڵکو لە ئێستا و ئایندەشدا، ناکارێت هیچ بەهایەکی نوێ بەرهەم بهێنێت، هەر ئەمەش خود سانسۆری خستنە سەر هەموو تواناکانی مرۆڤەکان و برەودانە، بە کولتووری دۆگما و دەمارگیری و چەسپاندنی کولتووری نا ئەقڵانی دەگەیەنێت، هەر ئەم ڕوانگەیەشە وای کردووە بەم چەشنە شانازی بە شوناس بکرێت و هەوڵ بدرێت پایەکانی ئەو شوناسە زیاتر و زیاتر بە بیروبۆچوونە نائاساییەکان پاڵپشتی بکرێت، کە ئیتر هیچ کەس نەکارێت توخنی ئەم شوناسە بکەوێت و قسەی لەبارەوە بکات.

کەواتە «ئەم ڕوانگە کورتبینە هەم ناکارێت لەو چوار چێوەیەی بۆی دیارکراوە دەربچێت هەمیش ناکارێت ئەو پێوەندییە کەتواری و بابەتییە ناڕاستەوخۆیە بدۆزێتەوە، کە لە نێوان ئەو یاسا ناوەکییانەی لە ئارادایە، کە پرۆسەی داهێنانی هزری ئەنجام دەدا، لەگەڵ ئەو یاسا گشتییانەی، کە بزاوتی کەتواری کۆمەڵایەتی بەڕێوە دەبات» (٢)

لێرەوەش پێویستە و قۆناغ و سەردەمەکان وا دەخوازن چەمکەکان بەگوێرەی گۆڕانکارییەکانی سەردەم، گۆڕانیان بەسەردابێت، تاکو چەمکەکان نەبنە دۆگما، بۆیە دەبێ شوناسی کۆمەڵگەش لەسەر بنەما زانیستییەکان دووبارە پێناسە بکرێنەوە، کە ڕەنگە کۆتایی بە گەلێک قەیران و پشێوی هەناوی کۆمەڵگەکان بهێنێت، بەم پێیە گۆڕانکارییە زانستی و ئابووری و پیشەسازییەکان، کە چەندان بەهاو هزری نوێیان بەرهەم هێناوە، دیسان دەتوانن، بە جۆرێک لە جۆرەکان شوناسێکی نوێ بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە بەرهەم بهێنن... لە یەکانگیر بوون و بەیەکداچوونی نێوان ئەم توخمانەش زەمینەسازی چێ دەبێت بۆ ڕەتکردنەوەی چەمکە باوەکانی نێو کۆمەڵگە، ڕووبەڕووبوونەوەی دیاردە کرێت و دزێوەکانی نێو کۆمەڵگەش، پەیوەستە بە گۆڕانکارییە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکان، کە ئامادەیی تەواو بۆ قەبووڵکردنی چەمکە نوێییەکان لە ڕەفتاری تاکەکان بێنێتە دی.

پێویستە ئێمە داکۆکی ڕاستەقینە لە پرەنسیپەکانی ئازادی بیروڕا دەربڕین و پێشکەوتن و بە ئەقڵانیبوون بکەین، چونکە یەکێک لە ڕێگەچارە بنەڕەتییەکانی پرس و کێشەکانی ئێمە، ڕێزگرتنە لە ویستی تاکەکان، ئەستەمیشە بەبێ ئەم ئاراستەیە لە کارکردن شوناسێکی نوێ و کۆمەڵگەیەکی شارستانی و پێشکەوتوو بەرهەم بێت.

تا ئەو جێگایەی پێوەندی بە شوناسەوە هەیە، ئەمڕۆ کایە جیاجیاکان لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا ڕەهەندی دەلالەتە مێژووییەکان ڕوونتر دەکاتەوە، مۆدێرنێتەش وا لە تاکەکانی کۆمەڵگە دەکات کێشە و ئاریشەکانی ئێستا و ئایندەی کۆمەڵگە بناسین و زەمینەسازی چێ بکەین بۆ بیرکردنەوە لە دۆزینەوەی ڕێگە چارەی تەواوی گرفتە مێژووییەکانی مرۆڤەکان لە هەناوی کۆمەڵگەدا.

لێرەوەش دروستکردنی کولتوورێکی نوێ، یان وێنەیەکی نوێ، وا بکات تەواوی پێکهاتەکان لە دەوری کۆ بکاتەوە و شوناسێکی نوێی پێببەخشێت وا دەخوازێت کەشێکی سەقامگیر و ئارام لە ئارادا بێت، تاکو هەموو پێکهاتە جیاوازەکان، بە جیاوازی کولتوورییانەوە قەبووڵی بکەن، هەروەک ئاماژەشمان پێکرد چەمکی شوناس لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە گۆڕانی بەسەرداهاتووە، هەم لە ڕوانگەی جیاوازەوە سەیر دەکرێت، هەم لە ئاکامی دنیایەک ئاڵوگۆڕی جیاجیا و هۆکاری نوێی سەردەمیانە، جارێکی دیکە پێناسەی جیاوازتری بۆ دەکرێت، ئەمەش زیاتر پەیوەستبوون بوو، بە دەست نیشان کردنی پرس و کێشەکانی نێوان گرووپە جیاجیاکانی کۆمەڵگە و ئەو فرەییەی لە کۆمەڵگەدا بوونیان هەیە.. ئەم فرە کولتووری و فرە نەتەوەیی و فرە ژیارییە زۆرجار دەگەیشتە ڕادەی پێکدادان و ململانێی دڵتەزێن و کارەسات ئامێز، زۆرجاریش وای دەکرد ستایلی بیرکردنەوەی تاکەکان و چۆنێتی ڕەفتارکردنیان لەگەڵ یەکدی گۆڕانێکی بنەڕەتی هەم لە پێوەندییەکانی نێوان تاکەکانی خۆیاندا، هەمیش لەنێوام تاک و گرووپەکاندا بێتەدی و کاریگەرێتی بەردەوام لەسەر یەکدی چێ بکەن، لێرەوەش سەقامگیری لە تەواوی کایەکان لەو کۆمەڵگانەدا وای کرد، کە شوناسێکی نوێ بەرهەم بێت، کە تەواوی تاک و گرووپەکان لەو کۆمەڵگانەدا وا بەستەی بن و خۆیان لە چوارچێوەیدا بدۆزنەوە.

کۆمەڵێک هۆکاری جۆراوجۆری وەک نیشتمانی هاوبەش، مێژووی هاوبەش، ڕامیاری هاوبەش، کولتوور

و فەرهەنگی هاوبەش، یان زمانی هاوبەش و ئایین و ئایینزای هاوبەش و دابونەریتی هاوبەش، چەندان بنەما و کۆڵەگەی بنەڕەتین لە دیارکردنی شوناسدا ڕۆڵیان هەیە و فۆرمێکی دیاریکراو، بە شوناسی هەر گرووپێک، یان نەتەوەیەک، یان کۆمەڵگەیەک دەبەخشن، بێگومان تەواوی ئەم هۆکارانە بەسەریەکەوە لەتەک چەندان ڕەگەزی دیکەدا خەسڵەتەکانی هەر شوناسێک پێک دەهێنن، ئەمڕۆ ئەوەی زیاتر بایەخ بە شوناس دەدات ئەو گەل و نەتەوە و گرووپە کەمایەسیانەن، کە هەڕەشەی لەناوچوون و لەناوبردنیان لەسەرە، لەپێناو مانەوەی کەسایەتی و بوونیان لە کۆمەڵگەدا، شوناس لەو جۆرە دۆخانەدا یەکجار گرنگ و پڕ بایەخە، یان ئەمڕۆ گەڕانەوە بۆ شوناس بەم توندییە لە ئاکامی هەژموونی کولتوور و فەرهەنگێکی دیاریکراو جارێکی دیکە سەری هەڵدایەوە، بۆیە چەندان گەل و نەتەوەی جیاجیا لە دنیا پێیان وایە ئۆرگانە فەرهەنگی و کولتوورییەکانی ئەوان کەوتۆتە بەر شالاوێکی مەترسیداری کولتوور و فەرهەنگێک ئەگەر وا بەستەیی تەواوی دەهەنبەر شوناسی خۆی نەبێت، ئەوا گیانی میللەت و نەتەوە و هەموو ئۆرگانە فەرهەنگی و کولتوورییەکانی ئەو بەکۆتادێت، هەر بۆیە لەم ڕۆژگارەدا داکۆکیکردن لە شوناس ئاراستە و ئاستی توندوتیژی ململانێی خوێناوی وەرگرتووە، ئەم ڕەوشەش زۆر جار و لە زۆر دۆخدا زۆرینە لێی بەرپرسیارە، ئەگەر هەتا سەریش ئەم ڕەوشە بەردەوام بێت، پەرچەکرداری زیاتری لێدەکەوێتەوە.

لەم سۆنگەیەوە دەبێژین دانانی کولتوورێک، یان ئایینزایەک، یان زمانێکی دیاریکراو، لە کۆمەڵگەیەکی فرەنەتەوە و فرە ئایین و ئایینزا و فرە کولتوور و فرە زمان و کردنی بە شوناسێکی نیشتمانی لە وڵاتێکدا، واتە سڕینەوە و فەرامۆشکردن و بەهەند هەڵنەگرتنی تەواوی پێکهاتەکانی دیکە دەگەیەنێت، هەر بەم ئاراستەیەش پەرچەکردار و توند و تیژی و گرێی ڕق و تۆڵە لەلای کەمینە سەرهەڵدەدات، ئەمەش وا دەکات وا بەستەی خۆی بۆ ئەو نیشتمان و کۆمەڵگەیە لە دەست بدات، یان لاواز بێت، وا هەست دەکات بەردەوام لە پەراوێزدا دەژیێت، مانەوەی ئەم ڕەوشە ناتەندروستە بەو شێوەیە پێوەندییەکانی نێوان پێک هاتەکانی ئەو کۆمەڵگەیە، کە لە کولتوور و گرووپی جیاواز پێکهاتوون، لە فۆرمێکی مۆلەق و ناسەقامگیر دەهێڵنەوە، لە هەمان کاتدا ئەمە وا دەکات، کە هەر گرووپ و کۆمەڵێک خۆی لە چوارچێوەی شوناسێکی دیاریکراو بدۆزێتەوە و وا بەستەیی خۆی بە توندی پێیەوە شەتەک بدات، وابەستەییش بۆ شوناسی نیشتمانی کز و لاواز بێت، کە لە دەرەنجامیشدا ئاست و ئاراستەی نادروست وەردەگرێت و ئەو شوناسەی کە سەپێنراوەتە سەر مرۆڤەکان ڕەت دەکرێنەوە و لە ئاکامیشدا ناسەقامگیری لە تەواوی کایەکاندا سەرهەڵدەدات.

بە پیشەسازیکردنی کۆمەڵگە و هەنگاو هەڵێنان بەرەو بەرهەمهێنان و وەبەرهێنان یەکەمین پێنگاڤ و گرنگترین پێنگاڤەبۆ گردبوونەوەی تەواوی پێکهاتەکانی هەر کۆمەڵگەیەک بە فرەیی کولتوور و فەرهەنگ و ئایین و ئایینزایی و زماندا، لە بۆتەی یەک شوناسدا، کە ئەمەش هەروەکو ئاماژەمان پێکرد بەندە بە سەقامگیری ڕامیاری و کۆمەڵایەتی لەهەر وڵاتێکدا، بە واتایەکی دیکە بووژانەوەی ئابووری و بە پیشەسازیکردنی کۆمەڵگە و بەرهەمهێنان و وەبەرهێنان شوناسی نیشتمانی پتەوتر دەکات و زەمینەسازی باشتر دەکات، لە دەوری ئەو شوناسە نوێیە گردیان دەکاتەوە، ئەگەر بێتو تاکەکان لە تەواوی مافەکانیان بەهرەمەندبن، ئەمەش وا دەکات، ئەرکە بنەڕەتییەکانی خۆیان بزانن ، شانازیش بەو شوناسەی خۆیان بکەن، کە هەموو پێداویستییەکان و حەز و خەونەکانی فەراهەم کردووە، کاتێک ئەم شوناسە نوێیە وا بکات زەمینەکانی لێکدابڕانی نێوان پێکهاتەکان کەم بکاتەوە و ببێتە شوناسێکی ڕاستەقینە بۆ تەواوی پێکهاتەکان بە جیاوازی نەتەوەیی و بیروبۆچوون و وابەستەیی ئایینی و ئایینزاییانەوە، لە دەوری ئەو شوناسە نیشتمانییە کۆیان بکاتەوە، دیارە کۆڵەکەکانی ئەم شوناسە نوێیەش تەواوی گۆڕانکارییە کولتووری و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و فەرهەنگییە نوێیەکانی سەردەم بەرجەستە دەکات و هەر لەوێوەش سەرچاوە دەگرێت.

بە شێوەیەکی دیکە دەبێژین تەواوی ئەم چەمکە نوێیانە گوزارشتکردنە لە بەها نوێیەکانی سەردەم لە تەواوی کایە ئابوورییەکان، هزرییەکان، کولتوورییەکان، ڕامیارییەکان لە کۆمەڵگەدا، واتە بە فەراهەمبوونی بەهاکانی کۆمەڵگەیەکی نوێ و شارستانی ئەم بەهایانەش بە وێنە و فۆرمی جۆراوجۆر خۆیان نمایش دەکەن.

ئەم ئاراستەیەش لە کارکردن وا دەخوازێت، کە تاکەکانی کۆمەڵگە ئامادەیی تەواویان لەلادا چێ بکرێت بۆ دەسبەرداربوونی ئەو شوناسەی، کە ڕێگرە لە بەرانبەر

زۆربەی پێشکەوتنەکانی دنیای سەردەم، بۆیە تاکەکانی ئەمڕۆ دەبێ هەڵگری شوناسێک بن، کە بوون و مانەوە و شکۆمەندییان دەپارێزێ، بە شێوەیەک، کە هەموو دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکان بکارن وەک یەک گوزارشت لە خۆیان بکەن، ئەمەش بە نەمانی ئەو دواکەوتنە مێژوویی و فەرهەنگییە و لابردنی تەواوی کەڵەکەبووەکانی ڕابردوو فەراهەم دەبێت.

سەرەنجام پێویستە ئەرک و پرەنسیپە گرنگەکانی ئەو ڕێنیسانس و ڕابوونە دەست نیشان بکرێ، کە خۆی لە کۆمەڵێک هۆکار و ئامرازی جیاجیا لەکایە جیاوازەکاندا بەرجەستە دەکات، کە ئەوانیش تێڕوانینێکی زانستیانەیە بۆ مرۆڤ و بوون و کۆمەڵگە و بە پیشەسازی کردنی کۆمەڵگە.

کۆی هەموو ئەمانەش بەسەریەکەوە، وادەکات کۆمەڵگەی ئێمە ورده ورده بکارێت بەرەوکرانەوە و ئاوەزگەری و لیبرالییەت و جیاوازییەکان و کولتوورێکی مۆدێرن ببات و شوناسێکی نوێ بەرهەم بێت، کە تێیدا تاکەکان تەواوی دەنگ و ڕەنگ و چەمکە جیاوازەکان قەبووڵ بکەن، لە ئاکامیشدا تاکەکانی کۆمەڵگە گیانی لێبووردەیی و یەکدی قەبوولکردن دەبێتە ڕەوشتمەندییەک، کە هەرگیز ناکارن دەسبەرداری ببن، نەک پرسەکە هەر لێرەدا بوەستێت و بەس، بەڵکو بە شێوەیەکی سەردەمیانەش داکۆکی لەتەواوی ئەو بەها مرۆیی و هیۆمانیستیانە دەکەن، کە ئەم شوناسەی بەرهەم هێناوە.

لە کۆتاییدا دەگەینە ئەو ئەنجامگیرییە و دەبێژین: ئەمڕۆ کولتوورێک لە ئارادایە کە هەڵگری خەسڵەتە مرۆییەکانە و تەواوی کۆمەڵگەکان دەکارن خۆیان لە چوارچێوەیدا بدۆزنەوە، بە واتایەکی دیکە ڕەتکردنەوەی ئەم کولتوورە نوێیە جیهانییە، ڕەتکردنەوەی پێشکەوتن و پەرەسەندن و گۆڕانکارییە نوێیەکانە لە دنیادا، کولتوورێک لەم چەشنە هەم شوناسی نەتەوەیی و نیشتمانی و پێگەی من لە دنیادا بەهێز دەکات، هەمیش دەکارم شوێن پێیەک لەم سەردەمە جەنجاڵە و ململانێی کولتوورەکان بۆ خۆم بکەمەوە.

**سەرچاوە:**

**(١) تجديد الفكر العربي، الدكتور زكي نجيب محمود، دارالشروق.**

**(٢) النزعات المادية في الفلسفة العربية الاسلامية، حسين**

# شاعیری دژە شەڕ

ئەگەرچی ڕەخنە کەمتر ئاوڕی لە بەرهەمەکانی داوەتەوە، وەلێ (دڵشاد عەبدوڵڵا) هێندە نەناسراو نییە، من بە ئێوەی بناسێنم، ئەو دەنگێکی دیاری شیعری کوردییە، بەوەش دەیناسینەوە کە ئەو خاوەن ڕیتمێکی تایبەت بە خۆیەتی، لەنێو دەقەکانیدا زۆر شاعیرانە مامەڵە دەکات، بەرهەمەکانی ئەو پڕە لە پرسیار و گومان و فڕین، ئەو بەشیعرەکانی مێژووی بیرە جیاکانی خۆی تۆمار دەکات، هەرچەندە باس کردن لەسەر دەق، هێندەی دەق نووسین، کارێکی دژوارە، وەلێ ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە دەستەمۆ بین بەرانبەر بە دەقەکانی، ئەستەمە بۆ شارەزابوون و لێکۆڵینەوەی دەقی ئەدیبێک، ژیانی ئەدیبەکەش نەزانین، چونکە ناتوانین دەق و ئەدیب لێکیان جیا بکەینەوە، دەزانین ئەدەب لە ژیانی مرۆڤ پڕکردنەوەی ڕۆحی هەر مرۆڤێکە، وەلێ زیندوو کردنەوەی کولتووری میللەتێکیشە، ئەوە ئەدەبە زمانی میللەتێک بەرەو پێش دەبات و لەو چەقە بەستوویەی تووشی هاتووە قوتاری دەکات، ئاخر ئەدەب بە زمانێکی باڵا دەنووسرێت، واتە جیاییە لەو زمانەی هەر یەکێکمان پێی دەئاخافین، ئاخر دەقی ئەدەبی بە زمانێکی بێ خەوش دەنووسرێت، واتە جیاییە لە زمانی قسەکردن، ئەدەب گێڕانەوەی مێژووی میللەتێکە، ئەویش لەسەر زاری ئەدیبەکانەوە، بۆیە ئەدەب زۆر جار بۆتە زمانحاڵی میللەتێک، ئەوە نییە ئازارەکانی کۆمەڵگای فەلەستینی لە ڕێگای شیعرەکانی (مەحموود دەروێش)ەوە دەزانین، ئەوە ئەدیبە کۆمەڵگاکەی لە

---

**ئاریز سمکۆ حوسێن**



دلشاد عەبدوڵڵا

ڕێگەی دەقی ئەدەبەوە وێنا دەکات، ئەدیب بەردەوام خەریکی وێنای کۆمەڵگاییە، شیعرەکانی (دڵشاد عەبدوڵڵا) پڕە لە وێنەی جوان و وەڵامی حەکیمانە و خولقاندنی فانتازییای جوان و بەرز، ئەو بڕوای وایە نابێ شیعر بوونەوەرێکی کێوی بێت(١)، ئێ جوانی بۆ چووە، چونکە شیعر بۆ کۆمەڵگا دەنووسرێت نەک بۆ چیا و دەشت و کێو، ئەو بێجگە لە شیعر لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیش، لێکۆڵینەوەی جوانی هەیە، ئەو هەرچەندە وەرگری خەڵاتی (ئاراس)ە، وەلێ ئەوە بەو مانایە نایەت کە لەبەر زۆری بەرهەمەکانی و چاپکردنی هەندێک کتێبی لەم دەزگایە و بێت، بەڵکو لەبەر جوانی بەرهەمەکانیەتی، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو یەکێکە لەو سێ شاعیرەی کە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، گرووپی پێشڕەویان دروست کرد، کە بە (تەلیعیەکان) ناسراوبوون ئەوانیش: (دڵشاد عەبدوڵڵا و جەلال بەرزنجی و عەباس عەبدوڵڵا یووسف) بوون، کە دەستیان هەبوو لە بەرەو پێشچوونی بزاڤی شیعری نوێ لەو سەردەمدا (٢)، هەرچەندە ئەو کتێبی زۆرن، وەلێ من هەڵوەستەیەک لەسەر دوایین کتێبی دەکەم بەنێوی (بازاڕی بۆنفرۆشان).

کتێبی بازاڕی بۆنفرۆشان، بریتییە لە ١٣٢ لاپەڕەی قەبارە مامناوەندی و بەتیراژی (٥٠٠)دانە لە ساڵی ٢٠٠٦ لە دەزگای چاپ و بەخشی سەردەم، هاتۆتە چاپکردن و لە کۆمەڵە شیعرێک و دیمانەیەکی گۆڤاری ڕامان پێک هاتووە کە کاک (ئازاد عەبدولواحید) لەگەڵی سازکردووە، پێم وایە دیمانەیەکی بەسوودە، چونکە هەندێ لاپەڕەی مێژووی بزاڤی ڕۆشەنبیری هەڵداوەتەوە هەر لە هەڵبژاردنی ناوی کتێبەکەدا کە ناونیشانی شیعرێکی ناو دیوانەکەیەتی، خۆی لە خۆیدا دنیای جوانی ئەو نیشان دەدات، بۆن لەلای ئەو تەنیا، بەو مانایە نایەت کە بەکارهێنان بێت بۆ بۆن خۆشکردنی مرۆڤەکان، بۆیە دەکرێت بۆن لە دنیای فراوانی شاعیردا زۆر مانا بگەیەنێت، دەکرێ لە بۆنی گوڵێک دەست پێبکەین، هەتا بۆنی ئافرەتیش، کە بۆن وا لە شاعیر دەکات، بێت و هەڵوەستەیەکی لەسەر بکات.

ڕەنگە باس کردن لەسەرجەم کتێبەکەی هێندێک دژواربێت، لێ من لێرەدا دەمەوێ سەبارەت بەم کتێبەی هەندێ شت لە ڕووی مانای شیعرەکانی بخەمە ڕوو، ئەوەندەی دەسەڵاتم بەسەر زمانی کوردیدا دەشکێت، لە ڕووی ڕێزمانی و دارشتنی شیعرەکانی:

**زەوی بۆ ئەوە دروست بووە**
**مرۆ بەسەریدا بڕوا**
**ئاسمانیش بە کوڵ بگری بۆی.**
(٣) ل٩٧ بازاڕی بۆنفرۆشان

شاعیر ئەوەمان پێدەڵێت زەوی تەنیا بۆ ئەوە دروست نەبووە، کە مرۆڤ تێیدا هەناسە بدات و خواردن بخوات، بەڵکو بۆ ئەوە دروست بووە، کە لەگەڕانێکی بەردەوام دابێت و بەدوای نهێنییەکاندا بگەڕێت، لەگەڵ ئەوەشدا پێمان دەڵێت کە ئاسمانیش بۆ مرۆڤ دەگریێت، چونکە زەوی شوێنی یەکتر کوشتن و گوناهکردنە، بۆیە دەشێ ئاسمان بۆمان بگرییێت، یان شاعیر دەیەوێت بۆمان ڕوون بکاتەوە کە زەوی شوێنێکی ناخۆشە، ئەدی ئەوە نییە پێمان دەبێژێ ئاسمان بۆمان دەگریت، ئێ گریان زۆر جار بە مانای تەنگانە دێت، لەگەڵ ئەوەشدا گریان زادەی تووش هاتنی ناخۆشییەشە.

لێرەدا شاعیر لە وەسفی شاعیر دەڵێ:

**ئەوەندە بگەڕێ بە شوێن وەشەدا**
**ماڵی هەموویان دەناسێ**
**دەزانی لەبن کامە بەرد**
ل٩٩ بازاڕی بۆنفرۆشان

(ئەوەندە بگەڕێ....) هەڵەیە، (ئەوەندەی بگەڕێ....) یان (ئەوەندە گەڕاوە......) ڕاستترە، ئاخر پاش ئەوە دەڵێت: (ماڵی هەموویان دەناسێ....)، واتە هی دووەم، یان سێیەم گونجاوترە.

ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە پیشەی شاعیریەتی ئاسان نییە، چونکە شاعیر هەردەم وێڵە بەدوای ماناو وشەدا، هەردەم لە گەڕانێکی بەردەوام دایە، شاعیر بۆ ئەوەی بتوانێ جوانترین وشە لە زەینمان تۆمار بکات، ئەوە بەدوای وشەی جواندا دەگەڕێت، دەشێ لێرەدا مانای حەقیقەتیش بگەیەنێت، چونکە حەقیقەت لەبن بەردیش بێ شاعیر دەیدۆزێتەوە.

**بڕیارم داوە: ئەوەندەی تەمەن ماوە**
**ببمە هاوڕێی هەمووان، بە ئازاو ترسنۆکەوە**
**بە پاکیزەو شەڕانگێزو**
**عەقڵ و شێتەوە**
**دڵم جێگەی ڕقی تێدا نەماوە**
ل٩٥ بازاڕی بۆنفرۆشان

(ئەوەندەی تەمەنم ماوە) لێرەدا گونجاوترە، ئەوەنییە خۆی خاوەن ئەم دەربڕینانەیە، (جێگە)کە زێتر ناوچەییە (جێگا) ستانداردە، پێم وایە (دڵشاد عەبدوڵڵا) زۆر شاعیرانە مامەڵە دەکات، ئەوە نییە دەیەوێت ببێ بەهاوڕێی هەمووان جا چ ئازا و ترسنۆک بێت، یان پاکیز و شەڕانگێز، یان عاقڵ و شێتیش بێت، هەرچەندە ئەوە زادەی ڕاستەقینەیی شاعیر بوونە، لەگەڵ ئەوەشدا، هەستاوە بەدەرخستنی بەها بەرزەکانی مرۆڤ، ئێ شاعیریش خۆی مرۆڤە، وەلێ لە مرۆڤە بەها بەرزەکانە.

**کانی کە نزیک لووتکە بوو**
**بۆنێکی هەیە**
**هەرچەند چووە خوار**
**بزر دەبێ**

**لە مێرگ و نزار**
ل٣١ بازاڕی بۆنفرۆشان

شاعیر هەرچەندە زۆربەی شیعرەکانی، بە شێوەی کێشی ئازاد دەنووسێ، وەلێ لێرەدا هانای بۆ (نزار) بردووە ئەوەش ڕوونە تەنیا بۆ سەروایە، لەگەڵ ئەوەشدا ئاشکرا و ڕوونە کە شیعری جوان ئەوە نییە کە کێشی هەبێ، یان نا، (نزار) لێرەشدا هەڵەیە، چونکە کە وتت مێرگ ئێمە تێدەگەین کە نزاریشە، ئاخر نزار کە بەمانای سێبەر دێت، مێرگیش بەسێبەر دەناسرێتەوە، نازانم شاعیر بۆ ئەو بۆنەمان پێناڵێت کە کانی لە نزیک لووتکەبوو، لێی دێت، دەشێ بە پێویستی نەزانیبێ، وەلێ پێویستە.

**سوپاس بۆ باران**
**بۆنی خودای لەو دوورەوە هێناوە**
**لە خاکی شیعردا**
**لە دەستی ڕژاوە.**
ل٣٩ بازاڕی بۆنفرۆشان

ئەو بارانی هێناوە، چونکە باران نیشانەی بەخشندەیی و ئارامی و دەشێ هێمنی و جوانیش بنوێنێ، لەگەڵ ئەوەشدا باران خۆی بۆنێکی خۆشی هەیە، بۆیە ئەو بۆنەی بە بۆنی خودا داناوە، چونکە باران لە ئاسمانەوە دێت، ئەو شووشە بۆنە بۆیە لە خاکی شیعر دەشکێت، چونکە خاکی شیعر پڕە لە سادەیی و هێمنی و جوانی و... تاد، ئەو بۆنە خوداییە کە باران هێناویەتی تەنیا بەشایەنی خاکی شیعری دەزانێت.
**لەوەتەی خۆم ناسیوە**
**دار کونکەری مانام لە شێوەدا**
**سەرم سوڕماوە**
**ئەو هەموو خونە چۆن بگێڕمەوە؟**
ل١١ بازاڕی بۆنفرۆشان

**پیاو لەبەردەمی خۆردا**
**بەچۆکدادێ**
**ژن دەیخاتە هەناویەوە.**
ل٢٦ بازاڕی بۆنفرۆشان

ئەمانە و چەندین وێنەی شیعریان تێدایە، شاعیر شتێ، یان دیمەنێک وێنە دەکات، کە کەسی ئاسایی بە ئاسانی نایانبینێت، یان شاعیر هەندێ شت تۆمار دەکات، کە لەلای کەس ئەوەندە گرنگیان پێنادرێت، بۆیە دەتوانین بڵێین کە وێنەی شیعری ئەو فانتازیاییە کە شاعیر جوانکاریان بۆ دەکات، وادەکات کە لەهزری ئێمەدا شوێنی خۆی بگرێت، دیارە ئەمەش بەهۆی لێهاتوویی و زیرەکی و دنیابینینە فراوانەکەی شاعیرەوەیە، کە توانیویەتی وێنەی شیعری جوان بخولقێنێت.

**چاوم خێل بوو لە چاوەڕوانیدا**
**نەمزانی تەمەن هێندە وابەستە بە ساڵەکانیەوە**
ل٨ بازاڕی بۆنفرۆشان

(وا بەستەیە بە ساڵەکانیەوە) ڕاستترە، (لە وابەستە بە ساڵەکانیەوە). ئەوە خودی شاعیرە لە چاوەڕوانیدایە، دەشێ لە چاوەڕوانی زۆر شتدا بێت، کە ئێمە نەتوانین درکی پێ بکەین، ڕەنگە ئەوە بێت کە شاعیر ئارەزووی ئەوە بکات بەر لە مردنی بگەڕێتەوە بۆ زێدی خۆی کە هەولێرە، ئاخر نازانم بەهەر هۆیەک بێت چۆتە سلێمانی. ئەمەشی زادەی ئەو دووری و غەریبییەیەتی کە لە دووری زێدی خۆی دەشێ تووشی هاتبێت، یان دەشگونجێ بەدڵ شێن بۆ تەمەنی ڕۆیشتووی خۆی بکات.

**پیاوە هەرە پووچەکان**
**ئەوانەی سێبەری قەڵەڕەشن لەسەر زەوی**
**خۆیان بەسەد تەرز و سەد تەحرەئێین گۆڕیوە**
ل٦٨ بازاڕی بۆنفرۆشان

بریا (تەحرە)ی بەکار نەهێنابووایە، ئاخر زێدە ناوچەییە، چونکە شیعر مامەڵەکردنە لە تەک زماندا، ئەگەر بڕوای (دریدا)ش وەرگرین، کە دەڵێ: (زمان ئەوەیە کە تێگەیشتنمان بۆ دنیا لا دروست دەکات، بەڵام زمانی ئەدەبی لەو پێوانانە دەردەچێت، چونکە هەڵچوون دەورووژێنێ، نەک گوزارە لە واقیع بکات) (٤)، چونکە شاعیر بوێرە، ئەگەر بوێریش نەبێت، شاعیر نییە، دەتوانین بڵێین وشە ڕیزکەرە، (دڵشاد عەبدوڵلا) وێنەی ئەو پیاوانەمان نیشان دەدا، کە خۆیان بەسێبەری خواو پیرۆزی و .... تاد دادەنێن، کە لە کاکڵەی خۆشیان وانین، بەڵکو گورگن لە پێستی مەڕ، ئەوانیش بە قەڵە ڕەش دەچوێنێ، کە خۆی قەڵە ڕەش هێمای ناشرینی و شاردنەوەی شتەکان دەگەیەنێ، دەکرێ لێرەدا شاردنەوەی ڕاستی بێت، ئەوەشمان پێدەڵێت، کە هەندێ جۆرە کەس هەن کە لە هەموو بارەکاندا خۆیان دەگۆڕن، بە مانای گونجان نا، بەڵکو لێرەدا مەبەستی شاردنەوەی ڕاستییەکانە، ئەم کردارانەش ڕوونن کە ناشرین کردنی بکەرەکەیانە.

**هیچم لەیاد نەماوە لە شەڕەکانیان**
**کە بە گەرمای هاوین**
**بە بڕبڕەی پشتم هەڵدەگەڕان.**
**کاری من بریتی بوو**
**لە تەماشاکردنیان.**
ل٨ بازاڕی بۆنفرۆشان

(ئەدۆنیس) جوانی گوتووە: (زمانی ئاسایی زمانی ڕوونکردنەوەیە، وەلێ زمانی شیعر زمانی ئاماژەیە. شیعر ئەوشتانە دەڵێت کە بە زمانی ئاسایی ناوترێن)(٥)، لێرەدا (دڵشاد عەبدوڵلا) زۆربە داهێنەرانە و شاعیرانەوە، بە ڕەمز باسی لە شەڕی ناوخۆی و کورد کوژی کردووە، هێنان و دانانی هاوین بۆ ئەوەیە کە دەکرێ بڵێین دەستپێکی شەڕی کورد کوژی لە هاویندا بووە، بۆمان دەگێڕێتەوە کە کاری ئەو تەماشاکردنیان بووە، ئاخر دەیەوێت پێشمان بڵێت، کە ئەم لایەنانەی کە لەسەر دەسەڵاتن، پانتایی هەموو شتێکیان گرتووە، یان ئەوانەی ئیدانەی ئەم شەڕانەشیان کرد کەس گوێی پێنەدان، دەبێ بشزانین ئەرکی شاعیر ئەوەیە هەڵوێست وەرگرێت نەک تەنیا تەماشایان بکات، ئەوە شاعیرە بە شیعر مێژوو تۆمار دەکات.
ئەو لە جێگای تریش ڕقی پیرۆزی خۆی بۆ دژایەتیکردنی شەڕ دەردەخات ئەوەتا دەڵێت:

**شار پڕە لە بۆنی شەڕ**
**ئەوبۆنە هەرزانە**
**لە دەسکی شمشێری دەدەن**
ل٣٨ بازاڕی بۆنفرۆشان

(له دەسکی شمشێریان دەدەن) گونجاوترە، لە (لە دەسکی شمشێری دەدەن)، چونکە ئەوی دوایی باس لەشەڕ کەرەکان دەکات، نەک لە شەڕکەرێک بەتەنیا. لێرەدا ئەو باس لە شاردەکات کە بۆنی شەڕی لێدێت، ئەو بۆنەی پێ هەرزانترین بۆنە کە شەڕکەران لە دەسکی شمشێریان دەدەن، دیارە لێرەشدا فانتازیایەکی خولْقاندووە، چونکە بۆن لە دەسکی شمشێر نادرێت، مایەی نیگەرانی شاعیربشە کە شەڕکەران دەکەونە ڕێ بۆ شەڕ، چونکە شەڕ ماڵوێرانی بەدواوەیە.

**شار پڕە لە یاخیبوون لە تووکی خۆخی مانادا**
**فەرهەنگی شیعرم پڕە لێیان**
**کەس نایان کڕێ**
ل٣٨ بازاڕی بۆنفرۆشان

لێرەشدا دیسانەوە بە بەرەمز کۆمەڵێ شتی بۆ وروژاندووینە، دیسانەوە دژی شەڕە، ئەوەتانێ فەرهەنگی شیعری لێیان پڕە، واتە لە شەڕکەران تووڕەیە، شەڕکەرانیش بە سووک و بێ بایەخ دادەنێت، یان لێرەدا ئەوە دەردەخات کە خەڵک گوێ بە شتەکان نادات، هەتا بە شیعرەکانی ئەویش، چونکە ئەو بۆ ئاگادارکردنەوە دەڵێت: کەچی کەس لێی ناکڕێت، واتە گوێی پێنادات.

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**
**١- هەڤپەیڤینێک لەگەڵ دڵشاد عەبدوڵڵا، گۆڤاری ڕامان، ئا: ئازاد عەبدولواحید، ژمارە ١٠٣، هەولێر.**
**٢- هەفتەنامەی چاودێر، دیمانەیەک لەگەڵ جەلال بەرزنجی، ژمارە (١٢١)، سلێمانی.**
**٣- دڵشاد عەبدوڵڵا، بازاڕی بۆنفرۆشان، کۆشیعر- ٢٠٠٦ سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.**
**٤- معرفة الاخر- مدخل الى المناهج النقدية الحديثة- بيروت ١٩٩٠ ص١٣٨.**
**٥- زمن الشعر- أدونيس، بيروت چ١، ١٩٧٢.**

# ئەدەبی بەراوردکاری و دەوڵەمەندکردنی ئەدەبی نەتەوایەتی

بێگومان مەودای ئەدەبی بەراوردکاری زۆر فراوانە و ئیشکردن لەم بوارەدا ماندووبوونێکی زۆری دەوێت. بەڕاستی دنیایەکە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر پێشکەوتنی ئەدەبی نەتەوایەتی هەیە ئەدەبی بەراوردکاری زانستێکە وەکو هەموو زانستەکانی تر.

ئەم زاراوەیە بۆ یەکەم جار وەکو زاراوەیەکی زانستی کە بۆ ئەم لێکۆڵینەوانە بەکارهاتبێ لە سەدەی نۆزدەیەم بوو کاتێ (ڤیلمان) ڕەخنەگری بەناوبانگی فەرەنسی لە ساڵی ١٨٢٧ز لە زانکۆی (سۆربۆن) لە موحازەرەکانی بەکاری هێناوە پاشان لە ساڵی ١٨٣٠ز لە زۆربەی کۆڕ و کۆبوونەوەکانی بەکاری هێناو دەیکرد بەناونیشانی موحازەرەکانی پاشان لە ساڵی ١٨٤٠ز خستییە ناو کتێبەکانی و بە تەواوی چەسپا. هەروەها لەناو ئەدەبی ئینگلیزیش یەکەم کەس (متیۆ ئارنۆڵد) بەکاری هێناوە.

گومانی تێدا نییە سەرەتا ئەم وشەیە وەکو زاراوەیەکی زانستی بەکارهاتووە دواتر وەکو زانستێک پەرەی سەند و بەتایبەتی لە وڵاتی فەرەنسا کە لە نامە زانستییەکانیان و لێکۆڵینەوەکانیان کاریگەرییەکی گەورەیان کردە سەر هێنانە کایەی ئەدەبی بەراوردکاری و چەسپاندنی وەکو زانستێک.

لەم چەند دێرەی سەرەوە، بۆمان بەدیارکەوت کە ئەدەبی بەراوردکاری وەکو زاراوەیەک کەی؟ لەلایەن کێ؟ یەکەم جار بەکارهات تا دواتر وەکو زانستێک چەسپا. ئێمە لێرەدا نامانەوێ باس لە مێژووی ئەدەبی بەراوردکاری بکەین، بەڵکو باسی ئەو پێشکەوتنە دەکەین کە ئەدەبی نەتەوایەتی بەهۆی ئەدەبی بەراوردکارییەوە بەخۆیەوە

---

**محەمەد ئەحمەد حەسەن**

دەبینین، هەروەها باسی کاریگەری ئەدەبی بەراوردکاری دەکەین لەسەر ئەدەبی نەتەوایەتی.

ئێمە ئەگەر هاتو سەیری مێژووی شارستانیەتی مرۆڤ بکەین. دەبینین هیچ نەتەوەیەک بە دوورکەوتنەوە لە شارستانیەتی مرۆڤایەتی، شارستانیەتی خۆی نەهێناوەتە بەرهەم، بێگومان دەبێ بە شارستانیەتی نەتەوەکانی تر کاریگەر بووبێ و کاریان لێک کردبێ لە رووی پێشکەوتنی شارستانییەوە، بەڵام لێرەدا پرسیارێک سەرهەڵدەدات: ئایا هەموو لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی کە بەراوردکردنی تێدا بێت وەکو بەراوردکردنی دوو نووسەر، یان دوو ژانری ئەدەبی، بە ئەدەبی بەراوردکاری دادەنرێت؟ لێرەدا دەڵێین نەخێر، چونکە بەراوردکردنی دوو ئەدەب ئەوکاتە دەبێتە بەراوردکردنێکی زانستی کە بەندوباری مێژوویی لەنێوان هەردوو ئەدەبی نەتەوەکەدا هەبێت و کاریگەرییان بەسەریەکەوە هەبێت، بەمە هەموو لایەنەکانمان بۆ روون دەبێتەوە وەکو ئەوەی کەی؟ چۆن؟ لەکوێوە؟ ئەدەبی نەتەوەییمان کەوتۆتە بەر هێزی کاریگەری ئەدەبی بێگانە.

کەواتە دەتوانین بڵێین لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری بریتییە لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی نەتەوایەتی لە رووی پێوەندی مێژوویی ئەم ئەدەبەوە بە ئەدەبی نەتەوەکانی تر. لێرەدا مەسەلەیەکی گرنگ هەیە ئەویش ئەدەبی نەتەوایەتییە. بێگومان هەموو نەتەوەیەک ئەدەبی نەتەوەیی و رەسەنایەتی خۆی هەیە و کە پێی لە میللەتانی تر جیادەکرێتەوە، چونکە خاسیەت و رەگەزی تایبەتی خۆی هەیە کە لەناو میللەتانی تر پێی دەناسرێتەوە. جا ئەدەبی هیچ نەتەوەیەک پەرە ناسێنێ و گەشەناسێنێ گەر دەرگای بەرووی ئەدەبی پێشکەوتووی میللەتانی تر نەکاتەوە پێیانەوە کاریگەر نەبێت. هەموو کەسێک و هەموو نەتەوەیەک بە خۆشی بێت، یان ناخۆشی، دەکەوێتە ژێر کاریگەری کەسانی تر و نەتەوەی تر ئەمە شتێکی بەڵگە نەویستە، بەڵام ئەوەش نابێ لەبیر بکرێت کە ئەدەبی نەتەوایەتی رەسەنایەتی خۆی لەدەست بدات.

لەم روانگەیەوە ئەگەر سەیری مێژووی ئەدەب بکەین دەبینین هەر لەکۆنەوە ئەم کاریگەرییە هەبووە. بۆیە بەشێوەیەکی زەق و بەرچاو ئەگەر سەیری کاریگەری ئەدەبی بکەین و قۆناغەکانی گەشەکردنی باس بکەین، ناچارین وەکو هەموو باس و خواسێکی تری ئەدەبی و فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و گەردوونزانی...تاد بگەڕێینەوە بۆ لای یۆنان (گریک) و رۆمان (لاتین). هەرچەندە ئەمە باسی ئێمە نییە، بەڵام بۆ زیاتر روونکردنەوەی ئەم باسە و پێوەندی پتەوی بە دەوڵەمەندکردنی ئەدەبی نەتەوایەتی، دەبێ باس بکەین.

کاتێک لە ساڵی (١٤٦پ.ز) کە دەوڵەتی یۆنان بەهۆی نەهامەتی و شلۆقی و دارزانی ناوەخۆیی بەرامبەر بە رۆمانەکان رووخان، بەڵام ئەگەر بە وردی سەیر بکەین، دەبینین یۆنانەکان هەر تەنیا لە بواری دەسەڵاتی سیاسیدا رووخان، چونکە لە بواری رۆشنبیری و شارستانییەتدا هاوشانیان نەبوو. ئیدی لە هەموو بوارەکانەوە بە ئەدەبی و فەلسەفی و رەوشتناسی و رۆشنبیری گشتییەوە کارێکی زۆریان لە رۆمانەکان کرد، بەڵام رۆمانەکان لە رووی هێزی دەسەڵاتەوە هاوشانیان نەبوو. بۆیە (هۆراس ٨٥-٨پ.ز) شاعیری رۆمانی دەڵێ (بکەونە دوای نموونەکانی یۆنان، بەشەو بکەونە سەر پاشماوەکانیان، بە رۆژ بکەونە سەر پاشماوەکانیان). بەمەش رۆمانەکان هەڵسان بە لاسایی کردنەوەی یۆنانییەکان و بەمەش خزمەتێکی گەورەیان بە بواری خۆیان کرد و دەوڵەمەندیان کرد لە هەموو بوارێکەوە. ئەم هەوڵ و تەقەلایە پیرۆزەی رۆمانەکان نموونەیەکی سەرەتایی ئەدەبی بەراوردکارییە.

لەسەدەی ناوەراست تا دەگاتە سەدەی پازدەیەم، واتە لەنێوان ساڵەکانی ١٣٩٥-١٤٥٢ دەسەڵاتی کلێسا هەموو بوارەکانی ژیانی گرتبووەوە. لەنێو ئەدەبیاتی ئەوروپا دەسەڵاتێکی باڵای هەبوو و زمانی لاتینیش زمانی هەموو بوارەکان بوو بۆ نووسین و خوێندنەوە لەبەر ئەوە گۆڕینەوەی رۆشنبیری زۆر بوو لەنێوان نەتەوەکانی ئەوروپا و هەندێک بە هەندێک کاریگەربوون. لەسەردەمی رێنیسانسدا ئەدەبی ئەوروپی رێرەوی بەرەو ئەدەبی یۆنانی و رۆمانی بوو. ئەمەش دەرچوونێکی جدیانە بوو لە کۆتوزنجیری سەدەی ناوەڕاست و دەسەڵاتی کلێسا. لەم سەردەمەدا پیاوانی ئەدەب گەڕانەوە بۆ تیۆری لاسایی کردنەوە، لاسایی کردنەوەی ئەدەبی کۆن (یۆنان و رۆمان) هەر لەو سەردەمەدا لە فەرەنسا کۆمەڵەیەک دروست بوو بەناوی (کۆمەڵەی پیرۆ- لاپلیاد- الثریا) ئەم تاقمە بەشێوەیەکی گشتی لەو بڕوایەدا بوون کە دەبێ زمانی فەرەنسی لەژێر دەسەڵاتی خنکێنەری لاتینیدا رزگاری بێ. ئەم کۆمەڵەیە لە حەوت کەس پێک هاتبوون (رۆنساو، دوبیللی، رێمی بیلۆ، گۆدل، دۆرا، بایف، بلیتی) سەرۆکی ئەم کۆمەڵەیە (رۆنسار) بوو.

ئەمانە کە لاسایی پێشینانیان دەکردەوە، کوێرانە لاساییان نەدەکردەوە، یان هەر بۆ بەجێگەیاندنی ڕەوشێکی ئەدەبی ئەوسا نەیاندەکرد. بۆیە ملیان دابووە لاسایی کردنەوە، چونکە هەستی ناسکی خۆیان وریاکردبووەوە کە کۆنینە بەرهەمێکی پوخت و ڕوختە. (دوبیللی) ڕەخنەگر دەیگوت (بەبێ لاسایی کردنەوەی یۆنان و ڕۆمانی ناتوانین زمانەکەمان بەرەو پێشەوە بەرین) هەروەها وای بە چاک دەزانی لەکاتی خوێندنەوە و شت وەرگرتندا، یان لە کاتی بەراوردکردنی ئەدەبیدا، پشت بەوەرگێڕان نەبەسترێت، لەبەر ئەوەی هەرچەندە وەرگێڕانەکە پوخت و ڕوخت بێت، پڕ بەپێستی دەقە بنەڕەتییەکە نابێت، بەڵام لێرەدا ئێمە دەڵێین وەرگێڕان هۆیەکی گرنگی ئەدەبی بەراوردکارییە، چونکە بەوەرگێڕانەوە دەتوانین بە ئەدەبی نەتەوەکی تر ئاشنا بین، بەڵام وەرگێڕانیش دەبێ لەسەر بنەڕەتی زانستی بێت. وەرگێڕان زۆر پێویستە لەناو هەموو میللەتان، بەهۆی ئەمەوە هەموو زانستێک بەرەو پێش دەچێت، چونکە هەموو کەسێک زمانی دووەم نازانێت بۆیە وەرگێڕان وامان لێدەکات شارەزابین.

لەسەدەی نۆزدەیەمدا سەدەی دەرکەوتنی ڕێبازە جۆر بەجۆرەکانی هونەر و ئەدەب و فەلسەفە و سیاسەت و زانیاری. دیاردەی کاریگەری ئەدەبی هێندەی تر گەشەی کرد و بەرەو پێشەوە چوو. ئەمانە هەموو سوودیان لە یەکتر وەرگرت و سوودیان بە یەکتر گەیاند زۆر بیروڕاو زۆر ڕێبازی جیاواز و گەلێ نووسەری گەورە لەم مەیدانەدا هاتنە کایەوە.

خاتوو (مەدام دی ستایل ٦٦ ١٧-١٨١٧ز) کە گەورەترین لایەنگیری ڕێبازی ڕۆمانتیکی فەرەنسا بوو. کاریگەر بوو بە فەلسەفەی ئەڵمان و ڕەخنەگرانی. هەوڵی دا بەهۆی تێگەیشتنی باری کۆمەڵایەتییەوە لە ئەدەب بگات. دەیگوت (ئەدەب ئاوێنەی کۆمەڵە) لەباسکردن و شیکردنەوە و چەسپاندنی ئەم باوەڕەیدا زۆرجار نموونەی بە ئەدەبی بێگانە دەهێنایەوە، واتە لێکۆڵینەوەکانی پەلیان بەسەر ئەدەبی نەتەوایەتی و ئەدەبی بێگانە دەکێشا. هەندێ جار دەستی دەخستە سەر دیاردەی کاریگەری ئەدەب و چوونیەکی و لێکچوونی ئەدەبەکانی لێک دەدایەوە و هۆی لێکچوونەکەشی دەردەخست. هێرشی بۆ ئەو کەسانە دەبرد کە بایەخیان بە ئەدەبی نەتەوەکانی تر نەدەدا. ئەم خانمە دەورێکی باڵای هەبوو لە ناساندنی ئەدەبی جەرمەنی بە فەرەنسا و ئەدەبی فەرەنسی بە جەرمەنستان. ئەوەی لەسەدەی نۆزدەیەمدا تەکانێکی زۆر بە گوڕی بە گەڵاڵە بوونی بنەماکانی ئەدەبی بەراوردکاری دا، ئەوە بوو دیاردەی بەراوردکردنی زانستی هەموو مەیدانێکی بیری مرۆڤایەتی گرتەوە.

لەم کورتە مێژووەی سەرەوەدا، بۆمان بەدیاردەکەوێ کە کاریگەری ئەدەبی نەتەوەکانی تر لەسەر یەکتری چ گوڕوتینێکی بەپێشکەوتنی ئەدەبی نەتەوایەتی داوە و دەوڵەمەندی کردووە. ئەو پێشکەوتنەی کە لە ڕۆژئاوا بەرچاوە، بنەڕەتەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمانە کە هەموو نەتەوەیەک دەرگایان واڵاکردبوو بەڕووی هونەر و زانست و ئەدەبی نەتەوەکانی تر بەبێ ئەوەی ئەدەبی ڕەسەنایەتی خۆیان لەبیر بکەن، چونکە ئەم کاریگەربوونە بۆ پێشکەوتن و بەرەوپێش بردنی ئەدەبی نەتەوایەتی و ڕەسەنە.

ئەم جۆرە ئەدەبە تا ئەمڕۆ وەکو هەموو زانستەکانی تر جێگای خۆی گرتووە و ڕەگی خۆی داکوتاوە و سنووری خۆی کێشاوە و دەورێکی گەورەش دەبینێ لەپەرەپێدانی بزووتنەوەی ئەدەبی جیهانی و گەشانەوە و نەشونماکردنی ئەدەبی نەتەوایەتی. ئەم زانستە لە وڵاتە پێشکەوتووەکان خراوەتە ناو پرۆگرامی خوێندن و لە قوتابخانەکاندا بەشێوەی وانە دەگوترێتەوە لە وڵاتێکی وەکو فەرەنسا هەر لە قۆناغی ئامادەیی و زانکۆ شانبەشانی ڕێزمان و ئەدەب و ڕەوانبێژی دەخوێندرێت.

لەناو ئەدەبی کوردیدا بەڕاستی جێگەی داخە تا ئێستا وا بەم زانستە نەدراوە چ لە بواری دانانی کتێب و لە بواری پرۆگرامی خوێندن لە قۆناغەکانی خوێندندا. تاکو تەرا هەوڵ هەبووە و هەیە، بەڵام ئەمە زۆر کەمە بۆ ناساندن و چەسپاندنی ئەم زانستە پڕ بەهایە لەناو ئەدەبی کوردیدا. لەکۆتایی ساڵانی هەفتاکاندا مامۆستای گەورە (د. عەزیز گەردی) هەر زوو هەستی بە بۆشایی ئەم زانستە کردبوو لەناو ئەدەبی کوردیدا، بۆیە لە هەوڵێکی پڕ بایەخدا کتێبێکی لەسەر ئەم زانستە داناوە و بەشێوەیەکی زانستیش بەکوردی ناساندووە. هەروەها لەناو لاپەڕەکانی گۆڤاری (ڕامان)یشدا چەندین هەوڵ هەیە کە جێگای دەست خۆشییە. ڕەنگە هەندێک کەس لاسایی کردنەوە و کەوتنە ژێر کاریگەری ئەدەبی نەتەوەیەکی تر بە حەرام بزانن و دژی ئەوە بن و هەر خۆیان بە ئەدەبی ڕەسەن ببەستنەوە. ئەم بیروڕایە زۆر هەڵەیە و دەبێتە هۆی دواکەوتنی ئەدەبی نەتەوایەتی و ڕۆژ بەڕۆژ ئەم ئەدەبە (ئەدەبی نەتەوایەتی) بەرەو لاواز بوون و سیس بوون دەچێت. ئێمە نالێین با بەشێوەیەکی کوێرانە لاسایی ئەدەبی بێگانە بکرێتەوە و دەرگا واڵا

بکەین و ئەدەبی نەتەوایەتی فەرامۆش بکەین، بەڵکو لەسەر بنەمای زانستی و بۆ پێشخستنی ئەدەبی نەتەوایەتی بێت، بەڵام سوود وەرگرتن لە ئەدەبی نەتەوەیەکی تر کە بەندوباری مێژوویی لە نێوانیان هەبێت (بۆ ئەدەبی بەراوردکاری) بەڕاستی ئەدەبی نەتەوەیی پێ گەشە دەکات و دەوڵەمەندی دەکات.

لێرەدا بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بیروڕایەی سەرەوە نموونەیەکی بەرچاو دەهێنمەوە. سەرهەڵدانی قۆناغی نوێبوونەوە (تازەگەری، ڕۆمانتیک) لەناو ئەدەبی کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەربوون بە ئەدەبی نەتەوەیەکی تر کە بەندوباری مێژوویی لەنێوانیاندا هەبووە. کاتێک هەندێک ڕووناکبیری وەکو (پیرەمێرد) و (زێوەر) دەچن بۆ ئەستەنبوڵ و لەوێ دەست دەکەن بەخوێندن و ئاشنا دەبن بە ئەدەبی بێگانە کە ئەدەبێکی پێشکەوتوو بوو و ئەویش ئەدەبی تورکی بوو. ئەدەبی تورکیش بەهۆی ئەو ڕۆشنفکرانەی کە لە فەرەنسا دەژیان و کاریگەربوون بە ئەدەبی فەرەنسی. بۆیە ئەم دوو منەوەرە کە دەگەڕێنەوە بەخۆیان و هەگبەیەکی پڕ لە زانیاری و نوێخوازی ئەمەش کاریگەرییەکی گەورەی دروست کرد. دواتر چەندان لاوی تری وەکو (شێخ نووری و گۆران و ڕەشید نەجیب....تاد) یاخی دەبن بەهۆی کاریگەریان بە ئەدەبی تورکی و بێگانە، چونکە هەریەک لەمانە چەند زمانێکیان دەزانی و بەرهەمەکانی ئەو نەتەوانەیان دەخوێندەوە بەمەش کاریگەربوون و یاخی بوون و شۆڕشێکی ئەدەبیان بەرپاکرد. بەمەش جۆرە ڕێباز و ئەدەبێکی نوێیان لەناو کوردی هێناکایەوە کە بە ڕێبازی ڕۆمانتیکی ناسرا.

لەم نموونەی سەرەوە بۆمان بەدیار دەکەوێت کە ئاشنابوون بە ئەدەبی بێگانە چ کاریگەرییەکی هەیە. ئێمە لێرەدا مەبەستمان نییە بڵێین لاسایی ئەدەبی بێگانە بکەینەوە بەشێوەیەکی کوێرانە، نەخێر دەمانەوێ گەر لاساییش بکرێتەوە لە سنووری کاریگەری تێنەپەڕێ و بەشێوەیەکی داهێنەرانە بێت، چونکە لاسایی کردنەوە هیچ داهێنانێکی تێدانییە جا بۆ بەرەو پێش بردنی ئەدەبی نەتەوایەتی و دەوڵەمەندکردنی پێویستە کاریگەربوونەکە و لاسایی کردنەوەکە داهێنەرانە بێت. دەبێت شتێک دابهێنێت لەسەر بناغەی ئەدەبی پێشتر، ئەویش بەیاخی بوون لە یاسا و ڕێساکانی ئەدەبی پێشتر بێگومان ناوەرۆکی یاخیبوون داهێنانی هونەری نوێ و بیری نوێیە.

ئەم زانستە دەبێت بایەخێکی زۆری پێ بدرێت، چونکە دەیان شتی هاوبەش لەنێوان نەتەوەیەک و نەتەوەیەکی تر هەیە لە ڕێگای ئەم زانستەوە دەتوانین پەی بەم شتە شاراوانە بەرین. میللەتی کورد وەکو هەموو میللەتانی تر بەندوباری مێژوویی لەگەڵ چەند نەتەوەیەک هەیە (بێگومان ئەمە مەرجی ئەدەبی بەراوردکارییە) وەکو عەرەب و فارس و تورک. ئەمانە زۆر لە کورد نزیک بوونە و تەنانەت چەندان ساڵ وەکو داگیرکەر دەسەڵاتی خۆیان سەپاندووە بەسەر میللەتەکەمان بێگومان لەگەڵ سەپاندنی دەسەڵاتیان هەڵساون بیرو ڕۆشنبیری و کەلتوور و فەرهەنگی خۆشیان سەپاندووە تاکو میللەتی کورد بتوێننەوە لەناو خۆیاندا، بۆیە ئەمە کاریگەری هەبووە لەسەر میللەتەکەمان لەناو ئەدەب و فکر و کۆمەڵی کوردی ڕەنگی داوەتەوە بۆ نموونە هیچ شاعیری کلاسیکیمان نییە کە شیعری بەزمانانی عەرەبی و فارسی و تورکیش نەهۆنیبێتەوە و تەنانەت لێهاتوویی شاعیر بەوە بووە کە شیعری بەم زمانانە هەبێت. بۆیە ئەدەبی بەراوردکاری لێکۆڵینەوە لە بەرهەمی ئەوانەدا ئەنجام دەدات کە کاریگەریان بەسەر یەکەوە هەیە و یەک بە یەکێکی تر کاریگەر بێت.

ئەدەبی کوردی لەدوای ڕاپەڕینەوە ١٩٩١ بەهۆی ئەو ئازادییەی کە فەراهەم بووە دەرگای بەڕووی دنیای دەرەوەدا کردەوە چەندان ڕۆشنبیر لە دەرەوە گەڕانەوە وڵات کە بووە هۆی ئەوەی گۆڕانێک لەناو ئەدەبی کوردیدا بێننەکایەوە. کەواتە کۆچکردن و ئاوارە بوونی نووسەرێ، یان کۆمەڵە نووسەرێ لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر چ بەهۆی شڵەژانی باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی بێت، یان هەر هۆیەکی تر، ئەوا هۆیەکی گرنگی ئەدەبی بەراوردکارییە. بێگومان ئەمانەش دەکەونە ژێر کاریگەری ئەدەبی نەتەوەکە و هەروەها کار لە ئەدەبەکە دەکەن. ئەمەش تاکو ئێستا دەورێکی کاریگەری هەیە، وەکو (فەرهاد پیرباڵ) و (بەختیار عەلی) و (مەریوان وریا قانیع) و چەندانی تر کە دەیان شتی نوێیان هێناوەتە ناو ئەدەبی کوردی و دەورێکی باشیان هەبووە لە ئاشناکردنی ئەدەبی بێگانە بەکورد و ئەدەبی کوردی بە دەرەوە، بەمەش گروتینێکی زۆریان بەرەوتی ئەدەبی کوردی داوە.

# هەڤپەیڤین دناڤبەرا ئەحمەدێ خانی و خامەیدا

**مەجید محەمەد سەعید باجلوری**
**(دهۆک)**

هندی ڤـەکـۆلـەر ڤـەکـۆلینان سـەر بەرهەمێ ئەحـمـەدی خانی بکەن، ئەو بەرهەم هەر دێ مینیت کانییەکا زەلالٙ، ژێدەرەکێ بێ هاوتا ، دەریایەکا مـەزن بۆ گـشت توێژەر و ڤەکۆلەران ل هەمی چاخ و دەمان.

ئەڤـرۆ ئەز ل دویڤ پێـزانینێن خـۆیێن سنووردار دێ هەولٙدەم چپکەکێ ژ دەریایا ئەڤی پلیمەتێ ناڤدار، ژ مەم و زینا وی، بێـخـمـە بەرچاڤـێن خویندەوار و حەژێکەرێن زمانێ کوردیێ شیرین، لێ هندی زمان باخڤیت و پەیڤان بێژیت، کەس نەشێت مافێ وی بدەتێ، خانی هۆسا دگەل خامەی دپەیڤیت:

**ئەی ڕاکبێ واقعی پەیادە**
**وەی عاشقێ صەفحەئێد سادە**
**ئەی شاعرێ صاغرو نگون سەر**
**وەی ساحرێ ساخر و فسونگەر**
**ئەی هائمی وادیا ضەلالێ**
**وەی غاویێ دەعوەیا کەمالێ**
**ئەی خامەئێ سەر تراشێ بەدڕەنگ**
**بەس نامەئێ خۆش قوماشێ خۆشڕەنگ**
**ڕوو ڕەشکە ب ناڤی خەط و خالاٙن**
**بەد نام بکە ب بێ و دالان**

ئەی سـوارێ تۆ خـۆ دهژمـێـری ژ چاکـسـوار و بوێر و شاسواران، تۆ نە چاکسوار و نە شاسواری، تۆ پەیادەیی و کـەس چ هزران بۆ تەناکـەت ئەی ئەڤـینداری لاپەڕێن سپی و سادە.

ئەی شـاعـرێ بچـووک و شکەسـتی و سـەرشـۆر، ئەی سـاحـرێ تڕانەکـەر و بەدکـار. ئەی بەرزەبوویێ نهـالاٙ بەرزەبوونێ، ئەی تاوانبـار و گـەڕۆکێ ئاواتا تـەواوەتییێ.
ئەی خـامـەیێ سـەربڕیێ سەرتراشێ کرێت ڕەنگ، بەسە، بەس ئەڤی لاپەڕێ سپی و جوان و پاک و خاوێن، ڕەش و

کـرێت بکه، بەس بێ ناڤ و کـرێت بکه، بەس خـێچ و خالآن سەر بکه، بەس بێ بها بکه ب نوون و دالان بەس ڕەش و کریت بکه.

**هندی وەکو خەط غوبار و هووره**
**ئەو خەط ژ لەطافەتێ نەدووره**
**گاڤا کو ژ ڕەنگی مەشقێ پڕبوو**
**یا شبهەت نەسخ و ثولثێ پڕبوو**
**ئەو ناسخێ نوسخەیا جەماله**
**بێ ڕەونەق و روهنی و کەماله**
**لازم ئەوە دلبەرێد ساده**
**خەط لێ نەبتن وەکی قەلادە**
**خۆش زینەتە خەط ماهێ روخسار**
**هندی ل وان نەبوویە هەڤسار**

هندێ نڤیسین یا جوان و هوور بیت وەک نڤیسینا غوباری کو هوورترین نڤیسینە ئەو نڤیسین دێ نڤیسینەکا جوان و نازک بیت. ئەو نڤیسین گاڤا بۆ مەشق و راهێنان و خێچ کێشان و لاپەڕێن سپی و جوان ژ پیت و پەیڤێن گر و مەزن و نەگونجای پڕ بوون یان ئەو نڤیسین وەکی نڤیسینا نەسخ و ثولث مەزن و گر بوو، هینگی جوانییا نڤیسینێ نامینیت و پەردەیەکا رەش و کرێت دێ بسەر داهێتە کێشان و خوشکۆکی و نازکی و روونی و تەواوەتی دێ ژێ دوورکەڤیت.

دلبەرێن جوان دڤێت نەهێنە کرێتکرن ب خێچ و خالان و ئەو خێچ و خال لسەر دێمێ وان نەهێنە کێشان و نەبنە رستک بکەڤنە گەردەنا وان.

ئەگەر دێم و روویێن جوانێن وەک هەیڤا چوارده شەڤی روناهیێ ددەن، ب پیچەکێ ژ خێچ و خالان هاتنە جوانکرن ئەو دێم دێ جوان بیت لێ دڤێت ئەو خێچ و خالێ زۆر نەبن، ئەوی دێمی پڕ نەکەن، نەبنە هەڤسار بکەڤنە گەردەنا دێم جوانان.

**ئەی خامە تە ژی گەلەک درێژ کر**
**ئەڤ نامە بەسە تە پڕ قرێژ کر**
**هەرچەندە کەلام شبە دوڕ بت**
**بێ قەدر دبت دەما کو پڕ دبت**
**نابینی ب قیمەتن جەواهر**
**لەورا کو دهندکن دنادر**

ئەی خامە تو گەلەک ئاخفتی و تە درێژ کر، تە پەیڤێن نەشیرین و نەخۆش و کرێت ڕێزکرن تاکو ئەڤ نامەیان ئەڤ لاپەڕێ سپی و پاک تە پڕی قرێژ کری، تە ئەڤ لاپەڕە پیسکر و هەڕماند، تو کەسەکێ پڕبێژی و پڕبێژی یا خرابە. هندی ئاخفتن یا خۆش بیت و وەکی دوڕان یا ب نرخ و بهابیت لێ دەمێ زۆر بوو بێ تام و بێ نرخ و بێ بها دبیت. ئەرێ تو نابینی جەواهر ب نرخ و بهانە چونکی گەلەک د بچووک و گەلەک دکێمن.

**سەهو و غەلەط و خەطا و نسیان**
**مەجموعەتێ ناپەسەند عصیان**
**تەحریرکرن تە بێ تەئەممول**
**کی دێ بکەتن ژ تە تەحەممول**
**ئەی بێ ئەدەبێ خرابێ بێ عار**
**گوستاخ و ستەمکەر و سیەکار**
**جارەک وەرە سەر طەریقی تۆبە**
**هندی نەگەهشتیە تە نۆبە**

ئەی خامە تە شاشی و چەوتی و ژبیرکرنێن خۆ کۆم و تێکەلکرن، ئەڤ شاشییە هەمی تە نڤیسین بێی تۆ هزرا خۆ بکەی ئەرێ ئەڤە شاشینە یان نە؟ ئەڤ لاپەڕێن تە نڤیسین ئەرێ تە هزرا خۆ کر چەند ژ وان راستن و چەند ژ وان دوورن ژ راستیێ؟ ئەی بێ ئەدەب و بێ تۆرە و بەدڕەوشت و بەد رەفتار و شەرمزار، ئەی دل ڕەقێ ستەمکارێ زۆردار، ئەی روو رەشێ سەر شۆڕێ شەرمزار، بەس تاوانان بکە وەرە جارەکێ تنێ تۆبە بکە، وەرە سەر رێکا راست و دروست، وەرە ل تاوانێن خۆ پەشێمان ببە، وەرە تۆبە بکە هێشتا تۆبا مرنێ نەگەهشتییە.

**ئەو بەطلێ دلاوەرێ زەبەر دەست**
**ئەووەل کەمەرا تە هەووری بەست**
**بوو راکبی دولدلێ ئەنامل**
**دەرحال دگەل مەبوو موقابل**
**کێشا ژ زەبانێ ذولفەقارەک**
**بوو خەمصم دگەل مە شەهسوارەک**
**سلبوو رکیا ژ وان عیتابان**
**ئەزمان گەڕیا ب ڤان جەوابان**

ئەوی قارەمانێ زەبەر دەستێ وەک شێران پشتا خۆ گرێدا و بەست و دگەل مە بەرهەڤییا شەڕ و جەنگان کر، ئانکو خامەیێ بێ زمان ب زمان کەفت و دگەل خانی بوو بەرامبەر و بەرسڤا وی دا و ل هەسپەکێ وەک هەسپێ ئیمام عەلی سوار بوو و شیرێ خۆ ژ کاڤلانی کێشا و ئینادەر و بوو شاهسوار و دوژمن دگەل خانی، خامە تووڕە بوو ژ گازندێن ئەحمەدێ خانی و زمانێ وی گەڕیا و بەرسڤا خۆ دا.

**گۆ: ئەحمەد ئەگەر تو نەی خەبیسی**
**هەرچی کو تە گۆ من ئەو نڤیسی**

**قەولێد تە قەنج ئەگەر خرابن**
**فعلێد تە خەطا ئەگەر صەوابن**
**ئەی بەد عەمولو تو قەنج دزانی**
**تو قائیل و فاعل و خودانی**

خامە دبێژیتە خانی: ئەی ئەحمەد تو مرۆڤەکێ خەبیسی، دلێ تە تشتەک تێدایە و زمانێ تە تشتەکێ دی دبێژیت، تو کەسەکێ دووڕوویی، تشتەکی دیاردکەی و تشتەکی ڤەدشێری، ئەرێ من چ گۆتیە و من چ کرییە؟ هەر تشتەک تە گۆتبیت من ئەوێ نڤیسی، هەمی چ باش چ خراپ چ راست چ شاش و چەوت گۆتن و ئاخفتنێن تەنە، کار و کردەوەیێن تەنە، ئەی کار خراب تو باش دزانی هەر من چ نڤیسی بیت تەیێن گۆتنێ و تەیێن کرین و تو گۆتاربێژ و بێژەر و بکەر و خودانی.

**نەی بووم ئەز دعالەما نەیستان**
**مەی بووم نە ب دەست مەی پەرستان**
**گاڤا کو تە ئەز برم ژ سازی**
**نە دەنگ من هەبوو نەگازی**
**تە دووکرم ژ نک هەڤالان**
**مەهجوور کرم ژ ملک و مالان**
**بەند و وەصلێد من سەرابوون**
**ئەووەل تە کرن کون کون**
**پاشی کو تەکر د باغێ عشقێ**
**کون کون دلی من ب داغی عشقێ**
**تە پفکرە جسمێ من دەماجان**
**هاتن ژ دلێ من ئاه و ئەفغان**
**نەفخا تە ل من دل و جەگەر سۆت**
**هەرچی کو تە پفکری من ئەو گۆت**

ئەز نەی (بلویر) بووم د جیهانا ئاواز و ستراناندا، ئەزێ پڕ شاد و بەختەوەر بووم ئەز مەی (شەراب) بووم لێ نە ددەستێ مەیخور و مەی پەرستاندا، ئەز مەی بووم لێ نە د دەستێ سەرخۆشاندا، تە ئەحمەدۆ ئەز ڤەقەتاندم و برم، تە ئەز ژ هەڤالان کرم و تە ئەز ژوان دوورئێخستم، دەمێ تە ئەڤە دگەل من کری و تە ئەڤە ب سەرێ من ئینای ئەز تاکەکێ تەرێ ئاڤی بووم دگەل هەڤالان هەردەم ئەزێ پڕ خۆش و شاد بووم، من نەبوو نەدەنگ نە گازی نە گازندە، تە ئەز مشەختکرم و بێ ملک و مالکرم.

گەهێن من، تەنشتێن من ژ سەری هەتا بنی تە کون کون کرن، پاشی تە ئەز هاڤێتمە دناڤ باغێ عەشقێدا و دناڤ باغێ ئەڤینداریێدا تە ئەز سۆتم، تە دل و جەرگ ل من حەلاندن، تە پفکرە لەشێ من تە ژیان دا من، تە ئەز زیندی کرم، دەمێ تە ئەز زیندی کریم تە دلێ من کرە دناڤ دەرد و ژاناندا، تە ئەز هاڤێتمە دناڤ ئاخ و فیغاناندا، پفا تە دل و جەگەر ل من سۆتن، تە چەوا پفکر من وەسا گۆت، هەر تشتەکی تە گۆتێ من ئەو گۆت.

**ئەز لالم و بێ زەبان و خامووش**
**بێ نەفەس و نەفس ژ قسمێ قامووش**
**بەزما طەرەبێ ب من تە خوەشکر**
**دیوانا گوننەهێ ب من تەرەشکر**
**هەرچەند کو ظاهری هەیم ئەز**
**سازندە تویی وەکی نەیم ئەز**
**مانەی ب خوە تشتەکی دبێژت**
**خامە ب خوە رەشحەکێ درێژت**

خانی ئەزێ لال و بێ زمانم و بێ دەنگ و بێ هێزم، ئەزێ بێ هەناسە و بێ هێزم، ئەز ژ رەگەزێ لەڤەنانم و ئەز پارچە لەڤەنم.

داوات و شەهیان و ئاهەنگ و ستران تە ب من خۆشکرن. گوننەه و خرابی ل وان دیوان و گوننەهان تە ب من کرێت و رەشکرن و نە گوننەه و خرابی ل وان دیوان و جڤاتان رەشاندن، وەک دیار و خویا ئەزێ هەیم لێ دراستیدا ئەز نینم تویی هەیە، ئەز ئامیرم و تو ئاوازبێژ و سترانبێژی، ئەرێ دودکا هشک و بێ گیان مادشێت ئاوازەکی لێبدەت یان سترانەکێ بێژیت، ئەرێ خامە ب خو بێی تەما دشێت پەیڤەکی بنڤیسیت یان هوزانەکی ڤەهینیت.

**یارەب تو دزانی خانیێ ژار**
**تەشبیە ب خامەیا گرفتار**
**قەلبێ وی د دەست تە دایە ئەلحەق**
**دەستێ وی دەست خوە نینە موطلەق**
**گاڤا کو ل وی تە سەر قەلەمکر**
**هەرچی تە ئیرادە کر رەقەمکر**
**ئامر تویی ئەو ب ئەمری مەئموور**
**مەئموور دبن هەمیشە مەعزوور**
**گەر تە دایە وی تە ئختیارەک**
**ئەو ژی سپاردە تە ب جارەک**

خۆدایی تاک و تەنیا تو دزانی خانی کەسەکێ ژار و بێ دەستهەلات و بێ شیانە، خانیێ ژار وەکی ئەڤی خامەیە، هیچ تشتەک د دەستیدا نینە، چەوا ئەڤ خامە د دەستێ خانیدایە وەسا ئەی خودا خانی د دەستێ تە دایە، بێ فەرمانا تە نەشێت تشتەکی بێژیت و نەشێت

کارەکی بکەت، چونکی ئەوێ بێ شیانە و د دەستێ تەدایە، ئەوا تە دڤێت ئەو وێ دکەت، بێ فەرمانا تە ئەو نەشێت چ بکەت.

دەمێ تە ئەو دای تەیی بۆ نڤیسی چ بکەت و چ نەکەت، نڤیسین نڤیسینا تەیە، فەرمان فەرمانا تەیە، نە بۆ وی وەسا حەزکرییە و ڤییایە.

فەرماندار تویی، ئەو فەرمانبەر و ئەنجامدەرە، فەرمانبەر بێ دەستهەلاتن لەورا لێبوورین ژ وان را دڤێت و کەس لێ نەگریت چونکی ئەو نە خودانێن ڕەفتار و کارێن خۆنە، تەنیا ئەو ئەنجامدەرن.

ئەی خودا ئەگەر تە دابیتە وی (خانی) شیانەک (ڤیانەک) خانی ئەو ژی هێلایە بۆ تە و هەوارا خۆ ئینایە نک تە.

**ئەو گەر عەلەم و گەر قەلەم بوو**
**پەیوەستە د دەست تە سەر قەدەم بوو**
**نەفع و ضەرەرا خوە ئەو نزانت**
**یا قەنج ژ بۆ خوەرا چ زانت**

ئەحمەدێ خانی چ مرۆڤەک بیت یان خامەیەک بیت، ئەوی چ کارکربن، چ قەنج چ خراب، ئەو د دەستێ تە دابوو، تە ئەو برێڤە دبر، تۆ کارگێڕ بووی، تشتێ تە دڤیا تە ئەو بۆ وی حەز دکر و تە بەرێ وی ددایێ مرۆڤ مفاو زیانان بۆ خۆ نزانیت، نزانیت کیژ مفایە و کیژ زەرەر و زیانە، نزانیت چ بۆ وی باشە و چ بۆ وی خرابە، ئەڤ مرۆڤە بڤی رەنگی پێتڤی لێبوورینێیە و یا خودێ تو ل مە ببووری.

## دوماهی و دەرئەنجام

١- ئەحمەدێ خانی بلیمەتەکە د مێژوویا هۆزانا کوردیدا.

٢- ئەحمەدێ خانی هەر چ نڤیسییە چ قەنج چ خراب دکەتە د ستویێ خامەیدا و گازندا ب توندو تیژی ژێ دکەت.

٣- خامە ئەوان گازندان و قەنج و خرابان بۆ وی دزڤڕینتەڤە و دبێژتێ ئەز دیلەکم د دەستێ تەدا، تە چ دگۆت تە چ دڤییا من ئەو دنڤیسی.

٤- خانی چەوا خامەی د دەستێ خۆدا دبینیت وەسا خو ددەستێ خۆدێدا دبینیت. ئانکو خانی دبینیت تشتێ خۆدێ حەز کری دێ ئەو بیت، نە تشتێ مرۆڤی حەزکری یان حەز بکەت.

**فەرهەنگۆک:**

**صاغر: شکەستی و بێ دەستهەڵات**
**فسونگەر: فیڕو، بەدکار، کار خراب**
**هائم: بەرزەبووی**
**وادی: دۆل، نهال**
**ضەڵال: بەرزەبوون**
**بەدنام: خراب ناڤ، ناڤ خراب**
**خەط غوبار: نڤیسینەکا گەلەک هوور**
**نەسخ و ثولث: جۆرێن نڤیسینێنە**
**ناسخ: بەتالکەر، ژێبر، خرابکەر**
**قەلادە: رستک**
**دوڕ: تشتی ب نرخ و بها (جەواهر)**
**جەواهر: تشتێن رەسەن و ب نرخ و بها**
**هندکن: زۆر بچووکن**
**نادر: گەلەک کێمن**
**ناپەسەند: نە مەقبوول**
**عصیان: خۆ ئاسێ کرن**
**گوستاخ: دل رەق و زۆردار**
**سیەکار: رەشکار، بەدکار**
**کەمەر: پشتێن**
**تەهەوور: بێ ئاقلی، بێ هۆشمەندی**
**دولدل: هەسپی ئیمام عەلی**
**ذولفەقار: شیری دوو شاخ**
**بەد عەمول: بەدکار**
**نەی: بلویر**
**نەیستان: جیهانا دودکان**
**مەی: شەراب، عەرەق، ئارەق**
**مەهجوور کرم: دوور کرم**
**بەند و وەصل: گەه**
**سەرابوون: ژ سەری هەتا بنی**
**ئەفغان: فیغان، قیێڕی و نالین**
**خاموش: بێ دەنگ**
**قامووش: لەڤەن**
**ظاهر: دیار**
**سازندە: ئەوە یێ موسیقێ لێدەت، میوزیک ژەن**
**لەشح: دخۆ د دێرینیت**
**گرفتار: ئەوکەسە یێ دکەفتە دگرفتاریاندا**
**موطلەق: هیچ، هەرگیز**
**ڕەقەمکر: نڤیسی**
**پەیوەستە: گرێدایە**

# سیحر و هیرمنوتیکای زمان

**دێڤید کریستال**
**لە ئینگلیزییەوە: ئازاد خدر**

لەڕاستیدا، بۆ تێگەیشتنێکی تۆکمە و تێروتەسەل لە زمان، پێویستی زۆرمان بەسیستەمێک هەیە، بەڵام پاش هەموو شتێک، ئەم پێویستییە زۆرە نابێتە هۆی سەرهەڵدانی تیۆرێکی زانستی ئۆتۆماتیکی بۆ زمان، چونکە دیدگەی بێ ئامانج و میزاجی و بەکارهێنانی دەستەواژە و مەقوولاتە (Categories) ئاڵۆزەکان و هیرمنوتیکای- لێکدانەوەی- ڕەمەکی لە بنیادی جەستەی زمان، بەهیچ چەشنێک نابێتە مایەی پێکەوەنانی تیۆرێکی کۆنکریتی- سێکیولار (علماني)- لەبارەی زمان و زمانەوانییەوە.. (ف. ن. کیرلینگ) لە کتێبەکەیدا (بنەماکانی توێژینەوە لە هەڵسوکەوت Foundations of Behavior Research) لە گۆشەنیگایەکی زانستی (وەک سیستەمێک و شێوازێکی تایبەتی بۆ گشت پرسیار و کاردانەوەیەک) دەدوێ، ئەمە برەودانێکە بەو شتە کە لەناویدا (سیستەمەکەی) ئێمە فۆرمەلە دەکرێ و جیاوازییە زانستییەکەی تێدا ئاشکرا دەبێ، لەزماندا بنیادە سیحری و ئیمپریکییەکان (تاقیکراوەکان) زۆر ئاڵۆزن، گۆڕانکاری زۆریشیان تێدا بەدی دەکرێ، لەبەر ئەوە مەحاڵە بتوانین دەربارەیان ڕاڤەیەکی گشتی بکەین، هەرچەندە لە ئاستێکی بەرزی ئۆرگانی و هیرمنوتیکاییدا لێیان کۆڵراوەتەوە، بەڵام ئایا چۆن ئەم ئۆرگانییەتە و هیرمنوتیکایە مانیفێستۆی خۆیان دەکەن؟ باشترین ڕێگە بۆ ئەنجامدانی ئەمە بریتییە لەو کارێکتەرە، یان لەو فاکتەرە کە تێیدا زمانەوانان دەتوانن هەنگاوە

ستانداردەکان بۆ پیادەکردنی لە هەر ئەنالیزەیەکی (شیکردنەوەیەکی) زماندا ڕێک بخەن، ئەمەش پوختەی تێزی توێژینەوە بەرایییەکان بوو. لەوانەیە بایەخدان بە لایەنێک لە سیما سیحرییەکانی زمان و لێکۆڵینەوە، لە ڕووی هونەری و تەکنیکییەوە پێویست بێ، بەڵام ئاشکراشە پێشینەیی (Priority) نییە، واتە هیچ کۆمەڵە سیمایەکی سیحری لەزماندا نییە کە دەبێ یەکەم جار بایەخی پێ بدرێت و توێژینەوەی بۆ بکرێ: هەر زمانەوانێک لەوانەیە بەهیرمنۆتیکایەکی تایبەتییەوە مامەڵە لەگەڵ هەندێ سیمای جیاوازی زماندا بکات، وەک زانیارییەک (Data) و بیرۆکەیەک و ڕێگەچارەیەکی (Option) جیاواز بۆ پرسی خودی ئەو زمانە و گونجاندنی ئەو سیمایە لەگەڵ تیۆر و هیرمنۆتیکای خۆیدا، بۆ نموونە لەوانەیە زمانەوانێک بڕوای بەوە هەبێت کە توێژینەوە بۆ سیستەمێکی پرۆنەنسێشن (تلفظ) (واتە چەمکی فۆنەتیک و فۆنۆلۆژیا)ی زمانێک شیاوتر بێت بۆی، بەم جۆرەش دەست دەکات بە پۆلینکردنی پیتە بزواوەکان (Vowels) و پیتە نەبزواوەکان (Constants) و کار بۆ ئەوە دەکات چۆن بەبەشەکانی وشە (Syllables) و بە بەشەکانی دیکەی ئاخاوتن بیانبەستێتەوە. پاش ئەوەش لەوانەیە دەست بکات بە لێکۆڵینەوە و بیرکردنەوە لە بنیادنانی وشەکان (واتە مۆرفۆلۆژیای زمان) و پاش ئەوەش لەو ڕێگەیە دەکۆڵێتەوە کە نموونەی وشەکان (Words sample) پێک دەگەیەنێ بۆ سازدانی ڕستەکان، ئەمەش پێی دەوترێ (سینتاکس واتە زانستی ئاخاوتن)، لەدواییشدا لەوانەیە هەوڵ بدا لەواتا جیاکانی بکۆڵێتەوە کە ئەم وشانە بەلایەنەکانی دیکەیان دەگەیەنێ، ئەوانەی پەیوەستن بە خودی ئەم وشانەوە، ئەمەش پێی دەوترێ (سیمانتیکس). ئەوەش لەوانەیە ڕێگەیەک بێت بۆ سەپاندنی هەندێ ئۆرگانیەت بەسەر بابەتدا و کارکردن لەنێویدا، ئەوەش میتۆدێکی باوە لەنێو زمانەوانەکاندا تاکو ئێستاش هەر بەردەوامە، بەڵام ئەم بۆچوونە هیچ شتێکی تێدا نییە و لەوانەیە هەر زمانێک بۆ ئەو مەبەستە هەنگاوی جیاواز و پێچەوانەی زمانەوانێکی دیکەی هەبێت، ئەو بۆچوونە کاتێک دەست پێدەکات، کە توێژینەوە بۆ پێوەندییە هەمەجۆرەکانی واتا دەکرێت، ئەو پێوەندییانەی کە لەنێوان وشەکاندا هەیە، پاش ئەوەش لەوانەیە دەست بکرێ بە سازدانی پرۆسەیەک کە لەنێویدا بۆ دەربڕین لەواتاکان نموونە سینتاکس و مۆرفۆلۆژییەکان، دەستنیشان دەکرێن، تەنیا پاش ئەوە لەوانەیە بتوانرێ دەربارەی ئەو شێوازەی کە لەناویدا ئەو نموونانە دەبێژرێن (Pronounced) دەست بەتوێژینەوە بکرێ، ئەوە لێرە تاکە ئەلتەرناتیڤ نییە و تاکە هیرمنوتیکاش نییە بۆ زمان، چونکە ئەلتەرناتیڤی دیکە و هیرمنوتیکای دیکە لە ئارادا هەن. خاڵی گرنگ لێرەدا ئەوە نییە کام ڕێگە پتر ڕەوایە و کامیان ئەنجامی باشتر بەدەست دێنێ، یان پتر ئامانجە تیۆرییەکان دەپێکێ، بەڵکو ئەوەیە ئەو فاکتەر و هەنگاوانە چین کە دەتوانین بیانزانین و بەپێی پێویست دەروازەی توێژینەوەی زمانەوانیمان پێ دەناسێنن. هەڵوەستەکردن، یان پێداگرتن لەسەر شتێک گرنگە، چونکە ناتوانین هەنگاوەکانی دیکەمان بەشێوەیەکی ڕەها ئاشکرا بکەین: فاکتەری یەکجار زۆر لە ئارادا هەیە کە کاریگەریان لەسەر هیرمنوتیکای - تەئویل- زماندا هەیە، ئەو مەرجانەش لەنێو خودی کەسایەتی و هەلومەرجەکانماندا سەرهەڵدەدەن، بەڵام بەبێ هەندێ هەوڵ بۆ دەستنیشان کردنی هەنگاوەکانی شی کردنەوە، لەوانەیە هەر لێکۆڵینەوەیەک نەزۆک بێت و بۆچوونێک لە (فەوزا chaos) بگۆڕێت، من پێم وایە دەبێ بەشێوەیەکی پچڕ پچڕی ئیمپریشی مامەڵە لەگەڵ سیحر و بنیادی زمان بکەین، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێ ڕەچاوی ئەو هۆیە تیۆرییانەش بکەین کە پێچەوانەی ئەو هەوڵەمانن، ئەمەش دەمانگەیەنێتە سیمای سەرەکی دووەمی سیستەم لەناو زماندا: پێویست بوون بەلێکۆڵینەوە لە فینۆمینا (دیاردە)ی زمانە بەڕێگەیەک کە پتر لە ڕێگەیەکی دیکە میتۆدی و ستانداردە. لێرەدا شتێک هەیە جۆری بڕیارەکانمان دەخەملێنێ، بۆ نموونە ئایا ئێمە دەبێ یەکەمجار لە چەمکی ناو (Noun) بکۆڵینەوە پێش چەمکی کار (Verb) لەناو زماندا، یان بەپێچەوانەوە؟. لەڕاستیدا ئەوەیان پێویستی بە زانینێکی پێشینە هەیە کە دەبێ توێژینەوەی بۆ بکرێت، بەوتەیەکی دیکە، کاتێک کە زمانەوانێک بیرۆکەیەک و هیرمنوتیکایەکی تایبەتی بۆ بەشێک، یان لایەنێکی دیاردەی زمان دەبێ، ئەوا هەرچۆنێک بێت، دەربارەی ئەو شتەی کە بەدوایدا دەگەڕێت هەندێک زانیاری هەیە: لە

زەینیدا کەم تا زۆر هەندێ بەرنامەی تیۆری پەنگی خواردۆتەوە. خودی ئەم بەرنامە تیۆرییە بێگومان شتێکی سیستەماتیکییە: لێکدانەوەی سەرەتاییە بۆ ڕاڤەی کۆتایی کە ئەو دەیەوێ ڕۆژێک لەڕۆژان دایبڕێژێ، یەکەم نزیکبوونەوەیە لەزمان، بەڵام لە هەمان کاتدا هەنگاوێکی ئاشکراشە بەرەو تێگەیشتنێکی هزری لەزمان. دەتوانین ئەو بابەت و تێزانە بە ئاسانی بدۆزینەوە، ئەوانەی ئاماژە بە توێژینەوەی بەرایی و ڕەسەنەکانی زمان دەکەن، لەڕاستیدا زمان هەمیشە لە بوارە جیاجیانی ئەپستمۆلۆژیا (وەک فەلسەفە، لۆژیک، ڕەوانبێژی، ئایین، ڕەخنەی ئەدەبی، پیداگۆگیا: فێرکردن) زۆر نزیک بووە، لەبەر ئەوە هیچ هزرمەندێک کەم تا زۆر نییە، لەنێو کارو لێکۆڵینەوەکانیدا ئاماژەی بە ڕۆڵ و ڕابەری زمان نەکردبێ، ئەوەی ڕاستەوخۆ پێوەندی بە بیرۆکەکانییەوە هەبووە، تەنانەت پاشخانی توێژینەوە زمانەوانییەکان و ڕەسەنایەتیان بۆ پێش کاتی سەرهەڵدانی هزر و بیروبۆچوونەکانی ڕۆژئاوا سەبارەت بەزمان دەگەڕێتەوە. بێگومان لێرەدا گەنجینەیەکی دەوڵەمەند لە میتۆلۆژیا و کولتووری ڕەسەن هەیە، ئەوانەی ڕاڤەی جەستە و ڕەچەڵەک و سروشتی زمان دەکەن، زۆر گرنگە بۆ هەر زمانەوانێک ئەم پاشخانە دێرینەی ڕاڤەی زمان بزانێت، هەتا ئەگەر پێوەندی ڕاستەوخۆشی بە کێشە پراکتیکییەکانیەوە نەبێت، توێژینەوەکان لەبارەی کولتوور و ئەنترۆپۆلۆژیای کولتوور ئەوە بە تەواوی ڕوون دەکاتەوە، کە کولتووری پێشینە و بەراییەکان پتر پەیوەستبوونە بەزمانی خواوەند و خواوەندییەوە (Divinity)- بەپێی ئەم کولتوورە سەرەتاییانەوە، یەزدان هێزی ناولێنانی بە باوکە ئادەم بەخشیوە و هەروەک لەکتێبی بلیمەتەکان (Geniouses)دا هاتووە: (یەزدانی مەزنیش جۆر و شیرازەکانی گشت پەلەوەرەکانی زەمین و فڕەندەکانی ئاسمانی داڕشتووە بۆ ئادەمی ناردووە تاکو ناویان لێبنێت...) بۆ نموونە خواوەند (Thoth) لای میسرییە دێرینەکان چاوگە ڕەسەنەکەی ئاخاوتن و نووسینەوەیە، بابلییەکانیش ئەم سەروەرییەیان بەخشیوەتە خوداوەندەکەی خۆیان، نابو (Nabu) لەکولتووری چینی کۆنیشدا هێڵ و نیشانە و نەخشەکانی (سەرپشتی کیسەڵە خواوەندییەکە) هونەری نووسینەوەیانی بۆ هێناوە، بەلای فەیلەسووفە کۆنەکانی ئایسلەندییەوە ئۆدین (oden) داهێنەری هونەری نووسینەوە بووە. (براهما)شن گوایە بەهرەی نووسینەوەی بەخشیوەتە ڕەگەزی هیندی. ئەم پێوەندییە قووڵ و فراوانەی نێوان خواوەندەکان و زمان ئەوەندە سەیرنییە، ئەگەر سەیری خورافیات (fables) و سیحر و بیرۆکە سۆفستاییەکان بکەین ئەوانەی دەربارەی زمانن، کە گوزارشت لە دیدگای کۆمەڵگا پێشینەکان دەکەن سەبارەت بەزمان، یان لە ئاستێکی دیکەدا سەبارەت بەزمان گوزارشت لەدیدگای منداڵ دەکەن، چونکە لە ئەندێشەو خەوشی منداڵدا زۆر بە ئاشکرا هێزە سیحرییەکەی زمان بەدیار دەکەوێت، گریمان دەبێتە مایەی وەدەست هێنانی خواردەمەنی و ئاسوودەیی: نووسانی زمان بەهەر شتێک بێت داوای دەکات، سەرهەڵدانی تابو (Taboo) بۆ مرۆڤی کۆنیش ئاسان بووە، کە ببینێ چۆن زمان کۆنترۆڵی شتەکان دەکات. نووسینەوەش هەر بەم جۆرە لەلای ئەم مرۆڤەدا بوو بە ئەو ئامرازە کە هەموو شتێک دەزانێ (omniscietent) دەتوانێ هەندێ شتی بۆ ڕابگەیەنێ هەتا ئەگەر بێتو هەزاران کیلۆمەتر لەنووسەرەکەی دووربێت، ئەم مرۆڤە کۆنە هەستی کرد کە نووسین دەنگی هەیە، خۆی لەخۆیدا ژیانە، یان لەنێو نامەکاندا زیندوو دەبێتەوە، بەم جۆرە لەنێو بیرۆکەی (پەیام- ئاخاوتن)دا زۆر جۆرە بیروڕا و تیۆر و هیرمنوتیکا سەری هەڵدا، لەهەندێ کولتووردا، ئەلف و بێ بۆبوونی خواوەند، یان بۆ مەزنەدەکردنی ئاییندە جۆرە لێکدانەوەیەکی ڕۆحی و لاهووتی (theology) لێکدراوەتەوە. وای لێهات ناوەکان ببن بەجۆرێک لە بەرجەستە و گوزارشت لە هێزی ناولێنراوەکان. بەپێی کتێبە پیرۆزەکان، بەیەک ڕێگا خواوەندی ڕاستەقینە دەناسرێتەوە و لە بتەکان جیادەبێتەوە، لەنێو دەنگی خۆیدا: کاتێک ناوی دێت و بانگ دەکرێت، وەڵام دەداتەوە، ئەمە هەنگاوێکی نزیک کەرەوە بوو لەنێو ئەو باوەڕە (Faith) گوایە وشەکان بە هەر ڕێگایەک بێت، بەندن بەشتەکانەوە- بڕوا کردن بەوە، کە وشەکان هەر خۆیان خودی شتەکانن، بەڵام لەڕاستیدا بوونی سەربەخۆیان هەیە، بیرۆکەی وشەکان، ڕۆحەکان (words, spirits) بۆ یەکەم جار لە میسری کۆن و لە گرینلاند و لە نووسراو و دیالۆگەکانی ئەفلاتووندا دۆزرایەوە. وشەکان بوون بەهەڵگری، یان

بەرجەستەکەری شتەکان، ئەم بڕوایە تەنانەت لە هەندێ شوێنی شارستانی بوونیشدا بەدی دەکرێ. لێرەدا گرنگترین هەنگاو ئەوەبوو کە وشەکان بوون بەهێزی لەبن نەهاتوو بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕووداو و دیاردەکان و لێکدانەوەیان، وشەکان لەسەرەتادا وەک جادوو (Charm) بوون کە پێویستیان بە نووشتەیەک (Amulet) هەبوو تاکو بنووسرێنەوە، لەنێویاندا چەند بابەتەکە پتر ڕۆحی بوایە، ئەوەندە جادووەکە بەهێزتر دەبوو. ئەمە لەجادووەکانی جولەکە و دابونەریتی مەسیحیشدا هەبووە، بۆ نموونە چارەسەرکردنی نەخۆشێک بەخوێندنەوەی هەندێ لاپەڕەی تەورات، یان ئەو لاپەڕانە دەرخواردی نەخۆش بدرێت لەگەڵ نوێژکردن لەسەریدا. واتە ئەگەر وشەکان بتوانن کۆنترۆڵی شتەکان بکەن، ئەوا هێزەکانی ئەو وشانە بەدووبارەکردنەوەیان توندتر دەبن، وەک بیرۆکەی (مۆلینۆڤسکی): (دووبارەکردنەوەی وشەکان دەبنە هۆی بەرهەمهێنانی ڕاستی). بۆیە دەتوانرێ لە ڕێگای زمانەوە کۆنترۆڵی شەیتانەکان و خەڵکیش بکرێ، ئەم بیرۆکەیە یەکجار کۆن و سەرەتاییە و لەنێو کولتوور و میتۆلۆژیا جیاوازەکانی مرۆڤایەتیدا بەدی دەکرێ. بۆ نموونە میسرییە کۆنەکان دوو ناویان هەبوو، یەکێک بۆ جیهان و ئەوی دیکەیان بۆ خواوەند. ڕۆمانییەکانیش لەکاتی تۆمارکردنی ناوی سەربازە شەرکەرەکان و باج سەندندا، ناوی یەکەمی تۆمارکراویان بەناوێکی دیکەی مژدەبەخش دەلکاند، وەک (ڤیکتۆر، یان فیلیکس...تاد). نموونەی ئاوا یەکجار زۆرە لەنێو کولتووری دێرینی گەلاندا، بەڵام ئەم جۆرە لۆگۆفیلیایە (Logopholia) خۆشەویستی ئاخاوتن، یان ئەم جۆرە لۆگۆفۆبیایە (Logophlbia) ترسان لە ئاخاوتن، لێرەدا بۆ تێگەیشتنی کرۆنۆلۆژیای (مێژووی کاتی) زمان و زمانەوانی تەنیا بایەخێکی کەمی هەیە، چونکە تەنیا ڕاڤەی ئەوە دەکات چۆن زمان کاریگەری دەروونی لەپەرستنی خواوەندا وەکو ستانداردێک- لە کولتووری گەلاندا هەبووە، ئەو ڕاڤەیەی کە گرنگیەکی زۆری هەیە هەتا ئەگەر لە ڕوانگەی ستانداردێکی مۆدێرنەوەش سەیر بکرێ. بۆ نموونە لە هیندستانی کۆندا، کاهینە هیندیەکان لەسەدەی پێنجەمی پێش زاییندا، بۆیان دەرکەوت کە زمانی تەراتیل (Hymns)ەکانیان، ئەوەی ناسراوە بەزمانی (ڤیدیک سانسکریت) هەمان ئەو زمانەیە کە لەسەردەمەکەیاندا بەکاریان دەهێنا، چ لەڕووی پرۆنەنسێش (تلفظ)ەوە بێت و چ لەڕووی گرامەرەوە (ڕێزمان) بێت، ئێستا ئەمە وەک ڕاستییەکی هاوبەشە، ئەوەی هیچ نەبێ ئەوە دەسەلمێنێ، کە زمانەکان وێرای هەندێ لەو وردە گۆڕانکاریانەی بەدرێژایی مێژوو لەناویان ڕوودەدەن، کەچی ڕەسەنایەتیان هەر بەردەوام دەبێ، بەڵام هەر چۆنێک بێت، بۆ داکۆکی کردنە لەنەریت و ڕێوڕەسمە ئایینەکانە (Ceremonies Religious) و بۆ پاراستنی ڕەسەنایەتی زمانە لەڕێگای هێشتنەوەی دەقە ئاینیەکان و چۆنیەتی هێشتنەوەیان، لای (هیگڵ) و پرست (Priest) و سکۆلارەکاندا (مەدرەسییەکان) ئەم ڕێگا چارەیە بۆ پاراستنی ڕەسەنایەتی زمان و ڕێساکانی لەکاریگەری هەژموونی مێژوو هیچ نەبێ لەکولتووری هیندیدا گەواهی ئەوەیە کە بۆچی سیماو ئاکارە دیارەکانی (ڤیدیک سانسکریت) دەبێ وەک کۆمەڵە ڕێسایەکی زمانەوانی کۆنینە بە هەردوولایەنییەوە بنووسرێتەوە، واتە ڕێزمانی و وێژەیی بەم ڕێگایە دەقێکی ڕەسەنی حاشا هەڵنەگرمان بەدەست دەکەوێ، واتە پاش ئەمە چیتر کەس خۆی بە ئەندێشە تاک سالارییەکانی نەریتە زارەکییەکانی ئەو دەقە نابەستێتەوە، کۆنترین بەڵگەی ئەم پیشە دەسڕەنگینەش لێرەدا، ئەو کارەیە کە پانینی (Panini) لەسەدەی چوارەمی پێش زایین ئەنجامی دا بوو، ئەوەی لەشێوەی ٤٠٠٠ ڕێسای ئافۆریستە (Aphorists) (بدیهیات) دەربارەی بنیادی زمان، کە ناسراوە بە سەتراس (sutras). ئەوەیان لەڕاستیدا ڕێزمانی زمانی سانسکریتییە و کاریگەرییەکەشی ئەوەندە پەرش و بڵاوە بەجۆرێک کە لە ئامانجەکانی خودی نووسەرانی تێپەڕاندووە، بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە ژمارەیەکی مەزن لە فۆنەتیک (ڕێساکانی دەنگ لەزماندا) و ڕێزمان بەسەر ئەو ڕێسا ئافۆریستیانەدا پیادە کراوە، ئەمە جگە لە کۆمەڵێک لە بیرۆکە و پرەنسیپی میتۆلۆژی ئەوانەی هەندێکیان هەتا ئێستاش لەنێو کارە زمانەوانییە مۆدێرنەکاندا بەکاردێن، هەمان کار لە سەردەمێکی درەنگتردا، لەسەدەی حەوتەمی زایینی سەبارەت بە قورئان و زمانی عەرەبییەوە دووبارە کراوەتەوە. بێگومان ڕێگای دی هەیە بۆ توێژینەوە و ئامانجە ئایینیەکان تاکو بتوانن ئاسانکاری بۆ توێژینەوە فیلۆلۆژییەکان بکەن، بۆ

نموونە مژدە بەرەکان مبشرين: (Missionary) زۆرجار بۆ یەکەم جار هەندێ ڕێزمانیان بۆ زمانەکانی گەلانی نەخوێندەوار نووسیوەتەوە، ئەوەی مەتران (وۆلفیلا) کردی یەکێکە لەم کارانە. ئەم مەترانە وەرگێڕە گۆتی (Gothic)یەکەی تەوراتە، کە لەسەدەی چوارەمی زاینیدا کردی، ئەمەش خۆی لەخۆیدا زانیارییەکی تێروتەسەلمان دەربارەی زمانی تەورات پێدەبەخشێ، مژدەدەرە بوودایییەکان ڕۆڵی بەرچاویان لەتوێژینەوە زمانەوانییەکانی پەیوەست بەزمانی چینییەوە لە سەدەی پێنجەمی زایینیدا هەبووە. لەدەوروبەری ساڵی هەزارەی پاش زایینیدا لەئینگلاند (ئایوت ئالفریک) لە (ئینسهام)دا جۆرێک لە دایەلۆگی زمانەوانی نووسی، بەمەبەستی ئەوەی قوتابیانی ئانگلۆساکسۆنی فێری زمانی لاتینی ببن، لە سەردەمی ڕێنیسانسدا بەشێکی زۆری توێژینەوە فیلۆلۆژییەکان بەرهەمی چالاکییە ئاینییەکان بوون، دۆزینەوە جوگرافییەکان بوونە هۆی زۆربوونی زمانەکان و زانیارییە زمانەوانییەکان لە جیهاندا، بەتایبەتیش لە ئەفریقیای خوارووی و ڕۆژهەڵاتی ئاسیاو ڕۆژهەڵاتی دووردا، بەشی ئەمینداریەتی پڕوپاگەندە (Depropaganida) لە کڵێسەی کاسۆلیکی ڕۆمانیدا ڕۆڵی گرنگی لە ڕێگا خۆشکردن بۆ کاری مژدەبەخشی التبشيرية (Religions Mission) هەبوو تەنانەت هەندێ زمان لەم ناوچانەدا بۆ یەکەمین جار لە ڕێگەی مژدەدەرە مەسیحییەکانەوە (Cristian Missonaries) ئەلف و بێی ڕێزمانی بۆ نووسراوە، ئەمەش بە پرۆسەیەکی فراوانتر پەیوەست بوو کە بریتی بوو لە وەرگێڕانی دەقە ئاینییەکان بۆ ئەم زمانانە، بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٥٠دا ئەلفوبێی ڤێتنامی بۆ یەکەم جار نووسراوە، هەتا ئێستاش بنەمای ئۆرسۆگرافییەکەیانە (orthographic)، بەهەمان شێوەش خەڵکێکی زۆر لە ئاسیادا سوودیان لەم پرۆسەیە وەرگرت. ئەم زمانانە بە ڕێزمان و پرۆنەنسێشنیانەوە لەدواییدا لەنێو کتێبێکدا بەنێوی (کتێبی لۆرد بۆ نوێژ) کۆکرانەوە. هەر بەم جۆرەش لەسەدە بەراییەکانی چەرخی ناوەڕاستدا گشت ئەو شیکردنەوانەی کە بۆ دەقە ئاینییەکان کرابوون بەتایبەتی ئەوانەی بۆ دەقە ڕۆژئاواییەکانی تەورات کرابوون خرانە نێو لێکدانەوە ڤولگێتە لاتینییەکەوە (Latin Vulgate)، بەڵام پاش ڕووخانی کۆنستەنتیپۆل (کۆستەنتینە)، دەقە کۆنەکان و ڕاڤەکانیان، بەڕێزمانە جیاوازەکانەوە دۆزرانەوە. ئەم نزیکبوونەوە و بەرکەوتنە نوێیە لەنەریتی ئاینییە کۆنەکان، قسەو باس و تێزو پرسیاری نوێی بەرپاکرد، بەتایبەتی ئەو پرسیارانەی کە پەیوەستن بە ڕەچەڵەکی زمانەکانەوە، ئەوەی نۆبەرەی، یان ئەسڵی (Origin) زمانەکانی جیهانە، ئەم پرسیارانە پێشتر گریکەکان، لەدایەلۆگە هزرییەکانیاندا ورووژاندبوویان. هەروەها شارستانییەکانی تریش وەک شارستانیەتی هیندی و میسری کۆن هەمان ئەو پرسیارانەیان کردبوو. لێرەشدا زۆربەی کرۆنۆلۆژیانووسانی زمانەوانی بەمێژوونووسی گریکی کۆن (هیرۆدۆتس) پشت ئەستوورن، ئەوەی لە کتێبی دووەمیدا باسی یەکەمین ئەزموونی سایکۆ زمانەوانی (Psycho linguistic) دەکات. (پسامیتیکۆس)ی فیرعەونی میسری لەسەدەی حەوتەمی پ.ز، بە ئاشکرا ویستی ئەو گەلەی ئەوەی (دێرینترین ڕەگەزی مرۆڤایەتییە) بناسێ، بۆ ئەم مەبەستەش فیرعەونی ناوبراو پەنای بردە بەر کۆنترین زمان، ئەوەی ئەو دڵنیابوو لێی کە هی یەکەمین ڕەگەزی مرۆڤایەتییە. لەڕاستیدا، لەسەدەی هەژدەیەمیشدا و هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ڕۆمانتیکدا هەندێ سکۆلاری وەک (ڕۆسۆ) و (کۆندیلاک) بەگرو تینێکی پڕ جۆشەوە دیسان بۆ سەر هەمان تێز گەڕانەوە. پوختەی گۆشەنیگا بەراییەکانی زمانەوانی مۆدێرن لەوتەیەکی (ویتنی)دا بەرجەستە بووە، کە دەڵێ: ئەمانە هەمووی تەنیا ئاخاوتنی وشەیین (wordy Talk). پاش ئەم سەدەیەش (کۆمەڵەی زمانەوانانی پاریس) ڕێسایەکی گشتی داڕشت و تێیدا بەتێرو تەسەلی ئەو وشە و دەستەواژە ڕەسەنانەی گشت زمانەکانی دووبارە نووسیەوە. ئەمەشیان وەک کاردانەوەیەک بۆ گۆشەنیگای پێشووی ڕۆمانتیکدا بوو، ئەم کاردانەوەیە لەسەدەی نۆزدەیەمدا توندتر بووەوە، کاتێک قوتابخانەی فیلۆلۆژی بەراوردگەرایی (Comparative philology) ڕوون کردەوە کە هیچ جۆرە ئاسەوارێکی ئێتمۆلۆژی و ئیشارەتێکی زمانەوانی (Liguistic sign) نییە و بۆ دۆزینەوەی ڕەچەڵەکی یەکەمی زمانەکان، واتە یەکەمین زمانی مرۆڤایەتی پشتی پێببەسترێ، هەرچەندە ئەو بیرۆکەیەی ڕەچاو کرد کە دەڵێ (زمانی یەکەم دەبێ

زمانێکی زۆر سادە و ئاسان بووبێ)، بەڵام توێژینەوە زمانەوانییەکان لەپاشاندا ئەم تێزەی سەراوژێر کرد. کۆنترین ئاسەواری زمانەوانی وادیارکەوت کە هی ئاڵۆزترین زمانە، بۆ نموونە پاشماوەکانی زمانی دێرینی میسرییەکان، دەکەوێتە پێش هەزاران ساڵ بەرلەوەی مرۆڤی میسری فێری ئەو زمانە بێت، کە پێی ناسراوە، سکۆلارێکی زمانەوانی وەک: (ئیدوارد ساپیر)یش دووپاتی کردەوە گەڕان بەدوای زمانی یەکەمی هەرە رەسەن، بریتییە لە بەدحاڵیبوون سەبارەت بەزمان، ئەم زمانەوانە گەورەیە لەساڵی ١٩٢١ و لەکتێبە بەناوبانگەکەیدا زمان (Language)، گوتی (هیچ گەلێک نییە نەیتوانیبێت پەرە بەزمانەکەی خۆی بدات، نزمترین ئاستی ئاخاوتنی پوشمانەکانی خوارووی ئەفریقیا، بریتییە لە شێوازێکی زمانەوانی پڕ لە سیستەمی سیمبۆلی بەجۆرێک لەجەوهەریدا دەتوانین تەنانەت لەگەڵ زمانێکی ئاست بەرزی وەک زمانی فەرەنسی بەراوردی بکەین کە لەڕووی سیمبۆل و ئیشارەتەکانەوە زمانێکی دەوڵەمەندە. هەموو زمانێک بڕی دەنگەکانی (Phones) و بنیاد و فەرهەنگی وشەکانی بەشی پێویستییەکانی خۆی دەکات). ئەم بۆچوونە وەک دەنگدانەوەیەک بوو بۆ جەوهەری نادیاری زمان و بۆ ئەو بیرۆکەیەی کە دەڵێ: زمان و ڕاستی زمان لەوە ئاڵۆزترن کە دەیزانین. گریکەکان هەر لەزووەوە لەسەر زمان و ڕەچەڵەک و سروشتەکەی هەڵوەستەیان کردووە و بیروبۆچوونی هزری قووڵیان دەربارەی نووسیوە، گریکەکان لە بۆچوون و لێکدانەوە هزرییەکاندا، جۆرێک هاوناسنامەکیان (Commonidentity) بەسەر زمانەکەیان و ڕەچەڵەکەکەی خۆیان پیادەکرد، بەتایبەتیش ئەو شێوەزارەی (Dialects) کە هۆنراوە بەراییەکانی (هۆمیرۆس) لەسەدەی شەشەمی پ.ز پێی نووسراوەتەوە، هەر لە دایەلۆگەکانی ئەفلاتوونیشدا دەتوانین ئاسەواری بیرۆکەی زمانەوانی بەدی بکەین، بەتایبەتیش لەدایەلۆگی کراتیلۆس (Cratylus) ئەوەی وەک ستانداردێکی زمانەوانی گریگە کۆنەکان بوو، گفتوگۆیەکی فراوانە دەربارەی ڕەچەڵەک و زمان و سروشتی واتا (Signification) و ڕەچەڵەکی وشەکان (ئیتمۆلۆژیا) و ڕەچەڵەکی خودی گریکەکان، پرسیاری جەوهەری لەهزری گریکیدا ئەوەبوو: ئایا بە هەر ڕێگایەک بێت پێوەندی لەنێوان وشەکان و سروشتی شتەکاندا هەیە یان نا؟ ئەفلاتوون و ئەرستۆ و ڕەواقییەکان (stoices) کاتێکی زۆریان بۆ بیرکردنەوە و لێکدانەوە و داڕشتن سەبارەت بەزمان تەرخان کردبوو، ئەفلاتوون بەلای گریکەکاندا (یەکەمین) کەس بووە درکی بەهێز و توانای سیحری ڕێزمان کردووە. بیرۆکەی ئەو سەبارەت بەئاخاوتن (لۆگۆس) بریتییە لە تێزێکی لۆژیکی لەبارەی مەقوولاتەکانی (Categories) ناو و کارەکان و شی کردنەوەی ڕستەکان لەڕووی ڕێزمانییەوە. ئەمە دواتر ڕۆمانییەکان بۆ داڕشتنی ڕێزمانەکەیان سوودێکی زۆریان لێوەرگرت. ئەم پرۆسەیە بەردەوام بوو تا وای لێهات ڕێزمانەکانی لاتینی ئەوەی پرینسیپەکانی لە ڕێزمانی گریکی کۆنەوە وەرگیرابوو، بوو بە ستانداردێک بۆ ڕێزمانەکانی زمانەکانی دیکە لەسەرتاسەری جیهاندا بەتایبەتیش پاش دەرچوونی ڕێزمانی (پۆرت ڕۆیال) لەساڵی ١٦٦٠دا، ئەوەی تەنانەت ئاماژە بۆ هەندێ لەو شتە ڕێزمانیانە دەکات کە لەکارە تیۆرییەکانی زمانەوانێکی وەک (چۆمسکی)یەوە بەدیدەکرێ، بەڵام ئەم ئاکامەش، دەرەنجامی کۆمەڵێ کاری زمانەوانی هی ژمارەیەکی زۆر لەهزرمەندانی وەک (لایبنتیز)ی خاوەن سیستەمی سیمبۆلی نوێ (New Sybols System) و (دیکارت)ی خاوەن بیرۆکەی دوو ئاستی زمان (Languages- two level) بوو.


**سەرچاوە:**

**بەشێک لەکتێبی (Linguistics)ی دێڤید کریستال وەرگێردراوە.**

**Penguin Books, 1981, England By: David crystal.**

# چەند پەیامێک بۆ نەتەوەی ئەڵەمان

**یۆهان گۆتلیب فیختە**
**لە ئەڵەمانییەوە: د. حەمید عەزیز**
**(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی ئاداب)**

## جیاوازی سەرەکی نێوان ئەڵەمانەکان و میللەتانی تری بەرەچەڵەک جەرمان

ئەو ئامرازەی پەروەردەکردن و پێگەیاندن کە بۆ نەوەیەکی نوێی مرۆڤ لەم پەیامانەدا پێشنیار کراوە، پێویستە لەپێش هەموو شتێکدا لەلایەن ئەڵەمانەکانەوە بەسەر ئەڵەماندا پیادە و جێبەجێ بکرێت. وەک پێشتر گوترا ئەمە ئەرکێکە بەتایبەتی و لەپێشەوە لە ئەستۆی نەتەوەکەماندایە. ئەم بڕیارە پێویستی بە سەلمێنە هەیە، ئێمە لێرەدا هەروەک تاوەکو ئێستا کراوە، بەوەی بڵند و هەمەگی و گشتییە دەست پێدەکەین، نیشانی دەدەین ئەڵەمان لەخۆیدا و بۆ خۆی چییە، بەبێ گوێ دانە ئەو چارەنووسانەی لەچاوەو ناوچەوانی نووسرا بوون. بنەوانەکەی چییە و لەسەرەتاوە چی بووە، کە لەوکاتەوە وایە، نیشانی دەدەین و سروشتەکەی دەخەینە بەرچاو کە توانا و هێزی وەرگرتنی لەپێش هەموو نەتەوەکانی تری ئەورووپا تێدایە.

مرۆڤی ئەڵەمان بەر لە هەموو شتێک بەگشتی لە ڕەچەڵەکی جەرمانە، دەربارەی ئەمەی دوایی ئەوەندە بەسە ئەو دەستنیشانکردنە بخرێتە بەرچاو کە ئەوان زانیویانە چۆن نەزمی کۆنی دانراوی کۆمەڵایەتی ئەورووپا لەگەڵ ئایینی ڕاستەقینە کە لە ئاسیای کۆندا پارێزراوە، یەک بخەن و بەپێچەوانەی شارستانیەتی لەناوچووی کۆن، بەتوانای خۆیان و بۆ خۆیان سەردەمێکی نوێ پەرەپێ بدەن. دواتر ئەوەندە بەسە بڵێین ئەڵەمانەکان بەپێچەوانەی im Gegensatze ئەو میللە بە ڕەچەڵەک جەرمانانەی تر کە لەگەڵیدان، بۆ نموونە ئەوانەی بە ڕەچەڵەک سلاڤن و کەوا دەردەکەوێ لەچاو ئەورووپاییەکانی تر بە ئاشکرایی و بەرچاو، خۆیان پەرەپێنەداوە، دەکرێ لەبارەیانەوە چەند نیشانەیەک

بدرێتــە دەست، ئەوانی تر کــە لە هەمـــان ڕەچەڵەکی جەرمانن وەک سکەندیناڤییــەکان ئەگەرچی ئەوی وترا بنەما سەرەکییەکەی بەرچاو و بە دەرکەوتنیان ناگرێتەوە، کە لەمەولا باسی دەکەین، ئەوا بەبێ ئەگەر و گومانکردن وەک ئەڵەمـان ئەنجامە گشتییـەکانی سەرنجدانەکانمان دەیانگرێتەوە.

پێش ئەوەی ســەرنجــەکــان بەدرێژی یەکــالا بکەین، واباشـە ئەم تێبـینیـیـە بخەینە پێش چاو: من هۆکاری لێکترازان و جیابوونەوەی ئەو ڕەچەڵەکەیەی لەبنەڕەتدا یەک بووە بە ڕووداوێک Begebenheit دادەنێم کــە بەبێ ئەگەر گومان هەڵنەگرە و لەبەر چاوانە. من لەمەولا سـەرنجی خۆم دەربارەی دیاردە تاکـەکانی ئەنجامی ئەم جیــاوازییــە دەخـەمــە بەردەست، کـە دەکرێ وەک چەند ڕووداوێکی ڕووت و پەتی ڕوون و ئاشکرا وەربگیـرێن، بەڵام ئەوی دەربارەی پێـوەندی ئەوانەی دواوە هەیە کــە ئەنجامن لەگـەڵ یەکـەمیـان کە بنەمـاکـەی ئەون و ئەوی دەربارەی کـەوتنەوەی ئەنجـامـە لەهۆکـارەوە، من نـاتوانم بەگـشـتی و بە هەمـان ڕوون و ئاشکرایی و قــەنـاعـەت پێکردنەوە بۆ هەمـــوانی دابنێم. ئەوی ڕاست بێت، من لەبارەیەوە باسی ئەوە ناکەم کە شتێکی نوێ کە تائێستا نەگوتراوە دەرببڕم، بەڵکو، لەنێو ئێمەدا کەسانێک هەن کە بە تایبەتی ئامادەی پەسندکردنی ئەم بۆچوونەن، یان باوەڕیان بەو شتـە هەیە، بەڵام لەنێـوان زۆربەی ئەوانەی دەربارەی ئەم بابەتانەی باس کــــران بیـــــروبۆچوونی جیــــاوازیان هەیە، لەبارەی ئەوانەوە، ئەگـەر نەمـانەوێ بیــروبۆچوونەکــانیــان هەڵبـســەنگێنین و پووچەڵیــان بکەینەوە، سنووری ئەوکـــاتەی بۆمـــان دانراوە و ئەو پرۆگرامەی ڕەنگمان ڕشتووە، دەبەزێنین، گازندەکانیان بە ڕەوش و دۆخ و حاڵەتی تایبەتییـەوە پشت ئەسـتوورن. من ئەوەندە بە بەس دادەنێم ســەرنجیـــان کـە لەمــەولا دەیدەین، بۆ ئەوە ڕابکێشم کـە لەم بارەیەوە دەیلێم کـە ناکرێ لە تێکڕای هزر و بۆچوونەکانم دابېڕدرێ و ناکرێ، وەک چۆن دەبێ لێـرەدا وابێت، بەبێ پاسـاودان و سـاخ کـردنەوەیەکی قـــووڵ و لێکۆڵراوەی پشت ئەسـتـــوور بەهۆکارەکانی بکرێت. خۆ ئەگەر بێدەنگی و پشت گوێ خستن لەم کارە بێنە ئاراوە، ئەوا مـەحکەمی و کـڵۆمی نەخشـەکـەم لەکەدار دەبن و ئەنجامی ئەوتۆ کـە کـار لە ئامـانجی خواسـتـراومـان دەکـەن کـە لە پرۆسـەی ڕەوتی پەیامەکانماندا دێنە پێشەوە.

جیاوازییەک کە هەر لەسەرەتاوە و ڕاستەوخۆ لەنێوان چارەنووسی ئەڵەمـان و ئەوانی تر کـە لە ڕیشـەی هەمـان ڕەچەڵەک پەیدابوون، دێتـە بەرچاوی سـەرنجـدەر، ئەوەیە کە یەکەمیان لەجێگە و نیشتەجێی ڕەچەڵەکی میللەتەکە مـاونەتەوە، ئەوانەی دوایی بۆ جـێگای تر کـۆچبـاریان کـردووە، یەکـەمـیـان زمـانە بنەڕەتییـەکـەی ڕەچەڵەکی میللەتەکـەیان پاراسـتـوە و پەرەیان پێـداوە، ئەوانەی دوایی زمـانێکی بیـانیـیـان وەرگـرتووە و بەپێی شێـوازی خـۆیان گـۆڕانیـان بەسـەردا هێناوە. لەم جیــاوازییــەی پێــشــووەوە دەبێ لەســەرەتاوە هی دواتر بکەونەوە، بۆ نموونە، لە نیشـتمـانی دایکی خۆدا بەپێی ئاکاری کۆن و دێرینی Ursitte جەرمـانی یەکـێـتی دەوڵەتەکـان لەژێر دەسەڵاتی سنووورداری سەرکردەیەکدا ماوەتەوە، لە وڵاتە بیانییەکاندا، پتر بەشێوازی تاوەکو ئێستا کارپێکراوی ڕۆمیی، دەسـتـوور بەشێـوازی شـانشینی مـاوەتەوە، بە هەمـان شێـوە، ئەوانی ئاوەهان، ڕوون دەکـرێنەوە، بەڵام بەهیچ جـۆرێک بەپێـچـەوانەی ئەم دیسـپلین و نەزمـەوە لەناکردن نایەن.

دەربارەی ئەو گۆڕانانەی باس کران، یەکەمیان، گۆڕینی نیشتمان، بە تەواوەتی کەم بایەخە و گرنگ نییە. مرۆڤ بە سـووک و ئاسـایی لە هەر دەڤـەر و ناچەیەک بێت و لەسـەر هەر پارچە زەوییـەک ڕادێت و خـووی پێوە دەگرێ و، تایبەتمەندی میللەت زۆر دوورە لەوەی لەلایەن دەڤەر و ناوچە و نیـشـتـەجێـوە وا بە ئاسانی کـاری تێبکرێت و بگۆڕدرێت بگرە پتر ئەم لەلایەن ئەوەوە کۆنـترۆڵ دەکرێت و بەپێی خۆی دەیگۆڕێ. هەروەها ئەو جیاوازییەی بەهۆی کـارلێکردنی سـروشـتـەوە لەو ناوچانەی جـەرمـانەکـان تێیـاندا نیشـتـەجێن زۆر گـەورە نییـە. هەروەها بەکەمی بایەخ بەو ڕەوشە دەدرێ کە بەهۆی تێکەڵ و ئاوێتەبوونی بەرەچەڵەک جەرمانەکان لەگەڵ دانیشتوانی پێشووی ئەو وڵاتانەی داگیریان کردووە، کەوتۆتەوە، جەرمانەکان ئەو سەرکەوتوو، هەروەها ئەو دەسەڵاتدارە و ئەوانە بوون کە ئەو مـــــیللەتەی لەو تێکەڵ بوونەدا پێکهـــــاتووە، پەروەردەیان کـردووە و تێگەیاندووە. سـەرەڕای ئەمـە هەمان تێکەڵ بوون کە لە سەرخاکی وڵاتی بیانی لەگەڵ گـالیــیــەکـان و Galliern کـانتـابرەکـان Kan-tabriern...تاد، ڕووی داوە لەنیشتمانی خوددا لەگەڵ سلاڤەکـانیش کـەمـتـر نەکـەوتۆتەوە، بەم پێـیـە هیچ میللەتێک کە لە جەرمانەکان پەیدابووە، ناکرێ و ناشێ

بە ئاسانی ساخی بکاتەوە کە لەوانی تری بناوان و ڕەچەڵەکەی بێگەردتر و خاوێنترە Reinheit.

ئەوی بایەخدار و گرنگە، من وای دادەنێم ئەوپەڕی جیاوازییەکی تەواوەتی لەنێوان ئەڵەمانەکان و میللەتانی تری بەڕەچەڵەک جەرمان دروست کردووە، دووەم گۆڕانە، ئەویش زمانەکەیە، ئەمەش لەبەر ئەوە نەبووە، من دەمەوێ هەر لە سەرەتاوە پێ لەسەر ئەم شتە داگرم، کە زمانەکە کە ڕەچەڵەکە بنەڕەتییەکەی وڵاتەکە پاراستوویەتی پێکهاتەی تایبەتی هەیە، یان زمانێکی تر کە ڕەچەڵەکێکی تر پاراستوویەتی، بەڵکو بەتایبەتی لەبەر ئەمە بووە: لەوێ بابەتی تایبەتی خۆیان پارێزراوە و لێرە بابەتێکی بیانی وەرگیراوە، هەروەها لەبەر ئەوە نەبووە کە ڕەچەڵەکەکەی پێشوو هەر بەزمانی خۆیان دواون و قسەیان کردووە، بەڵکو لەبەر ئەوە بووە ئەم زمانە بەبێ پسانەوە بەکارهاتووە و قسەی پێکراوە، چونکە پتر زمان مرۆڤ پێدەگەیەنێ لەوەی مرۆڤ زمان پێبگەیەنێ.

بۆ ئەوەی ئەنجامی ئەو جیاوازییەی میللەتان دروست دەکات و سروشت و جیاوازی بەرانبەرو تایبەتمەندی نەتەوە کە بەناچاری لەم جیاوازییەوە دەکەوێتەوە، ئەوەندەی بکرێ و لەتوانادا بێت و ناچاری بێت، ڕوون بکەینەوە، دەبێ داواتان لێ بکەم لەسەرنجدانی جەوهەری زمانەکە بەگشتی بەشداری بکەن.

**زمان بەگشتی و بەتایبەتی ئەو هێمایانەی بەهۆی بوونیان بەدەنگ لەلایەن ئامرازەکانی زمانەوە شت دەردەبڕن، هیچ کاتێک پابەندی چەند بڕیار و ڕێککەوتنێکی هەڕەمەکی نین، بەڵکو پێش هەموو شتێک قانوونێکی بنەڕەتی هەیە کە بەپێی هەموو چەمکێک Begriff لە ئامرازەکانی زمانی مرۆڤدا کە شتێک نەک یەکێکی تر بەدەنگ دەردەبڕێ. هەر وەک چۆن بابەتەکان Gegenstande لەبەرهەم و داهێنانی هەستەکانی تاکەکاندا بە ڕوخسار و شێوە و ڕەنگی دیاریکراو...تاد، ڕەنگ دەڕێژدرێن، ئاوەها ئەوان خۆیان لە ئامرازی کارکردنی کۆمەڵی مرۆڤدا، لەزماندا بەدەنگی دیاریکراو خۆیان دادەڕێژن. مرۆڤ خۆی بەتایبەتی نادوێ و قسە ناکات، بەڵکو سروشتی مرۆڤ لەودا دەدوێ و دێتە قسەکردن و خەبەر بە کەسانێکی تری وەک خۆی دەدات. ئیتر دەبێ بوترێ: زمان شتێکی تاک و بێ وێنە و دەگمەنە و ئەوپەڕی پێویست و ناچارەکییە.**

دەکرێ و دەشێ، ئەمە خاڵی دووەمە، زمان بۆ مرۆڤ وا بە سووک و ئاسانی هیچ جارێک و لەهیچ جێگایەکدا بەو یەکێتی و یەکڕەنگییە نەگەیشتبێ، بەڵکو لە هەموو شوێنێک، لەم لاو ئەولا پتر گۆڕانی بەسەرداهاتووە و داڕێژراوەتەوە، ئەمەش بەهۆی چەند کارتێکردنێک کە بەهۆی بەکارهێنانی زۆر و زەبەندەوە، یان بەهۆی کەمی و دەگمەنی بەکارهێنانیەوە کار لە ئامرازەکانی زمان کراوە، بەدوای یەکتریدا هاتنی ئەو بابەت و شتانەی نیشان دراون و سەرنج دراون کار لە بەدوایەکتریدا هاتنی نیشان دراوەکانی کردووە. بگرە لەگەڵ ئەمەشدا هیچ دەرفەتێکی هەڕەمەکی و ڕێککەوت لە ئارادا نەبووە، بەڵکو بەهۆی قانوونێکی سەختەوە بووە، بەهۆی ئەم قانوونەوە بەناچاری ئامرازەکانی زمان Sprachwerkzeuge کەوتوونەتە ژێر باری ئەو کارلێکردن و مەرجانەوە کە باس کران، نەک بە زمانێکی یەکڕەنگی یەکگرتوو و بێگەردی مرۆڤییانە، بەڵکو بەلادانێک لێوەی و بگرە ئەم لادانە دەستنیشان کراو و دیارە لەوەوە کەوتۆتەوە.

ئەگەر ئەوکەسانەی ئامرازی زمانیان لەژێر باری ئەو کارلێکردنە دەرەکییەدایە و پێکەوە دەژین و بەپێوەندی لەگەڵ یەکتری کردنی بێ پسانەوە و خەبەردان زمانەکەیان پەرەپێدەدەن بەمیللەت ناوبنرێن ئەوا پێویستە بوترێ:

«زمانی میللەتەکە بەناچاری چۆنە وەهایە، ئەم میللەتە بەشێوەیەکی تایبەتی زانینەکەی خۆی دەرنابڕێت، بەڵکو زانینەکەی بۆ خۆی لەوەوە خۆی دەردەبڕێ»

لەگەڵ ئەو هەموو گۆڕانانەی کە بەهۆی ئەو ڕەوشانەوە کە باسمان کردن ئەم قانوونە بەبێ پسان و پچڕان دەمێنێتەوە؛ هەر شتێکی نوێ کە لایەن تاکەکەسانەوە دابهێنرێت بەرگوێی هەمووان دەکەوێ. ئەمە خۆی قانوونە. دوای هەزاران ساڵ و دوای هەموو ئەو گۆڕانانەی بەسەر دیاردە دەرەکییەکانی ئەم میللەتەدا هاتوون، بەبێ پسانەوە زمانێکی بنەڕەتی زیندووی لەسروشتەوە، سەرەڕای ئەم هەموو هەلومەرجانە، بەتوانا ماوەتەوە و هەموو جارێک ئەو وێنەیەی پێ بڕاوە کە پێویست بووە پێی ببڕێ بۆ ئەوەی ببێ بە ئەوەی کە ئێستاکە وایە و لەدوای چەند کاتێکیش دەبێ بەوەی کە دەبێ وابێ. زمانی ڕووت و بێگەردی مرۆڤ کە بەیەکڕەنگی پێکەوە وەربگیرێ لەسەرەتاوە، لەگەڵ ئۆرگانی میللەت، کە بۆ یەکەم جار یەکەم وشەی بەدەنگ دەربڕیوە، چی لێکەوتۆتەوە، ئیتر لەدواییدا ئەو هەموو

پەرەسەندنانەی ئەم یەکەم دەربڕینە لەژێر باری ئەو ڕەوشانەدا کە باس کران، پێویست بووە بیکات، وەک دوا ئەنجام ئەو زمانەی ئێستای میللەتی لێکەوتۆتەوە. هەربۆیە زمان هەمان زمانەکە خۆی دەمێنێتەوە. دەکرێ دوای چەند سەدەیەک نەوەکان لەو زمانە تێنەگەن کە باووباپیرانیان قسەیان پێکردووە، چونکە بۆ ئەوان پرۆسەی گۆڕان و گوێزرانەوەکە Ubergange لەناوچووە، لەگەڵ ئەمەشدا هەر لە گوێزرانەوەیەکی بەردەوام، بەبێ پچڕان و بازدان Sprung، بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکرێت، بەرەو ئێستا، هەبووە، ئەمەش تەنیا بەهۆی پەیدابوونی چەند گوێزرانەوەیەکی نوێ هەستی پێدەکرێت و وەک بازدان دەردەکەوێ و دێتە بەرچاو. هیچ جارێک لە هیچ کاتێکدا ڕووی نەداوە هاوچەرخەکان لەوەدا لەیەکتری نەگەن، چونکە هێزی سروشتی ناوکۆیی قسەکردن ناوبژیکار و تەرجومانی نەمر و هەمیشەییان بووە و واش دەمێنێ. ئەمە حاڵ و ڕەوشی زمانە کە هێما و نیشانی ئەو بابەتانەیە کە ڕاستەوخۆ هەستەکان پەی پێدەبەن، ئەمە سەرەتای هەموو زمانێکی مرۆڤایەتییە. خۆ ئەگەر هاتوو میللەتێک بەرەو تێگەیشتنی سەروو هەستەکی خۆی لەم ئاستە بەرز کردەوە (Erhebt sich) ئەوا، بۆ ئەوەی ئەم پەی پێ بردنە دووبارە ببێتەوە تاوەکو تاکەکەسان لەسەر گەردانی بوون بەهۆی بابەتی هەستەکییەوە خۆیان بپارێزن و بۆ ئەوەی وەک خەبەر و بەڵگە بدرێتە دەست کەسانی تر، ئەوا دەبێ هەر لەپێشەوە ناکرێ شتێکی تر پشتی پێ ببەسترێ لەوە بەولاوە کە خۆیەک ein Selbst وەک ئامرازێکی کارکردنی جیهانی سەروو هەستەکی نیشان بدرێت، ئینجا دەبێ ئەمە لەو خودە خۆی کە ئامرازی کارکردنی Werzeug جیهانە بە تەواوەتی جیاو جیاواز بکرێت، نەفسێک، ناخێک و شتێکی وەک ئەمە لە بەرانبەر جەستەیەکی لەشی دابنرێت. دوای ئەمە لەدواییدا، بابەت و شتە جیاوازەکانی ئەو جیهانی سەروو هەستەکییە دەکرێ، تەنیا بەگشتی لە ئامرازە کارکردنەکەی سەروو هەستەکییەوە دەرکەون و هەر بۆ ئەویش هەن و لە زماندا بەو شێوە و جۆرە نیشان دەدرێن کە بگوترێ پێوەندییە تایبەتییەکەی لەگەڵ ئامرازی کارکردنەکەیدا، هەروەک پێوەندی ئەو لەگەڵ پێوەندی بابەتێکی هەستەکی بە ئامرازی کارکردنە هەستەکییەماندا چۆنە وایە. لەم پێوەندییەدا سەروو هەستەکییەکی تایبەتی بەرانبەر بە هەستەکییەکی تایبەتی وەک یەک یەک دادەنرێن و بەهۆی ئەم وەک یەک دانانە Gleichsetzung جێگاو شوێنەکەی لەنێو ئامرازی کارکردنی سەروو هەستەکیدا بەهۆی زمانەوە دەردەبڕدرێ و ڕوون دەکرێتەوە. زمان لەم کایە و خوغزە بەولاوە ناکرێ شتێکی تر بێت، ئەو وێنەیەکی هەستی سەروو هەستەکان دەداتە دەست لەگەڵ ئەو تێبینییەدا کە ئەو تەنیا وێنەیەکە، ئەوی بیەوێ بەشتەکە خۆی بگات، دەبێ بەپێی ئەو ڕێ و شوێنەی بەهۆی وێنەکەوە دراوەتە دەست، ئامرازی کارکردنە گیانییە تایبەتیەکەی خۆی بەجووڵە بهێنێ. بەگشتی ڕوون بۆتەوە، کە دەبێ ئەم نیشان و هێما وێنە بەرهەستییەکەی سەروو هەستەکییەکە هەموو جارێک بەپێی ئاستی پەرەسەندنی توانای زانینی هەستەکی ئەو میللەتە کە باسی دەکرێت و پابەندی بێت، هەربۆیەشە کە سەرەتای دەست پێکردن و بەرەو پێشچوونی ئەو وێنە هەستییەی هێما و نیشانەیە لە زمانە جیاجیاکاندا زۆر جیاواز دێنە بەرچاو، ئەمەش بەپێی جیاوازی پێوەندی نێوان پەروەردە هەستەکییەکە و پێگەیشتوویی و پەروەردەی گیانی میللەتەکە کە بەو زمانە دەدوێ و قسە دەکات هەبووە و بەردەوامیش لە ئارادا دەبێت.

ئێمە لەپێشەوە بەهۆی نموونەیەکەوە ئەم سەرنجە لەخۆدا ڕوون و ئاشکرایە ڕوون دەکەینەوە. شتێک، کە بەپێی ئەو ڕوون کردنەوەیەی لەپەیامی پێشتر دەربارەی تێگەیشتنی هۆکاری پاڵنەری سروشتی بنەڕەتی دامانە دەست، نەک بەهۆی هەستێکی تەمومژاوی تاریک و لێڵەوە، بەڵکو بەهۆی زانینێکی ڕوون و ڕەوانەوە پەیدادەبێت، هەمان شت هەموو جارێک بابەتێکی سەروو هەستەکییە بە وشەیەکی یۆنانی هەروەها لە ئەڵەمانیشدا هەمان وشە بەکارهاتووە، ئیدێیە Idee ئەم وشەیە بە تەواوەتی هەمان ئەو وێنەیە دەداتە دەست کە وشە ئەڵەمانییەکە بە (ڕوو) دەری دەبڕێ و هەروەها چۆن ئەمە لە وەرگێڕانەکەی تەورات و ئینجیلی لوتەردا بەکارهاتووە، هەروایە:

ئێوە ڕووەکان دەبینن و خەون دەبینن- لەوێدا واهاتووە.

ئیدێ یاخود (ڕوو) Gesicht بەواتا هەستەکییەکەی ئەوە دەگەیەنێ؛ کە بەچاوی لاشە، بەڵام بەهیچ جۆرێک نەک بە هەستێکی تر، وەک دەست لێدان، بیستن، بکرێ تێی بگەیشترێ، هەروەها ئیتر وەک کۆلکە زێڕینە(١)

Regenbogen ، یان وێنە و ڕوخسارەکان وایە کە لەخەوندا بە بەرچاوماندا دێن. هەمان شت لەواتا سەروو هەستەکییەکەدا، پێش هەموو شتێک، بەپێی ئەو بازنە و جوغزەی دەبێ وشەکە تێیدا دەستبەکار بێت، شتێکە -et was کە بەهیچ جۆرێک نەک بە لاشە، بەڵکو بەگیانێک تێی دەگەیشترێ erfasst، ئیتر نەک بە هەستێکی تاریک و تەمومژاوی گیان، وەک چۆنە ئەوانی تر وان، بەڵکو تەنیا بەچاوی هەمان شت خۆی بەهۆی زانینێکی ڕوون و ئاشکراوە دەکرێ پەی پێببردرێ. دەکرێ بویسترێ دواتر وا پەسند بکرێت کە یۆنانیەکان بە هێما و نیشان و دەلالەتە وێنە هەستییەکانیان بەبنەمای کۆلکە زێڕینە و دەرکەوتنی لەم جۆرە پشتیان بەستبێ، ئەوا دەبێ ئەوکاتە دانی پێدابنرێت، کە زانینە هەستەکییەکەیان دەبوو پێشتر بۆ ئاستی هەست کردن بە جیاوازی نێوان شتەکانیان بەرێت، کە هەندێکیان بۆ هەموو، یان بۆ پتری هەستەکان و هەندێکیان تەنیا لەبەر دەم چاوێکدا دەردەکەون و سەرەڕای ئەمە، ئەوان ئەگەر لەبارەی چەمکە پەرەسەندووەکەوە بۆچوونێکی ڕوونیان هەبووبایە، نەک بەم جۆرە، بەڵکو بەشێوەیەکی تر نیشانیان دەدا و دەریان دەبڕی، ئەوی دووپاتی کردۆتەوە و ساخی کردۆتەوە، دەربارەی گیان ڕوونی، کە ئەوان و لەسەروو میللەتی ترەوەن، ئەوەیە جیاوازی نێوان هەستەکی و سەروو هەستەکی لەلایان ڕوون بووە نەک بەهۆی ڕەوشێکی ژیرەکی بە خەبەربوونەوە، وێنە هەستەکییەکەیان نیشان داوە، بەڵکو کردوویانە بە خەونی هەڵاتن و پەنابردن بۆ ئەوەی وێنەیەک بۆ جیهانێکی تر بدۆزنەوە لە هەمان کاتدا دەکرێ ڕوون و ڕەوان بێت کە ئەم جیاوازییە نەک بەهۆی هێزی هەستەکی دەربارەی سەروو هەستەکی و کە لەنێوان هەردوو میللەتدا جیاوازە، کەوتۆتەوە و پەیدابووە، بەڵکو تەنیا بەهۆی جیاوازی ڕوونی هەستەکییەوە کە ئەوکاتە پێویست بووە، دەبوو بە سەروو هەستەکی نیشان بدرێت، پەیدابووە و پشت ئەستووربووە.

بەم جۆرە هەموو هێما و نیشانکردنێکی سەروو هەستەکی پابەندی قەوارە و ڕوونی زانینە هەستەکییەکەی ئەوەن کە دەست نیشانی دەکەن. وێنەی هەستەکی لەلای ئەو ڕوونە و پێوەندی تێگەیشتراو و ئامرازی کارکردنی گیانی بەوپەڕی تەواوەتی کە تێی بگەیشترێ دەردەبڕێ، ئیتر ئەم پێوەندییە بەهۆی پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی تری زیندووە لەگەڵ ئامرازی کارکردنە هەستەکییەکەیدا دەبێتە مایەی ئەوەی لەلای ڕوون و ئاشکرا بێت. ئەم هێما و نیشانە نوێیە پەیدابووە، بە هەموو ڕوون و ڕوانییە نوێیەکەوە، کە بەهۆی ئەم بەکارهێنانە فراوانەی هێما و نیشانەوە زانینی هەستەکی بەدەست دەهێنێ لەزماندا دادەنرێت. زانینی شیاوەکی هەستەکی دواڕۆژ تەنیا بەپێی ئەو پێوەندییەی لەگەڵ زانینی سەروو هەستەکی و هەستەکییەوە کە بەتێکڕایی لەزماندا گەلاڵە کراوە نیشان دەدرێت و دەکرێت، ئیتر بەم جۆرە بەبێ پسانەوە بەرەو پێش دەچێت، هەروەها هیچ جارێک ڕوونی و ڕاستەوخۆ تێگەیشتن لە وێنە هەستەکییەکە لە پسان نایەت، بەڵکو وەک ڕووبارێکی بەردەوام دەمێنێتەوە. ئینجا لەبەر ئەوەی زمان ڕاگەیاندنێکی هەرەمەکی نییە، هێزێکی سروشتی ڕاستەوخۆیە کە لە ژیانی ژیر و تێگەیشتنەوە سەرچاوە دەگرێت، ئیتر ئەو زمانە بەبێ پسانەوە کە بەپێی ئەم قانوونە بەرەو پێش دەچێ ئەو توانایەی هەیە ڕاستەوخۆ دەست بخاتە نێو ژیانەوە و بیووروژێنێ. هەروەک چۆن شتەکان کە لەبەردەستدان مرۆڤ دەبزێون، ئاوەها پێویستە وشەکانی زمانێکی وەک ئەمە ئەوە بێننە جووڵە و بزوێن کە لێیان تێدەگات، ئەوان ئەو شتانەن کە بەهیچ جۆرێک شاکارێکی Machwerk هەرەمەکی نین، هەروەها لەپێشەوە، بابەتەکە لە کایەی هەستەکیدا هەروایە و، لە بوار و کایەی سەروو هەستەکیشەوە شتێکی تر نییە. خۆ ئەگەرچی بەرەوپێشچوونی نەپساوەی سەرنجدان و تێبینی کردنی سروشت، ئەوەندەی پێوەندی بەوەی دواوە هەیە، بەهۆی ڕامان و هزری ئازادەوە دووچاری پچڕان و ترازان دەبێ ئەوا لێرەدا هەروەک ئەوەی بێ وێنەیی ڕەب بەدەرکەوێ، ئیتر بەم پێیە هێماو نیشان بەهۆی زمانەکەوە ئەم بێ وێنەییە لەم جێگایەدا دەباتەوە سەر پێوەندی دەستیاوی هەمیشەیی وێنە هەستییەکە. بەم جۆرە بەرەو پێشچوونی بەردەوام و بێپسانەوەی زمان کە لە پێشەوە وەک هێزێکی سروشتی دەردەبڕدرێ ناپسێتەوە و بەردەوام دەبێت و لە ڕەوت و کشانی هێما و نیشاندا هیچ هەرەمەکییەک دەرناکەوێ. هەروەها، بۆیە، دەکرێ بەشی سەروو هەستەکی زمانێکی بەردەوام بەرەوپێش پەرەسەندوو، هێزی ورووژێنەرەکەی ژیانی لەکارکردن لەو ئامرازی کارکردنەی گیانی خۆی دەبزوێنێ، دەرباز نەبێ. وشەکانی ئەم جۆرە زمانە لە

هەموو بەشەکانیدا ژیانن و ژیان دادەهێنن. ئێمە پەرەسەندنی زمان بەهەند وەردەگرین و سەبارەت بە سەروو هەستەکییەکە ئەو هەلومەرجە گرنگانە دەکەین، کە میللەتی ئەو زمانە لە پێوەندی کردن بە یەکترییەوە نەپچڕاون و ئەوان هزر و قسەی یەکتری تێدەگەن، ئەوی دەبێ بڵێین بەگشتی هەموو ئەوانەی بەو زمانە دەدوێن دەگرێتەوە. بۆ هەموو ئەوانەی کە دەیانەوێ هەر بیر بکەنەوە ئەو وێنە هەستیانەی لەزمانەکەدا ڕەنگ ڕێژراون ڕوون و ئاشکران، بۆ هەموو ئەوانەی بەڕاستی بیردەکەنەوە زیندووە و هەست و نەستی ژیانیان دەبزوێنی و دەوروژێنێ.

لەزمانێکدا هەر لەیەکەم دەنگیەوە، شتەکە بەم جۆرەیە، من دەیڵێم، کە لەناو هەمان میللەت خۆیدا بەرپابووە، بەبێ پسانەوە لە ژیانی ڕاستەقینەی هاوبەشی میللەتەوە پەرەی بەخۆی داوە و هیچ کاتێک بەشێکی وای تێدانەبووە کە بەسەرنجدان و دید و تاقیکردنەوەی زیندوو میللەتەکە پێیدا تێنەپەڕیبێ و بەتەبایی و گونجاوی هەمەلایەنە لەگەڵ هەموو جیهاندیدەکانی تری هەمانە میللەت جیهاندیدەکەی دەرنەبڕیبێ.

خۆ ئەگەر بشێ داهێنەری ئەم زمانە ڕێگای فرە تاکە ڕەگەزی تری خاوەن زمانێکی تر بدات ئاوێتەی بێن einverleibt، خۆ ئەگەر ئەمانە لەکایە و بازنەی Umkreis سەرنجدانی خۆیان بەرزتر نەبنەوە بۆ ئەو ئاست و ڕادەیەی زمانەکە خۆی بەرەوپێش بردووە، ئەوا بە کەڕولاڵی لەنێو کۆمەڵگادا دەمێننەوە و تاوەکو بەکایە و ڕادەی جیهاندیدی میللەتەکە نەگەن، هیچ کارێک لەزمانەکە ناکەن و ئەوان زمان دروست ناکەن، بەڵکو زمان ئەوان دروست دەکات و پێیان دەگەیەنێ. ئەوپەڕی بەپێچەوانەوە لەوەی تائێستا وتراوە دەکەوێتەوە، ئەگەر هاتو، میللەتێک دەستبەرداری زمانەکەی خۆی ببێت و زمانێکی تر کە لە نیشانەکانی دەربڕینی سەروو هەستەکیدا زۆر بەرەو پێش چوو بوو پێگەیشتبوو، وەربگرێت، ئەوا وا بە ئاسانی خۆی لە بەرانبەر ئەم زمانە بیانییە پەرەسەندووەدا نادات بەدەستەوە و بە حەپەساوی نامێنێتەوە تاوەکو دەچێتە ناو بازنە و پاوانی جیهاندیدی ئەم زمانە بیانییەوە، بەڵکو جیهاندیدی تایبەتی خۆی بەسەر زمانەکەدا دەسەپێنێ، لەم بۆچوونەوە، بۆ ئەوەی زمانەکە خۆی لەجوغز و چوارچێوەی دیدەکەیدا بەرەوپێش ببزوێنێ. لەمەبەستی بەشی هەستەکی زمانەکەدا هیچ ئەنجامێک ناکەوێتەوە. پێویستیش ناکات زاروەکانی هەر میللەتێک ئەم بەشەی زمان، هەروەک ئەوەی گوایە هێما و نیشانەکان شتێکی هەڕەمەکین، فێربن و تێکڕای پەرەسەندنی زمانی پێشووی نەتەوە لەلای خۆیان دووبارە بکەنەوە، هەر نیشانێک لەم بازنە هەستەکیەدا دەکرێ بە هۆی سەرنجدان و وردبوونەوەی ڕاستەوخۆ، یان پێوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەو شتەی هێماکە نیشانی دەدات، بەتەواوەتی ئەوپەڕی ڕوون ببێتەوە. ئەوپەڕەکەی، دەبێ لەمەوە ئەو ئەنجامە بکەوێتەوە، لەلای یەکەم نەوەی ئەو میللەتەی زمانەکەی خۆی گۆڕیوە، لە هەڕەتی پیاوییەوە ناچار بی بۆ ساڵانی زاروەتی (منداڵی) بگەڕێتەوە، بەڵام لەلای نەوەی دوارۆژدا هەموو شتێک جارێکی تر دەچێتەوە سەر سەرچاوەی نەزمی کۆن. کەچی بەپێچەوانەوە، ئەنجامی ئەم گۆڕانە سەبارەت بەلایەنی سەروو هەستەکی زمانەوە کاری بەرچاو و گرنگی دەبێ.

ئەم لایەنە بەو جۆرەی باسمان کرد بۆ خاوەنی یەکەمی زمانەکە بەو جۆرە بووە کە خستمانە بەرچاو، بەڵام بۆ ئەوانەی دواتر زەوتیان کردووە ئەوا وێنە هەستییەکە Sinnbild جۆرە وەک یەک لێکردن و بەراوردییەکی لەگەڵ جیهاندیدی هەستەکی کە ماوەیەکی دوورە تێی پەڕاندووە و لێی تێپەڕیوە بەبێ ئەوەی پێگەیاندن و پەروەردە گیانی و کولتوورییەکەی پاراستبێ کە تێیدایە، یان ئەوان نەیان بووە و هیچ جارێکیش ناتوانن هەیانبێ. ئەوی ئەوپەڕەکەی لەتوانایاندایە بیکەن، ئەوەیە ئەوان وێنە هەستەکییەکە و بایەخ و واتای گیانی هەمان شت خۆی ڕوون بکەنەوە، بەمەش مێژوویەکی تەنک و مردووی کولتوورێکی بیانی، بەڵام نەک کولتوورێکی تایبەتی خۆیان، دەستگیر دەبێ و ئەو کولتوورانە بەدەست دەهێنن کە نە ڕاستەوخۆ ڕوون و ڕەوانن و نە هاندەری ژیانن، بەڵکو بگرە وەک لایەنی هەستەکی زمان دەبێ بە هەڕەمەکی و بێ نەزم دەرکەون و بێنە بەرچاو. بۆ ئەوان ئێستاکە، بەهۆی هاتنە ناوەوە و دەرکەوتنی مێژووی ڕووتی بێگەردەوە وەک ڕوونکەرەوەیەک، زمان لە بۆچوون و ڕوانگەی تێکڕای کایە و بازنەی وێنە هەستەکیە هێماییەکەیەوە، مردووە، تەواو بووە، بەردەوام کشان و بەرەو پێش چوونەکەی پساوە و وەستاوە. خۆ ئەگەرچی بەتێپەڕاندنی ئەم کایە و بازنەیە Umkreis، بەپێی شێواز و ڕێبازەکەیان، ئەوەندەی لەم

بۆچوونەوە لەکــردن و توانا دابێت، بتــوانن زمــانەکــە زیندووبکەنەوە و بەرەو پێشی بەرن و پەرەی پێ بدەن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بەشە هەروەک پەرچێو و دیوارێکی سەخت دەمێنێتەوە کە تەوژم و گوڕی ڕەسەنی زمانەکە، کە هێزێکی سروشتییە لەژیاندا، بەربەست دەکات و ڕێگای هاتنەوەی بۆ ژیان، بەبێ بواردن، دەگرێ و تێکی دەدات. ئەگــەرچی زمــانێکی وەک ئەمــە لەبەشی دەرەکــییــەکەدا دەکرێ بەهۆی هەواو باوە ببزوێنرێت و ڕوخســاری ڕواڵەتی ژیانێک نیــشــان بدات، ئەوا ئەو بەشێکی پێکهاتەی قووڵ و پتەوی مردووی هەیە و ئەو بەهۆی بەدەرکـــەوتنی بازنەیەکی نوێی دید و هزر و پچڕانی کۆن و ترازانەکەی، لە ڕەگ و ڕیشەی زیندوو پچڕاوە و دابڕاوە.

ئەوی وتمان بە نموونەیەک بەرجەستەی دەکەین: هەروەها ئێمە تێبینییەک بۆ پتەوکردنی نموونەکەمان دەخەینە بەرچاو: زمــانێک کــە لەبنەڕەتدا مــردووبێ و لێی تێنەگەیشــترێ، دەکرێ بەسووک و ئاسانی باری خۆی بگۆڕێ و وەربچەرخێ و بەشێوازی ناڕەوا بۆ جوانکردنی بادانەوە و بارگـــۆڕین و وەرچەرخـــانی مـــرۆڤ بەکاربهێنرێت، ئەمەش لە زمانێکدا کە هەرگیز نەمردبێ لە کردن و لەتوانادا نییە. بۆ پاساودانی نموونەکە سێ وشەی ناودار ناسراو بەکاردەهێنم:

- مرۆڤ پەروەری Humanitat
- میللەت پەروەری (گەلیی) Popularitat
- ئازدیخوازی (لیبرالییەت) Liberalitat

* ئەم وشانە لەبەردەم ئەڵەمانیەکدا، کە هیچ کاتێک زمانێکی بیانی فێرنەبووبێ، بگوترێن و دەرببڕدرێن وەک چەند دەنگێکی بێ واتا دێنە بەرگوێچکەی، شتێکی ئاشنا و زانراوی بەهۆی خزمــایەتی و لەیەکــچــوونی دەنگەکەوە وەبیــرناخــەنەوە کە ببێــتە مــایەی ئەوەی لەچوارچێوەی جیهانديد و سەرنجدانەکەی و بگرە لە هەموو سەرنجدانێکی شیاوەکی لەکردن هاتوو بەتەواوەتی دابیبڕن. خۆ ئەگەر هاتو وشەیەکی نەبیستراو و نەزانراو بەهۆی بیــانیـــەکـــەیەوە و بە دەنگ و لەرینەوە پڕ سازەکەیەوە سەرنجی ورووژاند، کە بەبڵندی دەلەرێتەوە، ئەوا دەبێ و پێویستە شتێکی بەرز و بڵند بگەیەنێ، هەربۆیەشە ئەم واتا گەیاندنە هەر لەسەرەتاو پێشەوە وەک شتێک کە بەلایەوە نوێیە روونی بکاتەوە و ئەم ڕوونکردنەوەیە تەنیا هەر کوێرانە بڕوای پێدەکرێت و وەردەگیرێت و بە بێدەنگی ڕادێت وەک ڕاستەقینەیەک دایبنێ و بەبایەخەوە دانی پیادابنێت ئەگەر بێتو ئەوەی سەرنجی ڕاکێشراوە بەخۆی بسپێردرێ و خۆی تێنەگەیەنرێت. مرۆڤ بڕوا ناکات، لەلای میللەتانی لاتینی نوێ، کە ئەم وشانە دەردەبڕن گوایە بە وشەی زمانی دایکیانی دادەنێن، بابەتەکە جیاوازتربێت، بەبێ توێژینەوەیەکی زاناو پسپۆڕانەی کولتووری کۆن (Altertum) و زمانە ڕاستەقینەکەی، بە کەمی هەروەک ئەڵەمان لە ڕەگ و ڕیشەی ئەم وشانە تێدەگەن. خۆ ئەگەر لەجیاتی وشەی مرۆڤپەروەری لاتینی وشەی ئەڵەمــانی مــرۆڤ پەروەری Menschlichkeit بە هەمان واتا وەربگێڕدرێ و بەرگوێی ئەڵەمان بخرێت ئەوە لە ڕوونکردنەوە مێژووییەکەی دەگات و بەڵام ئەو دەڵێ:

«مرۆڤ زۆر ناڵێ و دوور ناکەوێتەوە ئەگەر بێژێ ئێمە مرۆڤین و زیندەوەری کێوی نین».

ئێــتر مرۆڤی ڕۆمی هیچ کاتێک وەڵامی ئەم پرسەی نەدەدایەوە ئەگەر هاتبایە ئەڵەمانەکە بەم جۆرە بابەتەکەی دەرببــڕیبــایە، ئەمــەش بەگــشــتی پێــوەندی بە وشــەی Menscheit هەیە لەزمانەکەیدا کە وەک چەمکێکی هەســتــەکی مــاوەتەوە، بەڵام هیچ جــارێک نەبووە بە وێنەیەکی هەســتــەکی سەروو هەســتــەکی وەک لەلای ڕۆمــەکــان وەهایە. لەوەدا کــە باوباپیــرانمان لەوانەیە مــاوەیەکی دوور و درێژ پێش ئێــستــا هەســتــیــان بەچەند چاکــەکــاری Tugend مــرۆڤ کــردبێ و بەهۆی وێنەی هەســتــەکی لە زمــانەکــەدا نیــشــانیــان داون، ئەمــەش بەرلەوەی بگەنە ئەو ڕادەیەی ئەو بابەتە خــــۆی لەچەمکێکی یەکگرتووی یەک ڕەنگیــدا و بگرە وەک پێچەوانەیەکی سروشتی زیندەوەری ڕەنگ بڕێژن و تێی بگەن، ئەمــەش بەهیچ جۆرێک نابێــتــە مــایەی ئەوەی باوباپیرانمان لەبەرانبەر ڕۆمییەکاندا گازندە بکرێن. خۆ ئەگــەر گــەرەک بێت ئەم وێنە هەســتــەیــیــە بەرەچەڵەک ڕۆمــیــیــە و بیــانییــە بە شێوەیەکی دەستکردانە -Kun stich بخرێنە نێو گەمەی زمانی ئەڵەمانەوە دەبێتە مــایەی نزمکردنەوەی ئاســتی جــۆری بیــرکــردنەوەی ئاکــاریــیــان لەوەدا کــە ئەمــە وەک بابەتێکی چاک و شــایســتــەی ژیان دەداتە دەســتــیــان، دەکــرێ ئەمــە لە زمانێکی بیــانیــدا بەو جــۆرە بێت، ئەگــەرچی ئەوان بە ســایەی هێــزی ئەندێشــەی نەتەوەییــانە -Nation aleinbidung کــە لە لەقین و ترازان نایەت، ناتوانن

بەو جۆرە نەبێ کە لەلایان زانراو و ناسراوە، وێنەکەی بەمێشکیاندا بهێنن، دوورنییە لێکۆڵینەوەی نزیک na-here ساغی بکاتەوە ڕەچەڵەکە جەڕمانەکان کە زمانی ڕۆمییان وەرگرتووە و کردوویانە بەزمانی ئاخاوتنیان. هەر لەسەرەتاوە دووچاری ئەم نزم بوونی پلەی جۆری بیرکردنەوەی ئاکاری بووبن ئێستاکە ئێمە بایەخێکی زۆر بەم ڕەوش و دۆخە نادەین. لەدواییدا ئەگەر بێتو من لەجیاتی وشەی:

– میللەت پەروەری.
– ئازادیخوازی (لیبرالییەت).

چەمکی دەربڕینی سەرگەرمی و ئارەزووکردنی سوود و قازانجی بەخشش و لەلای کەسانێکی فرە و، دوورکەوتنەوە لە بەند و کۆیلایەتی، کە وەک هەر وشەیەک دەبێ وەربگێڕدرێ، بە ئەڵەمانەکانی دەڵێم، ئەم دوو دەربڕینە یەکەم جار هیچ جارێک وێنەیەکی هەستی ڕوون و زیندوو نادەنە دەست وەک ئەوەی ڕۆمییەکانی پێشوو بەدەستیان هێناوە.

ئەو شتە هەموو ڕۆژێک نەرمونیانترین لوتف و ئەدەبێک بووە کە پاڵێوراوێکی مرازونیاز لە سنوور بەدەر بەرانبەر بەگشت جیهان نواندوویەتی و هەروەها بەچاوی خۆی بەرپابوونی کۆیلایەتی دیوە، ئەم وشانە جارێکی تر بەزیندووی و گەرم و گوڕی هاتوونەتە بەرچاوی. گۆڕانی فۆرمی حوکمڕانی و بڵاوبوونەوەی مەسیحییەت دوایین مرۆڤی ڕۆمی لە دیتنی ئەم شانۆیە بێبەش کردووە، بەهۆی بێگانەیی مەسیحییەت ئەو بەگشتی نەیتوانیوە خۆی بپارێزێ و نەشیتوانیوە وەری بگرێت و بیگرێتە خۆی einverleiben زمانە تایبەتیەکەشی بەشێکی فرەی، لە زمان و دەمی هاوولاتیانی خۆیەوە دەستی بە مردن و نەمان کردووە. چۆن ئەم زمانە کە لەولاتی خۆیدا نیوە مردووە، دەتوانێ بەزیندوویی بۆ میللەتێکی بیانی بچێت؟! چۆن دەتوانی بۆ لای ئێمەی ئەڵەمان بێت؟! لەدواییدا دەربارەی وێنە هەستەکییە گیانییە کە لە هەردوو دەربڕینەکەدا هەیە، ئەوا لە وشەی گەلیدا هەر لە بنەڕەتەوە واتایەکی بەدی تێدایە کە بەهۆی تێکچوونی نەتەوەکە و گەندەڵی دەستوورەکەی لەسەر زمان و لە دەمیاندا بووە بە بەچاکەکاری. مرۆڤی ئەڵەمان ئەم تێکچوون و شێوانە هیچ جارێک پەسند ناکات ئەگەر لەزمانەکەی خۆیدا نەیەت و نەبێت. وەرگێرانی لیبرالییەت بەوە کە مرۆڤ نەفسی کۆیلەی نەبێت، یان بەدابودەستووری Sitte نوێ بگوترێ: جۆری بیرکردنەوەی زەبوون و خزمەتکارانی نەبێت، ئەو جارێکی تر وەڵام دەداتەوە کە ئەمە زۆر کەم شت دەڵێت.

ئەم وێنە و ڕوخسارە بێگەردە لەلای ڕۆمەکان لەنزمبوونەوەی ئاستی پەروەردەی ئاکارییانە کەوتۆتەوە، یان لە ڕەوتی پتر پەرەسەندنی زمانی لاتینی نوێدا چەند وێنەیەکی هەستەکی دەربڕو نیشاندەری بەدکاری بووە و چەمک و سروشتی کەمی دروستی دەربارەی پێوەندییە کۆمەلایەتییەکان و هی دەستبەردار بوون لە خۆو هی بێویژدان و ئاکار تێکچوانی خراوەتە سەر و هەمان شت خزێنراوەتە نێو زمانی ئەڵەمانیەوە، بەپێی ئەو ڕێژەی ئێمە لە شارستانیەتی کۆن و دێرین و وڵاتەکانی دەرەوەی دەنێین و بەو شێوازە، بەبێ ئەوەی کەس هەست بەوە بکات قسە و باس لەچی دەکرێت، سوود لەمە وەرگیراوە بۆ ئەوەی ئەو شتەی دوایی ناوی هێنرا، لەلای ئێمەش ڕێزی لێ بنرێت، ئامانج هەمیشە هەروەها بووە و ئەنجامیش هەموو تێکەڵاوییەک بووە، هەر لەپێشەوە مەبەست بێبەشکردنی گوێگر بووە لە تێگەیشتنی ڕاستەوخۆ و وردی و دەست نیشان کراوی کە لە هەموو زمانێکی بنەڕەتیدا هەیە، گوێگر بخرێتە نێو تاریکی و تێنەگەیشتن و حاڵی نەبوونەوە، ئیتر لەبڕوایەکی کوێرانە بەولاوە نایبینێ و سەرگەرمی لێکدانەوەیەک دەبێت تێیدا چاکە کاری و بەدکاری تێکەڵ و پێکەڵی یەکتری دەبن، تا ئەو ڕادەیە، وای لێ دێت سەخت و گران بێت ئەو شتە خۆی جارێکی تر لەیەکتری جیابکرێتەوە. ئەگەر مرۆڤ بیەوێ ئەم سێ وشە بیانییە چییان دەوێ و دەبێ چی بخوازن بە وشەی ئەڵەمانی بۆ ئەڵەمان لەچوارچێوەی وێنە هەستیەکاندا ڕوون بکاتەوە ئاوەها دەردەبڕێ:

– مرۆڤ دۆستی
– سۆز و لوتف و خۆش مەشرەف.
– بەدڵ و دەست و سەخاوەت.

ئەوکاتە ئەو لە ئێمە تێدەگات، ئیتر ئەو واتا بەد و ناحەزانەی لەو وشانەدا هەن هیچ کاتێک ڕێگا نەدەبوو بخزێنە نێو ئەو هێما و نیشانانەوە. لە چوارچێوەی ئاخاوتنی ئەڵەمانیدا ئەم جۆرە تێنەگەیشتن و تەم و مژاوی و تاریکیە بەهۆی لێنەهاتوویی و بێخەبەری، یان بەهۆی نیازبەدییەوە پەیدادەبن. دەبێ خۆ لەمانە لابدرێت و وەک ڕێگایەکی حازر بەدەست و یارمەتیدەر وەرگێران (تەرجەمەکردن) بۆ وشەی ڕاستی ئەڵمانی. لە زمانە

لاتینییە نوێیەکاندا ئەم تێنەگەیشتنە شتێکی بنەڕەتی و سروشتییە و ئەمەش بەهیچ جۆرە کەرەسە و ڕێگایەک خۆی لێ لانادرێت، چونکە ئەو (میللەتە) هیچ جۆرە زمانێکی زیندووی نییە بتوانێ بەهۆیەوە ئەو مردووە تاقی بکاتەوە و چاکی بکات، بەوتەیەکی تەواوتر، ئەوان زمانی دایکیان نییە.

ئەوی بەهۆی ئەم نموونە تاکانەوە کە بەسووک و ئاسانی لەکایە و دەڤەری زماندا ڕێگا دەدەن پیادە بکرێت و لە هەمووکات و جێگاو شوێنێکدا جارێکی تر بەرچاو دەکەونەوە، خرایە بەرچاو، پێویستە ئەوان ئەوی تا ئێستا گوتراوە ڕوون بکەنەوە وەک ئەوەی لێرەدا دەکرێ بکرێت. قسە لە بەشی سەرووهەستەکی زمان دەکرێت، بەڵام بەهیچ جۆرێک لەپێشدا و ڕاستەوخۆ باسی هەستەکی ناکرێت. ئەو بەشە سەروو هەستەکییەی زمانێکی هەمیشە بەزیندوویی ماوە دەگرێتەوە، ئەمە ئەو هێما و نیشانانەی تێدایە کە لەیەکەیەکی تەواوی پوخت کراودا ژیانی ماددی و گیانی نەتەوە چۆن لە زمانەکەدا بەدی هاتووە و پیادە بووە، پوختە دەکاتەوە، چەمکێک دەردەبڕێ دوورە لە هەڕەمەکی و بەناچاری لە سەراپای ژیانی ڕابردووی نەتەوەکەوە دەکەوێتەوە، تەنانەت چاوێکی تیژی دووربین دەتوانێ تەواوی مێژووی پەروەردە و کولتووری نەتەوەکە جارێکی تر دابمەزرێنێتەوە herstellen، بەڵام لە زمانێکی مردوودا، ئەم بەشە، هەروەک ئەوەی زیندووبێت، هەمان تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی هەبێت، ئەوا کاتێک دەمرێنرێت، دەبێ بە کۆمەڵێکی بەیەکەوە نەگونجاوی هێماو نیشانی تەمومژاوی و لێڵی چەند چەمکێکی هەڕەمەکی کە ناکرێت بەم دووانە دەست پێ بکرێت، کەچی دەکرێ مرۆڤ فێریان بببێت.

بەم پێیە ئەرکی سەرشانمان کە بریتی بوو لە دیاریکردنی ئەو جیاوازییە بنەڕەتییەی ئەڵەمان لەهی میللەتانی تری بەرەچەڵەک جەرمانی جیادەکاتەوە، جێبەجێ و تەواوکرد. جیاوازییەکە لە یەکەمدا بڕانی ڕەچەڵەکە بەکۆمەڵە ناوکۆییەکە لە یەکتری، کەوتۆتەوە، کە بەم شێوەیە پەیدابووە: ئەڵەمان تاوەکو یەکەمین هەڵهێنجان لە هێزی سروشتەوە بەزمانێکی زیندوو ئاخاوتووە، بەڵام ڕەچەڵەکەکانی تری جەرمانی تەنیا بەزمانێک کە لە ڕوخساردا وروژێنەرە و لە ڕەگ و ڕیشەدا مردووە دواون و قسەیان کردووە، تەنیا لەم ڕەوشەدا: لە زیندوێتی و لە مردوێتیدا ئێمە جیاوازییەکە دادەنێین و دەبینین؛ بەڵام بەهیچ جۆرێک بایەخی ناوەکی زمانی ئەڵەمانی لەلایەن ئێمەوە بەگرنگ دانانرێت. لەنێوان ژیان و مردندا هیچ جۆرە بەراوردکردنێک لەکردن نایەت، یەکەمیان لەچاو ئەوی دواییان بایەخی بێ کۆتایی هەیە، هەربۆیەشە کە هەموو بەراوردکردنە ڕاستەوخۆییەکانی زمانی ئەڵەمانی و لاتینی نوێیەکان ئەوپەڕی هیچ و بێ بایەخن و مرۆڤ ناچار دەکەن باسی شتێک بکات کە بەهیچ جۆرێک بایەخی قسە لێکردنەکەی نییە. ئەگەر پێویست بێ قسە لە بایەخە ناوەکییەکانی زمانی ئەڵەمانی بکرێت، ئەوا دەبێ بەلای کەمییەوە بەراوردەکە لەگەڵ یەکێکدا بێت کە لە ئاست و پلەی خۆیدا بێت و یەکێک بێت ڕەسەن و بنەڕەتی بێ، وەکو زمانی یۆنانی. مەبەستی هەنووکەییمان ئێستاکە زۆر لەژێر ئەم بەراوردکردنە دایە.

ئەو کاریگەرییە کامەیە کە تایبەتمەندی و خەسڵەتی زمانەکە لە تێکڕای پەرەسەندنی مرۆڤەکانی نەتەوەیەکدا دەیکات، ئەو زمانە کە هەر لەتاکەکانەوە هەتاوەکو قووڵایی ناوکۆیی ناخ و ویژدانیان لەهزر و بیرکردنەوەدا و لەخواستیشدا لەگەڵیاندایە و سنووریان بۆ دادەنێ، یان دەیانبزوێنێ، هەر ئەویشە کە تێکڕای ئاپۆرەی مرۆڤ کە قسەی پێدەکەن لە دەڤەرەکەیاندا بەرەو تێگەیشتن و لەیەکتری گەیشتن دەیانبات و پێکەوە بەندیان دەکات، هەر ئەوە کە خاڵی بەیەکتری گەیشتنی شەپۆلی جیهانی هەست و جیهانی گیانی پێک دەهێنێ و کۆتایی هەردووکیان بەجۆرێک لەنێوبەکتریدا تواونەوە و ئاوێتەی یەکتری بوون لەتوانادا نییە بوترێ: ئەو سەر بەکامیانە!. ئیتر ئەنجامەکانی ئەم کارلێکردنە هەرچۆنێک بێت، لەبەر ئەوەی، لەو جێگایەی پێوەندی هەیە وەک ژیان و مردن ئەوا دەکرێ پێشبینی بکرێن. لەپێشەوە ئەوە دێتە بەرچاو کە مرۆڤی ئەڵەمان ئامرازی هەیە زمانە زیندووەکەی، بەهۆی بەراوردکردنیەوە لەگەڵ زمانی کلۆم و بە یەکجاری داخراوی ڕۆمی کە لە پەرەسەندنی وێنەی هەستەکیدا لەچاو هی خۆی دوور و جیایە، قووڵ و ورد لێی بکۆڵێتەوە، ئیتر دەگاتە ئەوەی لەزمانی ڕۆمییەکان ڕوونتر لەوەی لاتینیە نوێیە، دەیکات، کە لە سنووری زمانێکدا گیری خواردووە تێبگات، ئەوی ڕاست بێ کە ئەڵەمان ئەم زمانە ڕۆمییەی دایک فێردەبێ، تا ڕاددەیەک ئەو زمانانەی لێیەوە کەوتوونەتەوە فێردەبێ،

خۆ ئەگەر پێویست بێ ئەو زمانی یەکەم لە بنج و بناوانەوە قووڵتر لە بیبیانیەک فێربێ، ئەمەش لەبەر ئەو هۆیانەی باسمان کردن دەگونجێ و لەکردن دێت، لەمەوە ئەوە دەکەوێتەوە کە ئەو تێدەگات زمانی بێگانەیە کە قسەی پێدەکات باشتر لەو دەستی بەسەردا بشکێ، ئەمەش دەبێتە مایەی ئەوەی ئەڵەمان ئەگەر سوود لە هەموو چاکی و تایبەتمەندییەکانی خۆی وەربگرێ لە بێگانە دەست ڕۆیشتووتر بێت، بەو واتایە کە باشتر لەو تێی بگات و وەری بگێڕێ ئەمەش لەدەست بێگانەکە نایەت کە ئەگەر بەوپەڕی سەختی و گرانی فێری زمانی ئەڵەمانی نەبێت ناتوانێ ئەڵەمانی بەڕاستی تێ بگات و وەربگێڕێ. ئەوی لەم زمانانەدا مرۆڤ دەتوانێ لە بێگانەوە فێربێ بەزۆری چەند بابەتێکی مۆدەی ئاخاوتنن کە بەهۆی بێزاری و وەڕەسی و ئەندێشە و وەهمەوە کەوتوونەتەوە و پەیدابوون، هەر بەهۆی بێ فیزی و لەخۆبایی نەبوونەوە مرۆڤ ئەمە وەردەگرێ و پەسەندی دەکات. لەجیاتی ئەمە مرۆڤ دەتوانێ نیشانیان بدات کە چۆن ئەوان دەتوانن بەپێی بنەڕەت و بناوانی زمانەکە و قانوونەکانی گۆڕان و پەرەسەندنی دەبێ بدوێن و مۆدەی نوێ هیچ سوودێکی نییە و بەپێچەوانەی دابونەریتی چاکی کۆنەو دژیەتی.

ئەو سامانەی ئەنجامەکان بەگشتی، بەتایبەتی ئەو ئەنجامەی دوایی ناوی هێنرا، وەک پێشتر گوترا لەخۆیانەوە دەکەونەوە.

مەبەستی ئێمە ئەوەیە ئەو ئەنجامانە بەتێکڕایی لەگشتییەکەدا و بەپێی یەکەی یەکڕەنگییان و لەقووڵاییەکەیانەوە بتوێژینەوە و تێیان بگەین، بۆ ئەوەی بەهۆیەوە، تایبەتمەندی بنەڕەتی ئەڵەمان بەپێچەوانە و لەبەرابەر ڕەچەڵەکانی تری جەرمانی دیار و دەستنیشان بکەین: من وا ئەو ئەنجامانە بەکورتی و بەشێوەیەکی کاتی دەدەمە دەست:

١- لەلای ئەو میللەتانەی بە زمانێکی زیندوو دەدوێن پەروەردە و کولتووری گیانی(٢) ژیر بەشێکە لە ژیان، بە پێچەوانەکەشیەوە کولتووری گیانی و ژیان هەریەکە بە ڕێگای خۆیدا دەڕوات.

٢- لەبەر هەمان هۆکار، ئەو میللەتەی بەزمانێکی زیندوو دە ئاخڤێ، بەچاوێکی بایەخ پێدانەوە تەماشای کولتووری گیان- ژیر دەکات و دەیەوێ بەشێک بێت لەژیان، بەپێچەوانەوە بۆ ئەوانی تر کە لەجۆری دوایین، ئەمە جۆرە گەمەیەکی بەهرەمەندانەیە کە شتێکی دواتری گەرەک نییە و نایەوێ. ئەمانەی دوایی گیان- ژیریان هەیە و یەکەمیانیش سەرەڕای گیان- ژیر ناخ و دەروون و ویژدانیان هەیە.

٣- ئەوی لەخاڵی دووەم دەکەوێتەوە؛ یەکەمیان زیرەک و لە هەموو شتێکدا چاپووک و کارامەن و کۆشش دەکەن، بەپێچەوانەوە ئەوانەی دوایی ڕێگادەدەن هەموو شتێک بەپێی سروشتە بەختەوەرییەکەی بەڕێگادا بڕوات و تێپەڕێت.

٤- ئەوی بەگشتی لەمانە هەمووی دەکەوێتەوە؛ لە نەتەوەیەکی جۆری یەکەمدا میللەتە گەورەکە دەکرێ ڕۆشنبیر و پەروەردە بکرێت bildsam ئەوانی پەروەردە و ڕۆشنبیری دەکەن داهێنانەکانیان لەسەر میللەت تاقی دەکەنەوە و دەیانەوێ کاری تێبکەن، بە پێچەوانەوە لەنەتەوەی جۆری دووەمدا توێژی ڕۆشنبیران خۆیان لە میللەت جیادەکەنەوە و خۆیان هەڵدەبوێرن و بەئامرازێکی کوێری کارکردنی جێبەجێ کردنی پرۆژەکانیانی دادەنێن.

پتر ڕوونکردنەوەی ئەم خەسڵەت و تایبەتمەندییە باسکراوانە بۆ پەیامی دواتری دادەنێم.

**پەراوێز:**

**١- لەناوچەی قەڵادزێ بە کۆلکەزێڕینە دەگوترێ «پرچی ئایشە و فاتمە» و لەدەڤەری تردا (کۆلکەکە) بووە بە (پەلکە) واتە پەلکە زێڕینە ئەمەش بەرانبەر بە (قەوس و قەزەحی) عەرەبییە. «وەرگێڕ»**

**٢- نووسەر لێرەدا وشەی (Geist)ی بەکارهێناوە، ئەم وشەیە کە لەزمانی ئەڵەمانیدا وشەیەکی ڕەسەن و بێهاوتایە بۆ کەسانی تر کە زمانیان ئەڵەمانی نییە سەرلێشێوێنەرە، چونکە چەندین واتا دەبەخشێ وەک گیان، ژیر،...تاد.. بۆیە ناچاربووم هەردوو وشەی گیان- ژیر بنووسم. «وەرگێڕ»**

**سەرچاوە:**

**Fichte, Johann Gotlieb., Reden an die deutsche Nation. Vierte Rede. Berlin 1808. S.58- 74.**

# تیۆری گانییە و گەشەکردنی مەعریفی

د. کەریم شەریف قەرەچەتانی
(زانکۆی سلێمانی- کۆلێژی پەروەردەی بنیات)

بەبۆچوونی گانییە (Robrt Gagne) گەشەکردنی عەقڵی و مەعریفی پەیوەستە بە کەڵەکە بوون و گردبوونەوە و وەرگرتنی زانیاری و شارەزایی، واتە فێربوونی شتی نوێ و کەڵەکە بوونی لەسەر فێربوونە کۆنەکان بەرپرسە لە گەشەکردنی عەقڵی فێرخواز، بەردەوام ئەو شتە نوێیانە زەحمەتتر و ئاڵۆزترن لە شت و زانیارییە کۆنەکان، هەرچەندە زانیاری و شتە کۆنەکان دەبن بە بناغە و سەرچاوە بۆ زانیاری و شتە نوێیەکان. کەواتە گەشەکردنی زانیاری و مەعریفی دەرئەنجامی زنجیرەیەک فێربوون و گۆڕانکارییە کە فێرخواز تێیدا ڕۆڵی سەرەکی هەیە. فێربوون لەلای گانییە شێوەیەکی هەڕەمی وەردەگرێ، بناغەی قووچەکەکە (هەڕەم) بریتییە لە فێربوونی نیشانەیی (التعلم الإشاري) کە ئاسانترین جۆری فێربوونە، بەڵام لوتکەی قووچەکەکە بریتییە لە فێربوونی چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان، واتە تا لە بناغەی قووچەکەکەوە بەرەو سەرەوە و لوتکە سەرکەوێ، ئەوا جۆری فێربوونەکە زەحمەت و ئاڵۆزتر دەبێت.

ئینجا بۆ ئەوەی فێرخواز لە پرۆسەکەدا سەرکەوتوو بێت و بگاتە ترۆپکی قووچەکەکە، ئەوا پێویستە:

١- ئامانجی کۆتایی دیاری بکرێت و دواتر ئەو ئامانجە کۆتاییە گشتییە بۆ چەند ئامانجێکی بچووک و تایبەتی بەش بەش بکرێن کە لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی فێرخوازدا ڕەنگ بداتەوە.

٢- شیتەڵکردنەوەی ئەرک و چالاکییەکانی فێرکردن، واتە دیاریکردنی ئەو توانست و کارامەیی و شارەزاییانەی کە پێویستن بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە و هێنانەدی پرۆسەی فێربوون، ئینجا ئەگەر ئەو توانستانە لەلای فێرخواز نەبێت، ئەوا ناتوانێت ئەو ئامانجە تایبەتی و گشتیانە بهێنێتە دی.

**ئەو گریمانانەی کە گانییە تیۆرەکەی لەسەریان بنیاد ناوە**

**تیۆرەکەی گانییە لەسەر ئەم گریمان و بۆچوونانەی لای خوارەوە بنیاد نراوە:**

١- گەشەکردنی عەقڵی و مەعریفی پلە بەپلەیی و قووچەکییە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەپێی جۆری فێربوونی فێرخواز زیاتر کەڵەکە و ئاڵۆزتر دەبێت.

٢- گەشەکردن و بەرەو پێش چوونی مەعریفی و زۆربوونی فێربوونی نوێ پشت بە مەعریفە و فێربوونی کۆن دەبەستێت.

٣- زیرەکی بنیاد و پێکهاتەیەکی بەردەوامە لە توانست و کارامەیی و ئامادەباشی کە لە ئەنجامی زۆر بوون و کەڵەکە بوونی شارەزایی و زانیاری فێربووەوە بەرهەم هاتووە.

٤- ئامادەباشی بۆ فێربوونی نوێ و پێویست، پەیوەستە بەتوانا و لێهاتوویی و پێشووی کەڵەکە بوو.

٥- لەتوانای منداڵدا هەیە ئیتر لە هەر چی قۆناغ و تەمەنێکدا بێت کە فێری هەموو ئەو شتانە ببێت کە پێویستن، بە مەرجێک پێشتر بناغە و زانیاری پێویستیان بۆ دانرابێت (أبوجادو، ٢٠٠٣، ص١٢٨).

**بە بڕوای گانییە، دوو شت زۆر گرنگن لە پرۆسەی فێربوون:**

١- دەرئەنجامەکانی فێربوون (نتائج التعلم)، کە بریتیین لە پێنج دەرئەنجام.

٢- ئەو هۆکارانەی کە کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی فێربوون هەیە، کە ئەوانیش هۆکارە ناوەیی و دەرەکییەکانە.

١- **دەرئەنجامەکانی فێربوون:** بەبۆچوونی گانییە پرۆسەی فێربوون پرۆسەیەکی ئاڵۆز و هەمەلایەنەیە، لەبەر ئەوە دەبێت فێرخواز خاوەنی کۆمەڵێک توانست و لێهاتوویی بێت. تا بتوانێت بگاتە دەرئەنجامەکانی فێربوون. دەرئەنجامەکانی فێربوونیش بریتین لە:

أ- کارامەیی و شارەزاییە عەقڵییەکان (مهارات عقلية) (Intellectual skills).

ب- زانیارییە زارەکییەکان (معلومات شفوية). (Verbal Information).

ج- ستراتیجیە مەعریفیەکان (الإستراتيجيات المعرفية).

کە بریتییە لە توانای چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان (Cognitive strategies).

د- شارەزایی و کارامەییە جووڵەییەکان (المهارات الحركية) (motor skills)

هـ- هەڵوێست و ئاراستەکان (الإتجاهات) (Attitude)

**٢- ئەو هۆکارانەی کە کاریگەرییان لەسەر پرۆسە و دەرئەنجامی فێربوون هەیە:**

أ- هۆکارە ناوەکییەکان (العوامل الداخلية)، ئەم هۆکارانە پەیوەستن بەتوانا و ئامادەباشیەکانی فێرخواز لەوانە (حەز و ئارەزووەکانی، توانا عەقڵی و هەڵچوونەکانی...تاد) کە لە کۆئەندامی یادکردنەوەیدا عەمبار کراون و پێویستن بۆ فێربوون.

ب- هۆکارە دەرەکییەکان (العوامل الخارجية)، ئەم هۆکارانە تایبەتن بەو ژینگە و دەوروبەرەی کە فێرخواز تێیدا فێردەبێت (مامۆستا، پرۆگرام، هاندان و پاداشت کردن، جۆری مامەڵە..تاد).

**بە بڕوای گانییە، پرۆسەی فێربوون بە سێ هەنگاودا تێدەپەڕێت:**

أ- ئامادەکردنی چالاکییەکانی فێرکردن.

ب- هەڵسان بە بەئاکام گەیاندن و جێبەجێکردنی چالاکییەکانی فێرکردن.

ج- گواستنەوەی ئەم چالاکیە فێرکردنانە بۆ بارودۆخی هاوشێوەی ئەو بارودۆخی ئەو چالاکیانە و سوود لێوەرگرتنیان لەکات و شوێنی تر (القضاه و التزتوری، ٢٠٠٦، ص١٤٩).

**پێویستە مامۆستاش لەکاتی فێربوون ئاگاداری ڕووداوەکانی وانە گوتنەوە و فێرکردن بێت لەوانە:**

١- ڕاکێشانی سەرنجی فێرخواز، چونکە فێربوون بەبێ ئاگاداری و وریایی فێرخواز ڕوونادات، لەبەر ئەوە ئەرکی سەرەکی مامۆستایە، کە بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بێت، کە فێرخواز ئاگای لێی بێت و نەهێڵێت داڵغە لێبدات، ئەویش لە ڕێگەی جووڵە و گۆڕینی تۆن و ڕەزم و نەزمی دەنگی و هاندانی و ڕێزگرتنی و وتنەوەی وانەکە بەشێوەیەک کە لەگەڵ ئاست و توانای فێرخواز بگونجێ، سەرەڕای بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و کەرەستەکانی ڕوونکردنەوە.

٢- ڕوونکردنەوەی ئامانجی فێربوون بۆ فێرخواز: کاتێک فێرخواز ئامانجی وانەکە دەزانێت و مەبەستی خوێندنی لەلا ڕوون و ئاشکرا بێت، ئەوا باشتر فێر

دەبێت و لە ناو پۆلدا بە ئاگا دەبێت و بەردەوام بەدوای ئەو کار و چالاکیانەدا وێڵ دەبێت کە ئامانجەکانی بۆ دەهێننە دی.

٣- وورووژاندن و گەڕاندنەوەی زانیارییەکانی پێشوو: هەرچەندە پێوەندییەکی بەهێز لەنێوان فێربوونی نوێ و فێربوونی کۆندا هەیە و فێربوونی نوێ پشت بە فێربوونی کۆن دەبەستێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆرلە فێرخوازەکان ناتوانن ئەو زانیاری و شارەزاییانەی پێشوویان کە پێوەندییان بە فێربوونی ئێستاوە هەیە، بیهێننەوە یادی خۆیان و بۆ فێربوونە نوێیەکە سوودیان لێوەربگرن، بەتایبەتیش فێرخوازە بچووکەکان، لەبەر ئەوە ئەرکی سەرەکی مامۆستایە کە یارمەتی فێرخوازەکان بدات و ئاسانکاریان بۆ بکات، بۆ ئەوەی زانیاری و شارەزاییە کۆنەکانیان بێتەوە یاد، بەتایبەتی لەڕێگەی دووبارەکردنەوەی پوختە و خاڵە سەرەکییەکانی وانە و فێربوونەکانی پێشوو.

٤- خستنەڕووی بابەتەکە: ڕاڤەکردن و وتنەوەی وانەکە و خستنەڕووی بابەتەکە پەیوەستە بە جۆر و ئامانجی فێربوونەکە، واتە ئەگەر ئامانجی فێربوونەکە وەرگرتنی زانیارییە زارەکییەکان بوو، ئەوا دەکرێت ناوەرۆکی وانەکە تایبەت بێت بە بەشێک لە کتێبی خوێندن، یان گوتار و نووسراوێک، بەڵام ئەگەر ئامانجەکە تایبەت بوو بە لایەنی عەقڵی، ئەوا ناوەرۆکی بابەتەکە دەکرێت تایبەت بێت بە چەمک و پرانسیپ و بنەماکان، واتە دەبێت ناوەرۆکی بابەتەکە ببێتە هۆی هێنانەدی ئامانجی ئەو وانەیە.

٥- هاندان و پاداشت کردن و ڕوونکردنەوەی دەرئەنجامی چالاکییەکان، واتە کاتێک فێرخواز کار و چالاکییەک بە ئەنجام دەگەیەنێت، ئەوا پێویستە لەکاتی خۆیدا دەرئەنجامی ئەو چالاکیەی بۆ ڕوون بکرێتە، ئایا ڕاستە، یان هەڵەیە، سەرەڕای هاندان و پاداشت کردنی لەسەر کار و چالاکیە ڕاستەکان و خۆشکردنی زەمینە و کەش و هەوای گونجاو بۆ چاککردنی وەڵامە هەڵەکانی.

**هەڵسەنگاندن**: پێویستە بەردەوام مامۆستا لەڕێگەی تاقیکردنەوە و ئەزموون و سەرنجدان و پێوانە کارەکانەوە (إختبارات). توانا و لێهاتوویی فێرخوازەکان هەڵبسەنگێنێ و خاڵە بەهێز و لاوازەکانیان بۆ ڕوون بکاتەوە.

## جۆرەکانی فێربوون لەلای گانییە

**١- فێربوونی نیشانەیی (ئاماژەیی) (التعلم الإشاري) (Signal Learing)**: ئەم جۆرە فێربوونە ئاسانترین و سادەترین جۆری فێربوونە و پەیوەستە بە فێربوونی وەڵامدانەوە بۆ نیشانە و ئاماژە، بۆ نموونە زەردەخەنەی منداڵ لەکاتی بینینی دایکی، یان ترسانی منداڵ بە بینینی ئاژەڵی ترسناک و بیستنی دەنگی بەرز و لەناکاو، یان گرژ و مۆن بوونی مامۆستا دەبێت بە وورووژێنەر بۆ بێزاری و تووڕەبوون و ترسی خوێندکار. ئەم جۆرە فێربوونە وەک فێربوونەکانە بەپێی تیۆری بافلۆف (مەرجایەتی کلاسیکی- الإشتراط الكلاسيكي).

مەرجی سەرەکی ئەم فێربوونە ئامادەبوونی وورووژێنەرە و پەیوەست بوونی نێوان وورووژێنەری سروشتی و (دەنگی بەرز) وورووژێنەری مەرجی و نا سروشتییە (بینینی پشیلە) و دووبارە بوونەوەیانە بۆ چەند جارێک تا وورووژێنەرە ناسروشتییەکە هەمان کاریگەری وورووژێنەرە سروشتییەکە وەردەگرێ. لەلایەکی تریشەوە دەبێت فێرخواز توانای هەست پێکردنی وورووژێنەرەکەی هەبێت و لە هەمان کاتیشدا ئامادەباشی و توانای وەڵامدانەوەی پێویستی هەبێت بۆ ئەو وورووژێنەرە و وەڵامدانەوەکانیش خۆنەویستە (لاإرادية). بۆ نموونە ڕژاندنی لیکی سەگەکەی بافلۆف بۆ بینینی خواردن هەروەها دڵەڕاوکێی خوێندکار لەکاتی تاقیکردنەوە لەم جۆرە فێربوونەیە.

**٢- فێربوونی (وورووژێنەر- وەڵامدانەوە) (المثير- الإستجابة) (Stimulus- Response)**: ئەم جۆرە فێربوونە، بریتییە لە وەرگرتن و فێربوونی وەڵامی خۆویستی (الاإرادية) کە زیاتر دیار و ڕوون و ئاشکراترە لە وەڵامی نیشانەیی و ئاماژەیی. ئەم جۆرە فێربوونە وەک فێربوون بە هەوڵدان و هەڵەکردنی (سۆرندایک) و مەرجی جێبەجێکردنی (سکینەر) وایە واتە پەیوەست بوونی نێوان وورووژێنەر و وەڵامدانەوە. هەرچەندە ئەم جۆرە فێربوونە لە بەشی خوارەوەی قووچکەکەی گانییەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەهاوگرنگی خۆی لە بواری فێربوونی بیرکاری و هەژماردن و خوێندنەوە و زماندا هەیە. بۆ نموونە کاتێک منداڵ دایکی دەبینێ و یەکسەر دەڵێ دایە، یان کاتێک تۆپێک دەبینێ و دەڵێ (تۆپ) ئەوا مانای ئەوەیە کە توانای ئەم جۆرە فێربوونەی هەیە. مامۆستا دەتوانێت سوود لەم جۆرە فێربوونە وەربگرێت، ئەویش بەهاندان و پاداشت کردنی وەڵامە ڕاستەکانی فێرخواز و ڕەخنە لێگرتنی وەڵامە هەڵە و نادروستەکانی.

**٣- فێربوونی زنجیرەیی جووڵەیی (السلاسل الحركية) (motor- chaining)**: ئەم جۆرە فێربوونە بریتییە لە

فێربوونی زنجیرەیەک پەیوەستی و بەستنەوەی نێوان (وروژێنەر) و (وەڵامدانەوە) کە دواجار دەبێت بە ڕەفتار و هەڵسوکەوتێک. بۆ نموونە کاتێک بمانەوێت فێرخواز فێری نووسین بکەین، ئەوا دەبێت زنجیرەیەک جووڵەی وەک (گرتنی قەڵەم، سەر شۆڕکردنەوە بۆ سەر کاغەز، گرتنی کاغەزەکە، قەڵەم دانان لەسەر کاغەز، جووڵاندنی قەڵەمەکە) فێربێت و یەک بەدوای یەکدا و بە ڕێکوپێکی ئەو زنجیرە جووڵەیە بکات تا فێری نووسین ببێت. ئەم جۆرە فێربوونە زۆر گرنگە لەبواری فێربوونی (چالاکییە هونەری و وەرزشی و میکانیکییەکان و لێخوڕینی ماشێن...تاد)، چونکە ئەم جۆرە فێربوونە زیاتر تایبەتە بە فێربوونی کارامەیی و لێزانییەکان (مهارات) کە بە زۆری پێویستیان بە زمان و قسەکردن نییە. ئەوەی گرنگە لەم جۆرە فێربوونەدا، ئەوەیە کە فێرخواز لە لایەنی جەستەییەوە ئەوەندە گەشەی کردبێ کە بتوانێ ئەو جۆرە چالاکیانە بە ئەنجام بگەیەنێ و توانای بەیوەست کردنی وروژێنەر و وەڵامدانەوەکانی هەبێت، هەروەها دووبارە کردنەوە و پاداشت کردنی وەڵامەکان ڕۆڵی خۆیان لەم جۆرە فێربوونەدا هەیە.

**٤- فێربوونی پێکەوە بەستنی وشەکان (تعلم الترابطات اللفظیة) (Verbal Association Learning):** ئەم جۆرە فێربوونە نزیکە لە فێربوونی زنجیرەیی جووڵەیی، بەڵام لەم جۆرە فێربوونەدا پێکەوە بەستن و پێوەندییەکان لەنێوان وشە و پیت و دەستەواژەکاندایە نەک لەنێوان چالاکی و جووڵە و هەڵسوکەوتەکان. فێربوونی هۆنراوە، یان زمانێکی بیانی، یان دروست کردنی ڕستەیەک ناوەڕۆکی ئەم جۆرە فێربوونەیە، دەبێت لەم جۆرە فێربوونەدا، فێرخواز توانای قسەکردن و دووبارەکردنەوەی هەبێت و بەسەرکەوتوانە وشە و دەستەواژەکان بەیەکەوە ببەستێتەوە و مانایەکی گشتی هەبێت و لەگەڵ ڕێزمان و ڕێساکانی زماندا بگونجێ. بۆ نموونە کاتێک فێرخواز دەڵێ (دەرگا کلیلەکەی کردەوە) واتە توانای پێکەوە بەستنی وشەکانی نییە، بەڵام کاتێک دەڵێ (کلیلەکە دەرگاکەی کردەوە). ئەوە مانای ئەوەیە کە توانای فێربوونی ئەم جۆرەی هەیە. ئەم جۆرە فێربوونە زۆر گرنگە بۆ فێربوون و سەرکەوتن لەبواری خوێندن و چارەسەرکردنی گرفتەکان و توانای دروست کردنی چەمک و زاراوەکان.

**٥- فێربوونی جیاکاری (تعلم التمیز) (Discrimination Learning):** لەم جۆرە فێربوونەدا دەبێت فێرخواز توانای جیاکردنەوەی نێوان وروژێنەرەکانی هەبێت و وەڵامدانەوەی جیاواز و گونجاوی بۆ هەر یەکێکیانی هەبێت. بۆ نموونە فێرخواز توانای جیاوازی کردنی لەنێوان ئاژەڵ و ڕووەک هەبێت، هەروەها توانای ناسینەوە و جیاوازی کردنی لەنێوان ئاژەڵەکاندا هەبێت (ئاژەڵی دڕندە و ماڵی) (کێوی و ماڵی) (گۆشت خۆر و گیاخۆر)...تاد.

فێربوونی جیاوازی کردن لەنێوان ڕەنگەکانی ترافیک لایت (سوور ـــــ وەستان) (سەوز ـــــ ڕۆیشتن) (زەرد ـــــ خۆ ئامادەکردن بۆ وەستان) بەشێکە لەم جۆرە فێربوونە.

کاتێک فێرخواز سەگێک دەبینێ و دەڵێ ئەوە سەگە، ئەمە فێربوونی پێکەوە بەستنی وشەکانە، بەڵام کاتێک جیاوازی لەنێوان سەگەکان دەکات و لەسەگی هار و دڕ دەترسێ و یاری لەگەڵ سەگی ماڵی و دەستەمۆ دەکات ئەوە مانای فێربوونی جیاکارییە.

**٦- فێربوونی چەمکەکان (تعلم المفاهیم) (Concept Learning):** چەمک بریتییە لە مانایەکی گشتی بۆ کۆمەڵێک بیروبۆچوون، یان شت، یان بوونەوەر کە لە چەند پرانسیپ و بنەمایەکدا هاوبەشن و لەیەک دەچن، بەڵام لە شێوە و لە ڕەنگ و بارستایی و هەندێک خاسیەتی بچووکدا جیاوازن بۆ نموونە ئاژەڵ وەک چەمکێک، ئەو ماناگشتییە دەگرێتەوە کە بە هەموو ئاژەڵەکان دەگوترێت، بەڵام ئاژەڵەکان لەناو خۆشیاندا جیاوازن، هەندێکیان گۆشت خۆرن، هەندێکی تریان گیا خۆرن، هەندێکیان کێوی و دڕندەن، بەڵام هەندێکی تریان ماڵی و دەستەمۆن. هەروەها مرۆڤ وەک چەمک، مانایەکی گشتی دەگەیەنێت و هەموو مرۆڤێک لەژێر چەتری ئەو چەمکەدا جێگایان دەبێتەوە، بەڵام ئەگەر بچینە وردەکارییەوە ئەوا مرۆڤ (هەردوو توخمی نێرومێ، ڕەش و سپی و سوور، بچووک و گەورە و پیر...تاد) دەگرێتەوە، کە لە زۆر خاسیەت و لایەنەوە جیاوازن، بەڵام ئەو جیاوازییە بچووکانە نابنە هۆی سڕینەوەی چەمک و مانا گشتییەکەی مرۆڤ کە جیاوازە لە ئاژەڵ و مرۆڤ و ڕووەک و سروشت. چەمکەکان جۆراو جۆرن لەوانە (ماددی، معنوی)، بۆ نموونە (دیموکراسی، مافی مرۆڤ، ئازادی هاوڕێیەتی، نیشتمانپەروەری...تاد) چەمکی ئەبستراکت و ڕووت و مەعنەوین و بە هەستەوەرەکان درکیان پێناکرێت، بەڵام چەمکەکانی (بەرد، دار، شاخ، تەلەفزیۆن، ماشێن...تاد) چەمکی ماددی و هەست پێکراون.

کەواتە کاتێک فێرخواز توانای پۆلین کردن و

کۆکردنەوەی کۆمەڵێک دیاردە و شت و بیروباوەڕی لەژێر چەتر و سێبەری گرووپ و چەمکێکدا، دەبێت، ئەمە مانای ئەوەیە کە فێری چەمکەکان بووە، فێربوونی چەمکەکان مانای زانینی خاڵە هاوبەش و لێک چووەکانی نێوان دیاردەکانە، بەڵام فێربوونی جیاکردنەوە (تعلم التمیز)، مانای درک پێکردن و زانینی خاڵ و لایەنە جیاواز و لێک نەچووەکانی نێوان دیاردە و شتەکانە. ئەم جۆرە فێربوونە (فێربوونی چەمکەکان) بە پلەی یەکەم پشت بە زمان و قسە و زاراوەکان دەبەستێت و لە ڕێگەی زمانەوە، مرۆڤ چەمک و واتای گشتی لەناو مێشکیدا دەربارەی دیاردەکانی ژیان دروست دەکات.

بە بڕوای گانییە فێربوونی چەمکەکان گرنگییەکی زۆری لە بواری خوێندندا هەیە، لەبەر ئەوەی زۆربەی زۆری زانست و بڕگە و بەشەکانی زمان و بابەتەکانی خوێندن پشت بە چەمک دەبەستن و چەمک کەرەستەی سەرەکی بیرکردنەوەی فێرخوازە و فێرخواز دەتوانێت ژمارەیەکی زۆر زانیاری و شارەزایی لە چەمکێکدا کۆ بکاتەوە و هەر ئەو چەمکەش وەک مانایەکی گشتی لەکاتی بیرکردنەوە و چارەسەرکردنی گرفتەکاندا بەکاربهێنێ، بەبێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ شتە بچووک و زانیارییە پەرت و بڵاوەکان.

**٧- فێربوونی بنچینە و پرانسیپەکان (تعلم المبادئ) (Principle Learning):** ئەم جۆرە فێربوونە بریتییە لە توانای پەیوەست کردن و بەیەکەوە بەستنەوەی دوو چەمک، یان زیاتر، تا لە ڕێگەی ئەو بە یەکەوە بەستنەوەیە بنچینە و پرانسیپێک دروست ببێت. بۆ نموونە کاتێک فێرخواز فێری پرانسیپ و بنچینەیەکی فیزیکی وەک (هەموو کانزاکان بە گەرما دەکشێن و بەسەرما دێنەوەیەک) دەبێت. ئەمە مانای ئەوە لە قۆناغی پێشتر فێری چەمکەکانی (کانزاکان، گەرما، سەرما، دەکشێن، هاتنەوەیەک) بووە و لەم قۆناغەش دەتوانێت لەڕێگەی بەیەکەوە بەستنەوەی ئەو چەمکانە، ئەو بنچینە و پرانسیپە دروست بکات، نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت کە ئەم جۆرە فێربوونە فێربوونی وشەکانە، چونکە جۆری پێوەندی و بەیەکەوە بەستنەوەکە لەنێوان زاراوە و وشەکانە نەک شتە هەست پێکراوەکان.

**٨- فێربوونی چارەسەرکردنی گرفتەکان (تعلم حل المشکلات)- (Problem- Solving Learning):** ئەم جۆرە فێربوونە لە ترۆپک و لوتکەی قووچەکەی گانییەدایە و بریتییە لە توانای فێرخواز بۆ پراکتیزەکردنی پرانسیپ و بنچینەکان بە مەبەستی چارەسەرکردنی گرفتەکان، واتە کاتێک مرۆڤ ڕووبەڕووی کێشە و گیروگرفتێک دەبێتەوە، ئەوا هەوڵدەدات لە ڕێگەی بەکارهێنانی پرانسیپەکانەوە چارەسەری ئەو گرفتە بکات و ئەو چەمک و پرانسیپانەی پێشتر فێریان بوون، دەبن بە باکگراوند و زەمینە بۆ چارەسەرکردنی گرفت و کێشەکان. مامۆستا دەتوانێت فێرخوازەکان ڕووبەڕووی کێشە و گیروگرفتێک بکاتەوە و یارمەتیان بدات تا لە ڕێگەی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە چارەسەریان بۆ بدۆزنەوە:

أ- وەسف کردن و دیاریکردنی گیروگرفتەکە.

ب- کۆکردنەوەی زانیاری پێویست دەربارەی ئەو گرفتە.

جـ- بیرکردنەوە و گەڕان بەدوای گریمان و ڕێگاچارەکانی ئەو گرفتە.

د- هەڵبژاردنی یەکێک لەو گریمانانەی کە چارەسەری گرفتەکە دەکات.

و- تاقیکردنەوەی ئەو گریمان و ڕێگا چارەیە لە ژیانی واقیعی بۆ دڵنیابوون لە ڕاست و دروستی ئەو ڕێگا چارەیە.

واتە دەبێت ئامانجی سەرەکی و کۆتایی خوێندن و فێرکردن، ڕاهێنان و ئامادەکردنی فێرخواز بێت بۆ ئەوەی توانای چارەسەرکردنی ئەو کێشە و گیروگرفتانەی هەبێت کە لەناو قوتابخانە و دەرەوەی خوێندنگا ڕووبەڕووی دەبنەوە. ئەم قووچەکەی خوارەوە هەموو جۆرەکانی فێربوونی گانییە ڕوون دەکاتەوە.




**مۆدێلەکەی گانییە بۆ جۆرەکانی فێربوون**

بەپێی ئەم قووچە نزمترین ئاستی فێربوون کە لە خوارەوەی قووچەکەیە بریتییە لە فێربوونی نیشانە و ئاماژەکان، بەڵام زەحمەتترین و گرانترین جۆری فێربوون کە لە ترۆپک و لوتکەی قووچەکەیە بریتییە لە فێربوونی چارەسەرکردنی گرفتەکان، جۆرەکانی تریش لەنێوان ئەو دوو جۆرە فێربوونەدان.

## سوود و قازانجەکانی تیۆرەکەی گانییە

ئەم تیۆرەش وەک هەموو تیۆرەکانی تر خاڵی بەهێز و لاوازی خۆی هەیە و لە گۆشەنیگایەکی ترەوە سەیری پرۆسەی فێربوونی کردووە و فێربوونەکانی بەسەر هەشت جۆردا دابەش کردووە. ئەم تیۆرە سوود و قازانجی خۆی هەیە و دەکرێت لە بواری پەروەردە و فێرکردن سوودی لێ وەربگیرێ بەتایبەتی لەم بوار و لایەنانەی لای خوارەوە:

١- زۆر پێویستە مامۆستا ئامانجی وانە گوتنەوەکەی بە وردی و ڕوون و ئاشکرایی دیاری بکات و چالاکییەکانی تایبەت بە ئەو ئامانجانە ئامادە بکات و لەناو پۆلدا پراکتیزەیان بکات، بۆ ئەوەی ئەو ئامانجانە بێنەدی.

٢- گانییە گرنگیەکی زۆر بە ئامادەباشی فێرخواز دەدات و بە بناغە و کۆڵەگەی پرۆسەی فێربوونی دادەنێ، واتە دەبێت ئامادەباشی جەستەیی و عەقڵی لەلای فێرخواز هەبێت، ئینجا فێری چالاکی و زانیاری و کارامەیی دەبێت.

٣- بە بۆچوونی گانییە ئامادەباشی تەنیا پشت بە بۆماوە و لایەنی جەستەیی و فسیۆلۆژی نابەستێت، بەڵکو بە شارەزایی و زانیارییەکانی پێشووش کە لە کۆئەندامی یادکردنەوەدا عەمبار کراون و پێویستن بۆ فێربوونی نوێ.

٤- زۆر پێویستە پرۆگرام و بابەتەکانی خوێندن بەشێوەیەکی مەنتقی کە لەگەڵ قووچەکەکەی گانییەدا بگونجێ، ڕێک بخرێت، لەبەرئەوەی زۆر جۆری فێربوون (فێربوونی نیشانەیی، وروژێنەر- وەڵامدانەوە، فێربوونی زنجیرەیی) دەبن بە بناغە و بنچینە بۆ فێربوونەکانی تر (فێربوونی چەمک و پرانسیپ و چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان).

٥- پێویستە مامۆستا ڕەچاوی جیاوازی تاکی لەنێوان فێرخوازەکانی یەک پۆلدا بکات و هەریەکە و بەپێی توانا و لێهاتوویی خۆی مامەڵەی لەگەڵ بکرێ.

٦- زۆر گرنگە فێرخواز لە ئەزبەرکردن (درخ) دووربخرێتەوە و کەشوهەوای گونجاوی بۆ بخولقێندرێ بۆ ئەوەی پەرە بە توانای بیرکردنەوە و چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی بدرێت و بگەیەنرێتە ئەو ئاستەی کە بتوانێت چەمک و پرانسیپەکان بەیەکەوە گرێ بدات و لە کات و شوێنی جیاجیادا توانای زاڵ بوون و کۆنترۆڵکردنی کێشە و گیروگرفتەکانی ژیانی هەبێت.

٧- پێویستە هەنگاو بە هەنگاو و قۆناغ بە قۆناغ مامۆستا هەڵسەنگاندن بۆدیاریکردنی تواناکانی فێرخواز بکات و بزانێت لە چ ئاستێکدایە و چەند لە لوتکە و ترۆپکی تیۆرەکەی گانییە نزیک بۆتەوە.

٨- حەز و ئارەزو و پاڵنەرەکانی فێرخواز ڕۆڵی سەرەکیان لەفێربووندا هەیە، لەبەر ئەوە ئەرکی سەرشانی دایک و باوک و مامۆستاکانە کە بەردەوام حەز و ئارەزووی خوێندن و فێربوون لەلای فێرخواز گەشە پێ بکەن و بەهاو گرنگی خوێندن و فێربوونیان بۆ ڕوون بکەنەوە.

٩- پاداشت کردن و هاندانی فێرخواز پێویستە و ڕۆڵی گرنگیان لە پرۆسەی فێرکردندا هەیە، لەبەر ئەوە پێویستە دایک و باوک و مامۆستا بەپێی توانا پاداشتی ڕەفتار و هەڵسوکەوتە دروستەکانی فێرخواز بکەن.

١٠- ئاگاداری و وریایی ناو پۆل زۆر پێویستە بۆ فێربوون، لەبەر ئەوە زۆر پێویستە مامۆستا بەردەوام لەڕێگەی دەنگ و جووڵە و کەرەستەکانی ڕوونکردنەوە و وا لە فێرخواز بکات کە ئاگای لە بابەت و وانەکە بێت و نەهێڵێت دڵەغە لێبدات و وەڕس و بێزار ببێت.

١١- زانیاری و شارەزاییەکانی پێشوو گرنگن بۆ فێربوونی نوێ، لەبەر ئەوە پێویستە مامۆستا لە هەوڵی پەیوەست کردن و بەستنەوەی (بابەت و وانەی نوێ) بە (زانیاری و شارەزاییەکانی عەمبارکراوی ناو کۆئەندامی یادکردنەوەی فێرخواز) بێت، چونکە فێربوونی ئێستا (نوێ) پشت بە فێربوونی (کۆن) دەبەستێت.

**سەرچاوە:**

**أبو جادو، علم النفس التربوي، عمان، الأردن، ٢٠٠٣.**

# ڕاستی ژیربێژییەکی مەست - شیعرییە

هەندرێن
(سوید)

**پێشەکی**

لە چەند وتاری پێشوومانـدا هەوڵمـاندا بە ڕێگای بەراوردکارییەک لە نێوان ئەفلاتوون (پلاتۆ) و ئەرستۆ هەنا ئارێنتەوە، وێنایەک لە فەلسەفەی سیاسی ئەوان بە خوێنەری کورد بناسێنین. هاوکاتیش، بۆ زیاتر ئاشنابوون بە ڕوانگەکانی دیکەی جیهانی فەلسەفەی گرێک بە گشتی و ئەفلاتوون و ئەریستۆ بە تایبەتیش، هەر بەو شێوە بەراوردکارییەوە، لە چەند وتارێکی دیکەماندا تیشک گەلێکمان لە ڕوانگەی ئێتیکی ئەرستۆ و نیتشەوە نمایشکردووە. بەشێک لەو وتارانە لە گۆڤاری جیاوازدا بڵاوکراونەتەوە و بەشێکیشیان لە داهاتوودا بڵاودەکەینەوە.

بەمجۆرە وەک بەردەوامییەک لەو شێوە بەراوردکارییە، واتا نیشاندانی جیاوازیی و لێکچوون، یان ڕەنگدانەوەی جیهانبینی فەلسەفەی گرێک لە فەلسەفەی نوێی ڕۆژئاوا لەم وتارەدا هەوڵدەدەین لە دیدی ژیربێژیی ئەرستۆ، ئێمانوێل کانت و هۆسێرل لەوە چەمکی «ڕاستی» شیبکەینەوە. لە فەلسەفەی ڕۆژئاوادا، ئەو سێ فەیلەسووفە شوێن پێی بەرچاویان هەیە لە بواری فەلسەفەی ژیربێژی (لۆگیک) و ڕەهەندی چەمکی (ڕاستی)دا. هەڵبەتە ئێمە لە پێشەکی کتێبی «فەلسەفەی کۆچەری»دا لە میانەی ئاخاوتنماندا لەمەڕ ئاراستەی فەلسەفەی «ئەنگلۆساستیسک»دا فرەتر باسی ڕەهەندی ژیربێژی «لۆگێک»مان کردووە. لەم وتارەشدا دوای تاووتووکردنێک لە دیدی ئەو فەیلەسووفە ناوبراوانە، دواجاریش وەک ئاکامگیرییەک لە کۆی وتارەکە، ڕەهەندی «ڕاستی» بە ژیربێژییەکی مەست- شیعریی، ناودێر بکەین.

## کۆئاکامگیرییە ئەرێتیی و نەرێتییەکانی ژیربێژی

سەرەتا زانیاری مرۆڤ بە ڕێگای هەستی بینینەوە دەستپێدەکا. هاوکاتیش مرۆڤ هەر بە ڕێگای هەستەکانییەوە ڕەهەندە جیاوازییەکانی مادەیەک، یان شتێک فامدەکا و دەستنیشاندەکا. هەستەکانمان وێنەگەلێکمان لەمەڕ شتەکانەوە پێدەبەخشن، لێ هەستەکان مانای ئەو وێنانەمان بۆ بەرجەستە ناکەنەوە. هەستەکان چەندان ئاماژە لەو شتانە نیشاندەدەن، وەلێ ناتوانن ناوەرۆکی ئەو ئاماژانە شیبکەنەوە. مرۆڤ دەتوانێ لە ڕێگای تێگەیشتن، یان بیرکردنەوە ئەو ئاماژانە فامبکا و دواجاریش زمانی نامۆی ئەو ئاماژانە ڕاڤە بکا. تێگەیشتن، یان بیرکردنەوە فێرمان دەکا کە بیرۆکەیەکی هاوبەش لە کۆی جیاوازی شتەکان- مادەکان دەستەبەر بکەین، هەر ئەو جیاوازییانەشن وا دەکەن کە ئەو شتانە واتایەک ببەخشن. هەڵبەتە ئەو مادە، یان شتانە دروستدەبن، گۆڕانیان بەسەر دادێ و لەناو دەچن، لێ واتاکانیان جێگیرن و لەناوناچن. لێرەوە ئەرکی ژیربێژی (لۆگێک) ئەوەیە کە، وێڕای گۆڕانکاری شتەکانیش، پێناسەیەکی گشتی ئەو شتانە، یان مادانەمان پێشکەش بکا. ئەو پێناسەکردنە گشتییەش کۆی مادەکان بە خۆوە دەگرێ و ئاراستەکانیشیان دیاریدەکا، کە چۆن گەشە دەکەن. ئەمەش پرینسیپی پێکهاتی مادەیە، یان بە واتای ئەرستۆ شێوەی مادەیە.

بە دیدی ئەرستۆ، ژیربێژی (لۆگیک) بریتییە لەو زانستەی کە دەکەوێتە پێش هەموو زانستەکان. دەبێ هەموو بەشەکانی زانست بە ژیربێژی کار بکەن. خودی ژیربێژی گریمانەیەکە کە دەبێ بەڵگەیەکی خشت و کتومت ببەخشێ. لێرەوە ژیربێژی بریتییە لە هەمەچەشنییەک لە ئاکامگیریی، یان بە واتای ئەرستۆ بریتییە لە Syllogismer- کۆئاکامگیرییەک. تاکە سیلۆگیسمێک- ئاکامگیرییەک لە سێ تێز، یان گریمانە پێکدێ کە لەوێدا دووانیان سەرەنجامێکی ژیربێژی پێویست دەستەبەر دەکەن. بۆ نموونە: هەموو مرۆڤەکان مردەنین؛ سوکرات مرۆڤە. کەواتە سوکراتیش مردەنییە.

ئەرستۆ هەوڵدەدا سەرەنجامێک گەلێک دیاریبکا کە لەیەک کاتدا وێکڕا ئەرێتی و نەرێتیین. ئەو هەوڵیدا سەرەنجامێک لە بابەتگەلێکی جودا دیاری بکا کە بە دژی گریمانەیەکی تربێ، بۆ نموونە: «هەموو مرۆڤێک دادپەروەرە» و «هیچ مرۆڤێک دادپەروەر نییە». ئەم دوو گریمانە بە دژی یەکن و ناشکرێ هەردووکیان ڕاست بن. ئەگەر یەکێک لەم دوو گریمانانە ئەوە دیاری بکا کە بە دژی ئەوی دیکەی نییە، ئەوە هەردوو گریمانەکە بە دژی یەک دەوەستنەوە «هەموو مرۆڤەکان سپین»، «هەموو مرۆڤەکان سپی نین»، «هیچ مرۆڤێک سپی نییە»- «یەکێک لە مرۆڤەکان سپییە» ئەو گریمانانە دژی یەکترن. «ئەو کاتە ئەوە پەیوەندی بەوە هەیە کە ئەوەی قەبووڵ دەکرێ، یان قەبووڵ کراوە دەبێ گریمانەکان، گریمانە ئەرێتییەکان، یان نەرێتییەکان، بێ ئەملاوئەولا ڕاست بن، یان هەڵە بن». (١)

شێوەی گریمانەگەلێکی وەک: «هەموو ئاژەڵەکان چوارپێن. هەموو مرۆڤەکان ئاژەڵن. هەموو مرۆڤەکان چوارپێن.» لێرەدا دەبێ سەرەنجامەکان شاش بن، لێ وێڕای ئەمەش سەرەنجامەکە دەبێ ڕاست و ڕەوان بێ. یان کاتێک ئەو دوو گریمانەی پێشەوە ڕاست بوون، کەواتە دەبێ سەرەنجامەکانیشیان وەک پێویستییەک ڕاست بووبن. (٢)

کۆ ئاکامگیریی ئەرستۆ بریتین لە کۆمەڵێ هێمای جیاواز. دەکرێ یەک ئاکامگیریی ئەم هێمایانەی هەبێ: «هیچ ئاژەڵێک نەمردوو نییە. هەموو خوایەکان نەمرن. کەواتە هیچ خوایەک ئاژەڵ نییە.» مرۆ بەو کۆ ئاماگیر (سیلیۆلۆلیزم)یانەوە بە ڕێگای دوو سەرەنجامەوە دەتوانێ گشت ئەو سەرەنجامانەی کە پەیوەندییان بەو چوار شێوانەوە هەیە پێکەوە ببەستێتەوە: «هەموو A دەبێتەB»، «هەندێک Aدەبنە B»، «هەندێک A نابنە B» و «هیچ A یەک B نییە» ئەرستۆ دەخوازێ بە بەڵگە ماتماتیکییەکانییەوە ڕاستییە ژیربێژییەکانی نیشان بدا، چونکە تەنیا بەڵگە ماتماتیکییەکانن کە دەتوانن ڕاستییەکان بسەلمێنن. وەلێ ئەو پرۆسەیە ناتوانێ هەمیشە لە دەستەبەرکردنی ڕاستییەکان بەردەوام بێ. مرۆ دەبێ بەدەم ئەو پرۆسەیەوە بگەڕێتەوە بۆ بەڵگە ماتماتییەکانی یەکەمەوە، کە سەرشاری گریمانەکانیان نەسەلماندووە. ئەرستۆ ئەو گریمانانەی بە archai ناودێر کرد، کە دەکرێ بە کوردی بەسەر شاری شێوە ناودێریان بکەین. ئەمەش چونکە بە واتای ئەرستۆ، دەرمانی arche تەندروستییە. (٣)

لە ڕوانگەی ئەرستۆوە مرۆ دەتوانێ بە ڕێگای nousەوە زانیاری لەسەر arche دەستبەر بکا. چەمکی (nous) واتای «ئاوەز» یان «ڕۆح» دەگەیەنێ، لێ بە دیدی سڤانتە نۆردین (Svante Nordi)ەوە، مێژووی فەلسەفە، لەگەڵ دەرککردنی ڕەمەکی «intution» باشتر دەگونجێ. بە واتای ئەرستۆ دەبێ هەموو زانینێک بە ئەزموونداا بگوزەرێ. هاوکاتیش ڕاستی تەنیا وێناندنێکی نادیار دەبەخشێ. ئێمە دەبێ لە دیدی ئەو ئەزموونی هەستە نادیارەوە بە کۆمەکی ئەو دەرککردنەی بینینەوە گەشە بە زانیارییەکانمان بدەین، کە بە واتای ئەرستۆ، دوو ئاراستە بە خۆیەوە دەگرن: لە ژێرەوە و سەرەوە. ئەو کاتە دەکرێ هەرا و زەنای هەستی دەرک کردن ببێتە بنەما بۆ archai. کاتێک مرۆ بە پۆلینکرنی هەڵێنجانەوە لە باڵاترین پرینسیپەوە بەرەو دیاردەی پیادەکاری خوارەوە دەچێ کە زانیاری ڕوون دەکاتەوە، بەمەش زانیاری لە خوارەوە بۆ سەرەوە هەڵدەکشێ. لەسەرەتای هەرا و زەنای دەرک کردنەوە ئەو شیتەڵکردنە ژێر بێژییەی کە وەک دیالێکتیکێک دەبێتە پیادەکاریی، بەمەش بەهای تیۆرییەکەی ئەرستۆ سەرکەوتن بە دەست دێنێ.

ئەوە چییە کە وا لە شتێک دەکا خۆی بینراو بێ؟ چ شتێک وا لە ئەسپێک دەکا کە ببێتە ئەسپ.. تاد ئەرستۆ بە ڕێگای میتافیزیکەکەیەوە ئەو بابەتە شی دەکاتەوە. بەڕای ئەرستۆ ئەوە زانیارییە کە وا دەکا شتێک ببێ بە شتێک، چونکە زانیاری دەتوانێ واتای «بووناندن»ی شتەکان پێناسە بکا، کە گەوهەری ئەو بانگەشەیە بسەلمێنێ. وشەی «is – هەبوون» واتایەکی دیکەی هەیە کە لە دەرەوەی پێناسەکردنە، دەکرێ واتای شتێکی وەکو گەوهەرێک، یان تایبەتمەندییەکی وەک «مرۆڤ سپییە» بگەیەنێ.

پرسیاری بنەڕەتی سۆبژەی میتافیزیک ئەوەیە کە خەسڵەتی بووناندن لە واتا سەرەتاییەکەیدا پێناسە بکا. لەو بنەمایەوە لە بەراییدا میتافیزیک بڕیار لەسەر کاکڵەکانی دەرک کردندا دەدا، چونکە ئێمە بەبێ دەرک کردن ناتوانین لەسەر بانگەشەکردنەکانمان بئاخڤین، هاوکاتیش بە گوێرەی ژێربێژی ئەرستۆوە، ئێمە ناتوانین بێژین شتێک بوونی هەیە، یان نییە. ئەرستۆ سەبارەت بەو بە دژ وەستانەوەیە دەبێژێ ئەوە یەکەم گریمانە نییە، بەڵکو ئەو وێناندنانەیە کە چۆن گەوهەرەکەیان؛ شتەکان بەر لەوەی ببن بە شت گەوهەردارن، بەر لەوەی کۆتایی، یان ناکۆتایی بن، واتا گەوهەر، یان مرۆڤێک یانیش ئەسپێک، پێچەوانە نین. بەم جۆرە ناکرێ گریمانەی یەکەم دیالێکتیکی بێ.

وێڕای ئەمەش کانت، لە کتێبەکەی «ڕەخنە لە ئاوازی پەتی»دا (١٧٨١)، هەوڵیدا ئەوە نیشانبدا کە زانیاری ئەرکی ئەوەیە کە لە نێوان هەستی بینین و چالاکی فامکردن بەردەوام کاریگەری دروست بکا. ناواخنی زانیاری بە ڕێگای هەستەکانەوە دەستەبەر دەبێ. لێ تێگەیشتن بە ڕێگای توخمەکەیەوە مشتوماڵ دەکرێ و ناوەڕۆکەکەی ڕێکدەخرێ. هەستەکان چەندان لێکدانەوەی جیاواز و بێ سنوورمان پێدەبەخشن، تێگەیشتنیش یەکایەتیی و گشتیمان لە فرەڕەنگیدا پێدەبەخشێ. ناواخنیش بریتین لەو هەست کردنانەی، واتا گشت ئەو دەنگ و ڕەنگانەی، کە ئێمە وەری دەگرین. شێوە (فۆرم)ەکان لە شوێن و کاتدا دەخەملێن. هەست کردن لە سەرێ ڕا سەرهەڵدەدا، لێ شوێن و کات لە ئاگای مرۆڤایەتییەوە دروست دەبن. شوین و کات شێوەکانی بینینی مرۆڤە. لە ڕوانگەی ئیمانوێل کانتەوە دوانزە توخم، یان کاتەگۆری هەیە. گرینگترین (چەمکیش)ە و هەر (سۆبستانس) و هۆکرد (کاوسالیتێت)؛ هۆ و ئاکام.

لەکن کانت دوو چەشنە زانیاری هەیە: «زانیاری پەتی» کە پابەندی ئەزموونکراو نییە، هەروا «زانیاری تاقیکردنەوە» کە پابەندە بە تاکە کەس و ڕێککەوت. هاوکاتیش زانینی زانیاری مرۆڤ بە تاقیکردنەوە دەخەملێ. تاقیکردنەوەش لەگەڵ ئەزموون کردن جودایە.

مرۆ تێزێکی ماتماتیکی بە پێداویستییەک تێدەگا. چونکە شتێکی گشتگرە. ئەوپێداویستی وگشتگرییە ئەوە نیشان دەدەن کە زانیاری پەتی پێوەندی بە «ئەزموونکردن»ەوە نییە. لە ڕوانگەی کانتەوە، ڕەوایەتی زانیاری پەتی بە تاقیکردنەوە پابەند نییە. چونکە زانیاری پەتی بەر لە تاقیکردنەوەیە (Prioria). ئەو زانیارییە بەرلە تاقیکردنەوانە لە ماتماتیکدا دان. کەواتە ٧+٥ یەکسانە بە ١٢، واتا سەمتە ڕاستەکە لە نێوان دوو خاڵدا کورتترین ڕێگایە. ئەو گریمانە پشتی خۆی بە توێژینەوەی زانستییەوە دەبەستێ، گریمانە ئەزموونکراوەکانیش بە تاقیکردنەوە بینراوەکان کەڵەکە

دەبن. گریمانەیەکی تاقیکراوە دەکرێ ڕاستییەکی تەواو بێ لێ هەرگیز ڕاستییەکی پێویست نییە، بۆیە هەموو تاقیکردنەوەکان کەم، یان زۆر قۆناغێکی جێگیریان هەیە. لە ڕوانگەی ڕەخنەی کانتەوە، کێشەی زانیاری بە تێگەیشتنەوە بەندە، چونکە مادەی هەستپێکراو تەنیا دیاردەیە، چەشنە وێناندنێکە لە کن مرۆڤدا، نەک تەنیا خودی مادەیە.

بەرتەکێکی توند لە جەم لۆگۆگیک گەرایی (logicism) و نیوکانتیزم (nykantianism) بە دژی تیۆری ڕاستی و گشت فەلسەفەی ئەزموونکراوی کانت هاتە کایەوە. لێرەوە ئێدمۆند هۆسێرل ڕەسەنترین پێناسە بە لۆگیک گەرایی دەبەخشێ. تایبەتمەندی هۆسێرل بریتی بوو لە فێنۆمێنۆلۆگی. «چەمکی fe-nomenologi کە لە وشەی گریکی «phainomenon» هاتووە، واتا ئەوەی کە خۆی نیشاندەدا، لۆگۆس، زانایی. هوسێرل پێناسەیەکی تایبەتی بە «فێنۆمێنۆلۆگی» بەخشی. لێرەدا تیۆرییە وەرچەرخێنەرانەکەی هۆسێرل بریتییە لەوەی کە هەموو ئاگاییەک خەسڵەتێکە لە «intentionalitet»، واتا ئاگایی ڕووی لە ئۆبژە (بابەت)ێکە، بەم جۆرە ئەرکی فەلسەفەیە ئەوەیە کە چۆنییەتی هەموو جۆرە ئۆبژە (بابەت)ێک بە دیمەنەکانی ئاگاییەکی هەمەجۆردا گرێدراوە نیشابدا». (٤) هۆسێرل لە کتێبی «دەربڕین و واتا»دا، دەخوازێ ئەوە شرۆڤە بکا کە چۆن هەستی بینینی مرۆڤ لەمەڕ چەمکی ڕاستییدا بە ڕێژەگەراییەک لە ڕاستییەکی کتومت، ڕاستییەکی لە کات بەدەر، دەگا. لایەنگرانی دەروونناسی پێیان وانییە کە خودی دەروونناسی وەک زانست لەسەر هەندێک بنەمای پرینسیپی ڕاوەستاوە. هەندێک جار لە هەندێ دۆخدا هۆسێرل لەگەڵ ترانسێندێنتالی لۆگیکی هاوڕایە، واتا هزری مرۆڤ بە شتێکەوە گرێدراوە. لێ بە واتای هۆسێرل ئەو ڕەوایەتییە ئۆبژەگەرایی و ڕەهایە وەک هزر نوێنەرایەتی دەکا لە خەسڵەتی کاتەگۆرییەکەی کانت جیاوازە. بەلای هۆسێرلەوە هزر بە ستروکتوری تێگەیشتنە ڕەمەکییەوە ئامانجی ئەوەیە زانیاری لەسەر پرۆسەی بووناندن دەستەبەر بکا. لە ڕوانگەی هۆسێرل ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە تێگەیشتنی ئێمەی مرۆڤ خودی ئەو ئۆبژە (بابەت)ەیە کە ئاگایی تێی دەهزرێ.

ئێمە دەبێ خۆمان لە میتافیزیک و وشکەڕۆییەکانی زانست ڕزگار بکەین. ئەو دیاردانەی کە خۆیان بۆ ئاگایی نمایشدەکەن گەلێک زۆرن و چەندان وێنەی جودا دەبەخشن کە مرۆ دەبێ ئاگای لێیان بێ تاکو هەموویان وەک یەک ڕاڤە بکا.

هۆسێرل دەخوازێ «ڕوو لە خودی شتەکان بکا». ئەو دیاردە (فێنۆمی)یانەی کە هۆسێرل دەیەوێ لە ڕوانگەی فێنۆمێنۆلۆگییەکەیەوە شیان بکاتەوە دیاردەگەلێک، تێگەیشتنگەلێک، هزرگەلێک و هەستگەلێکی ئەزموونکراو نین، بەڵکو خودی نمایشکردن، هزرکردن و هەستە ئەزموونکراوەکانن کە وا دەکەن گشتیان شیاو بن.

ئەرکی فێنۆمێنۆلۆگی ئەوەیە کە بە میتۆدێکی سەختگیرانە ئەوانە ڕوون بکاتەوە کە ئێمە لەژێربێژییەکی پەتیدا مەبەستمان لەو چەمکانە چییە، تەواو بەدەر لەوەش چۆن ئەو دیاردە جیاوازانە پەیدا بوون، کە بەکاریان دەهێنن.

## ڕاستی چییە؟

ڕەنگە ڕاستی بەرەنجامی جۆرە هەڵسەنگاندنێک بێ، کە لە واقیعدا بە پێوەندییەک ناودێر دەکرێ. هاوکات ساختەش هەر لە پێوەندی بە واقیعەوە بەناو دەکرێ. بۆ نموونە: گریمانەی هەتاو دەدرەوشێتەوە. ئەگەر ڕاستی وەک خودی واقیع بێ، کەواتە دەبێ بە چەمکی بڕیار دەست پێبکەین. وەلێ واقیع بۆ هەموو کەس هەمان واتای نییە. بۆ نموونە، ڕۆژێکی تەماوی بۆ مرۆڤێکی حوزنبار و دڵخۆش هەمان شت ناگەیەنن. بە هەمان شێوەش واتا ڕاستی بەلای هەردووکیانەوە هەمان واتا نین. ڕاستی لە کن مرۆڤە حوزنبارەکە مەزندەیەکی تایبەت بە خۆیەوە هەیە، لەکن مرۆڤە دڵخۆشەکەش مەزندەیەکی دیکەی هەیە. لەبۆیە ئەو ڕاستییە ماتماتیکییە ڕاستییەکی ڕازیکەر نییە. چونکە ئەو ڕاستییە ماتماتیکییە توانای مرۆڤ سنووردار دەکا، بۆیە دەبێ لە ڕەهەندێکی دیکەوە ئەو ڕاستییە فامبکەین، ئەو ڕاستییە ویستی بەشێک لە مرۆڤەکان بەرجەستە دەکاتەوە و هاوکاتیش ناوکۆییەکی ناژێربێژی هەیە. ژێربێژی لە ڕوانگەیەکی باڵادەستانەوە ڕاستی پێناسە دەکا و دەناسێنێ. ئەو ڕوانگە باڵادەستەش هارارکییەک دەسازێنێ، کە لەوێدا ڕاستی بنچینەی پاکییەکی لە دەست دەدا. بەم جۆرە ئەو

هارارکییە لە بری ئەو ڕاستییە ڕەسەنە، ڕاستییەکی بەرخۆر بەرهەم دەهێنێ، کە بەمەش ڕاستی وەک هەر کالآیەکی دیکە بخرێتە بازاڕەوە. هاوکاتیش ئەو ژیربێژییە، یان ڕاستییە زانستییە بیری لە ڕاستییەکی تاکەکەسی نەکردۆتەوە. چونکە ژیربێژی دەسەڵاتدار ئەو ڕاستییە تاکەکەسییەی خستۆتە دەرەوەی پێوەندییەکانی دەسەڵاتی خۆیەوە، کە کار لەسەر ڕاستییەکی گشتی دەکا.

لە کۆتاییدا دەکرێ بڵێین ڕاستی بریتییە لە گەڕانەوە بۆ ئەر زانیارییە بێ ناو و نادیارانەی کە دەکەونە ئەمدیوی شت (مادە)کانەوە، کە لەوێدا خودی ڕاستییەکان بوونیان هەیە. هەڵبەتە دەکرێ ئەو زانیارییانەش تەنیا بە ڕێگای، یان لەنێو ژیربێژییەکی مەست- شیعراندندا وێنا بکرێن.

**٢٠٠٧، ستۆکهۆڵم، سوێد**


**ژێدەر:**

**1- Aristoteles, “Om tolking, lit-**
**.173 لteraturkompendium for filosofi”,**
**2- Svante Nordin, “Filosofins historia”,**
**94. :لStudentlitteratur, lund, 1995,**
**٣- هەمان سەرچاوە، ل: 96.**
**4- filosofilexikonet, Red. Paul LUbcke, Oversattning till svenska: Jan Hartman, Forum, Stockholm, 1988, S. 156.**
**٥. بۆ زیاتر زانیاری سەبارەت بە لۆگیکی کانت سەیری ئەو کتێبەی کانت، بە زمانی سوێدی، بکە: "Kritik av det rena fornuftet” Emmanuel Kant, 2004, Bokforlaget. Thales.**

# لەبارەی زمانی شیعر و ڕۆشنبیری سەردەمەوە

**ئاوات محەمەد ئەمین**
**(کەرکووک)**

زمان کەرەستەی سەرەکی شیعرە، هەروەک چۆن بەرد لە پەیکەرتاشی و دەنگ لە مۆسیقا و ڕەنگ لە شێوەکاریدا، بەڵام جیاوازی سەرەکی لەوەدایە کە بەرد و ڕەنگ بەرلەوەی دەستی هونەرمەندیان بگاتێ هیچ بەهایەکی کۆمەڵایەتی لەخۆدا هەڵناگرن، بەڵام زمان ڕەگەزێکە تایبەتمەندی خۆی هەیە، پێش ئەوەی دەستی هونەرمەندی بگاتێ ڕۆڵی گەورەی لە کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان دەگێڕێ.

بەو شێوەیە (یوری لوتمان) لە زمان و شیعرەوە دەدوێت. کەواتە شیعر وەک بەرهەمێکی زادەی بیر و ئەندێشەی مرۆڤ هەرگیز بەدەر نییە لە کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان. هۆکارێکە کەموزۆر کاریگەری خۆی لەسەر تاک و کۆی مرۆڤدا جێ دەهێڵێت. دەکرێت بە جیا لە شیعر باسی زمان بکەین چ وەک دیاردەیەک، یان وەک زانستێک، بەڵام ناکرێت بە جیا لە زمان باسی شیعر بکەین چونکە شیعر ئەگەرچی بە زمان دروست دەبێت، بەڵام هەر لەوێشدا دەچێتە خولگەیەکی ترەوە و پێناسی خۆی دەبێت وەک زادەیەکی سەربەخۆ. بەرلەوەی باس لە تایبەتمەندییەکانی زمانی شیعر بکەین دەڵێین شیعر کرداری دۆزینەوە نییە لە زماندا بەڵکو کرداری ئەفراندن و داهێنانە لەو چوارچێوەیەدا. هەرچەندە هەموو مەوداکانی شیعر تەنیا بە زمان سنووردار ناکرێن، بەڵام زمان هەموو یەکە پێکهاتە بەرجەستەکانی شیعری تێدایە، هەر ئەوەشە کە فەرهەنگی شیعر لە فەرهەنگی زمان جیا دەکاتەوە.

لە ژیانی ڕۆژانەماندا زۆر ڕستە و قسەی شیعر ئامیز لە ئاخافتن و خوێندنەوەدا بەدی دەکەین، بەڵام ئەوانە

نابن بە شیعر، ئەو مەبەستە شوناس و بنیادی تایبەتی خۆی دەوێت. بۆ نموونە: کاتی دەستەواژەی (لە شەڕێکی نابەرابەردا) دەبیستین یەکسەر وەک زاراوەیەکی ڕاگەیاندن پۆلێنی دەکەین کەمتر لە فەرهەنگی شیعردا جێی دەبێتەوە، بەڵام کە شاعیرێکی وەک: (نەژاد عەزیز سورمێ) لە تەواوکردنی مانایدا لە ڕستەیەکدا دەیکاتە (لە شەڕێکی نابەرابەردا، گۆرانییەکانمان لە دەست دا) ئەو کاتە مەداری خۆی لە فەرهەنگی ڕاگەیاندنەوە دەگوێزێتەوە فەرهەنگی شیعر.

یەکێک لە مەرجە بنەڕەتییەکان لە شیعری کلاسیکدا (مەبەست قۆناغی کلاسیکە نەک شێوازی کلاسیک) داڕشتنی زمان بوو لە قاڵبە ناسراو و ئامادەکان، لە کێش و سەروادا. ئەوە شاعیری ناچار دەکرد کە فەرهەنگ هەمیشە سەرچاوەی گەڕان و زەخیرەی داهێنانی بێت. ئەم ڕاستییە لە دوو ڕووەوە بە زەرەری کلاسیک گەڕایەوە تا خۆری زێڕینی ڕووی لە ڕۆژئاوابوون کرد.

**یەکەمیان:** سنووربەندی ئەندێشە بە فەرهەنگ. واتە زاڵبوونی وشە و سنوورداری مانا بەسەر گەڕانی ئەندێشە و هەڵچوونەکانی ڕۆحدا.

**دووەمیان:** بەرتەسک بوونەوەی مەوداکانی مانا لە کرداری دەربڕین و ڕێزماندا، هەروەک چۆن لە ڕاڤەکردن، یان ساغکردنەوەی بەیتێکی دیاریکراوی کلاسیکدا چەندوچوون لە شێوەی داڕشتن و ڕێنووسدا، مانای جیاواز دیاری دەکات کە ئەمەش پێکهاتەی وێنە شیعری و مەجازەکان لێک دەکات تا ئەوەی دەگاتە عەرەب وتەنی: (المعنى في قلب الشاعر)، کەچی لە نموونەی شیعری نوێدا ئەو چەندوچوونە لە ڕاڤەکردن لە سنووری داڕشتن و ڕێزمانەوە ڕۆدەچێتە دەروون و ئەندێشە و ناخ. وەک لەم شیعرە پڕ لە جوانکارییەی (نەژاد عەزیز سورمێ)دا دەردەکەوێت:

**(تۆ ڕووناهی دۆزەخی**
**گوناهەکان جوانتر دەردەخەی**
**تۆ تاریکایی بەهەشتی**
**پاکیزەیی و باشییەکان حەشار دەدەی)**

سەرهەڵدانی شیعری نوێ، ئازاد لە کێش و سەروا، کوودەتای زمانی شیعر بوو بەسەر قاڵبە ئامادەکاندا و ڕەهابوونێکی بەردەوام بووە تا سنووری تێکشکاندنی مانا فەرهەنگییەکان و دەستوەردان لە بنیادەکانی ڕێزمان، ئەڵبەت زمانیش پێ بە پێی ئەم وەرچەرخانە لە ناوەوە و دەرەوەی شیعریشدا بەر حوکمی هەمان یاساکانی گۆڕان کەوتووە، لێرەوە دەتوانین بڵێین، سەرجەم کردار و ئاڵوویرە کۆمەڵایەتییەکان کە بەرهەمی بیر و هۆشمەندی مرۆڤن، دەشێن لە چوارچێوەیەکدا ناودێر بکرێت کە پێی دەوترێت (ڕۆشنبیری سەردەم)، شیعریش لەو چێوەیەدا بووە و هەمیشە لەژێر کارتێکردنی ڕۆشنبیری سەردەم خۆی بینیوەتەوە.

هەرکاتێکیش ئەو چوارچێوەیەی بەزاندبێت، یان لە ژێر کارتێکردنی ڕۆشنبیرییەکی جیا لەوەی کۆمەڵگای خۆی بووبێت ئەوە، یان نامۆ و ڕەتکراوە بووە، یان لە چاوەڕوانی ئاوڕدانەوەی ڕۆژگارێکی دووردا ماوەتەوە.

سەرهەڵدانی ئیسلام لە دوورگەی عەرەب، ڕۆشنبیری جیاوازی هێنایە کایەوە لە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا ڕەنگی دایەوە. لە ئەدەبیشدا کە شیعر گەورەترین پانتایی هەبوو تێیدا هەمان شت ڕاست بوو، ئەگەرچی هونەرەکانی شیعر و ڕەوانبێژی عەرەبی بەر لە قورئان و دوای ئەویش هیچ گۆڕانێکی وایان بەسەردا نەهات، بەڵام لەسەر دوو ئاست کاریگەری گەورەی لە سەرجەم کرداری شیعریدا کرد.

**یەکەمیان:** چەسپاندنی زمانی قورئان وەک زمانی ستاندەر کە ئەوەش گۆڕانێکی فەرهەنگی ئێجگار مەزن بوو لە زمانی عەرەبی و پاشان لە سەرجەم کولتووری عەرەبدا، تا ڕادەیەکیش لە هی ئیسلامدا، بەتایبەتی شیعر چونکە قورئان زۆر لە هونەرەکانی شیعر و ڕەوانبێژی تێدا کۆبووەتەوە.

**دووەمیان:** گۆڕان بوو لە شوناسنامەی شیعر و دیاریکردن و سەپاندنی ئەرکی بەپێی ڕێنماییە ئاشکراکانی قورئان.

ئیسلام ئاراستە و ئەرکی شیعر لە پێناسەی شاعیردا دەبینێتەوە، بەو پێیەی شیعریش جیا نییە لە کردارە زەینییەکان. مرۆڤ بۆیە پێویستە لە یەکێک لە دۆخەکانی (خێر) و (شەڕ)دا بێت، یان (معروف و منكر) لە قورئاندا سوورەتێک بە ناوی (الشعراء)ەوە هەیە نەک (الشعر) کە تێیدا بەم شێوەیە باسیان لێوە دەکات، یان پێناسەیان دەکات (والشعراء يتبعهم الغاون، ألم تر انهم في كل واد يهيمون، وانهم يقولون مالا يفعلون، الا الذين امنوا و عملوا الصالحات) ئەو دوو کارتێکردن و گۆڕانە سیما و ئەدگاری تایبەتی بە شیعری پاش جاهیلی عەرەب بەخشی. پاش ئەوەی ڕۆشنبیری ئیسلام بوو بە ڕۆشنبیری سەردەم، هەموو

خەسڵەتە چەسپاوەکانی (بە حوکمی ئاشکرای ئایەتەکانی قورئان) لەگەڵ تەشەنەکردنی عەرەب بە جیهانی دەوروبەردا گواستەوە بۆ ناو کۆمەڵگا جیاجیاکان و لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕۆژگاردا وەک ڕۆشنبیری دەسەڵات و پاشان وەک ڕۆشنبیری ستاندەر، ڕەگی لە فەرهەنگ و کولتووری نەتەوە جیاجیاکانی بن دەستدا داکوتی و بە هەمان شێوە ڕاستەوخۆ لە ئەدەب و بەو پێیەش لە شیعریاندا کاریگەری خۆی تا چەندین سەدە چەسپاند.

شیعری کلاسیکی کوردیش تەلاری خۆی لەسەر هەمان بناغەی ناوبراو بەرز کردەوە بە ڕادەیەک کە زمانی عەرەبی وەک سەرچاوەی یەکەمی ڕۆشنبیرییەکەوە، پاشانیش فارسی و تورکی وەک سایەکانی دەسەڵاتی ئەو ڕۆشنبیرییە لە فەرهەنگ و شیعردا بوو بە خەسڵەتێکی پەسەند و چەسپاو و مەحەکی شاعیرێتی ئەو قۆناغە کە هەر لە سەرەتای شیعری کلاسیکی کوردییەوە بەردەوام بوو تا لە (بابان)دا لەسەر دەستی (نالی) گەیشتە لووتکە و پاشانیش دامێنەی ئەو قۆناغە تا نیوەی یەکەمی سەدەی بیست هات. نموونەی شیعری (شێخ ڕەزای تاڵەبانی، مەحوی، بێخود، ئەدەب) و کەسانی دیکەی سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن. هەر بە دوای پووکانەوەی دەسەڵاتی سەدان ساڵەی عوسمانی و ئاوابوونی شکۆی ئەو سەڵتەنەتە دەورێکی دیکە لە کارتێکردنی کولتوور و شارستانێتی لەگەڵ بای کۆلۆنیالیزمی ڕۆژئاوادا گەیشتە ڕۆژهەڵات، لەو ناوەندەشدا کوردستان، دەکرێت بە سەرەتای ڕۆشنبیری سەردەمێکی نوێ دابنرێت.

سەردەمێک کە هوشیاری نەتەوەیی و کارتێکردنی ئەدەب و هونەری ڕۆژئاوا لە دیارترین ئەدگارەکانی بوون. لە دەرەنجامی ئەم قۆناغە نوێیەدا گوڕێکی دیکە بەر شیعری کوردی کەوت کە دەکرێت بە کلاسیکی نوێ ناوببرێت.

لە خەسڵەتە دیار و ناسراوەکانی شیعری ئەم قۆناغە ڕەهابوون بوو لە هەندێک ڕێسا و بنەمای قاڵبەندی کلاسیکی کۆن. لە ڕووی زمانیشەوە (کە لێرەدا مەبەستە) دوورکەوتنەوە بوو بە گوێرەی توانا لە بەکارهێنانی وشەی بێگانە بە تایبەتی عەرەبی، لە جیاتی ئەوە بایەخدان بە زمانی پاراو و پەتی کوردی و دەوڵەمەند کردنی فەرهەنگی زمان و شیعری کوردی. (پیرەمێرد) بەهرە نوێن و کەسایەتی دیاری ئەم جموجووڵە بوو. (شێخ نووری شێخ ساڵح، بێکەس، سەلام، ئەخۆڵ) و کەسانی دیکە بە ئەستێرەکانی ئەودەورە دەژمێردرێن. (گۆران)یش لە هەندێک شیعریدا بە تایبەت لەوانەی سەرەتایدا ئەو جێ پێیەی هەڵگرتووە. (ئەی شەوقی گەلاوێژ) نموونەیەکە لەو بابەتە.

لەگەڵ خێراتر بوونی گوڕی کارلێکە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و بەرفراوانی لە بواری ئاڵوگۆڕی ڕۆشنبیری و کولتووری گەلانی جیهان لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا کە هەندێک جار بە سەدەی خێرایی ناو دەبرێت. شیعریش بە هەمان پێوانە لەو ئەزموونە جیاجیایانەدا خۆی تاقی کردەوە. کە کەشوهەوای تازەگەری و نوێخوازی بەرجەستەی ڕوو لە سستیدا دەکرد. لەلای ئێمەش خاوەن بەهرەیەکی ڕۆشنبیر و زمانزانی وەک: (گۆران) بوو بە سەرقافڵەی ئەو کاروانە شیعرییەی لە سای ڕۆشنبیری پەرەسەندووی سەدەی بیستدا. بەرگی تازەگەری و نوێخوازی کرد بە بەریدا و پشت ئەستوور بە ئەزموونی شیعری گەلانی دوور و نزیک.

شیعری کوردی لە مەودا سنووردارەکانی کلاسیک ڕەها کرد و ڕێچکەیەکی دیکەی بۆ هەڵبژارد کە زۆر لە شاعیران هاودەور و هاو ڕوانگەی ئەوسای خۆی و زۆربەی شاعیرانی دوای خۆی لێبڕاوانە و شارەزایانە پەیڕەویان لێ کرد وەک: (محەمەد ساڵح دیلان، ئەحمەد هەردی، کاکەی فەلاح، کامەران موکری، ع.ح.ب، جەمال شارباژێری) و کەسانی دیکە.

شیعری ئەو قۆناغە هێشتا سەروا و کێش لای ڕەگەزێکی کاریگەر و سەرەکی بوو، هەرچەندە زۆر لە فۆرمی کلاسیکی نوێ دوور کەوتبووەوە، بۆیە زمان تەنیا ئامرازی دەربڕین بوو کەمتر بایەخی بە لایەنی جوانکارییەکەی دەدا و مامەڵەی لەگەڵ سروشت و مانا و مەوداکانی وشەدا نەدەکرد. تا لە کۆتایی شەستەکاندا چەند هەوڵ و توانای تازە بەدەرکەوتن. چەند دەنگێک لەناو ئاپۆرەی ئەو قۆناغەدا لە پێناو ئایندەی شیعری کوردی بانگیان بۆ گۆڕانێکی گرنگ دا. چالاکترینیان (لەتیف هەڵمەت) بوو. گۆڕانێکی لە بنیادی شیعرەوە دەست پێکرد و لە زماندا قووڵتر بووەوە.

ئەو زمانە شیعرییەی شاعیر لە کۆشیعری (خوا و شارە بچکۆلەکەمان - ١٩٧٠)دا ڕەنگرێژی کرد، بایەخدان بوو بە جوانکاری دەربڕین لە وێنەی شیعری تازەدا کە لەسەر

بنەمای مامەڵەیەکی جیاواز لەگەڵ وشەدا دروست ببوو. مامەڵەیەک (سێ) مەودای جیاوازی وشەی دەگرتەوە کە بریتی بوون لە: ١- بنیادی فۆنەتیکی وشە. ٢- بەرکراوەیی و گۆڕانەکانی مانا. ٣- ئاهەنگی ناوەکی وشە، یان مۆسیقای ڕستە.

ئەو سەرەتایە لەگەڵ بەردەوامبوونیدا بوو بە پەیڕەوێک کە بانگەوازی (ڕوانگە)ش تا ڕادەیەک لەگەڵ ئەو هەوڵانەدا (لە ڕووی زمانی شیعرەوە) یەکی گرتەوە، ئەگەرچی زۆربەی شاعیرای (ڕوانگە) لە پەیڕەوانی قۆناغی (گۆران) بوون. ئەزموونە سەرەتاییەکانی بەر لەو کاتەیان ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن. (ڕوانگە) سەرەتای ئەزموونێکی نوێ بوو نەک قۆناغێکی نوێ. هەرچەندە دەربارەی لێکۆڵەرەوانی شیعری نوێوە هێڵی بەیانی بەردەوام بوون و هەڵکشان و داکشانی زۆر ڕوون نییە، بەڵام دەکرێت بڵێین زەمینەی پتەوی ئەو زمانەی (لەتیف هەڵمەت) وەک سەرەتایەک لە شیعری نوێی کوردیدا جێ کردەوە تا کۆ شیعری (ئەم ڕووبارە وشک ناکات) لە مەداری هەمان زمانی شیعری و ئەزموونددا خولاوەتەوە. لەکاتێکدا لە نیوەی هەشتایەکانەوە تا ئەمڕۆ چەند (داهێنان)ی جیاجیا وەک ئەزموون و تازەگەری لە بەکاربردن و مامەڵەکردن لەگەڵ زماندا هاتوونەتە کایەوە کە کەموزۆر پەیڕەوانی خۆی هەبووە و ستوونێکی لەبەرپەڕی شیعری نوێی کوردیدا داگیرکردووە، هەرچەندە ئەمەیان باسێکی تایبەتە، باشترە بۆ لێکۆڵینەوەی دیکە و کەسانی شارەزا بەجێ بهێڵرێت، بەڵام ئەوەندەی لێرەدا مەبەستە ئەوەیە کە سەرە قەڵەمێک لەبارەی ئەو داهێنانەوە بنووسین کە زیاتر لەبەرچاون. دەکرێت لە (سێ) ئەزموونی جیاوازدا کۆبکرێنەوە لە ڕووی بەکاربردنی زمانەوە.

**یەکەم:** ئەو دەنگانەی تازەگەری و داهێنانیان لە دەستکاری کردن و گۆڕان لە بنیادی ڕێزمان و وشەدا دەبینییەوە، واتە لە (سترەکچەری) زماندا. سەرەنجام چەشنێک گۆڕان لە زمانی شیعری بەدەرکەوت کە لە قووڵی مانادا ڕەنگی دەدایەوە، نادیاری و دووری لە تێگەیشتنی خوێنەردا دروست دەکرد. ئەو شیعرانە زۆرجار لە هاوکێشەیەکی بیرکاری دەچن کە چەند بەهایەکی نادیاری تێدابێت بۆ ئەوەی خوێنەر بە شیکردنەوەیانەوە سەرقاڵ بکەن. لە کۆتاییدا کۆکردنەوەی هەموو داهێنانەکە لە دەستکاری کردنی بنیادی زمان و پێداگرتن بۆ بنیادی ئەندازەیی و ڕەگەزی ئێستێتیکی لە بواری بەکاربردنی زمانە شیعرییەکەوە. (ئەنوەر مەسیفی، سەباح ڕەنجدەر) و کەسانی دیکە نموونەی ئەو دەنگانەن.

**دووەم:** لە کۆتایی هەشتایەکاندا و سەرەتای نەوەدەکانەوە چەند دەنگێکی کۆچکردوو لەژێر کارتێکردنی ئەزموونی جیاجیای شیعری بێگانە، ئەورووپی، تا ڕادەیەکش فارسی و عەرەبیش، زمانێکی شیعری پەخشان ئامێزیان ڕەواج پێدا کە ئەمەیان زیاتر لە خولگەی ئێستێتیکی دەربڕیندا دەسووڕایەوە لەگەڵ پاراستنی بنیادی زمان و پاراوی وشە. (ئەحمەدی مەلا، فەرهاد پیرباڵ) و کەسانی دیکە نموونەی ئەو بوارەن. هەرچەندە لە ڕووی نزیکی شێواز و دروستی داڕشتنەوە تا ڕادەیەک لە (شێرکۆ بێکەس) نزیکن.

**سێیەم:** هەر لە ناوخۆدا لە ناوەندی دەنگی هەمە ئاوازی ئەمڕۆی شیعری کوردیدا تا ڕادەیەکی زۆریش لە بێدەنگی و ونی ڕەخنەی مەنهەجیدا چەند دەنگێک هاتنە بەرگوێ کە بەر لە هەر شتێک گەواهی بۆ ماندووبوون و هەوڵی بێ پسانەوەی خاوەنەکانیان دەدەن بۆ تازەگەری. (نەژاد عەزیز سورمێ، کەریم دەشتی) و کەسانی دیکە نموونەی ئەو هەوڵانەن.

یەکێک لە ئەدگارەکانی تایبەتمەندیی ئەو دەنگانە لە زمانی شیعرییاندایە، کە لە دوو خاڵدا کۆ دەکرێنەوە.

**یەکەمیان:** بەر فراوانی ئاسۆ و مەودای دەربڕین (ڕستە) ئەوەش بە دەوڵەمەندکردنی وشە لە ئەنجامی دەوڵەمەندی فەرهەنگی زمان و ڕۆشنبیری شاعیر و سوود وەرگرتن لە کەلەپووری شیعری کوردی و بێگانە و بەکاربردنی ئەفسانە و مێژوو لە نوێکردنەوەی بەردەوامی فۆرم.

**دووەمیان:** پاراستنی سیمای ڕەسەنایەتی لە داڕشتنی ڕستەی کوردیدا. ڕاستی و گرنگی ئەم لایەنە لە بەراوردێکی نێوان دەقەکانی تایبەت بە ئەمان و چەند دەنگێکی کەمی تردا دەردەکەوێت، چەند دەنگێکی تازە ناسراوی جێی مشتومڕ کە هەر لە یەکەم خوێندنەوەیاندا هەست بە خوازراوی زمانە شیعرییەکەیان و کاریگەری و کارتێکردنی ئاشکرای فەرهەنگی بێگانە دەکەیت تا ئەو ڕادەیەی کە بە بێ سڵەمینەوە و هەڵوێستە کردن و وشە و دەستەواژەی زمانە خوازراوەکە هەروەک خۆی (یان بە کەمێک ڕتووش)ەوە بنووسنەوە و بێ پەردە بانگەشەی داهێنان و زیاتریشیان بۆ بکرێت.

# کاری (بریتی بوون له....) له زمانی نووسیندا

**د. شێرکۆ بابان**
**(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی ئەندازە)**

## دەسپێک

یەکێک لە سیماکانی زمانی نووسین، بریتییە لە بەکارهێنان و ئەرکرێژ کردنی هەندێک دەستەواژەی نوێ، ئەوەش بۆ ئەوەی لادانێک، لە زمانی نێو کۆڵان بهێننە کایەوە.

بەداخەوە، زمانی نووسین هەر چەندە زۆر هەنگاوی بەرەو (پوختەبوون بەڕێزمان) ناوە، بەڵام هێشتا وەک پێویست خزمەت نەکراوە. هێشتا دەستەواژەی سواو و بێ ئارایشت برەویان هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا چەندین دەستەواژەی ڕەنگین و ڕەسەن هەیە کە کەم و زۆر بە شێوەیەکی هەڕەمەکی دەکەونە بەرچاو. هۆی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی کە زمانەکە لە ڕووی ڕێزمانەوە بێ خزمەتە. یەکێک لە ئەو دەستەواژانە بریتییە لە (بریتی بوون لە...).

لە ڕاستیدا، بە برشتی زمانی شیری هەر هەموومان دەتوانین بەکاری بهێنین، بەڵام لە ڕووی ڕێزمانەوە بە تەواوی ئاشنا نین لە بەکارهێنانی. هەر لەبەر ئەوە، هەندێک جار لە نووسیندا بەکار دەهێنرێت، بەڵام لە چەندین جێی تردا، کە پێویستە بەکاری بهێنین فەرامۆش دەکرێت.

لە ئەم نووسینەدا، دەستەواژەی (بریتی بوون لە...) دەخەینەبەر پشکنین، بە ئەو هیوایەی بتوانین نەختێک لە ئەو تەمە برەوێنینەوە کە ڕێزمانی ئەم دەستەواژەیەی داپۆشیوە.

### بنچینەو بنەڕەتی (بریتی لە...)

گومان لە ئەوەدا نییە کە دەستەواژەی (بریتی لە...) بریتییە لە یەکێک لە ڕوخسارەکانی کاری (بوون). لە زمانی کوردیشدا دوو جۆر (بوون) هەیە وەک:

یەکەم: بوونی بوونایەتی وەک:

**من جوان دەبم: ئێمە جوان دەبین**

**تۆ جوان دەبیت: ئێوە جوان دەبن**

**ئەو جوان دەبێت: ئەوان جوان دەبن**

دووەم: بوونی ئێستایی وەک:

**من جوان(م): ئێمە جوان (ین)**

**تۆ جوان (یت): ئێوە جوان (ن)**

**ئەو جوان (ـە): ئەوان جوان (ن)**

لە ئەم ئاستـەدا ئەگـەر کـاری (بریتی لە...) بەراورد بکەین بە ئەو دوو جـۆرەی (کـاری بوون) بە ئاشکرا بە ڕوونی دەبینین کە دەچێتـەوە سـەر جۆرێ دووەم (بوونی ئێستایی)، چونکە دەگوترێت:

**من بریتی (م) لە... : ئێمە بریتین لە....**
**تۆ بریتی (یت) لە... : ئێوە بریتی (ن) لە...**
**ئەو بریتی یـ (ـە) لە... : ئەوان بریتی (ن) لە...**

بە سـەرنجێکی ورد و زرنگ دەردەکـەوێت کـە هەردوو کارەکە (بوونی ئێستایی) و (بریتی لە...) لەگەڵ سێتە جـێناوی (م، یت، ـە، ین، ن، ن) سـەودا کـراون. لە بەرانبەردا کاری (بوونی بوونایەتی) بەسێتە جێناوی (م، یت، ێت، ین، ن، ن) سـەودا کـراوە. هەر بۆ بەراورد ئەگەر سەرنج بدەین لە هەردوو سێتە جێناوەکەدا دەبینین لە کەسی سێیـەمی تاکدا جیاوازیان هەیە. ئەو جێناوە، لە سێتەکەی (بوونی ئێستایی)دا بریتییە لە مۆرفیمی ئێستایی (ـە)، بەڵام لە سێتەکەی (بوونی بوونایەتی)دا بریتییە لە (ێت). بە هەمان شێوە لەگەڵ کاری (بریتی لە... ) بریتییە لە مۆرفیمی ئێستایی (ـە) وەک:

**ئەم ئیشە بریتی یـ (ـە) لە ئەرکی ئێمە**

کـەواتە بەکـورتی و بە کـوردی دەسـتـەواژەی (بریتی لە... ) لەگەڵ (بوونی ئێستایی)دا وەردەسووڕێت.

بە واتایەکی دی، ئەم دەسـتـەواژەیە بریتـیـیـە لە داڕشتەیەکی کاری (بوونی ئێستایی).

**دەستەواژەی (بریتی لە...) لە زمانی نووسیندا**

لە زمـانـی نووسـینـدا، دەسـتـەواژەی (بریتی لە...) بریتـیـە لە ئارایشـتکەرێکی بەکار و کـاریگەر بۆ جـوان کـردن و پوخـتـەکـردنی. لەلایـەکی ترەوە کـاری (بریتی لە...) دەبێت بە ئەتیکێتێکی جـوان بۆ بەرز کـردنەوەی (زمـانـی نووسین) و جودا کردنەوەی لە زمـانـی میللی. بۆ نموونە سـەیری هەر تێکستێک بکەیت، دەبینیت کـە پڕە لە دەستەواژەی (ڕێژو پەڕپووت، وەک:

**ئەم ئیشە ئەرکی ئێمەی دڵسۆزی گەل و نیشتمانە**

بەرانبەر بە ئەم نموونە دەبینین کە مـۆرفیمی ئێسـتـایی (ـە) کەوتووەتە پاشەوە، بەڵام دەشێت بگوترێت:

**ئەم ئیشە بریتی یـ (ـە) لە ئەرکی (ئێمەی دڵسۆزی گەل و نیشتمان)**

ئێسـتـاش ئەگـەر ئەو شێـوازە نووسـینە بەراوردبکەین دەبینین لە جـۆری دووەمـدا، دەسـتـەواژەی (بریتـیـیـە لە....)، ڕستـەکەی ئارایشت کردووەو ئەو پرێستـیژەی داوە پێی کـە شـایسـتـەی ئەوە بێت لە زمـانی نووسـیندا بەکار بهێنرێت.

ئێـمە لە ئەو باوەڕەداین کـە ئەم دەستـەواژەیە ئەگـەر بە وردی بەکاربهێنرێت، ئەوا بەشێک لە زمانی نووسین قاڵ دەکرێت لە ئەو خەوشانەی کە لە دەرگای (ناڕێزمان)ەوە تێی کەوتوون.

**بارگەی کاری (بریتی لە....)**

بـارگـەی کـــاری (بریتی لە....) بریتــیـــیـــە لە ئەو دەستەواژەیەی کە ئامرازی پێوەندی (لە) هەڵی دەگرێت، وەک:

**ئەم ئەرکە بریتییە لە (ئەرکی تۆ)**

لە ئێرەدا، دەستەواژەی (ئەرکی تۆ) بریتـییە لە بارگەی (بریتی لە...).

لە زمـانی کوردیدا، ئەو بارگەیە بریتـییـە لە (ناو) یان لە (کۆمەڵەی ناو). بە واتایەکی دی ئەو بارگەیە بریتی نییە لە (کۆمەڵەی کار)، یان لە (ئاوەڵناو). بێگومـان، ئەوەی لە ڕێزمانی کۆمەڵەی کاردا هەیە لە ئەو بارگەیەدا جێی دەبێتەوە.

**بنیادو چێوەی (بریتی لە...)**

لە ڕووی بنیـادی ڕێزمـانییـەوە، چێـوەی کـاری (بریتی لە...) لە چوار مژاری ڕێزمانی پێک هاتووە، وەک:

| بریتی | یـ(ە) | لە | ئەرکی تۆ |
|---|---|---|---|

- **بارگەی ئامرازی (لە)** ← ئەرکی تۆ
- **ئامرازی پێوەندی (لە)** ← لە
- **ڕێژەی کاری (بوونی ئێستایی)** ← یـ(ە)
- **پێکهاتەی بنەڕەت لە کاری (بریتی بوون لە...)** ← بریتی

لە ئەو چوار پێکهاتەیەدا چەند ئاکارێک هەیە، وەک:
پێکهاتەی یەکەم: بریتییە لە (بریتی) کە نەگۆڕە.
پێکهاتەی دووەم: بریتییە لە گشت ئەو ڕێژانەی کە گەردانانامەی کاری (بوونی ئێستایی) پێک دەهێنن.
پێکهاتەی سێیەم: بریتییە لە ئامرازی پێوەندی (لە) کە نەگۆڕە.
پێکهاتەی چوارەم: بریتییە لە بارگەی ئامرازی (لە) لە ئەم بارگەیەدا ڕێزمانی (کۆمەڵەی ناو) جێی خۆی دەکاتەوە.

## پوختەکاری

* دەستەواژەی (بریتی لە....) لە زمانی نووسیندا، زۆر بێ نازە و زۆر کەم بەکار دەهێنرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو دەستەواژەیە زمانی نووسین بەرزدەکاتەوە، چی لە ڕووی ئەتیکێتەوە و چی لە ڕووی ئارایشتی ڕێزمانییەوە.
* دەستەواژەی (بریتی لە...) بریتییە لە یەکێک لە ڕوخسارە داڕێژراوەکانی کاری (بوونی ئێستایی).
بە واتایەکی دی، ئەم دەستەواژەیە بریتییە لە داڕشتەیەکی کاری (بوونی ئێستایی).
* دەستەواژەی (بریتی لە....)، لە چوار پێکهاتەی ڕێزمانی دروست بووە. یەکەمیان بریتییە لە وشەی (بریتی)، دووەمیان بریتییە لە ڕێژەی کاری (بوونی ئێستایی)، سێیەمیان لە ئامرازی پێوەندی (لە) و چوارەمیان بریتییە لە بارگەی ئامرازی (لە).
* بارگەی دەستەواژەی (بریتی لە...) بریتییە لە بارگەی ئامرازەکەی پێوەندی (لە). وەک ئەم ئامرازە لەگەڵ کۆمەڵە لە ناودا دەردەکەوێت، دەستەواژەی (بریتی لە...)یش هەر لەگەڵ (کۆمەڵەی ناو)دا دەگوزەرێت.
* لە بانێژەی ئەم نووسینەوە، پێشنیار دەکەین کە ڕێزمانی کاری (بریتی لە...) ڕەچاو بکرێت لە ئاستی زمانی نووسیندا، تا لە زمانی میللییەوە بچێتە سەر ڕێچکەی زمانی ڕێزماندار.
* وەک حەشارگەیەکی ڕێزمانی کوردی، ئامرازی پێوەندی (لە) لە کاری (بریتی لە....)دا، ناشێت بخرێتە سەر شێوەی لکاو (لێ).
جۆرە دیاردەی ئاوها زۆر دەگمەن و نووتەکە، چونکە گشت ئامرازێکی (لە) بۆی هەیە بکرێت بە (لێ).
لە کۆتاییدا، بە هیوایین خزمەتێکی بچووکمان پێشکەش کردبێت بە کاری (بریتی لە....).


**سەرچاوە:**

**١- د. شێرکۆ بابان، میکانیزمە بنەڕەتییەکانی ڕستەسازی ڕێزمانی بوون و هەبوون، هەولێر، ١٩٩٧.**

**٢- د. نەسرین فەخری، وەستانێک لە ئاستی هەردوو فەرمانی (بوون) و (هەبوون) و (هە) و (هی)دا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق، دەستەی کورد، بەرگی (٢٣- ٢٤)، بەغدا، ١٩٩٢.**

# ئەستێرەناسی لە کەلەپووری کوردیدا

زەیتۆ شێخانی

دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر خەریکی نووسینی بابەتی دەروونزانی بووم، هەستم کرد سۆزێک بۆ کەلەپوور و نیشتیمانپەروەری مندالّی کێشم دەکات. بۆیە بڕیارم دا ئەم بابەتە بنووسم، بۆ ئەوەی بگەڕێمەوە بۆ هەموو کون و کەلەبەرێکی گوندەکەم تاوەکو دەروونم ئاسوودە بێت.

لە پایتەختی شەمامکدا (١) کە پەنجەکانم نەرمونیان بوون و یاریم بە خۆڵ و دار و بەردی گوندەکەم دەکرد و جلوبەرگی خۆم پێ پیس دەکرد. شەوانەش لە سەربانێکی کراوە و لە کەشوهەوایەکی فێنکدا ئەستێرەکانم دەژمارد، بە ڕۆژیش لەگەڵ جەنجەڕ و شەنەبا و کاکێشان و دروونە و گیشە و شەغرەدا دەژیام، وام دەزانی ئەمانە هەموویان بەیەکەوە بەستراون و موڵکی گوندەکەمن، خۆشەویستیشیان جوانترین نیشتیمان پەروەرییە. ئەستێرەکانیش شایەدی قسەکانمن.

میللەتان هەموویان ئەستێرەیان ناسیوە، هەندێکیان پەرستوویانە و بە پیرۆزیان زانیوە، هەندێکی تر چاودێریان کردووە و ڕووداوەکانی ژیانیان پێوە بەستۆتەوە. شاعیر و گۆرانیبێژ و ئاشقان وەسفیان کردووە وقسەیان لەگەڵدا کردووە، زانایان و دانایانیش لێیان کۆڵیوەتەوە و ناسیویانە... تاد، کوردیش وەکو میللەتانی تر چەندین ئەستێرەی ناسیوە و ناوی لێناوە و سوودی لە ژیانی ڕۆژانەیدا لێ وەرگرتووە. گرنگترین ئەستێرەکانیش ئەمانەن:

١- کاروانکوژە: ئەستێرەیەکە پێش بەیانیان هەڵدێت، بەهۆی ڕووناکی ئەستێرەکە، خەڵک وا دەزانێت بەیانییە، بەم ناوە ناونراوە چونکە کاتی خۆی ڕێبوار و کاروانچی کە ئەم ئەستێرەیە هەڵدەهات وایاندەزانی بەیانییە بۆ کاروان و دروونە و شەغرە دەردەچوون پاشان بۆیان دەردەکەوت کە بەهۆی ئەم ئەستێرەیەوە

هەڵخەڵەتاینە ئەگەر نا ماوەیەتی بۆ بەیانی.

٢- حەفتەوانە: ئەمانە لە حەوت ئەستێرە پێک هاتوون و بەیەکەوە کۆبوونەتەوە، بۆیە پێشیان دەڵێن (حەوت برا)، ئەم ئەستێرانە لە هەموو وەرزەکانی ساڵدا دەردەکەون.

٣- ڕێی کاکێشان: ئەمانە کۆمەڵە ئەستێرەیەکی زۆرن و لە ژمار نایەن. کاتێک کا دەکێشرێتەوە لە شەوێکی تاریکدا لە شوێنی کاکە تاکو شوێنی ئاخنینی لە ڕێگادا کایەکی زۆر دەڕژێت. شێوەی ئەم ئەستێرانە لە ئاسماندا وەک ئەم کا ڕژاوە وایە، هەر بۆیەش بەم ناوە ناونراوە.

٤- ئەستێرەی گەلاوێژ: ئەم ئەستێرەیە زۆر ڕووناکە و دەدرەوشێتەوە دەرکەوتنی نیشانەی خۆش بوونی کەشوهەوا و هاتنی وەرزی پایزە.

پێش دەرکەوتنی گەلاوێژ بە چەند ڕۆژێک تۆز و بایەکی زۆر هەڵ دەکات، ئەم تۆزوبایە بە شەڕە گەلاوێژ ناسراوە.

٥- لەیل و مەجروم: ئەم ناوە لە چیرۆکە بەناوبانگەکەی (مجنون لیلی) وەرگیراوە، ئەم دوو ئەستێرەیە بەرەبەرە لێک نزیک دەبنەوە، بەڵام خەڵک نابینیت کە پێک دەگەن، چونکە دوو خۆشەویستەکەی چیرۆکەکە پێک نەگەیشتوون.

٦- پێرو تەرازوو: ئەمانە دوو ئەستێرەی زۆر بەناوبانگن، چەندین جار لە حەیرانی کوردەواری ناویان هاتووە، بۆ نموونە لە یەکێک لە حەیرانەکان دەڵێ (ئەستێرەکم لێ هەڵات لەلای یەمەنی پێرو هەڵاتن تەرازوو ناگەنێ....تاد).

ئەم ئەستێرانە لە شێوەی تەرازووی کێشان دەچن بۆیە ئەم ناوەیان لێندراوە. شایانی باسە ئەم ئەستێرانە لە هەموو وەرزەکانی ساڵ دەردەکەون.

٧- ئەستێرەی کلکدار: ئەم ئەستێرەیە بەهۆی هەندێک ڕووداوی فەلەکی دەردەکەوێت، ڕووناکایەکەی وەک کلک خۆی نیشان دەدات، بۆیە بەم ناوە ناونراوە.

### ئەستێرە و پێشبینی کردنی ڕووداوەکان

بەستنەوەی ڕووداوەکان بە ئەستێرە و پێشبینی کردنیان دیاردەیەکی زۆر کۆنە، پادشا و خاوەن دەسەڵاتان چەندین کەسایەتی پسپۆڕیان لەم بارەیەوە هەبووە، هەرکاتێک تووشی شتێکی نامۆ ببایە، پەنایان بۆ دەبردن، ئەوانیش بەهۆی سەیرکردنی ئەستێرەکان شتە نامۆکانیان بۆ شی دەکردنەوە.

بۆ نموونە فیرعەونی میسر کاتێک بڕیاری دا هەموو منداڵێکی کوڕ کە لەدایک دەبێت بیکوژێت و کچەکان بهێڵێتەوە، بەهۆی پێشبینی ئەستێرە گرەوەکان بوو، کاتێک چوونە لای فیرعەون و وتیان پێغەمبەرێک لەم ساڵانە لەدایک دەبێت، هەموو موڵک و دەسەڵاتت ناهێڵێت. هەروەها بڕیاری وەستاندنی کوشتنەکەش هەر بەهۆی پێشبینی ئەوان بوو، کاتێک وتیان منداڵەکە لەدایک بوو و نەکوژرا، کوشتنی منداڵان سوودی نەما.

ئەم دیاردەیە وەنەبێت کۆن بێت و ئێستا نەمابێت، بەڵکو ئێستاش بەردەوامە بۆ نموونە ئەو کەلووانەی کە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان دەردەچن بەشێکن لەم دیاردەیە.

ئەم جۆرە پێشبینیانە لە کەلەپووری کوردیشدا هاتووە، بۆیە ئێستاش لە هەندێک خەڵکی بەتەمەن دەبیستین، دەڵێن ئەگەر ئەستێرەیە دابڕژێت، ئەوا پیاوێکی گەورە، یان پادشایەک دەمرێت و دەڵێن ئەگەر ئەستێرەیەکی نوێ هەڵات کە پێشتر نەبیندرابێت، ئەوا پیاوێکی گەورە لەدایک دەبێت. هەروەها ئەگەر لە خەونیشدا ببینن ئەستێرە سوور بووە دەڵێن شەڕێکی گەورە ڕوو دەدات... تاد.

### ڕۆژگیران و مانگ گیران

ئەم دوو دیاردەیە بەشێکن لە ئەستێرەناسی، هەر لە کۆنەوە سەرنجی خەڵکیان ڕاکێشاوە، بۆیە هەر میللەتێک جۆرە دابونەریتێکی تایبەت بە خۆی هەیە، لەکاتی ڕوودانی ئەم دوو دیاردەیە ئەنجامی دەدات.

لەبەرئەوەی زۆربەی میللەتی کورد موسڵمانە، بۆیە لەکاتی ڕوودانی ئەم دوو دیاردەیە چەندین دروشمی ئایینی ئەنجام دەدات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەن دابونەریتێک هەن لە هەندێک ناوچەی کوردستان ئەنجام دەدرێن، لەوانە گۆرانی وتن و تەنەکە لێدان... تاد.

ئەم نەریتانەش بە باوەڕی خەڵکەکە بۆ دەرکردنی شەیتانە.

### ئەستێرەناسی و شیعر

لێرەدا مەبەستمان نییە ژمارەیەکی زۆر لە شیعر بخەینە ڕوو، بەڵکو بۆ کاکڵەی مەبەست چەند دێرە شیعرێک دەهێنینەوە کە هەر یەکەیان باسی لایەنێک لە ئەستێرەناسی بکات.

بۆ نموونە (نالی) شاعیر دەڵێت:

**تا فەلەک دەوری نەدا سەد کەوکەبی ئاوا نەبوو**
**کەوکەبی میهری موبارەک تەلعەتی پەیدا نەبوو**

لەم دێرە شیعرەدا (نالی) مردنی میر و هاتنی میر و هاتنی میرێکی تر بە ئاوابوون و هەڵاتنی ئەستێرە وەسف دەکات. هەروەها (وەفایی) دەڵێت:

**دەڵێن دەوری قەمەر، سەیری فەلەک میزانی گۆڕاوە**
**کەوا گوڵ زەرد بوو، سونبل تێک چوو، ڕەنگی ئەرغەوان ڕۆیی**

(وەفایی) شاعیر لە شینێکدا بۆ شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری ئەم دێرە شیعری وتووە، ئەمەش کە مردنی شێخ کارێکی زۆر گەورە بوو، بۆیە شاعیر بە تێک چوونی سوورانەوەی مانگ و ئەستێرەکان وەسفی دەکات.

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە بیروبۆچوونی شاعیران ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕی میللەتەکەیانە.

دوای خستنە ڕووی چەندین لایەنی گرنگی ئەستێرەناسی لە کەلەپووری کوردیدا دەتوانین بڵێین کورد بەم شێوەیە ئەستێرەی ناسیوە:

١- ناولێنانی ئەستێرەکان، بەتایبەتی ئەو ئەستێرانەی کە بە هۆیانەوە گۆڕانکاری لە کەشوهەوا ڕوودەدات وەک ئەستێرەی گەلاوێژ... تاد.

هەروەها کورد ناوی لەم ئەستێرانەش ناوە کە زۆر سەرنجیان ڕاکێشاوە وەک ئەستێرەی کلکدار...تاد.

٢- وەسف و ناولێنانی ئەستێرەکان پەیوەست بەو ئەرکە زەحمەتانەی کە جووتیار لە لادێ ئەنجامی دەدات. وەک ئەستێرەی ڕێی کاکێشیان.

٣- پێشبینی کردنی ڕووداوە گرنگەکان بەهۆی چاودێری کردنی فەلەکی.

٤- بوونی هەندێک کرداری ئەفسانەیی لە ئەستێرەناسی کوردیدا وەک تەنەکە لێدان و دەرکردنی شەیتان... تاد.

**پەراوێز:**

**١- مەبەست لە پایتەختی شەمامک گوندی (کەور)ە، بەهۆی هاتنی خەڵکێکی زۆر و کرانەوەی قوتابخانە.... تاد. لە پەنجاکاندا بەم ناوە ناسرابوو.**

# گروتۆفسکی
# وەڵام بۆ ستانیسلافسکی

**(٢ - ٢)**

**لە فەرەنسییەوە: مستەفا قەسیم**
**(بەلجیکا)**

ئەگەر مەشقەکان ئاراستەکرابن بە ڕووی ململانێیەکی بەردەوام، ئاراستەکرابن دژی پاشماوەی بەربەستەکان و پەردە و ڕێگرەکان، نەخشە و دارِشتنی جووڵانەوەکانیش، بە هەمان شێوە ئەو ناکۆکی و هاودژایەتییە لەخۆ دەگرن کە لە دەقدا هەیە، دژایەتییەک لەنێوان دیقەت و خۆڕسکیدایە (تلقائیة).

کاتێک، ئەوەی لەمیانەی نمایشکردندا لەدەست چوو، واتە کە دیاردەی دیقەتی لەدەست دەچوو، دەبوایە لەنێو مەشقەکاندا بیاندۆزێتەوە و بیانهێنینەوە کایە.

لەکاتی مەشقەکان داوامان لە ئەکتەر دەکرد کە جڵەوکێشی وردەکارییەکان بکات و بەسەریاندا زاڵ بێ، تا ئەو ڕادەیەی کە کاردانەوە کەسێتییەکانی دەرکەون و پێشان دەدرێن. ئەگەر ئەکتەرێک خەریک بووایە خۆی لە پشت دیارەی پێرفێکت و ئۆتۆماتیکیەتدا بشاردبایەوە، دەسبەجێ هەوڵمان دەدا وردەکارییەکان بپارێزین و بیانهێڵینەوە، بەڵام لەتەک سنوورشکاندنیاندا، واتا بیانگۆڕین بۆ کاردانەوەی کەسێتی، واتا گۆڕاندنیان بۆ کاردانەوەی کەسێتی ئەکتەر. ئەم کارە هەمیشە جۆرە تەفاعولێک بوو لە نێوان ئەوەی بریتی بوو لە دیاردەی دیقەت و لەنێوان ئەوەی بەرەو خۆڕسکی دەچوو. یان بە پێچەوانەوە کار و کاردانەوەیەک بوو لەنێوان لێزمەی کاردانەوە کەسێتییەکان و ئەوەی بەرەو بواری دیقەت دەچوو. کاتێکیش ئەم کاروکاردانەوەیە ڕووی دەدا ساتەوەختی خولڤاندن دەهاتە ناوەوە. ناو کارەکەوە.

ئەو ناکۆکی و دژایەتییەی لەنێوان دیقەت و خۆڕسکیدا

هەیە شـــتـێکی ســروشــتی و زیندووە. لەبەر ئەوەی تەوەرەکانی سروشتی مرۆڤ پێک دێنن. هەر لەبەر ئەوە کـاتێک بەیەک دەگەن و یەک دەگرن، ئێـمـەش کـامڵ و گشتگیر دەبینرێین.

بەپێی هەندێ لێکدانەوە دیقەت بریتییە، یان دەوترێ سەر بە جیـهانی ئاگاییـە، لەکاتێکدا خۆرسکی سەر بە جیهانی غەریزەکانە.

بە واتایەکی تر ئەگەر دیقەت بریتی بێ لە سێکس، خۆرسکیش بریتـییـە لە دڵ، لە خۆشـەویسـتی. ئەگـەر سێکس و خۆشەویسـتی دوو شـتی جودا بن، ئەوا لەو حاڵەتەدا ئێمەش دەبین بە دوو کەرتەوە.

تـەنـیـــا لـەو کـــاتـەی کـــە پێکـەوەن، نـەک وەکـــو یەکگرتنەوەی دوو شت، بەڵکو وەک تاکە شتێک. تەنیا لەو حاڵەتەدا دەتوانین بگەین بە یەکەیەکی یەکگرتوو.

لە ساتەوەختـەکانی گشـتگیری و کـامڵـبووندا ئەوەی ئاژەڵـیـە لە ناخـمـاندا هەر تەنیـا ئاژەڵی نییـە، بەڵکو پڕاوپڕ سروشـتێکە. سـروشـتی مـرۆیی نییـە بە تەنیـا، بەڵکو سروشـتێکی تەواو گشـتگیرە لەنێو مرۆڤدا. لە هەمـان کـاتدا بۆمـاوە کـۆمـەڵایەتییـەکـان و مـرۆڤ وەکـو مـرۆ-پـانتـایی، خـۆ هەنووکـەیی دەکـەن، بەڵام ئەمـە دوو لایەنی مرۆڤ پێشـان نادەن، بەڵکو یەکگرتوویی مرۆڤە. لەم حاڵەتەدا ئەوە (من) نییە کە لە ناوەوە دەبزوێ، ئەوە (مـرۆڤ)ە. ئەوە (مـن) نیـیـە ئەو کـردارە ئەنجـام دەدا، بەڵکو ئەو (مـرۆڤ)ەیە کـە لەنێـو مندا کـاردەکـات. لەهەمان کاتدا ئەوە خودی من و ڕەگەزێکی مرۆییە.

مرۆڤ بە هەموو بنەماکانییەوە -کۆمەڵایەتی و ئەوانی تریش- لەنێو مندا تۆمار دەبێ، لەنێو یادەوەرییەکاندا، لەنێو هزر و بیرکردنەوەمدا، لەنێو ئەزموونەکانمدا، لەنێو پێگەیاندنمدا. لەنێو وزە و جووڵانەوەمدا.

کـاتێک باس لە خۆرسکی و دیقەت دەکرێ، لە هەمـان ڕسـتـەدا، دوو بۆچوونی هاودژ بە شـێـوەیەکی نادروست، بەدی دەکرێ.

لە کاتی پرۆڤەکاندا، توێژینەوەم لەسەر ئەو شتانەدا لە ڕێگای وشەکان و دەستەواژەکانەوە نەدەکرد. دەنا لەنێوان من و ئەکـتـەرەکـاندا کـارەسـات دەقـەومـا. ئێـمـە بەدوای ڕاسـتگۆیـیـدا دەگـەڕاین، ئاشکراکـردن و پـێـشــاندانی ڕاستگۆیی پێویست بە بەکارهێنانی ئەو وتانە ناکات. لە ڕاسـتـیـدا لە ئاست کـەسـێکی بەرانبـەر نەبێ، ناتوانرێ ڕاســتگۆیی ئاشکرا بکرێ و پیــشــان بدرێ. بۆ من ئەو کارە لە بەرانبەر ئامادەیی ئەکتەر وەکو مرۆڤێک ئەگەری پێشـاندانی هەبوو. دەگـەڕام بەدوای ئەو هەلومـەرجانەی لەنێوانیـاندا ئەکتەر بۆی بکرێ لە بەرانبەر ئامادەیی مندا ڕاســتگۆیی پـیــشـــان بدات، بەڵام لە بەرانبـــەر هەر مـرۆڤـێکیش ئەگەری پێشـاندانی هەیە، تەنانەت ئەگـەر چەند کـەسـێکیش بین و لەیەک کـاتدا پێکەوە لەگـەڵ یەکـتردا کاربکەین. ئەمە هەرگـیز پێـوەندی بەستن نییە لەگەڵ گرووپێکدا، پێوەندییەکە لە نێوان ئەندامانی ئەو گرووپە، هەریەکە بە جیا لەگەڵ ئەوی تردا. پێوەندییەکە لەنێوان تۆ لەگەڵ تۆ، نەک پێوەندی تۆ لەگەڵ ئێوە. لەبەر ئەوە ئەگـەر بمانەوێ پێـوەندییـەک لەو جـۆرە، لەگـەڵ گرووپێک دامەزرێنین، ئەوا پێویسـتـمان بە ڕێکەوتنێکی پێشتر هەیە.

لەبەر ئەو هۆیەیە ئەو ئەکـتـەرەی دەیەوێ بگات بەو جـۆرە پێـوەندییـە لەگـەڵ بینەردا دەکـەوێتـە نێـو کـلـێـشـەکـارییەوە، نێـو دووبارەبوونەوە. جـاران وشـەی دانپیـانانم بەکاردەهێنا: دانپیانان لە ڕێگەی جەستەوە. ئەوە دانپیـانانەی کە لە ڕێگایەوە خۆم بە هیچ شێوەیەک ناشارمەوە، نە لە پشت دیاردە کلێشەییە هاوبەشەکان و نە لە پشت وردەکـارییـەکـانی نێـو ژیانی ڕۆژانە و نە لە پشت هەچ پەردەیەکـــەوە بێ. ژیانی ڕۆژانە فـــێـــری ڕووپۆشین و ســاخـتـەکـاری و درۆمـان دەکـات. هەمـوو کـــەســـێـک دەتـوانێ ئەمـــە ئەزمـــوون بکات و لە هەر کـــولـتـــوورێکیش بە چەشنێکە. با ئەمـــریکا بە نموونە وەرگـــریـن، لـێـــرەدا (١) بـیـــروهـزرێـکی برایەتی باوە، هەریەکـەو دەیەوێ بەرانبـەر ئەوی تر هاوڕێتی و برایەتی پـیـــشـــان بدا، بەڵام لە کـــاتی کـــلـــۆڵـیـــدا پشت بە کێ دەبەستن؟ لە ڕاسـتـیـدا هەریەکـێک چەند هاوڕێیی هەیە؟ کـەسـێک لەم شـوێنە هەردەم گـەمـەی هاوڕێتی دەکـات هەروەکـو ئەوانی تر بەرانبـەر بەو دەیکەن. لەنێـو ژیاندا هەندێ سـاتی ڕاسـتـەقـینە هەن کـاتێک مرۆڤ بە ڕاسـتی هەست بە خۆشـەویسـتـییـەک دەکات کە وەکو سێکسی جومناستیکی نییـە. یان کـاتێک خۆشی و شادییەک باڵ بە سەریاندا دەگرێت، چاوەڕوانی خودی ئەو کاردانەوەیان نەبوون. یان کـاتێک کلـۆڵی تێکیـان دەشکێنێ. لەگـەڵ ئەوەی هەندێ جـار ئەوە خـودی خـۆیان نیـیـە کـە تێکی دەشکێنن، بەڵکو دەمامکەکانی نێوان مرۆڤەکانە. کەواتە

بەم شێوەیە تێدەگەین کە ئەوەی تێک دەشکێ خودی خۆیان نییە بەڵکو شێوازی گەمەکردنیانە، ئەمەش خاڵێکی سەرەکییە.

(بۆ نموونە لە کاتی نمایشدا) کاتێک ئەکتەر دەچێتە سەر ئەو ڕێچکەیەی کە بەرەو (کردار)ی دەبات، بەڵام نازانێ دەبێ چی بکا و چی نەکات و بێ وچان هەر بیر لەوە دەکاتەوە، لەبەر ئەوەی هەست دەکات لە ژێر چاودێریدایە. لەبەر ئەم هۆیە ستانسلافسکی، ڕاست و واقعییانە، داوای دەکرد ئەکتەر دەبێ هێڵێکی کرداری ئامادەکراوی هەبێ کە لەو کێشەیە ڕزگاری دەکات. لەو باوەڕەدابوو، بەشبەش کردنی کردارە فیزیکییەکان، دەبێ ئەو هێڵە بێ. سەبارەت بە خۆم دەمەوێ ئەو بەشکردنە، لە لایەک لەسەر بناغەی شەپۆلی تەوژمە ناوەکییەکان و لەلایەکی ترەوە لەسەر بنەمای ڕێکخستن دامەزرا بێ. ئەمە ئەو مانایە دەگەیەنێ کە دەبێ شتێک لە خۆ بگرێ کە لە کەناری ڕووبار بچێ.

لەتەک هێنانەوەی نموونەیەک لەسەر پانتایی، ڕەنگە تێگەیشتنی ئاسانتر بێ. پانتایی تۆ وەک ئەکتەر بە تەنیا ئێرە نییە، بەڵکو لە نێوان ئێرە و جێگایەکی ترە. تۆ پانتاییەکی دەست نیشان کراوی مردووت نییە، تۆ پانتاییەکت هەیە لەنێو بینراوێکی دیاریکراو و لە ساتێکی دیاریکراودا و لە (نێوان)... . ئەو {لە نێوان}ی ئێرە تا ئەوێ کە دێت، وەکو کەناری ڕووبار دەست نیشان کراوە، بەڵام پانتایی هەمیشە پێشبینی نەکراوە، بە هەمان شێوەی ئەو کەنارەی دەیگەیتێ هەمیشە کەنارێکی تازەیە. ئەمە نموونەیەکی ڕوون و سادە و ساکارە. لە ڕاستیدا ئەمە هەموو بنەماکانی جوولانەوە و هەڵسوکەوتی مرۆڤێک دەگرێتەوە کە ڕۆڵێک دەبینێ. پێویستە پانتایی ئێرە تا ئەوێ دیاری بکرێ، ئەو کەنارانەی ئەو {لە نێوان}ە دەیخولقێنێ. مەبەست لە بەشبەشکردن ئەم شتەیە. لەو کاتەدا ئەکتەر مەحکوم نییە بە بیرکردنەوە لەوەی: دەبێ چی بکەم؟ ئازادترە لەبەرئەوەی کردەی ڕێکخستنی فەرامۆش نەکردووە.

کاتێک ستانیسلافسکی لەسەر کردارە فیزیکییەکان کاری دەکرد سنووری دەبەزاند، بەڵام هەروەها بیرۆکەکانی پێشووی سەبارەت بە یادەوەری سۆزداری درێژە پێدەدا و کاری لەسەر دەکرد. ئەو داوای لە ئەکتەر دەکرد: چی دەکەی (ئەگەر) بێتو لەنێو ئەو هەلومەرجانەدا بی، ئەو حاڵەتانەدا بی. ئەو هەلومەرجانە بریتین لە هەلومەرجەکانی ڕۆڵ: تەمەن، جۆر، قەبارەی جەستە، هەندێ ئەزموونی دیاریکراو. لە گۆشەنیگای ئەوەوە ئەمە کارێکی لۆجیک و کاریگەر دەبوو.

ئەو کاتەی من لەگەڵ ئەکتەر کارم دەکرد هەرگیز نە بیرم لە (ئەگەر) و نە لە هەلومەرجە دیاریکراوەکان دەکردەوە. هەندێ هۆکار و پاساو، یان هاندەر هەن کە کردە و ڕووداوەکانی نمایش دەخولقێنن. ئەکتەر لا لە ژیانی خۆی دەکاتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ژیانی تایبەتی خۆی. نە لەگەڵ بواری (یادەوەری سۆزداری) و نە لەگەڵ (ئەگەر) گەڕان و لێکۆڵینەوە ناکات. ئەو دەگەڕێتەوە بۆ جەستەی - یادەوەرییەکان نەک بۆ یادەوەری جەستە، بەڵام دروست بۆ جەستەی- یادەوەری بۆ جەستەی- ژیان. کەواتە ئەکتەر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئەزموونانەی کە گرنگ بوون و ئەو ئەزموونانەی کە هێشتا بە ئاکام نەگەیشتوون و چاوەڕوانیان دەکەین. هەندێ جار یادەوەری ساتە وەختێک، یادەوەری ساتەوەختێکی بێ وێنە، یان خولێکی یادەوەرییەکانە کە هەندێ شت تێیاندا بە نەگۆڕی دەمێننەوە. بۆ نموونە حاڵەتێکی گرنگ لەنێو پێوەندییەک کە پەیوەستە بە ئافرەتێکەوە، ڕوخساری ئەو ئافرەتە لەنێو ڕووداوە ڕێزبەندەکانی ژیانی ئەوەی ژیانراوە و ئەوەی نەژیانراوە دەگۆڕدرێ، کەواتە کەسەکە تەواو دەتوانرێ بگۆڕدرێ، بەڵام لەنێو گشت ئەو ئەزموونانەی ژیان و بەرجەستەکردنیان شتێکی نەگۆڕ هەیە، شتێک بە نەگۆڕی دەمێنێتەوە وەکو کۆمەڵێ فیلمی جیاواز یەک لەسەر ئەوی تر چاپ دەکرێن. ئەو یادەوەرییانەی (ڕابردوو هەروەها داهاتوو) لە میانەی ئەو شتانەی مەلموس و هەست پێکراون، دەناسێنرێن و کەشف دەکرێن، واتا جەستەی ژیان، بەڵام کاتێک دەجوولێین و کاردانەوەیەکمان دەبێ، شتێک دەکەین، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و لە ئێستا و لێرەدا. ئیدی لەو ساتەدا ئەو شتانەی بە ئاگاییەوە جێگیر نەکراون خۆ ئازاد دەکەن، ئەو شتانەی لەژێر چنگن، یان تێگەیشتنیان کەمتر ئاسانە، بەڵام بە هەندێ شێوە لە کرداری فیزیک بنەڕەتیترن. هێشتا ئەو شتانە فیزیکی نین، بەڵکو پێش فیزیکین ئەوانە ئەو شتانەن کە بە (تەوژم) ناوزەدیان دەکەم. هەر کردارێکی فیزیکی جووڵەیەکی (ژێر-

پێست) پێشی دەکەوێ، کە لە ناخی جەستەوە سەرچاوە دەگرێ، نەناسراوە، بەڵام مەلموسە. تەوژم بەبێ کەسێکی هاوبەش بوونی نییە، هاوبەش نەک بەواتای هاوبەشێکی گەمەکردن، بەڵام بەواتای بوونی مرۆڤێکی تر. یان ئەو بوونە بوونێکی درێژخایەنی نەبێ.

لەبەر ئەوە دەکرێ بەلای یەکێکەوە ئەو بوونە جیاوازبێ لە بوونی مرۆڤێک. ڕەنگە بێ بە خواوەندێک، یان ئاگر بێ یان درەخت بێ. کاتێک هاملێت باس لە باوکی دەکات، مۆنۆلۆگێک ئادادەکات لەپێش ئامادەیی باوکیدا. تەوژم هەمیشە لەبەردەم ئامادەیی شتێک بوونی هەیە. بۆ نموونە کاتێک دەمەوێ بوونی خۆم کە ئامانجی تەوژمەکانمە، بەڕووی هاوڕێکەم بخەمە ڕوو وەکو ئەوە وایە کە بەڕووی شاشەیەکدا پیشانی بدەم. وای دانێن ئەو ئافرەتە یان ئەو ئافرەتانەی لە ژیانمدا بوون یان ئەوانەی دێنە ژیانمەوە بە ڕووی ئەو ئەکتەرە کچەی بەرانبەرم کە کاروکاردانەوەم لەگەڵی دەبێ و دەیانخەمە ڕوو. ئەوە شتێکی تایبەتی نییە لە نابەینی من و ئەودا، لەگەڵ ئەوەی کە شتێکی شەخسیشە. تەوژمەکانم هەمیشە بۆ لای، بەرەو ڕووی هاوبەشێک ئاراستە دەکرێن. لەژیاندا هەستم بە هەندێ کاردانەوەی کۆنکریت کرد، بەڵام ئێستا ناتوانم پێشبینی هیچ شتێک بکەم.

لە کرداردا وەڵامی ئەو وێنەیە دەدەمەوە کە بەڕووی هاوبەشێک ئاڕاستەی دەکەم. دیسان ئەو وەڵامە وەڵامێکی تایبەتی نابێت، نابێت بە دووبارەبوونەوەی وەڵامێک بۆ ژیان. دەبێ بە شتێکی نەناسراو و ڕاستەوخۆ. پێوەندییەک لە ئارادایە- لەگەڵ ئەزموونەکانی من پێوەندیان هەیە، یان لەگەڵ هێز و وزەی من، بەڵام ئەو شتەی کە هەیە ئەوەیە کە لە ئێستا و لێرەدا ڕوودەدات. ڕووداوەکە ڕووداوێکی نووسراوە، سەر بە دنیای نووسینە.

لە لایەکەوە ئەو ڕووداوە لە ئێستا و لێرەدا ڕوودەدات و لەلایەکیترەوە بابەتی ئەو ڕووداوە لە زەمەنێکی ترەوە سەرچاوە دەگرێ، پەیوەست بێ بە ڕابردووەوە، بە ئەگەرەکانەوە.

نابێ گوێ لە ناوی شتەکان بگرین، پێویستە بە وریاییەوە گوێ هەڵخەین بۆ خودی شتەکان خۆیان، ئەگەر تەنیا گوێ بۆ ناوەکان بگرین، لەم حاڵەتەدا ئەوەی سەرەکی و بنەڕەتییە لە دەست دەچێ، بە تەنیا زاراوەکان دەمێننەوە، لە ڕابردوودا وشەی هاوبەشم بەکاردەهێنا، هاوبەشەکان بریتین لەو ڕووداوانەی کە خۆیان گیردەکەن، خۆ هەڵدەواسن بە ژیانمانەوە، بە ئەزموونەکانمانەوە بەهێز و وزەمانەوە. کەواتە ئەمانە ئەو گەمانەی ژێر- تێکست نین، یان ئەو بیرۆکانەی ژێر- تێکست نین، بەشێوەیەکی گشتی ئەوانە شتێک نین کە بتوانین فۆرمۆلەیان بکەین. بۆ نموونە لە میانەی بەشێک لە ڕۆڵێک کاتێک دەڵێم: ڕۆژباش خانم. ئایا دەبێ بیربکەمەوە بۆچی خانم ئەمڕۆ هێندە زویرە؟ ئەم ژێر- دەقە کە کردەیەکی بیرکردنەوەیە، شتێکی بێمانایە. کارێکی نەزۆکی لێ دێتەبەر.

جۆرێکە لە جلەوکردن و دەستەمۆکردنی هزرو هیچی تر. بۆیە نابێ بیر لەو کارە بکرێتەوە، پێویستە ئەو حاڵەتە ئاشکرا بکرێ، کەشف بکرێ، لە ڕێگای جەستەی- یادەوەرییەوە، جەستەی- ژیانەوە، نەک لە ڕێگای ناوزەدکردنەوە.

ستانیسلافسکی لەوبڕوایەدا بوو کە شانۆ بریتییە لە بەرجەستەکردنی مەرگەسات. ڕەنگە ئەو لە شانۆکارە هەرە مەزنەکان بووبێ، لە هەرە پاکژەکان و بە دڵنیاییەوە کەسێکی هەرە پسپۆڕ بوو لە مێژووی شانۆدا. شانۆ بۆ ئەو ئامانج بوو، بەڵام بە نیسبەت منەوە، من لەو باوەڕەدانیم بۆ من ئامانج بووبێ، ئەوەی گرنگە بەلای منەوە، تەنیا کرداوە، ڕووداوە. لەوانەیە ئەو کردارە زۆر نزیک بووبێ لە دەقی مەرگەساتێکەوە کە وەک بنچینەیەک بۆ کردارەکە وەرگیرابێ.

بەڵام ناتوانم ئەو پرسیارە بکەم، ئایا بەرجەستەکردنی مەرگەسات بووە یان نا؟ نازانم ئەمە دڵسۆزییە لە هەمبەر ڕێچکەی ستانیسلافسکی یان نا. من حەز بە شانۆی ئاخاوتن ناکەم لەبەر ئەوەی لەسەر بنەمای تێڕوانینێکی ناڕاست سەبارەت بە بوونی مرۆڤ دامەزراوە. هەروەها حەزیش بە شانۆی جەستە ناکەم. لە ڕاستیدا ئەمە چ مانایەک دەگەیەنێ؟

شانۆی جەستە؟ ئەکرۆباتیکە لەسەر شانۆ؟ هاوارکردنە؟ خۆتل کردنەوەیە لەسەر زەوی؟ توند و تیژییە؟ نەشانۆی ئاخاوتن و نەشانۆی جەستەم ناوێ. شانۆیەکم دەوێ بوونێکی زیندووی تێدا خەریکی خۆ ئاشکراکردن بێ، خۆ کەشف کردن بێ. ستانیسلافسکی لە جێگایەک دەڵێ: ئاخاوتنەکان ترۆپکی کرداری فیزیکن. وەک دیارە زۆرجار زمانی ئاخاوتن تەنیا دەبێ

بە پاساوێک و هیچی تر.

لەو باوەڕەدام کە ئێمە تا هەندێ ڕادە مەحکومین بە نیگەرانی و دوودڵی، بەڵام ڕادەی ئەو دوودڵی و نیگەرانییە بە چاکی دیاری کراون. ئەگەر ئێمە بگەڕێین بە دوای ئەوەی کە چۆن خۆمان لە پشت دەستەواژە هزر ئامێزەکانەوە، لە پشت بیرۆکەکانەوە، لە پشت دروشمەکانەوە بشارینەوە، واتە لەهەر چرکەساتێکدا بەوپەڕی وردی و وریاییەوە ڕێچکەکان بگرینەبەر، ئەوا مەحکومین بە کلۆڵی. ئەگەر هەموو ئەو کارانەی دەمانەوێ بیانکەین لە چوارچێوەی بێ حەماسی و گەرم و گوڕیدا بوەستێ، هەرگیز هەوڵ نەدەین هەندێ خاڵ تێپەڕێنن، هەمیشە (وەکو خەڵکی تر) کارێک بکەین بۆ ئەوەی قبوول بکرێین، ئەوا مەحکومین بە کلۆڵی، بەڵام بەشێوەیەکی سەیر و بەپێچەوانەوە کاتێک ئاڕاستەکەی تر دەگرین لە هەندێ ئاستدا، لە هەندێ حاڵەتدا هێمنی وەدەردەکەوێ. لە هەندێ ساتەوەختدا ئێمە بەنیوەیی بوونمان نابێ، ئەوکات لە هارمۆنییەکی (٢) تەواودا دەبین لەگەڵ خودی خۆماندا. نەک لەنێو نیزامێکی تێگەیشتندا، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتگیریانە. ئەگەر ئەم شتە لەکاتی کارکردندا ڕوودات، دواتر دەمامکەکانمان دەپۆشینەوە، لەبەرئەوەی مەحاڵە خۆمانیان لێ بەدوور بگرین. دەکرێ بچینە نێو سازش کردنێکەوە، بەڵام کاریگەری نابێ بەسەر کارەکەمانەوە.

هەروەها ئەو سازشکردنە زۆر بڕناکات. بەشێوەیەکی هاوتەریبی، ترسەکانمان کەم دەبنەوە لەبەرئەوەی پابەندن بە درۆکانمان و بەبێ حەماسیمانەوە.

ئەو ترسە لە کردەی ئەوەوە دەکەوێتەوە کە دەترسین ڕووبەڕوو بچین بەگژ ژیاندا.

هەندێ مەترسی کوشندە هەن، بەڵام دەکرێ بچین بەگژیاندا. پێوەندییەک هەیە لە نێوانی ئەوەی ناڕەحەت و دوودڵ بین و نیوە بوونمان هەبێ و لەترسدا بین.

پاشان تەنیا بە هاوارکردن لە فریادڕەسی نەبێ، ناتوانی بچین بەهانای کارە پڕ مەترسییەکانەوە. سەرچاوەکانی ژیان تەنیا دوای سڕینەوە درۆکردن و پینەو پەڕۆکردن و بێ وەرەیی دەست بەکاردەبن.

زۆرجار دەڵێن کە ئەکتەر دەبێ بەشێوازی کەسی یەکەم (من) بجووڵێتەوە:

(من) نەک (ڕۆڵ). ئەمە تیزی ستانیسلافسکی بوو.

ئەو دەیوت [من لەنێو هەلومەرجەکانی ڕۆڵدا]. لەلایەکی ترەوە، زۆرجار ئەگەر ئەکتەر کە بەشێوازی (من) بیربکاتەوە، ئەوا بیر لە خودی پۆرترێتی خۆی دەکاتەوە، بیر لەو وێنەیەی خۆی دەکاتەوە کە دەیەوێ بیسەپێنێ بەسەر ئەوانی تر و بەسەر خۆیدا، بەڵام ئەگەر داوای لێبکرێ (ئەو بوونەوەرە مرۆیەی لە ناختدایە هەڵماڵە و بیخەرە ڕوو)، ئەم کارە هێزە پێڕاهاتووەکانی تێدەپەڕێنێ. ئەم کارە وێنە کۆمەڵایەتییەکەی تێک دەشکێنێ. ئەم کارە هەموو پێداویستییەکان دێنێتەکایەوە. ئەگەر لە بەرانبەر ئەم بانگەوازە بە (کردار) وەڵام بداتەوە، تەنانەت ناتوانێ بڵێ (من دەجووڵێم)، بەڵام ئەو کات دەڵێ (ئەوە ئەوە کە دەجووڵێتەوە)، بەڵام نابێ (ئەوە) بە واتای (ئەو) لەگەڵ (ئەو) لەلای فرۆید تێکەڵ بکەین.

وەکو لە سەرەتادا وتم مایەر هۆڵد و ڤاختانگۆف بەڕاستی لە قوتابییە هەرە چاکەکانی ستانیسلافسکی بوون. دەتوانین ئەو پرسیارە بکەین، ئایا ئەوە مایەرهۆڵد نەبوو کە گەورەیی بە ستانیسلافسکی بەخشی، وەڵامەکانی بۆ مامۆستاکەی بەڵگەی گەورەیی و دەوڵەمەندی ستانیسلافسکی سەلماند.

لە کۆتایی ژیانیدا مایەرهۆڵد وتی؛ بڕوانە ئەو جیاوازیەی لە نێوان شانۆکەی ئێمە (شانۆی مایەرهۆڵد) و لەنێوان شانۆی mchat (٣) دایە، ئەویش ئەوەیە کە mchat بریتی بوو لە یەکەم ستۆدیو لە کاتێکدا ئێمە (٩٩٩)یەم ستۆدیوی mchat بووین. ئەوەی جێگای حەسوودییە لای ستانیسلافسکی تێکڕای ئەو بێ وێنەییە لای قوتابییەکانی هەبوون کە هەریەکەیانی گەیاند بە ڕێچکەی تایبەتی خۆی و هەندێ جار لەگەڵ پێوەندییەکی دابڕان و دوورکەوتنەوە و هەندێ جاریش لەگەڵ پێوەندییەکی نزیک بە ئەوەوە. بۆیە گشت پێوەندییەکانی تر لەگەڵ مامۆستادا پێوەندی ساختەن.

قوتابییەکی زۆری ستانیسلافسکی هەن وشەو دەستەواژەکانی ئەو دەڵێنەوە، باس لە (کرداری سەرەکی) و (ئامانجی باڵا) دەکەن. لێرە لە ئەمریکا بە ئاشکرا دەبینین کە ئیستغلال و ناپاکی لەو دەستەواژانە دەکەن، بەڵام لە جێگای تریش، قوتابی گەلێکی وەها خراپ هەن.... کە بەهۆی ئەوانەوە ستانیسلافسکی پاش مردنی کوژرا. ئەمە وانەیەکی مەزنە.

جــارێکیـــان وتم: ســەرباری هەمـــوو شـــتـێک ڕەسەنایەتییەکە قوتابییەکی ڕاستەقینە بە (گەورەبییەوە) ناپاکی لە مـامـۆسـتـاکـەی بکات. کـەواتە ئەگـەر من بگەڕابام بەدوای قـوتابی ڕاسـتـەقـینە، حـەزم دەکـرد ئەو قوتابییانەم هەبان کە بیانتوانیبا بە (گەورەبییەوە) ناپاکیم لێ بکەن.

ناپاکی کردنی نزم واتا تف کردنە لەو کەسەی لەگەڵیدا کار دەکەین. هەروەها ناپاکی کردنی نزم واتا گەڕانەوەیە بۆ هەڵەکـان و ئەو شــتـانەی نادروست و نـادڵسـۆزیان تێدایە سەبارەت بە سروشتی خودی خۆمان، لە کاتێکدا جێگای ڕەزامەندی خەڵکانێکە کە چاوەڕوانی ئەوەمان لێدەکەن. بۆ نموونە ئەو شتانەی لەنێو ژینگەیەکدا زیاتر لەبارن و گـونجـاون وەک لەگـەڵ خودی خـۆمـان. کـەواتە دیســـان دەکــەوینە نێـــو ئەو حـــاڵەتەی لە بنەمـــا و لەسـەرچاوەکـان دوورکەوینەوە. هەروەها ناپاکی کـردن لە (گــەورەبییــدا) هەیە، بەڵام بەکــردەوە نەوەک بە قــســە. کاتێک ڕێچکەی دڵسۆزی بەردەدەین، ڕێچکەی تایبەتی خــۆمـــان دەگــرینەبەر. ئەو ڕێچکەیە، ناتوانین بۆ هیچ کــەســێکی وەسف بکەیــن، ناتوانین پێــوانەی بکەیــن. دەتوانین بە تەنیا لە ڕێگای کۆششێکی مەزنەوە کەشفی بکەین. هەست دەکـەم ئەو ڕسـتـانەی بەم شێـوەیە دەیان ئاخڤین هەمـیـشە کەمێک کلێشـەیی سواو بن، بەڵام لە پشت ئەم بیرۆکەیەوە ڕاستیەک هەیە، ئەزموونێک هەیە.

ئەگەر لە ڕابردوودا وتبێتم، ئەو تەکنیکەی پیادە دەکەم بریتییە لە تەکنیکی داهێنانی ئەو تەکنیکانەی تایبەتن بە خـۆم، لە ڕاسـتـیـدا ئەمـە تەعـبـیـری ناپاکی کـردن بە گەورەبییەوەی لەخۆ دەگرت.

ئەگـەر قــوتابی پشــتی بە تەکنیکی تایبــەتی خــۆی ببەسـتیبا، لەو حاڵەتەدا دەیتوانی لەمن دوورکەوێتەوە، لە پێویسـتیـیـەکانی بەمن، منیش بە شێوازی خۆم بە پێی گەشەی تایبەتی کارەکانم خاترجەم دەبووم. ئەو کات ئەو جیاواز دەبوو، دەیتوانی دوورکەوێتەوە.

لەو باوەڕەدام تەنیـــا تەکنیـکی خــولقـــاندنی ئەو تەکنیکانەی تایبـــەتن بە خـــۆت گــــرنگە. گـــشت تەکنیکەکانی تر یان مێتۆدەکاتی تر نەزۆکن.

سەرباری ئەمانەش، گشت ئەو کێشانە هەنوکە دوورن لە منەوە، وەکـو کـێـشـەی قـوتابی و مـامـۆسـتـا. لەو باوەڕەدام کە تەنانەت بیرکردنەوەش، تەنانەت پێویستی بوون بە مـامـۆسـتـا -کـاتێ بە هۆشـمـەندییـەوەی تێ بڕوانین- بریتین لە خاڵی بێ هێزی و لاوازی لەبەر ئەوەی مەسەلەکە پەیوەستە بە گەڕان و توێژینەوە لە (بوون) لە میانەی ڕێڕەوی گەشەی قوتابییەکاتەوە.

بڕوا ناکەم کە کارەکانم لە بواری شانۆدا بتوانرێ وەکو مێتۆدێکی نوێ دیاری بکرێ. دەتوانین ناوی مێتۆدی لێ بنێین، بەڵام ئەم وشـەیە مـانایەکی زۆر سنووورداری هەیە. هەروەها بـاوەڕیش ناکـەم ئەو توێژینەوانەم شـتـێکی تازە بن. لەو باوەڕەدام ئەو جـــۆرە توێژینەوانە زۆرجـــار لە دەرەوەی سنووری شـــانۆدا هەبوون. لەگـــەڵ ئەمـــەشـــدا دەتوانین بڵــێین هەندێ جـار لەنێــو هەندێ شـانۆشـدا هەبوون. مــەســـەلەکــە پێـــوەندی بە ڕێچکەی ژیان و مـەعـریفـەوە هەیە، ئەمـەش شتێکی زۆر مێژینەیە. ئەو جۆرە لێکۆڵینەوانە بەگرێدانیان لەگەڵ سەردەم و کات و کۆمەڵگادا فۆرمۆڵە دەبن و دەردەکەون. دڵنیانیم ئەوانەی وێنەی نیگارەکـانی نێـو ئەشکەوتی (سێ براکـەیان) کـێـشـاوە تەنیـا بە مـەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی ترس و تۆقین ئەو کارەیان کردبێ. ڕەنگە وابێ، بەڵام ئەمە تەنیا مـەبەسـتـێک نەبووە. لەو باوەڕەدام نیگارکـێشـان لەوێدا ئامـــانج نەبووە، بەڵکو ڕێچکەیەک بووە. بەم مـــانایە هەست دەکــەم زیاتر نزیکم لەو کـــەســـانەوە کـــە ئەو نیگارانەیان لەسەر بەردەکان ئەمجام داوە لەوەی نزیک بم لەو هونەرمـەندانەی خۆیان بە پێشـڕەوی داهێنەرانی شانۆی نوێ دەزانن.

**پەراوێزەکان:**

**١- ئەم باسە وەک سـیـمـینارێک لە ئەمـریکا ئەنجام دراوە -وەرگێڕ-**

**٢- مـــەبەست لەو حـــاڵەتەیە کـــە ناوەوە و دەرەوەمـــان لە هاوئاهەنگی و گونجانێکی تەواو دابن -وەرگێڕ-**

**٣- شانۆی هونەری مۆسکۆ.**

# حاجی گەورەی ماقامبێژی کۆیە

**عەبدولڕەقیب یووسف**
**(سلێمانی)**

پاش ئەوەی زانیم مامۆستای مەقاماتی عێراقی خوالێخۆشبوو محەمەد قەپانچی کە لە (٢/ ٤/ ١٩٨٩)دا کۆچی دوایی کردووە، وتوویەتی لە بارەی مەقاماتەوە سوودم لە (حاجی گەورە)ی خەڵکی شاری کۆیە وەرگرتووە و بە یەکێک لە مامۆستایانی خۆمی دەزانم- زۆرم پێ خۆشبوو زانیاری لەبارەی حاجی گەورەوە کۆ بکەمەوە، تا لە (٢٤/ ٩/ ٢٠٠٣)دا دەستم کرد بە کۆکردنەوەی زانیاری لە چەند کەسێکی بەتەمەنی خەڵکی شاری کۆیە، بەتایبەتی لە کاک محەمەدی کوڕی محەمەدساڵحی کوڕی حاجی گەورە و خوشکەکەی عیفەت خانی کچی محەمەد ساڵح. یەکەم جار لە دوکانی مام خدر سابیر دیدارم کرد لەگەڵ چەند تەمەندارێک لەلای خانی مەحموود ئاغا و (بن تاقی سەری مەیدان) (وێنە ١) کە دوو شوێنی مێژوویی و کەلەپوورین و لە شاری کۆیە شاری زانا و ڕۆشنبیر و تێکۆشەر و پێشمەرگە ئازایەکان. خۆشم بە بەختەوەر دەزانم کە بایەخێکی زۆرم بە مێژوو و کەلەپووری شارستانێتی ئەم شارە داوە و سەدان وێنەی بینای کەلەپووری و نەخشونیگاری ئەم شارەم گرتووەو دیدارم بە دەنگی کۆمەڵێک لە تەمەندارەکان تۆمارکردووە و لەسەر شریتەکانی کاسێت و هەندێکیشمان بە کامیرای ڤیدیۆ کە نرخیان تەواو نابێ تۆمارکراوە، خوالێخۆشبوان میرزا محەمەد ئەمین و وەستا محەمەد ئەمینی بەننای کوڕی وەستا شاکر و عەزیز ئاغای عەبدوڵڵا ئاغای حەوێزی و محەمەدی کەریمی و حەمە شین و عەلائودینی ئاغای




**وێنەی (١)**

نازەنین و پزیشکی کوردەواری سەفیە خانی جەلال ئاغا و شاعیر ڕۆستەم حەویزی و مەلا مەجیدی موفتی و کاکە سووری تاڵەبانی و چەندین کەسی دیکە و زۆر زانیاری نایابم لەبارەی ئەم شارەوە لە فەوتاندن ڕزگاری کردووە. دوور نییە لەنێو ئەو شریتانەمدا هەندێ زانیاری دیکەم لەبارەی حاجی گەورەوە هەبێ کە ئێستا کاتم نییە تەماشایان بکەم و ئەگەر ناوی حاجی گەورە لە هەندێ نووسراوی هەندێ نووسەریشدا هاتبێ و پێی نەزانم، ئەوە زانیارییەکانی خۆم دەخەمە پاڵ زانیارییەکانیان. کولتووری نەتەوەیەک وەک کاریگەرییەکی گەورەیە کە دەبێ سەدان یان هەزاران ئامێری تێدا بکەونە کار تا بەرهەمێکی باش بە ئەنجام بگات، کولتووریش دەبێ سەدان و هەزاران ڕۆشنبیر کاری تێدا بکەن تا ئەنجامی باشی هەبێت کە ئەو کارە بە چەند کەسێک ناکرێت، بەتایبەتی کەسانی کەم توانای وەک من.

کاک محەمەد و عیفەت خان دەڵێن حاجی گەورەی باپیرمان ناوی محەمەدە و کوڕی میکایل بووە و لە ساڵی (١٨٥٠- ١٩٤٣) ژیاوە و حاجی گەورە باسی ژیانی خۆی لە دەفتەرێکدا نوسیبوو کە ئێستا نەماوە (حاجی عەلە)ی مامی سەرپەرشتی منداڵەکانی میکایلی برای کردووە، پێشی وتراوە حاجی گەورەی مەقامبێژ و حاجی گەورەی زۆرانباز، چونکە دەنگی زۆر خۆش بووە و مەقاماتی کوردی و عەرەبی و فارسیی زانیوە، بۆیە پێشی وتراوە (حاجی محەمەدی دەباخچی)، چونکە پیشەی دەباغی بووە و لە گەورە دەباغچییەکانی کۆیە بووە.

شایانی باسە خەڵکی کۆیە لە پیشەسازی کوردیدا چالاک بوون و لە هەموو بوارێکدا بازرگانەکانی تا شام و حەلەب چوون و هەردوو (قەیسەری کۆن) و (قەیسەری نوێ) کە نوێیەکە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا ئاواکراوە، هەروەها (خانی گەورە- خانی مەحموود ئاغا) بەڵگەی بازرگانێتی ئەم شارە بوون. دەباغچییەکانی کاتی حاجی گەورە ئەمانە بوون:

محەمەد ئەمینی برای حاجی گەورە و وەستا عومەری کالک دروو و حاجی ئەبووبەکری باپیری مام خدر و هەروەها قادری حاجی ڕەسووڵ و حاجی عەولاسوور (حاجی عەبدوڵڵا ڕەسووڵ قادر) و تایەر ئاغای غەفووری و کەریم چاوسوور (کەریم مستەفا- کەریمی یا ڕەیحانێ) (١)

مام خدر سابیر ئەبووبەکر قادری دەباغچی کە لەدایکبووی (١٩١٦)یە (مخابن لە هاوینی ٢٠٠٦ دا کۆچی دوایی کرد) بە منی وت زۆرجار دیومە کە حاجی گەوردە گۆرانی وتووە کە مرۆڤێکی کەڵەگەت و بەهێز و دەنگ خۆشبوو و دەچوو بۆ ئێران و کەرکووک و بەغدا و زۆر دەگەڕا و مەقاماتی فارسی و عەرەبی دەزانی، لەگەڵ مەقاماتی کوردی. شەوانە ماڵەکەی وەک دیوانخانە بوو، زۆر کەس دەچوونە لای تا گوێ لە دەنگی بگرن. (بەهنەسا)ی (مەلا سەعیدی هیرانی) بە شیعری کوردی (٢) و (شاهنامە)ی (فردەوسی) فارسی بۆ خەڵکی دەخوێندەوە و منداڵ بووم لەگەڵ باوکم دەچوومە ماڵی بەشەو و هەموو جۆرە شتێکی دەخوێندەوە و تا درەنگی شەو دەماینەوە و عاجز نەدەبووین. حاجی محەمەدی برای گەورە و هەروەها (مەلا ڕەفیقی چوارچاو)یش لە دیوانخانەی حاجی گەورەدا گۆرانییان دەوت. حاجی گەورە وەک گۆرانبێژەکانی دیکە لە چایخانەی سەری مەیداندا گۆرانی وتووە کە خەڵک تێیدا (سینی و زلفانە)ی دەکرد. (٣) مام ئەحمەد عەبدوڵڵا هەمزە کە تەمەنی نزیکەی هەشتا ساڵە و کاری (پینەدۆزی)

دەکات لە هۆدەیەکی نێو بن تاقی سەری مەیداندا وتی حاجی گەورەم دیوە کە پیاوێکی بە هەیکەل و پاڵەوان و کەم وێنە بوو و دراوسێمان بوون و لەگەڵ باوکم دەچوومە ماڵی و گوێم لە دەنگی دەگرت کاتێ بە کوردی و فارسی ئاوازی دەخوێند، لەوانە (بەهنەسا) و عەبدوڵڵای برای مامۆستا (محەمەد تەوفیق وردی)ش بەهنەسای بۆ خەڵکی دەخوێند.

(حاجی مستەفای سەری مەیدان) وتی حاجی گەورە زۆرانبازی دەکرد و تا تەمەنیشی گەورە بوو هەر وەرزشی دەکرد و دەمان دیت لە (چایخانەی سەری مەیدان) مەقاماتی دەوت و هەروەها وتی (محەمەد قباغچیش لە مانگی ڕەمەزاندا هاتۆتە کۆیە و گۆرانی و مەقاماتی عەرەبی دەوت، هەروەها کاوێس ئاغا و گۆرانیبێژ (سەعید ئاغا) کە خەڵکی لای بەهدینان بوو. حاجی مستەفا لەبەر ئەوەی ساڵەها ساڵە دوکانی لەلای بن تاقەکەیە، ئیتر ناوی بووەتە (حاجی مستەفای بن تاقی سەری مەیدان) شێوەی بیناسازی ئەم بن تاقەم لە دەفتەرەکانی خۆمدا نووسیوە. دووجار ئەو بینایەی لەسەر بن تاقەکە بوو هاتووەتە ڕووخاندن کە وەک ئوتێل بەکار دەهات. لەبەرگرنگی و گرنگی مێژووی چاپخانەکەی کە وەک دەڵێن لەباتی ئێزگە و تەلەفزیۆنی ئێستا بوو پێویستە حکومەتی هەرێم ئیستملاکیان بکات.

شایانی باسە سەعید ئاغا کە لە جزیرا بوتان پێی دەڵێن (سەعید حەمێ) خەڵکی جزیرێ بوو و یەکەم دەنگخۆشێ بوو و لە گۆرانیدا مامۆستای محەمەد عارفی جزیری بوو.

خدر و ئەوانەی دیکەش وتیان چایخانەی سەری مەیدان کە بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتە لەبن تاقەکە شوێنی گۆرانیبێژەکان بوو کە ماوەیەکی زۆر چایخانەی سەعید ئاغای ئەسعەدی حاجی محێدین بوو. (وێنە ٢) لە کاتی تۆمارکردنی زانیاری لە بارەی حاجی گەورەوە لە دوکانی مام خدرسابیر ئەبووبەکر لای بن تاقی سەری مەیدان بەڕێز مام ئەحمەد مەحموود (ئەحمەدی یاروقیایێ) کە چل و دوو ساڵە حەمبالی دەکات لە ئینحیساری تووتن لە کۆیە و شیعر و گۆرانی دەزانێ لە غەیری حاجی گەورە ناوی چەند گۆرانیبێژی دیکەی خەڵکی کۆیەی بۆمان باس کرد، هەروەها شایی زانان لەوانە مەحموودی باوکی کە ناسراو بوو بە (مەحموودی شایی) کە گۆرانیبێژیش



**وێنەی (٢)**

بوو و ماڵی لە (گەڕەکی بایز ئاغا) بوو وتی: یەکەم کەس بوو ڕانکوچۆغەی لەسەر کراسی لەبەر کردووە و لە ساڵی ١٩٤٦ یان ١٩٤٧ دا کۆچی دوایی کردووە. مام ئەحمەد کە خزمایەتی لەگەڵ بنەماڵەی حاجی گەورە هەیە ناوی (نووری حەلە بەغدایی) و (فاتحی قالە وەسمان)یشی هێنا کە دوو شایی زانی بەناوبانگ بوون، هەروەها ناوی (قالە کەچەڵ)ی کوڕی عەبدوڵڵای هێنا و وتی گۆرانی (شلە و خانانی) وتووە کە ئەو گۆرانییە لەو سەردەمەدا زۆر بەناوبانگ بووە لە کۆیە و ئێستا کەس لەبیری نەماوە، بەڵام بە تەسجیل هەیە. هەروەها وتی (محەمەد ئەمین عەباس)یش دەنگ خۆش بوو و گۆرانیزان بوو و بەڕێز (هۆشەنگ محەمەد ڕەسووڵ) کە برازای محەمەد ئەمین عەباسە وتی مامم غەزەل و شتی واشی دەووت و لە ١٩٩٥ دا کۆچی دوایی کردووە و دەنگی بە تۆمارکراوی هەیە و باسی ژیانی لە تەلەفزیۆندا کراوە.

مام ئەحمەد باسی (باقی مام ساڵح) و (قادری مام حوسێن)یشی کرد کە دوو گۆرانیبێژی دەنگخۆش بوون. باقی لە ١٩٩٣دا وەفاتی کردووە و مام حسێن لەم ساڵانەی پێشوودا وەفاتی کردووە کە تەمەنی لە (٨٠-٩٠) ساڵیدا بوو و باسی گۆرانیبێژ (محەمەد مەندۆ)ی کۆیەشی کرد لە گۆرانیبێژە باشەکان بووە.

هەروەها مام ئەحمەدی یاروقیایێ بە منی وت شیعر و گۆرانی دەزانم و جارێک مامە ڕووتە (عەبدولڕەحمان ڕووتە) داوای گۆرانییەکی کۆنی لە من کردووە بۆ تۆ، و گۆرانییەکەی نووسیوە و بۆ تۆی ناردووە. پێم وت ڕاست دەکەی. (٤)

بەڕێز ئەحـــمـەد عــەبدوڵڵا هەمــزە وتی جــارێک گۆرانیبێژی بەناوبانگ (ئەحەی ناسر) لە کوردستانی ئێرانەوە هاتە کۆیە و میوانی مەلا ڕەئووفی سەلیم ئاغای حەویزی بوو و جارێک لەوێ گۆرانی وت، حاجی گەورە بە گۆرانیبێژ (ڕەفیقی چوار چاو)ی وت خۆت بشارەوە، کـە ئەحـەی ناسـر گـۆرانیـیـەکـانی تەواو کـرد وەرە و گۆرانییەکانی ئەو بڵێ وە و بڵێ ئەمانە گۆرانییەکانی منن و تۆ دزیوتە، ڕەفیـقیش خۆی شاردەوە و ئەحە سێ گـــۆرانی وت، کـــە تەواو بوو هات و وتی ئەمـــانە گۆرانییەکانی منن و ئێستا هەر سێیان بۆتان دەڵێم و گـۆرانیـیـەکـانی وت و گلەیی کـرد وتی ئەحـەی ناسـر گۆرانییەکانی منی دزیوە و ئەحەش بە سەرسوڕماوی ما، بەڵام پاشان فێڵی خۆیان بۆ ئەحەی ناسر ئاشکرا کرد.

مام ئەحمەد دەڵێ ڕەفیق زۆر گۆرانیبێژ بوو و پێشیان وتووە (ڕەفـــیـــقی چوارچاو) چونکە دوو ژنی هەبوو. شایانی باسە ئەختەری شاعیر (ئەمین ئاغای حاجی مەلا بەکر ئاغـای حەویزی)ش مـەقـامـبـێـژ و ئاوازدانەرێکی گـەورە بوو وەک شـاعـیـری بەڕێز (ئەحـمـەد دڵزار) وتوویەتی لەو دیدارە بەنرخەی لەبارەی ژیانی دڵزاردا کە برای بەڕێز نافـیع دیبـەگـەیی لەگـەڵدا سـازی داوە و لە ڕۆژنامـەی (هەولێـر) ژمـارە (٨) و لە ژمـارەیەکی دیکەشدا بڵاوبۆتەوە، ژمارە (٨) لە ١٤/ ١٢/ ٢٠٠٦ دەرچووە و زۆر گۆرانیبـێـژی دیکەش لە کـۆیە پەیدابوون وەک (سێوە) و (باکووری) و (خالد دلێر).

بەڕێز (نەریمان مـەحـموود) لەبارەی حـاجی گـەورەوە دەڵێ حـاجی گەورە زۆر زیرەک بووە و زمـانی فـارسی و عەرەبی زانیوە و شیـعری فارسی ڕاست دەکردەوە ئەگەر یەکێک بەهەڵە خـوێندبای، تواناییـەکی زۆری هەبووە و بەپێ چووەتە حەج. گۆرانیبێژەکان کە دەهاتنە چایخانەی سـەری مـەیدان و گـۆرانیـیـان دەوت. جـارێک حـاجی گـەورەش لەوێ بووەو لەکـاتی مـەقـام وتندا لە ناوەندی مەقامەکە ئینفیعالی کردووە و حەماسەت گرتوویەتی، ئیتر تەختە (مێز)ی چایخانەکەی بڵند کردووە و لەسەر دەستی خۆی دووجار سوڕاندوویەتی و بۆ نزیکەی سەد مەتر فڕێی داوە وەک لە باوکم و لە خەڵکم بیستووە.

دیسان بەڕێز نەریمان مەحموود دەڵێ حاجی گەورە زۆر زەوقی لە گۆرانی گۆرانیبـێژەکان دەبینی کە گۆرانیـیان دەوت و زۆریش تووڕە دەبوو، ئەگەر هەڵەیەکیان کردبا.

دەڵێن جارێک دوو سێ گۆرانیبـێژ بە شـەو و نیـوەشـەو لەسـەر ئەو کـەپرانەی باخـەکـانی کـۆیە دانیـشـتـبـوون و غـەزەلی فارسیـان دەووت و لە جەماعەتی حاجی گەورە بوون، وتیـان چۆن حاجی گەورە بهێنینە ئێرە کە ئێـسـتا کـاتی هاتنە دەرەوەی نیـیــە تا تەکلیـفـی لێ بکەین، یەکێکیان بە یەکێکی دیکەیانی وت غەزەلێک بڵێ و بە ئەنقەست وشەیەک بەهەڵە بخوێنەوە کە حاجی گوێی لێ بێ خۆی پێڕانەگیرێ و یەکسـەر دێتە ئێرە، ئیتر ئەویش غەزەلەکە بە هەڵە دەڵێ و حاجی گەورەش گوێی لێ دەبێ و لە شوێنی خۆی دەڵێ: (دەک چاوتان کوێرەبی خوایە) و دێتــە خـوارەوە بۆ کنیـــان و دەڵێ: ئەی کــوێرە بن بۆچی بەهەڵە دەخوێنن و عـەزیەتی منتـان دا و بەو نیوەشەوەی منتـان هێنایە ئێـرە؟ وتیـان مـام حـاجی بە ئەنقـەست هەڵەمان خستە غەزەلەکە تا گوێت لێ بێ و بێیە لامان.

حـاجی گـەورە زەینی تیـژ بوو، ئەگـەر جـارێک دوو شیـعرێکیـان بۆ خوێندبایەوە لەبەری دەکرد و جار هەبووە ڕەخنەشی لە شیـعرەکەی دەگرت و ئەگـەر هەڵەی تێدابا ڕاستی دەکـردەوە. بەڕێز نەریمان ئەگـەرچی گـەنجە، بەڵام وریایە و باوکی لە دۆستە نزیکەکانی حاجی گەورە بووە و کـە باسی بۆی کـردووە لەبیـری مـاوە. کـاک نەریمان لە باوکی بیستووە کە حاجی گەورە زۆر بەهێز بووە و کەس نەیتـوانیـوە شانی لە شانی بدات. پاڵەوانی لە ئێـران و شوێنی دیکە بۆ هاتووە و کەسیـان خۆی بۆ ڕانەگرتووە و دەڵێ کەسێک دووجار بەپێ بچێتە حەج و بێتەوە دەبێ چەند بەهێـز بێت. شـایانی بـاسـە (وەسـتـا ئەحـمـەدی هەمـزە)ش وەک دەڵێن زۆر بەهێز بووە و پاڵەوان بووە و وتیـان دوکـانێک دەڕووخا، بەڵام وەستـا ئەحـمەد شانی دایەبەری و وەستاندوویەتی تا فریای دوکانەکە کەوتوون.

حـاجی گـەورە لەگـەڵ زانای گـەورە مـەلا عـەبدوڵڵای جەلیزادە چووەتە ئێران و زۆرانبازێک زۆرانبازی لەگەڵدا کردووە و بەزاندوویەتی. مەلا عەبدوڵڵا کە باوکی مەلای گـەورە (مـەلا مـحـەمـەد) بووە زۆر حـاجی گـەورەی خـۆشـویـسـتـووە و زۆر چووەتە لای مـەلا عـەبدوڵڵا و مـەقـامـاتی بۆی وتووە، هەروەها زۆر خـۆشـەویست بووە لەنێـو خـەڵکدا. شـایانی باسـە مـەلا عـەبدوڵڵا لەگـەڵ عـەبدوڵڵا پاشـای قـایمقـامی هەولێـر لەسـەر داوای (عـەبدولقـادر پاشا کـەمـال)ی والی مـووسڵ چووەتە سابڵاغ (مهابادی ئێستا) کە حاکمەکەی علیخان بووە،

ئەویش لە ساڵی (١٨٩٠)، یان (١٨٩١)دا. هۆی چوونەوەیان بۆ سابلاغ ئەوە بووە هەندێ عەشایری کورد ڕایان کردبوو بۆ ئێران کە نازانم کێ بوون تا بیان گەڕێننەوە بۆ شوێنی خۆیان.

مەلا عەبدوڵڵا لە سابلاغ بە ئامادەبوونی علیخان (خطاب)ێکی دینی داوە کە دانەیەکی لەلام هەیە بە دەستخەتی مەلا محەمەد ئەمینی هەوایی کە وەرم گرتووە لە خوالێخۆشبوو مەلا سەعدوڵڵای مەلا محەمەد ئەمین کە لە دەوری (١٩٩٣/٧/٥)دا مەلا سەعدوڵڵا لە بەغدا وەفاتی کردووە وەک ئامۆزای بەڕێز دکتۆر محەمەدی مەلا شەریفی هەولێری بۆ منی باس کرد. لە (١٠/ ٢/ ١٩٨٤)دا کە بۆ ماوەی دوو سەعات بیرەوەرییەکانی خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا شەریفی هەولێرم تۆمار کرد لەسەر شریتی کاسێت کە لە زانا و مودەڕیسەکانی هەولێر بوو وتی عەبدوڵڵا پاشای قایمقامی هەولێر باوکی سەعید بەگی ڕەواندزی بوو، واتە عەبدوڵڵا پاشای باپشتیانی، شایانی باسە کە مەلا محەمەد ئەمین هەوایی برای مامۆستا مەلا شەریف بوو.

حاجی گەورە ئەگەرچی پیشەی دەباغچێتی بوو، بەڵام بازرگانیشی دەکرد و بۆ ئەم کارە دەچووەوە بۆ مووسڵ، کەچی پاش لە سێدارەدانی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی (لە شەوی ٢/١ کانونی یەکەم١٩١٤)دا حاجی گەورە تووڕە بوو و ئیتر نەچوو بۆ مووسڵ. کاک محەمەد کە مەوالیدی ١٩٣٠ و عیفەتی خوشکی کە موالیدی ١٩٣٢ وتیان ئەوەی هاتوچوونی حاجی گەورەی دەکرد لە خەڵکی مووسڵ ناوی مەلا عەبدولڕەحمان بوو و نامەی بازرگانێکی موسڵاوی هەبوو کە ناردبووی بۆ حاجی گەورە و تێیدا نووسیبوو (بۆچی پاش ئیعدام کردنی شێخ عەبدولسەلام پێوەندی خۆت لەگەڵمان بڕیوە و ئیتر نایەی بۆ مووسڵ). وتیان ئەم نامەیەمان داوەتە خوالێخۆشبوو (نەجیبە خان)ی کچی مەلا گەورە کە وتی ئیشم پێ هەیە و ئیتر نەیهێناوەتەوە.

حاجی گەورە هاتوچۆی (سەید ئەمین کەرکووکی)ش دەکرد کە دۆستی بوو، یان لە کەرکوک مەعمویلی بوو.

ڕۆژی (٢٠٠٦/٩/١٠) چووم بۆ دیتنی خانووی حاجی گەورە (وێنە ٣) کە دەکەوێتە کۆڵانی تەنیشتی ڕۆژئاوای قوتابخانەی حاجی قادری سەرەتایی لە کۆتایی بەشی باکوور لە شاری کۆیە، بەرامبەر (گردی شێخ



وێنەی (٣)

مستەفا)ی هنداوی، ڕووباری کۆیە کە حاجی قادری کۆیی شیعری (بەهاری کۆیە)، لەسەر ئەم گردەی داناوە وەک چەندین کەس لە خەڵکی کۆیە وەها دەڵێن، نەک لە ئیستەمبۆڵ دایینابێ، بەڵام ئەم قسەیە ڕاست نییە. ڕەنگە شیعرێکی دیکەی لەسەر ئەو گردە دانابێ. (وێنە ٤) (دەرگای خۆشناوان)ی شوورەی کۆیە دەکەوتە دەمی باکووری کۆڵانی خانووی حاجی گەورە و لە تەنیشتی ڕۆژئاوای ئەو قوتابخانەیە کە پێویستە ئەم دەرگایە و هەرسێ دەرگاکانی دیکەی شوورەی هەولێر زیندوو و ئاوا بکرێنەوە، وەک ئەم پێشنیارەم لە (١٨/ ١٠/ ٢٠٠٦)دا بۆ بەڕێوەبەری گشتی شوێنەوارانی کوردستان نووسیوە.

خانووەکە وەک خۆی ماوە و گۆڕانکاری تێدا نەکراوە، تەنیا لە حەوشەکەیدا نەبێت و کاک محەمەد و عیفەت تێیدا دادەنیشن و پێویستە بۆ یادی ئەو بمێنێ و گۆڕانکاری تێیدا نەکرێت.




وێنەی (٤)



وێنەی (٥)

## داره میلەکانی حاجی گەورە

کـاک مـحـەمـەد و عـیـفـەت (دارەمـیل)ەکـانی حـاجی گـەورەیان پێـشـان دام و (وێنه ٥) وتـیـان وەرزش پێـیـان دەکـرد و زۆرانبـازی لەگـەڵ هەندێ زۆرانبـازی مـووسڵ و کەرکووک و ئێران و سەردەشت کردووە.

درێژی دارەمـیـل (٢٦ سم)ە و (٧٥سم) خـرپیـەکـەی سـەریەتی کـه ئەمە وێنەی هەردوو (مـیل)ەکـانه (وێنەی ٦) کـه پاراستوویانه و شانازی پێیانەوە دەکەن. هەروەها هەندێکی کـەم لە ئەوراق و کـتـێـبـەکـانی باپیـریان پاراسـتووە، بەڵام لێـیان گـەڕان و نەیان دیتەوە و وتـیان نووسـەرێک هاتـووەتە مـاڵـمـان و زانیـاریمان پێی داوە و




وێنەی (٦)

شتـێکی لە ڕۆژنامـەیەکدا لەبارەی بڵاوکـردووەتەوە کـە ناوی لەبیـریان نەبوو. هەروەها وتـیـان ناوی ژنی حـاجی گەورە زوبەیدە بووە و کچی مـەلا سالحی مەلا مستـەفا بوو کــە ســابوونی لە بەزی دروست دەکـــرد. حــاجی ڕەزێکیشی هەبوو لە دێی (فەقێیان) لە باکوور و نزیک کۆیە و هاوینان دەچوو بۆ سەر ڕەزەکەی.

## لاق شکانی حاجی گەورە

هەردوو نەوەکـانی وتـیـان جـارێک حـاجی گـەورە لەبەر قـورسی لە کـوڵان کـەوتووە و لاقـێکی شکاوە و حـاجی حسێنی مەنتکی و خەڵکی دێی (شیلە)ی دەشتی کۆیە کـە پزیشکێکی کـوردەواریی زۆر بەناوبانگ بووە لاقی چاک کردووەتەوە. (٥)

## کۆچی دوایی و گۆڕی حاجی گەورە

حاجی گەورەی مەقامبێژ و بەهێز و زۆرانباز و ئەدەب دۆست لە سـاڵی ١٩٤٣ و لەتەمـەنی (٩٣) سـاڵـیـدا کۆچی دوایی کردووە و لە (قەبرستـانی دەروێش خدر)ی بەرامـبەر شار لە باکووری ڕۆژهەڵاتەوە نێژراوە، کە ئەم قەبرسـتـانه لە هنداوی ڕووبارەکەیە لە ڕۆژهەڵاتەوە کاک محەمەد لەگەڵم هات تا قەبرەکەی پێشانم بدات و وێنەی بگرم، کـە ئەمـە وێنەیەتی (٧) کـە دەکـەوێتـە نێـو بەشی باکـووری قـەبرسـتـانەکـە، داوام لە کـاک مـحـەمـەد کـرد قـەبرەکـەی بە شـێـوەیەکی جـوان هەڵـبـەستێ و کـێـلـی مـەرمـەڕی نووسراوی بۆی دانێ تا بزر نەبێت، وەک چۆن پێویسـتـە قەبری هەمـوو ناودارانی کورد بپـارێزێت تا بزر نەبن. داخەکەم حاجی گەورە خۆی وێنەی نییە.

پاش تەواوبوونی ئەم وتـارەم لە بەرگی ســێــیــەمی (گـۆرانیبـێژە نەمرەکـان) ل ٤٧ دا زانیـارییـەکی کـورتم لە بارەی حاجی گـەورەوە دیت، کە گـۆرانبـێژ و مـۆسـیـقـاژەن باکووری لەم کتێبەیدا ئەو زانیارییەی لە بەرگی یەکەمی (مێژووی کۆیە)ی خوالێخۆشبوو مامۆستا تاهیر ئەحمەد حەوێزی وەرگرتووە کە (مەلا ئەحمەدە کۆرە)ی کۆیە باسی کردووە کە جارێک لەگەڵ گۆرانیبێژ مەلا ئەسعەدی کۆیە چووەتە مـاڵی حاجی گـەورە و مـەلا ئەسعـەد مەقامـێکی وتی و هەتا تەواوی کـــردووە حـــاجی گـــەورە و هەر دەیگوت: «ئەوە وانابێ، وا دەبێ» واتە حـاجی گـەورە ڕەخنەی لێ دەگرت و بۆی ڕاست دەکردەوە.



**وێنەی (٧)**

مەلا ئەحمەد وتویەتی کە مەلا ئەسعەد مەقامەکەی تەواو کرد منیش (عەشرە)یەکی قورئانم خوێند و حاجی گەورە دەستی بە گریان کرد و هەر لە ڕانی خۆی دەدا و گوتم بریا نەم خوێندبا. حاجی گەورە وتی: «قورئانم چەند چاک لەبەربوو، ئێستا چاوم کوێرە بووە و چم لەبیر نەمایە»

شایانی باسە لە حەفتاکاندا دیدارێکی باشم لەگەڵ (مەلا کوڕەی مەولوود خوێن) واتە مەلا ئەحمەد تۆمارکرد لەگەڵ مەولوود خوێندنەکەشی کە هاتبووە ڕانیە.

* بەڕاستی ئەم کتێبەی مامۆستا باکووری لە مەوزوعی خۆیدا ئەوپەڕی بەنرخە و پڕە لە زانیاری زۆر و بەهادار لە بارەی گۆرانیبێژەکانەوە، باکووری وەک مامۆستایەکی گەورە و ئەوپەڕی شارەزا لەم بوارەدا ئەم کتێبەی داناوە کە گەیشتووەتە لووتکە. بەداخەوە تەنیا بەرگی سێیەمم دیوە و نازانم ئایا لە هەردوو بەرگی دیکەدا لەبارەی حاجی گەورەوە نووسیویەتی، یان نا؟ ئەم بەرگەش ئەدیبی بەتوانا و کوردپەروەر ئازاد عەبدولواحید بۆی چاپ کردووەو پێشیەوە ماندوو بووە و لە ٢٠٠٧دا بە گیانێکی کورد پەروەرانە دەرچووە، بۆیە دڵێم کوردپەروەر چونکە دەزانم کاک ئازاد لە هەشتاکاندا لە ئاگربارانی سەردەمی ڕژێمی سەدامدا بۆ کاری کوردایەتی چەندین جار لە سلێمانییەوە چووەتە نێو شۆڕش بۆ لای دکتۆر عەلی ئیسماعیل حەقی شاوەیس لە قەرەداغ کە فەرماندەیەکی هێزی پێشمەرگەبوو، هەروەها بۆ لای شەهید عەبدوڵڵا ئاغا و دەروێش ئاغا کە لە فەرماندەی هێزی پێشمەرگە بوون.

لەبەر ئەوەی من زۆر موعجیبم بەم کتێبەی مامۆستا باکووری ئەم وتارەم کە لەلام ئازیزە پێشکەش بە مامۆستا باکووری.. دەکەم یاخوا تەمەنی درێژ بێ.

**پەراوێزەکان:**

(١) بەڕێز مام خدر سابیر ئەبووبەکر قادری دەباغچی بەمنی وت (دەباغخانە)ی کۆیە لەلای (کانی گەرموک) بوو لە تەنیشتی باکووری ڕۆژهەڵاتی شار و لەسەر تەنیشتی ڕۆژئاوای ڕووباری کۆیە و لە نزیک خانووەکانی شار. ئەو کانییە هاوینان وشک دەبێ، بەڵام کە باران دەبارێ ئاوێکی زۆری لێ دەردێت، وەک ئاوی کانی (حەمامۆک) لە باکووری شار کە کانی هەرە گەورەی کۆیەیە.

کاک محەمەدی نەوەی حاجی گەورە لەدایکبووی (١٩٣٠)یە وتی هەموو (سیلە)کانی دەباغخانەم دیبوو کە پێستی حەیوانیان تێدا خۆش دەکرد، سیلەکانیش بەم شێوەیە بوون:

قطعەیان دادەدڕی لە قووڵایی بەردیان بۆ دەتاشی، بەردەکانیان دەهاویشتە ناوی لەبەر پێستەکان بۆ وەرگەڕان وەک حەوز بۆیان دروست کردبوو بە قسڵ و قوڕ، ئینجا پێستەکەیان دەخستە ناوی و ئاویان تێدەکرد بۆ وەرگەڕان و دەباغچییەکان بەلاقیان دەیان شێلا و مازوویان لێدەدا و پێستەکەیان پوختە دەکرد و هەموو شتی زیادیان لێ دەکردەوە.

(٢) لەبارەی بەهنەسا و مەلا سەعیدەوە لێکۆڵینەوەیەکم بڵاوکردەوە لە گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ژمارە ١٠٣ و ١٠٤ ساڵی ١٩٨٤ کە پێشتریش لێکۆڵینەوەیەکم بڵاوکردەوە کە لە (٣٧) لاپەڕەیەدا لە گۆڤاری کاروان- ژمارە (١٥) ساڵی ١٩٨٢دا.

(٣) مام خدر وتی یاری (سینی و زلفانێ) بە شەو لە ڕەمەزاندا دەکرا. زلف لە ئاسن بوو وەک (پیاڵە- ئیستکانی چای) لەسەر سینییەک دادەنرا، خەڵکەکە دەبنە دوو کۆمەڵ و ئەنگوستیلەیەک دەخرایە ژێر یەکێک لە دە (١٠) زلفەکە و دەیان وت: بیدۆزەرەوە. ئەوەی بیوتبایە لە ژێر ئەم زلفەیە و دۆزیبایەوە تاقمەکەی ئەو یارییەکەی دەبردەوە. شەوگاریان بەم شێوەیە بەسەر دەبرد و چایخانەی سەری مەیدان لەباتی ئێزگە و تەلەفزیۆنی ئێستا بوو.

(٤) مامە ڕووتە (ئیسماعیل ڕەسووڵ) کۆیی لە دایک بووی ١٩١٨ و لە (١٨/ ٦/ ١٩٩٣)کۆچی دوایی کرد.

مامەڕووتە ئەندامێکی کۆنی پارتی بوو و مرۆڤێکی زیرەک و وریا و خەڵک ناس و قسەزانێکی بەناوبانگ بوو لە کۆیە و ڕانیە و قەڵادزێ. لە پێش دەستپێکردنی شۆڕش لە ١١/ ٩/ ١٩٦١ دا چەند ساڵێک لای خوالێخۆشبوو عەباس ئاغای مامەند ئاغای سەرۆکی عەشیرەتی ئاکۆیان بوو و کوردایەتی دەکرد و چەندین ساڵیش پێشمەرگایەتی کردووە. پاش گەڕانەوەی بارزانی لە ڕوسیا مامە ڕووتەی کردە باوەڕ پێکراوی خۆی و لە بەغداوە دەیناردەوە بۆ کوردستان بۆ ئەم شار و ئەو شار و بۆ لای ئەم و ئەو ماندووبونی نەدەزانی وەک خۆی بۆ منی باس کردووە.

مخابن بیرەوەرییەکانی مامە ڕووتەم تۆمار نەکردووە کە خەسارەتێکی زۆر گەورە بوو، بە قەدەر بەرگە کتێبێکی گەورە زانیاری هەمەجۆر لەیادیدا هەبوو، سەد حەیف و مخابن کە ئەم جۆرە کەسانە یاداشتی خۆیان نەنووسیوە.

ئەو گۆرانییەی مامە ڕووتە بۆ منی نارد هی شایەری بەناوبانگی سەدەی نۆزدەیەم (ئەحمەد کاموسەکی)بوو کە دەبێ ئەوە بێ لە (مام ئەحمەدی یا روقیایێ) وەرگرتبێ و لە ڕۆژنامەی (هاوکاری) دا ژمارەی ڕۆژی (١٣/ ١١/ ١٩٨٣) بڵاوم کردەوە.

مام ئەحمەد هەر لەو دیدارەدا گۆرانییەکی کۆنی وت و تۆمارم کرد کە ئەمە دەقەکەیەتی:

**ڕۆژێک لە ڕۆژان سەر لە سبیانێ**
**یارم ڕاوەستا لە زار هەیوانێ**
**بە دووچاوی ڕەش دەکا گریانێ**
**بە سنگی سپی دەکا کوتانێ**
**بۆچی دەگریەی بابان وێرانێ**
**کراسم نییە پێ بکەم سەیرانێ**
**ئینجا دەڵێ:**
**کراسم دەوێ لە پەلکی گوڵێ**
**شاگردی کۆیە وەستای موصڵێ**
**تەقڵە لێ بدا و بەندەکی بلێ**
**ئینجا کابرا دەڵێ:**
**خۆ من باڵدار نیم بە باڵان بفڕم**
**خۆ من ناڵدار نیم هەر کێوان ببڕم**
**بچمە میسر و شام کراسی بکڕم**
**ڕۆژێ لە ڕۆژان سەر لە بەیانی**
**چومە بازاڕی سەرم بڵند کرد**
**– هەڕاج**
**دیتم دەلاڵێ کراس دەگێڕێ**
**مامەڵ بە مامەڵ:**
**مامەڵم لێ کڕی بە پێنج سەد زێڕی**
**پێنج سەدیشمان دا خەرجی باژێڕی**
**ئینجا دەڵێ**
**مزگێن مزگێن مزگێن لەبارێ**
**کراس هاتەوە لە پەلکی گوڵێ**
**ئەگەر کورتیشە تێی دەدەینەوە**
**ئەگەر درێژیشە تێی دەکەینەوە**
**نە کورت نە درێژە لەسەر پانیە**
**هەر قاڵب ڕێژە**
**ئینجا وتی:**
**جوابێکی بەرنەسەری سەفینی**
**هەتا حەوت ساڵان هیچ گیان نەهێنی**
**خەزێم بزر بێ و کەس نەیە بینێ**
**جوابێکی بەرنە حەمە ئاغای کۆیە**
**لەخۆی حەرام کا برنجی بەر جۆیە**
**خەزێم بزر بوو لەچاو هەڵۆیە**
**جوابێکی بەرنە میری خۆشناوان**
**لە خۆی حەرام کا مێوژ و دۆشاوان**
**خەزێم بزربوو لەبەرک چاوان**
**جوابێکی بەرنە میری باڵەکان**
**ئەوجا لەپێ کا گۆریە و کالەکان**
**خەزێم بزربوو لە چاو بەڵەکان**

(٥) فەقێ حوسێن لە عەشیرەتی مەنتکی کۆچەر بوو و پزیشکێکی کوردەواریی گەورەبوو کە تا ئێستا ناوبانگی لە ناوچەی کۆیە و هەولێردا ماوە و نەخۆشخانەی هەبووە و لە (١٩٥٢)دا کۆچی دوایی کردووە. زانیارییەکی زۆر باشم لە بارەوە بڵاوکردەوە لە لێکۆڵینەوەکەمدا (پزیشکی لە کوردەواریدا) کە (٨٨) لاپەڕە بوو و لە گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ساڵی ١٩٨١ و ١٩٨٢ لە ژمارەکانی ٨٨، ٨٩، ٩٠، ٩١ و بەشی پێنجەمی بڵاوبووەوە لە گۆڤاری (بەیان) ژمارە (٩٢) دا وێنەی فەقێ حوسەینیشم لە ڕۆژنامەی (العراق) دا ژمارەی ڕۆژی ٢٦/ ٢/ ١٩٨٣ بڵاوکردەوە. لەم لێکۆڵینەوەیەمدا پزیشکی کوردەواریم بەرامبەر کردووە لەگەڵ (طب)ی ئیسلامی، وەک لە کتێبەکانی حنین بن ئیسحاق، ئەلرازی، ئیبن ئەلبەیطار، ئیبن هبل، داود الأنطاکی، ابن جزلة و هی دیکەش دا هاتووە.

لەبەر ئەمە پێشتر لێکۆڵینەوەیەکی وەها قووڵ و ورد لە پزیشکی کوردەواریدا بڵاونەبووەوە و زۆر کەسیش سوودی لەو لێکۆڵینەوەیەم وەرگرتووە.

# گۆرانی سێ قۆڵی لە دەڤەری هەوراماندا

**(١ - ٢)**

هەرچەندە زۆر جــار باسی چۆنیــەتی گــۆرانی وتنم لە دەڤــەری هەورامــاندا، کـردووە، بەڵام تا ئێسـتـا بەکـەمی باسی (دووقـۆڵی. یان سێ قـۆڵی، یان کۆرس)م کردووە، ئەو تایبەتمەندییەی لە هەوراماندا هەیە. لە شـوێنەکـانی دی کوردسـتان کەمە، ئەو سترانبێژانە، کە ستران دەچڕن، زۆربەی زۆری هۆزانی مــیللی و فــۆلکلۆر و هۆزانی هۆزانڤـانەکـانی هەورامـانیـان لەبەرە. لە لایەکی ترەوە شارەزایی هونەرمەندەکان.

ئەمــەش ڕۆڵێکی ســەرەکی دەبینێ. ســروشــتی دەڤــەرەکــەش ئەوەندەی دی یارمــەتی دەرە. ســەرەڕای ئەوەش، ئەو هۆزانڤــانانەی کـە هۆزانی هەورامــانیــان فەرمووە، کە هونەرمەندەکان لە بەریانە، بۆ چەند هۆیەکی تایبەت دەگەڕێتەوە:

١- هۆزانی فـۆلکلۆری هۆزانی هۆزانڤـانەکـان شـێـوەی خۆماڵی ڕەسەنی کوردەوارین، واتە وشەی بێگانە، لەناو دێرە هۆزانەکاندا نییە.

٢- ئەو هۆزانانەی، کــە بۆ گــۆرانی وتن دەلوێن، زۆربەی زۆریان لە (٨-١٠) برگــە تێناپەڕن، ئەمــەش تایبەتییەکی دی هۆزانی هەورامانە.

٣- خــاڵێکی تر ئەوەیە، ئەو هۆزانڤــانانەی، کــە هۆزانیــان داناوە، یان دای دەنێن، پەنایان نەبردووە بۆ ئەدەبی گـەلانی تر، چونکە دەڤـەرەکـە پڕە لە کـەرەسـەی تەواوی شیـاو بۆ هۆزانەکان و وشەی خاوێن، کە دەستی داگیرکەرانی کوردستانیان پێنەگەیشتووە.

واتە هەموو وشەکانی هی نەتەوەکەن.

٤- کـێـشی، کە هەر لە دروست بوونی هۆزانەوە، یان لەســەر و کـڵاوەی (زەردەشت)ەوە، تا ئەمـڕۆ هەورامـان،

---

**دارا محەمەد عوسمان**
**(سلێمانی)**

هونەر و ئەدەبی خۆی بەکار هێناوە. تەماشای «ئاڤێستا» بکە:

١- گاتا ٢- یەسنا ٣- یەشت ٤- ڤیسپێرد
٥- ڤەندیداد ٦- وردە ئاڤێستا.

٥- هۆزانی هەورامان هەردەم تازەیە و قۆناغ بە قۆناغ لە ڕێو ڕێچکەی خۆی لای نەداوە، بگرە هەر چواردەوری هەورامان، خەرمانی بەرەکەتی شێوە دیالێکتەکانی کوردستان، واتە بە وشەی موتوربەکراوی خۆمان دەورە دراوە، کە ئەمەش ئەوە دیاری دەکات، کە هەورامان هانای بۆ فەرهەنگی بێگانە نەبردووە، تەنیان تەنی وشەی کوردی ڕەسەن ئارامی گرتووە.

٦- سەرەڕای ئەوە هۆزانی لەبار واتای پڕ بە پێستیان گیانی مۆسیقا فراوانتر دەکات، هەروەها ڕستەکانیش کورت کورتن. ئەمەش فرە لە باری و دەوڵەمەندی، یان شێوە زمانی هەورامانی لە هەموو بوارەکاندا بە زیندوویی پێش کەوتن، بەتایبەتی مێژووی مۆسیقا، هەر بە زیندووی گەشە دەکات.

٧- ئەو هەموو بوارانەی کە باسم لێوەکردن. هەموویان فرە بە زەریفی بۆ بەزمە جۆربەجۆرەکانی، گۆرانی هەورامانی لەبارن.

گۆرانی هەر ئەوە نییە، هونەرمەندەکە بە تەنیا دەنگی خۆش بێت و بەس. بگرە، کە وترا ئاواز، دەبێت هەموو لایەنەکانی ئاواز بەشێوەی یەکسانی، کەرەسەکانی ئەو ئاوازانە، هەر لە دەنگەوە، تا بچووکترین کەرەسەی دەنگ، کە پیتەکانی ناو وشەکانی ناو هۆزانەکان، دەبێت وەک زنجیرە یەک لە دوای یەک گرێ نەکەوێتە نێوانیانەوە.

٨- ئەو ئاواز دانەرەی کە ئاوازێک دادەنێت، پێویستە تەنیا بیر لە ئاوازەکە نەکاتەوە، بەڵکو دەبێت هەموو بوارەکان لەیەک ئاستی هونەریدابن، واتە دەبێت گیانی ئاوازەکە ون نەکات، بۆ نموونە ئاواز (سەوزەی کاڵەبەی)، کە گۆرانییەکی فۆلکلۆرییە.

کاتێک مۆسیقاژەن، کە ئاوازەکە ژەنیار دەکات، دەبێت ڕۆحی گۆرانییەکە لێ بدات. ئەوەش نەمری و زیندوویی ئەو گۆرانییە دەهێڵێتەوە، لەناو دڵ و دەروونی جەماوەردا. ئەوەش بەڵگەی بوونی ڕەسەنی ئەو ئاوازە دیاری دەکات.

٩- ئەو ئاواز و گۆرانییانە، کە بەشێوەی فۆلکلۆری یان میللی دەوترێن، دەبێت هۆزانێک هەڵبژێرێت، کە ویست و ئارەزووی خەڵکی بەشێوازی جوان ڕابگرێت، ئەو گۆرانییە دەبێت دوور لە تانە و توانج بێت، ئاگای لە زاراوە سازی بە پێوانە بێت، بۆ نموونە هەندێ دێری فۆلکلۆری هەن، لەگەڵ سەردەم و چەرخی خۆی گونجاوە، بەڵام ئەمڕۆ ئەو دێرە فۆلکلۆرییە ناگونجێت، نابێت هونەرمەندی گۆرانیبێژ بەکاری بهێنێت وەک ئەم دێرە هۆزانە فۆلکلۆرییە کە دەڵێت:

**(باغی بێ پەرژین زینەتی نییە**
**کچ بەبێ برا قیمەتی نییە)**

دیارە ئەم دێرە لەگەڵ ویست و ئارەزووی ڕەگەزی «مێ»دا، ناگونجێ. واتە دەروونی ئەوانەی کە «برا»یان نییە بریندار دەکات. چونکە گۆرانی و ئاواز و مۆسیقا هەر هەموویان دەبێت لە پێناوی ڕاژەی بەرزی هەستی نەتەوەیی و مرۆڤایەتیدا بن.

١٠- ئەو ئاوازە هونەرییانەی کە هەن، نابێت لایەنی ڕەوانبێژیان فەرامۆش بکرێت، چونکە هونەر تا لە ڕووی ڕەوانبێژییەوە بەهێز بێت، ئەوەندە ئەو هونەرە بەرز و بەنرخ دەبێت بۆ نموونە دێرە هۆزانێکی مەولەوی نەمر دەهێنمەوە کە لە ڕووی ڕەوانبێژییەوە لەو پەڕی لووتکەی ڕەوانبێژیدایە.

بەشێوەیەکی گشتی و لە ڕووی هونەرییەوە بەشێوەیەکی تایبەتی ئەمەش نموونەی هۆزانەکەیە، کە فەرموویەتی:

**«گوڵ چوون ڕووی ئازیز نەزاکەت پۆشان**
**وەفراوان چوون سەیل دیدەی من جۆشان»**

مامۆستا عەلائەدین سجادی، لە دەقەکانی ئەدەبی کوردیدا دەفەرمووێت: «لە شەخسی مەولەوی بلیمەتا کە بتوانێ ئەو بەرهەمەی دای ئەرێژێ نەخشی بگرێ بە ڕۆمانێک! جگە لە مەش وەستایەتییەکەی بەکارهێنانی هونەرە ئاشکراییەکان، بەتایبەتیتر لە لێکچواندندا، کە هێناویە لەو چوون و لێچوونی هەڵگێڕاوەتەوە. ئەتوانین بڵێین مەولەوی گەیاندە ئاسمان» وەکو لەو هۆزانەی سەرەوەدا فەرمووی. مەولەوی لە هۆزان داناندا پلەیەکی سەرکەوتووی بەدەست هێناوە، چونکە بلیمەتی ئەو هۆزانڤانە لەوەدایە، ئەوەی کە فەرموویەتی دووبارەی بۆ نییە، لە ڕووی مۆسیقای هۆزانەکانییەوە، ئەوە تەواوکەری ئاوازەکانە، چ لە ڕووی وەسف و ڕەوانبێژییەوە.

هەروەها هونەرمەندێ ئەگەر هۆزانی مەولەوی بەکاربهێنێ بۆ ئاوازی گۆرانییەکانی، ئەوهونەرمەندە سەرکەوتوو دەبێت.

١١- هونەرمەند کە هۆزانێک هەڵدەبژێرێت، دەبێت ئاگای لە وەسفی هۆزانەکە بێت، نابێت لە هەر شوێنێکدا دێرێکی فۆلکلۆری تێکەڵ، بە هۆزانی هۆزانڤانێک بکات.

ئەوانەی گۆرانی سێ قۆڵی دەڵێن: دەبێت زۆر بە ئاگاییەوە ئاگایان لە کۆتایی، کێش و سەرواکان بێت، تاوەکو باری مۆسیقا تێک نەچێت. بەتایبەتی ئەو کێشە خۆماڵییانە، کە بە سامانێکی بەنرخی لەبن نەهاتووی نەتەوەکەمانن بەهاو پلەیەکی تایبەتییان هەیە. ئەگەر تەماشای ئەم دێرە هۆزانەی مەولەوی بکەین. فرە بە جوانی ئەو وەسفەمان بۆ دیاری دەکات. بۆ سەربەندی ئاوازێک بەناو بانگ و لەبارە.

کە فەرموویەتی:

**«یاران، دڵداران، نەتۆی دڵ داران**
**بێ یاد یاران، یاران مەویاران»**

عاشقە دڵدارەکانی، یارەکانی خۆیان لە ناو دڵیانا ڕادەگرن چونکە دۆست بەبێ یادی دۆست ناتوانێ بژی.

ئەم دێرە هۆزانەی مەولەوی ئەو هونەرمەندانەی کە دەیکەن بە گۆرانی، بەتایبەتی گۆرانی «یاران هاوسەران» کە ئاوازی خۆمە لەگەڵ هونەرمەند عوسمان کێمنەیی کاتێک لێم وەرگرتووە پێکەوە (٦) جار «یاران مەویاران»مان وتووەتەوە. ئەمەش گۆرانی دوو قۆڵی و سێ قۆڵی فراوانتر دەکات. ئەو دووبارە و سێ بارە بوونەوەی هۆزانەکە وا دەکات، جەماوەر زیاتر ئاشنایەتی ئاواز و هۆزانەکە ببێت و لەلای جەماوەریش زوو لەبەر دەکرێت.

١٢- ئەو گۆرانیبێژانە، کە گۆرانییەکە بەدوو قۆڵی یان سێ قۆڵی دەڵێن، دەبێت دەقێکی هۆزانی هەڵبژێرن کەواتای هەموو بابەتەکەی تێدا بێت، نەک، نیوەچڵ واتای دەقەکە نەدات بە دەستەوە، لێرە ئاماژە بە هۆزانێکی (بێسارانی) دەدەم، کە زۆربەی زۆری هونەرمەندان کردوویانە بە گۆرانی، بەڵام هۆزانەکەیان شێواندووە، نابێت هۆزان بە کەموکورتی بوترێت، دەبێت گۆرانیبێژ ئاگای لە دێرەکانی بێت، نابێت هۆزانەکە پاش و پێش پێ بکات.

دەبێت هۆزانەکە وەسفەکە تەواو بکات. هەروەها ئەو هونەرمەندانەی کە گۆرانییەکە دەڵێن، دەبێت جوان وشەکان دەربخەن. نەک نیوەیان دیار نەبن مەرجە ئەو هۆزانە لەگەڵ ئاوازەکەدا بگونجێت، ئەگەر پێویستی کرد بۆ پڕکردنەوەی ئاوازەکە، هونەرمەندی گۆرانیبێژ دەتوانێت نیوە دێر، یان نیوەی دێرەکە دووبارە یان سێ بارە بکاتەوە.

ئەمەش هۆزانەکەیە بە ناونیشانی [چراغ وەنەوشە] دەفەرمووێت:

**١- چراغ وەنەوشەو چنوور چەنی گوڵ**
**عەزم ڕای ویساڵ تۆشان هانە دڵ**
**٢- چنوور جە سەرکۆ وەنەوشە جە چەم**
**گوڵ جە گوڵستان وەهەم بییەن جەم**
**٣- واتشان بە من بەندەی فلانی**
**چوون حاڵ زانەنی بەحاڵ مەزانی**
**٤- بۆ نەرای (الله) بکەرە کارێ**
**بیاومێ بە وەسڵ ئەو دڵبەر جارێ**
**٥- چراغ جا هەرسێم بەستەن بەدەستە**
**چ دەستە، دەستەی زگاران بەستە**
**٦- چنوور پەی زڵفت پەشێو حاڵشەن**
**وەنەوشە سەودای خاڵ خەیاڵشەن**
**٧- گوڵ پەی جەمینت مەسۆچۆ چووت شەم**
**جە دووریت نیشتەن، نە پاش خار غەم**
**٨- ساحێب مایەنی بۆڵەند بۆ پایەت**
**با وایە گێران هەرێو جەمایەت»**

واتە چراو وەنەوشە و چنوور، لەگەڵ گوڵدا ئەوەیە بە خۆشییەوە دەگاتە ئەو دڵەی کە مەبەستە، کە ئەویش یارە. چنوور لەسەر کێوان، وەنەوشە لە گوێ چەمدا، گوڵیش لە گوڵستان یەکیان گرتووە، بە منیان فەرمووە بەندەی فلانی، تۆش حاڵت وەک حاڵی ئێمە وایە چۆن بە حاڵی ئێمە نازانی؟

وەرە لە ڕێگەی خوادا، کارێک بکە بۆ ئەوەی بگەین بەیار پرسیار لە چرا دەکرێت و دەڵێت: ئەوا هەر سێکیانم بەستن بە دەستە. ئەو دەستە کە بە جوانی و ڕێکوپێکەوە بەیەکەوە بەستراون. چنوور بۆ زوڵفت حاڵی پەشێوە، وەنەوشە وەک خاڵی ڕەشت، خەیاڵی تۆی لەسەردایە. گوڵیش بۆ بینینت، وەک شەم چۆن دەسووتێ بۆ ئازیزی و بۆ دووری یار، درک لە پای نیشتووە. ئەی یار تۆ خاوەن سەرمایەی، با بەرز بێت پلە و پایەت، با ئەو سێ گوڵە هەریەکەیان بۆ تۆ بگەنە مایەت - دیارە بەکارهێنانی ئەو سێ وشەیە، (چراغ، وەنەوشە، گوڵ) ئەویش لێکچواندنێکی وێنەییە بۆ یار، واتە یار ئەوەندە ئازیزە بەقەد چراغ، کە ڕووناکی شەوە، ڕۆشنایی دیدەی یارە وەنەوشەش وەک خاڵی یار وایە، چنوور وەک زوڵفی یار پەخش و بڵاوە بەسەر بەژن و باڵای یاردا.

نموونەیەکی دی هەر لەسەر ئەوەی، کە چۆن هونەرمەند هۆزان هەڵدەبژێرێ؟ ئەم نموونەیان هۆزانی فـۆلکلۆری دەخـــــەینە بەرچاو، چۆن دەبێت ئەو دێرە هۆزانە فۆلکلۆرییانە دەبێت پێوەندی پتەویان پێکەوە هەبێت؟ ئەمەش چەند دێرێکی فۆلکلۆرییە، کە لەسەر (سوورە هەراڵە)یە، جۆرە گوڵێکە لەسەر چیاکانی کوردستان دەڕوێت، لەگەڵ چنووردا، کە بۆنیان زۆر لە بۆنی عەتر خـۆشـتـرە، هەروەها لێکچـواندنی یاریش بە (سـوورەهەراڵە) وەسفێکی بابەتەکەیە ئەمەش دێرە هۆزانەکانن بەم شێوەیە:

**١- سوورە هەراڵە شەو بۆو دەربەنی**
**نمازا بلمێ سەیر و وەتەنی**
**٢- سوورە هەراڵە کۆن چنووری دێز؟**
**کۆن هارەی وەرواو مەکنیۆ جەرێز؟**
**٣- سوورە هەراڵە پانیو وەرواوا**
**بادانە گیرۆ پەی چەمە سیاوا**
**٤- سوورە هەراڵە خۆیاگێش خڕا!**
**وەختێو بەرمەیۆ وادەی کۆچڕا!**
**٥- سوورە هەراڵە بەر ئامان جەکۆ**
**خواڵە حەقەو من بسانۆجەتۆ**

ئەم چەند دێرە فۆلکلۆرییە هەر هەمووی وەک زنجیرە پێوەندییان بەیەکەوە هەیە. ئەمەش ئاوازی گۆرانییەکە دەوڵەمەند دەکات. هەروەها گۆرانبێژەکە فرە بە سانایی دەتوانێت بۆ گۆرانبێژێکی دی بسێنێتەوە، چونکە هەموو بابەتەکە لەسەر یەک شت دەدوێت.

دووبارە بوونەوەشی گۆرانیبێژەکان، ماندوو ناکات.

هۆزان لەســـــەر یەک بابەت بێت، یاری دەروونی هونەرمەندەکان حەواوە دەکات. وە دەزانن چی بڵێن؟

بەتایبـــەتی لە پێش وتنی ئاوازەکـــە، دەبێت گۆرانیـبێـژەکـان بڕیاریان لەسەر چۆنیـەتی هەڵـبژاردنی هۆزانەکە دابێت، ئینجا دەست دەکەن بە وتنی گۆرانییەکە بەشێوەیەکی هێمن و لەسەرخۆ

١٣- ئەو گۆرانبێژانە کە گۆرانییەکە دەڵێن لە تەنیشت یەکەوە بۆ ئەوەی ئاگایان لە وەزنی مۆسیقا بێت یەکەم گۆرانیبێژ کۆپلەیەک دەڵێت!

**«ئا بەلەنجە گیان دووگوڵت ها پێوە**
**تۆ پوشێن لاری هەوریت وا پێوە»**

گـۆرانبـێـژی دووەم دەست دەکـات بە گـۆرانی وتن و نیوەی دێری دووەم لەگەڵ گۆرانیبێژی دووبارە و سێ بارە نیوەی دووەمی کۆپلەکە دەڵێنەوە، بەم شێوەیە (تۆ پوشێن لاری هەوریت وا پێوە) ئینجا گۆرانیبێژی دووەم، دەست دەکات بە کۆپلەی خۆی و دەڵێت:

**«بولبول نەکێشۆ جەفای دڕک و دار**
**کەی ڕاگەش مەدا بنیشۆ گوڵزار؟»**

هەروەها گۆرانیبێژی سێیەم بۆ گۆرانیبێژی دووەمی دەچرێتەوە هەردووکیان واتە گۆرانیبێژی دووەم و سێیەم چەند جارێک نیوە دێری کۆپلەکە دەڵێنەوە (کەی ڕاگەش مەدا بنیشۆ گوڵزار)

دواجار گۆرانیبێژی سێیەم کۆپلەی خۆی دەست پێ دەکات و دەڵێت:

**«گوڵەن گوڵزارەن وەرکانی گوڵەن**
**لالەش پەسەندەن ئارامی دڵەن»**

ئینجا گۆرانبێژی یەکەم لە گۆرانیبێژی سێیەمی وەردەگرێتەوە بەم شێوەیە گۆرانیبێژی یەکەم دیسان نیوەدێری کۆپلەکە دەڵێتەوە (لالەش پەسەندەن ئارامی دڵەن) ئەمە جۆری وتنی گۆرانی سێ قـۆڵی یان دوو قۆڵییە وەک چریکەی مەل ئەم لەوی وەردەگرێتەوە... هەتا گۆرانییەکە کۆتایی دێت، ئەمەش هەرچەندە کارێکی ئاسانە، بەڵام چۆنیەتی وتنی کارێکی گرانە، لەبەر ئەوە دەبێت، ئەو سترانبێژانە ئاگایان لە چۆنیەتی دەربڕینی (بڕگەو وشەو ڕستەکان) بێت. هەروەکو ئاماژەم بەوەدا، دەبێت سترانبێژ، ئەو دەقەی هەڵی بژاردووە واتای گۆرانییەکە تەواو بکات و لە دەستووری ئاوازەکە دەرنەچێت.

ئەمەش دەقی ئەو هۆزانەیە، کە هەرسێ گۆرانیبێژ، گۆرانی «ئا بەلەنجە» دەڵێن:

**١- ئا بەلەنجە گیان دووگوڵت هاپێوە**
**تۆ پوشێن لاری هەوریت وا پێوە**
**٢- بولبول نەکێشۆ جەفای دڕک و دار**
**کەی ڕاگەش مەدا بنیشۆ گوڵزار؟**
**٣- گوڵەن گوڵزارەن وەرکانی گوڵەن!**
**لالەش پەسەندەن ئارامی دڵەن!**
**٤- یاخوا گوراڵی بەر نەیاجە خاک**
**نەکای دڵەکە و تۆ بنیشۆ خەمناک**
**٥- گوراڵی کەشا گردم بووەم کەردێ**
**بووەو تۆشا نەدا دەس کە ئەم کەردێ**
**٦- گوراڵەی بەهار ڕیحانەی پاییز**
**هیچکاشا بووەو تۆش نەدا ئازیز**
**٧- شەر بۆ وەهاری نەکەرو بۆوە**
**تا گوڵم پێ بێ جە خزمەت تۆوە**

**٨- وەهاری عالەم پاییزی مانە**
**جە باغی شادی گەڵا ڕێزانە»**

هەر لەسەر بابەتی گۆرانی سێ قۆڵی دەڕۆین و هەندێ نموونەی زیندوو دەخەینە بەردەمی هونەرمەند و ڕۆشنبیران، دیارە «هەورامان» هەر کونج و قوژبنێکی بگرین، پڕە لە بابەتی هونەری و ئەدەبی بە نرخ، یەکێک لەو بابەتانەش، وتنی گۆرانی سێ قۆڵییە، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا بابەتێکە، کە پێویستە ئاخافتنی لەسەر بکرێت، هەروەها هۆزانی (پەنجە)یی باشترین و شیاوترین هۆزانە. بۆ ئاوازە جۆربەجۆرەکانی هەورامان هۆزانی (عەرووز)ی زۆر بە گرانی لەسەر زمان و زۆر بە قورسی گۆ دەکرێت، بەتایبەتی لە ئاواز چڕیندا، بەتایبەتی گۆرانی فۆلکلۆری هۆزانی (عەروز)ی زۆر بە گرانی بۆ دەلوێت، بەڵام هۆزانی پەنجەیی پاشماوەی زمانی (ماد) بێت، یان بەشێکی گەورەی (ئاڤێستا) کە (گاتە)کانە لەسەر کێشی پەنجەیە، ئەمەش نموونەیەکی هەرە زیندووی نەتەوەکەمانە. لە کتێبی- ئاڤێستا- گاتە-کان.

لە مێژینەترین سروودی کوردە، کە جەلیلی عەباسی نووسیویەتی دەفەرموێت: «(گات) گاتە بنچینەکانی زەردەشت کۆنترین بەشی «ئاڤێستان- ئەم بەشە بۆ خۆی بەشێکە لە (یەسنا)، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە بەهی خودی زەردەشت زانراوە و ئەوەش کە بەشێوەی شیعرە، هەمیشە بە جیا لە (یەسنا) ناوی براوە و بۆ خۆی بە بەشێکی جیاواز ناسراوە».

ئەمەش نموونەیەکی گۆرانی دیکەیە، کە بە هۆزانی پەنجەیی دەوترێت. ئەو گۆرانییەش بەناو نیشانی (ئازیز)ە بە هۆزانی خۆماڵی، ئاوازەکە فرە بە سانایی دەوترێت.

ئەمەش نموونەکەیە، کە هونەرمەندی سترانبێژ بە دوو قۆڵی یان سێ قۆڵی دەیڵێن بەم شێوەیە!

**(١) و لەکا مێسلەی تنگنانشا خونچە**
**ڕەنگینت کەردەن هانە هەلووچە**
**(٢) بدیە تەوەنێ پل پل و بازا**
**میشلەی تنگنانشۆ بەڵخە بێنازا**
**(٣) ئاخ من زانێم تۆ کوگە ملی؟**
**با داکێ دەرە و لێم چەقنێوە ولی**
**(٤) و لەکا مێشلەی ورنانشا خونچە**
**بێ تۆ ویرانا دەرەو هەلوومەی**
**(٥) بدیە تەوەنێ ئامان وەسەردا**
**چنوور لوول واردەن. وەبان کەمەردا**
**٦- تەوەنی ملی هانەوتێ ڕاتا**
**هانەو سەر سووڵی جای سەیرانگاتا»**

ئەم شەش دێرە هۆزانە هونەرمەندان دەتوانن بەکۆ واتە دوو قۆڵی و سێ قۆڵی ئەو ئاوازە (ئازیز) بە جوانی بچڕن. یان بە ئاوازی (چەپڵە) یان ئاوازی خاو.. یان ئاوازی بەرزە چڕی سیاچەمانەی (ئازیز) بە دەنگی (عوسمان کێمنەیی، حەمە حسێن کێمنەیی، جەمیل نەوسوودی)، کە بەسێکوچکەی سیاچەمانە- بێژان لە ناو فەرهەنگی هونەری هەوراماندا ناوبانگیان دەرکردووە و هەرسێکیان واتە بەسێ قۆڵی زۆربەی زۆری ئاوازە بەرزە چڕەکانی هەورامانیان وتووە.

١٤- گۆرانی میللی ئەو جۆرە گۆرانییەیە، کە خاوەنەکەی دیارە. ئەم ئاوازانەش بە هۆزانی پەنجەیی، بەتایبەتی هۆزانی میللی دەوترێن، ئەم گۆرانییانە، پێویستە سەردەم و مێژووی بەراوردیان دیاری بکرێت. ئایا ئەو ئاوازە میللییە، لە چ کات و ساتێک وتراوە.

د. عیزەدین مستەفا ڕەسوول دەفەرموێت «خاسیەتی گۆرانیی میللی لە رووی باسەوە ئەوەیە، کە لە شتی جیاجیا ئەدوێ و پڕ لە هەست و نەست و خواست و قووڵ و دەوڵەمەندە، لەو گۆرانییانەدا هەڵچوونی ئازایانە و سۆزی دڵ ئەبیسترێ، بەڵام لە هەموو جار و حاڵێکدا بنەڕەتی جەوهەریی ئەم گۆرانییانە دەربڕینی هێز و توانا و خۆشەویستی ژیانە».

هەوڵدان و گەڕان بەدوای هونەری ڕەسەنی هەوراماندا، هەنگاوی فرەی دەوێت، تا ئاواز و گۆرانییەکان ساغ بکرێتەوە، ساغ کردنەوەی هۆزانڤانێکی نەتەوەکەمان، ئەوە دەبێتە پتەوکردنی بەردی بناغەی هونەری ڕەسەنمان، کە سەرچاوەکەی هەورامانی دەلالە. محەمەد حەمە باقی دەفەرموێت: «لەبەر ئەوە بۆ پتەو ڕاگرتنی مۆسیقا و گۆرانی ڕەسەنمان و پاراستنیان، پێویستمان بەرێزگرتن و ئارایشت کردنەوەی ئەو بابەتە جیاجیانەی مۆسیقا و گۆرانیمانە تا بەگیانی زانستیانە و هاوچەرخانە مۆرکی خۆماڵیمان زاخاو بدەینەوە...». لەسەر ئەم باس و لێکۆڵینەوەیە زۆرمان نووسیوە، ئەوەش هەندێ هەنگاوی سەرەتایی بۆنراوە ئیدی پێویستە، هونەرمەندە مۆسیقیەکانمان بە هەوڵ و کۆششیان بتوانن ئەو ئاوازانە بە خانەبەندی نۆتە نووسی بۆ بکەن.

# گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە

**وریا ئەحمەد**

### سەید ئەنوەری کوڕی سەید ئەحمەدی
### کوڕی شێخ کەریمی کۆیە

کاک ئەنوەر ساڵی (١٩٢٤) لە شاری کۆیە لەدایک بووە، تاوەکو پۆلی سێی ناوەندی خوێندووە، لە هەولێریش جارێکی دی، ساڵی (١٩٦٢) چۆتەوە بەر خوێندن، تا پێنجی ئامادەیی، ڕۆیشتووە و لەو پۆلەدا دوای سێ مانگ دەوام، دەر نەچووە و پێی تەواونەکراوە، بۆیە بەدڵشکاوی وازی لە خوێندن هێناوە، ڕەوشی ژیانی باش نەبووە مەبەستم هەژار بووە، ئەو کات لە شارەوانی هەولێر فەرمانبەرێکی بچووک بووە، بۆی زەحمەت بووە لەو خوێندنەدا بەردەوام بێت، بەڵام خۆشبەختانە لە خوێندنەوەی خۆیدا نەکەوتووە، بە دەیان کتێبی دەرەوەی قوتابخانەی خوێندۆتەوە، چ کتێبی ئایینی، یان کتێبی سەر بە دنیای شیعر و ئەدەبیات بووبێت، باوکی دەستی شیعر نووسینی هەبووەو نازناوی شیعری (حوسەینی) بووە، خۆیشی هەر لە ساڵی(١٩٤٣)وە، شیعر دەنووسێ و تا ئێستا(*) دوو دیوانی هەیە، یەکێکیان بە زمانی کوردی و ئەوی دی بە زمانی عەرەبی داناوە، بە هەردووکیان خۆی لە (٣٠٠) لاپەڕە دەدات، بەڵام هێشتا بە چاپ نەگەیشتوون. لە وەڵامی پرسیارێکماندا فەرمووی: ئێمە لە ئەساسدا، لە ناوچەی (بەرزنجە) وە بۆ کۆیە هاتووین، بابی باپیرم کە ناوی (شێخ ئەحمەد) بووە، لە گەڵ براکەیدا (شێخ سەلام) هەردووکیان بۆ کۆیە هاتوون، ئەویش بە مەبەستی ( ئیرشادی ئایینی ــ ڕێگەی خوداناسین بە موسوڵمانان نیشاندان) دیارە



**سەید ئەنوەر لە ساڵی ١٩٦١دا**

لەسەر خواست و داوای خەڵکی ئەوسای شاری کۆیەوە بۆ کۆیە هاتوون، لەسەردەمی (حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلی زادە) هاتوونەتە کۆیە، فەرمووی: باپیرم (شێخ کەریم) و ئەم (حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلی زادەی کۆیە) هەمیشە بەیەکەوە بوونەوخەڵکی شاریش زۆر رێزو حورمەتی بۆ داناون، دەروێش و مـــریدیان زۆر بووە، بە گـــوێرەی فەرمودەی (شێخ مەعرووفی نۆدێ)، کە دەبێتە باوکی (کاک ئەحمەدی شێخ)، باپیرە (شێخ ئەحمەد)م بە ئیزنی ئەم زاتە هاتۆتە کۆیە، واتە ئەو ئیجازەی پێداوە ئینجا هاتووە، کـاتی خـۆی باپیـرە شـێخ ئەحـمـەدم، لەگـەڵ کاکەحمەدی شێخدا، پێکەوە لەلای شێخ مەعرووفی نۆدێ خوێندوویانە، دواتر (شێخ سەلام)ی برای (شێخ ئەحمەدی) باوکی باپیرم بۆ رۆژهەڵاتی (ئوردون) کۆچی کـردووەو تا ئەمـرۆش نەوە و وەچەی هەر وان لەوێ، بە کـورتی ئەو (شـێخ ئەحـمـەد)ەی باوکی باپیـرەمـان سێ کوڕی هەبووە، یەکێکیان (شێخ عەبدولکەریم)ە، کە دەبێتە باپیری ئێمە، باپیریشمان هەشت کوڕی هەبووە، گەورەکەیان (شێخ مەعرووفی هەڵەجە)یە، سەرەتا لە کۆیە خوێندنی تەواوکردووە و ئینجا بۆ هەڵەجە چووە، کوڕی دووەمی ناوی (شێخ محێدین)بووە، تا ئەمرۆش مرید و دەروێشی لە گوندی (شێخ وەسانان) هەر ماون، دیسان لە ناوچەی (شێخ بزێنی) و لەناو (هۆزی شوانان) لە دەشتی هەولێریشدا، دەروێش و مریدی هەبووە، ئەو دوو مـــامـــەی زووتر باسم کـــردن هەردووکـــیـــان لە (کاکەحمەدی شێخ)ەوە ئیجازەی ئیرشادی ئایینیان وەرگرتووە، مامی سێیەمم ناوی (شێخ نەجمەدین) بوو تا ساڵی(١٩٥٧)یش لە ژیاندابووە کاتێکیش کۆچی کرد، تەمـەنی (٩٣) ساڵ بوو، کـوڕی چوارەمی ناوی (شـێخ بابە عەلی) بوو، پێنجەمین کوڕی ناوی (شێخ ڕەزا) بوو، لەگەڵ کاکیدا (شێخ مەعرووف) لە (هەڵەجە) ژیاوە، کوڕی شەشەمی ناوی (شێخ عەبدوسەلام) بوو، ئەویش هەر لە (هەڵەجە) لە خزمەت برای گەورەیدا بووە، کوڕی حەفتەمی ناوی (سەید ئەحمەد)ە و باوکی خۆمە، باوکم فـارسی زانێکی چاک بووە، دیوانی دەسـتنووسی هەیە، کـوڕی هەشتەمیش ناوی ( شێخ سەدر) بووە، ئەمەیان زۆر زیرەک بووەو (دەفـژەنی)چاکیش بووە، بەڵام لە ئایین دوورەپەرێز وەسـتـاوە و زۆریش دەوڵەمـەند بووە، باوکم پێنج کـوڕی هەبووە (بابە شێخ، ئەنوەر، جەلال، جەمال، کەمال) ساڵی (١٩٥٥ ــ ١٩٥٦) بوو، شاری کۆیەمان جێ هێشت، تەکیەکەش خەڵکێکی زۆر دەوریان دابوو، بە تایبەتی سەردەمی (شـێخ نەجـمـەدین) لە مـرید و دەروێشـانی هۆزەکـانی شـێخ بزێنی و هۆزی شـوانان و خۆشناوەتی.

گوتم: کاکە شێخ لە چ کاتێکدا لە تەکیەی ئێوەدا لە کۆیە کوڕی گۆتن و زیکر دەبەسترا؟ فەرمووی: عەسران و دوای نوێژی خـەفـتنان، بەیانیـانیش لە تەکیـە (کـەبار) دەکـرا، بەڵام ئەڵقـەی زیکر زۆرتر شـەوان دادەمـەزرا، ئەویش بە زۆری لە رۆژانی هەینیدا، تەکیـەی ئێـمـە لە کـۆیە بە ناوی تەکـیـەی (قـادری) ناودار بـوو، جگە لە تەکـیـەی ئێـمـە ئەو کـات لەکـۆیە تەکـیـەی (شـێخ غـەفـوور)یش هەبوو، کـە بە تەکـیـەی (تاڵەبانیـان) دەناسـرا، شـێخ ڕەزای تاڵەبانی شـاعـیـر خزمی ئەوانە، باوکی باپیرم ساڵی ( ١٢٥٠)ی کۆچی بەرانبەر ١٨٣٩ ز بۆ کۆیە هاتووە و (٤٤) ساڵان واتە تا کۆچەکەی لە کۆیە هەر خەریکی (ئیرشادی ئایینی) بووە، بەڵام لە گۆتندا (شێخ نەجمەدین)ی مامم ئوستادی هەر هەموویان بووە، کـاتی خـۆی ئەم مـامـەم دەیگێـڕایەوە و دیگوت: لە سەردەمی باوکم، دانیشتنی ئەوتۆمان سازداوە، کەڵە شـاعـیـرو مـەقـامـبـێـژان لە (بەغـدا)وە دەهاتن، بۆ

تاقیکردنەوەو ناسینی توانای دەنگی ئێمە لە گۆتن و مەقامزانیدا، دەیگوت: ئەوان پەکیان دەکەوت و دەنگی من نەدەکەوت. گوتم: مامت قەت لای ئێوە نەیدرکاندووە ئەم هونەری مەقاماتە لە چ کەسێکەوە فێربووە؟ گوتی: ئەم هونەری مەقامزانی و مەقام گوتنە، بەرەچەڵەک بۆمان ماوەتەوە، بۆ نموونە: لە کاتی (زیکر)دا بەزۆری مەقامەکانی (چارگا) دەگوترا، چونکە زۆر بۆ زیکر دەست دەدات، ئەم مەقامی چارگایە هەمووی (قوفل)ی تێدایە و (میانە)ی هەیە، بۆ نموونە لە مەقامی(چارگا)وە دەتوانی بیکەیتە مەقامی (سەبا) و دەشتوانی هەر لە مەقامی (چارگا)وە، بیکەیتە مەقامی (مەنسووری)، هەروەها لە مەقامی (سەبا) شەوە، دەتوانی بیکەیتە مەقامی (بەیات)، جا لێرانەدا کاکە شێخ قسەی خۆی بڕی و نموونەیەکی مەقامی (ڕاست)ی بۆ گوتین، هەروەها فەرمووی لە مەقامی (ڕاست)یشەوە دەتوانین بیکەینە مەقامی (چارگا)، ئەمەی بۆ ئێمە بەدەنگی خۆی سەلماندوو نموونەی بۆ گوتین، هەروەها (ستایشی - ئەڵڵا ئەڵڵا)ی بۆ گۆتین، کە کاتی خۆی لە تەکیەدا دوای زیکر و گوتنی مەقامی (چارگا)یش بە تایبەتی گوتراوە.

ستایشی (ئەڵڵا ئەڵڵا) کە کاتی خۆی لە شاری کۆیە لە ناو ئاخنی (مەولوود)دا لە تەک دەیان (تەنزیلەی)دی (کە زۆربەی ئەو تەنزیلانە بە زمانی کوردی بوونە) گوتراوە.




کاک شێخ فەرمووی مامم شێخ نەجمەدین، جگە لە مەقامی ڕاست مەقامەکانی (دەشت) و (ڕاست)یشی دەگوت. لە وەڵامی پرسیارێکی دیکەی مندا، سەبارەت بە بوونی ئامێرەکانی موزیک لە کاتی زیکری ناو تەکیەدا گوتی: لە کۆیە بە تایبەتی لەناو تەکیەدا، ئەو کات تەنیا (ئامێری دەفی گەورەی دەرویشی) هەبوو، باوکم چاکترین دەفژەن بوو، جارێکیان لە (تەق تەق)ەوە، لە زێ پەڕینەوە بەرەو (قەسرۆک)چووین، ئەمە لە ناوچەی (شێخ بزێنی) دەرماناوەکانی (ژێری و ژووری و تورکی و عەمرۆن و مەرزیخە) دەکەونە دەم زێی بچووک (سەید سەلمان ــ کە دەنگخۆش و مەقامزانێکی شاری مووسڵ بوو، دەبێتە باپیری سەید ئیسماعیل فەحام، کە ئەویش مەقامبێژێکی ناوداری شاری مووسڵ بوو) مانگێکی ڕەبەق لەخزمەتی مامم لە (هەڵەجە) مایەوە، مامم وەک زووتر گوتم، لە مەقامزانین و مەقام گوتندا کەم وێنە بوو، بۆیە لە گەلێ لاوە بۆلای دەهاتن، بۆ ئەوەی لێی فێربن، یان هەر پرسیارێکی لە مەقامەکاندا هەیانبێت ئاراستەی مامی بکەن، مامیشم بە درێژی وەڵامی دەدانەوە و بۆی شی دەکردنەوە، مامم بۆی گێڕاینەوەو فەرمووی: جارێکیان لە بەغداوە، کۆمەڵێک مەقامبێژ و مەقامناس بۆ کۆیە بۆ لای من هاتن، بۆ تاقیکردنەوەی تواناو مەقامزانین و گۆتنی من، هەریەکەیان دەستی کرد بە گوتنی مەقامێک کاتێک نۆبەی من هات، بە مەقامی (ئیبراهیمی) دەستم پێکرد و چوومە مەقامەکانی دی هەتا (١٢) مەقام بۆیان خوێند، هەموو ئەو مەقامانەم بە (میان) و (قوفل)ەکانەوە بۆیان ئەداکرد و ئەو مەقامانەم بەیەکتری بەستنەوە، ئەوانەی لە مەجلیسەکەدا لە مەقام دەگەیشتن، ئەو کارەی منیان گەلێ پەسەند کرد، کەسی واشیان تێدا بوو، لە تەئسیری دەنگم دەگریان، دانیشتنەکە بەردەوام بوو، تا ئەو ڕادەیەی ئەوان دەنگیان نووسا من هێشتا دەنگم چاک دەهات، دواجار گوتیان: تۆ لە زانینی مەقامدا



**سەید ئەنوەر لە ساڵی ۱۹۸۸دا**

لە ئێمە باڵاتری و لە توانای دەنگ و گۆتنیش لە ئێمە چاکتری، دیسان مامم (شێخ نەجمەدین) بۆی باس کردین و گوتی: ئەو کاتانەی لە کۆیە فەقێ بووم جارێکیان دەمە و عەسربوو، لەگەڵ مامۆستام بۆ ناو باخچەکانی ئەوبەر (گۆمی گەرمووکێ) چووین بۆ دەرس خوێندن، مامۆستام رووی تێکردم و گوتی: یا شێخ (غەزەل)ێکم بۆ نەخوێنییەوە دەرست پێ ناڵێم گوتم: قوربان شێخی باوکم چاوەڕوانمان دەکاو ئەگەر زوو نەچمەوە ڕەنگە بەدوامدا بنێرێت، گوتی: هیچ چارەت نییە! مامم گوتی: ناچار دەستم پێکرد و لە غەزەلێک بوومەوە گەرم بووم، دەستم بەیەکی دی کرد، کاتێک چاوم کردەوە دەبینم مامۆستام دەستەسڕی بە چاوەوە گرتووە و دەگریێت، کاتەکەش بەهارێکی درەنگ بوو کاتێ دیتم چی ببینم! مەزانە دەنگم وا هەڵبڕیبوو گەیشتبووە، تەکیە و دەوروبەری، خەڵکیش لەو بەر لەبن دارەکان بۆ گوێ گرتن دانیشتبوون، منیش لە شەرمان عەباکەم خستە سەر سەرم و بەرەو ماڵ شۆڕبوومەوە، مەزانە دەنگم لەو شوێنەوە گەیشتبووە دیوەخانی (حاجی ئەسعەد ئاغای) باوکی (جەمیل ئاغای) و دیوەخانی (حەمەغای کۆیە) ، بۆیە حەماغا وحاجی ئەسعەداغا بەخۆیان و دارودەستەیانەوە گەیشتبوونە تەکیەی ئێمە! هەمووی عاشقی دەنگی بوون، باوکم گوتی: مادام لەو بەر بۆ مامۆستات شەوق و زەوقت سازداوە، وەرە بۆ ئەو بەڕێزانەش شتێک بڵێ، شێخ نەجمەدین فەرمووی: دوای نان خواردنی ئێوارێ دەستم بە گوتن کرد تا دەوری یازدەی شەو و ئەو بەڕێزانە هەر تێر گوتنی من نەبوون، بۆیە بە ناچاری جارێکی دی و دووبارە هەندێ (غەزەل)م بۆ خوێندن و براکانیشم لەو ڕووەوە چ بە گێڕانەوە، یان دەفژەنی یارمەتی دەرم بوون.

لێم پرسی کاکە شێخ: جگە لەو مەقامانەی زووتر ناوت بردن، ئەو کاتە لە کۆیە شێوە گوتن، یان مەقامی ناوچەیی تر هەبووە؟ فەرمووی: زۆر جۆر مەقام هەبووە، بۆ نموونە ئەو مەقامی (چارگا)یەی ئەمڕۆ (تایەر تۆفیق) دەیڵێت و بەستەی (چارۆگێ و چارۆگێ)ی بەدوادا دەگوترێت ئەوە لەمەڕ مامە! گوتم: بیرت نییە ئەو وەختە گۆرانیبێژانی (غەزەل) خوێن بۆ کۆیە هاتبن، بە تایبەتی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە؟ گوتی: بە بیرمە کاتی خۆی گۆرانیبێژان (حوسەی حەبە تۆزێ) کە مەقاماتی زانیوە و (سەی عەلی ئەسغەری کوردستانی) بۆ لای مامە نەجمەدینم هاتوون، هەر لە کۆیە کەسێک هەبوو لە هەموو ئەوانی دی باڵادەستتر بوو بە ناوی (حاجییە گەورە) شیعرەکانی (کەریمی هەمەدانی) سەرجەم لەبەر بوون، شەوان درەنگ کە بۆ ماڵ دەگەڕامەوە لەبەردەرگەی ماڵی ئەواندا نەختێک دەوەستام گوێم لەو شیعرانەی (کەریمی هەمەدانی) دەگرت کە ئەو دەیخوێندنەوە، حاجییە گەورە فارسی زان و مەقام شوناس و دەنگخۆش بوو، (حاجی قادری پەڕەکار) مەقامزان ودەنگخۆشە و ئەویش شیعری شاعیری پایەبەرز (کەریمی هەمەدانی) گوتووە، هەروەها باوکم دەنگخۆش بووەو زۆرجاران یارمەتی مامم شێخ نەجمەدینی بە گێڕانەوەی (تەنزیلە) لە کاتی خوێندنەوەی مەولوودنامەدا داوە.

*** تا ئێستا مەبەست لە ڕۆژی چاو پێکەوتنەکەیە.**

**تێبینی: ئەم چاوپێکەوتنە لە ماڵی خۆیاندا لە هەولێر لە (گەڕەکی پاریزەران) ڕێکەوتی(۲۵/۱/۱۹۸۶)بە ئامادەبوونی کاکە (شێخ لوقمان بەرزنجی)ئەنجام دراوە.**

# سکۆلاریزم و کۆژانی ڕێنیسانس

دوای وەئاگاهاتن لە چاوچوونە خەوی سەدەکانی ناوەڕاست کە سەدەهایەک بوون و دوورودرێژ، مرۆڤ دەستی کردەپەیبردن بە دیمەنە سروشتیەکان و جەستەی خۆی، واقیع چیتر دنیایی تر دەبوو، بەڵام تەنیا ساوێرە ڕوودانی کە وابزانین ئەمانە گشت بەبێ گومانێکی بەهێز و ڕێزاڵبوونێکی کاریگەر ڕوویانداوە.

یەکەمین هەڵوێستی مرۆڤ لە سروشت ئەو خۆشەویستییە پاکە بوو کە لای پیرۆزمەند فرنسیس بوو، بەڵام خۆشەویستی وەک ماکس شیلر تێبینی کردووە لە ڕاستیدا ئارەزووی دەسەڵات دەبزێوێ، کەواتە ئەو خۆشەویستییە شیرینە Pantheistic وەک سەرەتا لە دانانی دەسەڵاتێکەوە ئەفرا کە هۆکارەکانی: ئەو چینە نوێیەی تەنیا لەدوای سوودمەند بوونی ماددی وێڵە. ئەو زانستە ئەرێتییە تۆژەرەوە بۆ ڕێساکانی جیهانی فیزیایی لەپێناو زاڵبوون بەسەریدا. بەم شێوەیە سەرمایەداری و پەیبردنی زانستی دوو ڕووی دراوێکن، یان ئەو زەینەی تا ئەم سەردەمانەی ئەمڕۆمان ماوەتەوە و ئەم زەمەنەی بە بینگەیەکی ئەبستراکتی چەندایەتی ناوزەد کردووە.

بنەواچەی جیهانی سەدەکانی ناوەڕاست، زەوییەکی هەمیشەیی بێ جووڵە بوو. مرۆڤ دەژیا و ئەبەدییەت لەبەردەمیدا بوو. هەرچی زەمەنیشە زەمەنێکی سروشتی بوو بۆ شوانەکان و جوتیاران و بەیانی زوو هەستان و کار و خەڵکی و خۆشەویستی. ئەوان هەستیان بە لێدانی دڵی ئەبەدییەت دەکرد. هەرچۆن جێگەش مۆرکێکی چۆنیەتی هەبوو، کە ملکەچی ڕێساکانی فیزیا نەبوو،

---

**لە عەرەبییەوە: وەهبی ڕەسووڵ**
**(سلێمانی)**

هێندەی وابەستەی سەرەتاکانی میتافیزیکیا بوو: ئێسکی خاتوو پاکیزە لە تابلۆدا پەیوەستی بەهیچ پێوانەیەکەوە نەبوو، بەڵکو پێچەوانەیەکی پلەگەلی پیرۆزمەندەکان بوو.

ئەمانە گشت جیهانی جەنجاڵی شارەکان وەدەرینان کە بە سروشتی خۆی لیبراڵی و دینامی هەڵکەوتووە و ملکەچی چەندایەتی و ئەبستراکتە. زەمەن بووە پارە، وەک ئەوەی ئەو دراوە کاشانە خۆبەخۆ لە زیادبوونی چەند ئەوەندەدا بن لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕۆژگاردا. هەربۆیە دەبوو زۆر بە چاودێرییەوە پێوانە بکرێت، بەم شێوەیە کاتژمێرە میکانیکیەکان لە قوللەی کلێساکاندا جێی خولە جوانەکانی ژیان و مردنی گرتەوە. لەو دەمەوە جێگە لەسەر دەستی توپوگرافیەکانەوە دەپێورا. هەروەها جێگەی خۆی بەماڵی هونەردا کرد بێ لە دەرگا دان هەر لەسەر دەستی خودی ئەو خەڵکانەدا بوو کە کارە ئەندازەییەکانیان بەڕێوەدەبرد. زانای ئەندازە (پییێرو دیلافرنشیسکا) یەکێک بوو لەوانەی زانستی بەربینە (علم المنظور)ی خستە نێو هونەری نیگارکێشانەوە. هەرچۆن داڤنشی لە دەفتەری تێبینییەکانیدا نووسیویەتی: لەدواییدا ئەو کەسایەتیانەی دروست کردووە کە بەرگیان لەبەردایە، یان ڕووتن بەو شێوازەی مل کەچە بۆ گەورەیی و بچووکی بەربینە بەو شێوەیەی کە هیچ وردەکاریەکی پێچەوانەی ئەوە نەبێت کە عەقڵ و ئینتباعی سروشتی فەرمانی پێدەدەن.

بازرگانی لەگەڵ ڕۆژهەڵات و ئەو گەشە سەندنە لە باوەڕ نەهاتووەی شارەکانی ئیتالیا بە خۆیەوە دی هەموو یاریدەدەر بوون لەسەر دەرکەوتنی زانایانی یۆنانی کە تا ئەو کاتە لە قوستەنتەنییە کاریان دەکرد و تێکەڵکردنی ئاوەزگەرای ئەوان بە سۆفیەتی چەندایەتی فیساگۆرسی و سرووتی دراوە کاشەکان. زانستی بیرکاری و ژمێریاری و بە یەکسانی فرمانی جیهانە بەرجەستە خاوەن ڕووە زۆرەکان و بازرگانییەکان دەکات.

خواستێکی زۆر هەیە تا لیۆناردۆ بکەینە بەرجەستەیەکی ئەم حاڵەتە ئاوازگەرایە، هەر لە سەرەتاوە ئەو ئەندازیارێک بوو بە مانای وشە کە: پرد و بەربەستی بنیاد دەنا و ئامێری نوێی بۆ ڕستن دەدۆزیەوە و سەرپەرشتیاری کاری بۆتە تێکردنی تۆپخانەی دەکرد و چاودێری ڕێساکانی جێگیری و دینامیکا بوو، هەرچۆن بنیادی ڕۆبۆتە میکانیکیەکانی دەنا. ئەم ئینتباعەی



پەیکەرێکی دۆنا تێللۆ

یەکەم، هەموو شتێک بوو لە بارەی لیۆناردۆوە. ئەوەی جێی سەرنجمانە سەردانە شەوانییەکانیەتی بۆ پێگەی مردووان لە خەستەخانەی سانتا ماریا کە بە تەنیا دەکەوتە توێکاریکردنی جەستەی مردووەکان لەبەر ڕۆشنایی مۆمدا تا بزانێت ناوسکی ئادەمیزاد چ پێکهاتەیەکی هەیە. لە میانی ئەم کارە ترسناکەیدا بینگەی ئەو، تێڕوانینێکی پزیشکانە نەبوو، بەڵکو تێڕوانینی ئافەریدەکراوێکی دۆزەخی بوو کە دەکۆشێ بۆ قووڵبوونەوە لە دۆزینەوەی ڕازی ژیان تا بتوانێ خۆبەخۆی خۆی جارێکی دی بیئەفرێنێتەوە. ئوسانێ لە قوڕگ و قوڕقوڕاگەی دەکۆڵییەوە دەیویست دڕندەیەک دروست بکات و بدوێ. بنیادی مۆخی شی دەکردەوە تا لەدوای دەروون بگەڕێت و پێگەیەکی بۆ دەستنیشان کات. دەمەوانە (صمامة)ی دڵ جێی گرنگی پێدانی بووە کە بە (ئامێرە سەرسوڕهێنەرەکەی مامۆستا مەزنەکە) ناوزەدی دەکرد، هەرچۆن لە هەوڵی دروست کردنی دڵێکی میکانیکیدا بوو. توێکاری جەستەی ئافرەتی دووگیانی



دۆنا تێللۆ

دەکرد بەو ئامانجەی بگاتە سەرچاوەکانی ژیان، یان باشتر بڵێین بگاتە دوا تەلیسمی ژیان. بە ئارەزووەکی ئەهریمەنانەوە دەنووسێت، دەمەوێت پەرچوویەک بخەملێنم! ساتێ لە فیزیام دەکۆڵییەوە تەلیسمی سەردانی سالۆن و هەواری مردووەکان هیلاکی کردم. وامدەزانی ئەم شتە ڕێزالێبوونی مرۆڤێکی هەڵواسراو دەنوێنێ لەنێوان تاریکستان و ڕووناکییەکی گەشاوەدا. لەنێوان مۆتەکەگەلی شەوان و جیهانی هزرهایەکی ڕووندا. لەنێوان فیزیکا و میتافیزیکا. وەهام بۆ دەرکەوت ئەمە ئەزموونی خەڵکانێکە (بلیمەتەکان بە تایبەت) کە بۆ خۆشبەختی (یان نەهامەتی) لەسەریان نووسراوە کە لە کۆتایی سەدەیەک و بەرەبەیانی سەدەیەکی تردا بژین. چۆن بەشێک لە کەسایەتی ئەو لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دەژیا و شتێک لە جادووگەرانی ئەو سەدەیەی تێدا ئامادە بوو. لە باوەڕێک بە پەرجووە ئەهریمەنەکان و گرنگیدانێکی پڕ ئارەزوو بە مەسەلەکانی چاکە و خراپە، بەڵام هەرچی بەشەکەی دی کەسایەتی ئەو هەیە، زانستییەکی پێشەنگ بوو لە ئاوەزێک هێما بۆ سەدەکانی نوێ. وەک هیراکلیت وتوویەتی هەموو شتێک لەجیهانی ڕۆحدا ڕووەو دژەکەی خۆی هەوڵ دەدات.

لەبەر ئەوە هەڵسەنگاندنی ڕێنیسانس ئەستەمە بەبێ پشت بەستن بەو هێڵە دژەی enantidroma لەلای ئەو فەیلەسوفە مۆنە یۆنانییە هەیە، لەبەر ئەم هۆیەیە پرۆسێسی بە عیلمانی کردن هیچ گۆڕانکارییەک بە خۆوە نابینێ بەبێ وەدەرکەوتنی کەسانێکی وەک ساڤۆ نارۆلا(١)، بەڵکو ئەوە یەکێکە لەو لێکدانەوانەی بۆ ئەو دیاردەیە دەکرێت و ساتێکیش لە کۆشکی بارجیللۆدا پەیکەری پیرۆزمەند جۆرج دەبینین کە کارە پەیکەرییەکانی (دۆنا تێللۆ)یە پەی بەوە دەبەین بیرۆکەی بە عیلمانی کردنی ئاسۆیی سادە چەند هەڵەیە. لەو ساتەوەختە مێژوییە ئاڵۆزانەدا و چۆن بەڕادەی خودی خۆی ناوی بەسەر هەڵچوونی ئێمەدا شۆڕدەکاتەوە: چۆن لەتوانادا بوو دنیای ئەنتیکی گیان بکرێتەوە بە بەریدا؟ بەدڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین لەمیانی گەڕانەوەماندا کە هەمان گەڕانەوەیە بۆ بوون و دروستبوونی شارەکان، ئەو شارانەی ڕێنیسانسین و سەرانسەر لە برەو و گەشەدان و لەگەڵ خۆیاندا بیری نوێ دێنن و هەڵبەتە هاوتای شارەکانی یۆنانی کۆن نەبوون لەو میانەدا. یەکەم لەدووەمیان جیاوازە، جیاوازییەکی قووڵ و ئاڵۆز، هۆکاریش ئامادەبوونی مەسیحیەت بوو، دوو لایەنی هوشیاری ئەو تێروتەسەلییە نورستانییە بۆمان دەردەخات کە لە پەیکەرە پڕ ئازاریاوییەکانی مایکل ئەنجیلۆدا بەدیار دەکەوێت، یان وتووێژکەرە ترسناکەکانی لای دۆناتیللۆ و ئەو کەسایەتییانەش کە چەندان لێکدانەوە و تێڕوانین و خوێندنەوە هەڵدەگرن لە تابلۆکانی لیۆناردۆدا. ئیتر چیتر گەڕانەوە لەتوانادا نەمابوو بۆ سروشت، سروشتێک هێمنی و ئاسوودەییەکی لادێیانە هاوشانی بوو، هەرچۆن گەڕانەوەش بۆ کەماڵی کلاسیکی شتێک بوو مستەحیل چۆن بەدیهاتنی تەنیا بە هێمنییەکی ناوەکی تەواوەتی دەستەبەر دەبێت. بەدڵنیاییەوە بردیائیف لەسەر حەق بوو ساتێ وتی: شارستانییەکەمان توانای زاڵبوونی بەسەر دابەشکردنی مەسیحیەتدا نییە بۆ جیهانێکی دنیایی و جیهانێکی خودایی. کەواتە با لیۆناردۆی میتافیزیکی وەربگرین.

## جەستە و ئەندازە

ساتێ ئەو ئاژەڵە سەیرە (مرۆڤ) لەسەر دوو پێی وەستا، بۆ هەتا هەتایی بەختەوەرییە ئاژەڵییەکانی لەدەستدا و سەردەمی ئازارە میتافیزیکییەکانی سەرچاوەیان گرت. ئەمێستا بەشێوەیەکی ناماقووڵ وەهای لێهاتووە تینووی گەیشتن بە ئەبەدییەتێکی فەرمانی مەرگ بەسەردا دراو لە جەستە بێ تواناکەیدا، تەنیا ئەوانەی دەتوانن خۆ قوتار بکەن منداڵانن کە بێ خەبەرن لەو کۆتاییە، تەنیاو تەنیا ئەوانن نەمران.

هەموو شتێکی ئەم ژیانە فانییە، بەدەست زەمەنێکی دڵ ڕەقەوە دەناڵێنێ و تەنانەت هەڕەمی پتەوی

فیرعەونەکانیش کە بە خوێنی هەزاران کۆیلە دروست کراوە، هیچ نییە تەنیا رووکەشێکی درۆزنانەی ئەبەدییەت نەبێت کە زریان و خۆڵی بیابان ئەمڕۆ لە فەوتاندنیانن، بەڵام ئەو شێوە ئەندازەییەی کە بە دوورە لە کێش بە هەیکەلە بیرکارییەکەیەوە، ملکەچی ئەو هێزە تێکدەرە نییە لەژێر خۆری گەرمی کالابری. فیساگۆرسی گوێگر بۆ هارمۆنی ئەو هونەرە هەرچی نەمرە، یەکەمین کەسێک بوو هەستی بەو جیهانە کرد، جیهانی سێ گۆشەکان و قووچەکییەکان و چوارگۆشەکان.

بەسەد ساڵ دوای ئەوە مرۆڤی بلیمەت بە قووڵی و بگرە بە ئازارێکی زۆریشەوە دەیناڵاند بەدەست ناشیرینی جەستەیەوە و خەونی بە جیهانێکی ترەوە دەبینی و کامڵ و خاڵی لە کەم و کورتی. ڕێنمایی قوتابییەکانی دەکرد کە ڕێگەیەک بۆ جیهانێکی وا، تەنیا ڕێگای ئەندازەیە. هەرە قوتابییە بەناوبانگەکەشی لە هەوڵی ئەوەدایە کە بەدواداچوونی خەڵکی فانی بەرەو ئەو ئاسمانانە ڕوون بکاتەوە بە یارمەتی میتافۆر.

لە زەمەنی ڕابردوودا ڕۆح گالیسکەیەکی لێدەخوڕی دوو ئەسپی باڵدار ڕایان دەکێشا و خواوەندیش لە دەوری بوو، بەڵام ساتێ ڕۆح بریسکەی مەملەکەتی لێدەرکەوت و چاوی پێکەوت (ڕەنگە لەبەر ئەم هۆکارە بووبێت) توانای بەسەر لێخوڕینی گالیسکەکەدا نامێنێ و دەکەوێتە سەر زەوی. لەو دەمەوە بۆی نووسرا قەناعەتی بەدیمەنی ئەو بەرجەستە بێ هەوداو مادییە بێنێت بۆ شێوەکان کە هەمیشە لەبەردەم نغرۆبوونی ژیانی دنیادان، بەڵام تەنیا تاکە شتێک کە بۆی مایەوە نزیکی بوو لە خواوەندەوە لە ڕێی نزیکییەوە، بەڵام ئەندازە ئەو دەسکەوتەی هەرچی زیاتر پڕ کەماڵە دێت و دەڕوا بەبێ وشە، لەوێ؛ لە جێگەیەک لە سەروو شێتێتی زریانەکان و ئافەریدەکراوە عاشقە فانییەکان، لەسەروو شێتێتی ئەو ئیمپراتۆرانەوە کە سەرکەشانە بنیاد نران، هەر هەموو لە خۆیابیبوون و بەسەرچوون، بەڵام جیهانە ئەبەدییەکەی دی کە تێکناچێ و نغرۆ نابێ و هەر دەمێنێتەوە و خاوەن بەها و ڕازی خۆیەتی.

بەهەزار ساڵ دوای ئەمە بلیمەتێکی دی هاتووە «وەک هەموو کەسانێکی دی، بەڵام بە توندییەکی هەرچی زیاترەوە لە تایبەتمەندێتییەکانی بەهرەی ئەون، بە ئەزموون گەلێکی سەرکێشی ڕاگوزەردا لە خۆشەویستی و هاوڕێیەتی تێپەڕیوە و بەدەست جەبریەتی زەمەنەوە ناڵاندوویەتی» بە یارمەتی بیرکاری لە ئەبەدییەتی دەکۆڵێیەوە نەک لە هێز. ساتێکیش بیرکاری دادی نەدا پەنای بۆ هونەر برد کە ئەو جێ هەوڵەی هەر تەواو نەکرد و پێی نەگەیشتە ئامانجی خواستراوی خۆی دەڵێت (کاتێ میلانخۆلیا دەستی بەسەر دەروونیدا گرت): ئاخ ئەی زەمەن، ئەی لەناوبەری شتەکان سەراپا، یان ئەی پیری زوڵم کەرکە کەڵبەکانی خۆت بە هەموو تیژییەکەوە دەچەقێنیتە گشت شتێ بەهێوری تا مردنێکی لەسەرخۆ.

کەواتە ناحەقی نەبوو لەنێو تابلۆ ڕیزەڵۆکەکانیدا شێوە ئەندازەییەکانی دانا. با ساتێ تێرامێنین لە تابلۆی (مریەمی نێو بەردەکان) لە ئەشکەوتێکدا کە بە پەنهانی چوار دەور گیراوە و لە بەردی دۆلمیتی (٢) نقوم بوو لە تەمێکی تەنکدا بە ڕەنگی لاژۆرد و سەوزێکی قووڵی دوور، دوورییەکی جوان لە جیهانێکی توندوتیژ. لەنێو ئەو بەرگە تەنکە ناسکەدا و ئەو جووڵە شۆخانەیەدا کە سەراپایە لە بێدەنگی سێگۆشە زبرەکان و هەیکەلی ئەبەدییەت تێدا پەنهان و ون دەبن.

لە ڕۆمانی (بەرەو فانۆس) وێنەیەکی دیاریکراو دەیەوێت ئەوەمان پێ بڵێت کە هەموو شتێ لەرزۆک و بێ هێزە لەبەردەم بچووکترین هەڵکردنی بادا، بەڵام گەر ڕێژەکەی لە هەیکەلێکی پۆڵایین بێت. ئەم ئیستێتیکایەیە ڤرجینیا ولف خودی خۆی بەکاری هێناوە و ئیستاتیکایەکیش بووە جێی پێزانین و ڕێزی لیۆناردۆ- ئەو ئیستێتیکایەی بووە میتافیزیکا.

### (من)ێکی هونەرمەندی پێشەوا

داڤنشی کە بە زانستیدا هەڵدەگوت، لە بنەڕەتدا و لە هەمان کاتدا شایەتی جیاوازی گەلێکی زانراوە دەربارەی هزری ئەفلاتوونی. ڕەنگی لەسەر پشتێنەیەک دەکرد کە بریتی بوو لە سێگۆشە و بازنە و قووچەکی، بەڵام جەستەی لەرزیوی فریشتەکان و مریەمەکانی جیا دەبوونەوە بە دوو دڵییەک، بەڵام بێ گەڕانەوە و پەشیمان لە بەتەختە بوونێکی بیرکاریانەی ئەو ئالیاتە سەنگینەی کە لەسەری بوو، بەرەنجامی ئەو شەوانەی بەسەری برد لە کەنووی مردووەکاندا، بۆ لاساییکردنەوەی دڵ و دەنگە مرۆڤییەکان. ئەو هەوڵە بێ هوودەییەی بێ پەروا دای لەپێناو دۆزینەوەی نهێنییەکانی ژیان و مردن لە دووتوێی توێکاریکردن و سەرلەنوێ ئەفراندنەوە، بەو سەمەرەییەی لە ڕۆبۆتە میکانیکانیدا کردی، توانی لە هونەری



داڤنشی

نیگارکێشاندا سەرکەوتووبێت لە قووڵبوونەوەیدا.

لەلای لیۆناردۆ کتومت ئەو کێشە کاریگەرە دەردەکەوێت لەنێوان هەوڵ و بابەتی بوونێکی دیار لە زانستدا و لەنێوان خودی بوونێک کە ناتوانرێت خۆی لێ لادرێت کە زۆر بە زیندوویی لەهونەردا دێتە ڕێمان. ئەو ئەشکەوتە هێمنانەش کە کەسایەتییە ئاڵۆز و پەنهانەکانی تێدا شاراوەیە ئایا وێنەیەکی ناڕاستەوخۆی خودی لیۆناردۆ نییە؟

(چیا و شەپۆل و ئاسمانەکان بەشێک نین لە من وەک چۆن من بەشێکم لەوان؟)(٣) ئەگەر زانست لە توانایدا بێت، یان لەسەری پێویست بێت دەستبەرداری (من) بێت ئەوا هونەر لەتوانایدا نییە. کتومت ئەم بێ تواناییەیە سەرچاوەی هێزی، هەرچۆن ڕێی بۆ دەکاتەوە ئەو پڕاوپڕیە بەدەست بێنێ و بەرجەستە بکات کە بە پێی ئەو جەدەلیەتە (کیرکیگاردیەی) گوتوویەتی: تا چەندێ بتوانین بە پلەیەکی زیاتر دڵی کەسانی دی بناسین، هێندە دەتوانین بە هەرچی قووڵیەکی زیاترەوە دڵی خۆمان بناسین.

دوای ئەوەی ئێمەی لە ژیان هەڵدێین بەرەو جیهانی ئەندازەیی ئایدیایی، بەڵام پێویستە لەسەرمان بگەڕێینەوە گەر بمانەوێ وەک مرۆڤ بمێنینەوە. وەک هەموو هونەرمەندان لیۆناردۆ لەدوای ڕێسا گەڕا لە ئاژاوەدا و هێمنی لەزریاندا و دڵنەوایی لەکارەساتدا.

هاوشان لەگەڵ ئەفلاتووندا ویستی بچێتە مەملکەتی دووەمەوە، بەڵام ئەوە مەملکەتی مرۆڤ نییە و ئەبسراکتەکان بەشێوەیەکی هەمیشەیی چارەسەر نین و دواجار ولە کۆتاییدا سۆزی جیهانی زەمینی هەڵماندەگرێ کە تێیدا مرۆڤ لەگەڵ ئازارەکانیدا دەژی، بەڵام دەژی و بەردەوامە لە ژیان تەنیا ئەو جیهانەیە تێدا فەرمانی کوژرانی بەسەر مرۆڤدا داوە، بەڵام تاکە جیهانیشە کە کەماڵبوون بە مرۆڤ دەبەخشێ، چۆن سیمای مرۆڤ ڕۆحێکی پاک و بێگەرد نییە، بەڵکو ئەو مەملکەتە ڕێزاڵبووە ناڕاستەوخۆیەیە کە بە دەروون ناوزەد دەکرێت و تێیدا ئەو شتانە ڕوودەدات کە ئاڵۆزترین و قورسترینی بوونن و گرنگترین شتانێکشن لە هەمان ساتدا: خۆشەویستی و ڕق. ئەفسانە و ساوێر. هیواو خەون. هیچ شتێکیش لەمانە زادەی جیهانی ڕۆحێکی بێ گەرد نییە، بەڵکو تێکەڵەییەکی هەڵچووە لە هزر و خوێن. ئەم دەروونە لێکدراوە دەناڵێنێ سەراپا بەدەست ئازاری نێوان جەستە و ڕۆحەوە. پڕاوپڕە بە ئازارەکانی جەستەیەکی فانی چاو بڕیو لە نەمرییەکی ڕۆحی. هونەریش، یان شیعر، لە مەملەکەتێکی وەها تەماویدا لە دایک دەبێت، بەتایبەت بەهۆی ناڕوونییەکەوەیە یەزدان پێویستی بە هونەر نییە.

## پڕبوونێکی بەرچاو

بیندتۆ کرۆچێ هەر سەنگێکی فەلسەفی نابەخشێتە لیۆناردۆ. چون تەقوا زێدەڕۆکەی مایەی بێزاری بوو بۆ کرۆچێ. ڕاستییەک هاوشانی ئەم بارە بێت، ئەوەیە کە ئێمە فەیلەسووف بەوکەسە دابنێین دانەری میتۆدێکی هزری دیاری کراوە، بەڵام گەر بەدواداچوون لە نیاری ڕەهادا بەجێی گرنگی پێدان وەرگرین بە یارمەتی زەینێکی هزری (هەروەک چۆن لەگەڵ پیاوانی زانستدا بەدی دەکرێت) و هەڵچوونگەرایی (وەک لای هونەرمەند) ئەو دەمە وەها دەردەکەوێت کە ڕاستە لیۆناردۆ دابنرێت بە پێشەنگی یەکەمین بۆ ئەو نموونەیەی ڕۆمانسییەتی ئەڵمانی ئەفراندوویەتی و مەبەستی هاوسەنگی ڕاگراتنی نێوان ئاوەز و خواستێکی نائاوەزییە.

پۆل ڤالێری وەهای دەبینێت کە (توانا شتێکی گرنگە لەلای) لەلای ئەویش لیۆناردۆ پێش هەموو شتێ ئەندازیارێک بووە دەرگا وازکەر لەبەردەم تەکنیکی

نوێدا، بەڵام ئەم (پێش هەموو شتێکە) وا دەردەکەوێت ورد نەبێت واتە کار و ئەرکی ئەو تەنیا لەسەر پشکنینی ڕێسا فیزیاییەکان دەبڕێتەوە. ئەو بەدوای ڕەهایدا چوو گشت توانا ئاوەزی و هەستییەکانی لەپێناودا خستە گەڕ. پێوانە لۆژیکییەکان و هاوکێشە بیرکارییەکان لێرەدا جێی شتێک ناگرێت گەر مرۆڤ بیەوێت پەی بە کلیلی ڕازی ئەفسانەکان و خەونەکان بەرێت.

بەم شتەیە کە ئەوکەسانەی خاوەن سیمایەکی یانۆسین(٤) جیادەکرێنەوە لە فەیلەسووفەکان (بە مانای وشە) ئەوانەی کرۆچێ مەبەستی بوون، ساتێ بڕیارە تیژەکەی خۆی بەسەر لیۆناردۆدا دا.

بێگومان ناکرێت لیۆناردۆ و هیگڵ لە ڕیزێکدا دابنرێن، چون ئەوکاتە نیارەکە لە جیدی بوون بەدەر دەبێت، بەڵام دەکرێت لیۆرناردۆ بەو پیاوە بەتوانایە (Kraftmensch) دابنێین کە ڕۆمانسییە ئەڵمانییەکان گەلێک لە پێگەی ئەویان باڵاکردو کردیانە ئەو بانگهێشتەی پێش مرۆڤی باڵای نیتشە کەوت.

(لیۆناردۆ داڤنشی)یش وەک هەموو کەسێک کە کۆتایی هاتن لە چارەی نووسراوە، تاسەیەک هەڵیدەگرێ، بەڵکو پەرۆشییەکی سەرکێشانە بەرەو ناکۆتایی ڕاپێچ دەکات. ئایا ئەمە ئەو تاسەیە (Senhsucht) نییە کە لای شاعیر و بیریارە ئەڵمانییەکانە؟ ئایا شیلینگ زێدەڕۆیی نەکردووە (Schelling) ساتێ گوتوویەتی: جۆرەکانی هونەر خودی شتەکان خۆیانن؟. بڕوابوون بەوەی کە تەنیا هزری پەتی لای فەیلەسووفەکان دەتوانێت بگاتە کرۆکی واقیع، ئەمە ڕووکەشێکی ترە بۆ ئەو لەخۆباییبوونە ئاوەزگەراییەی لە سیمای کولتووری باوە لە ڕۆژئاوا لە دوو هەزار ساڵەوە. بۆچی ئەو فەیلەسووفانە بەتایبەت و بۆچی کەسانێکی وەک لیۆناردۆ نەبێت کە خاوەن ناخێکی دوانەیی یەکانگیرن؟ چون تەنانەت گەورەترین بیریاران لەسەریان بوو پشت بە ئەفسانە ببەستن ساتێ ویستیان لە ڕەهایی تێبگەن: ئەفلاتوون کە دەربارەی ئەو جووڵە جەدەلییە دەدوێت کە هزری لێ بەرپا دەبێت. هیگڵ ساتێ ویستی گوزارشت لەو ناسینە کاریگەرە بکات کە بۆ سەر ئەو وشیارییە سەرکێشەی هەیەتی. لێرەدا هەر چۆن پێویست بە ئاماژەدانی فەیلەسووفە وجوودییەکان ناکات کە لە سەریان بوو توێژینەوە فەلسەفییەکان و هزرییەکانیان بە شاکارە هونەری و ڕۆمانەکان کامڵ بکەن.

کاتێک مرۆڤ بریتی بێت لە هەردوو لایەنەکە، نەک ئەم بوونە ڕێزاڵە بەو وێنە تێکشکاوەی وشیاری ئەم سەردەمە نوێیە دروستی کردووە، ئەوکاتە شیعر و هزر تاکە گوزارشتێکی هاوبەش بوون لە ڕۆحی مرۆڤ. هەروەک یاسبرز دەڵێت: لە ئەفسوونی وتە سرووتییەکانەوە بۆ وێنەی چارەنووسەکانی مرۆڤ، لە هانا بردن بۆ خواوەندەوە بۆ نوێژکردن. ئەوکات شیعر گوزارشت بوو لە پڕاوپڕی ناخی مرۆڤایەتی. فەلسەفەی یەکەمیش واتە ئەو پشکنینە سەرەتاییەی بۆ جیهانی سروشتە لەسەر کەنارەکانی ئایۆنی (٥) تەنیا بڕوانامەیەکی جوان و قووڵە لەسەر چالاکی شیعری، بەڵام لەم سەردەمە کوشندەیەماندا، سەردەمی نائەفسانە demythfication ئەوە لە پێشکەوتن دەخوازرێت کە ورد ورد هزری شیعری شکست خواردوو بکات: فرۆیدییەکان و پۆزەتیڤیزمییەکان بەشێکی دیارو هەست پێکراویش لە مارکسییەکان لە هەوڵی داگیرکاری ناوچەهایەکی نوێدان (دوای وشک بوونەوەی زۆنگاوەکانی نەست) وەک هەموو داگیرکارێکی تر سەرگەرمی داسەپاندنی بیروبۆچوونەکانیانن، بەڵام ئەم هەوڵەیان لەتەرزێکی نایاب نییە، لەبەر ئەوە دەکەونە باری پەرگیری وەهاوە کە جێی گاڵتەجاڕییە ڕەنگ لای (تۆنتۆریتۆ)(٦) تاریک و تراژیدییە لەبەر ئەوەی کۆماری ڤینیسیا دەستبەسەراگرتنی بازرگانی خۆیی لەدەستدا). هۆکارێکی تر نازانین کە کارەکانی شکسپیر ڕوون بکاتەوە لەسەر بنەمای کەڵەکە بوونی بەرایی بۆ سەرمایە لە دوورگەکانی بەریتانیدا.

ئەفسانە و ئایین و هونەر بە خەسڵەتی سروشتی خۆیان خۆڕاگرن لەبەردەم زۆر جۆرە بای زۆمی (الاغراء) ئاوەزیدا. لۆژیکی دەبێتە بەرەنگاری بۆ هەموو پلەکانی لۆژیکی ئەرستۆتالیسی، یان دیالێکتیکی. بەهۆکاری ئەوە مرۆڤ بنەماکانی دۆخی گشتی ئادەمیزاد قووڵ دەکاتەوە کە نەگۆڕە لە هەر سەردەم و کولتوورێکدا، لەبەر ئەوەیە سۆفۆکلیس هەستمان دەبزێوێ سەرباری ئەوەی بنیادی کۆمەڵایەتی و ئابووری سەردەمی ئەو لە دوو هەزار ساڵ لەوەوپێشەوە بەسەرچووە. ئەم ڕاستییە مارکسی سەراسیمە کردووە، ئەو مارکسەی لایەنگری ڕەتکردنەوەی هەر بەهایەکی دەرەکی مێژووییە.

دانیشتووی ناپۆلی لە سەدەی هەژدەدا جیامباتیستا ڤیکۆ G.Vico پەی بە پەیوەستییەکی خوێن برد

لەنێوان شیعر و ئەفسانەدا. ئەویش نیاریچک بوو جێی گومان کە کارەکانی هونەری ئەفسانەگەلێک بێت پیشاندەری ڕاستییە کۆتاییەکان لەچارەنووسی مرۆڤایەتی هەرچەندە بەشێوازێکی سیبیلی(٧) بێت کە گونجاوە لەگەڵ ڕاستیدا زیاتر لەهەر شتێکی تر: ئێمە نازانین کافکا بە میتافۆڕە گەورەکەی دەیویست گوزارشت لە چی بکات بە تەواوەتی. (تەنانەت خودی خۆیشی نەیزانی)، بەڵام هێمنیمان دەشێوێنێ بەشتێ هێجگار ڕاستەقینە و دۆزەرەوەیی، بە واتایەکی تر بڵێین ئەم (چی)یەیە ڕازی هونەرێک کە ناکرێت پێشەوایەتی بکرێت ڕووەو زۆر پێگەی هزری تر جگە لە وتەزاکەی باسکاڵ نەبێت (مافەکانی دڵ raison du Corur). دیارە باسکاڵ زانایەکی بیرکاری بلیمەت بوو کە لە تەمەنی یازدە ساڵیدا شارەزایانی سەراسیمە کرد: ڕەنگە بێزاری خۆی لە وردەکاری گەیاندبێتیە داتاشینی ئەو وتەزایە.

## دیاری نەکراوی و کۆژان

لیۆناردۆ لەدوای بێ کۆتا لە قووڵی نەگەڕا، بەڵکو لە پانیدا لەدوای ویڵ بوو. ئەمەش گەورەترین هەڵە بوو کە کردی چۆن مرۆڤ لەتوانایدا نییە ئەو پانتاییە کێومالّ کات. ئەو لاپەڕانەش لە تێبینییەکانی کە پێنج هەزار لاپەڕە دەبێت گەواهی لەسەر ئەو هەڵەیە دەدەن.

بەدڵە ڕاوکێ هیستریا ئاساییەوە لە بابەتی نەژادییەوە بازی هەڵ دەدا بۆ بابەتی ئامێرە فڕیوەکان لە خوێنبەری سەرەکی بڕبڕەکانەوە بۆ بابەتی مزگێنی. لە پیرۆزمەندەکانەوە بۆ گالیسکە جەنگییەکان سەرباری ئەمانە گشت ئارەزووی کەماڵ زاڵ بوو بەسەریدا. ڤازاری(٨) دەربارەی ئەو دەڵێت: (هەمیشە لەدوای ناوازەییەک سەروو ناوازەییەکی ترو کەماڵێک سەروو کەماڵێکی تر دەگەڕا). زۆرم و دیاریکراوی ئادەمیزادی عادی (کەشتێکی چاوەڕوان کراوە) پێکەوە کەموکورتییەکانی ئەویان کامڵ کردبوو کە لەلێوان لێوبوو لە ناکۆتا. لۆرینزۆ(٩) ڕێی پێدا فلۆڕەنسە بەجێ بهێڵێ لەگەڵ خۆیدا ڕاسپاردەیەک بەرێت بۆ لۆدڤیکۆ. کە ئەمە گوێبیستی بیرکردنەوەکانی لیۆناردۆ دەبوو (بەگاڵتەجاڕی خەڵکانێک کە بەشێوەیەکی بە ئاگا بیردەکەنەوە) ئەگەر بەدی نەهاتنایە سنوورەکانی واقیعیان هێجگار فراوان دەکرد. پاپا لیۆنی دووەم ڕایدەسپێرێ بۆ کارێکی



**پۆل ڤالێری**

پۆرترێتی کەسایەتی خۆی تا جۆلیانۆی برای پێ ڕازی بکات، بەڵام وەختێ تێبینی کرد لیۆناردۆ دەستی کردووە بە توێژینەوەی ڕووەکی لەپێناو بەدەستکەوتنێکی ڕەنگی نوێ شانی هەڵتەکاند و وتی: (ئەم پیاوە بە کەڵکی هیچ نایەت). کەوا باشتر بوو بڵێت: ئەم پیاوە بە کەڵکی هیچ نایەت تەنیا ناکۆتا نەبێت، بەڵام با بەدادبین: بۆ ئەوەی پیاوێک بە کەڵکی ناکۆتا بێت پێویستە هەتا هەتایی هەبێت. لە گۆشەگیرییەکی نیمچە تەواودا لە ڕۆما سەرگەرمی بەردەوامی بوو لە توێژینەوە ڕووەکییەکانیدا، چەندان پرۆسێسی دۆزییەوە کە بڵاوبوونەوەی گوشراوەکانی پێ لێک بداتەوە. هەرچۆن سەرقاڵی کێشانی نەخشەی سنووری پاپەوی بوو هەرواش لە ئامادەکردنی پلانێکدا بوو بۆ وشک کردنەوەی زۆنگاوەکانی ناوچەی ڕۆما. هەر ئەو دەمە بنەمای پەلە هاوتەریبەکانی دۆزییەوە و دیزاینی یەکەم بۆتەی کرد بۆ داڕشتنی دراو هەرچۆن لە کەوتنە خوارەوەی تەنەکانی دەکۆڵییەوە و لەبیرکردنەوەی ئامێرێکدا بوو بۆ فڕینی ستوونی و توێکاری باڵندەی دەکرد و فزیۆلۆجیای فڕین و توانای ڕەشەبای دەپێوا و لە بابەتی چڕیدا قووڵ دەبۆوە و توێژینەوەیەکی زانستی لەسەر دەنگ ئامادەکرد.

هەستی بەچوونە پێشەوەی تەمەن دەکرد. هزری مردن

بووه مـــایەی دڵەڕاوکـــێی، لەبەر ئەمـــەیە لە پەڕاوی تێبینییەکانیدا بەپیتی بچووک نووسیویەتی (لەسەر مـرۆڤ نیـیـه چاو لە دوی ئەسـتـەم بێت). بە پیـر بانگهێشتی مەلیکی فەرەنساوە (فرەنسیسی یەکەم) چوو، ئامراز و هێڵکارییەکانی و نموونە بەرجەستەکانی و ڕۆبۆتەکانی لەگەڵ خۆیدا برد تا دەگاتە دەستنووس و بۆیەکانیشی. لە فەرەنسا بەردەوام بوو لە گەڕانە گەرم و گوڕەکانی داو یەک ساتی بە فیڕۆ نەدەدا لە تەمەن، بەڵام کـارێکی زۆری هەبوو بەڕاددەیەک وای دەزانی خـاو کـاردەکـات. ڕەنگ کـردنی تابلۆی (دواشـێـو) دەسـاڵی خایاند. کات بەشی ڕەنگ کردنی دەم و چاوی مەسیحی نەکـرد. ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێ کـە تەنیـا لە توانای یەزداندایە ئەوە بکات. سەرسام و سەرسوڕماو لەبەردەم هەمـوو ئەو نیـارانەدا کە بە ناویەکـدا چووبوون و ئاڵۆز وەک چۆن لە ونگە (المتـاهة) یەکـدا بێت. لە نیـاره بەرگـری و خـۆپاراسـتنەکـان دەبۆوە بەرەو نیـاره فیزیاییەکان، لەوانیشەوە بۆ زانستی توێکاری، سەرباری ئەمـانەش چالاکی تەختی پاشایەتی هەبوو کە دەبوایە ڕێکی بخـسـتـایە. ئەو لێـرەدا بێـزاری خـۆی پێ ناشـاردرێتـەوە کـە چەندە بە ئازار بووە: بەرانبـەر بەو کـارانە پارەی دەدەنێ، لەگـەڵ خـۆیدا بۆ فـەرەنسـا (مـۆنالیـزا) و (یوحنای مـعـمـدان)ی برد، ئەو دوو تابلۆیەی کە ویستی سەرلەنوێ ڕەنگیان بکاتەوە، لەبەر ئەوەی ڕاستگۆیانە پێچەوانەی ئەوە ناکەنەوە کە پێش چەندان ساڵ لە ئەندێشـەی ئەودابوون. دەسـتی ڕاسـتی نیمچە ئیفلیج بوو لەبەر ئەوە دەستە چەپی بەکاردەهێنا. شەوانێکی درێژ نقوم بوو لە لێوان لێوی بێهـوودەیەکی ڕەشدا لەبیـرکـردنەوە لە کـارە بڵاوەکـانی ئەو پرۆژانەی بەدی نەهێنا. لەنێـوانیـانـدا پەیکەری سـفـۆرێزا و دیواربەندی (دوا شێو) کە بەرەو تێکچوون دەچوو، لەگەڵ ئەو مـێـزەی کـە لەبەر دەسـتنووسـەکـانی شـتـێکی تری نەدەکێشا، ئەو دەستنووسانەی چاوەڕوانی ڕێکخستنێک بوون. توێژینەوە لە زانسـتـی توێـکاریدا و ئەندازەی ئاووبینین و نیگارکێشان و تەلارسازی و بنیادنانی قەڵا و بەرگرییەکان و فڕین.

### هەموو شتەکان لەو بارەی خۆیاندا نەماون

با سـەیری ئەو پۆرترێتە بکەین کە کـێشـاویەتی بەو دەستە پەککەوتووەیەوە، لە ژێر ناوچەوانێکی پانەوە دوو چاو گەردوون دەپشکنن لە شوێنێ لە شوێنەکانی قووڵایی ڕۆحدا کە تەوەللایە لە چوونە ناوەوەی، ئەو دەم و لێوی خــولگەی تاڵاییــەکــە گــوزارشت لە بێـــزاری و مێلانخۆلیایەکی پیاوانە دەکات ئەمێستا ئێمە چەندێ دوورین لەو لاوە شۆخ و شەنگەی کە خاوەن دەروونێکی ساف و ڕوون بوو، ئەو دەمەی ئوستادەکەی پییێرۆ بەرەو ئەتێلەی ڤـیـریگـۆی Verrochioی برد، کـاریگەری زەمــەن و چەوســانەوە: بە هۆکـاری ئەم چارەنووســە لە تێکشکان و تاڵێـتی، واتە قـووڵایی ئەو بۆشـاییــەی کەوتۆتە نێوان ئەم سیمایە و ئەو وێنەیەی کە ئەندریا دیل ڤـیـریگۆ لە داڤـیـدی لاودا بەرجەسـتـە و نەمـری کـرد! چ پانتاییەکی ئەم چۆڵەوانی و گۆشەگیرییەیە! لەسەر ڕووی ئەم پیـرە بەسـاڵاچووە ئاسەواری خـۆی بەجێ هێـشـتـووە لەئاواتەکان و ساتەکانی شکست و خۆشەویستی و قین و هەمـوو سـاتەوەختـێکی مـردنێکی ژیاو هەست پێکراو. هەمـوو وەرزە پایزەکان کە غەمبار و بێ هوودەیان دەکرد، ئەو تارماییانەی لەکاتی نووستندا بەرۆکیان دەگرت، لەو دوو چاوەدا کە لە ئازاردا دەگریان و داخراون وەک ئەوەی شـەونخـوونی بەرۆکـیـانی گـرتبێ، بەڵام بە شـەرم و زۆرداریـیـەوە، لە دەم و لێـویدا کـە جلـەو گـیـرێک بوو بەکـەللەڕەقـیـــیــەوە، بەڵام بەتوندی، لە هەردوو برۆ سەیرەکانیدا کە بە دڵەڕاوکێ و سەرسامییەوە ئاڵۆزبوون، لە هەر جارێکدا بەرز دەبوونەوە دەیانپرسی و دەشڵەژان، بەهێواشییەکی نیگاری جوگرافیـایەکی گۆڕاوی کێشا ڕۆحی لەسـەر چنینی ئەو دەم و چاوە ناسکەی سیـمـای پرسەیی، هەر بەم ئامرازە خۆی (کە بوونی نییە تەنیا لە بەرجـەسـتـەییـدا نەبێت) بۆمـان دەردەکـەوێت، بەپێی چارەنووسسازی. لە مـیـانی جەستەوە کە بەندیخـانەی بوونە و هەروەها تەنیـا توانای بوونە. بەڵێ ئەوە لێرەیە. ئەو سیـمـایە کە دەروونی لیۆناردۆی بینی بە جیـهـاندا تێپـەڕی (تیـاژیا) تەواو وەک ئەو بەندیە سـەیری دنیـا دەکات لەمیانی شیشی بەندیخانەکەیەوە.

### ئەی مەرگی نەمر

دوای ئەو ئاهەنگە پڕ خەرجییەی مەلیک گێڕای لەسەر شەرەفی جێگرەکەی خۆی لۆرینزۆ، گەڕایەوە بۆ ئەتێلەکەی و نووسی: (ئێـستـا بەردەوام دەبمەوە لەکـارکـردن)، بەڵام زستـانی سـەختی سـاڵی ١٥١٩، چارەنووسیش بەلایەکی تر، بڕیارێکی تریاندا، ئەو دەمەش لیۆناردۆ پەی بەوە برد

ساتەوەختی نزیک بۆتەوە، ڕۆح گەڕایەوە بۆ ئەو لادێ بچووکەی لەسەر لووتکەی چیای مۆنتی ئەلبانۆیە. بێگومان ئەو درەختە کۆنە زەیتوونانەی بینی کە زیاد لە جارێک سەرخەوی شکاندبوو لەژێریاندا، ئەو ئەشکەوتەی بینی کە جێی هێشتبوو ترس و هەڵچوون دەروونیانی دەهێنا و دەبرد، گوێی لە خوڕەی جۆگەکە بوو لەوێ. لەگەڵ نزیک بوونەوەی مەرگدا هەرچی زیاتر نزیک دەبێتەوە لە زەوی، نەک هەر زەوییەک، بەڵکو بۆ ئەو پەڵە بچووکەی (پێگەی خۆشەویستی و نیانی) کە منداڵیمانی پیا تێپەڕی، ئەو پێگەیەی تێدا یاریمان کرد و تووشی یەکەمین سەرسامییەکان بووین، لەو دەمەدا درەختێکمان بیردەکەوێتەوە، سیمای هاوڕێیەک، ئەو سەگەی لەبەردەمانەوە ڕادەکات، ڕێگایەکی نادیار و خۆڵاوی و پڕ تەپ و تۆز و تەم.

خوێندنی کوللەمسکە و ئەو جۆگەلەیە، شتەکان وەهایە، گەورە نین، بەڵکو زیاتر سادە دەبێتەوە تا لەو ساتەوەختەدا شکۆیە هستیریا ئاسا وەردەگرێت. لیۆناردۆ هاوڕێ مامۆستاکەی بانگ دەکات و فرنشسکو دی میلتسی پەیمانی پارێزگاری کردنی دەستنووسەکانی لێ وەردەگرێت و ڕاسپاردەکانی خۆی پێ دەبەخشێ، لە دوا ساتدا دان بەوەدا دەنێت کە هەموو بارەکانی جەور و ستەم و ئازاری ئەم دنیا توندوتیژەی بیرچۆتەوە کە بینیویەتی، لە دووی ئایاری ساڵی ١٥١٩ دوور لە وڵاتەکەی دەمرێت، دەروونی خۆی دەبەخشێتە ئەو خودایەی پێی سەرسام بوو وەک گەورەترین و ڕاستترین ئەفرێنەر.

ئێسکەکانی ون بوون لەمیانی زەمەنی ئەو جەنگانەدا کە ئەو گۆشەیە و وەک ئەوەی بەردەوام وایە، چەندان و بگرە گشت گۆشەکانی تریش کاول دەکات.

ئارسین هوسای شاعیری فەرەنسی لەسەردەمی ڕۆمانسیەتدا بەدوای تەرمی لیۆناردۆدا گەڕا لەو شوێنانەی کە ئەگەری بوونی ئەوی لێبوو، لە کۆتاییدا ئێسکی پیاوێکی قەد و باڵا بەهێز و سەرگەورەی دۆزییەوە، کە دواتر لە میحرابی سان- بلیزدا ناشتی و ناونیشانێکی بۆ خستنەسەر. ڕەنگە ئێستاش ئێسک و پروسکی ئەو پیاوە لەوێ بێت کە نیتشە دەربارەی گوتوویەتی: ئەو پیاوێک بوو بێ دەنگیی مرۆڤی پاراست، ئەو بێدەنگییەی مەملەکەتی پان و بەرینی چاکە و خراپەی ناسی، چەند ئێسکێک، یان خۆڵی ئەو ئێسکە هەموو ئەوەیە کە لە جەستەی ئەو بلیمەتە بەجێ ماوە.

**پەراوێزەکان:**

**١- جیرولامو سافۆنارولا (١٤٥٢- ١٤٩٨) قەشەیەکی ئیتالییە کە داوای چاکسازی کڵێسای دەکرد و پابەند بوون بە سک هەڵگوشین و ڕەبەنایەتییەوە بکرێت. ڕاپەڕینێکی میللی دروست کرد لە فلۆرەنسا. کڵێساش لە سزای ئەم یاخی بوونەیدا سووتاندی.**

**٢- سیفەتی دۆلیت واتە: کاربۆناتی سروشتی پێک هاتوو لە بەردی بۆماوە.**

**٣- دێڕە شیعرێکی لۆرد بایرۆنە.**

**٤- لە ئەفسانەی یۆنانییدا یانۆس ianus خواوەندی دەرگاکانی ماڵان و شار و گشت سەرەتاکانە. ناوەکەشی (ianus) مانای دەرگایە، دواتر مانگی یەکەم لە ساڵدا (Januarius) بەناوی ئەوەوە ناونرا. لە هونەریشدا یانۆس بەسەرێکی دوو ڕوو وێنەکراوە.**

**٥- دەگەڕێتەوە بۆ ناوی ناوچەی ئایۆنیای یۆنانی کە شێوازی تەلارسازی لە بەکارهێنانی کۆڵەکەی ئایۆنی تێدا دروست بوو.**

**٦- جاکۆبۆ تنتۆریتۆ (١٥١٨- ١٥٩٤) نیگارکێشێکی ئیتالی ناسراوە، ناوبانگی لە ڕێگەی کارە تەلارسازیەکانیشیەوە بەدەست هێناوە بە نموونەی قوتابخانەی ڤینیسی لەنیگارکێشانی ئایینی و ئەفسانەیی و پۆرترێت دادەنرێت.**

**٧- دەگەڕێتەوە بۆ سیبیلیا، واتە یان بەمانای جادووگەر، فالگرەوە دێت بە یۆنانی.**

**٨- جۆرجیۆ ڤازاری (١٥١١- ١٥٤٧) نیگارکێش و پەیکەرساز و تەلارسازی ناسراو، کتێبەکەی (ژیانی بەناوبانگترین نیگارکێش و پەیکەرساز و تەلارساز) یەکەمین مێژووی نووسراوەیە بۆ هونەری ئیتالی.**

**٩- لۆرینزۆ دی میدتشی (١٤٤٩- ١٤٩٢) فەرمانڕەوای شاری فلۆرەنسا یەکێک لە بەناوبانگترین کەسایەتییەکانی ڕینیسانس.**


**سەرچاوە:**

**كتاب معالجات في الادب، الجزء الرابع.**

**http://217.158.5.9/azzaman/Book4/part4.htm**

# پازده ڕاهێنان بۆ نووسینی سیناریۆ

ڕاهێنان لەسەر نووسینی سیناریۆ ڕێگەیەکی تازە و سوودمەندە، هەوڵ دەدات تواناکانت زیاتر بکات، هەروەها وات لێ دەکات کە بیرۆکەی نوێ بۆ پرۆژەکانی داهاتووت بدۆزێتەوە، ئەمەو جگە لەوەی ڕوانگەیەکی تازەت بۆ کارە هەنووکەییەکانت پێ دەبەخشێ، یەکێ لە کاردانەوە باشەکانی ئەو جۆرە ڕاهێنانە ئەوەیە کە دوورت دەخاتەوە لە ترس و ئازادیت پێ دەبەخشێ، بۆ ئەوەی پەرە بە تواناکانی خۆت بدەی وەک نووسەرێک وا پێویست دەکات کەوا دوور بیت لە چاودێری میدیاکان، مەترسە لەوەی کە کارەکەت ڕێکوپێک دەرنەچێ، چونکە ئەمەیە ئامانجی ئەو ڕاهێنانە، بەسوود وەرگرتن لەو ڕاهێنانە و نووسینی هەر بابەتێک وا باشترە کە قەناعەتت نەیەت، چونکە ئەگەر هەوڵ بدەی تواناکانی تۆ زۆر لەو نووسینانەی کە دەینووسیت زیاترە، بەڵام ئەو ڕاهێنانە وات لێ دەکات کە بە جوانترین شێوە بیرۆکەکانت بنووسیتەوە و بیکەیتە پرۆژەی داهاتووت.

١- دە کەس لە خزم و برادەر و دۆست و ناسیاو و هاوەڵ و خۆشەویستانت هەڵبژێرە کە دەیانناسی و هەر یەکێکیان بە ڕستەیەک پێناسە بکە.

٢- پێنج خولەک لە گفتوگۆیەکی ڕادیۆیی تۆمار بکە و دواتر دیالۆگەکە بنووسەوە و وەسفی هەر کەسێک لە قسەکەرەکان بنووسەوە وەک ئەوەی کە دیمەنێک دەنووسێ.

٣- پێنج سەد وشە لە ژیاننامەی خۆت بنووسە، خۆ ئەگەر ئەو ژیاننامەیە باس لە قۆناغی منداڵی و هەرزەکاری و

**عەدنان عوسمان**

ئێستات بکات، زۆر باشترە لەوەی چەند وشەیەکی سادە و ساکار و بێ بنەما بنووسیت.
٤- وا دابنێ کە ئەمرۆکە تۆ مردی، یان لە داهاتوو دوای پەنجا ساڵی دیکە دەمری تازیەنامەیەک بۆ خۆت بنووسە و هەموو چالاکییەکانی ژیانی خۆتی تێدا دەست نیشان بکە.
٥- بە سێ سەد وشە ژووری نووستنی خۆت پێناسە بکە، باسی هەر شتێک بکە کە لە ژووری نووستنەکەتدا سەرنجت ڕادەکێشێ.
٦- چاوپێکەوتنی خەیاڵی لەگەڵ کەسایەتییەکی دیار یان لەگەڵ خۆتداساز بکە، بەو نیازەی کە لە ڕۆژنامە، یان گۆڤارێکی زۆر بەناوبانگ بڵاوی بکەیتەوە.
٧- یەکێک لە بابەتە سەرنج ڕاکێشەکاتی ناو ڕۆژنامەیەک، یان بڵاوکراوەیەک هەڵبژێرە و بیکە بناغە بۆ داڕشتنی چیرۆکێک، یان دیمەنێک و سوود لە بەسەرهاتەکە وەربگرە.
٨- ڕۆژانەی کەسایەتییەکی خەیاڵ لەلای خۆت تۆمار بکە و وەک ئەوەی کەسێکی زیندووە و هەڵسوکەوت و پێوەندییە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و بازرگانی و ...تاد، دیاری بکە و نووسینەکان بپارێزە.
٩- پەرەگرافێک لە یەکێک لە کتێبە سەرنج ڕاکێشەکانت هەڵبژێرە و بە شێوەیەکی جیاواز لەوەی کە نووسراوە دایبڕێژەوە، جا بابەتەکە ڕۆمانسی، یان ترس، یان خەیاڵی... تاد، بێت.
١٠- کتێبێک هەڵبژێرە کە بە نووسین و ناوەرۆکەکەی سەرسام بیت، مەرج نییە ئەو کتێبەی کە هەڵی دەبژێری خۆشەویستترین و نزیکترین بابەت بێت لە خۆت، لیستێک دروست بکە و هەموو ئەوانە بنووسە کە لەناو نووسینەکاندا کە پێی سەرسام بوویت، بۆ نموونە «شێوازی نووسینەکە»، سەرەتا ئەو ڕاهێنانە بەبێ خوێندنەوەی کتێبەکە ئەنجام بدە و دواتر هەندێک لە بابەتی ناو کتێبەکە بخوێنەوە و بزانە هیچ شتێکت بیر نەچووە، ئایا گۆڕانکاری بەسەر وەڵامەکانت دادەهێنی؟، سەرچاوەکانی شێوازی نووسینەکان شی بکەوە و چۆن دەتوانی بۆ نووسینەکانی خۆت سوودیان لێ وەربگریت و ئەو سەرچاوە و فاکتەرانە دیاری بکە کە ناتەوێ لە نووسینەکانی خۆت ڕەنگ بدەنەوە و سوودیان لێ وەرگری، بیرت نەچێ کە تۆ لە نووسیندا شێوازێکی تایبەت بە خۆتت هەیە و دەبێ لەو ڕێگایانەوە هەوڵ بدەی کە شێوازی نووسینەکانت دەوڵەمەند دەکات، هەوڵ مەدە لە ڕاهێنانێکت زیاتر لاسایی کەسێکی دیکە بکەیتەوە.
١١- هەندێک لە نووسینەکانت هەڵبژێرە و شێوەی دەربڕینەکان لە قسەکەرەوە بۆ وتاربێژ بگۆڕە، یان بە پێچەوانەوە دەتوانی ئەو گۆڕانکاریانە لە شێوەی گێڕانەوە و فاکتەرەکانی دیکە ئەنجام بدەی، بەڵام ئاگادار بە ئەو کارە لەگەڵ پەرەگرافە کورتەکان ئەنجام نەدەی.
١٢- هەوڵ بدە هەندێک لە یادگارییەکانی منداڵیت بەبیر خۆتدا بهێنیتەوە، هەر شتێک بەبیرتدا دێتەوە بیانووسە و دواتر بە شێوەی دیمەن دیمەن بیانووسە و خۆشت ئازاد بکە لەوەی کە بە دیدگای منداڵیت، یان بە دیدگای ئێستات بەسەرهات و ڕووداوەکان بنووسیت.
١٣- دوایین دەنگە دەنگ، یان دەمەقاڵێت کە لەگەڵ کەسێکدا ڕووی داوە بەبیر خۆتدا بهێنەوە، گرفتەکە لە دیدگای کەسەکەی دیکەوە بنووسە، لەبیرت نەچێ کە گرنگی ئەم کردارە ئەوەیە کەوا ڕووداوەکە لە دیدگای کەسی بەرانبەرت بنووسیتەوە نەوەک لە ڕوانگەی خۆت ڕووداوەکان بگێڕیتەوە، ئەوە ڕاهێنانی شێوازی نووسینە نەوەک بۆ ئەوە بێ. ئایا کامەتان زۆردارە و کامەتان زۆر لێکراوە.
١٤- بە دوو سەد وشە وەسفی (حسي) شوێنێک بکە، دەتوانی باسی چۆنییەتی هەستکردنت بکەی بە ئێکسسوارە دیارەکانی شوێنەکە، هەروەها باسی ئەوە بکە چۆن چێژ لە کەلوپەلەکان وەردەگریت و هەست بکە کە چۆن بۆنی ئەو شوێنە و کەلوپەلەکان دەکەیت.
١٥- لە چێشتخانەیەک، یان شوێنێکی قەڵەباڵغ دابنیشە و چەند پارچەیەک لەو گفتوگۆیانەی کە بەر گوێت دەکەوێ بیانووسەوە، گوێ لە خەڵکی دەوروبەری خۆت بگرە کە چۆن گفتوگۆ دەکەن و چ وشەیەک بەکاردەهێنن، کاتێ لەو ڕاهێنانە تەواو بوویت هەوڵ بدە خۆت گفتوگۆیەکەیان بۆ تەواو بکەی و بە شێواز و ئاستی ڕۆشنبیری ئەوان درێژە بە دیالۆگەکان بدە، بەم شێوەیە دەتوانی سوودێکی باش بە خۆت بگەیەنی و لە داهاتوو وەک سیناریۆ نووسێکی باش دەربکەوی.

# کۆنترۆڵ کردنی کونی هاوێنە و خێراییەکانی داخەر

ئا: فارس سەعدی

**کۆنترۆڵ کردن بۆچی؟**

گــریمان تۆ دەتەوێ وێنەی باخــچــەیەک لەبەردەم لادیوارێکی سپی فراوان بگری، بەڵام ئەگەر کامیراکەت ئێکسپۆزەری ئۆتۆماتیک بوو، بەلای کامیراوە حیساب تەنیا بۆ دیوارەکە دەکات فۆرگراوندی دیمەنەکە پشت گوێ دەخات.

خۆ ئەگەر هاوێنەی کامیراکەشت ئۆتۆفۆکەس بوو، هەمان شت گرنگی بۆ دیوارە فراوانەکە دادەنێ و فۆرگراوند فەرامۆش دەکرێ. کەواتە بۆ ئەم جۆرە حاڵەتانە پێویستە بەمانیوەڵ وێنەگرتنەکە ئەنجام بدەی تا بەگوێرەی دڵی خۆت بزانی دەتەوێ گرنگی و بایەخ بۆ کام بەش لە کۆمپۆزیشنەکە دادەنێی.

**کونی هاوێنە و خێرایی شەتەر**

یەکەمین هەنگاو ئەوەیە تۆ لەوە تێ بگەی پێوەندی نێوان کونی هاوێنە و خێراییەکانی شەتەر بۆ پێکهێنانی وێنەیەکی گونجاو لەبەکارهێنانیان تەماشای ئاکامی وێنە گیراوەکە بکە.

پرۆسەی ئێکسپۆزەر ئەوەیە بواری ڕووناکی دەدرێ لەمیانی کونێکی دیاریکراوی هاوێنەوە بۆ ماوەیەکی دیاری کراو کە خێراییەکانی شەتەرە، بچنە ژوورەوە و وێنەیەکی گونجاوت پێ ببەخشن. ئەوەی کە زۆر گرینگ بێت ئەوەیە ئەو بڕە ڕووناکییەی کە دەچێتە ناو کامیراوە بەپێی پێویست بێت بۆ فیلمی ناو کامیراکە، یان بۆ سێنسەری ناو کامیراکە ئەگەر کامیراکەت جۆری دیجیتاڵ بوو.

گریمان تۆ لێگەڕای شەتەر بکرێتەوە خێراییەکەی ٦٠ ٪



ڕۆڵی شەتەر



ڕۆڵی کونی هاوێنە

چرکە بۆ ١/١٢٥، لەم حاڵەتەدا تۆ دەبێ کونی هاوێنەکە دووجار بەقەد خۆی گەورە بکەی تا هاوسەنگی بڕی ڕووناکییەکە بپارێزی بۆ نموونە ئەگەر کونی هاوێنەکە f-١١ بوو ئەوا دەبێ بۆ حاڵەتی دووەم بکەیتە f-8. کەواتە ئەگەر لە هەر حاڵەتێکدا چ خێرایی شەتەر بگۆڕی، یان کونی هاوێنە، دەبێ یەکسەر ئامرازەکەی تر بگۆڕی تا هاوسەنگی بڕی ڕووناکییەکە کەم و زیاد نەبێ.

## کۆنترۆڵ کردنی خێراییەکانی شەتەر

بێنە بەرچاوت لەبەردەم پەنجەرەیەک وەستاوی تەماشای شەقامی بەردەم ماڵەوەتان دەکەی کە ئۆتۆمبیل بە بەردەوامی هاتوچۆی تێدا دەکەن، بە دەستێکت پەردەی پەنجەرەکە بگرە زۆر بەخێرایی دایخە، ئەو ئۆتۆمبیلەی دەیبینی وا هەست دەکەی وەستاوە و ناڕوا، بەڵام ئەگەر پەردەکەت تۆزێک بەخێراییەکی کەمتر داداوە، هەست بەوە دەکەی ئۆتۆمبیلەکە بەڕێوە دەڕوات.

خێرایی شەتەریش هەمان ڕۆڵ دەبینێ، بواری ئەوە دەدا ئوتۆمبیلەکە بەوەستاوی لەسەر فیلمی ناو کامیراکە تۆمار بکرێ، یان بە ڕۆیشتنەوە تۆمار بکرێ ئەگەر خێرایی شەتەرت کەم کردەوە.

بەم شێوازە شەتەر کار دەکات، دەتوانی وابکەی بابەتەکەت نیشان بدەی کە لە ڕۆیشتندایە، یان لە وەستاندایە. ئەگەر بتەوێ بابەتەکەی ببەستی، واتە لە ڕۆیشتندایە، بەڵام تۆ دەتەوێ بیبەستی لە جووڵەکردن، ئەوا خێرایی شەتەر زۆر زیاد دەکەی، بەڵام ئەگەر ویستت ڕۆیشتنەکەی بەدەر بخەی، ئەوا خێرایی شەتەر دەبێ کەم بکەیتەوە.

## کۆنترۆڵ کردنی کونی هاوێنە

کونی هاوێنە تەنیا ئەوە نییە کونێکی سادە و چەسپاو بێت، بەڵکو گۆڕەرە، گەورە و بچووک دەکرێتەوە، بەپێی پێویست، بەگەورە کردن و بچووک کردنەوەی ئاکامی وێنەگیراوەکە دەگۆڕێ. لەپاڵ ئەوەی کونی هاوێنە کۆنترۆڵی بڕی ڕووناکی دەدات بە هەماهەنگی لەگەڵ خێراییەکانی شەتەر ئەوا کۆنترۆڵی قووڵی مەیدانیش دەکات، چەندی کونی هاوێنە بچووکتر بکرێتەوە ئەوا قووڵی مەیدان فراوانتر دەبێت. ئەگەر بەوردی سەرنجی وێنە گیراوەکە بدەین دەبینین لە چەندان خاڵە ڕووناکی ورد ورد پێک هاتووە، چەندی فۆکەسەکە ڕێکتر بێت، ئەو خاڵە ڕووناکیانە وردتر دەبن، بەڵام ئەگەر ئەو بەشەی لەوێنەکەدا لە دەرەوەی فۆکەس کردنەکەیە، ئەوا خاڵە ڕووناکییەکان دروشتتر دەبن، واتە گەورەتر دەبن. لەوکاتەی فۆکەس کردن بۆبەشێکی بابەتەکە بێت، دەبینین هەندی بەش لە باکگراوندی بابەتەکە و هەندێ بەش لە پێشەوەی بابەتەکە لە وردە بازنەی ڕەنگی پێک هاتوون، واتە فۆکەسن و نێتن، ئەو دوو بەشە پێکەوە پێی دەگوترێ قووڵی مەیدان. قووڵی مەیدانیش بەپێی گەورە و بچووکی کونی هاوێنە زیاد و کەم دەکات. ئەگەر کونی هاوێنە زۆر بچووک بێت بابڵێین (f-16) بێت لەم حاڵەتەدا قووڵی مەیدان زۆرە، یان فراوانترە، بەڵام کونی گەورە بە پێچەوانەوە بازنە ڕەنگیەکان گەورەتر دەبن و فۆکەس نابن لێڵ دەردەچن، وەنەبێ قووڵی مەیدان تەنیا بەهۆی کونی هاوێنەوە کۆنترۆڵ بکرێ، بەڵکو دوور و نزیکی بابەتەکە لەهاوێنەوە، هەروەها دوورە تیشکۆی هاوێنەکەش، ئەمانەش ڕۆڵی بەرچاویان لە زیادکردن و کەم کردنەوەی قووڵی مەیداندا هەیە.

**سەرچاوە:**

**Ailsa Mcwhinnie, Complete Photography Manual, (2) 2003.N.Y.**

# سیمفۆنیای خۆشەویستی لە گەرووی مەرگدا

**کەمال غەمبار**




«وشە ئەو بیرۆکە ئاشکرا دەکات کە کۆنترۆڵی شاعیر دەکات» لەبەر ئەوە «پێویستە لە سەرمان بۆ ئەوەی بچینە ناو ڕۆحی نووسەرەوە لەو وشانە بگەڕێین کە لە بەرهەمەکانیدا زۆریان بەکاردەهێنێ (١)

لەم ڕوانگەیەوە کە کۆ شیعری (ئیسماعیل بەرزنجی) بە ناوی «پەست وەک ئێوارە نارنجییەکانی نیشتمان» دەخوێنێتەوە دەبینین کە وشەی مردن، مەرگ، گۆڕستان و ئەوپەیڤانەی کە دەلالەت لە مردن دەکەن زۆر بەکاردەهێنێ کە لە (٣٥) جار زیاترن. ئەم حاڵەتەش هەستی شاعیر دەردەبڕێ وەک مرۆڤێکی هەست ناسک، هەستکردنیش لای شاعیر هەستکردنە بە مرۆڤێکی تر کە هاوسەری شاعیرە و ئەم جۆرە هەستکردنەش لای شاعیری ڕۆمانسی زیاتر لە هەموو شتی تر بەندە بە ساتی مەرگ، ئەو مەرگە تراژیدییەی کە خۆشەویسترین کەسی لێ دەستێنێ، کە بە دەم ئازارێکی کوشندەوە سەری ناوەتەوە، هەرچەندە شاعیر ویستوویەتی بەو ئومێدە بژی کە (ساماڵ)ی هاوسەری بۆی دەژی و نامرێ. لێرەدا «سێ شێوازی بنەڕەتی لە ئارادایە بۆ بەرگری ڕاستی مەرگ کە هیوایە، شێوازی دووەم بۆ بەرگری حەقیقەتی مەرگ خۆشەویستییە، شێوازی سێیەم کە بنەڕەتی ترە لە هەردووکیان لەم بەرگرییەدا ئەویش پەیڤی شیعرییە». (٢) شاعیر لە شێوازی یەکەمدا نائومێد بووە، گەڕاندنەوەی خۆشەویسترین کەسی بۆ ژیان لە دەسەڵاتی ئەودا نەبووە، بۆیە دوو شێوازەکەی تر کە خۆشەویستی و پەیڤی شیعرییە ئاوێتە دەکات وەک چۆن دوو جەستەی بۆ یەکتر خوڵقاو لە یەک ڕۆحدا بەرجەستە و ئاوێتە دەبن. ئاواش خۆشەویستی و شیعر لە یەک بۆتەدا تێکەڵ بە یەکتر دەبن و حەقیقەتی مەرگی ناوەخت بەرجەستە دەکەن، نرخ و بەهای مرۆڤیش لە مەرگەوە وەردەگیرێ. ئەو کاتە مرۆڤ هەست بە ژیان دەکات کە ئازیزێکی لەپڕ لە دەست دەدات و بە هیچ شێوەیەک بۆی ناگەڕێتەوە، بۆیە شاعیر لە شیعری «مردن هەمیشە ڕوخسارە جوانەکان بۆ خۆی دەبات» وتوویەتی:

**جوان بوون**
**هەر هەموویان جوان بوون**
**(دایانا، ساماڵ، دالیدا)**
**یەک لە یەک جوانتر بوون**
**لە زیواو هەڵێنجرا بوون و**

**مەمکی مانگیان مژیبوو**
**...**
**من بە سەماوە جوانم**
**بە (دیانا و سامال و دالیدا)وە**
**جوانتر بووم**
**ئەوەی لەبیرم مابێت**
**چلەی زستان بوو کە لێمان قەوما**
**دوو مێینەم بە پشتی خۆم دادا**
**لە ڕۆژاوای هەولێر**
**دایکەکەیانم تەسلیم بە خاک کردەوە وتم:**
**- سوپاس ئەوەتا ئەمانەتەکەت**

خۆشەویستی (سامال)ی هاوسەر سیمفۆنیایەکی شیعر ئامێزە، بەڵام بە داخەوە لەناو گەرووی مەرگدا کپ دەبێ، کەچی شاعیر بە پەیڤی شیعری ئەم خۆشەویستییە ئەوەندە باڵا دەکات کە خۆی بە سەماوە جوانە، بەڵام بە (سامال)ی جوانەمەرگ جوانتربووە، ئەو جوانییەش بۆتە چەند جوانییەکی تری جاویدانی، جوانی کوکوختی و پشیلە، کە دوو زارۆکە جێماوەکانی دوای مەرگی دایکی ئازیزیان هۆگری ئەو دوو بوونەوەرە ماڵییەن و بەلایانەوە جوانن.

شاعیر مەرگێکی سامناکی ناوەخت بەرجەستە دەکات کە لە زستانێکی سارد و سەختدا لێیان قەوما، ژیانیشیان بەر لەو مەرگە، ژیانێکی تراژیدی پڕ مەینەت بوو، وێڕای ئەوەش دڵخۆش بوو بەو هاوسەرییە و بوونی (زیلان و کاڵێ) کە ڕووناکی ماڵەوە بوون:

**تێک دەئاڵاین**
**تێک دەئاڵاین و بە هەناسەی**
**هەمیشە سارد و گەرمەوە**
**کوللەیەکی خۆڵەمێشیمان**
**بۆ (زیلان و کاڵێ) دروست دەکرد.**
**...**
**دەبوایە**
**هەر چوار فەسڵ**
**لە تەقسێکی گریاناویدا خۆمان بنێژین**
**هاوینانمان بە پایز و**
**زستانانمان بە بەهار دەسپارد**
**لە کۆتاییدا**
**بۆ جوانەمەرگی خۆمان دەگریاین و**
**سیروانێکان لە فرمێسک دروست دەکرد.**

لەو ژیانە پڕ دەردەسەری و وەیشومە، شاعیر لە دەرگای ڕاستییەکان دەدات، کە دەرگای خودی خۆیەتی، کە تێیدا خەم و پەژارە و نائومێدی و ساتەکانی مەرگ بە چاوەکانی خۆی دەبینێ، تەنانەت ژیانەکەشیان جۆرە مەرگێک بووە، شاعیر نەیتوانیوە، یان بڵێین بۆی نەکراوە لەو ژینە تاریکستانەی دەروونی داپۆشیوە تەنانەت پەنجەرەیەکی بچووکیش بۆ ترووسکە هیوایەک بکاتەوە کە ترسی مەرگ لە مرۆڤێک دوورخاتەوە کە هەموو هەست و سۆز و خۆشەویستی تێدا بەرجەستە بووە بۆیە هەر لە سەرەتاوە لەم ژیانە نائومێد بووە، بۆ بەختی ڕەشی خۆی فرمێسکی ڕشتووە، بە دەروونێکی شەقار شەقاری پڕ خەم و نائومێدی، لە درزێ گەڕاوە کە ڕووناکی بخاتە دڵە تاریکەکەیی و ئەو خۆشییەی ڕۆژی یەکەمینی هاوسەرییەتی ئەوەندە بەردەوام نەبوو کە بەختەوەرییەکەیان درێژخایەن بێ و شەوی تاریک بڕەوێنێتەوە، لەم ڕوانگەیەوە شاعیر بە پەیڤی شیعر دەمانخاتە بەردەم دوو تەوەری لێکچوو و لێکجیا:

**لە حەوشەکەدا**
**دووجار کراسی سپی لەبەرکرد**
**جارێکیان بۆ من و**
**ئەویتریش بۆ قەبر**

ئەم دوو جەمسەرە هەرچەندە لە ڕووی ڕەنگەوە لەیەک دەچن، بەڵام لە هەمان کاتدا دوو جەمسەری لێکجیان، تەنانەت لە دەنگ و جۆری کاڵایەکەش ڕێژەی سپی و شەفافییەتییان وەکو یەک نین. جلی بووکێنی، شاعیر بەرەو خەیاڵێکی ڕۆمانسییانەی فەنتازیا و خەونی سەوز بە ئایندەیەکی خۆش و بەختەوەر و هیوایەکی گەش و ئاسۆیەکی فراوان دەبات، کە بە خۆشترین ساتەکانی ژیان لە قەڵەم دەدات، کراسی دووەم کفنەکەیە کە بەرگی مەرگە، کە هەموو خۆشی و نۆشیی یەکەمی لەبەر دادەکەنێ و بەرەو ونبوونی یەکجارەکی دەبات، کراسی یەکەم بەردەوامی ژیان و ئومێدی گەشە کە خۆشی و شادی بەدواوە دێ، کراسی دووەم خەم و پەژارە و نائومێدی و هەست بەبێ هوودەیی و پڕوپووچی ژیان و بوونی بەدواوەیە. ئەو مەرگەی هاوسەری جوانە مەرگ وای لە شاعیر کردووە کە هەست بە نەبوونی سۆز بکات کە لە خودی ئەودا ڕوابوو، کە ئافرەت ڕۆڵێکی بەرچاو و بنچینەیی هەیە لە ژیانی پیاودا، کە هیوای پێ دەبەخشێ کە ژیان هەرچەندە تفتوتاڵ بێ لای خۆش بێ بە چاوێکی گەش بڕوانێتە ئایندە، کە هاوسەری ئازیز

لەپڕ کۆچی دوایی دەکات ئەو سۆزە، ئەو خەونە سەوزانە لەگەڵ خۆیدا دەبا، ئەو ڕووناکییەی ناوماڵ، ئەو هێمنی و ئاسوودەییە، نامێنن، بۆیە پێوەندی هاوسۆزی نێوان ژن و پیاو پردێکە شاعیر بەسەریدا تێدەپەڕێ، ئەزموونێکە هیوای پێ دەبەخشێ کە لە تاریکییەوە هەنگاو بەرەو ڕووناکی بنێ، ئەگەر نائومێدیش بێ ئەوەندە ئومێدبڕ نەبێ. لەم ڕووەوە شاعیر سۆزی خۆی و سۆزی هاوسەرەکەشی ڕاستگۆیانە بەرجەستە دەکات، جوانی لەو سۆزەی پڕ عیشقە دەبینێ، وەک چۆن شەنگەبی بەگەڵاکانییەوە جوانە، ئاواش ئافرەت بە سۆز و خۆشەویستی و ئەڤینی بێ گەردەوە جوانە:

**دەڕوانمە بەژنی ئەو شۆڕەبییەی**
**بەتاقی تەنێ**
**لە دووری گوندی**
**سەری کردۆتە سەر تاشەبەردێ**
**گەڵاکانی**
**وەک تووکی سەرم**
**دە**
**وە**
**ر**
**ێ**
**ن**

شاعیر لەو دیمەنە شیعرییەی مەرگی هاوسەرەکەی هەست بە کات دەکات، کاتی ڕۆژی هاوسەرییەتی کە ئەو هەستە بەرەو دوارۆژی دەبات کە بەردەوامی و بزوتنی تێدایە و لە گۆڕانکاریدایە واقیع بەرەو ئاسۆیەکی گەش دەبات، لە دەروونیدا خەون و خەیاڵی سەوز چەکەرە دەکەن، کەچی دیمەنی مەرگ هەستێکی تراژیدی لەلا دەخوڵقێنێ کە بە چاوێکی ڕەشبینانە سەیری ژیان بکات. هەردوو هەستکردن گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو بە وێناکردنێکی فلاشباکانە لە دوو ڕووداوی یەک شوێن (هەستکردن بە شوێن) یەکیان پڕ زیندوویی و دنیایەکی ئەوی تریان کپ و خامۆش و بەرەو ونبوونی کۆتایی.

خەم و پەژارەی ژیانی دوای مەرگی هاوسەری ئازیز وای لە شاعیر کردووە کە ژیانی مردن بێ، خۆی لە ژیانیدا مەرگی خۆی هەڵگرتووە و لە مەرگیش دەترسێ، چونکە مەرگ چ زوو چ درەنگ لەپڕ یەخەی مرۆڤ دەگرێ هەروەکو (لۆرکا) دەڵێ: «ئەوی لە مردن بترسێ دەیخاتە سەرشانی خۆی»:

**بەفروباران پێ شوێنی هەڵگرتووە**
**وەک مردنی نێو ژیانم**
**دیسان شەقاوی لەرزۆکاوی**
**دەهاوێم**
**ئەی مردنی پڕ خۆشی کەی دێی**

لێرەدا شاعیر لە حاڵەتی ڕووبەڕووبوونەوەدایە لەگەڵ مەرگدا، لەزەت لەو مەرگەدا دەبینێ و لە هەمان کاتیشدا لێی دەترسێ بۆیە جۆرە تەرازووبەندێکی لە نێوان مەرگ و ژیندا پێکهێناوە، بە تێڕوانینێکی سۆفییانە مەرگ و ژین دەخاتە بەردەم ڕوانینێکی واقعییانە وەک ژیان، سروشتییانە وەک مەرگ. دەگاتە پلەی هەستکردن بە تاکییەتی و گەڕانەوە بۆ باوەشی سروشت مادامەکی ژیان ئەوەندە تفتوتاڵ و پڕوپووچە:

**ژیان، مردن وێک دەچن**
**ئەی خواوەندی گەورە**
**با لەیەک بچین**
**گیانم باوێژە**
**دوو جەستەی تواوە و تێکئالاو**
**بەسەریا هەڵدەگەڕێن**

بیرکردنەوە لە مەرگ ئەوەندەی لە کەڵلەی شاعیر داوە کە وەک سەرخۆشێک بچێتە سەر گۆڕی هاوسەرەکەی و لەگەڵ ڕۆحەکەی بدوێ و وەک هاوسەری پێشووی زیندوو ژیانی پێشوو وێنابکات و لە دایەلۆگێکی دوور و درێژدا زۆر شتی لێ بپرسێ و وەبیری بهێنێتەوە، ڕاستگۆیان خەمی دەروونی خۆی بۆ هەڵڕێژێ، ئەویش وەڵامی بداتەوە:

**– ئەی پیاوی دڕندەی تێرنەخۆر**
**– ئەی دەعبای مشەخۆر**
**– ئەی گەورەترین درۆزنی مێژوو**
**– ئەی ساختەچی، ئەی کارخانەچی**
**– تۆ کە ئێستا لە باوەشی ژنێکی دیکەدای**
**– تۆ کە ئێستا بۆنی هەناسەیەکی دیکەدەکەی**
**– بۆ لێم ناگەڕێی بە ئاسوودەیی بنووم**
**– بۆ لێم ناگەڕێی چێژ لە مردن ببینم، هەی تف لە ژیان.**

شاعیر وەک دەروونناسێکی کارامە زۆر بە ڕاشکاوی باری دەروونی ئافرەتی بەرانبەر هاوسەرەکەی بەر لە مردن و دوای مردنیش شی کردۆتەوە. کە پیاو مایەی باوەڕ و متمانە نییە خۆ پەرستییەکەی لەسەرووی هەموو نرخ و بەهایەکە و تەنیا تێرکردنی ئارەزووەکانی گەرەکە، هەرچەندە شاعیر بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و

زیرەکانە ئەو مافە بە خۆی دەدا کە هاوسەرێکی دیکە دوای مەرگی (سامال)ی جوانەمەرگ بکاتە هاوبەشی ژیانی خۆی و پاساوی ڕەواشی بە دەستەوەیە کە ڕەخنەی لێ نەگیرێ و لەم ڕووەوە سپڵە و بێ وەفا نەبێ ئەوەتا خۆی دەڵێ:

**چلەی زستان بوو کە لێمان قەوما**
**دوو مێیەنەم بە پشتی خۆم دادا**

کێ هەیە ئەم بارە قورسەی شانی هەڵبگرێ و بەرگەی بەخێوکردنی دوو زارۆکی ساوا بگرێ، ئەم کارە ئەرکێکی ئەوەندە سووک و بێ گرفت نییە، بەتایبەتی دوو کچی ناسکۆڵە لە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووی ئێمەدا. ئەمەی شاعیر کردوویەتی کارێکی ناچاری بووە، هەوەس و ئارەزووی هەرزەکارانە نەبووە کە وای لێ بکەن ژنێکی تر بخاتە شوێنی (سامال)ی جوانەمەرگ، بەڵکو لە ئەڵتەرناتیڤێک گەڕاوە کە خاوەنی سۆز و میهرەبانی بێ، بە چاوێکی دایکایەتی سەیری ئەم دوو زارۆکە بکات، وەک جگەرگۆشەکانی خۆی ڕەفتاریان لەگەڵدا بکات کە لێیان قەوماوە، بێ دایکی دڵسۆز و میهرەبان ماونەتەوە، کەواتە شاعیر لە ئاست مەرگی ناوەختی هاوسەرەکەی بەرگە ناگرێ و چۆک دادەدا، مەرگی ئەو دوو مەرگە، چونکە ژیانی لێ بۆتە مەرگ، کە دەبینێ بێ کەس و تەنیایە و وێڕای ئەمەش دوو کچی ساوای بە ملەوەیە و دەبێ چارەیەکیان بۆ بدۆزێتەوە، کە پێگەیاندنیان لە وزە و توانای ئەودا نییە، کەسێکی واش شک نابات کە فریای بکەوێ و داڵدەی جگەرگۆشەکانی بدا.

لە شیعری حەنین (دەمکوژێ)، چەند جارێک بەرجەستەی مردن دەکات و هەرجارەی بە شێوەیەک تەوزیفی دەکات و لە کۆتایی هەر کۆپلەیەکی شیعرەکە مردن جوان دەکات:

**- لە مردن خۆشتر- مردنە**
**- لە مردن بەرزتر - مردنە**
**- لە مردن جوانتر - مردنە**
**- لە مردن پیرۆزتر - مردنە**

بە ڕاستی مایەی داخ و ئاخ و بەزەیی و کەسەرە کە دەبینین مرۆڤێ لە بەهاری تەمەنیدا کە پڕ زیندوویی و چالاکی و گەشانەوەیە، حەز دەکەین پێ بگات و گەورە بێ و لە تەمەنێکی بەساڵاچوو بمرێ، بەڵام کە جوانەمەرگ دەبێ، چ بە نەخۆشییەکی کوشندە، یان شەهید کردنی بە دەستی مرۆڤێ لە پێستی گورگدا، ئەو کاتە چ برینێکی قووڵی پڕ ئێش و ئازار کە هەرگیز سارێژ نابێ لە دەروونماندا بەرجەستە دەبێ و تادێ زیاتر تەشەنە دەکات و بە سوێتر دەبێ. ئایا ئەوحەلە هەست بە کارەساتێکی دڵتەزێنی جەرگ بڕ ناکەین، کە ژیان بێ سوودە، ئەم بوونەوەرە کە مرۆڤێکی خۆشەویست و مەزنی لەپڕ لەبەرچاو ون دەبێ و مەرگ بە یەکجارەکی دەیپێچێتەوە، بەڵام کێ هەیە وەک شاعیر نرخی ئەو مەرگە هەڵسەنگێنێ و خۆزیای ئەوەبێ کە لەو ژینە پووچەڵە دەربازی بکات و (هەستکردن بە مەرگی سروشتی، یان فەلسەفی، نابێ، ئەگەر لە پێشەوە هەست بە مەترسی لە مردن، یان مردن بەر لە مردن لانەچێ، ئەگەر بۆمان هەبێ ئەو قسەیە بکەین (٣))

لە شیعری«پیاسەیەک لەگەڵ بورهان جاهیددا» شیعرێکی دەمامک ئامێزمان دەخاتە بەردەم، جاهیدی شاعیری کۆچکردوو دەکاتە پردێک لە نێوان دەرد و خەمی خۆی و خەمی خەڵکی کوردستاندا. (بورهان جاهید) زیندوو دەکاتەوە و بە زمانی ئەوەوە لە ڕێگەی فڕکردنی چەند چارەگە مەی ڕەوشی ئەمڕۆ بەرجەستە دەکات و ناڕەزایی خۆی دەردەبڕێ و مەحکوومی دەکات:

**ئاغای هەردەم ڕەجاڵ**
**هەمیشە خەیاڵ**
**لە فڕکردنی چارەکی یەکەمدا وتی:**
**- هاوار کوردی بەدبەخت!**
**لە هی دووەمدا وتی:**
**- ئاخ ئەی بەنزین و غاز و نەوت!**
**لە هی سێیەمدا وتی:**
**- ئۆف ئەی وەزعی بەربادی شیعری کوردی!**
**لە هی چوارەمدا وتی:**
**- وای لەوبازاڕە بێ سەروبەرە!**
**لە هی پێنجەمدا وتی:**
**وای لەو فەسادە!**
**لە هی حەوتەمدا وتی:**
**- پەح لەو تەربییە سەقەتە!**
**لە هی هەشتەمدا وتی:**
**- لەعنەت لەو هەموو تیرۆریستانە!**
**لە هی دەیەمدا وتی:**
**- تف لەو مەشرووبە مەغشووشە!**
**ئاخری:**
**پێنج چارەگی خستە ناو عەللاگەیەک و...**
**لە نزیک هۆتێلی شێراتۆن**
**لە کاتێکدا**
**کۆمەڵە دیزداشە لەبەر و عەگال بەسەرێک**

**شان بە شانی تاجیرێکی کورد**
**لە شەوێکی سوور دەهاتنە دەرەوە**

شاعیر لە ڕێگەی زیندووکردنەوە و بەقسە هێنانی بورهان جاهیدی شاعیری ڕووتەڵەی هەمیشە سەرخۆش و خواردنەوەی مەشرووبێکی هەرزانی ساختەلێکراو هاوکێشەیەکی ئابووری بەرجەستە دەکات کە ڕەوشتی ئەمڕۆ لە چ ئاستێک دایە و خەڵکەکە چۆن لەژێر باری قورسی بژێوی دەناڵێنن و دیشداشە لەبەر و بازرگانی کورد و عەرەب لە چ خۆشی لەزەت دان.

ئەمەو جگە لە تێکچوونی ڕەوشی زمان و ئەدەبی کوردی، بۆیە شاعیر لە نیشتمانێکی هەمیشە ئێوارە زەرد و ژاکاوی و تەماوی خۆی بەنامۆ دێتە بەرچاو، کە ئەو ڕەوشە چۆن شێوێنراوە و ڕۆژ ڕۆژی قاچاخچی و بازرگانی ساختەچی و قۆڵبڕە، هەستکردنی شاعیر بە نامۆیی لەو شوێنەیە کە تێیدا دەژی، کە خۆی جیا دەبینی لەوانەی لەو شوێنەدا دەژین، لە هەمان کاتدا نامۆیی لە دەروونی خۆیدا بەدی دەکات کە ڕۆژانە چ جۆرە ناکۆکییەی چینایەتی دەبینێ، کە ئەم هەستەی دەروونییە زۆر قووڵترە لە هەستکردن بە شوێن، بۆیە جاهید دەکاتە ماسک و دەیدوێنی قەتماغەی زامە بە ئازارەکان دەکولێنێتەوە، چونکە لە ڕاستیدا ئەم هەستکردنە بە نامۆیی دەروونی لە ئەنجامی هەستکردنی بە ناکۆکییەکانی واقیعی بەرچاوەوە هاتووە، کە شاعیر ناتوانێ لە ئاستیاندا بێ دەنگ بێ و تێڕوانینێکی ڕوونی خۆی دەرنەبڕێ و هەڵوێست وەرنەگرێ. چۆن پەیڤی شیعری نەکاتە هاوارێکی پڕ بە دەم بۆ پەردە لادان لەسەر ڕووی دزێو و عەقڵ گەمژە و گێلە پیاوی خاوەن سامانی دزراوی گەلی ستەمدیدەی کوردی بەدبەخت.

**ئەو شەوەی مستەفا پەژار جەڵتە لێی دا**
**٢٠٠ تەن مەشرووبات**
**٢٠ تریلە جگەرە**
**١٠ ئەنتەرناش پڕ لە پێڵاو و بلووزی ئیتاڵی**
**گەیشتە ناو شار**
**ئەو سپێدەیەی مستەفا پەژار بۆ نەخۆشخانە بردرا**
**بڕیار وابوو**
**یازدەم دانیشتنی ئاشتی دەست پێ بکات**
**جێبێکی PMF لەسەر شەست مەتری پەنچەر ببوو**
**ئەو چێشتەنگاوەی مستەفا پەژار شۆڕکرایەوە ناو قەبر**
**ژمارەی پێڵاوەکانی ژنی مارکۆس گەیشتە ١٠٠١ جووت**
**وەرەقە بە ٢٢١٠ دیناربوو**
**یادی سەد ساڵەی هەمەنگوای بوو**
**چ نامەنتیقە ئەم وجوودە.**

(مستەفا پەژار)ی شاعیر و نووسەر و ڕۆشنبیر و دەروونناس، لە ڕۆژگارێکی ناهەمواری ناڕەوای نالۆژیکی، بەدەم نەداری و برسییەتی و نەخۆشی سەری نایەوە، ئەوا لە کاتێکدا بەرانبەر ئەم بارە تراژیدییە شاعیر دیمەنێکی تر بەرجەستە دەکات کە کرۆکی ناکۆکییەکان و جیاوازییەکانی چینایەتی جیهانی ئەمڕۆیە، مەسەلە ئابوورییەکەیە کە ئەوپەڕی ناعەدالەتی تێدایە، تیۆرە ماقوولەکەی بەرنادشۆیە لە دەستنیشانکردنی ئابووری جیهان، کە لەنێوان قژە ڕووتاوەکەی سەری و چرووپری ڕیشەکەیدا خۆ دەنوێنێ، زۆری بەرهەم و خراپ دابەشکردنی.

بۆیە شاعیر بەهەڵە نەچووە کە ئەم بوونە ڕیسوا و مەحکووم بکات، پەردە لەسەر شتە نامەنتیقییەکان هەڵدەداتەوە و هاوار بکات:

**چ نامەنتیقیە ئەم وجوودە**

وجوودێکە زەمینەیەکی دەستکردی خوڵقاندووە، کە ژمارەیەکی زۆر کەم لەسەر حیسابی زۆرینە ببنە خاوەن پارە و پوول و کۆشک و تەلار، تەنیا خەمی ورگ و گیرفان پڕکردن و خۆش گوزەرانی خۆیان و برسی و نەدارکردنی غەیری خۆیان بن، ببنە ڤایرۆسی گیانی کەسانی هۆشمەند و ڕۆشنبیر و عەقڵمەند. ئەم وجوودە ناعادیلە مایەی ڕیسواکردن و مەحکوومکردنە و پێویستی بە گۆڕانێکی بنەڕەتی و ڕیشەیی هەیە.

نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ کە شاعیر دەڵێ:

**یادی سەدساڵەی هەمەنگوای بوو**

هەرچەندە سەدساڵەی لەدایکبوونی بوو، بەڵام لەو ماوەیەدا کە هەمەنگوای گەیشتە لووتکەی داهێنان و ئەفراندن، بەتایبەتی لە ڕۆمانی «پیرەمێرد و دەریا»دا، لە هەمان کاتدا گەیشتە ئەو ڕادەی کە ژیان بە شتێکی بێ هوودە سەیر بکات و بە دەستی خۆی کۆتایی بەو جۆرە ژیانە بهێنێ.

دووپاتکردنەوەی وشەی مەرگ ومردن ئەو تاکانەی تەعبیریان لێ دەکات بەو شێوە زۆرەی کە شاعیر بە جۆرێک تەوزیفی کردوون و بەکاری

هێناون، ڕەنگدانەوەی باری دەروونی شاعیرە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە گوتارێکی شیعرییە بۆ وەرگر، بۆ ئەوەی سەرنجی ڕابکێشێ و ئاگاداری بکاتەوە.

لە ڕووی تەکنیکی شیعرەوە، (ئیسماعیل بەرزنجی) وێنەی شیعری بە ڕەنگ دروست دەکات وەک ڕەنگی سپی بۆ کراسی بووکێنی هاوسەرەکەی و ڕەنگی سپی بۆ کفنەکەی، هەرچەندە هەردووکیان دوو حاڵەتی ناکۆک و دژ بە یەکن، بەڵام پێوەندییەکی ڕەنگی لە نێوانیاندا هەیە، تەنانەت پێوەندییەکی ئۆرگانی لە نێوان پەستبوون و ئێوارەی نارنجی نیشتمان هەیە، کە تەکنیکێکی تایبەت بە ڕەنگ پێکدێنێ، ئەم جۆرە ڕەنگەش شاعیر بەرەو خەمۆکی دەبات.

وێنەی شیعری لای شاعیر لەو ڕەنگانەدا زیاتر بەرجەستە دەبن کە هاودژی یەکن، تاریکی (ڕەش)، ڕووناکی (سپی)، وەرد و پاوان و پەرێز (سەوزایی):

**ئەو شەوانەی لەگەڵ پەڵە هەوران**
**شەو لەوەڕم کرد**
**ترسێکی خۆش و تاریکاییەکی**
**بەلەزەت بوو**
**کوڕە داڕووخاوەکەشم بینی**
**بەرە بەیان**
**بەناو تەمێکی سپی**
**ڕەت دەبوو**
**بۆ وەرد و پاوان و پەرێز دەگریا**

شاعیر لە چەند موفرەداتی ماڵەوەی وێنەیەکی ڕەنگاوڕەنگ پێکدێنێ بۆ نموونە لە شیعری (لە دەروازەی قەبرستانی مەعمەل قیڕدا) چەند ڕەنگێک لەو شتانە بەکاردێنێ کە مۆڵکی تایبەت بە ئەون. ڕەشنووس، پانتۆڵی قەدیفە زەیتوونی، چەرخی ئیتاڵی ستیل، ڕانکوچۆغەی مەرەزی، ئەلبوومی شەکراو خواردنەوە، بەدلەی عیدی میلاد، کۆترەباریکە ....تاد.

هەروەها بەکارهێنانی ئاو، ئاگر، خوێناو، شەوەزەنگ، کلی تریفە، زێڕاو، کازیوە، لە شیعری (ئەوانە) دا و چەندین ڕەنگی تری جیاجیا کە لە هەموویاندا تابلۆیەکی شێوەکاری وێنە دەکێشێ.

شاعیر لە داڕشتنی دایەلۆگدا ئەزموونێکی خەست و خۆڵی هەیە، دایەلۆگ لەگەڵ خۆی، خودی شاعیر، هاوسەرەکەی، برادەرانی، دایەلۆگ لەگەڵ وجوددا، هەر هەموویان لە شێوەی درامای شانۆیەکی کورت، هەرچەندە دوورن لە ڕەهەندەکانی شانۆ، بەڵام وەرگر هەست بەو جۆرە شیعرە دەکات کە شاعیر هونەرمەندانە پێکی هێناوە و زۆربەی هەرە زۆریشیان ئێش و ئازاریان لێ دەتکێ و موعاناتی خۆی و دەوروبەر و برادەر و هاووڵاتییان بەگشتی دەردەبڕێ، هەر ئەم شێوازەیە کە بۆتە زمان حاڵی شاعیر و هەڵوێستی پێ وەرگرتووە، کە لەگەڵ ئێش و ئازاری خەڵکی کلۆڵ و لێقەوماو و بەستەزمان بێ، هەردەم بە چاوێکی ڕق و کینە سەیری دەوروبەری خۆی و جیهان بکات، کە شتەکان بەگشتی لینگە و قووچ بوونەتەوە و لە هەموو لایەکەوە شیرازە پچڕاوە، وەک (حوسێن مەردانی)یاخی و بوێر بڵێ:

**ڕێزی جیهان ناگرم**
**تا لەسەر زەویدا یەک**
**منداڵ چاوشکاو بێ**

بەو شێوازە شیعرە لیرک و ڕۆمانسییانە شاعیر بانگەشەی خۆشەویستی دەکات، بەتایبەت خۆشەویستی ئافرەت، ئافرەتی ئازیزی هاوسەر، خۆشەویستی زارۆکان و مرۆڤ بە تێڕوانینی خۆشەویستییەکی بێ گەرد بۆ ژیانێکی ئاسوودە، بەڵام چارەنووسی خۆی تووشی ترس و نیگەرانی دەکات، ترس لە مردن، لە مەرگی ئازیز و ڕوانینە جیهانێکی ڕۆحانی باڵا کە بەها مرۆییەکان سەقام گیربن، لەو قەلەق بوون و شپرزەییەی تووشیان هاتووە دەرباز بن. لە ڕووی زمانیشەوە ئەو وشانەی بەکار هێناوە کە دەلالەت لە کرۆکی وشە دەکەن، لە قاڵبێکی زمانەوانی نوێ داپڕشتوون کە خاڵی نین لە وێنەی درک و خواستنەوە،بەچێژێکی باڵا و ڕۆشنبیرییەکی باش.

دوای وەستانمان لە چەند وێستگەیەکی شیعری شاعیر. ئایا دەکرێ بە شاعیرێکی عەبەسی لە قەڵەم بدەین، یان ئەوەتا شیعرەکانی لە ڕوانگەی بۆچوون و وێناکردنی ژیان کە بەبێ هوودە سەیری دەکات بەرپەرچدانەوەی گاڵتەپێکردنی مەرگ بێ بە مرۆڤ، کە بۆی هاتۆتە ژیان و دژی بۆ دەمری، ئەگەر ژیان ئەوەندە بێ هوودە نەبێ، بۆ دەبێ مەرگ برای هەموو کەسێک بێ لێی جیا بێتەوە. ئەگەر مەرگ بەو شێوە نەبێ بۆ شاعیر ئەو پانتایە فراوانە بۆ مەرگ تەرخان دەکات، بۆ ئەوەندە بەرەوپیری مەرگەوە دەچێ. ئاخۆ

دەبێ بەر لە ئێستا بە ماوەیەک مەرگی خۆی نەبینیبێ. وەک بڵێی وەک (عەبدولوەهاب بەیاتی) بەر لە شەست و دوو ساڵ کۆچکردنی خۆی بە مردوو لە قەڵەم دابێ:

**ئاوا مردم لە ژیاندا و**
**هێشتا هەر دەمرم**
**چیم بۆ نەماوەتەوە جگە لەم مەشخەڵە شینە و**
**ڕووی سیسم لە ئاوێنەدا و**
**هەنگاوێک بۆ پێشەوە..بۆ دواوەو**
**چرایەکە دەکەوێ (٤)**

شاعیر لە چاوەڕوانی مەرگدایە، بانگی دەکات و لەو مەرگە لەزەت دەبینێ «لەبەرئەوە مردن لە زماندا دەدوێ، هەروەک (بیکۆن) دەڵێ و کاری ئەو شاعیرەی ڕەفتاری زمانەکە دەکات لە هەڵبژاردنی مرۆیی دەکات بۆ مەرگ «مەرگ بابەتێکی نائاسایی کاری هونەری نییە، خۆی تاکە بابەتی جێ نشینییەکەیەتی، مەودای ئەدەبی، مەودای مەرگە، نووسین بێ مانایە بەو سیفەتە نەبێ کە هەوڵدانێکە بۆ بەستنی پێوەندی ئازادی لەگەڵ مەرگدا، چونکە ئەوپەڕی سنوورە بۆ هەر ڕەهایەک، تاسەش بۆ مەرگ دەرباز بوون و ڕزگاربوونە، ئەویش خەونی مرۆڤە... (٥)»

**ئەی مردنی پڕ خۆشی کەی دێی**
**شتەکان**
**کەمێک غەریبتر لە ڕوانینەکانی ئەوسام**
**دێنە نێو ناخمەوە**
**لێرانەدا مەزنتر، نەک نازدارتر**
**لە چێشتەنگاوان ڕادەمێنم**
**هاوئازارن**
**وشکبوونەوە لێرانە**
**تەڕبوونەوە لەوێ**
**ژیان، مردن وێک دەچن**
**ئەی خواوەندی گەورە**
**با لەیەک بچین.**

مادامەکی ژیان و مردن وێک بچن، ئەوا ژیان لای شاعیر مەرگە، ئەم جۆرە تێڕوانینەی تژ لە ڕەشبینی، لە ئەنجامی مەرگی ئازیز، ژیانی پڕ دەردەسەری هاتووە، بۆیە ژیانی خۆی لە مەرگدا دەبینێ و مەرگیش لە ژیاندا دەبینێ «بەیاتی لە دوورگەدا مەرگی خۆی لە ژیاندا بینی و سەییابیش بەهۆی نەخۆشی و برسییەتی و ئاوارەیی و نوشستی ئاواتەخوازی مەرگ بوو، هەردووکیان لە مەرگدا سەرفرازی خۆیان لە بێ هوودەیی ژیاندا بینی، بەسەر مەرگیشدا وەک دوو شاعیر کە تێڕوانینی خۆیان هەیە سەرکەوتن، تەنانەت جەدەلییەتی مەرگ و ژیان لە شیعری نوێدا بووە تەوژمێکی نوێخوازی و شێوەیەکی تەعبیرکردنی بەکارهاتوو لای شاعیرانی نوێخوازی» (٦). (ئیسماعیل بەرزنجی)یش یەکێکە لەو شاعیر و نوێخوازانەی لە ڕێگەی پەیڤی شیعرییەوە ئەو جۆرە جەدەلیەتەی ڕەخساندووە و لەم بوارەدا داهێنان و ئەفراندنی مەیسەرکردووە کە من بە پێی بۆچوون و توانای ڕەخنەسازیم خوێندنەوەیەکی خۆم بۆ کرد، وەک بەرهەمێکی ئەدەبی دوور لە مەسەلەی دۆستایەتی، بە شێوازێکی دەستپاکی ڕەخنەسازی، ئامۆژگارییەکەی (ت. س ئیلیەت)م لە بەرچاو گرت کە دەڵێ: «ڕەخنەی دەستپاک و چێژوەرگرتنی هەستیار بەرەو شیعر دەچن نەک بۆ شاعیر (٧)»

ژیانیش لای شاعیر ئەو ژیانە ڕۆمانسییانە نییە کە بە خەیاڵ وێنای بکات، ژیانی ئەندێشە و ئێش و ئازارە، دیرە شیعرێکی (حەیدەری) هەیە لە تەوریز زۆرباوە کە ئەم شاعیرە ٩٨٦ کۆپلە شیعری نووسیوە کە هەموویان لەبارەی ئازار و ژیان و خۆشەویستین کە دەڵێ: «ژیان ئازارە بەڵام ئازار ژیان نییە(٨)» و دوورکەوتنەوەت لە خۆشەویستی لە بۆشاییدا دەمریت.

**پەراوێزەکان**

**١- دراسة الشعر في كتاب(مقالات في النقد) تأليف ماثيو ارنولد.**
**٢- الشعر والموت: فؤاد رفقة ل ٧٢.**
**٣- ما قالت النخلة للبحر -الشعر المعاصر في البحرين- علوي الهاشمي - دارالحرية للطباعة- بغداد ١٩٨١ ل ٥٢٠.**
**٤- عبداللطيف أرنائووط -عبدالوهاب البياتي- رحلة الشعر والحياة- مؤسسة المنارة- بيروت- ٢٠٠٤ ل ٧٤.**
**٥- الأدب الفرنسي الجديد -تأليف: غايتان بيكون- دار عويدات ل ٢٥٠.**
**٦- عبداللطيف أرنائووط -عبدالوهاب البياتي- رحلة الشعر والحياة ل ١٠٧.**
**٧- حاضر النقد الأدبي -ترجمة دكتور محمود الربيعي ل ١١٨.**
**٨- رواية الجبال والسلاح للكاتب الانكليزي : جيمس أولدريج ترجمة صادق الجلاد - مطبعة مؤسسة ئاراس ٢٠٠٦ ل ٣٩٦.**

# حەج

هاشم سەڕاج



**موغەیلانی جل و میزەر درێنی**
**صۆفییە، یەعنیی**
**ئەمە ڕێی موحریمانی مەحرەمی**
**سەر ڕووت و عوریانە**
**«نالی»**

«حەج»، یان گەشتێکی ئەندێشاوی ڕووەو فەزای فیردەوسی تێکستگەلی چەند شاعیرێکی شەیدا و سەودازەدە و بەندەوار، تێیدا «منی شیعر» سەردانی پەرستگای عیشق و خەڵوەتگا و سۆفیزمەکانی «نالی» و «مەولەوی» دەکاو، دواجار لەبەردەم دیمەنی خەفەتباری «مامزە کوژراوەکان»ی «حاجری» و «گۆڕستانی گەورە»ی «دڵدار»دا بە کەساسی و پەرێشانی دەوەستێ و بەهزرێکی پەرشوبڵاو و نیگەرانییەکی قووڵ قووڵ بیر لە ڕەوشی کەمخایەنی کە ڤاڵەکانی جوانی و بەلەز ڕۆیین و تێپەڕینی چرکە خۆشەکانی ژیان و سەیرووڕەی بێ بڕانەوەی گەردوون و مەینەتەکانی بوون و چارەنووسی نادیاری مرۆڤ دەکاتەوە.

«دڵشاد عەبدوڵڵا» لەم کتێبەشدا مانەندی دیوانەکانی پێشووی بایەخێکی تەواوی بەکەینوونەی وشە و مۆسیقای ڕستە و دارشتنی چڕو تۆکمەی زمانی داوە، هاوکات تێکستەکانی کتێبی (حەج) هەڵگری ڕستێک بیر و بۆچوون و گۆشە نیگان، کە گوزارشت لە بابەتگەلێکی ئەڤینی و ئێستێتیکی و سۆفیزمی دەکەن وێڕای بزاوتی شەبەنگی مۆتیڤە میتۆلۆژییەکان لە هەندێ کۆپلە و بڕگە و ڕستە و دەستەواژەی شیعریدا.

**بە بەرچاوی ڕاوچییەوە هێلانە**
**چێ دەکەن باڵندە**
**تاژی دەمیان بە سیحرێکی**
**باریک دەبەسترێ**
**لەناو ئەو هەموو پێست تاریک و**
**قژ لوولانە، چرای سەر کوڵمی**
**ژنێکی خاکوخۆڵ دەبریسکێتەوە،**
**ئەو چرایە بە ڕۆنی بناری**
**بە هەشت دەسووتێ، ئەوە تۆ**
**لێرەی؟**

هەمیشە لەو دیو سیستمی ئاخاوتنی تێکستەکانی (حەج)دا گەڕانێکی بەردەوام هەس، وێڵ و سەرگەردانی چرکەکانی عیشق و تابلۆکانی جوانییە، جوانی پرشنگدارترین سەرچاوەی عیشقە و پێکڤە ئیکسیرەکانی گەنجی زەمان دەخرۆشێن، شیعر پێویستە بگاتە ئاستی ئیکسیر «کە مسی قەڵپ دەکات بەزێڕ».. هێشووی وشە چوون چلچرایەکی ڕەنگین بە هەستێکی دیۆنیزۆسی لە فەزایەکی مەجازیدا مانەندی مۆنادەکانی

گیان دادەگیرسێن- لێرە لەم گەشت و تەوافە ئەڤیناوییەدا «نالی» بەدوای ڕووناکییە تایبەتییەکەی «حەبیبە»دا وێڵ و سەرگەردانە- «سوهرەوەردی» دەڵێ: «ڕووناکیمان پێ ببەخشە خودایە».. بۆیە سەرپاکی جوانی و پیرۆزییەکانی جیهان لە جەستەی «معشوق»دا دەدۆزێتەوە.

**ئای لە جۆگەی ئاودامان زیوی**
**شارەزوور چۆن گەیشتە ئێرە**
**هەی داد بۆ جوانی تۆ ژنێ!**
**کە تۆ لێرە بی بۆ تەواف**
**لە دەوری کێ بخولێمەوە.**
**من شاعیری تۆراوی کۆسارانم، خدرم ناوە**
**سەردەمێک ئەوێم چاوێکی نوستوو بوو**
**شار پڕبوو لە زوڵم و**
**کووچە و کۆڵان پڕبوو لە خەفیە**
**دەوری عالەم بەڕیا گیرابوو**

هەندێ جار «منی شیعر» هەوڵدەدا لە ڕێگەی وێنەی شیعرییەوە بنیادی مانا فرەوان بکات، لەم تەقس و تەوافە ئەڤینییەدا شیعر خەریکە نهێنییە شاراوەکانی جوانی و ئیرۆتیک دەدرکێنێ، بەڵام شەپۆلێک لە دڵەڕاوکێ و نیگەرانی گەمارۆی دڵ و دەروونی دەدا و لە هیکرا ئاماژە بە جوانییەکی باڵا و ڕەها دەدرێ کە لەسەرووی هەموو جوانییە کەمخایەنەکانە، جوانییەک سەرچاوەی سەرلەبەری پاژۆکریستاڵە ڕەوشەنەکانی گیان و جەستەیە.

**شیعر کەوتۆتە نێوانی گەنجی تۆو پیری منەوە**
**ببمە چی لەلای تۆ وەکی چی بمێنم؟**
**وەکی خۆر لە تەوقی ئاسماندا،**
**وەکی نوور لە دڵی نابینا**
**وەکی فڕین لە پەڕوباڵدا**
**مانگ کەوتبووە نێوان دووبەردی**
**نووک درێژ لە گەرووی چیادا**
**دەستم برد بۆ هەرمێی گەییوی،**
**تریفەی هاتە دەستمەوە**
**بە ڕووتی مایەوە، تەماشا: ئەوە منم بەبێ تۆ!**
**........**
**دۆڵی خامۆش و بێ دەنگ بوو چیا**
**ڕەش دەچووەوە دەشت و سارا**
**جوانی تۆ لە ناکاو ڕژا، پەلیان**
**گرتم ئەو هەموو چرنووکی ڕووناکییە**
**هەڵیانکێشام بۆ سەرێ، ئەوە لێرەی؟**

ئەمەش دوایین پلەوپێگەی گەشتەکانی فیردەوس و ئاوێتە بوونی تیشکە گیانییەکانی [- دانتی و بەیاتریس، نالی و حەبیبە]یە لەگەڵ خۆری جوانی ڕەهادا.

گەشتە فیردەوساوییەکە ئەمجارەیان ڕووی لە مەملەکەتی «مەولەوی»یە و بەهەمان شێوە پەرۆش و هەڵوەدای دیدەنی و ئاشنابوونە بە نووری جوانی و جیهانە قووڵەکەی سۆفیزم و عیشقە بێ سنوورەکەی عەنبەر خاتوون تێکست لە ڕێگەی گەمەی نامەکانەوە خەریکە هێماگەلێک هەڵدەدا، نامەی مۆر، نامەی شین، نامەی زەرد، نامەی سوور، ئەو ئەهلی دڵە نیشتەجێی ئەمارەتی ڕووناکییە، دەورانێ سەراپای سروشتی لە بۆیەخانەی ئاوەڵناوەکانی ڕۆحدا تواندەوەو چەمکی جوانی گەیاندە ئاستە خەتەرناکەکانی ئاگر، «ئاگر بەشێوەیەکی گشتی نەرم ونیان و زۆردارە» لە عیشقی عەنبەرخاتوونەوە بۆ عیشقی مەولا..

ئەو دەمەی لە دەڤەری نەخشییان «دڵ» دووچاری حاڵ و جەزبە دەهات، وشە سۆزو ئاوازی دەچڕی و بە دوای ڕازی جوانییە سوبحانییەکان دەگەڕا.

**دیدەم وەدیدەت شای شیرین چەمان**
**فیراقت قامەت کەردن وەکەمان**

تێکستی «نیشەجێی ڕووناکی» بە دارڕژانی ئاوازێکی غەمبار و ڕستێک وێنەی دانسقەی شیعری گوزارشت لە دنیا ئاڵۆزو جوانەکەی «مەولەوی» دەکاو بەدوای شەبەنگێکی ئاڵی شیعریدا دەگەڕێ، بەیدەسکردنی ئەو شەبەنگە جیوەییە لە تێکستە سۆفیزمەکاندا هێندە ئاسان نییە، چونکە ئەو تێکستە ئەڤینیانە تژین لە هێما و زمانی ئاماژە و مانای قووڵ و سەمای دەلالە ئاڵۆزەکان، هەڵبەتە بەپێی زانستی زمان هەمیشە لەنێوان ماناو دەلالەدا پێوەندییەکی پێچەوانەیی هەیە واتا «چەنێ دەلالە ڕوو لە فراوانی بکا مانا بچووک دەبێتەوە».. پێچەوانەکەشی ڕاستە،.. لێرە، لە پانتایی ئەم خێرا خوێندنەوەیەوە دەکرێ لە ڕوانگەی «یاکۆبسن»ەوە لە تێکستەکانی «حەج» بڕوانین.. کە دەڵێ: «شیعر شتێکی تر نییە جگە لە وتنێک کە ئامانجی گوزارشتکردنە» ئێمە بە شەیداییەوە گوێ بۆ کۆنسێرتی ئەو تێکستانە هەڵدەخەین و لە ناو کۆییەکانی ڕستە و چۆنیەتی گوتن و دەربڕینی دەقەکان ڕادەمینێن چونکە، (دڵشاد عەبدوڵڵا) کاری لەسەر کۆمەڵێک ئاوازی ڕۆحی کردووە، یان شاکاری چەند داهێنەرێک کە تەنیا لە شێوەی بریقە و فۆنیمێک شەبەنگی بوونیان لە سیستمی زماندا جێ هێشتووە.

ئەگینا شتاق لەم داهێنەرانە لە ژیاندا نەماون، «شێرکۆ بێکەس»ی

شاعیریان لێ بترازێ کە (دڵشاد عەبدوڵڵا) بەدوو ڕستەی چڕوتۆکمەی شیعری ئاماژە بە جیهانە جوانەکەی دەکا.

**شێرکۆ بێکەس(١):**
**تەمەن دەستی ناگاتێ.**

**شێرکۆ بێکەس(٢):**
**چەند ژیانێکە لەبن چاکەتێکی شیندا**

ڕەنگە لە نائاگایی زمانی تێکستەکانی «حەج»دا ئاماژەیەکی زۆر شاراوە بە خەفەتبارییەوە بلەنجێ و مانەندی زەردەخەنەکانی «ئیڤان کارا مازۆف» بە پەنهانی گوزارشت لە لێشاو و حەشامات و ئاپۆرەی ئەو هەموو داهێنەرانە بکا کە ماڵئاواییان لە زیندەگی کردووە، دواجار کۆدی ئەم ئاماژە شاراوەیە کە هەڵگری گوتارێکی ئەنتۆلۆژییە لە خەیاڵ و نائاگایی زمانی دەقی «گۆڕستانی گەورە»دا دەکرێتەوە و گوزارشت لە بێهوودەیی کردەی نووسین دەکا. ئاخر لێرە لە دەقی «گۆڕستانی گەورە»دا زەمەن بیابانێکی کشومات و خامۆشە و ڕۆح تەنیا تریسکەی زمانی تێکستە [دڵدار]یش وەک شاعیرێکی جوانە مەرگ و «نۆڤالیس» ئاسا.. لە تەمەنێکی کورت و تا هەتا هەتایە دەسبەرداری شیعرو ژیان و عیشق و جوانی بووە هەمدیس دەگەڕێنەوە لای «مەولەوی».. چەند برگەیەکی پەرشوبڵاو لە دەقی «نیشتەجێی ڕووناکی» وەردەگرین.

**پۆشاکی تاریکی جوانترین جلە لەبەری ئەستێرەدا**
**بە ئەنقەست نابینام**
**کەچی هەتا تیلماسکی زەوی**
**لە ئۆقیانووس بزر دەبێ**
**هەر تەماشای من دەفرێ**
**کۆچی پایزو ئامان هەی ئامان بۆ عەنبەر**
**شێخمە ئەو بایە**
**ئاوەخانەقام**
**موریدی گوڵێکم هەی لە گوڵ**
**لە باخچەی بەرۆکی عەنبەردا**
**هێندە لە شەماڵ نزیک بوومەتەوە**
**شێوەیم گرتووە**
**لەلای پیانۆژەنێکدا: ئاو پڕبوو لە پەپوولە**
**دار پڕ بوو لە پەپوولە**
**ناوماڵ و بن گوێسووەبانەو سەردیوار**
**کتێب و سەرکاغەزو قەڵەم**
**شان و ملی ڕووتی ئێوارەو**
**چمکی کراس و فەقیانەو**
**سەر ڕوومەت و**
**برژانگ پڕ بوو لە پەپوولە**
**وڵات هەمووی پەپوولەیە**
**شەم کوانێ؟**
**گەردوون دەسووتێ**
**هێندەی باڵ لە یەکتر بدەم لە ئاستیدا**
**ئەی داری هانە سوور ئەو ئاوە شەق کە!**
**لە بەینی دوو پێڵووی خامۆشدا**
**بەیانی لە دەرگا دەدا**
**نابینام**
**کەچی گلێنە**
**پڕاوپڕە لە دیدەی تۆ**

بەر لەوەی لە «حاجری» بدوێم چەند بیروبۆچوونێکی باتای دەخەمە ڕوو «جۆرج باتای» بەدوای زمانێکەوە بوو کە لەسەر بنەمای وێنە دانەمەزرابێت، بەڵکو پشت بە «وشەکان» و تەنیا وشەکان ببەستێ، زمانێکی ڕەها لە حوکمڕانی «هێماکان». باتای- کەواتە وشەکان شتێکی دیکەی جگە لە خۆیان دەرنابڕن» لای «باتای» «مانا» بوونی نییە.

«لە شیعردا بابەت نییە، بەڵکو دەربڕین و شێوازی دەربڕین هەیە. شێوازی دەربڕینی تایبەتی» هەڵبەتە «حاجری» لە دیوانی «حەج»دا وەک شاعیرێکی مەلعوون مامەڵەی لەگەڵ کراوە لەوانەیە لە ڕوانگەی ئێستێتیکی و وێناکردنێکی دۆزەخین بۆ چەمکی شیعرو جوانی لەگەڵ کۆمەڵێک شاعیری یاخی و گومڕاو نەفرەت لێکراو یەک بگرێتەوە، لای ئەو کە [ڕەها] بوونی نەبێ هەموو شتێک ڕەوایە

**کە شیعر هات**
**هەموو شت بەتاڵە**

«مامزە کوژراوەکانی حاجری» بە فۆرم و تەکنیکێکی نوێ و جیاواز مامەڵەی لەگەڵ کراوە، دابەشکردنی فەزای نووسین بۆ دووبەش و بەرپاکردنی دوو جۆر شێوازی ئاخاوتن و دیالۆگ لەیەک کاتدا و ئامادەکردنی ڕۆحی شاعیر و وردبوونەوە لە یادەوەری و شوێنە دێرینەکانی سەردەمی منداڵی و شیکردنەوەی نامۆیی زمان و کێشە خەتەرناکەکانی جیهانی ئێستێتیک.

بەڵام حاجری وەک خەڵقەندەیەکی بێباک و بێمووبالات وەڵامی سەر لەبەری پرسیارەکان لە چەند ڕستەیەکدا چڕدەکاتەوە.

**تەمەن بەشی ئەوە ناکا**
**ئەو هەموو جیاوازییە ببینی**
**مرۆ جارێک دڵی دەشکێ و**
**نائومێد دەبێ**
**ئەو هەموو زیندانە بۆچییە**
**بۆ حوکمی کەسێک**
**تەماشا**
**لەسەر تەبەشی گەردوون**
**دووخاڵ**
**دەبریسکێنەوە**
**دڵنیام هی چەپی**
**دەمینێ**
**هی شیعرە ئەو خاڵە**
**کەس نەیکا بەهی خۆی**

لای «حاجری» ئەگەر پەناگەیەک بوونی هەبێ بەربەرەکانی مەرگ و

قـەدەربکا، ئەوا تەنیـا پەناگـەی شیـعرە کـە تێـیدا مـۆسیـقـای مۆنادەکانی ڕۆح جیلوە دەدا، ئەگینا زەمـەن لە هیکرِا هەڵدەچێ و جوانی مـامزەکانی مێرگی دڵ لە ناودەبا و هێدی هێدیش حەواڵەی کوشتارگەی ئەبەد دەکرێن، مـامزە کـوژراوەکـان هێـمـای کـەمـخـایەنی جـوانی و چرکەساتە کورتەکانی خۆشی ژیانن، دواجار «منی شیعر» هێدی هێدی لە «هەوری مـەیخـانەکـان»دا چەپکێ پرسـیـاری شیـعـری و ئەنتـۆلۆژی دەوروژێنێ.

## کە چارۆگەی کەشتیمان پێچاوە لە یەکەم مەیخانە لامان دا خواردمانەوە.

زمانی شیعر لە ڕێگەی شێوازێکی نەخشین درێژە بە جوانییەکانی مەی و چرکەی مـەستی دەداو شـارێک لە نۆستـالژیا لە کـەفی ئاڵی بادەیەکدا دەتەقـێنێـتـەوە فـۆرمی شـیـعـری بە جووڵەو سـەیرووڕەوە لە قـاڵـیـیـەکی کـاشـانی گوڵگوڵی دەکا،.. پڕیەتی لە پێکهـاتەی مـۆسیـقی و وێنەی شـیـعـری، چونکە لێـرە لەم گـەشـتـە ئەندێشـاوییـەدا زمـان و شـتگـەلە دانسـقـەکـان لە ئاڵوگـۆڕێکی ئێستێتیکیدا بەردەوامی بە دیدگای تایبـەتی شـیـعـری و جـوانی و خۆشییەکانی ژیان دەدەن و هاوکات لە کـەشـێکی لیـریکیـدا پرسـیـارگـەلێکی ئەنتـۆلۆژی دەوروژێندرێ.

شـیـلی دەڵێ: «زمـان وەک ئاوازەکـانی ئۆرفـیـۆس ئاوازێکی نەمرو ئەفسوونکارە». ئەم هەست و ئاوازە ئۆرفـیـۆسـیـە لە هەندێ تێکسـتی کـتـێبی «حـەج»دا وەک زمـان و داڕژانی فـۆنیـمی شـیـعـری زۆرجـار لە دووتوێی ڕسـتـەدا لە لەنجەیەکی ناوادەی درەوشاوە دەکەن و هەسـتـێکی خـەفـەتبـار لە دڵ و زەینی خوێنەردا جێدەهێڵن.

**دڵخۆشی بدە بەکۆڕی یاران**
**ژین کورتەو بەوە ڕاناگا**
**گەوهەری ئەو مانایە**
**دەربێنی لە بنی دەریادا**
**کوا شەوی کاشان چوونە کوێ؟**
**تامی یەکـەم قـوم شـەرابی گوڵڕەنگی**

بەم جۆرە «عومەر خەیام» مانەندی پەڵە هەورێکی ئاڵی گـەڕیدە لە ئاسمانە شینەکانی «سەمەرقەند»ەوە ناوادە دێ و لە مـەیخـانە مـۆرەکـانی عیشق وشیعر و جوانیدا دادەبارێ و دوڕومـەرجـانەکـانی وشـەو مـۆنادە شـەکـەتەکـانی گـیـانی گـەردوون و زەنگیانە بریقەدارەکانی نۆستالژیاو ئاوازە ئەنتۆلۆژییەکانی بوون لە چرکە ساتێکی ئێستـای ڕۆحی مـرۆڤدا بەرجـەستـە دەکاو دەڵێ پێویسـتـە وێناکـردنی نوێمـان هەبێ بۆ ژیان و چێژ لە گـەمـەی دالەکـان و سـەمـای دەلالەکـان وەربگرین، چونکە شیـعر کـاری مـرۆڤی پەتیـارە و گـرگن و ڕووبین و کـەودەن و کـینە لە دڵ و جـاهیـلان نیـیـە کـە لە کـۆڕو کـۆبوونەوەی ڕووکـەش و لە پەناو پەسـیـوان بەزەینێکی سـەلەفـیـانە دژایەتی پرۆسـەی داهێـنان و داهێنەران بکەن!، شیعر کەرنەڤاڵی مـۆرفـیـمـەکـانە لە کـەشوهەوایەکی دیۆنیزۆسیدا، نێچیرکردنی چرکە شێتییەکانی گیانە لە زەماوەندێکی ئیـقـاعی و ئێـسـتـێـتـیکی و دەلالیـدا،.. ئەو دەمـەی دەسـتی چارەنووس دەق و خـوێنەر بەیەک دەگەیەنێ ئەو دەمە چێژی خوێندنەوە لە تامی شـەرابی «گـراپا» دەکـا، «هانی تامی بکە... پێکی یەکەم لە ئاگر دەچێت، دووەم لە قەیفە! سێیەم لەسـەرەتای خـەونێک» چوارەمـیش تامی سـەرەتای خـەلیـقـەت و قـیژەو هاوارە سـەرەتاییـەکـانی فـۆنیـمی «ئارتۆ»ت بیر دەخاتەوە، بەبێ ئەڤین و شـادی نە ژیان واتای هەیـە نە شیعرو چێژو خوێندنەوە.

ئەم خوێندنەوەیە گەشتێکە ڕووەو ئاسـۆو لێکسـیکی تێکسـتـەکـانی کتێبی «حەج»ی (دڵشاد عەبدوڵلا) کـە خـاوەندی ئەزمـوونێکی جـوان و بەپێـزی شـیـعـرییـە دەبوا لە دەقی «سـووتانی ڕەنگەکـان»ەوە دەست پێ بکەم کـە چامـەیەکی چڕوپڕ ئامـاژە و دراميیە، تێکەڵ بە چرکە ساتەکانی «ئاکـۆ» و «خاوەر» بام و لە داڕژانی ئیـقـاعـە «ئیلیـەت»یەکـان بدوێم و مەوداکانی کات و شوێن دیاری بکەم و باکگراوندە مـەعـریفـیـیـەکـەی هەڵوەشـێنمـەوە و چێـژ لە چرکـە پارادۆکسییەکان وەربگرم.. ئیتر بەم برگـە شـیـعـرییـە کـۆتایی بەم خـوێندنەوەیە دێنم کـە لە تێکسـتی «هەوری مـەیخانەکـان»دا ئاراسـتـەی «خەیام» دەکرێ.

**هەموو بەفری ئێرەم خستووەتە ناو بادەی چوارینەکان**
**هەر سـارد نابنەوە هاڵاویان لێ هەڵدەستێ**
**ئەوە جێگەی ڕۆحی تۆیە**
**من تێیدا سەرخۆشم**
**ڕۆحی تۆ خۆرە لەناو پیاڵەدا**
**ڕۆحی تۆ ئیلهـامـە لەو خـاک و خۆڵەدا**

**ناوی کتێب: حەج.**
**شیعر و ئەزموون: دڵشاد عەبدوڵلا.**
**چاپی یەکەم- هەولێر- ٢٠٠٥.**
**دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.**

# دوو نامەی مێژوویی ئەمین عالی بەدرخان «دوایەمین میری جەزیرە»

**لە فرەنسییەوە: نەجاتی عەبدوڵڵا**
**(فرەنسا)**

**نامەی یەکەم**
کۆنستانتینۆپل، ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٢٠

کۆمیسێریای بەرزی
کۆماری فرانسا
لە ڕۆژهەڵات

بەشی کاروباری
سیاسیی و بازرگانی
ئاسیا- ئۆقیانووس
ژمارە: ٣٢٢

لە بەڕێز دوفرانس، کۆمیسێری بەرزی کۆماری فرانسا لە ڕۆژهەڵات
بۆ بەڕێز جەنابی بەڕێز میللێراند، سەرۆکی ئەنجوومەن. وەزیری کاروباری هەندەران لە پاریس

لە بارەی میر ئەمین عالی بەدرخان
ئەمین عالی بەدرخان وەک بە خۆی دەڵێ «دوایەمین میری دەوڵەتی جەزیرە»، پێی ڕاگەیاندم کە، بەختیار دەبێ هەژمونی کەسیی خۆی بخاتە خزمەت فرانسا لەو ناوچانەی کوردستان کە بەر ناوچەی کۆنترۆڵی ئێمە دەکەون.

شەرەفی ئەوەم هەیە لەگەڵ ئەم نامەیە، کۆپی ئەو نامەیەتان بگەیەنمە دەست کە دەربارەی ئەم باسە ئاراستەی من کراوە.

**هـ. دوفرانس**

***

(کۆپی)
کۆنستانتینۆپل، ١٦ی حوزەیرانی ١٩٢٠
بۆ جەنابی
بەڕێز کۆمیسێری بەرزی کۆماری فرانسا لە
کۆنستانتینۆپل
جەناب،

بنەماڵەی بەدرخان بەم چەند دێرە سوپاسی فرانسا، یەکێک لەو هێزانەی کە کۆنفرەنسی ئاشتی پێکهێناوە، دەکەن، بەوەی ئاواتە نەتەوەییەکانی کوردیان هێنایە دی لە بارەی دەسەڵاتیی تایبەتی خۆیان لە وڵاتەکەیاندا، بەوەی سەربەخۆییەکی لۆکالی پێدەبەخشن و هاوپەیمانەکان دەیخەنە ژێر باڵی گشتیی خۆیان.

بەشێکی باشووری کوردستان (دەوڵەتی جەزیرەی ئیبن عومەر) دەبێ بخرێتە ژێر چاوەدێری ئابووری فرانسا، بنەماڵەی بەدرخان کە باو و باپیرانی لە سەدەی حەوتەمەوە تا ساڵی ١٨٤٧ ئەم ناوچە تەواو

کــوردەوارییــەیان بەڕێوە بردووە، ئەم خــاڵانەی خــوارەوە دەخەنە بەردەم ڕۆحی دادپەروەری فەرانسا، بە تکا لەوەی لەبەر چاویان بگرێ.

لە نیوەی دووەمی سەدەی حەوتەم، ئەمیر سولێمـان ،کوڕی خالید کوڕی وەلید، کە بە زەبروەشێنی ناسراو بوو و یەکێک لە سەرکردە هەرە گەورەکانی محەمەد بوو، باشووری کوردستان داگیردەکات. دوای مردنی سولێمان، کوڕەکەی عەبدولعەزیز شاری جەزیرە دروست دەکات و دەیکاتە پایتەختی وڵاتەکەی.، ناوی عەزیزان (کوڕانی عەزیز) لەوەوە هاتووە و ئەم ناوە بەو میرنشینە بڕاوە کە ئەم وڵاتەی بەڕێوە بردووە، دوا میری ئەو میـرنشـینـە، بەدرخانی باوکی ئێمە بوو، کە کۆشکە بەهێزەکی هێشتا لە جەزیرە هەرماوە.

دوای چەند شەڕ لە دژی ئیمپراتۆریای عوسمانی، بەدرخـان سـاڵی ١٨٤٧ شکا و وەکو دیلی جەنگ ڕەوانەی کۆنستانتینۆپل کرا. لەسەر داوای خۆی، حکومەتی عوسمانی ڕێگەی پێدەدا لە شام نیشتەجێ بێت و هەر لەوێشدا کۆچی دوایی کرد و هێشتا ئەمڕۆ گۆڕەکەی ماوە.

ئیمپراتۆریای عوسمانی دەستی بەسەر هەموو سەروەت و سامانەکانی داگرت وەک قەرەبوو بژێوییەکی پێدەداین کە نەدەگەیشتە یەک لە سەدی ئەوەی کە دەبوو بیداتەوە. بە هەمان شێوە، لە چەندین بۆنەدا، ئێمە ویستوومانە داوای سەروەت و سامانی سروشتی و هەقی مێژوویی خۆمان لە وڵاتی خۆماندا بکەینەوە.

لە ساڵی ١٨٧٧، دوو کەسی ئێمە، عوسمان پاشا و حوسێن پاشا، چوونەتەوە جەزیرە و میرنشینەکەی ئێمەیان بوژاندۆتەوە. سوڵتان عەبدولحەمید یەکێک لە برایەکانی ئێمە، بەحری پاشای ناردووە تا وایان لێبکات بگەڕێنەوە و وادەی ئەوەی پێداون هەموو داوایەکانیان بۆ ڕایی بکات. بۆ ئەوەی ڕێگە لە خوێن ڕشتن بگرن، گەڕاونەتەوە و عەبدولحەمیدیش هیچ لە وادەکانی خۆی بەجێ نەگەیاند.

لە ساڵی ١٨٩٢ بۆ هەمان ئامانج، خەلیل بەگ و عەبدولڕەزاق بەگ، لە ساڵی ١٩١٠ لایدری پاشا و میدحەت بەگ، لە ساڵی ١٩١١ حەسەن بەگ، حوسێن پاشا و سولێمان پاشا، وێڕای ئەو قەدەغەکارییەی کە حکومەتی تورک خستبوویە سەریان کەچی چوونەتەوە کوردستان. دوو لەوانەی دوایی لە جەنگێکدا دژ بە هێزی تورکەکان کوژراون. لە ساڵی ١٩١٦ بۆ دووەم جار، عەبدولڕەزاق دێتە کوردستان و دەمودەست ژیانی خۆی بۆ وڵاتەکەی دەکاتە قوربانی. دوای ئەوەی ئەو وردەکارییانەمان خستە بەردەم جەنابی بەڕێزتان، ئێمە دەمانەوێ پێی بڵێین کە بە هەموو بەرژەوەندییەکی تایبەت بە جیا، ئێمە نفوزێکی گەورەمان لەناو تەواوی کوردستاندا هەیە و بە تایبەت لەو بەشەی کە کەوتۆتە ژێر ماندااتی فەرانسی.، نفوزێک کە حکومەتەکەی ئێوە دەتوانێ بەکاری بهێنێ بۆ گەیشتن بە ئامانجی خۆی کە تەنیا بریتییە لە زامنکردنی ئاشتی و گەشەپێدان لەو وڵاتانەی کە دەکەونە ژێر نفوزییەوە.

بەو هیوایەی کە جەنابی بەڕێزتان بیەوێ خواستەکانی ئێمە بە حکومەتەکەی ڕابگەیەنێ، ئێمە داوای لێدەکەین کە بە سوپاسگوزاری پێشدەستیانەمان، دەربڕینی زۆر بەرزی ڕێزلێنانمان قەبووڵ بفەرمووێ.

لەلایەن بنەماڵەی بەدرخانەوە

ئیمزا: ئەمین عالی بەدرخان،

کوڕی گەورەی میر بەدرخان،

دوایەمین میری دەوڵەتی جەزیرە.

**تێبینی:**

کورتەیەکی چەند زانیاری گەلێکی پێویست دەربارەی دەوڵەتی جەزیرە بەگەڵ ئەم تێبینییە خراوە*

***

**نامەی دووەم**

کرد استقلال قومیتەسی

کۆمیتەی سەربەخۆیی کورد

قاهیرە، ٢٨-١٢-١٩٢١

جەنابی بەڕێز لیۆد جۆرج،

سەرۆک وەزیرانی خاوەن شکۆی بریتانی

لەندەن.

جەنابی بەڕێز،

من، ئیمزاکاری ئەم نامەیە، میر ئەمین عالی بەدرخان، کوڕی خوالێخۆشبوو بەدرخان پاشا-م، شەرەفی ئەوەم هەیە ئەمەی خوارەوە بخەمە بەر دیدی بەرزی پایەدار و

سەرنجی جەنابتان:
لە کاتی گرێدانی ئاگربەس لەنێوان حکومەتی تورک و حکومەتەکانی هاوپەیمانەکان بە ئاشکرا و بە ڕەسمی جاڕی ئەوە درا کەوا هاوپەیمانەکان هەرگیز ڕێگە نادەن تورکەکان کە لەسەر ئاستی جیهانیی دەرکەوتووە کە بێتوانا و کارگێڕی خراپن، لێرە بەدواوە ناتوانن حوکمڕانی گەلانی غەیرە تورکی ناو کۆنە ئیمپراتۆریای عوسمانی بکەن و هەر گەلێکیش خۆی سەرداری چارەنووسی خۆی دەبێ. ئێمە وەک ئەوەی بە دووروویی و دەسخەڕۆبازیی حکومەتی تورک ڕاهاتووین، باوەڕێکی قایم و ئیمانێکی لەق نەبوومان بە نیازپاکی و وەفاداری هاوپەیمانەکان و بەتایبەتیش ئەنگلستان هەبوو. ئەوە هەر بەڕێبەدیکاری ئەو باوەڕە و ئەم ئیمانە بوو کە ئێمە کوردەکان هەر لە یەکەم چرکەوە و بەبێ هیچ دوو دڵییەک پرەنسیپەکانی هاوپەیمانەکانمان وەک پەیمانی ڕزگارکەری ئاسمانیی قەبووڵ بوو. چ ڕێکخراوە سیاسییەکانی کۆنستانتینۆپل و چ ئەوەی قاهیرە و چ هاوکارەکانی ناو ڕێکخراوەکانی کوردستان بە یەکدەنگ داوای سەربەخۆیی خۆیان کرد لەژێر منداتی ئەنگلستان. بنەماڵەکەی ئێمە لە ڕێگەی ئەندامەکانی کە ئێستە لە قاهیرە دەژین، بەتایبەت داوا لە جەنابتان دەکەن بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خێزانەکەیان و وەرگرتنی وادە لە ئێوە بۆ زۆر بە جدی ڕەچاوکردنی داواکارییەکەی.

پەیماننامەی سیڤەر مافی سەربەخۆیی کورد دەناسێ- ئەوە ڕاستە کە ئەم پەیماننامەیە لەسەر شێوازێکی کەمێک نا ئاشکرایە- بەڵام بەشێکی چاکی وڵاتی کوردانی بۆ منداتی کۆماری فرانسا جێهێشتووە . لەو بەشەی کە بەجێهێڵراوە بۆ منداتی فرانسا بنەماڵەکەی ئێمە دوو جۆرە داخوازینامەیان هەیە. چونکە لەو بەشەی کوردستاندا بوو کە باو و باپیرانی من لە ساڵی ٦٨١ تاوەکو ساڵی ١٨٦١* کە، لەو ساڵە بەدواوە لە لایەن تورکەکانەوە بەدیل گیراوە، حوکمڕانییان کردووە.

بۆ پاراستنی ئەم مافانە و بە ڕەزامەندی بالوێزخانەی کۆنستانتینۆپلی حکومەتی ئێوە لەگەڵ فرانسا کەوتینە پێوەندی کە وادەیان بە ئێمە دا مافی خێزانی و نەتەوەیی ئێمە بپارێزن.

من لێرە ناچمە ناو گفتوگۆی ئەو هۆکار و بەرژەوەندییانەی کە پاڵیان بە فرانساوە نا تا قوربانی بە ژیان، سەروەت و سامانی،مافی پیرۆزی ژیانی نەتەوەیی سەربەستیی هەزاران خەڵک بدەن و ڕێگە بە تورکیا بدەن لە نوێوە بیانچەوسێننەوە. ئەوە زۆر لەوە زیاترە تێبینی ئەوە بکرێ کە کارەکە بە درندەیی تەواو بوو: فرانسا خیانەتی لەگەڵ ترادسیۆنەکانی خۆیی کرد و ئێمەی بۆ چەتەگەری و چەوساندنەوەی دەوارانی ڕابردوو هێشتەوە.

لەو کاتەی کە زلهێزەکانی هەردوو جیهان شەڕ لەگەڵ مەحاڵ دەکەن بۆ دەستەبەرکردنی ئاشتی گشتی، ئەم ڕەوتارەی فرانسا جارێکی تریش، بەشێکی نیشتمانە سیاچارەکەم پەلکێشی ناو گێژاوی جەنگە ناوەخۆییەکان دەکات. چونکە نابێ هیچ گومان لەوە بکرێ نەتەوەی کورد- کە لە ئەورووپا بێ هیوا بوو- دیسان پەنا دەباتەوە بەر چەک و خوێنی بێگوناهانی ئەم نیشتمانپەروەرانە دەڕژێ.

ناتوانم بڵێم بەرپرسیارێتی ڕاستەوخۆ، چونکە ئێمە زۆر بێهێزین هەتا بۆ دەربڕینی ئەم وشەیە، بەڵام بەرپرسیارێتی ئەخلاقیی هەموو ئەم کوشت و بڕ و تاوانکارییە، لە ئەستۆی فرانسیایە کە ئەو سەپاندوویەتی.

ئایا ئەنگلستان-یش واز لە کوردەکان دەهێنێ کە هەموویان داوای منداتی ئینگلستان-یان کرد بە جۆرێک کە بەشێکی (کوردستان وەرگێڕ) سوود لە بەخششی منداتی ئینگلیز دەبینێ؟ ئێمە بە هیچ شێوەیەک ناگەینە ئەوەی باوەڕ بەوە بکەین و هیوا دەخوازین کە ئەنگلستان زۆر وەفادارتر بێت لە فرانسا بۆ ترادسیۆن، ڕابردوو و ئەو بەڵێنانەی داویەتی.

لەسەرێکی دیکەوە دیاربەکر، ماردین، جەزیری ئیبن عومەر، ئامێدی، تاد هاوسنووری ویلایەتی مووسڵ-ن کە پێشتر لەژێر منداتی ئێوەدایە. ئەوە کردەییەکی هاوجووتە لەگەڵ مرۆڤایەتی، لەگەڵ ئەو وادانەی دراون و لە هەمان کاتدا هاوجووتە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی بەریتانیای فەخیمە کە ئەم هەرێمانەش بخاتە ژێر منداتی خۆیەوە. کەوایە، من لە جەنابتان دەپاڕێمەوە کە ئەم هاوارە تاسەیەی کە لەلایەن نیشتمانپەروەرێکی کورد و لە هەمان کات کوڕی گەورەی ئەندامی بنەماڵەیەکی دەسەڵاتداری کورد ئاراستەی ئێوە کراوە بە شێوەیەکی جدی لەبەرچاو بگیرێ.

من کرنۆشبەری زۆر بچووک و خزمەتگوزاری زۆر دڵسۆزتانم.

ئەمین عالی بەدرخان

سەرۆکی کۆمەڵەی ئیجتماعی کورد

و

لە بریتی کۆمیتەی سەربەخۆیی کورد.

**پەراوێزەکان:**

*** بە داخەوە ئێمە لەناو فایلەکەدا ئەم زانیارانەمان نەدۆزییەوە، وەرگێڕ.**

*** نازانم چۆن ئەمین عالی بەدرخان (١٨٥١-١٩٢٦) کوڕە گەورەی میر بەدرخان پاشا ساڵی بەدیلگرتنی بەدرخان پاشای باوکی بە ساڵی ١٨٦١ دەستنیشان کردووە. ڕاستییەکەی بەدرخان لە ڕۆژی ١١ی تەمموزی ١٨٤٧ (٩ شەعبانی ١٢٦٣) بە دەستی عوسمان پاشا بەدیلگیراوە و لەگەڵ تەواوی بنەماڵەمەی ڕەوانەی ئەستەمبووڵ کراوە. سێ هەفتە دواتر، لە ٩ زیلقەعدەی ١٢٦٣ بۆ دوورگەی کرێت Crete دوور خراوەتەوە و ڕۆژی ٢١ی هەمان مانگ گەیشتۆتە دوورگەکە. دوای دە ساڵ ئاوارەیی لەسەر بانگهێشتی بابیعالی دەگەڕێتەوە ئەستەمبووڵ. حکومەتی عوسمانی ئامادە بوو لە یەکێک لە هەرێمە ئەورووپییەکانی عوسمانی پۆستێکی حکوومی پێببەخشێ. بە یاسایەکی ئیمپراتۆریانە لە ١٧ی موحەڕەم ١٢٧٤ (١٨٥٨) ناوی دەرێتە پاڵ پاشایەکان و لەقەبی (میری میران)یان پێبەخشی. لەسەر داوای خۆی دەگەڕێتەوە دوورگەی کرێت. ساڵی ١٨٦٧ لەسەر داوای خۆی ڕێگەی دەدەن بچێ لە دیمەشق دابنیشێ و تا دواجار ساڵی ١٨٧٠ کۆچی دوایی دەکات و لە دوای خۆیەوە ٤ژن، ٦کەنیشەک، ٤٢منداڵ و ١٠کوڕەزا بەجێدەهێڵێ، واتە خێزانێکی ٦٣کەسی. دوای مردنی مووچە ١٩٠٠٠ پیاسترەکەی لەسەر داوای میراتگرەوەکانی لە نێوان خۆیاندا بەشدەکەن بڕوانە:**

**Hasan Gokce, "Portrait d'un Emir kurde beder khan bey", In Societe et Cultures Musulmanes d'hier et d'aujourd'hui, n°10, fevrier, Paris, 1996, pp. 76-81.**




# هونەری یاداشت نووسین

سەمەد ئەحمەد
(کەرکووک)



یاداشت، یادەوەری، گەشتی ژیان، سەرگورشتە، تۆماری تەمەن.. تاد، یەکێکە لە هونەرەکانی نووسین، ئەگەر لە قاڵبێکی هونەریدا بنووسرێت، هیچی لە چیرۆک و ڕۆمان کەمتر نابێت.. ڕەنگە زیاتر لە ئامانجێک لە پشتی نووسینەوەی هەر یاداشتێکدا هەبێت، بەڵام دواجار شێوازی نووسین و زمانی گێڕانەوەی ڕووداو و بەسەرهاتەکان ئەوە دیاری دەکەن کە نووسەر لە تۆمارکردنی ئەو یاداشتانەدا چ ئامانجێکی کەسی و تایبەتی و گشتی هەیە.

نووسەر هەیە تۆمارکردنی گەشتی ژیانی دەبێتە سەرچاوە و دیکۆمێنتی مێژوویی بۆ ئەو ڕۆژگار و زمانە. واتا خوێنەر لە دوای خوێندنەوەی یاداشتەکە، چەندە بە وردەکارییەکانی ژیانی تایبەتی ئەو کەسە ئاشنا دەبێت، ئەوەندە و بگرە زیاتریش بە ڕووداوە مێژوویی و سیاسییەکان ئاشنا دەبێت. یاداشتەکانی (ڕەفیق حیلمی) نموونەی ئەم جۆرە سەرگوشتەیەن. جگە لەمە، نووسەر هەیە لە نووسینەوەی یادەوەرییەکانیدا زیاتر لەهەر شتێک جەخت لەسەر ئاشکراکردنی نهێنییە کەسی و کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیری و سیاسییەکان دەکاتەوە. لە دەقێکی ئاوهادا خوێنەر ئاشنای ڕەفتار و هەڵوێستی زۆر کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیری دەبێت. لە حاڵێکی ئاوهادا نووسەر بەبێ ئەوەی ڕاستەوخۆ ڕەخنە، یان سەر زەنشت، یان ستایشی هەڵوێستی هەر کەسێک بکات کە لە یاداشتەکانیدا تۆماری کردووە، خوێنەر دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە کێ شایانی ستایش کردنە و کێش سەرزەنشت. (چێشتی مجێور)ی (هەژار) نموونەی ئەم جۆرە یاداشتەیە.

یادەوەری واش هەیە، لەبەرئەوەی لە قاڵبێکی ئەدەبیدا داڕێژراوە و لە گێڕانەوەی بەسەر هاتەکاندا زۆرێک لە هونەر و ڕەگەزەکانی چیرۆک و ڕۆمان بکارهاتووە، خوێنەر لەیەک کاتدا چەندە یاداشتی تایبەتی کەسێک دەخوێنێتەوە، لەوە زیاتر دەقێکی ئەدەبی وەک چیرۆک و ڕۆمان، هەندێ جاریش شیعر دەخوێنێتەوە. یاداشتی لەم جۆرە تەنیا ئەو کەسانە دەتوانن بینووسن کە لە بنەڕەتدا شاعیر، یان چیرۆکنووس، یان ڕۆماننووس بن.

دەقی (هەیئە)ی (سەلام عەبدوڵلا)، دەقی (مندالێم ئاسکێک بوو بەسەر پەلکە زێڕینەکاندا بازبازێنی دەکرد)ی (کاروان عومەر کاکە سوور)، دەقی (زاکیرەی با)ی (ئەحمەدی مەلا)، دەقی (نانی ڕووت)ی (محەمەد شوکری)، یاداشتەکانی (کازانتزاکیس) و (مارکیز) لەو یادەوەرییانەن کە نرخ و بەهای ئەدەبی و هونەری و بابەتییان هەیە و دەکرێ وەک هەر دەقێکی تری ئەدەبی هونەری بخوێندرێنەوە. هونەری یاداشت نووسین، بە بەراورد لەگەڵ ژانرو هونەرەکانی تری نووسیندا لەناو کورددا لە دواوەیە.

(ڕەفیق حیلمی) نزیکەی (١٠٠) ساڵ لە پێش ئێستا یاداشتەکانی خۆی تۆمارکردووە، لە دوای ئەویش (ئەحمەد خواجە) لەژێر ناونیشانی (چیم دی) دا جارێکی تر ئەم کارەی کردووە. واتا ئەگەرچی ئەم هونەرەی نووسین خاو و لەسەر خۆ و کەم نووسراوە، بەڵام سەرەتایەکی گەش و پێشینەیەکی باشی بۆ ئەدەب و نووسینی کوردی تۆمارکردووە. وەلێ پێناچێت ئاقیبەتی خێر بێت.

ئەوەی لەم بارەوە تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە لەم ساڵانەی دوایدا و بەتایبەتی لە دوای ڕاپەڕینەوە یاداشت نووسین لەناو کورددا وەک دیاردەیەک دەرکەوتووە و خەریکە دەبێت بە باو، بەڵام ئەوەی مایەی سەرنج و تێڕامان، هەروەها نیگەرانیشە، ئەوەیە کە زۆرێک لەو کەسانەی ئەمڕۆ یاداشتەکانیان تۆمار دەکەن و دواجاریش چاپ و بڵاوی دەکەنەوە لە بنەڕەتدا نووسەر نین و شارەزایی هونەری گێڕانەوە نین، بەڵکو کەسایەتی سیاسین، یان ڕۆژێک لە ڕۆژان لەناو حزبێکدا بەرپرسیارییەتی جۆراوجۆریان هەبووە. بۆیە کاتێک ئەم یاداشتانە دەخوێنینەوە، جگە لەوەی لە ڕووی هونەری و بابەتەوە زۆر لاواز دێتە پێش چاو، هەروەها هەست بە زۆرکاری لە نووسینەکەشدا دەکرێت. من گومانم هەیە کە زۆرێک لەو کەسانەی کە یاداشتەکانی خۆیانیان بڵاوکردووەتەوە، لەوە ئاگاداربن کە یاداشت نووسین هونەرێکە و هەموو کەسێک ناتوانێت بە باشی بینووسێت و پێویستیش ناکات بینووسێت، ئیدی بۆ بڵاوبکرێنەوە؟

نەک هەر ئەمە، بەڵکو زۆرێک لەو یاداشتانەی کە ئەمڕۆ بڵاودەکرێنەوە، جگە لەوەی هیچ بەهایەکی هونەری و بابەتییان نییە، هەروەها لە دوای بڵاوبوونەوەیان چەندین کێشەی کەسی و عەشایەری و دوژمنایەتی لێکەوتووەتەوە، لە مانەش ئەستەمتر ئەوەیە کە ڕێککەوتووە کەسێک، بەرپرسێک، پێشتر هەرگیز بیری لەوە نەکردووەتەوە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان یاداشتەکانی خۆی تۆمار بکات، بەڵام وەک پەرچە کردارێک، بۆ وەڵامی کەسێکی تر لێمان دەبێت بە باش کاتب و لەسەر حیسابی هونەری یاداشت نووسین، هەرچی خەڵک و خوا پێی ناخۆشە و ناشرینە، هەرچی ڕق و داخی کۆن و نوێ هەیە لە دڵیدا بە کەسی بەرانبەر و کەسانی تری هەڵدەڕێژێ.

من وایدەبینم کە ئەگەر ڕق و وەڵامدانەوەی کەسی ئەم و ئەو و ئەم لاو ئەولا نەبێت، هەرگیز تاکی کورد وەکو ئێستا یاداشتەکانی تۆمار نەدەکرد. ئەوەی لەم نێوەندەدا مایەی نیگەرانی و هەروەها ناڕەزایشە ئەوەیە کە خەریکە ئەم هونەرەی نووسین لەسەردەستی هەندێ کەسی کەمتەرخەم و نەشارەزا بە نووسین دەبێت بە قوربانی و وەکو زۆر شتی تر غەدری لێدەکرێت. من لەم دەروازەیەوە پێشنیار دەکەم کە بۆ لەمەودوا هەر یاداشتێک بەهای هونەری و بابەتی نەبوو، هەقە لایەنی پێوەندیدار ڕێگە نەدات چاپ و بڵاو بکرێتەوە.